سەرجەم بەرهەمەکانی
دکتۆر کەمال مەزهەر

بەرگی دووەم

ئامادەکردنی

دکتۆر جەبار قادر   دکتۆر دڵشاد مەحموود

دکتۆر ئازاد عوبێد   دکتۆر کامەران محەمەد

هەولێر ٢٠٢٢

* ناوی کتێب: سەرجەم بەرهەمەکانی - دکتۆر کەمال مەزهەر- بەرگی دووەم
* ئامادەکردنی: لیژنەی کۆکردنەوەی نووسین و بەرهەمەکانی پ. د. کەمال مەزهەر
* گشت کارە هونەریەکان و سەرپەرشتی چاپ: عوسمان پیرداود کواز
* وێنەی سەر بەرگ: هونەرمەند نورەدین جاف
* چاپی یەکەم - هەولێر - ٢٠٢٢
* تیراژ: (١٠٠٠) دانە
* چاپخانە: چاپخانەی دانیشفەڕ- هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩١٨) ساڵی (٢٠٢٢)ی
پێ دراوە.
* نرخ (٦٠،٠٠٠) دینار

بەرگی دووەم:
ئەم کتێبانە لەخۆ دەگرێت:

* تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.
* چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد - بەرگی یەکەم.

پێشەکی

مایەی شانازی لیژنەی تایبەتی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستی و ڕووناکبیرییەکانی مێژوناسی ناودار و پەروەردەکاری گەورەی کۆچکردوو پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەرە، سەرجەم بەرهەمەکانی لە (١٠) بەرگدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بخاتە بەردەستی خوێنەرە بەڕێزەکان. لەو دە بەرگە شەشی یەکەمیان بە زمانی کوردیین و ئەوانی دیکەشیان، واتا لە حەوتەمەوە تا دەیەم بە زمانی عەرەبیین. ئەمە بەشی یەکەمی ئەو پرۆژە گەورەیەیە کە ئامانجەکەی ئەوەیە سەرجەم کارە زانستی و ڕووناکبیرییەکانی کۆبکاتەوە و سەرلەنوێ لە چاپیان بداتەوە.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد پێشەنگی لێکۆڵەرانی مێژووی نوێی کورد و کوردستانە و بگرە بە دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی تایبەتی مێژوویی کورد دەژمێردرێت؛ چونکە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەندین نەوە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی ئەوەوە سەبارەت بە کورد و کوردستان ئاشنای میتۆدی زانستی بوون لە بواری مێژوودا، کە پێشتر پێی ڕانەهاتبوون. تا ئەو ڕۆژانە خوێنەرانی کورد بەو چیرۆک و ئەفسانانە ڕاهاتبوون کە باسیان لە مێرخاسی و ئازایی میر و سەرکردە خۆجێییەکانیان دەکرد و ئەوانەیان بە سەرچاوە و بەڵگەی مێژوویی دادەنا. کتێب و وتارە مێژووییەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر کارێکی وایان کرد، خوێنەرانی ئاسایی و ڕووناکبیرانی نەوەی نوێی کورد، مێژوویان لە لا خۆشەویست بێت و هەوڵبدەن توانای خۆیان بۆ لێکدانەوەی مێژووی نەتەوە ستەملێکراوەکەیان بخەنەگەڕ، ئەوە سەرباری ئەوەی کە دکتۆر کەمال دەورێکی گەورەی هەبوو لە هاندانی چەندین خوێندکار لە بەشەکانی مێژووی زانکۆکان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە بواری مێژوودا لە ناوەوە و لە دەرەوەی عیراق. جگە لەوەش وانەکانی بۆ قوتابیان کە زۆربەیان کوردیش نەبوون هەمان دەوریان هەبوو لە ڕووکردنە خوێندنی باڵا بۆ خوێندنی مێژوو بە ڕێبازێکی زانستی، ئەو شاگردانە بە درێژایی تەمەنیان و کاروانی زانستییان

به دڵسۆزی و وەفاداری بۆ مامۆستای گەورەیان مانەوە. ئەم کارانەی تەنیا خوێندکارانی کوردی نەدەگرتەوە، بەڵکو هەموو ئەو خوێندکارانەشی دەگرتەوە کە سەرپەرشتی نامە و تێزەکانی کردوون یان بۆ پرس و ڕاوێژ ڕوویان لێی ناوە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوە و پڕۆژەی توێژینەوە زانستییەکانیان.

دکتۆر کەمال بەردەوام ئەوەی دووپات دەکردەوە کەوا بواری مێژووی کورد وەک کێڵگەیەکی نەکێڵراو و نەچێندراوە، بۆیە ئەو ئەرکە مەزنە پێویستی بە چەندین نەوەی توێژەر هەیە بۆ ئەوەی بەشێکی بەجێبێنن. دکتۆر کەمال زۆر بەوە دڵخۆش بوو کاتێ ئاوڕی دواوەی دەدایەوە بەرهەمی کاری پەروەردەیی خۆی دەبینی، کە چەندین توێژەر و پسپۆڕ لە بواری مێژووی کورددا لەوانەی ڕاستەوخۆ بەشداریی لە پێگەیاندنیاندا کردبوو خەریکی کارکردنن لەسەر مێژووی کورد و کوردستان. ئەوانەی سەرپەرشتی نامە و تێزە زانستییەکانیانی کردبوو یا لە ڕێی کتێب و وتار و توێژینەوە مێژووییەکانییەوە کاریگەری لەسەر دانابوون. بەرهەمی زانستیی دکتۆر کەمال مەزهەر جێی بایەخی کوڕ و ناوەندی بەرفراوانی خوێنەران و ڕووناکبیرانی کورد و عێراقییەکان بوو.

گومان لەوەدا نییە کە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی مێژووناسێکی پڕ بەرهەمی وەک کۆچکردووو دکتۆر کەمال مەزهەر پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاریی چەندین توێژەر و ڕووناکبیر هەیە، تەنانەت ئەوە ئەرکی دامەزراوەیەکی تایبەتمەندە لەگەڵ چەندین کادیری زانستی و کارگێڕی تەرخانکراو بۆ ئەو کارە، نەک ئەرکی لیژنەیەکی خۆبەخشی چوار کەسیی، کە لێرە و لەوێ کار دەکەن و سێ کەسیان لە هەمان کاتدا مامۆستای زانکۆن و دەبێ سەرقاڵی وانە وتنەوەو و کاری زانستیی خۆیان بن.

ئەم لیژنەیە بەر لە کۆچی دوایی زانای گەورەمان بە چەند ڕۆژێک پێکهات، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کارە زانستی و ڕووناکبیرییەکانی و

پۆلێنکردنیان و پاشان لە چاپدان و بڵاوکردنەوەیان. لێژنەکە پێی باشە کۆی بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو بەم شێوەیەی خوارەوە بەسەر شەش بەشدا دابەش بکات:

بەشی یەکەم: کە بە خۆشحاڵییەوە وا دەیخەینە بەردەستی خوێنەران، کە هەموو کتێبە بڵاوکراوەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە دە بەرگدا دەگرێتە خۆ. سەرلەبەری لاپەڕەکانی ئەم بەشە حەوت هەزار و دوو سەد و پەنجا لاپەڕەن.

بەشی دووەم: ئەو لێکۆڵینەوە زانستی و وتارانەن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە. لێژنەکەمان بەشێکی لەو وتارانە بەدەستهێناوە و وێنەیانی گرتووە، بەڵام لەم بوارە هێشتا کاری زۆر ماوە، پێویستی بە هاوکاری ژمارەیەکی زیاتر لە ئەندامانی لێژنەی سەرپەرشتیار هەیە.

بەشی سێیەم: ئەم بەشە ئەو کارە زانستی و ڕۆژنامەوانییانەی دکتۆر کەمال مەزهەر دەگرنەوە کە بە زمانی ڕووسی نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە و خۆیان لە هەزار و پێنج سەد لاپەڕە دەدەن. ئەمانەیان پێویستە بکرێن بە کوردی، لێژنە هەنگاوی یەکەمی بۆ ئەمە ناوە. لە بەسەرکردنەوەی لیستی دانراو و توێژینەوەکانیدا بۆ لێژنەکە دەرکەوت کە هەندێ لەم توێژینەوە و وتارانە لە کاتی خۆیدا خوالێخۆشبوو کردوونی بە کوردی یان عەرەبی یانیش لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی دواتری خۆیدا بەکاری هێناون.

بەشی چوارەم: ئەم بەشەیان تەرخانکراوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو پێشەکییانەی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێب و دانراوی توێژەرانی کورد و عەرەب نووسیوونی، وێڕای ئەو یادداشتنامانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەی کردوون و پێشەکی بۆ نووسیون. ئەو پێشەکییانە زانیاری و لێکدانەوەی گرنگیان تێدان و وا پێویست دەکات بایەخ بە کۆکردنەوەیان بدەین لە زیاتر لە بەرگێکدا.

بەشی پێنجەم: لیژنە هەوڵدەدات ئەم بەشە بۆ ئەو دیمانە و دیدار و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیانە تەرخان بکات کە لەگەڵ دکتۆر کەمالدا کراون، کە تێیاندا بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی بۆ زۆر پرسی زانستی و هزری و ڕووناکبیری دەربڕیون. ئەمانە شایەتی بۆ ئەوە دەدەن کە ئاگاداریی بەرفراوانی لەمەڕ پرسەکان هەبووە و ڕاستیی و دروستیی گەلێ لە بۆچوونەکانی و قووڵیی لێکدانەوەکانی دەردەخەن. ئەمەشیان بابەتگەلێکی دەوڵەمەندن؛ بۆ توێژینەوە و لێکدانەوە لە بیروبۆچوونە هزری و ڕووگە ڕووناکبیرەکانی.

بەشی شەشەم: بە ئومێدی ئەوەین ئەم بەشەیان هەموو ئەو نووسینانە بگرێتەخۆ کە لەبارەی کۆچکردووەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، جا چ کتێب و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بن یان لێکۆڵینەوە و وتار کە لە سەروبەندی کۆچکردنی یان لە بیرەوەری یەکساڵەی کۆچی دوایی گوتران. پێمانوایە ئەو نامەی ماستەر و کارنامەی دکتۆرایانە کە پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرپەرشتی کردوون و بەپێی ڕێنماییەکان توێژینەوەی هاوبەشن، لەم بەشەدا جێیان بکەینەوە. کۆچکردوو لە داڕشتنی کاری زانستی خوێندکارانیدا داهێنەر بوو، لە پرۆژەی ماستەرنامە و کارنامەکانی دکتۆرا لە بیرۆکە و ناوونیشانی بابەت و پلانی لێکۆڵینەوە بگرە تا دەگەیشتە لێکدانەوە و ڕێکخستنیان، بۆیە بە پێویست زانرا پێڕستێک بە ناوونیشانی ئەو نامەی ماستەر و کارنامەی دکتۆرایانەی کە سەرپەرشتی کردوون و ناوی خوێندکار، و ئاستی کارەکە و مێژووەکەیان لەم بەشەدا جێگە بکرێنەوە. جێی خۆیەتی لێرە ئاماژە بە بەشداریی پڕجۆش و دەوڵەمەندانەی دکتۆر کەمال بکەین لە گفتوگۆی دەیان نامەی ماستەر و کارنامەی دکتۆرادا کە پڕ بوون لە زانیاری دەگمەن و بیرۆکەی هێژا. لەبەر ئەوەی ئەو گفتوگۆیانە بە وێنە و دەنگ تۆمار کراون؛ هەوڵدەدەین پەیوەندی بە لایەنی پەیوەندیدارەوە بکەین بۆ ئەوەی ئەو تۆمارانە دەست بخەین، لە داهاتوودا بخرێنە سەر کاغەز و لە چوارچێوەی سەرجەم بەرهەمەکانیدا

بڵاو بکرێنەوە. هەروەها لێژنەی تایبەت پەیوەندی بە خوێندکارە بەتواناکانی کۆچکردووەوە دەکات بۆ ئەوەی وتاری بابەتیانە سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوەکانی بنووسن.

لێژنەی تایبەت کە لەم بەڕێزانە پێکهاتووە: پرۆفیسۆر دکتۆر جەبار قادر، پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کامەران محەمەد حاجی، لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا بیبلیۆگرافیایەکی سەرەتایی بۆ سەرجەم کارە زانستی و ڕووناکبیرییەکانی کۆچکردوو دکتۆر کەمال مەزهەر ئامادە کردووە، ئەوە وێڕای ئامادەکردنی کتێبە دانراو و وەرگێڕانەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ چاپ، کە ئەم بەشەیە وا لێرەدا دەیخەینە بەردەستی خوێنەران و توێژەران.

خۆشبەختانە ئەندامانی لێژنەکە دەستیان گەیشت بە بەشێکی گرنگ لە نووسین و بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر کە لە کتێبخانە تایبەتییەکەی خۆیدا پارێزراون. ئەوەی لەوێدا کەوتە بەرچاویان وێنەیان گرتن و هەندێ کاریان لەسەر کراوە. هاوڕێ و دۆستانیش لە دەرەوەی لێژنەکە لە هەبوونی کۆمەڵێ وتار و توێژینەوە و کتێب کە پەیوەندییان بە کۆچکردووەوە هەیە ئاگاداریان کردینەوە. بەشێکیش لەو توێژینەوە، وەرگێڕان، لێدوان یان ئەو نووسینانەی خوێندکارەکانی و مامۆستاکانیان و هەڤاڵانی کۆچکردوو لەبارەی ژیانی تایبەتی و زانستی ئەوەوە نووسیوویانە دۆسیی تایبەتییان بۆ ڕێکخراون. لێژنە ژمارەیەک وتار و توێژینەوەی مامۆستای کۆچکردوویان تایپ کردووەتەوە و بە وردی پێیانداچوونەوەتەوە و هەڵەچنیان بۆ کردوون.

لێژنەکە دوابەدوای بڵاوکردنەوەی سەرجەمی کتێبەکانی بە کوردی و عەرەبی، کە ئەم بەشەی پرۆژەکە پێکدێنن، کۆشش بۆ تەواوکردنی بەشەکانی دیکەی ئەم پرۆژە زانستی و ڕووناکبیرییە گەورەیە دەکات؛ ئەم کارە بۆ خزمەتی ڕاستی و مێژووە و بەرز ڕاگرتنی بەخششی ئەم مرۆڤە مێژووزان و پەروەردەکارە مەزنەی نەتەوەی کورد کە بەدەگمەن هاوشێوە و هاوتای دووبارە دەبێتەوە. لێرەوە لێژنەی سەرپەرشتیار داوا لە توێژەران

و ئەو خوێنەرانە دەكات كە بایەخ بە بەرهەم و داهێنانەكانی ئەم پیاوە مەزنە دەدەن دەستی یارمەتی بۆ لێژنەكە درێژ بكەن و هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەكیان لە لا پەیدا دەبێ كە لێكۆڵینەوە، وتار یان دیدار و چاوپێكەوتنی ڕۆژنامەوانی بڵاوكراوەی كۆچكردوویان لە لایە، بیخەنە بەردەستی لێژنەكە. بێگومان هاوكاری و یارمەتی هەمووان لەم بارەیەوە دەبێتە بنەما و بناغە بۆ دامەزراندنی كتێبخانەیەكی مێژوویی و مۆزەخانەیەكی تایبەت بە كۆچكردوو كە دەكرێ هەرچی پەیوەندی بەوەوە هەبێت تێیدا كۆبكرێتەوە و بپارێزرێت. دابەشكردنی كتێب و بەرهەمەكانی كۆچكردووی گەورە لە ڕووی بابەت و ژمارەی لاپەڕەكانەوە بەسەر بەرگەكانی ئەم چاپەدا كێشەیەكی هەندێ ئاڵۆز بوو لە بەردەم لێژنەكەدا، لەم بارەیەوە گفتوگۆی زۆر كرا تا ئەوەی لە كۆتاییدا لەسەر ئەم شێوە دابەشكردنەی خوارەوە گیرساینەوە:

بەرگی یەكەم: "كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی یەكەمی جیهاندا"، "مێژوو- كورتە باسێكی زانستی مێژوو و كورد و مێژوو"، "خەباتی ڕزگاریخوازی كورد و ئازەر لە ئێراندا".

بەرگی دووەم: "تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا"، "چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد – بەرگی یەكەم".

بەرگی سێیەم: "چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد – بەرگی دووەم".

بەرگی چوارەم: وەرگێڕانی كوردیی كتێبی: "وردبونەوەیەكی مێژوویی دەربارەی مەكیاڤیللی و مەكیاڤیللیزم"، "ڕێنیسانس لەگەڵ باسێكی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەركەكانی قۆناغ"، "ئافرەت لە مێژوودا- كورتە باسێكی مێژوویی و كۆمەلایەتی"، "چینی كرێكارانی عێراق - دروست بوون و سەرەتای بزووتنەوەی".

بەرگی پێنجەم: "كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی بەریتانیادا – بەرگی یەكەم".

بەرگی شەشەم: "كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی بەریتانیادا – بەرگی دووەم".

هەواڵنامەی كتێب

بەرگی حەوتەم: وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبی: "كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى" و کتێبی "كركوك وتوابعها حكم التأريخ والضمير- دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق".

بەرگی هەشتەم: "دراسات في تاريخ إيران الحديث والمعاصر"، "أضواء على قضايا دولية في الشرق الأوسط"، "النهضة".

بەرگی نۆیەم: "صفحات من تاريخ العراق المعاصر- دراسات تحليلية"، "الطبقة العاملة العراقية- التكون وبدايات التحرک"، "ثورة العشرين في الإستشراق السوفيتي"، "رأي للمناقشة: الإطار الزمني لتأريخ العراق الحديث والمعاصر".

بەرگی دەیەم: "دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية"، "إنتفاضة عام ١٩٢٥ الكردية في تركيا - دراسة تحليلية"، "حول مسألة الإقطاع بين الكرد"، "ميكافيلي والميكافيلية"، "محاضرات في تاريخ الدول الكبرى بين الحربين العالميتين". وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، شەش بەرگی یەکەمی بە زمانی کوردین و چوار بەرگی دواییش بە زمانی عەرەبیین.

لە کۆتاییدا لیژنەکەمان سوپاسی هەموو ئەو ناوەند و بەڕێزانە دەکات کە ئامادەییان دەربڕی پشتگیری مادی یا مەعنەوی لە پرۆژەکە بکەن، دیارە بە ژمارە زۆرن، لە پێشەوەشیان سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، کە ژوورێکی تایبەتی بۆ ئەم لیژنەیە لە ئەکادیمیا تەرخان کرد. هەروەها سوپاسی دۆستی هێژا پرۆفیسۆر دکتۆر عیماد جەواهیری دەکەین کە تێبینی و سەرنجەکانی ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە زیادکردنی تەوەرێکی نوێ بۆ بەشی شەشەمی پرۆژەکە. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەرکیان کێشا و لیژنەکەیان لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی کۆچکردوو ئاگادار کردەوە. هەروەها لیژنەکە سوپاسی مامۆستا جەلال زەنگابادی دەکات کە دڵسۆزانە بۆ سەرخستنی پرۆژەکە بە باشترین شێوە کار دەکات.

لیژنەی تایبەت بە کۆکردنەوە و
بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دکتۆر کەمال مەزهەر

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

"تێگەیشتنی ڕاستی"

و

شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بغداد — ١٩٧٨

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

"تێگەیشتنی ڕاستی"

و

شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا

هەواڵنامەی کتێب

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بغداد – ١٩٧٨

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەشە

بەو زانا پایە بڵندەی « تێگەیشتنی ڕاستی »ی لە فەوتان ڕزگار کرد ..
بە « ئەنستاس ماری کەرمەلی » ! .

بەو « شوکری فەضلی »یەی ئەگەر کورد بوبێ زۆر بەرز بووە و ،
ئەگەر عەرەبیش بوبێ دەها بەرزتر !

پێشەکی

زۆر کەمن ئەوانەی تا ئێستا بە نوسین لە چەند ڕوویەکی ڕۆژنامەنوسیی [1] کوردی کۆڵیونەتەوە . مامۆستا ئەمین زەکی یەکەم کوردە کە بە شێوەیەکی بیبلیۆگرافیی بەکورتی باسی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی کولتوریی کوردی کردووە [2] . دوای ئەو مامۆستا عەلائەددین سەجادییش بە هەمان دەستور شوێنێکی دیاریی لە چاپی یەکەم و دووەمی (مێژوی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان تەرخان کردووە و بە پێی ساڵی دەرچونیان ڕیزی کردون و چەند زانیارییەکی کورتیشی

---

(١) نوسەرانی کورد زاراوی (ڕۆژنامەگەری) بۆ «الصحافة» بەکاردێنن . منیش نیازم بو ناوی کتێبەکەم بنێم « تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا» ، بەڵام قسەی چەند برادەرێکی شارەزا وای لێ کردم (ڕۆژنامەنوسی) بەکاربێنم چونکە زیاتر لەگەڵ دەستوری زمانی کوردیدا دەگونجێ ، یەکەم لەبەر ئەوەی قیاسی هەیە ، وەك (دوعانوسی)، دووەمیش لەبەرئەوەی بۆ «صحفی» (ڕۆژنامەنوس) نەك (ڕۆژنامەگەر) بەکاردێنین . (گەر)یش پاشگرێکە بۆ نیشانەی پیشە وەك (ئاسنگەر) و (زەڕنگەر) و شتیوا .

(٢) بڕوانە : محمد امین زکی ، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ، جلدی اول (جزمی دوەم) ، بەغدا ، ١٩٣١ . (هەروەها بڕوانە : ل ٣٧٠ – ٣٧٢ی چاپی عەرەبی ئەم کتێبە) .

دەربارەیان بلاّو کردووەتەوە [٣] • دوای شۆڕشی تەمۆزی ساڵی ١٩٥٨یش ژمارەیەك نوسەریتری کورد چەند بەرهەمێکی سەربەخۆیان لەبارەی لایەنە جیاکانی ڕۆژنامەنوسی کوردییەوە بلاوکردەوە [٤] •

نوسەرانی کورد ، بە زمانیتر ، زۆر یا کەم ، باسی ڕۆژنامەنوسیی کوردییان کردووە • بەشی زۆری ئەو بەرهەمانە بە زمانی عەرەبین [٥] • بە زمانە ئەورۆپاییەکانیش ژمارەیەك نوسەر لە سنوری توانا و پێویستدا ڕۆی جیاوازی ئەو باسەیان خستۆتە بەر چاو [٦] • غەیری کوردیش جاروبار

---

(٣) علاءالدین سجادی ، مێژۆی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٢ ، ل ٥٥١–٥٥٨ ؛ چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٠٩–٦٢٦ .

(٤) بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، کەرکوك ــ سلێمانی ، ١٩٧٠ (١٩٠ ل) (ئەمە یەکەم کتێبی سەربەخۆی کوردییە دەربارەی ڕۆژنامەنوسی کوردی) . دوکتۆر کەمال فوئاد بەشی زۆری ژمارەکانی «کوردستان»ی بە زەنکۆگراف چاپکردەوە و کردییە کتێبێکی سەربەخۆ (بڕوانە : «کوردستان ــ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ ــ ١٩٠٢» ، کۆکردنەوە و پێشەکی دوکتۆر کەمال فوئاد ، بەغدا ، ١٩٧٢) ؛ جمال خزنەدار ، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ (کارگێڕی گشتی ڕۆناکبیری کوردی ئەم کتێبەی لەگەڵ «ڕۆژی کوردستان»ەکەی شێخ مەحمودا بەبۆنەی حەفتا و پێنج ساڵەی ڕۆژنامەنوسی کوردییەوە بلاوکردەوە . یەکەمیان بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپکراوە) . جگە لەمانە ژمارەیەك وتار لەسەر هەمان باس لە ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاوازی کوردیدا بلاوکراونەتەوە ، ناوی هەندێکیان لە بەشی سەرچاوەکانی ئەم باسەدا نوسراون .

(٥) بڕوانە : الدکتور عزالدین مصطفی رسول ، حول الصحافة الکردیة ، بغداد ، ١٩٧٣ ؛ جبار جباري ، تاریخ الصحافة الکردیة في العراق ، بغداد ، ١٩٧٥ . زۆر نوسەری کورد وتار و زانیاری بەکەڵکیان دەربارەی مێژۆی ڕۆژنامەنوسی کوردی بلاوکردۆتەوە (بە وێنە بڕوانە : محمد الملا عبدالکریم ،الصحافة الکردیة درب شائك و مسیرة مجیدة ، ــ « التآخي » ، بغداد ، ١٥ حزیران ١٩٧٠) .

(٦) دوکتۆر کەمال فوئاد لەو کتێبەیدا کە بە زمانی ئەڵەمانی دەریکردووە و بۆ دەسنوسی کوردی تەرخان کردووە باسی ژمارەکانی «کوردستان»ی =

هاتونەتە سەر باسی رۆژنامەنوسی کوردی . مێژونوس مامۆستا عەبدولڕەزاق حەسەنی باسی گەلێك لەو رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یانەی کردووە کە لە عیراق دەرچون (٧) . ژمارەیەك لە کوردناسانی سۆڤیەت ، بەتایبەتی دوکتور و . ڤیلچێڤسکی (٨) و دوکتور م. س. لازەرێڤ (٩) ، زانیاری‌یان

= یەکەم رۆژنامەی کوردی کردووە کە لە کتێبخانەی ماربورگ پارێزراون (بڕوانە :

((Kurdische Handschriften)), beschrieben van Kamal Fuad, Wiesbaden, 1970, P. XVIII).

دوکتور مارف خەزنەدار لە نامەی دوکتورێکەیدا کە بە روسی چاپکراوە (بڕوانە :

Хазнадар М., Очерк истории современной курдской литературы, Москва, 1967.

م. خەزنەدار ، کورتەی مێژوی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ ، مۆسکو ، ١٩٦٧) . خاوەنی ئەم کتێبەش لە هەردو نامەی دوکتورێکەی کە یەکەمیان بە روسی چاپکراوە و لە وتارێکی سەربەخۆدا باسی باری رۆژنامەنوسی و چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کردووە . ئەو وتارەی کە دیسان بە روسی بلاوی کردوتەوە بەم ناوەوەیە :

Камаль М.А., К истории издания первой курдской газеты,-"Народы Азии и Африки", 1968, № 4.

کمال م. ا. ، دەربارەی مێژوی یەکەم رۆژنامەی کوردی ؛ ـ گۆڤاری « گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا» ، مۆسکو ، ژمارە ٤ ، ١٩٦٨ ، ل ١٦١ـ١٦٤ .

(٧) بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الصحافة العراقية في طبعته الثالثة الموسعة ، الجزء الاول ، صيدا ، ١٩٧١ .

(٨) بڕوانە :

Вильчевский О., Библиографический обзор зарубежных курдских печатных изданий в XX столетии,-" Иранские Языки ", т.I, Москва, Ленинград, 1945, стр. 147-181.

و. ڤیلچێڤسکی، سەرنجێکی بیبلیوگرافی لە چاپەمەنی کوردی دەرەوەی=

دەربارەی هەندێك پەخشە و رۆژنـامەی کوردیی بڵاو کردۆتـەوە • لـە رۆژئاواییەکان س• ج• ئەدمۆندس لە هەموان زیاتر بایەخی بەم لایەنـەی ژیـانی رونـاکبیریی کـورد داوە (١٠) • نیکیتـین (١١) و ئیگلتن (١٢) و

= (سۆڤێت ـ ك.م.) لە سەدەی بیستدا، لە کتێبی : «زمانە ئێرانییەکان»، بەشی یەکەم ، مۆسکۆ ـ لێنینگراد ، ١٩٤٥ ، ل ١٤٧ ـ ١٨١ .

(٩) لە هەردوو کتێبەکەیـدا .

Лазарев М.С., Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX века-1917), Москва, 1964.

م.س. لازاریێف، کوردستان و کێشەی کورد (نەوەتەکانی سەدەی نۆزدە ـ ١٩١٧) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٤ ، لە گەلێ شوێن و لاپەڕەدا .

Лазарев М.С., Курдский вопрос (1891-1917), Москва, 1972.

م.س. لازاریێف، مەسەلەی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢، لە گەلێ شـوێن و لاپـەڕەدا .

(١٠) ئەدمۆندس یەکەم بێگانەیە کە لە چەند بەرهەمێکیدا باسی دەرچـون و ناوەرۆکی چەند رۆژنامەیەکی دەگمەنی وەك «بـانگی حـەق» و « رۆژی کوردستان »ی کردووە (بڕوانە :

C. J. Edmonds, A Kurdish Newspaper : ((Rozhi — Kurdistan)), — ((Jonrnal of the Central Asian Society)), Vol. XII, Part I, 1925, PP. 83 — 90; C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London, 1957, PP. 58 — 59, 301 — 302, 319 ; C. J. Edmonds, The Kurds of Iraq, — ((The Middle East Journal)), Vol. XI, No. 1, 1957, P. 55.

(١١) بەتایبەتی :

B. Nikitine, ((Ria Teze)), Journal Kurde d'Erevan, — ((Afrique et l'Asie)), Paris, No. 3, 1958, P. 57.

(١٢) زۆر بـەکورتی لـە قوژبنی مێـژۆی بەسەرهـاتی مەهـابادەوە بـاسی رۆژنامەنوسی ئەو دەورەی لە کتێبەکەیدا کردووە (بڕوانە :

W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963, PP. 8, 59, 68, 78, 101 etc.

ڕۆندۆ (١٣) و سـەتۆن (١٤) و هیتر (١٥) لە بەرهەمەکانیـاندا زۆر یا کەم هاتونەتە سەر باسی ڕۆژنامەنوسی کوردی •

بێ گومان ئەم بەرهەمانە هەر یەکەیان بایەخ و سەنگی خۆی هەیـە و کەلەبەرێکی باشی پڕ کردۆتەوە • بەڵام هیچ کامیان ، لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرای بەدەر لە دەسەڵات ، لـە کەم و کورتی و هەڵە بێبـەش نییە • نوسەرانی کورد تا ئیستە نەیانتوانیوە وێنەیەکی هەمو لایەنی دەربـارەی ڕۆژنامەنوسی کوردی پێشـکەش کەن • دیـارە ئـەم کارە لە توانـای کوردناسانیشدا نییە • ئەمان لەمەدا جێی ڕەخنە نین ، هەرچەندە دەشیان توانی وێنەیەکی کامڵتر لەم مەیدانەدا بخەنە بەر چاو • جگە لەوە وا دیارە پەیدابونی ڕۆژنامەنوسی کوردی و خەبات و هونەری ڕۆژنامەنوسـانی کورد بە لای هەندێك نوسەری ڕۆژئاواییەوە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی ناوخۆ نییە • بە وێنە دڵسۆزی و لانەدانی شێخ نوری شێخ صالح وەك سـەرنوسەری « ڕۆژی

---

(١٣) بڕوانە :

P. Rondot, Publication Kurde en caractéres latins ((Hawar, Komela Kurdi)) Revue Kurde . . .)), — ((Bulletin d'études Orientales)), T. II, 1932, PP. 300 — 304.

(١٤)

L. P. Elwell — Sutton, The Press in Iran to—day,— ((Journal of the Royal Asian Society)), Vol. XXXV, July — October, 1948, Parts III and IV, PP. 209 — 219.

(١٥) بە وێنـە بڕوانە :

"Роже - Курд",-"Восточный Сборник", СПб., Изд. Об-ва Русских Ориенталистов, 1913. кн. I.

« ڕۆژی کورد » ـ « کۆمەڵە بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی » ، پەتروسبورگ ، بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس ، ١٩١٣ ، کتێبی یەکەم ، ل ٢٣٣ ـ ٢٣٤ .

کوردستان » بە لای ئەدمۆندسەوە بەرهـەمی ئەوە بێ کە بە «خزمایـەتی دەگەیشتە ژنی دووەمی شێخ مەحمود » (١٦) . ئەدمۆندس دان بەوەدا دەنێ کە شێخ نوری زوربەی وتـارە سیـاسی و کۆمەڵایەتی‌یـەکانی « رۆژی کوردستان»ی دەنوسی ، بەڵام دەشلێ بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی « لـە کتێبە تورکی‌یەکۆنەکان» وەردەگرت (١٧) . وەك بەڵگەش ئەدمۆندس بـە دەستکاری‌یەوە ناوی ژمارەیەك لە وتارەکانی شێخ نوری هێناوەتەوە کە ئێمە وا لێرەدا وەك دەقی کوردی‌یەکەی پێشکەشیان دەکەین :

«بانگی کوردستان ـ رۆژی کوردستان » (١٨) ، « مەتـانەت و سەباتی قەومی کورد» (١٩) ، «فەنی و ئیجتیماعی ـ میللەت» (٢٠) ، «موجادەلەی حەیات» (٢١) ، « ویلایەتی موسڵ لە لۆزاندا» (٢٢) ، « سیاسی . داوای حقوقی مەشروعە » (٢٣) ، «قسەی ناحەق رەد ئەکرێتەوە » (٢٤) ، «لە فەلاکەت عیبرەت» (٢٥) .

دیارە پێویست بە لێکۆڵینەوە و دەمەتەقێ ناکا بۆ ساغ کردنەوەی ئەوە

---

(١٦) C. J. Edmonds, A Kurdish Newspaper, P. 85 .

(١٧) Ibid, P. 86.

(١٨) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١ ، ١٥ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ . باسـی ئەوە دەکات بۆچی «بانگی کوردستـان» داخرا و «رۆژی کوردستـان» جێگەی گرتـەوە .

(١٩) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٢ ، ٢٢ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ .

(٢٠) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٤ ، ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢١) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٥ ، ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢٢) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٦ ، ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢٣) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٨ ، ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ .

(٢٤) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١٠ ، ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ . وەڵامـە بۆ وتارێکی رۆژنامەی «العراق» .

(٢٥) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١٤ ، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ . بەکورتی باسی ئەو دەردی سەری‌یانە دەکات کە لە شەڕی یەکەمەوە بەسەر کوردا هاتن و ئامادەیی فیداکاری بۆ رزگاری نیشان دەدا .

کە ئیلهامی بیری شاعیرێکی خاوەن بەهرە بۆ ئەم جۆرە باســانە دەبێ باری نالەباری کورد بوبێ کە ئەدمۆندس بۆ خۆی یەکێك بێ لەوانەی دەستیان لە دروستکردنیدا هەبێ • جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بهێنینەوە یاد کە شێخ نوری شێخ صالح یەکەمی ئەو پێشبڕکە دەرچو کە مێجەر ســۆن بۆ نوسینی کوردی بەر لە دەرچـونی «رۆژی کوردستـان» لە رۆژنـامەی «پێشکەوتن»دا کردی • وەك «پێشکەوتن» باسی دەکا یازدە کەس لــەو پێشبڕکەیەدا بەشدار بون ، بەڵام نوسینی هەشتیان رەتکرایەوە چـونکە وەرگیراو بون و سیانەکەی تریان لەبەر رەسەنی یەکەم و دووەم و سێیـەم دەرچـون (٣٦) •

باسی رۆژنامەی «تێگەیشتنی راستی» بۆ خۆی بەڵگەیەکی مانـاداری باری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنوسی کوردی‌یە • مامۆستا عەلائەددین سەجادی یەکەم کەسە کە باسی ئەم رۆژنامەیەی کردووە • بەڵام ئەو باسە لە هەردو چاپی «مێژوی ئەدەبی کوردی»یەکەیدا لەوە زیاتر نی‌یە کە دەڵێ :

«تێگەیشتنی راستی» «رۆژنـامەیەکی حەفتـەیی کوردی پیلانی ـ سیاسی کۆمەڵایەتی بووە ، ئیحتیلالی ئینگلیزی لە سالی ١٩١٨ لە بەغـدا دەری‌کردووە • ژمارەی ٢٠ی بەر ١١ی مارتی ١٩١٨ کەوتووە ، ئیتر نازانم چەن ژمارەی لێ دەرچووە » (٣٧) • نوسەرانی‌تری کورد هەر یەکەیان بـە جۆرێ ئەم قسەیەیان لە بەرهەمەکانیاندا دوبارە کردۆتەوە (٣٨) • زاهیــدە

(٣٦) «پێشکەوتن» ، سلێمانی ، ژمارە بیستو حەوت ، ٢٨ی ئۆکتۆبەر و ژمارە بیستو هەشت ، ٤ی نۆڤەمبەر و ژمارە سێ ، ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ • لە شوێنێکی‌تری ئەم کتێبەدا دێینەوە سەر هەمان باس •

(٣٧) علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی یەکەم ، ل ٥٥٢ ـ ٥٥٣ ؛ چاپی دووەم ، ل ٦١١ •

(٣٨) بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، مێژوی رۆژنامەگەری کوردی ، ل ٧٥؛ جبار جباري ، تاریخ الصحافة الکردیة في العراق ، ص٢٦؛ جمال =

ئیبراهیم لەو رابەری رۆژنامەنوسی یەیدا کە سالی ۱۹۷٦ بلاوی کردۆتەوە دەلێ « تێگەیشتنی راستی » رۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بووە وای نیشان دەدا گوایە دەرچونی سالی ۱۹۱۷ دەستی پێ کردووە و سالی ۱۹۱۹ وەستێنراوە و بەسەر یەکەوە ٦٥ ژمارەی لێ دەرچووە (۲۹) . خۆشم لەو کتێبەدا کە بە زمانی روسی دەرم کردووە تەنها باسی ئەوەم کردووە کە ئینگلیزەکان بۆ کاری پرۆپاگەندەی خۆیان دوای گرتنی بەغدا «تێگەیشتنی راستی »یان بە زمانی کوردی بلاوکردەوە (۳۰) .

لەمە زیاتر هیچ دەربارەی «تێگەیشتنی راستی» بلاونەکراوەتەوە . تەنانەت ئارنۆلد ویلسنی وەکیلی حاکمی سیاسی ئینگلیزیش لە عیراق هیچ باسێکی ئەو رۆژنامەیەی نەکردووە هەرچەندە لە کتێبەکەی خۆیدا چەند جارێ هاتۆتە سەر باسی ئەو رۆژنامانەی ئینگلیز لە گرتنی بەسرەوە

= خزنەدار ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل ۲۳ ؛ محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو .

(۲۹) زاهدة ابراهیم ، کشاف الجرائد والمجلات العراقية ، بغداد ، ۱۹۷٦ ، ص ٥١ . خاوەنی ئەم کتێبە ناوی زۆر رۆژنامە و گۆڤاری کوردی هێناوە کە ژمارەیەکیان بە هەلە تۆمار کراون و هی وایان تێدایە تا ئێستە هیچمان دەربارەیان نەبیستووە . بۆ نمونە لە لاپەرە ٤٤ی کتێبەکەیدا دەلێ : « جريدة بلدي كوردستان . جريدة يومية سياسية . صاحبها : مصطفى باشا . صدرت في : أ و الغي امتيازها سنة ۱۹٤۱ » . دور نییە مستەفا پاشا مافی دەرکردنی رۆژنامەیەکی بەم ناوەوە وەرگرتبێ و بلاوی نەکردبێتەوە .

(۳۰) بروانە :

Камаль М.А., Национально-освободительное движение в Иракском Курдистане 1918-1932, Баку, 1967, стр.67.

کەمال مەزهەر ئەحمەد ، بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ رزگاریخواز لە کوردستانی عیراق سالانی ۱۹۱۸ ـ ۱۹۳۲ ، باکو ، ۱۹٦۷ ، ل ٦٧ .

دەستیان‌کرد بە بڵاوکردنەوەیان و دەوری مێجەر سۆنی وەك ڕۆژنامەنوسێکی چالاك نیشان‌داوە [٣١] •

ئەو زانیاری‌یانەی دەربارەی «تێگەیشتنی ڕاستی» بڵاوکراونەتەوە سەرەڕای ئەوەی یەکجار کەمن لە هەڵەش بەدور نین • مامۆستا سەجادی تەنها ژمارە بیستی ئەو ڕۆژنامەیەی دیوە و نەیزانیوە تەنانەت ئەو ژمارەیەش دوو جار چاپ‌کراوە • زاهیدە ئیبراهیم لەبەر ئەوەی لە بریتی ساڵی ١٩١٨ بە هەڵە ساڵی ١٩١٧ لەسەر لاپەڕەیەکی ژمارە یەکی «تێگەیشتنی ڕاستی» چاپ‌کراوە ساڵێکی ڕەبەقی خستوتە سەر تەمەنی ڕۆژنامەکە • جگە لەوە «تێگەیشتنی ڕاستی» وەك دوایی باسی دەکەین ٦٧ ژمارەی لێ دەرچووە نەك ٦٥ وەك ئەو دەڵێ • دیارە «تێگەیشتنی ڕاستی» لەلایەن فەرماندەی گشتی لەشکری ئینگلیزەوە دەرکرا نەك «لەلایەن بالیۆزخانەی بەریتانی‌یەوە لە شاری بەغدا» [٣٢] کە تا ساڵی ١٩٣٢ شتێك بەوناوەوە نەبو •

وادیارە زاناو قەشەی بەناوبانگ ئەنەستاس ماری کەرمەلی تاقە کەسە کاتی خۆی هەمو ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» لە بەرگێکی تایبەتیدا پاراستووە [٣٣] • ئەو بەرگە لەگەڵ کتێبخانەکەی ماری کەرمەلیدا دوای وەفاتی کەوتە دەست کتێبخانەی مۆزەخانەی عیراقی و ئیستە لەوێ پارێزراوە [٣٤] •

---

(٣١) لە بەشی سێیەمدا دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٣٢) جمال خزنەدار ، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی ، ل ٢٣ .

(٣٣) مۆرێك بەم‌ناوەوە «المكتبة الشرقية العراقية للاباء المرسلين الكرمليين في بغداد ١٩١٨» بە لاپەڕە یەکی ژمارە یەك و لاپەڕە یەکی ژمارە پەنجا و دو و لاپەڕەی دوا ژمارەی «تێگەیشتنی ڕاستی»یەوە نراوە .

(٣٤) کلێسەی کەرمەلی‌یەکان ساڵی ١٩٤٩ پتر لە حەوت هەزار کتێب و بەرگی تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤار و دەستنوسی هەمەچەشنەی ئەنەستاس ماری کەرمەلی بە دیاری دا بە موزەخانەی عیراقی . دەوروبەری ١٣٠٠ دەستنوس لەناو ئەو دیاری‌یانەدا هەیە کە بەشێکیان کەرمەلی خۆی =

کاتێك لەگەڵ ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستیێ»دا وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی خەریك بوم تێگەیشتم کە ئەم رۆژنامەیە لاپەڕەیەکی گرنگ و سەیری نەزانراو لە مێژووی رۆژنامەنوسیێ کوردیدا پێك دەهێنێ و هەستم کرد دڵسۆزێك لە هەزاران سەربازی نەناسراوی کورد لە کاتێکی ناسکدا هەوڵی داوە بە پێی تێگەیشتنی سەردەمی خۆی خزمەتی گەلی کورد و زمان و ئەدەب و مێژووی بکا • تا لە خوێندنەوەی هەمو ژمارەکانی بومەوە هاتمە سەر ئەو بیرەی «تێگەیشتنی راستیێ» پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی دور و درێژە • بەو جۆرە هەمو ژمارەکانیم نوسیەوە (٣٥) بەنیازی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە • هیوادارم بەهەڵەدا نەچوبم و توانیبێتم هەنگاوێکی نوێ لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی رۆژنامەنوسیێ کوردیدا بنێم •

بە پێویستم زانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بۆ باسی « چەند لاپەڕەیەك لە مێژو و بایەخی رۆژنامەنوسیێ» بەشێوەیەکی گشتیێ تەرخان بکەم • لەم بەشەدا هەوڵمداوە هەندێك زانیاریێ نوێ لە قالبێکی نوێدا عەرز بکەم • بەشی دووەم «چمکێك لە مێژووی رۆژنامەنوسیێ کوردیێ» کارێکی پێویستە بۆئەوەی بتوانین دەرچونی «تێگەیشتنی راستیێ» لە چوارچێوەی مێژوییێ

= نوسیونی. شایانی باسە ئەم زانایە دوو دەسنوسی خۆی بۆ باسی کورد تەرخان کردووە ، یەکەمیانی سالی ١٨٩٧ نوسیوە و ناوی‌ناوە «تحقيقات عن الكرد» ، ئەوی تریانی سالی ١٩١٩ نوسیوە و ناوی ناوە « تاريخ الكرد»، یەکەمیان لە موزەخانەی عیراقی‌یە (بڕوانە : كوركيس عواد، الاب انستاس ماری الكرملي . حياته و مؤلفاته (١٨٦٦ ـ ١٩٤٧) ، بغداد ، ١٩٦٦ ؛ ص ٢٨ ـ ٣٠ ، ٢٣٣ ـ ٢٣٤ ؛ كوركيس عواد ، المخطوطات التاريخية في مكتبة المتحف العراقي ، بغداد ، ١٩٥٧ ، ص ٤٩) .

(٣٥) بەدەگمەن شتی‌وای تێدایە پەڕاندبێتم و نەمنوسیبێتەوە . ئەمەش بۆ خۆی جۆرە بەلگەیەکە بۆ گرنگی ناوەڕۆك و خۆشی شێوازی نوسینی « تێگەیشتنی راستیێ » ، ئەگینا نوسینەوەی ٦٧ ژمارەی رۆژنامەیەك کارێکی هەروا ئاسان نی‌یە .

راستی خۆیدا ببینین . دیسان لەم بەشەدا هەوڵمداوە هەندێك زانیاری نەزانراو بخەمە بەرچاو و گەلێك جاریش بەتایبەتی باسی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەم کردووە کە زانیاری هەڵەیان دەربارە بڵاوکراوەتەوە . بەشەکانی‌تر بۆ باسی‌کەی و چۆنی دەرچوونی «تێگەیشتنی راستی» و هونەری رۆژنامەنوسی ئەو و شوێنی زمان و ئەدەب و مێژوی کورد لەسەر لاپەڕەکانی و چەند باسێکی‌تر تەرخان کراون . لەو بەشانەشدا بەپێی‌توانا هەوڵمداوە باسەکانی «تێگەیشتنی راستی» بەجۆرێکی دابڕاو لە رۆژنامەنوسی کوردی عەرز نەکەم .

ئەو شیعرانەی نالی و حاجی قادری کۆیی و کوردی و مەحوی و شاعیرانی‌تر کە لە بەشی پێنجەمدا بڵاو کراونەتەوە لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکانی ئەو شاعیرانەدا بەراورد کراون و جیاوازی‌یەکانی نێوانیان نیشان‌دراون ، لەوانەیە سودیان بۆ شارەزایانی ئەدەب هەبێ . وەك دەیبینین زۆر جار توشی جیاوازی دێین لەنێوان شیعرەکانی ناو «تێگەیشتنی راستی» و ئەوانەی ناو دیوانەکان ، بەتایبەتی لە شیعرەکانی نالیدا . دور نی‌یە دەستنوسی جیاوازی ئەو شاعیرانە لای شوکریلفەضلی یا لای مێجەر سۆن هەبوبێ .

لە راستیدا گۆڕینی رێنوسی وتار و باسەکانی ناو «تێگەیشتنی راستی» و ساغ‌کردنەوەی وشە و رستەکانی کارێکی زۆر گران نی‌یە ، بەڵام ئاسانیش نی‌یە ، زۆر جار پێویستی بە بیرکردنەوە و وردبونەوە هەیە . وا لێرەدا چەند نمونەیەکی کەم دەخەمە بەر چاو :

« هتا هاتین علما صنعته تنزلمان کرد» (٣٦) واتە «هەتا هاتین عیلمەن و صنعەتەن تەنەزولمان کرد» ؛ «امجا ری حج» (٣٧) واتە «ئەمجا رێی حەج» ؛ «له عجایبتر چیه او ترقیه اوروپاییەکان بە حوتصد صال کردیان ژاپونەکان

---

(٣٦) بڕوانە : سەروتاری ژمارە سێو حەوت ، ١٥ی تەموزی ١٩١٨ .
(٣٧) بڕوانە : ژمارە پەنجا ، ١٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ .

بسی صالی بویان میسر بو »[٣٨] واتە « لەمــە عەجــایەبتر چی‌یــە ئــەو تەرەقی‌یەی ئەوروپاییەکان بە حەوت‌صەد ساڵ کردیان ژاپۆنەکان بە ســێ ساڵ بۆیان مەیسەر بۆ » ؛ «چونکە همو متفکریك امرو فکری امە بە کە لــە دنیادا بشریتیکی سالم و مساوی حکمفرما بێ »[٣٩] واتە : «چونکە هەمو موتەفەکیرێك ئەمڕۆ فیکری ئەمەیە کە لە دونیادا بەشەری‌یەتێکی ســالم و مساوێ حوکمفەرما بێ» ؛ «ری و شوین باوباپیریان بی کم دکن »[٤٠] واتە «رێ و شوێنی باو و باپیریان پێ گوم دەکەن » •

دەستکارێ شێوازی نوسینەکانی ناو «تێگەیشتنی راستێ»مان بــە پێویست زانی ئەگینا لەوانەبۆ خوێنەر بەئاسانی لە مەبەست نەگا و بەدەست خوێندنەوەی وتار و بەشە وەرگێراوەکانی‌یەوە هیلاك بێ • لەوەش زیاتر کە نیشانمان‌دا دەستکارێ شێوازی نوسینەکان نەکراوە تا ئەوانەی مەبەستیانە باشتر لەو ئاڵوگۆڕانە بگەن کە بەسەر رێنوس و شێوازی نوسینی کوردیدا هاتون • زۆر بەدەگمەن بەنیازی قوتارکردنی رستەکان لە لەنگی‌یەکی زەق ناچار بوین تاك (مفرد) بکەینە کۆ (جمع) یــا بە پێچەوانــەوە • ئەوجــۆرە دەستکاری‌یە کەمانەمان خستۆتە نێوان دۆ کەوانــەوە • لێرەدا نمونەیــەك دەخەینە بەرچــاو :

«تێگەیشتنی راستێ» لە بەشی «ئەدەبیــاتی کورد»ی ژمــارە هەشتیدا ئەم رستەیەی وەهــا نوسیوە : «••• لەو رۆژنــامە کوردانە کە لەمەوپێش نەشرکرا •••» ، بەنیازی رۆنکردنــەوە ئێمە لە شوێنی خۆیــدا وامان لێ کردووە : « ••• لەو رۆژنامە (کوردی‌یانەی) کە لەمەوپێش نەشر(کران)•••» •

---

(٣٨) بڕوانە : ژمارە پەنجاو شەش ، ٢٥ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ .
(٣٩) هەمــان ژمــارە .
(٤٠) بڕوانە : سەروتاری ژمارە هەشت ، ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

هیوادارم ئەم بەرهەمە شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ و مایەی رەزامەندی خوێنەر و شارەزایانی کورد بێ •

کۆتایی سوپاسی بێپایانم پێشکەش ئەو برادەرانە دەکەم کە هەریەکەیان بەجۆرێ دەستیان لە دەرکردنی ئەم بەرهەمەدا هەیە ، تایبەت ئەو دڵسۆزانەی بەر لە من هەوڵی بایەخداریان بۆ ساغ کردنـەوەی گەلێ رۆی نـەزانراوی رۆژنامەنوسی کوردی داوە• پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێ و برای بەڕێز ئەندامی یاریدەری «کۆڕی زانیاری کورد» کاك محەمەدی مـەلا کەریـم دەکەم بۆ یاریدەی هەمە جۆری • زۆر سوپـاسی برایان هێمنی شـاعیر و زەبیحـی رۆژنامەنوس و صەلاح سەعدوڵلای ئەندازیار دەکەم کە هەریەکەیان بەجۆرێ دەسـتی یاریدەیان بۆ درێژ کردم• برایانی چاپخانەی « کۆڕی زانیـاری کورد »یش ، تایبەت کاك کامیل مەنسوری بەڕێوەبەری ، جێگەی سوپاسی تایبەتیمن •

* * *

بەشی یەکەم

چەند لاپەڕەیەك
دەربارەی مێژو و بایەخی رۆژنامەنوسێ

(دیاز)ی سەرکۆماری مەکسیك کاتی خۆی وتویە : «حەزمدەکرد خاوەنی ئەو کارگانە بومایە کە کاغەز و مەرەکەب دروستدەکەن تاوەکو هەمویانم بسوتاندایە » ٠ لە ماری کریستینی شاژنی ئیسپانیاش دەگێڕنەوە کە وتویەتی : «تەنانەت لەناو مار و مێروشدا توشی رۆژنامەنوس دێیت»٠ دەڵێن حاکمی ڤەنزەوێلاش وتویە : «لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخم بۆ بکرێتەوە ، بەڵام لەجیڕەی قەڵەمی رۆژنامەنوسێك گیانم دێتە لەرزین » ٠ قسەکانی ناپلیۆنیش هەر لەم بارەیەوە گەلێك مانا بەخشن : « سێ رۆژنامە لە سەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن» [1] ٠ڤۆلتێریش راست دەکا کە دەڵێ : «رۆژنامەنوسێ دەزگایەکە بە کەس ناشکێ ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێ بۆئەوەی جیهانێکی نوێ دامەزرێنێ » ٠

نمونەی ئەم قسانە زۆرە و هەر یەکەشیان بەجۆرێك گرنگی رۆژنامە و رۆژنامەنوسێ دەخاتە رو ٠ زۆرکەس رۆژنامە و گۆڤار بە «دەسەڵاتی

---

(١) بڕوانە : «الدستور» ، بیروت ، العدد ٣٤٩ ، کانون الاول ١٩٧٦، ص ١٩ ٠

چوارەم»[٢] ناودەبەن • لەراستیشدا لەگەڵ وەرچەرخانی هەمو رژێمێکدا سەر لە بن ئەم « دەسەڵاتی چوارەمە » وەك سێ دەسەڵاتەکەی تر (تەشریعی و تنفیذی و قضائی) دەگۆڕرێت •

رۆژنامە و رۆژنامەنوسی مێژویەکی دور و درێژی پڕ لە رۆداو و ئاڵوگۆڕیان هەیە [٣] • لە شارستانەتی کۆندا چەند نمونەیەکی سەیر هەیە کە هەریەکەیان بە جۆر و شێوازێك لە رۆژنامە دەکەن ، یان بە لای کەمەوە بە خزمایەتی پێی دەگەنەوە • چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میسر کاروباری وڵات و شەڕەکانی سوپا و گەلێك شتی تری لەو بابەتەیان بەشێوەیەکی رازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەند و دوایی لەگەڵ خۆیان دەیانبردە ناو گۆڕەوە یان بۆ ئەوەی دوای خۆیانیان بەجێدەهێشت • سەرەڕای ئەوە زوربەیان دەنگوباسیان لەسەر دیواری بتخانەکان هەڵدەکەند بۆئەوەی خەڵك بیانبینن • هەر شتێکی گرنگ روی بدایە لەسەر تاشە بەردی نوێ هەڵیاندەکەند و بە دیوارا هەڵیاندەواسی • دوای ئەوەی میسری‌یەکان توانی‌یان کاغەز لە (بەردێ) دروست بکەن فەرمانڕەوایانیان کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەوی مەبەستیان بۆ لەسەر ئەو جۆرە کاغەزە • لە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس پارچە کاغەزێکی لەو بابەتە هەیە کە دەگەڕێتەوە دەوروبەری ٣٧٥٠ ساڵ لەمەوبەرو بە وتاری یەکێك لە وەزیرەکانی ئەو سەردەمە پڕکراوەتەوە کە تیایدا باسی دەوڵەت و کارەکانی دەکات • لەوەش

---

(٢) «السلطة الرابعة» . بۆ یەکەمجار ساڵی ١٨٢٨ ئەم زاراوە بۆ رۆژنامە و رۆژنامەنوسی بەکارهێنرا بەتایبەتی دوای ئەوەی رۆژنامەنوسان کەوتنە عەودالی ئەو هەواڵانەی پەیوەندی‌یان بەکار و رەفتاری میری و کاربەدەستانەوە هەیە .

(٣) بەشێك لە زانیاری‌یەکانی ئەم بەشە لە سەرچاوەی ئەنسکلۆپیدی جیاواز وەرگیراون . ناو و لاپەڕەی ئەو سەرچاوانە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا تۆمار کراون .

سەیرتر ئەوەتە کە مێژوونوسی بەناوبانگی کۆن هیرۆدۆت [٤] باسی ئـەوە دەکات کە گوایە میسری یە کۆنەکان رۆژنامەی رەخنە و گاڵتـە و گەپیـان هەبووە کـە یەکێکیان نـاوی « رۆژنامـەی کۆشـك » بـووە و دەڵێ نوسەرەکانی باسی رابواردنی شەوانی پاشا و خوا پێداوەکانیان دەکرد و بە بیانوی قسەی خۆشەوە توانجیان تێ دەگرتن[٥] .

رۆژنامە کۆنەکانیش کە دەستی باڵایان لە رازاندنەوەی شـارستانەتی زودا هەیە دەوری خۆیان لە پێشخستنی رۆژنامەنوسی سەرەتـاییی کۆنـدا بینی و دەسکەوتی رۆژهەڵاتی یەکانیان لەم مەیدانەدا بەرەوپێش برد . پتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر یۆلیۆس قەیسەر دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتار و لێکۆڵینەوە و دەمەقاڵێ و باس و خواسانەی لەناو «ئەنجومەنی پیران» (مجلس الشیوخ)دا رویان‌دەدا . تا ئەوکاتە ئەو هەواڵانە لـە چوارچێوەی ئەنجومەنی ناوبراو و ئەندامانی و فەرمانڕەوایان نەدەچونە دەرێ . ئەم کارە هێند ئەنجامدار بوو وای لێ‌هـات بووە کارێـکی رۆژانـە و سـەرەتای هەنگاوێکی گرنگی‌تر بـۆ مەیدانی خۆی . زۆری نەخایاند هەر لە رۆمای کۆن و سەردەمی یۆلیۆس قەیسەردا بڵاوکراوەیەکی رۆژانە پەیدا بوو کە بە ناویش خزمایەتی نزیکی خۆی لەگەڵ رۆژنامـەنوسی نوێدا دەگەیێنێـت ((Acta diurna Urbis)) واتە «روداوی رۆژانە»[٦] .هەروەکو بە ناوەکەیدا دیارە ئەم «روداوی رۆژانە»یە باس و خواس و بەسـەرهات و خـۆشی و ناخۆشی وڵات و خەڵکی بڵاو دەکردەوە . سەیر ئەوەیە تەنانەت هەواڵی وەك ژن خواستن و منداڵ بون و نابوتی و بڕیاری قورسی دادگاکان و باسـی

---

(٤) مێژوونوسی هەرە بەناوبانگی ئەغریقە کۆنـەکان هـیرۆدۆت لە سـەدەی پێنجەمی بەر لە عیسا ژیاوە .

(٥) بڕوانە : الدکتور محمد نجیب ابوالليل ، الصحافة الفرنسية في مصر منذ نشأتها حتى نهاية الثورة العرابية ، القاهرة ، ١٩٥٣ ، ص ١٥ ــ ١٦ .

(٦) « الحوادث اليومية » .

وەرزش و هونەر و هەوالی دەگمەن و سەیری بلاودەکردەوە . «روداوی رۆژانە» لە شوێنە گشتییەکان هەلدەواسرا و نوسەری تایبەتی رونوسی ناوەرۆکیان دەکرد و بە شار و ناوچەکانی ولاتدا بلاویان دەکردەوە . ئەم بلاوکراوەیەی یۆلیۆس قەیسەر دایمەزراند نزیکەی پێنج سەدە ژیا (لە سەدەی یەکەمی بەر لە دایك بونی عیسا تا سەدەی چوارەمی پاش عیسا).

یەکێك لە هەنگاوە گرنگە کۆنەکانی ئەم مەیدانە چینییەکان نایان . ئەوانیش لە سەدەی حەوتەمدا بلاوکراوەیەکی تایبەتییان هەبو کە لە «روداوی رۆژانە»کەی یۆلیۆس قەیسەر زیاتر لە رۆژنامەی ئیمرۆی دەکردە. چینییەکانیش یاسا و بڕیار و روداوەکانی ژیانی رۆژانەی کۆشکی پاشایان بلاو دەکردەوە و ئەوانیش ناوێکی تایبەتی ماناداریان بۆ هەلبژاردبو : « دی باو » واتە (هەوالەکانی پایتەخت) . ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە ناوە هەرە کۆنە دەگمەنەکان کە لە ناوی رۆژنامەی ئەم سەردەمەی دەکرد .

دیسان لە ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەندا بلاوکراوەیەك بە ناوی «پامفلێت» (Pamphlet)ەوە پەیدا بو [7] کە لە شێوەی پەخشە «نشرة» و کتێبی بچوکدا بلاو دەکرایەوە . ئەم پامفلێتانە لە سەدەی پازدەوە لە زۆر شوێنی ئەوروپای رۆژئاوا بلاو دەکرانەوە . گەلێك لە پیاوە ناودارەکانی ئەو سەردەمە بیر و را و هەستی خۆیان لەو رێگەیەوە بە خەلك دەگەیاند . زوربەی ناوەرۆکی ئەو «پامفلێت»انە بۆ مەبەستی سیاسی و رەخنە لە زۆرداری رژێم تەرخان دەکران . تەنانەت چەند بزوتنەوەیەکی جوتیارانی ئەوروپای ئەو سەردەمە «پامفلێت»ی تایبەتی خۆیانیان بلاو دەکردەوە . لەو بلاوکراوانەدا باسی زولم و زۆری دەرەبەگایەتی و کاربەدەستانیان دەکرد و داواکانی خۆیانیان رادەگەیاند .

---

(٧) لە Pamphilius ی لاتینییەوە وەرگیراوە . دو مانای هەیە : کومیدیا و گالتەجاڕ و هیجا یا کورتە باس و کتێبی بچوك .

هەر لەو سەردەمەشدا لە ئەنجامی پەرەسەندنی پەیوەنـدی بازرگانی لەنێوان شار و ولاتاندا ، لەنێوان ئەوروپـا و ئاسیـادا خـاوەن مـاڵ و خەڵکی‌تریش زیاتر لە جاران کەوتنـە عەودالی هـەواڵی ئەو شـوێنانەی کەلوپەلیان بۆ دەناردن یا کەلوپەلیان لێوە دەهێنان • لەوکاتەوە بەندەر و شارە گەورەکانی ئەوروپا بۆنە مەڵبەندی کۆکردنـەوە و بلاوکردنـەوەی دەنگوباسی هەمەجۆر • لە سەدەی شازدەهەمدا لە شاری ڤینیسیا (بندقیة) دەزگایەکی تایبەتی بۆ کۆکردنـەوەی هەواڵ و دەنگوبـاس دامەزرێنرا • پیشەیەکی نوێش بە ناوی «نوسەری دەنگوبـاس»ەوە داهات • لە شـارە گەورەکاندا هێ وا هەبۆن خۆیان بەتایبەتی بۆ ئەو کارە تەرخـان دەکرد و هەواڵ و دەنگوباسی فەرمانڕەوایان و روداوی شاران و بـاری بازرگانی و گەلێ شتی‌تریان کۆدەکردەوە و رێکیان دەخست و ئینجا بلاویان دەکردەوە• هەر لەمەشەوە نـاوی «غەزەتـە» پەیدا بو [8] ، چونکە ئـەو بلاوکراوەی دەنگوباسە لە شاری ڤینیسیا یەکی بە غەزەتـەیەك دفرۆشرا و غەزەتـەش ((Gazzetta)) ناوی پـارەیەکی لە زیو دروستکراوی ئەو شـارە بو • ئەم ناوە لە ولاتەکانی ئەوروپادا وردە وردە بۆ مانا تازەکەی بلاو بۆوە [9] •

ئەم ئاڵوگۆڕانە دوا هەنگاو بۆن بۆ پەیدا بۆنی «رۆژنامە» بەوجۆرەی ئیمڕۆ دەیبینین ، بەتایبەتی چونکە بونە یەکێکیش لە هەوێنـە گرنـگەکانی دۆزینەوەی چاپ کە بێ ئەو رۆژنامەنوسێ نەیدەتوانی بگاتە پلەی ئێستەی •

چاپیش مێژوی تایبەتی خۆی هەیە کە یەکێـکە لە ئەنجـامە هـەرە

---

(٨) لە سەرەتادا و بۆ ماوەی نیو سەدەیەك کوردیش «غەزەتـە»یان لەبریتی رۆژنامە بەکاردەهێنا . وادیارە ئەو وشە ئەوروپایی‌یە لە رێگەی زمـانی تورکی‌یەوە گەیشتۆتە کوردی .

(٩) بەتایبـەتی دوای ئـەوەی رونـاکبیرێکی فەرەنسـەیی (ت. رینـودو T. Renaudot) لە سالی ١٦٣١ وە دەستی‌کرد بە بلاوکردنەوەی La Gazette

گرنگەکانی پەیدابونی نوسین و دانانی کتێب • لەوەتەی نوسین پەیدا بووە و ئادەمیزاد دەستی کردووە بە نانی هەنگاوی گەورە لە مەیدانی بەرەو پێش چونی شارەستانەتیدا ، کتێب بووەتە رۆی هەرە گرنگ و بزوێنەری هەرە پێویستی ئەو بەرەو پێش چونە • لە سەردەمی ئاشوریەکانەوە کتێب و کتێبخانە پەیدا بۆن • کتێبی ئەو سەردەمە بە بارست گەورە و بە سەنگ قورس و بە ناوەرۆك پچوك بون ـ کتێبێك چەند تەنێك دەبو ، گواستنەوەی چەند عەرەبانەیەکی پێ دەویست ، کەچی خوێندنەوەی بە حونجە لەوانە بۆ تاقە سەعاتێك نەخایەنێ • لەم دواییەشدا کار گەیشت بەوەی دۆ دانە کتێبی چەند صەد لاپەڕەیی بەئاسانی لە پاکەتە شقارتەیەکدا جێگەیان بێتەوە • سالی ۱۸۹٦ لە بەرلین فەرهەنگێك چاپکرا کە بریتی بو لە ٥٠٠ لاپەڕە و هەر لاپەڕەیەکیشی ۲۷ دێڕ و هەر دێڕێکی ۷۰ پیتی تێدا بۆ بەلام بارستی هەمۆی بریتی بۆ لە ۳۲ × ۲٤ × ۸ ملیمەتر ، واتە چەند ساتیمەترێکی سێ گۆشە کە لە قوتووە شقارتەیەك پچوکترە [۱۰] •

دیارە ئەم گۆڕانە گەورەیە ماوەیەکی دور و درێژی پێویست بو • گەلانی رۆژهەلات لەو ماوەیەدا چەند دەستکەوتێکی گرنگیان بەدی هێنا کە دەوری دیاریان هەبو بۆ کورتکردنەوەی رێگەی گەیشتن بە چاپ • میسریەکان یەکەم جۆری کاغەزیان لە (بەردێ) دروست کردە دوای ئەوان هەر لە رۆژهەلات دروستکردنی جۆری تری کاغەز دۆزرایەوە کە تارادەیەك لە کاغەزی ئێستەی دەکرد • ئەو جۆرە کاغەزە بۆ یەکەم جار لە سەدەی یەکەمدا لەلایەن چینیەکانەوە بەکارهێنرا ، بەلام لەسەر خۆ بلاو بۆوە • لە

(۱۰) بڕوانە :

Богданов Н. и Вяземский Б., Справочник журналиста, Ленинград, 1965, стр.652.

ن. بەگدانۆف و ب. ڤیازێمسکی ، رابەری رۆژنامەنوسێ ، بە زمانی رۆسی ، لینینگراد ، ۱۹٦٥ ، ل ٦٥۲ .

سەمەرقەند سالی ٦٥٠ و لە بەغدا سالی ٨٨٠ (١١) و لە قاهیرە دەوروبەری ١١٠٠ دەستیان کردە بەکارهێنانی • بەڵام هیچ‌کام لە گەلانی ئەوروپا تا نزیك سەدەی سیازدە ئەو کاغەزەیان نەدەزانی و ئەوساش لە رۆژهەڵاتی‌یەکانەوە فێری بون •

هەر لە رۆژهەڵاتیش یەکەم جۆری سەرەتایی چاپ پەیدا بۆ • چینی‌یەکان لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شەشەمەوە (١٢) فێری ئەوە بون لە سەر پارچە تەختەی گەورە پیت و وشە و وێنە بە جوانی و رێکوپێکی هەڵکەنن و بە هۆی مەرەکەبی رەنگاو رەنگەوە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ بکەن • ئەوروپایی‌یەکان لە دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەندا لە چینی‌یەکانەوە فێری ئەم جۆرە چاپە بون • دیسان چینی‌یەکان یەکەم گەل بون کە بەر لە ئەوروپایی‌یەکان بە نزیکەی چوار سەدە یەکەم هەنگاویان نا بۆ دروست‌کردنی شتێك کە تارادەیەك لە ماکینەی چاپی دەکرد •

ئەم دۆزینەوانە هەرچەندە پێویست و گرنگ بون ، بەڵام ئەنجامیان کەم و کێشەیان زۆر بۆ • بۆ وێنە چاپ‌کردن بە هۆی هەڵکەندنی تەختەوە ماوەیەکی زۆری پێ‌دەویست و دەشبو ئەو پیت و وێنانەی هەڵدەکەنرێن گەورە و بێ پێچ و پەنا بن • بۆ هەر لاپەڕەیەك پێویست بو تەختەیەکی تایبەتی هەڵکەندرێ و دوایی فڕێ بدرێ •

بۆ زاڵ‌بون بەسەر ئەم کۆسپانەدا دەبۆ جۆرە پیتێکی‌تر بدۆزرێتەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە «چەرخی بوژاندنەوەی ئەوروپادا» (١٣) خوێندن و

---

(١١) هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن گوایە ژمارەیەك چینی لەلایەن عەرەبەوە بە دیل گیراون و لەوانەوە فێری کاغەز دروست‌کردن بون (بڕوانە : محمد نصر ، صحافة الملايين ، القاهرة ، ١٩٦٥ ، ص ١٥) .

(١٢) S. Natarjan, A history of the Press in India, London, 1962, P. 3.

(١٣) « عصر النهضة الاوروبية » .

خوێندەواری پەرەیان سەند و نوسەران کەوتنە ئەوەی بە زمانی خەڵك بنوسن نەك لاتینی ، واتە دوای ئەوەی کتێب وەك بەرهەمێکی روناکبیری کەوتـە بازاڕەوە [14] بۆیەکا وای لێهات دەسنـوسی گران یا بەرهەمی پچـوکی چاپکراو بە تەختـەی هەڵکەندراو دادیٚ خـەڵك نەدەن . ئەوسـا بیری ئادەمیزاد بۆ ئەوە چو پیتی جیا جیا لە قوڕ دروستبکات و لە کورەدا سوری بکاتەوە . راستە ئەم جۆرە پیتانە زۆر زۆ دەسـوان یا دەشکان ، بـەڵام دۆزینەوەیان هەنگاوێکی گەورە بو بۆ نزیك کەوتنەوەی تـەواو لە چـاپی نوێ . وردە وردە مس و ئاسن جێگەی قوڕیان گرتـەوەو بەوجـۆرە پیتی لەبارتر پەیـدا بو .

هەرچەندە کۆششی چەند کەسێك رێگەی ئەم دۆزینەوەیەی دوایـان خۆش کرد بەڵام داهێنانی چاپی نوێ بە پیتی نەچەسپاو «متحرك» بە ناوی داهێنەری ئەڵەمانی یۆحەنـا گۆتینبورگەوە (Johannes Gutenberg) (١٤٠٠ ـ ١٤٦٨) بەستراوە [15] کە دەوروبـەری سـاڵی ١٤٤٥ تـوانی

---

(١٤) تا دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەند کتێب تەنها بۆ ئەندامانی چینەکانی ژوروی کۆمەڵ بو ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لاتینییان دەزانی . نوسـەر و زاناکانی ئەوروپا بە زمانی نەتەوەیی خۆیـان نەیاندەنوسـی ، هەمویـان لاتینییان بەکاردەهێنا . سەرەڕای ئەوە دەسنوس گران بو ، بۆیـەکا زۆر بەدەگمەن دەکەوتە بازاڕەوە ، شوێنی ئاسـایی ئەوسـای کتێبخـانەی کلێسـە و دەسـەڵاتدار و دەوڵەمـەندان بو . لە سەرەتـای «چـەرخی بوژاندنەوە »وە نوسـەران کەوتنە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی .

(١٥) شوێنی یۆحەنا گۆتینبـورگ (١٤٠٠ ـ ١٤٦٨) لـە بەرەوپێشچـونی شارستانەتی مرۆڤدا تایبەتییە ، بەهۆی داهێنانەکەی ئەوەوە زادی بیری زانایان بووە مولکی هەموان . بەداخەوە بەڵگە لەبارەی ژیـانییەوە زۆر کەمە ، تا ئێستە تەنانەت ساڵی لەدایكبونی تەواو نەزانراوە . هەرچۆن بێ کارەکەی گۆتینبورگ وەك نوسەری رۆژئاوایی گ. سێلێری دەڵێ «لەو جۆرە کارانەیە کە تاقە جارێك رو دەدەن و دوبارە نابنەوە» (بڕوانە:ـ G. C. Sellery, The Renaissance. Its Nature and Origins, Madison, 1962, P. 234).

مەکینەیەکی چاپی تەختە دروستبکات کە بە دەست ئیشی دەکرد • دوای ڕێك‌خستنی لاپەڕەی پێویست بە پیتی نەچەسپاو چەند لاپەڕە مەبەست بوایە بەو مەکینەیە چاپ دەکرا و ئینجا پیتەکان دیسان بەسەر قاسەی تایبەتیدا دابەش دەکرانەوە بۆ بەکارهێنانی‌تریان • ئەم یەکەم مەکینەی چاپەی گۆتینبورگ لە سەعاتێکدا صەد لاپەڕەی چاپ دەکرد [16] • ئەمە خێراییەکی بێ‌هاوتا بو بۆ کاتی خۆی • جگە لەوە بەهۆی ئەم مەکینەیەوە توانرا هەڵەی ناو کتێب کەم بکرێتەوە و یەکیەتی ناوەرۆکی بپارێزرێ کە نەبونی بە کێشەیەکی گەورەی دەستوسە کۆنەکان دادەنرێ ، چونکە زۆر جار ئەوانەی رونوسی ئەو دەستوسانەیان دەکرد دەستیان لە ناوەرۆکیان دەدا و بە ئارەزو و بە پێوانەی تێگەیشتنی خۆیان لێیان لادەبرد یا شتی نوێیان دەخستە سەر •

ئەم کارەی گۆتینبورگ گەورەترین دەسکەوتی روناکبیری سەرتاپای گەلی ئەڵەمانی‌یە لە سەدەی پازدەدا ، بەتایبەتی چونکە بووە سەرەتای بەرپابونی شۆڕشێکی گەورە لە ژیانی روناکبیری گەلانی ئەوروپا و ئینجا هەمو جیهاندا • داهێنانی چاپی نوێ رێگەی پێشکەوتنی زانست و بوژاندنەوەی کەلەپور و بلاوبونەوەی بیری نەتەوەیی ئاسان و خۆش کرد • گەر ئەو دەسکەوتە گەورەیە نەبوایە خوێندن و خوێندەواری هەروەك جاری جاران لە قاوغێکی تەسك و مەودایەکی تایبەتیدا دەمایەوە • بەلام دوای هەرزان و زۆر بونی کتێبی خوێندن فێرگەش زۆر بو • لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە یەکێك لەو کتێبە کەمانەی گۆتینبورگ بۆ یەکەمجار بە مەکینەکەی خۆی چاپی کردن «رێزمانی لاتینی» بو بۆ فێرگەکان• گۆتینبورگ ئەو کتێبەی چەند جارێك لەچاپ دایەوە و دور نی‌یە ئەو «رێزمانی لاتینی»یە لەمەدا تاقانە بوبێ • لە هەمان‌کاتدا داهێنانی چاپی نوێ

(١٦) بڕوانە : ن. بەگدانۆف و ب. ڤیازێمسکی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٤٣٧.

بووه هۆیەکی یاریدەری گرنگ بۆ خێرا بونی چەند ئالوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە بەر لەوە بە ماوەیەکی کەم دەستیان پێ کردبـو ، وەك یەکگرتنی زمـانە نەتەوەییە ئەوروپاییەکان و پەیدابوُن و پەرەسـەندن و بڵاوبونەوەی ئەدەبی نەتەوەیی ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بازاڕ بووە شوێنی فرۆشتنی کتێب .

وەك چاوەڕوان دەکرا چاپی نوێ بەخێرایی بە ئەوروپادا بڵاوبۆوە ، هەرچەندە گۆتینبورگ و هـاوەڵەکانی دەیانویسـت نهێنی ماکینـەکەیان بپارێزن . لە ماوەی نیوسەدەدا (تاوەکو سالی ١٥٠٠) نزیـکەی ٣٠ هەزار کتێبی چاپکراو کەوتە بازاڕەوە کە لە هەر یەکەیان دەوروبەری ٣٠٠ دانـە چاپ دەکرا . واتە ژمارەی هەمو ئەو کتێبانەی لە ماوەی ئەو نیو سەدەیەدا چاپکران خۆی دەدا لە نزیکەی ٩ ملیۆن دانە . ئەمەش بۆخۆی سەرەتایەکی گرنگ بو بۆ گۆڕینی ڕوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری لە هەمو جیهاندا .

شایانی باسە هەر زو دەستکرا بە چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی و کتێبی کۆن . بۆ وێنە یەکێك لەو کتێبانەی گۆتینبورگ بۆ یەکەمجار بە مەکینەکەی خۆی چاپی کردن داستانێکی ئەڵەمانی‌یە کە بە شـیعر هۆنراوەتەوە . لـە هەمان‌کاتدا چاپخانەکان دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەو زانا و نوسەرانەی کە بە بیر و باوەڕ دژی ڕژێمی سیاسی و ئابوری دەرەبەگی بوُن و داوای گۆڕینی کۆمەڵیان دەکرد [17] . هـەر لەبەرئـەوەش بو کڵێسـە و دەسەڵاتداران لە سەرەتاوە بە توندی دژی داهێنانی چاپی نوێ وەستان و تەنانەت لە چەند بەیاننامەیەکی تایبـەتیدا تیر و پڕ بە سـەر و پۆتـەڵاکی گۆتینبورگ و مەکینەکەیدا هاتن و دۆزینەوەی چاپی نوێیـان بە کارێکی خراپ و ناڵەبار لەقەڵەم دا !! . پاپا و کاردینالەکان لەوە دەترسان ئینجیـل بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بێتەوە و بگاتە دەست هەمو کەس و ئەمەش بێتە

(١٧) وەك بەرهەمە بەناوبانگەکانی تۆماس مۆر و ئارازمس و گەلێکی تری وەك ئـەوان .

هۆی ئەوەی خەڵکی بۆخۆیان لە ناوەرۆکی تێبگەن و بەوجۆرە پەردە لــە
ڕوی ئەوان و دورکەوتنەوەیان لە ڕێگەی ئاینی دروست هەڵبماڵرێ (١٨) ٠
ئینجیلیش یەکەم کتیب بو کە گوتینبورگ بە مەکینەکەی خۆی چاپی کرد ٠
دیارە هێز نەبو بتوانێ بڵاوبونەوە و پێشکەوتنی خێرای چاپ و چاپەمەنێ
بوەستێنێ بۆیەکا تاریك پەرستان بە نــاچاری پەنــایان بردە بەر ڕێگەی‌تر
بەنیازی کەم‌کردنەوەی «زبــانە کوشندەکانی» چاپ ٠ لە ســالی ١٥٥٩وە
کلێسە دەستی کردە دەرکردنی لیستەی قەدەغەکردنی کتێب ٠ ژمارەی ئــەو
لیستانە (١٩) تائیستە لە ٤٠ تێپەڕیوە و نــاوی هەزارەهــا کتێبی گرنــگی
هەمەجۆریان تێدایە ٠ شایانی باسە بەشێکی زۆر لەو کتێبانە دەستیان لــە
کاری کلێسە نەداوە ، زوربەیــان کتێبی فەلســەفی و روناکبــیری ڕوتن ٠
کتێبیوا هەیە ناوی لەسەر ئەوە خراوەتە ناو ئەو لیستانەوە چونکە خاوەنەکەی
چەند سەدەیەك لەمەوبەر زاتی ئەوەی کردووە بڵێ زەوی خڕە ٠ ناوی زۆر
ناوداری کەم هاوتای وەك ڤۆلتێر و هۆبس و دیکارت و برۆدۆن لاپەڕەکانی
ئەو لیستانەیان « رازاندۆتەوە » ٠

سەرەڕای ئەوە و هەر لەبەرئەوەش وادیارە دەبو مەکینەی چاپی تازە
داهاتو لەبەر چاوەزار بە خوێن سور بکرێ ٠ کۆنەپەرستانی ئەوروپا هەر
زو دەستیان نایە بینی یەکێك لە خاوەن چاپخانە روناکبیرە ناودارەکان تــا
بێکەنە عیبرەت بۆ ئەوانی‌تر ٠ سالی ١٥٤٦ دۆلییەی نوسەر و فەیلەسوف و

---

(١٨) پاپا و کاردینالەکان دەمێك بو بە ئارەزوی خۆیان ناوەرۆکی ئینجیلیــان لێكدەدایەوە و بیری ئاینی وایــان بڵاو دەکردەوە کە لەگەڵ ئینجیلــدا نەدەگونجــان . هەر لەبەرئەوەش بو پاپــاکان بەر لــە داهــاتنی چــاپ خوێندنەوەی سەربەخۆی ئینجیلیان قەدەغە کردبو ، دەبو پیاوی ئــاینی تایبەتی ئینجیل بۆ خەڵك بخوێننەوە و بۆیانی شەرح کەن .

(١٩) ناوی ئەو لیستەیە بە لاتینی بەم‌جۆرەیە :
((Indet librorum Prohibitorum)) .

خاوەنی یەکێك لە چاپخانەکانی شـــاری لیۆن (٢٠) لە نـــاوەڕاستی پـــاریسی پایتەختدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە لە هەڕەتی لاویتییدا سوتێنرا • بـــەڵام زۆری نەخایاند نەوەی ئەو خەڵکە و مێژو حوکمی رەوای خۆیاندا ــ ساڵی ١٨٨٩ هەر لەو شوێنەدا کە دۆلییەی تیا سوتێنرا پەیکەرێـــکی بۆ شـــانازی بەرزبۆوە بۆئەوەی هەتا هەتایە چیرۆکێکی مانادار بۆ هەموکەس بگێڕێتەوە•

داهێنانی چاپ گەورەترین کاری کردە سەر رۆژنامەنوسی • بەرلەوەی سەدەی پازدە کۆتایی بێ ، واتە ماوەیەکی کەم دوای دۆزینەوەی چاپی نوێ، هەندێك لەو پامفلێتانەی ئەوروپـــا کە باســـمان‌کردن بە چـــاپ‌کراوی بڵاو دەکرانەوە • دوای ئەوە بە ماوەیەك لە ژمارەیە وڵاتی وەك ئەڵەمانیا دەست‌کرا بە چاپ‌کردنی رۆژنامە کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە بەجۆرێکی هەست پێ‌کراو کەوتە بڵاوبونەوە و پەرەسەندن • رۆژنامەی‌وا پەیدا بو کە چەنـــد هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرا • لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو کاتە نە توانا هەبو نە پێویستی بۆ دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانە • زوربەی ئـــەو رۆژنامـــانەی دەردەچون مانگانە و کەمێکیان هەفتـــانە بون • ســـاڵی ١٦٦١ لە لایپزگی ئەڵەمـــانیا بۆ یەکەم‌جـــار لە مێـــژودا رۆژنـــامەیەکی رۆژانـــە بە نـــاوی ((Leipziger Zeitung)) وە کەوتە بازاڕەوە • ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بو بۆ سەردەمی خۆی • وڵاتێکی پێشکەوتوی وەك ئینگیلتەرە تا ساڵی ١٧٠٢ توانای دەرکردنی رۆژنامەیەکی وەك ئەوەی لایپزگی نەبو • بەڵام بە تێکڕا سەدەی هەژدە و نۆزدە بە سەرەتای پەرەســـەندنی خێرای رۆژنـــامەنوسی ئەوروپا دادەنرێن • رۆژنامەی بەناوبانگی «تایمس» (The Times) کە لـــە ساڵی ١٧٨٥وە دەســـتی بە دەرچـــون کرد ســـاڵی ١٨١٥ تەنها پێنج هەزار

---

(٢٠) دۆلییـــە (Dolet) (١٥٠٩ ــ ١٥٤٦) یەکێـــکە لـــە نوســـەر و زانـــا ناودارەکانی فەرەنسـای نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەم . کە سوتێنرا تەمەنی ٣٧ ســـاڵ بو .

دانەی لێ چاپ دەکرا ، بەڵام لە ناوەندی هەمان سەدەدا ژمارەی چاپکراوی گەیشتە ٥٢ هەزار و بەر لە کۆتایی ئەو سەدەیە گەیشتە ٨٠ هەزار دانە لە رۆژێکدا .

گەلانی تر لە ئەوروپاییەکانەوە فێری بەکارهێنانی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی نوێ بون . هەر زۆ ژمارەیەك لە خاوەن چاپخانەکانی ئەوروپا دەستیان کردە داڕشتنی پیتی عەرەبی بۆ وڵاتە موسڵمانەکان . بەوێنە لە سەرەتای سەدەی شازدەدا یەکێك لە چاپخانەکانی ئیتالیا پیتی عەرەبی تایبەتی خۆی هەبو . ئەو چاپخانەیە بۆ یەکەم جار قورئانی چاپکرد . هەر لەو دەورو بەرەشدا لە هەمان چاپخانە بەرهەمی ژمارەیەك زانای عەرەب و موسڵمانی وەك (ابن سينا) چاپ کرا . ڤاتیکانیش بۆ مەبەستی ئایینی خۆی زۆر زۆ کەوتە وەرگێڕان و چاپکردنی زنجیرە کتێبێکی ئایینی گاورەکان و بە رۆژهەڵاتدا بڵاوی کردنەوە .

بڵاوبونەوەی رۆژنامە لەبەر چەند هۆیەك کە دوایی باسیان دەکەین زۆر لەوە دواکەوت . لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسی وڵاتانی رۆژهەڵات تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی هاتن و سیاسەتی ئەوروپاییەکانە . لە زۆر شوێن کۆلۆنیستە ئەوروپاییەکان بۆ کاری پڕۆپاگەندەی خۆیان و لەبەر خاتری ئەو ژمارە زۆرەیان کە ڕژابونە رۆژهەڵات دەستیان کردە دامەزراندنی چاپ و رۆژنامە کە بەشێکیان بەدەست میسیانیر (مبشر)ەکانەوە بو . بەم جۆرە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٧٨٤وە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی « غەزەتەی کەلکەتا » (Calcutta Gazette) . دوابەدوای ئەوە لە بەنگال و چین و شوێنی تر رۆژنامەی لەوبابەتە پەیدا بو . عوسمانییەکانیش لەو شوێنانەی فەرمانڕەوا بون دەستیانکرد بە دەرکردنی رۆژنامەی رەسمی کە بەدەگمەن لە باسی یاسا و فەرمانەکانی سوڵتان و کاروباری دەوڵەت بەولاوە شتێکی تریان بڵاو

دەکردەوە ٠ یەکێك لەو رۆژنامانە «الزوراء»[٢١] بۆ کە لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٩وە عوسمانییەکان لە بەغدا دەستیـان کرد بە بڵاوکردنەوەی و بەوجۆرە دەبێتە یەکەم رۆژنامەی عیراق [٢٢] ٠ سەیر ئەوەیە ئەم رۆژنامەیە دەوروبەری ٤٨ ساڵ (تاوەکو داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە سـاڵی ١٩١٧) ژیا و ئەوەش بۆ خـۆی درێژترین تەمەنـە لە سـەرتاپای مێـژۆی رۆژنامەنوسی عیراقدا ٠

زۆری نەخایاند رۆژنامەی نیشتمانیش لە رۆژهەڵات سەری دەرهێنا ٠ بەڵام مەودای گەشەکردنی ئەم رۆژنـامانە کەم بو ٠ بەوێنـە لە وڵاتێـکی گەورە و خاوەن شارستانەتی کۆنی وەك چـین تا نیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدە رێگەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە زمانی نەتەوەیی نەدرا ٠

رۆژنامە لە هەمو شوێنێك دەتوانێ دۆ دەوری زۆر جیـاواز بینێ ـ دەورێکی پێشـکەوتوی پڕ لە بیتا و پەروەردە و هاندانی چاکە یا دەورێکی کۆنەپەرستی رۆخێنەر ٠ لە سەردەمی ئاڵوگۆڕی گەورەی وەك شۆڕشدا ئەم دۆ رووە جیاوازەی رۆژنامەنوسی زۆر رۆن دەردەکەون ٠ شۆڕشـی ئەمەریکا و شۆڕشی فەرەنسا دۆ نمونەی پڕ بەڵگەی ئەم راستییەن ـ لـە

---

(٢١) «زوراء» یەکێکە لە ناوەکانی شاری بەغدا .

(٢٢) ژمارەیە لە نوسەران باسی ئەوە دەکەن گوایە یەکەم رۆژنامە لە مێژۆی عیراقدا ساڵی ١٨١٦ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی داود پاشادا دەرچووە (بڕوانە : فائق بطي ، الصحافة العراقية . ميلادها ـ تطورها ، بغـداد ، ١٩٦١، ص ٢١٣). بەڵام ئەمە تاوەکو ئیستە ساغ نەبۆتەوە و وادیارە قەت سـاغ نابێتەوە چونکە لە دروستکراو دەچێت . جگە لەوە زۆر وڵاتی‌تری عەرەب ئەو سەردەمە لە عیراق پێشکەوتوتر بون کەچی کەسیان خاوەنی رۆژنامەی خۆیان نەبون . یەکەم رۆژنامەی نەتەوەیی عـەرەبی رزقەڵلا حەسون حەڵەبی لە ئەستەمۆڵ ساڵی ١٨٥٤ بە ناوی «مرآة الاحوال»ەوە دەری کرد و بەر لەوەش محەمەد عەلی گەورە لە قاهیرە ئۆرگانێکی میری بە ناوی «الوقائع المصرية»وە بڵاوکردەوە (بڕوانە : فـليب دی طرازي ، تاريخ الصحافة العربية ، بيروت ، ١٩١٣ ، ص ٣٢ ، ٤٩ـ ٥٠) .

ڕۆژانی شۆڕشی ئەمەریکادا (١٧٧٥ ــ ١٧٨٣) چەند ڕۆژنامەیەکی کەم لایەنی ئینگلیزە داگیرکەرەکانیان گرت و ئەوە بووە هۆی مردنیان • زوربەی ڕۆژنامەکانیتر بە گەرمی لایەنی شۆڕشیان گرت و دەورێکی باشیان لە ڕیسواکردنی دوژمن و بەرزکردنەوەی دروشمە نیشتمانیەکاندا بینی [٢٣]• ئەم کارە لە ڕوداوەکانی شۆڕشی فەرەنسەدا زیاتر ڕەنگی دایەوە • لە ماوەی دە ساڵی دوای شۆڕشی گەورەی ئەم وڵاتە (١٧٨٩ ــ ١٨٠٠) نزیکەی ١٣٥٠ ڕۆژنامەی نوێ کەوتە بازاڕەوە • ڕۆژانی شۆڕشی ١٨٤٨ ــ ١٨٤٩ بەلای کەمەوە ٦٠٠ ڕۆژنامەی نوێ بە زمانی فەرەنسی دەستیان بە دەرچون کرد • کۆمۆنەی پاریسیش (ساڵی ١٨٧١) تەنها لە پاریس نزیکەی ١٣٠ ڕۆژنامە و گۆڤاری نوێی خستە بازاڕەوە •

هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ دەورو جێگەی ڕۆژنامەنوسی لە ژیانی گەلاندا پەرە دەسێنێ • ئیمڕۆ ڕۆژنامەی وا هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٠ تێدەپەڕێ [٢٤] • دەمێکە زانست و مێژو و ئەدەب و وەرزش و هونەر و هەمو ڕویەکی ژیانی کۆمەلایەتی تێکەڵ بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە بون • ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی هەمەچەشنە هاتونە مەیدانەوە (وەك هی وەرزش [٢٥] و ئافرەت و منداڵ و هونەر و ئەدەب و قوتابی و لاوان و گەلێکیتر) • ڕۆژنامەنوسی بوتە هۆی بەهێزبونی پەیوەندی لەنێوان خەڵك و شار و لادێ و وڵاتاندا • بەکورتی ئەم پیشە گرنگە و بەرهەمەکانی بونەتە بەشێکی نەپچڕاوی ژیانی مرۆڤ • وەك نەهرۆ

---

(٢٣) بڕوانە :
Th. E. Berry, Journalism to day. Its Development and Practical Applications, Second Printing, New York, 1958, PP. 10 — 12.

(٢٤) دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٢٥) لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ئەمەریکا دەستکرا بە بایەخ پێدانی وەرزش لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە . ئیستە بەدەگمەن ڕۆژنامەیەکی ئەوتۆ هەیە هەمو ڕۆژ بەشێك بۆ هەواڵەکانی وەرزش تەرخان نەکات .

دەڵێ : «ئەوی بە لای کەمەوە رۆژی رۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە رونـاکبیر نی‌یە» • لە راستیشدا بەپێی ژمارەیەك سەرچاوەی باوەڕ پێکراو لە وڵاتـە پێشکەوتووەکاندا هەر کەسێ لە سەرو تەمـەنی منداڵی‌یەوە بێ رۆژی ٤٠ تاوەکو ٤٥ دەقیقە بە خوێندنەوەی رۆژنامەوە دەبەنە سەر [٢٦] • بۆ زیـاتر رۆنکردنەوەی ئەم مەبەستە چەند نمونە و ژمارەیەکی مانادار دەخەینە بەرچاو •

بەپێی راپۆرتێکی یونسکۆ ساڵی ١٩٥٩ لە هەمو جیهاندا رۆژی ٢٥٠ ملیۆن دانە رۆژنامەی هەمەجۆر بڵاو دەکرایەوە • ئەم ژمارەیە ، بەپێی هەمـان راپۆرت ، ساڵی ١٩٦٥ گەیشتـە ٣٠٠ ملیـۆن • لەگەڵ ئـەوەش بـەپێی راپۆرتێکی‌تری یونسکۆ ساڵی ١٩٦٢ دوو ملیار کەس ، واتە نیوەی خەڵـکی جیهان ، لە رۆژنامە بێ‌بـەش بون [٢٧] • بـەم جۆرە بۆ تێگەیشـتنی رۆی جیاوازی رۆژنامەنوسێ پێویستە چەند نمونەیەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بهێنینـەوە •

دەمێکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا هەر ٢٤ سەعاتەی پتر لە ٥٥ ملیۆن رۆژنامە دەفرۆشرێ [٢٨] ، واتە هەر ساڵەی ٢٠ بلیۆن دانە •

---

(٢٦) بڕوانـە :
((Journalism Tomorrow)), Edited by W. C. Clark, New York, 1958, P. 8.

(٢٧) بڕوانە : هشام توفیق بحري ، صحافة الغـد ، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص ١٧ •

(٢٨) سـەرەتای ساڵەکانی شەست تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر لە ٣٢٢ر١١ رۆژنامە لە نزیکەی ٥٠٤ر٨ شار چاپدەکرا (بڕوانە :

"Печать зарубежных стран. Западная Европа, Америка, Австралия", Под редакцией Н.Г.Пальгунова и М.А.Харламова, Москва, 1962, стр. 322-323.

«چاپەمەنی وڵاتانی دەرەوە ـ ئەوروپای رۆژئاوا ، ئەمەریکا ، ئوستوراليا»، لەژێر چاودێری ن. گ. پالگونۆڤا و م. ا. خارلامۆڤا ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢، ل ٣٢٢ ـ ٣٢٣) . (لەمەودوا : «چاپەمەنی وڵاتانی دەرەوە ») .

ئەمەش ، وەك یەکێك لە شارەزاکان باسی دەکا ، لە فرۆشتنی جگەرە یا گوێزانی تەراش یا پاکەتە بنێشت زیاترە • بەپێی قسەی هەمان شارەزا حەفتەی ١٨ ملیۆن دۆلار (واتە سالی ٩٠٠ ملیۆن[٢٩]) بۆ کڕینی ئەو ڕۆژنامانە خەرج‌دەکرێ [٣٠] • هەر لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەوروبەری ١٢٫٥٠٠ گۆڤاری هەمەچەشنە بلاو دەبێتەوە کە نزیکەی ٣٠٠یان گۆڤاری گشتین و ١٫٥٠٠یان بۆ کاروباری ئایینی و ٢٫٠٠٠یان بۆ بازرگانی و ٨٫٥٠٠یان بۆ پیشەسازێ تەرخان کراون [٣١] • تەنها لە گۆڤاری ((The Reader's Digest)) [٣٢] ٢٠ ملیۆن دانە لە هەر ژمارەیەکی چاپ دەکرێ و بەلای کەمەوە ٨٠ ملیۆن کەس دەیخوێنن‌دەوە [٣٣] • دیسان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نزیکەی هەزار گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی بێگانە چاپ دەکرێ ، لەمانە دەوروبەری صەدیان ڕۆژنامەی ڕۆژانەن [٣٤] •

ئینگلیزەکان لە ئەمەریکاییەکان زیاتر عەودالی گۆڤار و ڕۆژنامەن • هەر ئینگلیزێك نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەمەریکاییەك و سێ ئەوەندەی فەرەنسەیەك ڕۆژنامە دەکڕێ • هەر ٢٤ سەعات جارێك ٣٠ ملیۆن ڕۆژنامە دەکەوێتە بازاڕەکانی ئینگلیتەرەوە • سەرەڕای ئەوە ٤٠٨٨ گۆڤاری جۆربەجۆر و نزیکەی ١٠٥٠ رابەر و سالنامە و بەرهەمی ڕۆژنامەنوسیی‌تری

---

(٢٩) دوور نی‌یە ئێستە ئەو ژمارەیە لە ملیار تێپەڕیبێ .

(٣٠) بڕوانە :
F. W. Rucker and A. L. Williams, Newspaper — Organization and Management, Third Reprinting, Iowa, U.S.A., 1961, P. 3.

(٣١) بڕوانە :
((Journalism Tomorrow)), P. 53.

(٣٢) بە عەرەبی بە ناوی «المختار»ەوە دەردەچێ .

(٣٣) بڕوانە :
((Journalism Tomorrow)), P. 53.

(٣٤) بڕوانە : الدکتور ابراهیم عبده ، الصحافة في الولايات المتحدة . نشأتها وتطورها ، القاهرة ، ١٩٦١ ، ص ٢٠٤ .

لەو بابەتە لە ئینگیلتەرە چـاپ دەکرێ [٣٥] .

لە سۆڤیەت هەمو سەر لە بەیانی‌یەك تەنها لە رۆژنامەی «ئیزڤێستیا» پتر لە ٨ ملیۆن و لە «پراڤدا» ٩ ملیۆن دانە و هەمو سەری مانگێك ١٠ ملیۆن لە گۆڤاری «زدەرۆڤیا» (تەندروستیِ) [٣٦] دەفرۆشرێ . لە هەمو کۆمارەکانی سۆڤیەت بە روسی و زمانی نەتەوەیی خۆیان رۆژێ هەزارەهـا رۆژنـامەی جیاواز چاپ دەکرێ . تەنها لە کۆماری ئوکراینا سالی ١٩٧٠ هەمو رۆژێك ١٣٤١ رۆژنامە چاپ دەکرا کە ٩٣٦یان بە زمانی ئۆکراینی و ئەوانی‌تری بـە رۆسی و زمانی‌تر بون . سالی ١٩١٣ هەر صـەدکەسی رۆسـیا ١ر٢ دانـە رۆژنامەیان بەردەکەوت ، ئەم ژمارەیە سالی ١٩٤٠ بووە ٨ر١٩و سالی ١٩٧٠ گەیشتە ٥٨ دانـە .

ئەم خشتـەیەی خوارەوە پوختـەی بـاری رۆژنامـەنوسی ولاتـە پێشکەوتووەکانمان دەخاتە بەرچاو :

ولات	ســال	هەر هەزارکەس لە رۆژێکدا چەند رۆژنامەیان بۆ چاپ دەکرێ
یۆغۆسلاڤیا	١٩٦٩	٧٩
ئیتالیـا	١٩٦٧	٩٥
رۆمانیـا	١٩٦٩	١٧١
بەلغاریـا	١٩٦٨	٢١٤
هەنغاریـا	١٩٦٩	٢٢٧
فەرەنسـا	١٩٦٧	٢٥٣
چیکۆسلۆڤاکیا	١٩٦٨	٢٧٠
ولاتە یەکگرتووەکانی		

(٣٥) بڕوانە : «چاپەمەنیِ ولاتانی دەرەوە» ، ل ١٨ .
(٣٦) ئەوی زۆ دانەیەك لەم گۆڤارە بۆ خۆی تۆمار نەکا ئیتر دەستی ناکەوێ .

ئەمەریکا	١٩٦٩	٣٠٥
ئەڵەمانیای فیدراڵی	١٩٦٩	٤٠٠
ئەڵەمانیای دیموکرات	١٩٦٩	٤٠٣
بەریتانیا	١٩٦٦	٤٨٨
سویسره	١٩٦٨	٥١٨
یەکیەتی سۆڤیەت	١٩٧٠	٥٨٠

بایەخی بێئەندازەی رۆژنامەنوسی له ژیانی خەڵکدا و دەوری لـه هاندان و بزواندنیاندا هەمیشه کارێکیوای کردووه دیکتاتۆر و داگیرکەر و چەوسێنەر به چاوی ترسەوه سەیری رۆژنامەی خاوێن و نیشتمانپەروەر و رۆژنامەنوسی خۆنەفرۆش بکەن ٠ هەمو کاربەدەستێك ناچاره کەم و زۆر حیساب بۆ رەخنەی رۆژنامه بکات ٠ هەیانه دەرس لەو رەخنەیه وەردەگرن و بۆ هەڵبژاردنی رێگەی راست کەڵکی لێ دەبینن ، هەشیانه پەنا دەبەنه بـەر زەبر و زۆر بۆ دەمکوتکردنی ئەوانەی دەیـانەوێ پـەرده له روی کاری چەوت هەڵماڵن و ئافەرینی کاری راست بکەن ٠ مێژوی ئادەمیزاد له کۆنەوه تا ئێسته پڕه له نمونەی سەیری ئەم راستیەیه ٠ هەرچەنـده ئەو «روداوی رۆژانـه»یەی بـاسمان کرد به فەرمـانی یولیـوس قەیسـەر و لەژێـر سەرپەرشتی خۆیدا لەدایكبو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چ خۆی و چ ئەوانەی دوای ئەو هاتنه سەر تەخت به وردی سەرپەرشتیـان دەکرد و رێـگەی بڵاوبونەوەی هیچ باسێکیان نەدەدا که دەقـاودەق لەگەڵ بـیر و رێـبازی خۆیاندا نەگونجێ ٠ داگیرکەره ئینگلیزەکان نەیاندەهێشت ئەمەریکاییەکان به ئارەزوی خۆیان کاغەز دروستبکەن و گەلێك کوسپیان دەخسته بەردەم هێنـانی کاغەز و مەرەکەب و دامودەزگای چاپ له دەرەوەی وڵاتەوه ٠ له حاکمی ڤێرجینیا دەگێڕنەوه گوایه گەرم له خوا پاڕاوەتەوه له نیعمەتی (!)

بێچاپخانەیێ خۆی و خەڵکی ناوچەکەی (!) بێبەش نەکا [٣٧] . ئینگلیزەکان ئەو کارەیان بۆ خۆیان لە عەقڵەوە بو . بۆنمونە یەکێك لە کێشــە هــەرە گەورەکانی رۆژنامەنوسێ لە رۆژانی شــۆڕشی گەلی ئەمەریکیــدا کەمی کاغەز بو [٣٨] . هەر ئەو کۆسپانەش بونە هۆی ئەوەی دامەزراندنی یەکەم رۆژنامە لە ئەمەریکای دەوڵەمەندا زۆر دوای ئەوروپا بــکەوێ . یــەکەم رۆژنامەی ئەمەریکایێ رۆژی ٢٥ی ئەیلولی ساڵی ١٦٩٠ لە چاپخانە دەرچو ، بەڵام ئەم ژمارەیە تاقانە مایەوە و بنیامین هاریسی خاوەنی پاش چەند رۆژێك لە دەرچونی بووە «میوان»ی کاربەدەستە ئینگلیزەکان لە بەندیخانەی شاری بۆســتن [٣٩] .

لەگەڵ زیاتر وریابونەوەی خەڵك و پەرەسەندنی بایەخی رۆژنامەنوسێ ترسی دەسەڵات پەرستان لە چاپەمەنێ ئەوەنــدەی تر بەهێــز بو . چەنــد نمونەیەکی کەمی رابوردوی نزیك بەسە بۆ ساغکردنەوەی ئەم راستیە : دوای کوژاندنەوەی شۆڕشی ئیسپانیا فرانــکۆ ژمــارەیەکی بێشــومار رۆژنامەنوسی لە بەندیخانەکان توند کرد و فەرمــانی دەرکرد بۆ خنکاندنی تەنها ... چل کەسیان [٤٠]. دوای کودێتای راستڕەوی پورتوگال (٢٨ی مایســی ١٩٢٦) یەکێك لــەو بڕیارانە رژێمی نوێ یەکســەر دەریکردن یاسەیەکی زۆر دواکەوتوی چاپەمەنێ بو (٢٩ی گەلاوێژی هەمانساڵ) کە فشارێکی زۆری خستە سەر رۆژنامــەنوسێ و تــا ئەم چەنــدانەی دوایێ بێدەستکارێ وەك خۆی لە کاردا بو [٤١] .

---

(٣٧) بڕوانە : د. ابراهیم عبده ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٠ .

(٣٨) بڕوانە : Th. E. Berry, Op. Cit., PP. 1 — 2, 10 — 12 .

(٣٩) Ibid , P. 2.

(٤٠) بڕوانە :
((The Press in Authoritarian Countries)), Published by The International Press Institnte , Zurich, 1959, P. 139.

(٤١) Ibid, PP. 155 — 156.

له زۆر ولآتی ئەمەریـکای لاتینی شـتێك نەمـاوە بۆنی ئـازادیی رۆژنامەنوسیی لێ بێت • سالی ١٩٥٨ لە هەمو پەرەگوای تەنها چوار رۆژنامە هەبو کە بە هەر چواریان ٤٥ هەزار دانەیان بۆ ملیۆن و نیوێك بەشەر چـاپ دەکرد (٤٢) • لەو ولآتە تەنانەت رۆژنامەنوسە بێگانەکانیش مافی ئەوەیـان نی‌یە هیچ هەواڵێك بە دەرەوە بگەیێنن بەر لە وەرگرتنی رەزامەندیی دەزگای تایبەتی راگەیاندن • لە پەرەگوای تاقە رۆژنامەیەکی سەربەخۆ هەیـە (٤٣) ، واتە هی میریی خۆی نی‌یە ، بەلآم لەگەل ئەوەش کە ناحەزی کاربەدەستـان نی‌یە ئینجا بۆ ماوەی پازدە سالی رەبەق رێگەی پێ نەدرا لە هیچ ژمارەیەکیدا سەروتار بلآو بکاتەوە• نمونەی لەوەش خراپتر هەیە: رۆژنامەی(El Orden) کە ژمارەیەك رۆژنـامەنوسی ســەر بـە میریی بلآویـان دەکردەوە پـاش ٢٦ رۆژ لە دەرچونی قەدەغە کرا چونکە تۆزێك لە رۆژنامەکانی‌تر کەمتــر کۆنەپەرسـت بو (٤٤) •

لە دۆمینیکان لە ماوەی فەرمانرەوایی ترۆجیلۆدا خۆی دو رۆژنامەی دەردەکرد ، یەکەمیـان ((La Gazette)) کە سـالی ١٩٤٠ دایمـەزراند و ئەوی‌تریان ((El Caribe)) کە دوای ٨ سال دایمەزراند • ئەم دو رۆژنامەیە ٦١ هەزار دانەیان چاپ دەکرد و بە هەمو رۆژنامەکانی‌تریش کە هیچیان تلیی تەزی دیموکراسی‌یان تێدا نەبو کەمتر لە ١٤ هەزاریان چاپ دەکرد (٤٥) •

لە ولآتانی ئەوروپای رۆژئاوا سەربەستی چاپەمەنی پارێزراوە و مرۆڤ توانای تەواوی رەخنەگرتنی هەیە • بەلآم لەگەل ئەوەشدا رۆژنامە نابارەکانی

---

(٤٢) واتە رۆژی ٣٠ دانە بۆ هەزار کەس . بۆئەوەی رادەی نزمیی ئەو ژمارەیـە تێبگەین دەبێ لەگەل ئەو ژمارانەدا بەراوردی بکەین کە لە خشتـەی پێشـودا نیشـانمان داون و دەشبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە خوێندەواریی لە ولآتانی ئەمەریکای لاتینی لە زۆر شوێنی‌تر زیاتر بلآوە .

(٤٣) نـاوی ((La Tribunna))

(٤٤) بڕوانە : ((The Press in Authoritarian Countries)), P. 169.

(٤٥) Ibid, P. 171.

میری له عەزیەتدان و بیانو پێگرتن بەتەواوەتی رزگاریان نەبووە ٠ هەر بۆ نمونە رۆژنامەی «یومانیتێ»ی پاریسی له ماوەی ٨ سالدا (١٩٥٠ ـ ١٩٥٨) تەنها ٢١٤ جار دراوە بە دادگا [٤٦] ٠

لێرەدا جێی خۆیەتی چەند رویەکی تایبەتی رۆژنامەنوسی جیهانی سەرمایەدار بخەینە بەرچاو ٠ له رۆژانی شۆرش و راپەرین و ئـالوگۆرە بۆرجوازی‌یە گرنگەکاندا زوربەی هەرە زۆری چاپەمەنی ئەو ولاتانە دەوری پێشکەوتویان دەبینی بەوەی بوبونە هێزێکی بزوێنەری گەورەی رەوڕەوەی مێژو ٠ بەلام دوای وەرگرتنی دەسەلات و پەرەسەندنی پەیوەندی سەرمایەداری و دەست پێ‌کردنی چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی زوربەی ئەو رۆژنامانەش وەك زۆر روی‌تری ژیانی روناکبیری و کۆمەلایەتی ولات کەوتنە سەر بارێکی نوێ ٠ بەپێی یاسای نەگۆڕاوی سەرمایەداری «ماسی‌یە گەورەکان دەستیان کردە خواردنی ماسی‌یە بچوکەکان » ٠ له ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کار گەیشت بەوەی سەرتاپای هۆکانی راگەیاندن کەوتنە دەست ژمارەیەك ترێستی دەسەلاتدارەوە کە خاوەنەکانیان له ریزی پێشەوەی سەرمایەدارە گەورەکانی ئەو ولاتەن ٠ بە وێنە ئەو پارەیەی یەکێك لەو دەزگایانە بۆ کاری رۆژنامەنوسی هەمو سالێك دەیخاتە گەڕ ٢٥٠ ملیۆن دۆلارە [٤٧] ٠ له ولاتێکی بچوکی وەك بەلجیکا دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدە ٩٢ رۆژنامەی رۆژانە دەردەچو ، سالی ١٩٢٧ ئەو ژمارەیە هاتە سەر ٧٦ و سالی ١٩٣٩ بووە ٦٥ و سالی ١٩٦١ هاتە سەر ٥٤ رۆژنامە کە بەسەر یەکەوە رۆژی ٣ر٢ ملیۆن دانە چاپ دەکەن [٤٨] ٠ هەر بەوجۆرەش دامەزراندنی رۆژنامەیەکی نوێ له ولاتە سەمایەدارەکاندا بۆتە کارێکی

---

(٤٦) « چاپەمەنی ولاتانی دەرەوە » ، ل ١٧٢ .

(٤٧) بڕوانە : «رابەری رۆژنامەنوس» ، ل ٧٥٢ .

(٤٨) بڕوانە : « چاپەمەنی ولاتانی دەرەوە » ، ل ٩ .

ئەوتۆ بە خەڵك و دەزگای پارەداریّ زۆر نەبیّ هەڵنەسوڕیّ • بەپێی قسەی شارەزایان لە چلەکاندا ، نەك ئیستا ، دامەزراندنی رۆژنامەیەکی نویّ لە ئینگیلتەرە بە لای کەمەوە پێویستیّ بە ۲ ملیۆن پاوەن هەبۆ ، ئەویش تەنها بۆ دەست پیّکردنی کار (٤٩) • ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا دەبو خێرا بکەوێتە گەڕ و پەرە بسێنیّ بەرلەوەی قوت بدریّ •

لە روی ناوەرۆکیشەوە رۆژنامە و گۆڤارە بۆرجوازییەکان زۆر گۆڕاون • ئیستە گەلێك لە جاران کەمتر بایەخ بە سیاسەت دەدەن • جاران بەرهەمی بیری شکسپیر و ڤۆلتێر و رۆسۆ و کەسانیتری وەك ئەوان شوێنی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە هەبۆ ، ئیستەش باسی دیوەخان و جل و بەرگ و مێزی قومار و ژمارەی دۆست و تاوڵەی وڵاخی خوا پێداوەکان جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە • بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی ٦٠٪ی ئەو هەواڵانەی یەکێك لە رۆژنامەکانی شاری دیترویتی ئەمەریکایی لەسەر لاپەڕە یەکی بڵاوی کردۆنەوە بریتی بووە لەباسی جەردەیی و خراپەکاریّ (٥٠) • چ لە ئەوروپای رۆژئاوا و چ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو جۆرە رۆژنامانەی هەر لەویّ کاتی خۆی ناوی « رۆژنامەی زەرد »یان بۆ هەڵبژێرراوە (٥١) گەلێك زیاتر لەو رۆژنامانەی ئەو رێگەیەیان

---

(٤٩) K. Martin, The Press the Public wants, London, 1947, P. 32.
لەم سەرچاوەیەدا گەلێك زانیاری و بەڵگەی پڕمانا دەربارەی ئیحتیکاری کاری رۆژنامەنوسیّ هەیە (Ibid, PP. 33 — 55) •

(٥٠) بڕوانە : الدكتور حسين عبدالقادر ، الصحافة كمصدر للتأريخ ، الطبعة الثانية ، القاهرة ، ١٩٦٠ ، ص ١٢٩ •

(٥١) ئەو رۆژنامانەی رێبازێکی تایبەتییان نییە و هەر بەدوای قازانجدا دەگەڕێن ئەگەرچی لەسەر حیسابی ناو و شەرەفی خەڵکیش بیّ پێیان دەڵێن « رۆژنامەی زەرد » . ئەم ناوە بۆ یەکەم جار لە ئەمەریکا لە کۆتاییّ سەدەی رابوردودا بۆ ئەم مانایە بەکار هێنرا . ساڵی ١٨٩٥ لە یەك کاتدا دوّ رۆژنامەی نیۆیۆرك World لەگەڵ New York Journal لەسەر لاپەڕەی یەکەمیان وێنەی منداڵێکی کراسزەردیان بڵاوکردبۆوە =

نەگرتۆتەبەر لەبرەودان . هەر بۆنمونە رۆژنامەیەکی کۆنی بەناوبانگی وەك «تایمس»ی ئینگلیزیَ رۆژی ۳۰۰ هەزار و «نیۆیۆرك تایمس»ی ئەمەریکی ۷۰۰ هەزار و «مۆنـــد»ی فەرەنسی ٤۰۰ هەزار دانەیان لیَ چاپدەکریَ ، کەچی «رۆژنامەی زەرد»یَ وا هەیە رۆژی ٥ ملیۆنی لیَ دەکەویتە بازاڕەوە .

بەشی زۆری داهاتی رۆژنامە رۆژئاواییەکان لە پارەی ئیملانەوە دیَت . دەزگا سەرمایەدارەکانی ئەمەریکا سالّی نەك چەند ملیۆنیَك یا چەند ملیاریَك بەلّکو چەند بلیۆنیَك دۆلاّر تەنها بۆ پرۆپاگەندە و ئیملان خەرج دەکەن(٥٢) . لە ولاّتیَکی کەم گەشە کردوی وەك یۆنان پارەی ئیملان ٥۰٪ تـا ٦۰٪ی گشت داهاتی چەند رۆژنامەیەکی ناودار پیَكدەهیَنیَت . ٦۰٪ی پوختـەی داهاتی بیَشوماری رۆژنـامەی «فرانس ســوار»ی پـاریسی لە پـارەی ئیملانەوەیە (٥٣) . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە رۆژنـامە رۆژئاواییەکان بـە بارست زۆر گەورەن . زۆریان ٤۰٪ و هەندیَکیان ۷۰٪ی لاپەڕەکانیـان بۆ ئیملان تەرخان دەکەن . رۆژانی یەك شەموان لاپەڕەی ژمـارەیەك لـە رۆژنامە ئەمەریکاییەکان دەگاتە ۲۰۰ لاپەڕە و هەندە جاریَکیش خۆی دەدا لە ٤۰۰ ــ ٤٥۰ لاپەڕە کە نزیکەی ۷٥ ــ ۸۰٪یـان بۆ ئیمـلان تەرخـان

= کە بە توانجەوە باسی خەلّکی ناوداری دەکرد بەنیازی لەکەدار کردنیـان . لەسـەر یەکەمیَ ئـەو «شـەرەفـە» بـەرزە هـەردو رۆژنـامە کەوتنـە دۆبەرەکییەکی زۆر توند و تیژ . لەمکاتەدا سەرنوسـەری رۆژنـامەی ((New York Press))ناوی «زەرد»ی بەسەر ئەو دوَ رۆژنامەیەدا ، کە لەسەر کراس زەرد شەڕیان بو ، داسەپاند . لەوکاتەوە «رۆژنامە یـا چاپەمەنیَ زەرد» بۆنە دوَ زاراوەی بلاّو کە وەك ناتۆرە بۆ ئەو چاپەمەنییانە بەکاردەهیَنریَن کە لە نوَسیندا پەیڕەویَ رەوشت ناکەن .

(٥٢) بڕوانە : F. W. Rucker and H. L. Williams, Op. Cit., P. 6 .
بەپیَی هەندیَك سەرچاوە ئەو پارەیە سـالّی ۱۹٤۱ خـۆی لە ۲ بلیـۆن دۆلار و سـالّی ۱۹٦۱ خۆی لە ٥ بلیۆن داوە (بڕوانە : د. ابراهیم عبده ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۳۰٦) .

(٥٣) «چاپەمەنیَ ولاّتانی دەرەوە» ، ل ٤۹ ، ۱۷۰ .

دەکرێ [٥٤] •

کار و هونەری دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار بێوچان لە پێشکەوتن و بەرزبونەوەدایە • هەرچەندە مەکینەی ئۆتۆماتیك و کەمپیوتەر بەخێرایی جێگەی کاری ئینسان دەگرنەوە ، بەلآم دەرکردنی رۆژنامەیەکی بەناوبانگ هێشتا پێویستی بە صەدان و هەزاران نوسەر و بەڕێوەبەر و کارگەر هەیە • یەکێك لە رۆژنامە ناودارەکانی ژاپۆن نیازێتی هەمو رۆژ بە تەلەڤیزیۆنی تایبەتی لاپەڕەکانی بگەیێنێتە مالآن تەنها بۆئەوەی لە گێرمە و کێشەی دابەش‌کردن و قەلەبالغی تۆکیۆ خۆی قوتار بکات •

ئەو راستییانەی بەکورتی باسمان کردن بایەخ و باری رۆژنامەنوسی دەخەنە پێش چاو • گەلی کوردیش لەم دەریا پان و بەرینە بێبنەی رۆژنامەنوسیدا قەترە ئاوێکی هەیە ، بەلآم مێژوی ئەو قەترەیە بۆ خۆی دەریایەکە • لە لاپەڕەکانی بەشی داهاتوی ئەم کتێبەدا هەوڵدەدەین بەپێی توانا چەند روێەکی ئەم باسە بخەینە بەرچاو تاوەکو باشتر لە زروفی دەرچونی « تێگەیشتنی راستی » بگەیێن •

★ ★ ★

---

(٥٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٧ .

بەشی دووەم

چمکێك لە مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی

سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسی هەمو گەلێك مێژوی تایبەتی خۆی هەیە ٠ ئەو مێژووە بەستراوە بە گەلێك هۆی جیاوازەوە ، بۆیەکا رونکردنەوەی پێویستی بە رونکردنەوەی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی یە ٠ بەنیسبەت پەیدابونی رۆژنامەنوسی کوردی یەوە جگە لە مەرجەکانی ناوەوەی کۆمەل چەند هۆیەکی دەرەوە دەوری زۆریان تیا بینیوە ٠ یەکێك لەو هۆیانە بریتی یە لە پەیدابونی رۆژنامەنوسی و پەرەسەندنی دەوری لە ژیانی روناکبیری و سیاسی گەلانی دراوسێی کوردا ٠

وەك لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمانکرد زۆر بەسەر دۆزینەوەی مەکینەی چاپدا تێنەپەڕی کە ئەوروپاییەکان پیتی عەرەبیشیان داڕشت ٠ بەلام ماوەیەکی زۆری دەویست بەرلەوەی چاپخانەی نوێ و پیتی عەرەبی بگەنە ولاتە موسلمانەکان ٠ راستە لە کۆتایی سەدەی پازدەوە چاپ و چاپەمەنی نوێ گەیشتە ولاتی عوسمانی ، بەلام نە ئەمیان و نە ئەویان بە تورکی و عەرەبی نەبون ٠ یەکەم دەزگای چاپ ئەو جولەکانە هێنایانە تورکیاوە کە لەدەست زۆرداری فەرمانڕەوایانی ئیسپانیا پەنایان هێنایە بەر ولاتی عوسمانی٠ ئەمانە سالی ١٤٩٤ یەکەم چاپخانەیان لە هەمو ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە

ئەستەمۆڵ دامەزراند ، بەڵام تەنها دەوروبەری بیست ساڵێك ژیا [1] . دوا بەدوای ژمارەیە چاپخانەیتری وەك ئەو دامەزرێنرا کە هەنـدێکیان بـەر شاریتریش کەوتن .

ئەرمەنەکانیش زۆ هاتنە مەیدانی چاپ و چاپەمەنییەوە . ساڵی ١٥٦٥ یەکەم چاپخانەی ئەرمەنی لە ئەستەمۆڵ کەوتە کار [2] . سـاڵی ١٧٧٣ لـە ئیچمادزینی نزیك یەریڤان ، واتم لەنـاو ئەرمینیا خۆیدا ، چاپخانـەیەکی سەربەخۆ بە پیتی تایبەتی ئەرمەنی دامەزرێنرا . زۆری نەخـایاند چەنـد کتێبێکی ئەرمەنی ئایینی و زانستی بە چاپکراوی کەوتنە بازاڕەوە . دوای ئەرمەن یۆنانییەکان سەرەتای سەدەی حەڤدە چاپخانەی سەربەخۆی خۆیانیان لە ئەستەمۆڵ دامەزراند .

چاپ بە زمانی گەلە موسڵمانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی زۆر لـەوە دواکەوت . سیاسەتی کوێرانەی سوڵتانەکان و دواکەوتویی خەڵك لەمـەدا دەوری گەورەیان بینی . وەك دەگێڕنەوە ساڵی ١٤٨٣ سوڵتان بایەزیـدی دووەم فەرمانێکی بۆ قەدەغە کردنی چاپ دەرکرد و خنکاندنی کردە سزای ئەوانەی لەو فەرمانەی دەردەچن و گوایە سوڵتان سەلیم یاوزیش ساڵی ١٥١٥ ئەم فەرمانەی دوبارە کردۆتەوە . هەرچەندە ئەم باسە جێی گومانە و هێشتا

---

(١) بڕوانە :

Желтяков А.Д., Начальный этап книгопечатания в Турции,-" Ближний и Средний Восток. История, Культура, Источниковедение", Москва, 1968.

ا. د. ژیۆلتیاکۆف ، سەرەتای چاپکردنی کتێب لە تورکیا ، ــ کتێبی «ڕۆژهەڵاتی نزیـك و نـاوەڕاست . مێـژو ، رونـاکبیری ، کـاری بیبلیۆگرافی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ ، ل ٤٧.

(٢) سـاڵی ١٥١٢ لە شاری ڤینیسـیای ئیتالیا یەکەم کتێب بە زمانی ئەرمەنی چـاپکرا .

بە تەواوەتی ساغ نەبۆتەوە [٣] بەڵام ئەوەندە هەیە بەپێی یاسا رێگەی چاپخانەی کەمینە ئاینییەکان نەدەدرا هیچ بە زمانی تورکی یا عەرەبی چاپ بکەن [٤] . ئەو چاپخانانە خۆیشیان لەگەڵ بەرزبونەوەی هەستی نەتەوەیی لەناو ئەرمەن و یۆنانییەکاندا یەك لەدوای یەك داخران .

کار لەوەش تێپەڕی . سوڵتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کفر دادەنا ، بەتایبەتی کتێبی ئاینی . هەندێك سەرچاوەی تورکی باسی ئەوە دەکەن چۆن سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤٨ ــ ١٦٨٧) فەرمانی داوە هەمو ئەو قورئانانەی کابرایەکی ئەوروپایی بە چاپ کراوی لەگەڵ خۆی هێنابونییە ئەستەمۆڵ تورڕ بدرێنە ناو دەریاوە . هەر بە فەرمانی ئەویش ئەو پێتە عەرەبییانەی بە دیاری لە ڤینیساوە بۆیان نارد فڕێ دراونەتە دەریاوە [٥] .

لەگەڵ ئەوەش روناکبیرانی وڵاتی عوسمانی زۆ لە بایەخی چاپ گەیشتن . سەرەتای سەدەی حەڤدە ژمارەیەکیان ویستیان چاپخانە لە دەرەوەی وڵاتەوە بهێنن . جێبەجێ کردنی ئەم ویستە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن[٦] کارێکی ئاسان نەبو . دەبو فەرمانڕەوایان چەند جارێك تاڵی ژێرکەوتن لە

---

(٣) تاوەکو ئێستا ئەو دۆ فەرمانە نەدۆزراونەتەوە ، هەرچەندە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەرەتاوە بایەخی تەواویان دەدا بە پاراستنی هەمو بڕیار و فەرمانێکی میری .

(٤) بڕوانە : ا. د. ژیۆلتیاکۆڤ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠ .

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٥١ .

(٦) فەرمانڕەوا دواکەوتووەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنها لە کتێبی چاپکراو سڵیان نەدەکردەوە . ئەوان لە هەمو کتێبێکی جیهانبێن دەترسان ، جا با دەستنوسیش بوایە . بەڵگەی ئەمە زۆرە . هەروەك نمونە ئەمە دەگێڕینەوە : عەلی پاشای سەدری ئەعزەم کتێبخانەیەکی یەکجار گەورەی هەبو کە تەنها ناوی کتێبەکانی لە چوار بەرگدا نوسرابونەوە . بەر لە مردنی (١٧١٦) کتێبخانەکەی وەقفکرد . بەڵام (شێخ الاسلام) رەتیکردەوە چونکە دەستنوسی فەلسەفی و زانستی تێدا بو کە بەلای ئەوەوە بریتی بون لە درۆ و دەلەسە .

بەردەمی ئەوروپاییەکاندا بچێژن تا تێبگەن هۆی سەرکەوتنی ئەوان ئەنجامی پێشکەوتنیانە. ئەمە کارێکی وای کرد وردە وردە دەرگا بۆ دەسکەوتی زانستی «کافرانی رۆژئاوا» بکرێتەوە. بەمجۆرە رێگە بۆ دامەزراندنی چاپی نوێش بە زمانی گەلە موسلمانەکان خۆش بو . رۆژی ٥ی تەموزی سالی ١٧٢٧ سولتان ئەحمەدی سێیەم بەپێی فەرمانێکی تایبەتی رێگەی دامەزراندنی چاپخانەی دا بە کابرایەك کە ناوی مستەفا موتەفەڕڕیق بو ، بەلام مەرجی بۆ دانا کە هیچ جۆرە بەرهەمێکی ئایینی وەك قورئان و تەفسیر و حەدیس و ئەو بابەتانە قەت چاپ نەکات . سەیر ئەوەیە لەم قۆناغەدا خۆشنوسەکان دژی چاپ وەستان و وەك نیشانەی ناڕەزایی بەرامبەر رێگەدانی دامەزراندنی چاپخانە قەلەم و دوێتەکانیان خستە دارە مەیتێکەوە و بە شاردا گێڕایان [٧].

لەگەل هەمو ئەمانەش لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەوە کاری چاپەمەنی نوێ هەنگاوی باشی لە ولاتی عوسمانی بەرەو پێشەوە ناو ئەوەش سەرەتایەکی پێویست بو بۆ پەیدابونی رۆژنامە و رۆژنامەنوسی لەو ولاتەدا .

رۆژنامەش وەك کتێب سەرەتا لەناو کەمینە ئایینیەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا پەیدا بو . ئەرمەنەکان زۆر زو رۆژنامەی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند [٨] . بەلام یەکەم رۆژنامە لە خاکی عوسمانی خۆیدا سالی ١٨٢٥ لە شاری ئەزمیر بە فەرەنسەیی دەرچو . دوای ئەوە بە دەوروبەری حەوت سال (١٨٣٢) یەکەم رۆژنامە بە ناوی «تەقویمی وقایع»ەوە بە زمانی تورکی

---

(٧) ا. د. ژیگولتیاکۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٦ ــ ٥٧ .

(٨) نوسەری ئەرمەنی دوکتۆر ئەستارجیان بە شانازیەوە باسی ئەوە دەکا کە ئەرمەن دەهەم گەلی جیهان رۆژنامە و گۆڤاری خۆیان دامەزراندووە و لەوەدا پێش تورك و ئەمەریکاییەکان کەوتون (بڕوانە : الدکتور ك. استارجیان ، تاریخ الثقافه والادب الارمنی ، الموصل ، ١٩٥٤ ، ص ١٣١) . یەکەم گۆڤار بە زمانی ئەرمەنی لە مەدراس بە ناوی «ئازدارار»ەوە سالی ١٧٩٤ ــ ١٧٩٦ چاپکرا .

چاپ کرا • ئەمە بووە سەرەتایەکی گرنگ بۆ مێژوی رۆژنامەنوسی گەلانی ناو دەولەتی عوسمانی • چل سالی نەخایاند کە ژمارەی رۆژنامە و گۆڤاری ئەم گەلانە گەیشتە ٤٧ ، لەمانە ١٣یان بە تورکی و ئەوانی‌تریان بە یۆنانی و ئەرمەنی و عەرەبی و بەلغاری و فەرەنسی و چەند زمانێکی‌تر بون [٩] • رۆژنامەی تورکی وەك «ترجمان احوال» و «تصور افكار» و هی‌تر بەناو خوێندەواری کوردیشدا بلاودەبونەوە • لە ئێرانیش سالی ١٨٥١ یەکەم رۆژنامەی فارسی کەوتە دەست خوێندەواران و تا سەرەتای سەدەی بیست رۆژنامەنوسی ئەم ولاتە گەیشتە پلەیەك شوێنی دیاری لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلدا هەبی [١٠] •

جێگەی رۆژنامەنوسی لە ژیانی روناکبیری و تایبەت سیاسی ئەم گەلانەدا رۆژبەرۆژ زیاتر دەبو • ناحەزانی عوسمانی و قاجاری چاپەمەنی‌یان کردە چەکی کاریگەری خەباتی سیاسی رۆژانەیان • وەك دواییش بە درێژی

---

(٩) بڕوانە :

Новичев А.Д., Турция. Краткая история, Москва, 1965.

ا. د. نۆڤیچێف ، تورکیا . کورتەی مێژوی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٣٣ •

(١٠) بڕوانە :

J. M. Upton, The history of Modern Iran. An itroduction, Fourth Printing, Massachusetts, 1968, P. 11.

ئەوەی گومانی تێدا نی‌یە سالی ١٨٥١ ناصرەددین شا یەکەم رۆژنامەی بە زمانی فارسی بلاوکردەوە ، بەلام هەندێ سەرچاوە سالی ١٨٣٨یان بە سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی رۆژنامەنوسی فارسی داناوە (بڕوانە : احمد عبدالكريم ، الصحافه الايرانيه ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص ٧) .

باسی دەکەین « عوسمانیــانی نوێ » [11] و دوا بەدوای ئــەوان تورکانی لاو[12] ژمارەیەکی زۆر رۆژنــامە و گۆڤاریان لەنــاوەوە و دەرەوەی وڵات دامەزراند . شۆڕشگێرانی ئێران سەرەتای شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥ ـ ١٩١١) نزیکەی ١٥٠ رۆژنامە و گۆڤاری هــەمەجۆریان دامــەزراند کە هێ وایان تێدا بو لەوکاتە زووەدا ٥ تا ١٠ هەزار دانەی چاپ دەکرد [13] . تــا دەهات سەنگی رۆژنامە و رۆژنامەنوسی لەناو عەرەب و ئەرمەندا قورستر دەبــو .

بێ گومان ئەمانە هەمو لە ژیانی رونــاکبیری و سیــاسی گەلی کوردا رەنگیان دایەوە و بونە هۆیەکی هاندەری گرنگ بۆ خوێندەوارە دوربینەکانی کە ئەوانیش بیر لە دامەزراندنی رۆژنامەی تایــەتی خۆیــان بکەنــەوە . عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری کە یەکێــکە لە پێشــڕەوانی رۆژنــامەنوسی کوردی کاتی خۆی لەمبارەیەوە نوسیویە دەڵێ : ئێمە دەبینین چۆن «خەباتا وان (مەبەستی ئەرمەنە ـ ک. م.) بەشەو و رۆژ مرۆڤ لێ حــەیران دەبێ ـ

(١١) «عوسمانی‌یە نوێکان» یا «عوسمانیانی نوێ» (العثمانیون الجدد) ناوی رێکخراوێکی نیشتمانی‌یە کە ساڵی ١٨٦٥ دەستــەیە پیــاوی ســیاسی تورکیا بەنهێنی دایانمەزراند بۆ خەباتکردن لەپێنــاوی دامــەزراندنی رژێمێکی دەستوریدا .

(١٢) رەنگبێ «تورکانی لاو» لە «تورکە لاوەکان» بۆ مانای (الاتراك الفتیــان) زیــاتر دەست بــدا .

(١٣) بڕوانە :

Иванов М.С., Очерк истории Ирана, Москва, 1952.

م. س. ئیڤانۆف ، کورتەی مێژوی ئێران ، مۆسکو ، ١٩٥٢ ، ل ٢١٢ ـ ٢١٣ .

هەر رۆژێ غەزەتەکی ، هەر رۆژێ مجمـوعەکی ، هـەر رۆژە کتێبـەکی دەریدەخەن » [١٤] .

لەگەڵ ئەوەش کاری رۆژنامەنوسی لەناو کوردا زۆر درەنـگتر لـە گەلانی دراوسێی پەیدابو . دواکەوتویی و بەتایبـەتی لاوازی دەسـتەی ئینتیلیجێنسیا [١٥] یەکەم هۆی ئەمە بو . هەر بۆنمونـە رۆژانی شـۆڕشی دەستوری ئێران پیاوە سیاسی‌یەکانی کوردیش دەیانتوانی وەك ئازەری‌یەکان بێ‌کوسپ رۆژنامەی خۆیان دەرکەن . کەچی وادیارە کەسێکیان بیریـان لە کارێکی‌وا پێویست نەکردۆتەوە هەرچەندە هەزاران رۆڵەی کورد لـەو شۆڕشە گەورەیەدا بەشدار بون [١٦] .

بۆ پەیدابونی رۆژنامەنوسی کوردی دەبو خوێنـدەواری وەك رۆی هەرە گرنگی ژیانی روناکبیری و دروستبون و پەرە سـەندنی دەسـتەی ئینتیلجێنسیا وەك دیاردەیـەکی زۆر گرنگی ژیـانی کۆمەڵایـەتی بـگەنە رادەیەکی ئەوتۆ نەبونی چاپەمەنی نەتـەوەیی لەگەڵی نەگونجێ . ئـەم دۆ

(١٤) بڕوانە گۆڤاری «ژین» ، ئەستەمولَ ، سالی یەك ، ژمارە ٨ ، ٩ی کانونی دووەمی ١٣٣٥ ، ل ١٦ ــ ١٧ .
ئەم گۆڤارە دوای شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەمولَ لە چاپخانەی «نجم استقبال» بە کوردی و تورکی چاپ دەکرا . خـاوەن ئیمتیـاز و لێپرسراوی ئەشرەف حەمـزە و دوای ئـەو مەمـدوح سـەلیم بو . عەبدولرەحیم رەحمی خەلکی هەکاری ئەندامی دەستەی نوسـەرانی بو . لەژێر ناوی گۆڤارەکە نـوسراوە : «دین ، ئەدەبیـات ، اجتمـاعیات و اقتصادیاتدن بحث ایدر تورکجـە ــ کوردجـە مجموعـەدر » . ئـەو سـەرچاوانەی «ژین»یان بە رۆژنامە داناوە هەڵەن .
(١٥) ئینتیلیجێنسیا (یا ئینتیلیگێنسیا) لە وشەی (Intellegence) ی لاتینی کۆنەوە وەرگیراوە کە مانای زیرەك و دانا و تێگەیشتو دەگەیێنێ . لـە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بۆتە زاراوێکی کۆمەڵایەتی کە مانای دەستەی خوێندەوار دەگەیێنێ . روناکبیرانی رۆس یـەکەم کەس بـون ئـەم زاراوەیان بۆ مانای نوێی بەکارهێنا .
(١٦) بڕوانە : م. س. لازەرێف ، کوردستان و کێشـەی کورد ، ل ١١٨ .

ئاڵوگۆڕە پێکەوە بەستراوە لەناو کوردا هێواشتر رۆیان دەدا وەك لەنــاو زوربەی گەلانی دراوسێی ئەودا • بــەڵام لەگەڵ ئەوەش هــەردوکیان لــە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بونە روداوێکی هەست پێکراو ، بەرادەیەك بایەخدان بە خوێنــدەواری بووە یەکێــك لە دروشـــمەکانی بزوتنــەوەی ئازادیخوازی کورد • لێرەدا پێویستە ســەرنج بۆ ئــەوەش راکێشــین کە فێرگەی ئاینی لە کوردستان لە دێرزەمانەوە جێگەی شیاو و دیاری بووە و زانا و خوێندەواری باشی پێگەیاندووە • زوربەی ئەو زانایانە لە هەست و خزمەتی نەتەوەیی راست بێبەش نەبون و دەستی باڵایــان لە پێشخـــستنی ژیانی روناکبیریی گەلدا هەبو • حاجی قادر و مەلای گەورە و دەیانی‌تری وەك ئەوان بەرهەمی پڕشانازیی ئەو فێرگانە بون کە جگە لە باسی ئاینیی بایــەخی زۆریان بە ئەدەبی نەتەوەییش دەدا (١٧) •

سەرەڕای ئەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە خوێندن لەســەر شێوازی نوێ گەیشتە کوردستانیش • بۆنمونە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان لە عەقرە ٣٠ قوتابی و لە زاخۆ ٤٠ و لە عەمــادی‌یە ٤٥ و لە رەوانــدزیش ئەوەندە و لە دهۆك ٥٠ و لە کۆیە ١٢٥ و لە سلێمانی بە شارباژێڕەوە ١٤٠ و لە ســەلاحیەیە ١٥٠ و لــە هــەولێر ١٥٥ قوتــابی لە فێــرگەکانی مــیریی دەیانخوێند (١٨) • دیسان بەر لە کۆتایی سەدەی رابوردو چەند فێرگەیەکی روشدی‌یە (ناوەندیی) لە نــاوچە کوردی‌یەکاندا کرایەوە کە ژمــارەیەکیان فێرگەی ناوەندیی ســەربازیی بون • بە وێنــە ســالی ١٨٩٣ فێرگەیــەکی روشدی‌یەی سەربازیی لە شاری سلێمانی کرایەوە و پاش چەند ساڵێکی کەم

---

(١٧) دەربارەی مێژوو و بلاوی ئەو جۆرە فێرگانە و شوێنی زانا و بایەخیان بڕوانە : محمد القزلجي ، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسهــا ، بغداد ، ١٣٥٦ هـ (١٩٣٨ م) •

(١٨) بڕوانە : عبدالرزاق الهلالي ، تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني (١٦٣٨ ـ ١٩١٧) ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ١٧٩ ــ ١٨٠ •

بەشێك لە دەرچوانی تیررانە بـەغدا و ئەسـتەمۆل[19] • بـەر لە کەوتنی عوسمانی‌یەکان ژمارەی قوتابیانی ئەم فێرگەیە گەیشتە ١١٠ کەس جگە لـە ٧٠ کەسی‌تر کە لە فێرگەی ناوەندی مولکی دەیانخوێند [20] •

خوێندن و خوێندەواری لە شاری گەورەی وەك دیـاربەکر زۆر لەوە زیاتر و خێراتر پەرەی سەند • ئاڵوگۆڕە روناکبیری‌یە گەورەکانی پایتەخت و لە رێگەی ئەوەوە پێشکەوتنی گەلانی رۆژئاوای ئەوروپا زیاتر کاریان کردە سەر دەستەی خوێندەواری نوێی ئەو جۆرە شارانە • لەوەش گرنگتر ئەوە بو کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوارانی کورد وەك فەرمـانبەر یا قوتـابی دەزگای زانستی و سەربازی لە ئەستەمۆل کۆبوبونەوە • هێشـتا سەدەی نۆزدە کۆتایی نەهاتبو کە لەناو ئەمانەدا هی وا هەڵکەوت بۆ خوێنـدن یـا کاری دیپلۆمـاسی رویان‌کردە ئەوروپـاش • دیـارە ئـەم رووداوانە چاوی خوێندەواری کوردیان کردەوە و خستیانە سەر رێبازێکی نوێ • هیـچ لە خۆوە نی‌یە یەکێکی وەك مستەفا پاشا یـامولکی کە لە ریزەکانی سوپـای عوسمانیدا گەیشتە بەرزترین پایە و ماوەیەکی زۆری ژیانی لە ئەستەمۆل بردە سەر ، دوای گەڕانەوەی لە کاتێکی ناسکی مێژوی گەلەکەیـدا ئەو هەمـو بایەخەی بە کاری رۆژنامەنوسی‌دا • یا چۆن نەوەی بەدرخان پاشا و کوڕانی جەمیل پاشا [21] چاپەمەنی‌یان خستبوە سەرو ئەرکەکانی خەباتی بی‌وچانی رۆژانەیـان •

---

(١٩) محمد امین زکی ، تاریخ السـلیمانیه ، نقله الی اللغة العربیة الملا جمیل الملا احمد الروزبیانی ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٢٠٥ — ٢١٠ .

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٠ .

(٢١) تایبەت مەدحەت و عەبدولڕەحمان و جەلادەت بەدرخان و قـەدری و ئەکرەمی جەمیل پاشا کە هەموبان جێگەی دیاریان لە ژیانی روناکبیری کوردا هەبو . نـاوبراوان مـاوەی زۆریـان لە ئەسـتەمۆل و شـارە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا بردە سەر و زمانێك یا زیاتریـان لە زمانـە ئەوروپـاییەکان دەزانی .

ئەمانە لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی و زۆربونی فشاری زوڵم و زۆری عوسمانی و قاجاری و چەسپ بونی ڕۆژنامەنوسی وەك كاریکی كاریگەر لەناو هەمو دراوسێكانی كوردا ڕێگەیان بۆ پەیدا بونی ڕۆژنامەنوسی كوردی خۆش كرد . بەڵام بەهۆی ڕژێمی خوێناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە دوامەرجی لەدایك بونی كۆرپەی نوێ لەناو وڵات خۆیدا نەبو . ئەمە و چەند هۆیەكی تر كە لەخوارەوە باسیان دەكەین ، شاری قاهیرەیان كردە شوێنی لەبار بۆ چاپ كردنی یەكەم ڕۆژنامە لە مێژوی كوردا .

سوڵتان عەبدولحەمید كە سەرەتا خۆی بە دەستوریەروەر دادەنا و لەراستیدا پیاوێكی غەداری ترسنۆك و فێڵباز بو لەو ڕۆژەوەی هاتە سەر تەخت (ساڵی ١٨٧٦) كەوتە گیانی هەر شتێك بۆنی ئازادی و دیموكراسی و پێشكەوتنی لێ دەهات [٢٢] . «فەلسەفەی» حوكمی سوڵتان عەبدولحەمید دانانی وەزیر و كاربەدەستی گەورەی نیمچە خوێندەوار بو . خۆی دەیگوت: «دەزانم دەورو بەرم بە دز تەنراوە ... بەڵام من وای بە باش دەزانم ئەم پیرە دزانە لەسەر كار بهێڵمەوە ... ئەمانە بۆ من دڵسۆزن »[٢٣] .

---

(٢٢) ساڵ وەرنەچەرخا سوڵتان عەبدولحەمید دەستوری بەناوبانگی ١٨٧٦ ی وەستاند و مەدحەت پاشا و هاوەڵەكانی دورخستەوە و گەلێكیانی لە بەندیخانە توند و زۆربانی ئاوارەی شار و وڵاتان كرد . لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوا زیاتر لە ٢٠ هەزار كەس بەرەسمی جاسوس بوون (بڕوانە : ادموند تیلور ، سقوط الاسر الحاكمة ، ترجمة علی عزت الانصاری ، القاهرە ، ١٩٦٥ ، ص ١٩٣) .

(٢٣) بڕوانە :

Алиев Г.З., Турция в период правления младотурок (1908-1918), Москва, 1972.

گ. ز. ئەلیێف ، توركیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی توركانی لاودا (١٩٠٨ ــ ١٩١٨) ، مۆسكۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٤٦ .

عەبدولحەمید هەمو قوژبنێکی ئەستەمۆل و شارە گەورەکانی بە پیاوی خۆی ئاخنیبو . بەپێی سەرگوزشتەی مێژونوسان لە سەردەمی سولتان عەبدولحەمیدا دەبو هەمو فەرمانبەرێکی تورك لە هەمان کاتدا پیاوی گوێ قولاغی کۆشکی یەلدز بن . «زۆر جار برا خەبەری لە برا دەدا و بەوجۆرە پاداشتێکی چەوری وەردەگرت» . یەکێك لە تورکانی لاو هەر لەمبارەیەوە وتویە : «لە تورکیا (ی سەردەمی عەبدولحەمیدا ــ ك. م.) تاقە رێگەیەك، تاقە ئامانجێك مابۆوە : کۆکردنەوەی پارە و خەرجکردنی بە سەفاهەت . بەلام بۆ گەیشتن بەوە دەبو بیبیە پیاوی کۆشك و دلسۆزێ خۆت بەگوێ نەدانە باوك و دایك و برا و هاوڕێ و بیر و ویژدان و هەمو هەستێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی ساغ بکەیتەوە» [٢٤] .

دیارە دەبێ رۆژنامەنوسی لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ٣٣ ساڵەی سولتان عەبدولحەمیدا بکەوێتە زەلالەتەوە . لێرەدا چەند نمونەیەکی کەمی مانادار دەخەینە بەرچاو . هەرچەندە یەکەم «یاسای چاپەمەنی» کە ساڵی ١٨٥٧ دانرابو پڕ لە مەرج و بڕیاری قەبە و گران بو بەلام سولتان پێی قایل نەبو بۆیە پێنج جار (لە ساڵی ١٨٥٧وە تا ساڵی ١٩٠٠) ئاڵوگۆڕی تێدا کرد [٢٥] تا وای لێهات تەنها بۆ پێکەنین بشێ . رۆژنامەنوسان مافی ئەوەیان نەما بە هیچ کلۆجێك ناوی مەدحەت پاشا و دەستور و دینامێت و بۆمبا و

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩ ــ ٥٠ .
(٢٥) بڕوانە :
Котлов Л.Н., Становление национально-освободительного движения на Арабском Востоке (середина XIX в.-1908 г.), Москва, 1975.
ل. ن. کاتلۆف ، پەیدابونی بزوتنەوەی نەتەوەیی ــ رزگاریخواز لە رۆژهەلاتی عەرەب (ناوەندی سەدەی نۆزدە ــ ساڵی ١٩٠٨) ، مۆسکۆ، ١٩٧٥ ، ل ١٢٩ ــ ١٣٠ .

شۆڕش و سۆشیالیزم و ماف و مانگرتن و ئازادی و سەربەستی و یەکسانی و خەبات یا باسی کوشتن و لابردنی هیچ فەرمانڕەوایەك بنوسن . تەنانەت ماوەی «فیل» و «فەرەج» و «قاچاغ»یش بۆ رۆژنامەنوسان نەمابو چونکە سولتان خۆی رەقیبی چاپەمەنییەکانی ئەستەمول و پیاوە دلسۆزەکانی هێ شارە گەورەکان بون . لەسەر یەك دوو هەلەی چاپ کە مانای رستەیەکی گۆڕیبو بەجۆرێك بۆنی توانجی لێ بێت رۆژنامەی «صەباح» چەند سالێك قەدەغە کرا[٢٦] . لەبەرئەوە هیچ سەیر نییە کۆتایی حوزەیرانی سالی ١٨٩٤ رۆژنامەنوسانی ئەستەمول سەری دنیایان لێهاتەوە یەك چۆن هەوالی کوشتنی سەرەك کۆماری فەرەنسە س.کارنۆ بلاو بکەنەوە ، لەلایەکەوە نەدەبو توخنی باسی کوشتنی سەرۆکی دەولەتێك بکەون ، لە لایەکیتریشەوە زاتیان نەدەکرد بنوسن بە دەردی خوا و لەبەر پیری مردووە چونکە سولتان لەگەلیدا هاوتەمەن بو . بەوجۆرە هیچ رۆژنامەیەك بە خۆیدا رانەپەرمو لە دێرێکی پچوك زیاتر بنوسێ کە ئەویش بریتی بو لە راگەیاندنی هەوالی مردنی . بەکورتی رقی ناپیرۆزی عەبدولحەمید بەرامبەر رۆژنامەنوسێ سەربەست گەیشتبووە رادەیەك تەنانەت دوای هێنانە خوارەوەشی لەسەر تەختی خەلافەت (سالی ١٩٠٩) خۆزگەی بەوە دەخواست رۆژێ لە رۆژان بگەڕێتەوە کۆشکی یەلدز تاوەکو « سەرتاپای رۆژنامەنوسان تورداتە تەندورەوە »[٢٧] .

بێگومان لەژێر سایەی رژێمێکی لەو بابەتە قەت چاوەڕوان نەدەکرا رێگەی بلاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردی بدرێ ، جا یا کەس زاتی داواکردنی مافی دەرکردنی رۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی نەدەکرد یا ئەوی بیوێرایە و

(٢٦) هەر بەو بیانووە یەکەم رۆژنامەی تورکی «تەقویمی وەقایع»یش داخرا.

(٢٧) بڕوانە : الدکتور خلیل صابات ، الصحافة استعداد ، فن ، علم ، القاهرە ، ١٩٥٩ ، ص ١٣ .

لەژێر هەر پەردەیەکدا داوایەکی وای بکردایە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایە دواوە.

جگە لەوانەی باسمانکرد بۆ ئەمە هۆیەکی گرنگیتر لەئارادا بو . ڕژێمی سوڵتان عەبدولحەمید بە توندی دژی وریابونەوەی نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بو . لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا لە زۆر شوێن بێبەزەییانە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و گەلانی دراوسێی کورد درا . هەروەها سوڵتان دەیویست هۆزە چەکدارەکانی کورد بکاتە یەکێك لە داردەستەکانی بۆ لێدانی ناحەزانی خۆی و دەستە و دایەرەی ، لەبەرئەوەش بو کە «سوارەی حەمیدی» لە چەکدارانی ئەو هۆزانە دروستکرد [٢٨] . دیارە سوڵتانی کورتبین شتێکی نەدەویست پێچەوانەی ئەو ئارەزووە ناهەموارەی بێ [٢٩] .

بەمجۆرە دەبو خوێندەواری کورد وەك خوێندەواری زوربەی گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی [٣٠] بۆ دەرکردنی رۆژنامەی خۆی بیر لە شوێنیتر بکاتەوە . قاهیرە لەبارترین جێگە بو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە . بەر لە هەمو شت میسر لە زوربەی وڵاتانیتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر پێوەندی لەگەڵ شارستانەتی ئەوروپا هەبو . سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسی ئەم

---

(٢٨) لەوبارەیەوە بڕوانە : الدكتور كمال مظهر احمد ، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ، بغداد ، ١٩٧٧ ، ص ٨٤ ــ ٩٤ .

(٢٩) وەك دوایی باسی دەکەین «کوردستان»ی یەکەم رۆژنامەی کوردی دژی سەرتاپای سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید وەستا ، بەتایبەتی دژی «سوارەی حەمیدی» و کوشتاری ئەرمەن .

(٣٠) زۆر لە گەلانی ژێردەستەی عوسمانی ناچار بون رۆژنامەی خۆیان لە دەرەوەی وڵات دەرکەن . ساڵی ١٧٩٤ ئەرمەن لە مەدراس یەکەم گۆڤاریان بە ناوی «ئازدارار»ەوە دەرکرد . ساڵی ١٨٥٤یش لە مۆسکۆ دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکیتر بە زمان و پیتی ئەرمەنی . تەشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٧ حیزبی «هەنچاك» لە جنێڤ هەر بەناوی خۆیەوە کە مانای (زەنگی کلێسە)یە رۆژنامەیەکی دەرکرد .

ولاته دەگەڕێتەوە سەردەمی هاتنی ناپلیۆن و لەشکری فەرەنسی بۆ ئەوێ ؛ واتە کۆتایی سەدەی هەژدە . دوای داگیرکردنی میسر لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە (سالی ١٨٨٢) دەسەلاتی سولتانی عوسمانی دەنگی ماو رەنگی نەما . لەگەل ئەوەش فەرمانڕەوایانی ئەستەمۆل دەیانویست کەلك لە باری سیاسی نێوان دەولەتان و ئالوگۆڕی ناو میسر وەربگرن بۆ گێڕانەوەی دەسەلاتی لەکیس چویان . ئەمە بووە هەوێنی دۆبەرەکییەکی شارراوە لەنێوان ئینگلیز و ترکدا کە تا دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی خایاند . ڕۆژنامەنوسی لەم دۆبەرەکییەدا دەورێکی گەورە و سەیری بینی. سولتان عەبدولحەمید بە هەر چوار لادا هەولی دەدا هەستی ڕۆژنامەکانی میسر بەلای خۆیدا ڕاکێشێ . بۆ ئەم مەبەستەی پارەی زۆری دەدا [٣١] و هەستی ئایینی دەبزواند و عوسمانی پەروەرانی هان دەدا ڕۆژنامەی نوێ لە قاهیرە دامەزرێنن . تەقەلای سولتان لەم مەیدانەدا بێسود و ئەنجام نەبو . مێژوونوسێکی عەرەب لەمبارەیەوە نوسیویە دەلێ :

« ترکیا هەرچەند لاواز بو ، بەلام هەولی دەدا هەستی خەلك دژی داگیرکەران (ی ئینگلیز ــ ك. م.) بزوێنێ چونکە نەیدەویست بە یەکجاری میسری لە کیس بچێ . هەمان کات زۆر میسری ئەلقە لە گوێی ترکیا بون و ئەوەش بۆ خۆی ئەنجامی هەستی ئایینی بو ... لەبەرئەوە ڕۆژنامەی وا پەیدا بو کە بەلای دەولەتی عوسمانیدا مەیلی هەبو ، هێواش هەبو بە هاندانی ئەو دامەزرا » [٣٢] . «البرهان» و «القاهرة» و «الأهرام»ی

---

(٣١) ڕۆژنامەیوا هەبو هەزار جونەیهی بۆ بڕیبوو کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە پارەیەکی زۆر بو .

(٣٢) الدكتور سامي عزيز ، الصحافة المصرية وموقفها من الاحتلال الانجليزي، القاهره ، ١٩٦٨ ، ص ١٦١ ــ ١٦٢ .

ئەوسا (٣٣) و چەند رۆژنامەیەکیتر لەوانە بون کە بە لایەنگری ئەستەمۆڵ دادەنــران ۰

دیارە کاربەدەستانی ئینگلیز لە میسر بەرامبــەر بەمە دەستەوەســان نەوەستان ، بەتایبەتی چونکە سوربون لەسەر مانەوەی خۆیان و دەرپەڕاندنی یەکجاری عوسمانییەکان لە میسر و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەش ئامادە بون پێ سێ و دوێ پەنا بەرنە بەر هەر رێگەیەك دەست بدا ۰ کۆششی ئینگلیز لەم مەیدانەدا لە کۆششی عوسمانییەکان گەلێك بەرهەمدارتر بو، ئەمەش بەر لە هەموشت ئەنجامی ئەوە بو کە توانا و دەسەڵاتیان زۆر لەوان زیاتر بــو ۰ رۆژنامەی وەك «الوطن» و «الزمان» و «مرآة الشرق» و «النیل» و «المقطم»و هیتر کەوتنە هێرش بردنە سەر دەسەڵاتی عوسمانی و نیشاندانی عەیب و عاری ۰ دوبەرەکییەکی توند و تــیژ لەنێوان رۆژنــامە ئینگلیز خواکان و ئەوانی سەر بە ئەستەمۆڵ دروست بو (٣٤) ۰

سەرەڕای ئەوە کاربەدەستانی ئینگلیز لە میسر دەرگایــان بۆ هەمــو نــاحەزانی سوڵتان عەبدولحەمید و رژێمی عوسمانی خستە ســەر پشت ۰ شاری قاهیرە بووە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی کۆبونــەوە و خەبــاتی تورکانی لاو کە دوژمنی هەرە گەورە و بەتواناى سوڵتان بون ۰ یەکێك لەو کارانەی تورکانی لاوی دەرەوەی وڵات بایەخی زۆریان پێ دەدا دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بو بە چەند زمانێك ۰ لەبەرئــەوە قاهــیرەش بووە ناوەندێکی گرنگی خەباتیــان لەم مەیــدانەدا و ئەو رۆژنامــانەی لــەوێ دەریاندەکردن بوبونە رویەکی دیاری چالاکییان (٣٥) ۰ شایانی باسە یەکێك

(٣٣) لەگەڵ ئەوەش بڵاوکردنــەوەی «الاهرام» لەو شوێنــانەی دەســەڵاتی ئەستەمۆڵ بەهێز بو لە ســاڵی ١٨٨٤وە قەدەغە بو .

(٣٤) بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٥٩ ــ ١٧٨ .

(٣٥) تورکانی لاو چەند رۆژنامەیەکیان لە قاهیرە دەردەکرد ، لە هەموبــان ناودارتر ئەوەیان بو کە موراد داغســتانی بە ناوی «میزان»ەوە بــڵاوی دەکردەوە .

لەو رۆژنامانە کە ناوی «اجتهاد» بو دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەتی کورد بلاّوی دەکردەوە کە بۆ خۆی یەکێك بو لە یەکەم دەستەی دامەزرێنەری کۆمــەڵی « تورکانی لاو » [٣٦] .

بەهەمان دەستور کاربەدەستانی ئینگلیز ماوەیان دەدا بە ناحەزانیتری سوڵتان میسر بکەنە مەڵبەندی کار و خەباتیان . نیشتمانپەروەرانی ئەرمەن وەك نیشتمانپەروەرانی تورك لێرەش بەگەرمی کەوتبونە جموجوڵ . ئەوانیش لە قاهیرە رۆژنامەی خۆیان هەبو .

بەمجۆرە و هــەر لــەبەر ئەو هۆیــانەی باســـان کردن ، میسر بووە باشترین و نزیکترین شوێن بۆ لەدایــكبونی یەکەم رۆژنــامە لە مێــژوی کوردا [٣٧] . رۆژی پێنج شەممــەی ٣٠ی «ذو القعدە»ی ســالی ١٣١٥ی کۆچی ــ ٩ی نیسانی سالی ١٣١٤ی رۆمی کە دەکاتە ٢٢ی نیســانی سالی ١٨٩٨ی عیســایی [٣٨] لە شــاری قاهــیرەی میسر یەکەم ژمــارەی یەکەم

(٣٦) عەبدوڵلا جەودەت خەڵکی عەرەبکیرە . مانگی مــایسی ١٨٨٩ لــەگەڵ ئیسحاق سکوتی خەڵکی دیاربەکر و چەند هاورێیەکیتری یەکەم شانەی رێکخراوی تورکانی لاویان دامەزراند ، توشــی گەلێك دەرد و ئازار هات و دوای گرتن و دورخستنەوەی بۆ لیبیــا هەڵهــات و لە دەرەوە چالاکانە تێکەڵ بە خەباتی ناحەزانی سوڵتان عەبدولحەمید بو . لەگەڵ عەبدوڵلا سکوتی رۆژنامەی «عوسمانلی»شی دەرکرد . تا سەر خەباتی بۆ نەکرا و سوڵتان توانی بەلای خۆیدا رایکێشێ .

(٣٧) ئەو سەردەمە چاپەمەنی و رۆژنامەنوسی میسر قۆناغێکی باشی بەرەو پێشەوە بڕیبو . دەمێك بو ژمارەیە چاپخانەی گەورە بە پێوانەی ئەوسا لە میسر کاریان دەکرد و رۆژنامەیان لەچاپ دەدا . تەنهــا لە مــاوەی دوازدە ساڵدا (١٨٦٥ ــ ١٨٧٧) پتر لە ١٥ رۆژنامەی هەمەچەشنە هاتنە دەرچون (بڕوانە : عبدالله حسین ، الصحافة والصحف ، القاهرە ، بلا ، ص ١٣٧) .

(٣٨) لێرەدا پێویستە سەرنج راکێشین بــۆ ئەوە کە رۆژی دەرچونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» لەسەر رۆژنامەکە خۆی تەنها بە سالی «هیجری»و «رۆمی» نوسراوە . هیجرییەکەی ، وەك وتمــان ، ٣٠ ذوالقعــدەی ١٣١٥یە . بەلاّم بــەپێی ئەو جــەدوەلە بــاوەڕ پێکراوانــەی لەبــەر

رۆژنامەی کوردی لە چاپخانەی «الهلال» [39] لەلایەن میقداد مەدحەت [40]

دەستماندان ، بەتایبەتی جەدوەلی ئەکادیمی ئۆرەبیللی کە سالی ١٩٦١ لە سۆڤیەت چاپکراوە ، رۆژی (٣٠ی ذو القعدەی ١٣١٥) دەکاتە هەینی ، کەچی لە سەر «کوردستان» لە دوو شوێن نوسراوە رۆژی پێنجشەممە چاپکراوە . بەپێی جەدوەلەکەی ئۆرەبیللی (٣٠ی ذوالقعدەی ١٣١٥) دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ . لەبەرئەوەش کە لە راستی گۆڕینەکەی ئۆرەبیللی دلنیاین (بڕوانە ل ٢٦٩ی جەدوەلی ناوبراو) بەتایبەتی چونکە لەو هەڵە کەمانەی زانای سۆڤیەتی پرۆفیسۆر تسیبۆلسکی لەناو جەدوەلی ناوبراودا دۆزیونیەوە سالی ١٣١٥ و ١٣١٦یان تێدا نی‌یە (بڕوانە : گۆڤاری «گەلانی ئاسیا و ئەفریقا» ، بە زمانی رۆسی ، مۆسکۆ ، ژمارە ٣ ، ١٩٦٢ ، ل ٢٤٥) ناچار کەوتینە سۆراخی ئەوەی ئایا (٢٢ی نیسانی سالی ١٨٩٨) بەر پێنجشەممە یا هەینی دەکەوێ . دوای لێکۆلینەوەیەکی ورد ساغبۆوە کە ٢٢ی نیسانی سالی ١٨٩٨ دەڤاودەق رۆژی پێنجشەممە دەگرێتەوە. کەواتە دەبێ هەڵە لە دیارکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگە هیجریکانی ئەو سالە خۆیدا روی دابێ ، ئەمەش بۆ سالنامەی هیجری ئاسایی‌یە چونکە ، وەك ئاشکرایە ، دیارکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگەکانی لەسەر بینینی مانگ وەستاوە و زۆرجار هەلەی تێدا دەکرێ . کەواتە ئەو رۆژی (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)ەی لە میسر بە ٣٠ی «ذوالقعدە» دانراوە ٢٩ی «ذوالقعدە» بووە. هەمان هەڵە بەنیسبەت ژمارەی‌تری «کوردستان»ەوە دوبارە بۆتەوە .

ئەم راستی‌یەم یەکەمجار بێ ناوی خۆم لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا بلاوکردەوە (بڕوانە : «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩٥ ــ ٣٩٦) .

(٣٩) لە کۆتایی دوا لاپەڕەی ژمارە یەك و دوو سێی «کوردستان» نوسراوە لە چاپخانەی «الهلال» چاپکراوە ، کەچی لەسەر هەمان لاپەڕەی ژمارە چوار و پێنج نوسراوە گوایە لە چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان چاپ کراوە . دوور نی‌یە میقداد مەدحەت بەگ بۆ نیشاندانی توانا یا سەرلێشێواندن وای‌کردبێ . بارستی ئەو ژمارانەی من دیومن ٢٢٫٨ x ٢٦ سانتیمە . دوکتۆر کەمال فوئاد کە زوربەی ژمارەکانی «کوردستان»ی دیوە ٢٥٫٥٠ x ٣٢٫٥٠ی داناوە (بڕوانە : « کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی» ، پێشەکی) .

(٤٠) میقداد مەدحەت ناوی لێکدراوی خۆیەتی وەك مستەفا کەمال ، عەلی‌کەمال ، ئیسماعیل حەقی و گەلێکی‌تر . سەردەمی عوسمانی‌یەکان ناوی لێکدراو باو بو .

بەگی نەوەی بەدرخان پاشاوە چاپکرا .

بەم مەینەت و دەردێ سەری‌یە بناغەی رۆژنامەنوسێ کوردێ دانرا کە وەك دیمان تەنها دارشتنی گەلێ سالی پێ ویست چونکە ژانی گەلی کورد بۆ لەدایكبونی یەکەم رۆژنامەی زۆر زیاتری لە ژانی گەلانی‌تر خایاند . جێگەی خۆیەتی لێرەدا باسی ئەو نامەیە بکەین کە روناکبیرێکی کورد ناردویە بۆ خاوەنی «کوردستان» و تێیدا بەداخەوە پێی دەڵێ تۆ درەنگ دەستت‌پێ‌کرد و دەبو بەر لە ٢٠ ساڵ ، واتە حەفتاکانی سەدەی نۆزدە ، رۆژنامەکەت دەرکردایە (٤١) .

وەك دوایش باسی دەکەین میقداد مەدحەت و بەتایبەتی عەبدورزەحمان بەگی برای لە نزیکەوە پەیوەندی‌یان لەگەڵ تورکانی لاودا هەبو . ئەمەش بۆ خۆی تا رادەیە کاری دەرکردنی «کوردستان»ی ئاسان کرد . ئەو پەیوەندی‌یە نزیکەی بەدرخانی‌یەکان وای لە ژمارەیە مێژونوس کردووە رۆژنامەی «کوردستان»یش بە یەکێك لە ئۆرگانەکانی تورکانی لاو لە قەڵەم بدەن (٤٢) . بەڵام راستی‌یەکەی «کوردستان» رۆژنامەی سەربەخۆی نیشتمانپەروەرانی کورد بو کە زۆر شت لەو سەردەمەدا لەگەڵ ناحەزانی رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید لە یەك سەنگەردا کۆی دەکردنەوە .

دەمێکە ژمارەیەکی زۆر لە کورد و رۆژهەڵاتناسان بایەخ دەدەن بە مێژوی یەکەم رۆژنامەی کوردی و شوێنی لە ژیانی روناکبیرێ و سیاسێ کوردستاندا (٤٣) . مینورسکی پتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر باسی دەرچونی

---

(٤١) بڕوانە : «کردستان» ، عدد ١٤ ، جنێف ، ٩ی ذي‌الحجة ١٣١٦ .

(٤٢) وەك رۆژهەڵاتناسی ئازەرێ دوکتۆر حەمید عەلیێف (بڕوانە : لاپەڕە ٥٨ی کتێبەکەی «تورکیا سەردەمی فەرمانڕەوایێ تورکانی لاو») .

(٤٣) ژمارەیەکیان لە لێکدانەوە و دیارکردنی رۆژی دەرچونی « کوردستان » بە هەڵە چوبون . مامۆستایان ئەمین زەکی و عەلائەددین سەجادی ١٨٩٧یان بە سالی دەرچونی داناوە (محمد امین زکی ، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان ، ترجمة محمد علی عونی ، القاهرە ، ١٩٣٦ ، ص ٢٧٠؛

«کوردستان»ی له قاهیره کردووه (٤٤) • دوای ئەو بە دوّ سالّ (سالی ۱۹۱۷) گەردلێفسکی بەمجۆرە هەمان باسی هێناوەتە کایەوە : « سالی ۱۸۹۸ لە قاهیرە رۆژنامەی «کوردستان» دەرچو ، دوایی لە جنێف دەستکرایەوە بە بلاوکردنەوەی • ئەم رۆژنامەیە کوردێك كە مەدحەتی کوڕی بەدرخانی ناودار

علاءالدین سجادی ، مێژۆی ئەدەبی کورد ، بغداد ، ۱۹۵۳ ، ل ٥٥١ . له چاپی دووەمی کتێبەکەیدا (بەغدا ، ۱۹۷۱ ، ل ٦٠٩ – ٦١٠) مامۆستا سەجادی لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاری‌یانەی دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی بلاوی کردۆتەوە سالی دەرچونی « کوردستان »ی راست کردۆتەوە) . ئەدمۆندس و دوکتۆر شاکر خەصباك و هیتر سالی ۱۸۹۲یان داناوە (الدکتور شاکر خصباك ، الکرد والمسألة الکردیة ، بغداد ، ۱۹٥۹ ، ص ۲۹ ؛
C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58; C. J. Edmonds, The Kurds of Iraq , — ((The Middle East Journal)), 1957, No. 1, P. 55).

باسیل نیکیتین و دوکتۆر بلەچ شێرکۆ و دوکتۆر عەبدورڕەحمان قاسملۆ سالی کۆچی دەرچونی «کوردستان»یان وەك خۆی نوسیوە (بڕوانە :
B. Nikitine, Les Kurdes. Etude Sociologique et historique, Paris, 1956, ; A. R. Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, Prague, 1965, P. 44 ;

الدکتور بلەچ شیرکوه ، القضیة الکردیة . ماضي الکرد وحاضرهم ، القاهرە ، ۱۹۳۰ ، ص ٥٠) . کاتی خۆی ئەم راستی‌یانەم لە وتارێکی تایبەتیدا بلاو کردەوە (بڕوانە : پێشەکی ، پەراوێزی ژمارە ٦) .
(٤٤) بڕوانە :

Минорский В.Ф., Курды. Заметки и впечатления, Петроград, I9I5.

ف. ف. مینۆرسکی ، کورد . تێبینی و سەرنج ، پێترۆگراد ، ۱۹۱٥ ، ل ۱۸ (هەروەها بڕوانە : ف. ف. مینۆرسکی ، الاکراد . ملاحظات وانطباعات ، ترجمة الدکتور معروف خزنەدار ، بغداد ، ۱۹٦۸ ، ص ٤٤ – ٤٥) .

بو دەری کرد ، دیارە لە تورکیا بڵاوبونەوەی قەدەغە بو » (٤٥) ، دوابەدوای ئەمان زۆر کوردناسیتر باسی سالی دەرچونی «کوردستان»یان بە دروستی کردووە و بەرز نرخاندویانە (٤٦) .

دوکتۆر بلەچ شێرکۆ (٤٧) دەربارەی «کوردستان» نوسیویە دەڵێ : نیشتمانپەروەرانی کورد لەناو خۆیاندا بڕیاری دەرکردنی ئەم رۆژنامەیەیان داو بەوجۆرە بووە ئۆرگانی ئەوان (٤٨) ، دوکتۆر شاکیر خەسباکیش دەرچونی «کوردستان» بە سەرەتای گۆڕین یا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردا دادەنێ (٤٩) .

---

(٤٥) Гордлевский В.А., Избранные сочинения, том III (история и культура), Москва, 1962.

ئەکادیمی ف. ا. گەردلیڤسکی ، کاری هەڵبژاردەی ، بەرگی سێ (مێژو و روناکبیری) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ١١٩ .

(٤٦) بەوێنە بڕوانە : م. س. لازەرێف ، مەسەلەی کورد ، ل ٤٨ .

(٤٧) جێگەی خۆیەتی لێرەدا راستییەکی نەزانراو بخەمە بەرچاو . زۆرن ئەوانەی ناوی دوکتۆر بلەچ شێرکۆیان بیستووە یا کتێبەکەیان بینیوە . دەمێکە «القضیة الکردیة» کە بە ناوی کۆمەڵی «خۆیبون»ەوە دەرکراوە و صەد لاپەڕە زیاترە بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ مێژونوسان . زۆری خۆمان و رۆژهەڵاتناسان بۆ نوسینەکانیان کەڵکیان لە زانیاری ناو ئەم کتێبە بینیوە . بەڵام کەمن ئەوانەی دەزانن دوکتۆر بلەچ شێرکۆ کێیە . هەن وادەزانن مامۆستا جەلادەت بەدرخانە . راستەکەی دوکتۆر بلەچ شێرکۆ مامۆستا محەمەد عەلی عەونییە کە یەکێك بو لە خوێندەوارە هەرە دلسۆزەکانی کورد. مامۆستای ناوبراو زمانزان و مێژونوس بو، زوربەی بەرهەمەکانی مامۆستا ئەمین زەکی ئەو وەریگێڕانە سەر زمانی عەرەبی . خزمەتی زۆری «خۆیبون»ی کرد . شایانی باسە مامۆستا عەونی بۆ نوسینی «الکرد والقضیە الکردیە»کەی کەڵکی زۆری لەو زانیاری و چاپەمەنییانە وەردەگرت کە جەلادەت بەدرخانی هاوەڵ و هاوبیری بۆی دەنارد .

(٤٨) د. بلەچ شێرکۆ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠ ـ ٥١ .

(٤٩) د. شاکر خصباك ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٩ .

چاوگێڕانێکی خێرا بە ناوەڕۆکی ژمارەکانی «کوردستـــان»دا ئــەم ڕاستییە ساغ دەکاتەوە و دەری دەخا چۆن ڕۆژنامەنوسی کورد لە سەرەتای لەدایکبونییەوە لەژێر زەبری زولـم و زۆری عوسمانییـان و ئاڵوگۆڕی فیکری ناو دەستەی روناکبیری کوردا ڕێگەی خەبـاتی راسـتی بۆ خۆی هەڵبژارد ٠ لە یەکەم ژمارەیەوە «کوردستان» «وریا کردنـەوە و هـاندانی فێربـونی صەنعەت»ی کردە دروشـمی خۆی (٥٠) ٠ وەك جگەرسـۆز و دوربین زۆر جار باسی نرخ و بایەخی خوێندن و خوێندەواری دەکا و لــە ڕۆڵەی کورد دەپاڕێتەوە ئەویش وەك ڕۆڵەی گەلانیتر ڕوکاتــە خوێندن ٠ بەنیازی زیاتر بزواندنی هەستی کۆمەڵانی خەڵــك لەمبارەوە «کوردستان» زۆ زۆ پەنا دەباتە بەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د٠ خ٠) دەرحەق پێویستی و قازانجی فێربون (٥١) ٠ «کوردستان» دەیویست بە هەموان راگەیێنێ چۆن خوێندەواری بۆتە هەوێنی پێشکەوتنی گەلان ٠ ئەوەتە بە یاریدەی خوێندن و زانست ژاپۆن بەسەر چین و میسر بەسەر سودانیدا زاڵ بۆن ٠ لــە عەقڵەوە دەیویست مەسەلەی ئایین و خۆشەویستی نیشتمان تێکەڵ یەك کا و بەوجۆرە

---

(٥٠) لە ژێرەوەی ناوی ژمـارە یەکی «کوردستـــان» نـوسراوە : «کردلری ایقاظ وتحصیل صنایعه تشویق ایچون شمدیلك» . لە ژمارە سـێوە ئەم دروشمە وای لێ هات : «کردلری تحصیل علوم و فنونه تشویـق ایدر نصائح و ادبیات کردیەیی حاوی» .

(٥١) لە زۆر ژمارەی «کوردسـتان»دا ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەر دەکەونە بەرچاو : «العلماء ورثة الانبیـاء» ، «العلم علمـان ـ علم الابدان وعلم الادیان» ، «الکاسب حبیب الله» ، «اطلبوا العلم من المهد الی اللحد» ، « طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة » ، «شهد الله انه لا الــه الا هو والملائکة و اولوا العلم» . هەندە جاری «کوردستان» وتاری بــە ناونیشانی وا بڵاو دەکردەوە : «فضیلة التعلم» (ژمارە پێنج) ، « هــل یستوي الذین یعلمون والذین لایعلمون» (ژمارە هەشت) ، «رتبة العلم اعلی الرتب» (ژمارە نۆ) و هیتر .

لاوی کورد بجولێنێ (٥٢) ، دەیویست لە ڕێگەی قسەی پڕ بایەخی شاعیری گەورەی وەك خانی یەوە کورد بۆ «اتفاق» هاندا (٥٣) .

هەرکات ناوی «کوردستان» هاتە پێشەوە دەبێ دوو ڕووی پڕ شانازی ئەم ڕۆژنامەیە بخرێتە بەر چاو ، یەکەمیان هەڵوەستی یە بەرامبەر گەلی ئەرمەن و ئەوی تریان بەرامبەر بەو دەزگا سەربازی یە دواکەوتووەی سوڵتان دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدە بە ناوی «سوارەی حەمیدی»یەوە لە پیاوی چەکداری هۆزانی کورد دایمەزراند .

وەك ئاشکرایە لە نەوەدەکانی سەدەی رابوردووەوە فەرمانڕەوا شۆڤێنی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ناحەق کەوتنە گیانی نەتەوەی ئەرمەن و ویستیان هۆزە چەکدارەکانی کورد بکەنە یەکێك لە داردەستە هەرە کاریگەرەکانی جێبەجێ کردنی ئەو کارە گڵاوەیان (٥٤) ، پەردە لە ڕوو لادانی ئەو کارە و بەرهەڵستی کردنی بۆ قۆناغی خۆی ئەرکێکی ئاسان نەبو ، لەو کاتەدا کە زۆرکەس کوێرانە دەستی خۆیان بە خوێنی ئەرمەن ڕەش دەکرد و لەوانیش زیاتر دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە دەگرت با نەیبا «کوردستان» دڵسۆزانە بانگی نەوەی کوردی دەکرد لە مەبەستی ڕاستەقینەی سوڵتان عەبدولحەمید بگەن و نەبنە هۆی لەناوبردنی ئەرمەنی دراوسێی دێرینیان ، بەپێچەوانەوە ، «کوردستان» بەگەرمی داوای لێ دەکردن پارێزگاری برا ئەرمەنەکانیان بکەن هیچ نەبێ لەبەرئەوەی هەردوو لایان وەك یەك گیرۆدەی زوڵم و زۆری سوڵتان عەبدولحەمید و دەستە و دایەرەی

(٥٢) بۆ ئەمەش زۆر جار «کوردستان» پەنای دەبردە بەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ، وەك «حب الوطن من الایمان» ، «علو الهمة من الایمان» .

(٥٣) بۆنمونە بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٤ ، ١٢ ذوالحجة ١٣١٦ . بۆ هەمان مەبەست وتاری لەژێر ناونیشانی وادا بڵاو دەکردەوە : «واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولاتفرقوا» (ژمارە یازدە) .

(٥٤) بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە : د. کمال مەزهەر ، کوردستان.. ، چاپی کوردی ل ٨٩ ــ ١٥٦ ، چاپی عەرەبی ل ٢٢٥ ــ ٣٠٢ .

ئەون (٥٥) ، داوای لێ دەکردن شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بکەنە نمونـە و دەرسی لێ وەرگرن چۆن کاربەدەستانی ئەسـتەمۆڵ لە حەفتـاکانی سەدەی نۆزدەدا نەیانتوانی دژی گاوران هانی دەن . جاریوا هەبۆ «کوردستان» لە دلسۆزییـەوە بە رەقی روی دەمـی دەکردە گەلی کورد تـاوەکو زیـاتر بیبزوێنێ و لەو کارە ناهەموارەی دوورخاتەوە (٥٦) .

عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی سەرنوسـەری «کوردسـتان» راستترین هەلوەستی بەرامبەر کوشتارەکانی ئەرمەن هەبۆ . کار گەیشـت بـەوەی ئەم پیاوە دووربینە بەئاشکرا حاشای لە عوسـمانی کوژێ کرد چونـکە لە کوشتاری ئەرمەندا بەشدار بو (٥٧) .

بە هەمان چەشن «کوردستان» بە ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە «سـوارەی حەمیدی» و مەبەستی شارراوەی دامەزرانی هەلسەنگاند . کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە سەرەك هۆزانی کورد رەشبەلەکیان بەبۆنـەی دامـەزراندنی ئـەو دەزگایەوە دەگێڕا و هیوایان هەبو وای دەزانی خێر و بەرەکەت بۆ هەمـو کورد دێنێ (!) ، «کوردستان» بە هەمـوانی رادەگەیـاند کە مەبەستی سەرەکی «سوارەی حەمیدی» خەریك‌کردنی کورد و خۆش‌کردنی ئاگری دوبەرەکی نێوان ئەوان و ئەرمەنە تاوەکو دژی سیاسەتی چەوسـاندنەوەی سولتان یەك نەگرن . دیارە دەزگایە بۆ کاری وا نالەبار دامەزرابێ دەبۆ لـە

---

(٥٥) «کردستان» ، ژمارە ٢٦ ، ٢٢ی رەمەزانی ١٣١٨ ، ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٠١ .

(٥٦) بۆنمونە بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٢٧ ، ٢٢ی ذوالقعدەی ١٣١٨ ، ١٤ی مارتی ١٩٠١ .

(٥٧) بڕوانە :

E. E. Ramsaur, The Young Turks. Prelude of the Revolution of 1908, Princeton — New Jersey, 1957, P. 63.

زیان بەولاوە هیچی لێ چاوەڕوان نەکرێ [٥٨] . جێگەی تەقدیر و نیشانەی دوربینی‌یە کە «کوردستان» بە هەمان دەستور رۆی کردۆتە نیشتمانپەروەرانی عەرەب و داوای لێ‌کردون بە قسەی سولتان هەلنەخەلەتێن و رێگە نەدەن بە دامەزرانی «سوارەی حەمیدێ» لەناو هۆزی چەکداری عەرەبدا .

زۆر رۆی‌تری «کوردستان» وەك یەکەم رۆژنامەی کوردێ سەرنج رادەکێشن . «کوردستان» لە هەر رێگەیەکەوە بۆی لوابێ هەولی داوە هەستی‌کورد بە شێوەیەکی دیموکراسی‌یانە بجزوێنێ . لەبەر خاتری ئەم مەبەستە زۆر لاپەڕەی «کوردستان» بۆ باسی ئەدەب و مێژۆی کورد تەرخان‌کراون و بە بەیتی پڕمانای «مەم و زین»ی خانی رازێنراونەوە [٥٩] .

لەبەر ئەمانە و زۆر هۆی‌تری وەك ئەوان دەبێ «کوردستان» ئاوارەی ولاتان و میوانی شاران بێ . راستە زۆر ئۆرگانی نیشتمانپەروەرانی تری ناو ئیمپراتۆرێ عوسمانێ وەك «کوردستان» دەربەدەر بون ، بەلام هیچ کامیان بەرادەی ئەو ناچار نەبون شارەو شار کەن : ژمارە یەك تا پێنجی لە قاهیرە و شەش تا نۆزدەی لە جنێف و بیست تا بیستو سێی دیسان لە قاهیرە و تەنها بیستو چواری لە لەندەن و بیستو پێنج تا بیستو نۆی لە فۆلکستۆنی باشوری ئینگیلتەرە و سێ و سێیەکی جارێکی‌تر لە جنێف چاپ‌کراون . ئەم «گەشتە»ی « کوردستان » تەنها ٤٧ مانگ و ٢٢ رۆژی خایاند . هەر لەبەرئەوەشە کە لەوماوەیەدا لە بریتی (٩٦) تەنها (٣١) دانەی لێ دەرچو ، واتە لە بریتی پازدە رۆژ کە بڕیار بو ، هەر ژمارەیەی پتر لە ٤٥ رۆژی بەردەکەوێ . گەلێ‌جار خاوەنی «کوردستان» داوای خوش‌بونی لە خوێنەر کردووە چونکە نەیتوانیوە کاتی خۆی رۆژنامەکەی دەرکا [٦٠] .

---

(٥٨) بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٢٨ ، ١ جمادی الاخرەی ١٣١٩ ، ١٥ی ئەیلولی ١٩٠١ .

(٥٩) لە بەشی پێنجەم جارێکی‌تر دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٦٠) بڕوانە : ژمارە ١٦ و ٢٤ و ٢٨ .

دەرچونی «کوردستان» بووە گرێیەکیتر لە ناخی دلی سولتان عەبدولحەمید و دەستەو دایەرەکەیدا • ئاوەرۆکی ئەو ژمارانەی «کوردستان» کە بۆ یەکەمجار لە قاهیرە چاپکران رۆن نیشانی دەدەن چۆن پیاوانی سولتان کەوتونە شەڕ فرۆشتن و بیانوگرتن بە میقداد مەدحەت بەدرخان • کار گەیشتووە بەوەی داوایان لە کاربەدەستانی میسر کردووە وەك «تاوانبارێك» میقداد مەدحەت بدەنەوە دەست ئەستەمۆل [٦١] • وادیارە ئەمە پالی نا بە بەدرخانییەکانەوە ناچار «کوردستان» بگوێزنەوە ئەوروپا •

پەیوەندیی نزیکی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەگەل نیشتمانپەروەرانی تورك زیاتر رقی سولتان عەبدولحەمیدی هەلدەستاند • زۆر لە بیروباوەڕی کۆمەلی «تورکانی لاو» لە ئاوەرۆکی وتارەکانی «کوردستان»دا ئاشکرا رەنگیان داوەتەوە • عەبدوڕڕەحمان بەدرخان یەکێك بو لە بەشدارانی یەکەم کۆنگرەی ئەم کۆمەلە کە شوباتی سالی ١٩٠٢ لە پاریس بەسترا • جگە لەوە جاروباریش لە رۆژنامەی «عوسمانلی» ئۆرگانی ئەو کۆمەلەدا وتاری بلاودەکردەوە [٦٢] • سەرەڕای هەمو ئەمانە ژمارەکانی ئەوروپای «کوردستان» ئاشکرا لە چاپخانەکانی کۆمەلی «تورکانی لاو» چاپدەکران • لە دوا لاپەڕەی زوربەی ئەو ژمارانەی لە ئەوروپا چاپکراون ناوی ئەو چاپخانانە بەئاشکرا تۆمار کراوە •

---

(٦١) تایبەت بڕوانە سەروتاری ژمارە پێنجی «کوردستان» کە بریتییە لە نامەی میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ سولتان عەبدولحەمید . شایانی باسە ئەو سەردەمە گەلێ جار کاربەدەستانی ئەستەمۆل داوای داخستنی رۆژنامە ناحەزەکانی سولتانیان لە خدێوی میسر دەکرد (بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٦٧ ــ ١٦٨) .

(٦٢) بڕوانە : E. E. Ramsaur, OP. Cit., P. 63. بەشی زۆری ژمارە ٣١ی «کوردستان» (١٤ی نیسانی ١٩٠٢) بۆ باسی هەوالی ئەو کۆنگرەیە تەرخانکراوە .

دیاره ئەمەندە بەس بۆ بۆئەوەی خاکی کوردستان لە «کوردستان» قەدەغە کرێ • خاوەن و خوێنەرانی چەند جارێ باسی ئەمەیان لەسەر لاپەڕەکانی «کوردستان» خۆی کردووە • بەلاّم کپ کردنی دەنگی خەباتکەری رەسەن کارێکی مەحالە • بەپێی ئەو یاسا چەسپاوە «کوردستان» توانی وەك یەکەم رۆژنامەی کوردیێ تا رادەیەکی زۆر دەوری مێژوویێ خۆی بینێ • وەك لای راستی ناوی رۆژنامەکە خۆیەوە نوسراوە خاوەنی هەرجارە دوو هەزار دانەی لێ ناردۆتە کوردستان بەوونیازەی بێ پارە بەسەر خەلکدا دابەش بکرێن (٦٣) • دوور نییە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە گرنگە بەدرخانییەکان پەنایان بردبێتە بەر یاریدەی نیشتمانپەروەرانی تورك و ئەرمەن • هەر چۆن بێ ئەو سەردەمە ناردنی رۆژنامەی نەیاری سولتان عەبدولحەمید بۆ خەلکی ناو ولاّت کارێکی باو بو • بەزێوەبەرانی ئەو رۆژنامانە هەزار و یەك فڕوفێلیان دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەیان : جاریوا هەبو رۆژنامەکانی خۆیان دەخستە ناو چاپەمەنێ ئەوتۆوە کە وێنەی سولتان یا باسی باشی ئەویان تێدا بو • رۆژنامەنوسانی عەرەبیش بۆ سەر لێ شێواندنی عوسمانی و ئینگلیز یا پیاوانی خدێو پەنایان دەبردە بەر ئەو جۆرە فێلە • یەکێکیان دە جار ناوی رۆژنامەکەی خۆی گۆڕی (٦٤) دیارە بۆئەوەی نەناسرێتەوە و بەوجۆرە بگاتە ناو ولاّت •

گومان لەوەدا نییە لە هەر رێگەیەکەوە بوبێ بەدرخانییەکان

---

(٦٣) ئەم راستییە بە کوردی و بە تورکی لای راست و چەپی سەرەوەی زیاتر لە نیوەی ژمارەکانی «کوردستان» نیشان دراوە . لای راستەوە نوسراوە : « هر جار دو هزار جریدیا بی پَرَه ازی ریکم کردستانی دەبدەن خەلکی» یا « . . . دە بلاش بدنخەلکی» . لە هەندێ ژمارەدا دوو هەزارەکە بۆتە «دو صد» و لە هەندێکیتریشدا وایلێهاتووە «کردستان داخلندە خصوصی استەیتلرە مجاناً کوندریلور » .

(٦٤) بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٢ ـ ٤٣ ، ٧٢ .

«کوردستان»یان دەگەیاندە دەست سەرەك هۆز و روناکبیرانی کورد • لە زۆر نوسینی ناو «کوردستان»ەوە دەردەکەوێ ژمارەکانی زوبەزو دەگەیشتنە زۆر ناوچەی کوردەواریێ و شوێنیتری ناو دەوڵەتی عوسمانی • هەر زو پەیوەندێ لەنێوان خاوەنی «کوردستان» و روناکبیری کوردا دروست بو • لە لاپەڕە چواری ژمارە دۆی «کوردستان»دا میقداد مەدحەت بەدرخان باسی نامەی «هەندێك میر و ئاغای کورد» دەکا و دەڵێ داوایان لێ کردووە باسی « حاڵی نهۆ و ئەدەبیاتا کوردێ» بڵاو بکاتەوە • لە ژمارە سێیدا نامەی کوردێکی شام بڵاو کراوەتەوە کە باسی ئەوە دەکا چۆن «کوردستان»یان پێ گەیشتووە و خەڵك لە خۆشیانا ماچیان کردووە و کۆتاییش گەلێك رەحمەتی بۆ میقداد مەدحەت و باو و باپیری ناردووە • دوای ئەوە بە دۆ ژمارە نامەی « اطنەیی سید طاهر بوظی »ی بڵاوکردۆتەوە کە خاوەنی بەرز ناوەرۆکی «کوردستان»ی نرخاندووە و باس دەکا چۆن لە «خوێندنەوەی تێر نەبووە» و داوا دەکا هەرجارەی «چل پەنجا» دانەی بۆ بنێرن چونکە ئەدەنە «وەك بازیری کوردی لیهاتووە» و « هەر ساڵەی دە پازدە هەزار» کوردی تێدەرژێ و گەلێکیان ، وەك دەڵێ ، لەوێ دەمێننەوە [٦٥] • لە ژمارەیتری «کوردستان»دا نامەی خەڵکی ماردین و دیاربەکر و موسڵ و شوێنیتر بڵاوکراوەتەوە [٦٦] • لەوەش گرنگتر : لەسەر لاپەڕە چواری ژمارە سیازدە لیستەی ئەو پارەیە بڵاوکراوەتەوە کە بەشدارانی «کوردستان» لە دیاربەکر و سلێمانی و ئەدەنەوە ناردویانە •

وادیارە «کوردستان» لە دەرەوەش ، تایبەت لەناو رۆژهەڵاتناسانا ، دەنگی داوەتەوە • عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ژمارە سیازدەی «کوردستان»دا

---

(٦٥) زۆر کەم دەستکاریێ قسەی ناو کەوانەکان کراوە ئەویش بەنیازی گونجاندنی ئەو شوێنانە لەگەڵ ناوەرۆکی رستەکان •

(٦٦) بڕوانە : ژمارە ٨ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و هیتر •

باسی ئەوە دەکا چۆن لەوەتەی دەستی کردووە بە دەرکردنی رۆژنـامەکەی «گەلێك مرۆڤی ئەجنەبیِ ئەڵەمان و نمچە (نەمسایی ـ ك٠ م٠) و ئینگلیـز» ئیشتراکیان تێدا کردووە «علی الخصوص یەك ئەڵەمان هەیە ناوی ڤیِ مسیۆ (مارتن هارتمـان)ە » کە زوربەی زمـانی گەلانی رۆژهـەڵات دەزانێ و تەنانەت لەگەڵ ئەو خەریکی فێربونی کوردیشە ٠ هیـچ دوور نیەیە ئەو ٢٦ ژمارە دەگمەنەی «کوردستان» کە لە کتێبخـانەی دەولـەتی مـاربورگی ئەڵەمانیای رۆژئـاوا پارێزراون هەر ئەوانـە بن کە کاتی خۆی بۆ زانـای بەناوبانگ هارتمان [٦٧] چۆن ٠

شایانی باسە ژمارەکانی یەکەم رۆژنامەی کوردیِ ئیستە زۆر بەدەگمەن دەستدەکەون ٠ جگە لەو ٢٦ ژمارەیەی کتێبخانەی دەولەتی مـاربورگ کە کاتی خۆی دوکتۆر کەمال فوئاد بە ئۆفسێت بلاوی کردنەوە ١٨ ژمـارەش لەوانەی سالی ١٨٩٩ و بەدواوە چاپ کراون لە کتێبخانەی نیشتمانیِ ئەنقەرە پارێزراون [٦٨] ٠ ژمارە یەکیشی لە کتێبخانەی لقی دەزگای رۆژهەلاتناسیِ سۆڤیەت لە لێنینگراد هەیە ٠ لە کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری کورد» ژمارە پێنج و لاپەڕە سێ و چواری ژمارە سێی هـەن [٦٩] ٠ یەکەمیـان لەسـەر کاغەزێکی تەنکی رەنگ سەوز و دووەمیـان لەسـەر کاغەزێکی زەردباو

---

(٦٧) پرۆفیسـۆر مارتن هارتمـان (M. Hartmann) (١٨٥١ ــ ١٩١٨) عەرەبناسێکی ناوداری ئەڵەمانە ، زۆر شارەزای مێژۆی ئیسلام بوە .

(٦٨) بڕوانە
((Eski harfli Türçe süreli yayinlar toply Katalogu)) , Ankara, 1963.
زۆر سوپاس بۆ دوکتۆر سەنان سەعید کە سەرنجی بۆ ئەم راستیـیە راکیشـام .

(٦٩) دیاریِ ئەندامی یاریدەری کۆڕ بەڕێز رەوشەن بەدرخانن .

چاپکراون [٧٠] ، دوور نیه جگه لهمانه ژمارهی‌تری «کوردستان» لهم‌لا و لهولا دهست‌بکهون [٧١] .

پیاوانی سولتان ههولێکی زۆریـــان لهگهڵ نهوهی بهدرخان پاشـــا دا بۆئهوهی دهســـت لـــه بڵاوکردنـــهوهی «کوردســـتان» هـــهلگرن ، وهك لهپێشیشـــهوه باسمانکرد سولتان عهبدولحهمید ئاماده بۆ ههمۆشتێك بکا تهنها بۆئهوهی ناحهزانی دهرهوهی به لای خۆیدا راکێشێ ، بهوجۆره توانی زۆر سهردار و رۆژنامهی نایاری خۆی بکڕێ که یهکێکیان رۆژنامهی ناوداری «مشورت» بۆ [٧٢] که تورکانی لاو له دهرهوهی ولآت دهریاندهکرد .

تائیسته بۆمان ساغ نهبۆتهوه «کوردستان» چـــۆن و بۆ له دهرچـــون وهستا ، وهك رامزۆر باس دهکا گوایه «نوێنهرانی سولتان ســـالی ١٩٠٤ توانیویانه (عهبدورڕهحمان بهدرخـــان ـــ ك٠ م٠) قـــایل کهن دهســـت لـــه بڵاوکردنهوهی رۆژنامهکهی ههلگرێ» [٧٣] ، ههرچهنده دوور نیه وهستانی « کوردستان » ئهنجامی کارێکیوا بوبێ ، بهلاّم لهگهڵ ئهوهش پێویستـــه چهند راستیهك بۆ مێژۆ تۆمار بکهین ، بهر له ههمۆ شـــت دوا ژمـــارهی زانراوی «کوردستان» نیسانی سالی ١٩٠٢ دهرچووه نهك ١٩٠٤، لهوکاتهشدا عهبدورڕهحمان بهدرخان له ریزی پێشهوهی ناحهزانی سولتان عهبدولحهمید بۆ ، ههمۆی مانگێك بۆ له یهکهم کۆنگرهی تورکانی لاو گهڕابۆوه جنێف . جگه لهوه تا دوا ژمارهی زانراوی «کوردستان» [٧٤] به تۆسقاڵ بۆنی ئهوه

---

(٧٠) بڕوانه : «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بـــهرگی یـــهکهم ، بهشـــی یهکهم ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩٧ ، ٤٠٢ .

(٧١) له قاهیره بهدوای ژمارهکانی «کوردستان»دا گهڕام ، بهداخهوه گهڕانهکهم بێئهنجـــام بۆ .

(٧٢) بڕوانه : E. E. Ramsaur, Op. Cit., P. 53.

(٧٣) Ibid, P. 63.

(٧٤) به قســـهی مامۆســـتایان محهمهد ئهمین زهکی و محهمـــهد عهلی عـــهونی

ناکرێ خاوەنی لە ڕێبازی کوردایەتی ڕاست و خاوێن لای دابێ • دوور نییە لەبەر کەمدەستی یا لەژێر فشاری چەتەولەکانی سوڵتانا یا لەبەر مەبەستێکی سیاسیتر «کوردستان» لە دەرچوون وەستابێ •

ئەمەبوو بەکورتی داستانی لەدایکبوون و ژیانی پڕ ئێش و ئازاری یەکەم ڕۆژنامەی کوردی • بڕوا ناکەم مێژوونوسێکی خاوەن ویژدان هەبێ ئـەم

«کوردستان» دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ ماوەیەکیش لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە (بڕوانە : محمد امین زکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٧٠). چاپەمەنییەکانی «خۆیبوون»یش وادەڵێن (بڕوانە : د. بلەچ شیرکوە ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥١ ؛
((La Question Kurde. Ses origines et ses causes)), Par Le Docteur Bletch Chirguh, Le Caire, 1930, P. 19)

تاوەکو ئێستە ئەم ڕاستییە بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە . گەر وابوایە هیچ نەبێ دەبوو ئەو ژمارانەش لە کتێبخانەی نیشتمانی ئەنقەرە ناویان وەك ئەوانەی دەرەوە هەبوایە (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ٦٨) . لەگەڵ تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان گۆڤارێك لە ئەستەمووڵ بە ناوی «کوردستان»ەوە کەوتە دەرچون . مامۆستا عەلائەددین سەجادی و ئەو نوسەرانەی دوای ئەو باسی گۆڤاری ناوبراویان کردووە بە هەڵە ١٩١٧یان بە ساڵی دەرچوونی داناوە و بە ڕۆژنامە ناویانبردووە . لەوە دەکا مامۆستا سەجادی ساڵی ڕۆمی ئەو ڕۆژنامەیەی وەك ساڵی کۆچی (هیجری) گۆڕیبێتە سەر ساڵی عیسایی . جگە لەوەی خۆم ١٩ ژمارەی ئەو « کوردستان »ەم دیوە ، بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراویتریش بەدەستەوەیە گومان لەوەدا ناهێڵێ ئەم «کوردستان»ە دوای شەڕی یەکەم چاپکراوە نەك لە جەنگەی شەڕدا:لە بەرگی پشتەوەی ژمارە ١١ی گۆڤاری «ژین» کە دوای تەواوبونی شەڕی یەکەم دەستی بە دەرچون کرد (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ١٤) بەنیازی ڕاگەیاندن باسی دەرچونی ژمارە دووی «کوردستان» بڵاوکراوەتەوە.لە هەمان شوێنی ژمارەکانیتری گۆڤاری « ژین »دا باسی دەرچوونی یەك لەدوای یەکی «کوردستان» بڵاو کراوەتەوە . سەرەڕای هەموو ئەمانە لە ساڵەکانی شەڕدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی لەبەر بێدەرامەتی دامو دەزگای خۆیان دەبێچایەوە یا زۆر لەجاران کەمتر دەردەچون . بڕوا ناکەم ڕوناکبیری کورد ئەوساڵانە توانای دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری هەبوبێ.

داستانە بە سەرەتایەکی پرشنگداری پڕ ماناو بەڵگە دانەنێ • هەر لەو سەرەتایەشەوە ڕوون دیار بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕۆژنامەنوسێ کوردێ بەستەیە بە ڕادەی ڕەسەنێ سروشتی دیموکراسێ ئەو ڕژێمانەی وا هات کورد لەژێر سایەیاندا بژێ • ئەوەبو تا شۆڕشی سالی ۱۹۰۸ی تورکیا سەرنەکەوت ڕۆژنامەیەکی‌تری کوردێ چاوی هەڵنەهێنا •

هەروەك دوکتۆر لازەریێف دەڵێ لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ۱۹۰۸ «بەهارێکی کورت» لە ژیانی کوردا دەستی پێ‌کرد (۷۵) • بۆ یەکەم‌جار مێژۆی کورد چەند کۆمەڵ و دەزگایەکی ڕوناکبیری و سیاسێ بەخۆیەوە بینی • پایزی سالی ۱۹۰۸ ، واتە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ناوبراو (۷٦) ، ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری شەمزینێ و ژمارەیە سەرداری ناسراوی‌تر کۆمەڵی «تەعالیێ و تەرەقێ کوردستان»یان دامەزراند و بەناوی‌یەوە «کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی »یان بڵاوکردەوە • زۆری نەخایاند قوتابیانی کوردێ ئەستەمۆڵ کۆمەڵی «هیڤی»یان دامەزران و سالی ۱۹۱۳ش دەستیان‌کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «ڕۆژ کورد» (۷۷) • هەر لەو دەوروبەرەشدا گۆڤارێکی‌تر کە ناوی

---

(۷۵) م. س. لازەریێف ، مەسەلەی کورد ، ل ١٤٥ .

(۷٦) شۆڕشی تورکانی‌لاو کە بە مەشروتە و شۆڕشی ئیتیحادی ناسراوە تەموزی سالی ۱۹۰۸ بەرپابو .

(۷۷) ژمارە ۳ی «ڕۆژ کورد» (ڕۆژی کورد) یەکی ئابی سالی ۱۳۲۹ (۱۹۱۳) دەرچووە . ژمارە ٤ی ڕۆژی ۳۰ی ئابی هەمان سال چاپ‌کراوە . بەمەدا وا دەردەکەوێ «ڕۆژی کورد» مانگانە بوبێ و ژمارە یەکی سەرەتای حوزەیرانی سالی ۱۹۱۳ یا ئەو دەوروبەرە دەرچوبێ . لێرەدا پێویست و گرنگە سەرنج بۆ ئەو قسەیەی مینۆرسکی ڕاکێشین کە دەڵێ ئەم گۆڤارە کە بەر لە دەست‌پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهان ناوی بووە «هەتاوی کورد» لەناو خەڵکدا زۆر بڵاو بۆ بەرادەیە ، وەك دەڵێ ، خۆم «لە ناوچەی دۆری سلێمانێ» هەوالیم بیست (بڕوانە : ف. ف. مینۆرسکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨) .

«یەكبۆن» بۆ كەوتە دەرچۆن [٧٨] .

رۆژنامەنۆسی كوردێ لە سەرەتاوە بە پێی سروشـــتی مەرجی مێژۆیێ ئەو قۆناغە و لە قەوارەی تێگەیشتنی نیشتمانپەروەرانی ئەو سەردەمە جێگەی دیاری بۆ مەسەلەی خوێندن و خوێندەوارێ و ژیانی روناكبیرێ تەرخانكردە چەند رۆیەكی ئەم لایەنەمان لەگەڵ باسی یەكەم رۆژنامەی كوردێ خستە بەرچاو . بەنیازی زیاتر رۆنكردنەوەی ئەم باسە گرنگە پەنا دەبەینە بـەر چەند نمونەیەكیتری رۆژنامە و گۆڤارەكانی ئەو سەردەمە .

ئەوانەی ژمارەی «كورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی»یان دیوە دەڵێن ناوەرۆكی بۆ مەسەلەی نەتەوەیێ و زمان و ژیانی روناكبیرێ و فۆلكلۆری كوردێ و ئەو جۆرە باسانە تەرخان كرابۆو لەناو كۆمەڵانی خەڵكدا بـاش دەنگی دابۆوە [٧٩] . «رۆژی كورد» و «یەكبۆن»یش بەشی هەرە زۆری لاپەڕەكانیان بۆ ئەو جۆرە باسانە تەرخان كردبۆ . سەروتاری ژمارە سێی «رۆژی كورد» «قەڵەم بەر لە شێر»ە . خـاوەنی وتار هـەمۆ دواكەوتن و گیرۆدەیێ كورد لەوەدا دەبینێ كە «بایەخیـان داوە بە شـێر نەك قەڵەم» . نرخدان بە زانیارێ و زانست لای «رۆژی كورد» وەك جێبەجێكردنی ئەركی ئایینی وایە و بێ ئەو «حەقی خۆمـانە لەم ژیانە ناخۆشـەدا بژێن» [٨٠] . «یەكبۆن»یش لە ژمارە دۆیدا بەداخەوە باســی ئەوە دەكا چـۆن «لەگەڵ

---

(٧٨) وابزانم تائیستە كەس باسی ئەم گۆڤارەی نەكردووە . كاتی خۆی بەڕێز رەوشەن بەدرخانی خێزانی جەلادەت بەدرخان ژمارەیە لەو وتارانەی دامێ كە بە زمـانی توركێ لە «یكبـون» (یەكبـۆن) و «رۆژی كورد»ا بلاوكراونەتەوە و زوربەیان لە نوسـینی صالح بەدرخانی باوكین . بـۆ نوسـینی ئەم بەشە كەلكی زۆرم لەو وتارانە بینی .

(٧٩) بڕوانە : . A. Safrastian, Op. Cit., PP. 70 — 71 لە ئارشیڤی باسـیل نیكیتینیشـدا باسی لەوجۆرە هـەیە (بڕوانـە : م. س. لازەرێـف ، مەسـەلەی كورد ، ل ١٤٥ ، ٤٠٥) .

(٨٠) «رۆژ كرد» ، ژمارە ٣ ، ١ی ئابی ١٣٢٩ .

ئەوەش هیچمان لە گەلانیتر کەمتر نیـیە» کەچی هێشـتا «نەمـاتوانیوە دەسەڵات و توانای خۆمان لە ژیانـدا نیشـاندەین » چونکە « بەجـارێ نەخوێندەوار و نەزانین »[81] ، لەبەرئەوە سەیر نیـیە گەر هەمان گۆڤـار بەگەرمی داوا بکا کارێکیوا بکرێ زۆبەزۆ «بە لای کەمەوە ٤٠٪ یا ٥٠٪ی کورد فێری نوسین و خوێندنەوە بکرێن» ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە «یەکبون» روی دەمی دەکاتە لاوان و داوایان لێ دەکا «دەست لە خۆشی ژیان هەڵگرن » و «رو کەنە شاخە بەرزە ساردەکانی کوردسـتـان و ببنـە مامۆستا و رێنیشاندەری رۆڵەی ساکاری میللەت »[82] ، «ژین» داوای دەکرد «میللەت هەموو بخوێنن»[83] ، «بە رۆژ و بە شەو بخوێنن ، مەکتەب فەکەن ، تەحصیل بکەن»[84] .

ئەم هاوارەی ئەستەموڵ هەر لەو رۆژانەدا لە بەغداش دەنگی دایەوە ، جەمالەددین بابان رۆژی ١٢ی «ربیع الاول»ی ساڵی ١٣٣٢ ك ، واتـە ٨ی شوباتی ١٩١٤ ژمارە یەکی گۆڤاری «بانگ کرد» (بانگی کورد)ی بە تورکی و کوردێ بڵاوکردەوە[85] ، گۆڤاری بەغدامان کوردی هاندەدا دەرس لـە «قەومێکی پچوکی وەك ژاپۆنیا» وەرگرێ چونکە ئەو بە « سایەی سەعی و تەقدیری قیمەتی وەختیان دەوڵەتێکی عظیمی وەکو روسیەیان شکان و تارومار

---

(٨١) «یکبون» ، ژمارە ٢ ، ١٩ی ئەیلولی ١٣٢٩ .

(٨٢) بڕوانە : «یکبون» ، ژمارە ٣ ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٩ .

(٨٣) «ژین» ، ژمارە ٦ ، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤ ، ل ١٦ .

(٨٤) «ژین» ، ژمارە ١٢ ، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥ ، ل ١٦ .

(٨٥) لە چاپخانەی «الاداب»ی بەغدا چاپدەکرا . لە ژمارە یەکیـەوە تـا ژمارە سێی بەسەریەکەوە ٧٢ لاپەڕەن ، واتە هەر ژمارەیەی ٢٤ لاپەڕە بو . بەپێی زانیاریەکانی مامۆستا عەبدوڕڕەزاق حەسـەنی «بـانگی کورد» پێنج ژمارەی لێ دەرچووە (بڕوانـە : عبـدالرزاق الحسـنی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٥) . ئێمە تەنها سێ ژمارەی ئەم گۆڤارەمـان دیـوە .

کرد »[٨٦] . «بانگی کورد» «هاوار و داد و بێدادی» بۆ بۆ دامەزرانی کۆمەڵێك ناوەکو «بە تەشویق و کۆششی» ئەو «لە هەمو جێگەیە مەکتەبێ گوشاد بکرێ و قەومی کوردان لەم جەهالەتە تخلیص بکا»[٨٧] . « بانگی کورد»یش بە چەشنی رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر هەوڵی‌دەدا لە ڕێگەی بزواندنی هەستی ئایینی‌یەوە خەڵك بۆ خوێندن هان دا . وەك نمونە ئەم چەند بەیتەی خوارەوەی دەخەینە پێش چاو :

بۆ تەرەققی موڵك و میللەت ئیحتیاجمان لازمە
سەرفی غیرەت چاکە با غەیبی نەکەین ئەم فرسەتە
مەحفەزەی دین و شەریعەتمانە خۆ خاکی وەتەن
ئاوەدانی ئەو بە زۆری عیلم و فەن و سەنعەتە
ئیمەش ئەگەر وابێ وەتەن ئەوانی‌یو مەعموور دەبێ
ڕستگاریمان دەبێ ئێمەش لە دەست ئەم ظولمەتە
دوژمنی عیلم و مەعاریف خانەمان ویران دەکا
زۆر خراپە و موهلیکە ، دەرمانی کەین ئەم عیللەتە [٨٨]

دوای ئەوەی ڕۆی شۆڤێنی سیاسەتی نەتەوەیی ڕژێمی نوێی تورکانی لاو دەرکەوت چاپەمەنی کوردی دیسان گلولەی کەوتە لێژی . تا شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ‌کرد سەرتاپای رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکان داخران . لەگەڵ تەواوبونی شەڕ و کەوتنی ڕژێمی دواکەوتوی تورکانی لاو بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەجاری خرۆشا و ئەنجام قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رۆژنامەنوسی ئەو گەلانەدا دەستی پێ کرد . رۆژنامەنوسی کوردیش ئەو سەردەمە بەجۆرێکی هەست پێ‌کراو

---

(٨٦) «بانگ کرد» ، ژمارە ٣ ، ١٣٣٢ ، ل ٦٨ . زۆر کەم دەستکاری شێوەی نوسینەکەی کراوە .

(٨٧) هەمان ژمارە ، ل ٦٩ .

(٨٨) هەمان ژمارە ، ل ٦٩ ــ ٧٠ .

بوژایەوە ٠ بەلاَم بەداخەوە تەمەنی ئەم قۆناغە بۆ کورد هەناسەیە بۆ ٠ قۆناغی داهاتوی رۆژنامەنوسیی کوردیی ــ وەك دوایی باسی دەکەین ــ پڕ لە روداو و بەسەرهاتی بێوێنــەیە ٠

پەیدابونی رۆژنــامەنوسیی کوردیی لە ئێران تــارادەیەك دواکەوت ٠ لێرەش دیسان یەکەم روناکبیری دوربین کە ویستی رۆژنــامەیەکی کوردیی دامەزرێنێ لە بنەماڵەی بەدرخــان بو ٠ ســەرداری نــاودار عەبدورڕەزاق بەدرخــان (٨٩) زۆ بــە دروســتی دەوری خوێنــدن و خوێنــدەواریی و رۆژنامەنوسیی بۆ ژیانی گەل نرخاند ٠ ئەوەبو ساڵی ١٩١٣ لە شاری خۆی لەسەر ئەرکی خۆی و پارەی کۆکراوەی خەڵك یەکەم قوتابخانەی کوردیی دامەزراند (٩٠) ٠ هەر لەوێش کۆمەڵێکی روناکبیریی دروست کرد و نیــازی بو چاپخانەیەکی لە دەرەوە بۆ بهێنێ و رۆژنامەیەکی بەناوەوە دەرکا ٠ بەلاَم چەند ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی نالەبار بونە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم نیازەی کە تا مردن لە مێشکی دەرنەچو (٩١) ٠ عەبدورڕەزاق بەدرخان لــە

---

(٨٩) عەبدورڕەزاق بەدرخان دەرەبەگێکی لیبرالیی کوردپەروەری دوربیــن و چالاك بو . لە کاری رۆژانەیدا بایەخی زۆری بە بلاَوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواریی دەدا . یەکەم کەس بو بیری لە دانانی ئەلفبــای کــوردیی بەپیتی لاتینی یا سلاڤی کردەوە (لەبارەیەوە بڕوانە : م. س. لازەرێف ، کوردستان و کێشەی کورد، ل ٦٩، ٧٠، ١٥٥ ــ ١٦٠ ، ٢٣٧ ــ ٢٤٠ و گەلێکیتر . هەروەها بڕوانە د. کمال مەزهەر ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی کوردیی : ل ٢٢ ، ٢٤ ، ٣٧ــ٣٨ ، ٣٩ ، ١٧٥ ، چــاپی عەرەبیی : ل ٥٠ ، ٦٤ ، ١٠٢ ، ١٠٣ ، ١٠٤ ، ٣٥٩) .

(٩٠) بڕوانە : ك. ، اول مدرسة كردية في ايــران ، ــ «التــآخي» (صفحــة «الثقافة الكردية» ــ ٨ ــ) ، ٢٠ تشرين الثاني ١٩٧٣ .

(٩١) ژمارەیە نوسەری کورد باســی ئەوەیــان کردووە گوایە عەبدورڕەزاق بەدرخان ســاڵی ١٩١٣ لە ورمێ رۆژنامەیەکی بە ناوی «کوردستان»ەوە دەرکردووە و گوایە دوای گرتنی لەلایەن رۆســەکانەوە سمکۆ لەســەر دەرکردنی بەردەوام بووە (بڕوانە : علاءالدين سجادي ، سەرچــاوەی

دەرەوەی ولاتیش (چ لە رۆسیا و چ لە فەرەنسـە) هـەولیدا رۆژنـامە یا گۆڤارێکی کوردی بەپیتی لاتینی بلاوکاتەوە .

میسیاتێرەکان یەکەم هەنگاویان لە مەیـدانی رۆژنـامەنوسی کوردی ئێراندا نا . وەك مینۆرسکی باس دەکا میسیاتێرە پروتستانتەکان لە سابلاغ (مەهاباد) بە یاریدەی دەزگا ئەلەمانیەکان گۆڤارێکی پچوکیان بە نـاوی «کوردستان»ەوە دەرکرد کە وتـار و فۆلکلۆری کوردی بلاو دەکردەوە . مینۆرسکی دەربارەی هەمان باس ئەوەشی تۆمار کردووە کە خۆی ژمـارە یەکی گۆڤاری ناوبراوی هەیە و نیسانی سالی ١٩١٤ دەرچووە (٩٢) .

دەستپێکردنی رۆژنـامەنوسی نەتەوەیی کوردی لە ئێران هـاوکاتی رۆژانی خەبات و دەسەلاتی ئیسماعیل ئاغای شوکاك (سـمكۆ)یە . دوای شەری یەکەمی جیهان و دەستپێکردنی قۆنـاغێکی نوێ لە بزوتنـەوەی سمکۆدا و دوای ئەوەی دەسەلاتی گەیشتە ورمێ کە چاپخانەی خۆی هەبۆ

ناوبراو ، چاپی یەکەم . لە چاپی دووەمیدا باسی نەکردووە ؛ محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو ؛ جمال‌خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩) . سەرەرای نەبونی هیـچ بەلگەیە لەمبـارەوە سـمکۆ بەر لـە عەبدوررەزاق بەدرخان لەلایەن رۆسەوە گـیرا و بە دەستبەسـەری نێررابە تبلیسی گورجستان (یەکەمیان سەرەتـای سـالی ١٩١٥ و دووەمیان ناوەندی هەمان سال گیرا) .

(٩٢) ف. ف. مینۆرسکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩ . مامۆستا ئەمـین زەکی باسی گۆڤاری «کوردستان» دەکا و دەلێ «میسـیاتێرەکان لە ورمێ دەریان دەکرد» (محمد امین زکی ، سەرچـاوەی نـاوبراو ، ل ٣٧٠ ـ ٣٧١) . مامۆستا عەلائەدین سەجادی و دوابەدوای ئەو نوسـەرێتر باسی ئەم گۆڤارەیان دوبارە کردۆتەوە و دەلێن «مانگی جاری لە ورمێ موبەشیرەکان لە سـالی ١٩١٢ دەریـانئەکرد ، بـەلام زۆر نەژیـا » (علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٠) . دیارە ئەمانە لەگەل قسـەکانی مێنۆرسکی تەواو یەكناگرنەوە ، هەرچەندە دوور نییە ئەم گۆڤارە لە ورمێ چاپکرابێ چـونکە لەوانـەیە ئەوکاتـە چاپخانە لە سابلاغ نەبوبێ .

دەستی کردە دەرکردنی رۆژنامەیە کە سەرەتا ناوی «رۆژ کرد ــ شەو عەجەم» [٩٣] (رۆژی کورد ــ شەوی عەجەم)ی لێ نا ، دوایێ ئەم ناوەی گۆڕێ بە «رۆژ کرد» (رۆژی کورد) و ئینجا بە «کرد» (کورد) ، لە سەرێ ناوی «کورد»ەوە نوسراوە : «واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا» ، لە ژێریشیەوە وێنەی دوو دەست لە یەکدا وەك نیشانەی یەکیەتی دروست کراوە، لای راستەوە نوسراوە : «جیگی ادارە ورمی ، چاپخانە غیرت ، مدیر محمد ترجانی [٩٤] ، مقالاتیك منفعت کردان تیدا بی وردگیری ، جاری لە هەر هەفتەدا یکیك چاپ دکری » [٩٥] ، لای چەپەوە نوسراوە : « حق رۆژنامە پیشەکی وردگیری ، داخلە سالیك ٥٠ خارجە ٦٠ قران ، ششمانك ٢٧ و ٣٥ قران ، قیمت یك نسخە دە شاهی ، قیمت اعلانات هر دیری دو قران » ، لەژێر ناوی رۆژنامەکە نوسراوە : « رۆژنامیکە سیاسی ادبی اخباری ، سرمقالی ترجمە دکری بفارسی ، دینوسی کوردیك بو هەمو کردان » [٩٦] ،

---

(٩٣) دەستکارێ جۆری نوسینی نەکراوە . دیارە مەبەست «رۆژی کورد ــ شەوی عەجەم »ە . (دەربارەی رۆژنامەکانی سمکۆ بڕوانە : محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیە ، تهران ، ص ٣٧١ــ٣٧٢).

(٩٤) مەبەست لە شێخ محەمەدی تورجانێ شێخ محەمەدی کوڕی مەلا محەمەد حسەینی کوڕی مەلا عەلێ قزلجیە . بنەماڵەی ئەم زانایە دانیشتوی گوندی قزلجەی نزیك پێنجوێن بوون . کاتی خۆی باپیری چۆتە تورجان کە کەوتۆتە نێوان سەقز و بۆکان . خۆی لە بۆکان لەدایكبووە . باوکی مامۆستای مزگەوت بو لە مەهاباد ، بۆ خوێندن چووە میسر و زۆر لەناو هاوەڵەکانیدا وەك پیاوێکی زیرەك ناوی‌دەرکرد و دوایێ وەك زانایەکی دەسەڵاتداری خامە رەنگین زیاتر ناسرا . لە بەغدا لە کلیەی شەریعە دەرسی دەوتەوە ، لە مزگەوتی حسەین پاشا و شبلێ و هێتر پێش‌نوێژێ دەکرد . مامۆستا حەسەن قزلجێ چیرۆکنوس یەکێکە لە خزمانی .

(٩٥) «جێگەی ئیدارە : ورمێ ، چاپخانەی (غیرەت) . مدیر محمد تورجانێ . مەقالاتێك مەنفعەتی کوردانی تێدابێ وەردەگیرێ ...» .

(٩٦) «... دەینوسێ کوردێ بۆ هەمو کوردان» .

دوای ئەوەی بزوتنەوەی سمکۆ سەرەتای بیستەکان نوشوستی هێنا و ورمێی لەدەستچۆ ناچار وازی لە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەشی هێنا . تا سەردەمی مەهاباد رۆژنامەنوسی کوردی ئەم ولاتە جارێکی تر خۆشی بەخۆیەوە نەبینی . لە ماوەی تاقە سالی مەهابادا نزیکەی ١٠ رۆژنامە و گۆڤار کەوتنە گەڕ و خزمەت :ــ

١ ــ گۆڤاری «نیشتمان» ــ ناوەندی سالی ١٩٤٣ دەرچو [٩٧] . ئۆرگانی کۆمەلەی «ژ. ك.» (ژیانەوەی کورد) بو . ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی بەسەر یەکەوە بە یەك بەرگ دەرچون . لە سەری سەرەوەی بەرگەکەی نوسراوە « الله » ئینجا «ژ. ك.» . هەروەها «نیشتمان . بڵاوکەرەوەی کۆمەلەی ژ. ك. گۆوارێکی ئەدەبی ، خوێندەواری ، کۆمەلایەتی ، سیاسیو

---

(٩٧) کاتی خۆی دوکتۆر رەحیمی قازی و دوکتۆر قادری مەحمودزادە گەلێ ژمارەی رۆژنامە و گۆڤاری مەهابادیان دامێ . زوربەی زانیاری ئەم بەشە لەوان دەرهێنراون . لە گۆڤاری «نیشتمان» کە بە سەرەتای رۆژنامەنوسی مەهاباد دادەنرێ تەنها ژمارە ٧ و ٨ و ٩م لەبەردەستدایە. مامۆستا سەجادی دەلێ «یەکەم ژمارەی لە حوزەیرانی ١٩٤٣دا دەرچو» (علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٥) . بەلام دوکتۆر رەحیمی قازی دەلێ یەکەم ژمارەی مایسی ١٩٤٣ چاپکرا (بڕوانە :

Гази Р.Г., Курдистанская демократическая партия - организатор и руководитель национально-освободительного движения в Иранском Курдистане (I945-I946 гг.), Автореферат дисс. на соискание уч. ст. канд. ист. наук, Баку, I954.

ر. ح. قازی ، پارتی دیموکراتی کوردستان ــ رێکخەر و رەهبەری بزوتنەوەی نەتەوەیی ــ رزگاریخواز لە کوردستانی ئێران (١٩٤٥ ــ ١٩٤٦) ، کورتەی نامەی دوکتۆری ، باکو ، ١٩٥٤ ، ل ١٧) .

مانگی کوردی»یە • لەژێر ئەم قسانەوە وێنەی صەلاحەدین چاپکراوە • ئەم سێ ژمارەیەی کە «سالی یەکەم»یان لاوە نوسراوە بەز مانگی خـاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣ کەوتون کە دەکەنە مـارت و نیسـان و مایسی سالی ١٩٤٤ • ژمارە یەکی لە تەورێز لە چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەن بەنهێنی چاپکراوە • زوربەی ژمارەکانیتری دیسان لە تەورێز چاپکراون • مامۆستا رەحمانی زەبیحی سەرپەرشتی بلاوکردنەوەی دەکرد • دوای مەهاباد لە عیراق سالی ١٩٤٨ژمارەیەکی بە چاپکراوی لێ بلاوکراوەتەوە • دلشادی رەسولی کە بە ناوی نادری‌یەوە بەرهەمی بلاوکردۆتەوە یەکێ لە نوسەرە چالاکەکانی بووە ، کاتی خۆی لە بەغدا خویندۆیە و مامۆستا بووە • هێمنی شاعیر دەلێ ئەو ئێمەی فێری ڕێنوسی کوردی کرد • نوسینی لە «گەلاوێژ»یشدا هەیە •

٢ ــ گۆڤاری «کوردوستان» • ژمارە یەکی رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ، واتە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ دەرچووە • لـەسەر بـەرگەکەی نوسراوە «بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان • گۆوارێکی ئەدەبێ کۆمەلایەتێ سیاسی‌یە • هەر پازدە رۆژ جارێك بلاو دەکرێتەوە » • لە مەهاباد لە چاپخانەی کوردستان چاپ دەکرا • ژمـارە چواری مـانگی بانەمەڕ ؛ مـایسی ١٩٤٦ چـاپکراوە • تا کۆتـایێ سـالی ١٩٤٦ چـەند ژمارەیەکیتری لێ چاپکرا (٩٨) •

٣ ــ رۆژنامەی «کوردستان» • ژمـارە یـەکی رۆژی پێنجشـەمۆی

---

(٩٨) بەپێی ئـەو زانیاری‌یـانەی کاك جەمـال خـەزنەدار لە رابـەرەکەیدا باسی‌کردون وادەردەکەوێ ئەم گۆڤارە گوایە لە دۆ مانگ کەمتر ژیاوە (لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥وە تاوەکو کۆتایێ کانونی دووەمی ١٩٤٦) (بڕوانە : جمال خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠) دیارە ئەمـە راست نی‌یە . سـەرچاوەکانی‌تریش لە باسی گۆڤـاری «کوردستان»دا کەوتونە هەلەوە (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٥ ــ ٦١٦) .

١٣٢٤/١٠/٢١ كه دەكاته ١١ى كانونى دووەمى ١٩٤٦ چاپ بووه • لـه سەرۆ ناوى ئەم رۆژنامەيەوه نوسراوه : «به تێوى خوداى بەرز و بێهاوتا»• لە ژێرىیەوه نوسراوه : «بڵاوكەرەوەى بیرى حیزبى دیموكراتى كوردستان»• هەر دۆ رۆژ جارێ ژمارەیەكى دەردەچو كه بارستى (٤٠ × ٢٧سم) بـۆ • تا داخستنى پتر له ١١٠ ژمارەى لێ بڵاوبۆوه •

٤ ــ گۆڤارى «هەڵاڵە» • ژماره یەكى بەر مانگى رەشـەمێى سـالى ١٣٢٤ دەكەوێ ، واته سەرەتاى مارتى ١٩٤٦ ، له بۆكان چاپدەكرا • ژماره ٢ى مانگى خاكەلێوه و ژماره ٣ى مانگى بانەمەڕى سالى ١٣٢٥ (نیسان و مایسى ١٩٤٦) چاپكراون • مودیرى ئیدارەى ح• قزلجى بۆ [99] •

٥ ــ گۆڤارى «هاوارى نیشتمان» • ژماره یەكى رۆژى ١ى خاكەلێوەى ١٣٢٥ كه دەكاته ٢١ى مارتى ١٩٤٦ له مەهـاباد چاپكرا • له سـەرەوەى نوسراوه : «بڵاوكەرەوەى بیرى یێكەتى جەوانـانى دیموكرات »ە ، واتـه ئۆرگانى رێكخراوى لاوان بووه •

٦ ــ گۆڤـارى «گزوگاڵى منـداڵانى كورد» • ژمـاره ٢ى یـەكى جۆزەردان و ژماره ٣ى یەكى پوشپەڕى سالى ١٣٢٥ (واته ٢١ى مـایس و ٢١ى حوزەیرانى ١٩٤٦) له مەهاباد چاپكراون [100] • بەوجۆره دەبێ ژماره یەكى یەكەم رۆژى مانگى بانەمەڕى هەمان ساڵ چاپكرابێ كه دەكاته ٢١ى نیسانى ١٩٤٦ • لەژێر نـاویدا نوسراوه : «بێـرى كارگەرانى چاپخـانەى كوردستان»ە • له ژمـاره ٢ و ٣ى «گزوگاڵى منـداڵانى كورد»ا چـەند دەرسێكى زمان و جوگرافیا بڵاوكراوەتەوه • «گزوگاڵ» قەت پێى نەگرت و بەوجۆره وەك گۆڤارى منداڵان بووه تاقانەى مێژۆى رۆژنامەنوسێ كوردێ•

٧ ــ گۆڤارى «هاوار» ، ژماره یەكى مانگى رەزبەرى سـالى ١٣٢٤

---

(٩٩) دیاره مەبەست مامۆستا حەسەن قزلجىیە .

(١٠٠) تەنها ژماره ٢ و ٣ى «گزوگاڵى منداڵانى كورد»م دیوه .

چاپکرا • لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها «هاوار» و لەسەر دووەمی «هاواری کورد» نوسراوە [١٠١] •

٨ ــ گۆڤاری «هاواری نیشتمــان» ، ژمــارە یــەکی رۆژی یــەکی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٥ ، واتە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ دەرچووە ، ئۆرگانی لاوانی دیموکرات بووە و لە مەهاباد چاپکراوە • کارگێڕی ص• ئەنجیری (ئازەر) بووە • لەسەر لاپەڕە یەکی نوسراوە «گۆوارێکی : ئەدەبی • ســیاسی • کۆمەڵایەتی »یە • ڕێبازی مارکسی لە ناوەرۆکیدا دیارە • لە سەرو ناوی گۆڤارەکەوە نوسراوە :

« باسەواد بیخوێنێتەوە بۆ بێسەوادان » •

لەبەر گەلێ هۆ رۆژنامەنوسی کوردیێ لە عیراق لە هەر شوێن زیــاتر هەلی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ هاتە پێشەوە [١٠٢] • سەرەتای مێژۆی رۆژنامەنوسی کوردیێ عیراق دەگەڕێتەوە چەند مانگێ بەر لە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان [١٠٣] • لە دواساڵی ئەو شــەڕەوە و بەتایبەتی لەگەڵ تەواوبونی قۆناغێکی نوێی زۆر گرنگ لە ژیانی رۆژنامەنوسی کوردیێ عیراقدا دەستی پێ کرد • رۆژنامەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایێ شێخ مەحمۆد و «ژیانەوە» و «ژێن» و «زاری کرمانجی» و «گەلاوێژ» و گەلێکیتر نمونەی پڕ بەڵگەی ئەم راستییەن •

(١٠١) چەند نوســەرێکی کورد باسی گۆڤاری «ئاوات»یان کردووە کە گوایــە ئەویش ساڵی ١٩٤٥ یا ١٩٤٦ لە مەهاباد چاپکراوە (بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، سەرچاوەی نــاوبراو ، ل ١٤٣ ؛ جمــال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٨) .

(١٠٢) لە دەمێ ساڵەوە چاپەمەنێ کوردیێ لە یەکیەتی سۆڤیەت بەشی خۆی لە برەودایە . یەکێ لە رووە دیــارەکانی ئەو چــاپەمەنییە رۆژنــامەی «رێیا تازە»یە کە دەیان ساڵە رێکوپێك بڵاو دەبێتەوە و لە زۆر لایەنەوە بە یەکێ لە رۆژنامە کوردییە هەرە پێشکەوتووەکان دادەنرێ .

(١٠٣) ئەو سەرەتایە لەگەڵ دەرچوونی «بانگی کورد»ا دەست پێ دەکا (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ٨٥) .

لەگەڵ ئەوەش ڕێگەی گەشەکردنی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی عیراق بێکەند و کەندەڵان نەبو • چەند نمونەیەکی کەمی ساڵانی پێش شۆڕشی گەلاوێژ دەتوانێ وێنەیەکی بێهاوتا لەمبارەوە بۆ خوێنەر بکێشێ • شێخ مەحمود بە هەمو توانا و دەسەڵاتیەوە ناچار بو ساڵی ١٩٢٣ ڕۆژنامەی « بانك حق » (بانگی حەق) لە ئەشکەوتی جاسەنەی ئەولای سورداشی نزیك سلێمانی چاپبکا [١٠٤] • ژمارە یەکی ڕۆژی ٨ی مارت بڵاوبۆوە • تا نیسانی هەمانساڵ تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچو کە مەبەستی سەرەکیی هاندانی کۆمەڵانی خەڵك بو دژی ئینگلیز • بەنیازی دەرکردنی «بانگی حەق» شێخ مەحمود بەر لە داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە چاپخانەی شارەوانیی «بلدیە»ی گواستەوە ئەشکەوتی جاسەنە[١٠٥] • ئەمە بۆخۆی گەورەترین بەڵگەی بەرزبونەوەی بایەخی ڕۆژنامەنوسییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی گەلی کوردا • ناوی ڕۆژنامەکەش بەئاشکرا باسی

---

(١٠٤) ژمارە ٣ی «بانك حق» (بانگی حەق) لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد هەیە . ئەم ژمارەیە ڕۆژی پێنجشەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٣٩ ، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نوسراوە . هەرلەوێدا ڕۆژی دامەزرانی «بانگی حەق» بەمجۆرە تۆمار کراوە «تاریخ تاسیسی : ٨ مارت ١٣٣٩» . لە ژێرەوەی ناوی ڕۆژنامەکە نوسراوە «ناشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق» . دوابەدوای ئەمە نوسراوە «سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزتەیکی رسمییە لە قرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان طەبع دەکرێ . غایە و ئەمەلی استحصالی حقوقی کوردانە» . ژمارە سێی «بانگی حەق» دوو لاپەڕەیە ، بارستی (١٣ × ٢ر٨سم)ە (بڕوانە : «بانك حق» ، ساڵ ١ ، ژمارە ٣ ، پینجشمبە ، ١٢ نیسان ١٣٣٩ ، ٢٦ شعبان ١٣٤١) .

(١٠٥) بڕوانە :

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, PP. 319 — 320 .

ئەم زانیارییانەی ئەدمۆندس دەربارەی «بانگی حەق» جێگەی بڕوان چونکە خۆی لەگەڵ ئەو هێزانەی ئینگلیز بو کە ئەو سەردەمە بە دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی شێخ مەحمودەوە خەریك بون و یەکێك بو لەوانەی دوای کشانەوەی شێخ و چەکدارانی چوونە ناو ئەشکەوتی جاسەنە .

ئەو حەقە دەکا کە ئینگلیز کردیانە قۆچی قوربانیِ بەرژەوەندە تایبەتیەکانی خۆیـان .

دیسان هەر شێخ مەحموود لە لەقەپۆپی دەسەڵاتیا نەیتوانی پتر لـە ١٥ ژمارەی «رۆژ کردستـان» (رۆژی کوردستـان) و ١٤ ژمـارەی «بـانگ کردستان» (بانگی کوردستان) دەرکا [١٠٦] . لە مـاوەی چواردە سـاڵەی فەرمانڕەوایی یەکسەریِ ئینگلیز (١٩١٨–١٩٣٢) لە هەمو عیراق بەسەریەکەوە پتر لە ٢٠٠ گۆڤار و رۆژنامەی هەمەجۆر دەرچو کە تەنها ٦یان کوردیِ بوُن و هیچ‌کامیان لە چەند ژمارەیە زیاتریان لیِ دەرنەچو . روناکبیری نـاسراوی کورد حسەین حوزنی موکریانیِ بە هەزار ئەمسەر و ئەوسەر و بە کولەمەرگیِ «چاپخانەی کوردستان»ی پێکەوەنا کەچی لەگەڵ ئەوەش بە شەش سـاڵی رەبەق (لە ١٩٢٦وە تاوەکو ١٩٣٢) نەیتوانی زیاتر لە ٢٤ ژمـارەی « زاری کرمانجیِ» چاپ بکا [١٠٧] . کەس وەك هامیلتن باسی ئەم گۆڤارە و خاوەنی

---

(١٠٦) یەکەم ژمارەی «بانگ کوردستان» (بانگی کوردستان) رۆژی ٢ی ئـابی سـاڵی ١٩٢٢ و دوا ژمارەی ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣ دەرچون . هەرچی «روز کردستـان» (رۆژی کوردسـتـان)ە یەکەم ژمـارەی رۆژی ١٥ی تەشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٢ و دوا ژمـارەی ٣ی مـارتی ١٩٢٣ بلاُوکراونەوە . ژمارەکانی ئەم دوُ رۆژنامەیە لە چەند کتێبخانەیەك و لای چەند کەسیِ پارێزراون . هەندیِ سـەرچاوە باسـی ٣ ژمارەیتری «بانگی کوردستان» دەکەن کە ساڵی ١٩٢٥ لە بەغدا چاپکراون (بڕوانە: علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی نـاوبراو ، چـاپی دووەم ، ل ٦١١ ؛ محەمەدی مەلاکەریم ، سەرچاوەی ناوبراو) . چـەند سەرچـاوەیەك رۆژ و سـاڵی دەرچونی «بانگی کوردستان»یان هـەڵە چـاپکردووە . بەپێی زانیاریەکانی ناو رابەرەکەی کاك جەمـال خەزنـەدار «بـانگی کوردستان» مانگو نیوێك ژیاوە (٢ی ئەیلول ــ ٢٧ی تەشرینی یەکەم) و گوایە بەو ماوە کەمە بۆ رۆژنامەنوُسیِ کوردیِ ١٤ ژمارەی لیِ چاپکراوە (جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧) .

(١٠٧) یەکەم ژمارەی گۆڤاری «زاری کرمانجیِ» حوزەیرانی سـاڵی ١٩٢٦ بلاُو کرایـەوە .

ئەم گۆڤارەی نەکردووە • بەم چەند دێڕەی هامیلتن نیگاری پڕمانـای هەمو ژیانی رۆژنامەنوسێ کوردێ کێشاوە :

موکریانی « خۆی بەتەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنوسی ، خۆی بەتەنها وێنەکانی دەکێشان ، خۆی بەتەنها لە چاپی دەدان و ئینجا دەشی پێچانەوە • ئەمە بۆخۆی نمونەیەکی بێهاوتایە لەسـەر رۆی هەمۆ زەمێن » (١٠٨) •

بەڵام هامیلتن تەنها ئەوەی لە یاد کردووە کە دەوروبەری ٥٠٠ سـاڵ لەمەوبەر کاتێك تازە چاپ لە ئەوروپا داهاتبو زۆر خاوەن چاپخانەی ئەوسای ئەوان وەك موکریـانێ سـەدەی بیستی ئێمە بون (١٠٩) • وردکردنەوەی ئەمە دواکەوتویێ تەنها پێنج سەدەمان دەخاتە بەرچاو •

هـەرچەند سـالی ١٩٣٢ بەناو سەربەخۆیێ بـە وڵات « بەخشرا » بـەڵام هیچ ئـاڵوگۆڕێ بەسـەر رۆژنامەنوسـێ عیراقـدا نـەهات • رۆژنامەنوسێ کوردێ وەك جاری جاران زەحمەت دەیتوانی جاروبار سـەر لە قاوغە تەسکەکەی خۆی دەرهێنێ • رمخنەیەکی بچوك لە نەبونی پڕۆژەی ئاوی خاوێن لە شاری هەولێر بەس بو بۆئەوەی سـالی ١٩٣٦ گۆڤـاری «روناکی» داخرێ • لە کۆتایێ چلەکانەوە و تایبەت لە بەستنی پەیمانی بەغداوە سەخت و نالەبارترین قۆناغ لە ژیـانی رۆژنامەنوسـێ هەمـۆ عـیراقدا دەستیپێ‌کرد • گەورەترین «قوربانێ» رۆژنامەنوسێ کوردێ ئەو سـاڵانە داخستنی گۆڤاری «گەلاوێژ» بۆ •

---

(١٠٨)
A. M. Hamilton, Road through Kurdistan, The Narrative of an Engineer in Iraq, London, 1937, PP. 122 — 123, 237.

(١٠٩) دەربارەی باری چاپ و چاپەمـەنێ وڵاتانی ئەوروپـای ئەو سـەردەمە بڕوانە : جون ك. م. روذنشتين ، اختراع الطباعة ، ـ «تاريخ العالم» ، المجلد الخامس ، ص ٦٤٧ ـ ٦٤٩ •

لەگەڵ ئەوەش رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی پاشایێ دەوری گەورەیان لە پێشخستنی ژیانی روناکبیرێ گەلدا بینێ ، خزمەتی زۆری ئەدەب و زمانیان کرد و ژمارەیە نوسەری باشیان پێ گەیاند • باشترین بەڵگەی ئەم راستییە گۆڤاری تەمەنداری «گەلاوێژ»ە (١١٠) •

بیری ئازاد وەك لێشاوی لافاو وایە ، قەدەغەکردنی ئاسان نییە ، لە هەزار کون و کەلەبەرەوە دەرفەت بۆخۆی دەدۆزێتەوە • بەپێی ئەم یاسایە چاپەمەنێ نهێنێ نیشتمانپەروەرانی عەرەب و کوردێ عیراق بەر لە شۆڕشی گەلاوێژ شۆڕە سواری مەیدانی ژیانی سیاسێ و گوڵی سەردەستەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بو • رۆژنامە و گۆڤارە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە فراوان بەناو خەڵکدا بڵاودەبونەوە • بەپێی هەندێك سەرچاوە یەکێ لەو رۆژنامانە دۆ هێندی گەورەترین رۆژنامەی ئاشکرای ئەو سەردەمەی لێ بڵاودەبۆوە (١١١) • یەکێ لە بەشدارانی دەرکردنی چاپەمەنێ نهێنێ کوردێ سەردەمی پێش شۆڕشێ گەلاوێژ نوسیویە دەڵێ تا دەهات خەڵکی کوردستان زیاتر لەدەوری رۆژنامەنوسێ نهێنی کۆدەبونەوە ، هەرچەندە ــ وەك دەڵێ ــ دەشیانزانی لەوانەیە ئەو کارە زۆریان لەسەر بکەوێ (١١٢) •

دیارکردنی هەمۆ رووەکانی رۆژنامەنوسێ نهێنێ کوردێ کارێکی

---

(١١٠) یەکەم ژمارەی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ و دوا ژمارەی ئابی ١٩٤٩ چاپ کران . بەسەریەکەوە پتر لە ١٠٠ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە .

(١١١) بڕوانە :

I. Cox, The Struggle in Iraq, — ((World News)) , Vol. I, No. 19, May 8, 1954, P. 390.

(١١٢) صالح حيدري ، دور الصحافة الكردية السرية في العهود الرجعية والدكتاتورية ، جريدة «العراق» ، ٢١ نيسان ١٩٧٧ .

ئاسان نی‌یه [١١٣] • بەر لە شـــەڕی یەکەمی جیهان ژمـــارەیە چـــاپەمەنی و پەخشەی دەستوسی کوردی بەنهێنی بلاو دەکرانەوە • «بانگی حەق»ەکەی شێخ مەحمودیش ڕۆژنامەیەکی نیمچە نهێنی بو • یەکەم ڕێکخراوی کوردی عیراق کە پەخشەی دەستوسی نهێنی خۆی هەبو حیزبی «هیوا» بو (١٩٣٨ — ١٩٤٥) • یەکەم ئۆرگانی نهێنی ڕێکوپێکی کوردی گۆڤاری «نیشتمان»ی (ژ • ك•) بو • وەك وتمان زوربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بەدزی‌یەوە لـــە تەورێز چاپدەکران • «نیشتمان» بە نـــاوەرۆك دەولەمەنـــد و بە ڕوالەت ڕازاوە بو • بۆنمونـــە ژمارە حەوت و هەشـــت و نۆی کە بەســـەریەکەوە دەرچون و ٣٢ لاپەڕەن بە زنجیرەیە وتاری سیاسی و بەلگەی مێژویی و شەش پارچە بەرهەمی شاعیری ناوداری وەك هەژار و هێمن ڕازێنراونەتەوە •

ڕۆژنامەنوسی نهێنی کوردی عیراق وەك ڕۆژنامەنوسی نهێنی عەرەب لە دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەمەوە بووە داردەستی کاریگەری هێزە نیشتمانی‌یەکان کە ڕۆژبەڕۆژ هونەرمەندانەتر هەلیاندەسوڕاند • کار گەیشت بەوەی هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە دەستەیە لاوی نیشتمانپەروەری خوێن‌گەرم دەکەوتنە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەیە یا گۆڤارێکی نهێنی کە لەبەر بێ‌دەرامەتی بەدەستخەت دەیاننوسینەوە • بۆنمونە ژمارە یەکی بـــەرگی دوی گۆڤـــاری «پشکۆ» ، کە وادیارە ئۆرگانی کۆمەلێك بو بەناوی «هاوار»ەوە ، سیازدە لاپەڕەیە (٢١ × ٥ر١٦سم) و بە خەتی جوان و شێوازی ڕەوان و ناوەرۆکی دەولەمەند ڕازێنراوەتەوە [١١٤] •

---

(١١٣) ئەو کارە بۆخۆی زەحمەتە ، هیچ نەبێ چونکە پاراستنی ئۆرگانی نهێنی هێزە نیشـــتمانی‌یەکان لە هەمو شوێن ئەرکێکی پڕ تەنگو چەلەمەیە .

(١١٤) «پشکۆ» ، ژمارە ـ ١ ـ ، بـــەرگی ـ ٢ ـ ، ١٩٤٥ . کاتی خـــۆی لـــە ڕۆژنامەی «التآخي»دا وتارێکم بەم‌ناوەوە بلاوکردەوە : « جمعية هاوار و مجلة پشكو » (« التآخي » ، ١١ شـــباط ١٩٧٤ ــ صفحة « الثقافة الكردية » ، العدد الـــسابع‌عشر) . لەوێدا تکام کردبو هەرکەس شـــتی

«رزگاری» ئۆرگانی حیزبی «رزگاری کورد» یەکەم رۆژنامەی نهێنی کوردی عیراقە کە بە چاپکراوی و تارادەیەك ریکوپێك و فراوان دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەم هاتە مەیدانی خەبات (١١٥) . «رزگاری» دوایی بووە ئۆرگانی «پارتی دیموکراتی کوردستان» . ئەم مەیدانە جگە لە « رزگاری » گەلێ رۆژنامە و گۆڤاری نهێنی کوردی بەخۆیەوە بینی وەك «یەکیەتی تێکوشین» و «شۆڕش» و «خەبات» و «خەباتی کوردستان» « ئازادی » و «ئازادی کوردستان» و «رێگا» و «دەنگی داس» و «شوعلە» (١١٦) و هیتر.

سەرتاپای ئەم گۆڤار و رۆژنامانە بە ناوەرۆك شۆڕشگێڕ و دیموکراسی بون . بەڵگەی ئەم راستیە کەم نیە . لای سەرەوەی ژمارە ٢ی ساڵی ٩ی رۆژنامەی «رزگاری» (حوزەیرانی ١٩٥٥) بەم دروشمانە رازێنراوەتەوە کە دروشمی هەمو هێزە نیشتمانیەکان بون : لای راستی ناوی رۆژنامەکەوە نوسراوە «ئەی کۆمەڵانی خەڵك تێکۆشن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی

دەربارەی کۆمەڵی «هاوار» و گۆڤاری «پشکۆ» دەزانی ئاگادارم بکا . پاش ماوەیە کاك محەمەد مستەفای پارێزەر و کاك مستەفا عەبدوللا ئاگاداریان کردم کە «هاوار» دەستەیە لاوی سلێمانی دایانمەزراند و هەرئەوانیش «پشکۆ»یان دەردەکرد و بەنهێنی بلاویان دەکردەوە . «هاوار» چەکی خەباتی دژی ئیمپریالیزم ، تایبەت ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ، ئاراستە کردبو . ئەندامانی ئەم کۆمەڵە جاری پەردەی سینەمای پرۆپاگەندەی ئینگلیزەکانیان سوتاندووە ، بەوە ویستویانە نایاری خۆیان بەرامبەر ئینگلیز دەرخەن .

(١١٥) بەپێی زانیاری ناو «موسوعة» «رزگاری» سەرەتا بە رۆنیۆ و دوایی بە مەکینە چاپدەکرا (بڕوانە : «موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري » ، الجزء الاول ، بغداد ١٩٤٩ ، ص ٧٣) . هەروەها بڕوانە : صالح حیدری ، لە دەفتەری یادداشتەکانی . رزگاری چۆن چاپ دەکرا ، ـ « عیراق » ، ژمارە ١٤ ، نیسانی ١٩٧٨ ، ل ٣ ، ١٤ .

(١١٦) بەپێی زانیاری ناو «موسوعة» (عبداللطیف السعدی) کە نازناوی «نذیر» بۆ ئەم رۆژنامەیەی بە عەرەبی و کوردی لە هەولێر بلاودەکردەوە (بڕوانە : «موسوعة سرية خاصه بالحزب الشيوعي العراقي السري » ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٤٩ ، ص ٧٣) .

یەکگرتو لە بەینی هەمو پارتی و دامەزراوە نیشتمانی‌یەکان و هەمو دوژمنەکانی ئیمپریالیزمدا ، بۆ لابردنی حکومەتی نوری سەعیدی خاین و هێنانی حکومەتێکی نیشتمانی » . لەلای چەپی‌یەوە نوسراوە : «ئەی کۆمەلانی خەلک خەبات بکەن بۆ هەلوەشاندنەوەی مەجلسی داتاشراو[117] ، لابردنی مەرسومو قانونە فاشستی‌یەکان [118] ، بەرەللاکردنی هەمو سەربەستی‌یە دیموکراسیەکان ـ سەربەستی نوسین و بلاوکردنەوەی بیروباوەڕ ، سەربەستی کۆبونەوە و خۆنواندن ، سەربەستی پارتی و کۆمەل و نەقابە دانان » . سەروتاری هەمان ژمارە ئەمە بو : «بەرەی نیشتمانی یەکگرتو تەنها هێزە بتوانی ئیمپریالیزم بشکێنی و پرۆژەکانی ژێر خا» [119].

بەناوی « کورد و عەرەب »ەوە رۆژنامەی « خەباتی کوردستان » وتارێکی دور و درێژی بلاوکردۆتەوە تێیدا باسی زەمینەی مێژوویی برایەتی ئەو دو گەلە دەکا و پتەوکردنی بە مەرجێکی گرنگ دادەنی بۆ بەهێزکردنی خەباتی کۆمەلانی خەلک دژی ئیمپریالیزم [120] .

لەبەر رۆشنایی ئەو راستی‌یانەی بەکورتی باسمانکردن دەتوانین چەند روێەکی تایبەتی رۆژنامەنوسی کوردی بەمجۆرە دیارکەین :

● دەستپێکردنی مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی لەبەر گەلی هۆ ، کە زوربەیان لە دەست کورد خۆیدا نەبون ، تارادەیە دواکەوت . بەلام ئەو دواکەوتنە بەپێوانەی سەردەمی خۆی و لە قوژبنی بەراوردکردنی‌یەوە لەگەل رۆژنامەنوسی ژمارەیە گەلی‌تری ناوچەکە یەکجار زۆر نی‌یە . بەوێنە یەکەم

---

(117) مەبەستی ئەو ئەنجومەنی نوێنەرانەیە کە نوری سەعید سالی 1954 هەلبژاردنی تایبەتی بۆ کرد تاوەکو جێگەی ئەو ئەنجومەنە بێ‌تەمەنە بگرێتەوە کە هێزە نیشتمانی‌یەکان چەند نوێنەرێکیان تیا هەبو .

(118) مەبەستی ئەو یاسا و بڕیارانەیە کە نوری سەعید بەنیازی رێ‌خۆش‌کردن بۆ بەستنی پەیمانی بەغدا داینان .

(119) «رزگاری» ، ژمارە 2 ، سالی 9 ، حوزەیرانی 1955 .

(120) «خەباتی کوردستان» ، مایسی 1957 .

رۆژنامەی فارسی ـ وەك كاتی خۆی باسمان كرد ـ سالّی ١٨٥١ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناصرەددین شادا چاپ كرا ، بەلاّم ئەو رۆژنامەیە هی میری بو ، جگە لە یاسا و فەرمان و بڕیارەكانی شا و ئەو جۆرە باسانە شتێكی‌تری ئەوتۆی بلاّونەدەكردەوە . دیموكراسی خوازانی ئێران ماوەی دەركردنی رۆژنامەیان نەبو ، بۆیەكا ئەوانیش ناچار لە هەندەران (لە لەندەن و قاهیرە و مەدراس) رۆژنامە و گۆڤاری خۆیان دەردەكرد و بە هەزار دەردی سەری دەیانگەیاندنە ناو خاكی نیشتمان . یەكەم رۆژنامەی فارسی لەوبابەتە مەلكوم خان سالّی ١٨٩١ لە لەندەن بە ناوی «قانون»ەوە دەری‌كرد . بەوجۆرە دەتوانین بڵێین رۆژنامەنوسی كوردی بە كەم‌دەرامەتی خۆیەوە لەراستیدا تەنها ٧ سالّ لە رۆژنامەنوسی نەتەوەیی فارسی دواكەوت .

● رۆژنامەنوسی كوردی لەو رۆژەوەی لەدایك‌بووە بە وچان خەریكی بڕینی رێگەیەكی زۆر سەختە كە روداو و بەسەرهاتەكانی ئاوێنەی بێ‌غەل و غەشی ژیانی روناكبیری گەلی كوردن . لە عیراق و هەندەران لە هەمو شوێن زیاتر ماوەی پێشكەوتن و گەشەكردن بۆ رۆژنامەنوسی كوردی هاتۆتەپێشەوە . رۆژنامە و گۆڤارە كوردی‌یەكانی عیراق [١٢١] و «كوردستان»ی یەكەم رۆژنامەی كوردی و گۆڤاری «هاوار» كە جەلادەت بەدرخان سالّی ١٩٣٢ لە شام دەری‌كرد و گۆڤاری (RONAHI) «روناهی» كە هەر ئەو ١ی نیسانی سالّی ١٩٤٢ لە شام دەری‌كرد [١٢٢] بەلّگەی بێ‌پێچ و

---

(١٢١) زوربەی ئەو سەرچاوانەی باسی رۆژنامەنوسی كوردی‌یان كردووە لیستەیەكی دروستیان بۆ ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە كردووە كە دوای شۆڕشی گەلاوێژ لە عیراق دەرچون ، بۆیە دوبارە كردنەوەی ئەو باسەمان بەپێویست نەزانی (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٧ ـ ٦٢٦ ؛ محەمەدی مەلا كەریم ، سەرچاوەی ناوبراو ؛ جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٥ ـ ١٣٤) .

(١٢٢) ئەو سەرچاوانەی باسی «روناهی»یان كردووە بەهەڵە تەشرینی یەكەمی

پەنای ئەم راستییەن کە لە قوژبنی ئەم ژمارانەوە باشتر خۆ دەنوێنێ : لە شەستەکاندا لە تورکیا رێگەی دەرچونی ٩٤٢ رۆژنامە و ٧١٦ گۆڤار درا • لەمانە ٧٢یان بە زمانی بێگانە و کەمینەکانی ناو ولاَت بون ـ بە فەرنسێ ٢٦ ، بە ئینگلیزێ ١٠ ، بە ئەلەمانی ٦ ، بە ئیتالێ ٢ ، بە ئەرمەنێ ١٥ ، بە یۆنانێ ٨ ، بە عیبرێ ٣ ، بە ئەلبانێ ١ و بە کوردیش ••• سفر [١٢٣] •

● زروف و باری ژیان کارێکیوای کردووە رۆژنامەنوسێ کوردێ لە سەرەتاوە بە سروشت دیموکراسی و بە ناوەرۆك نەتەوەیێ بێ ، بۆیەکا توانیویە دەوری گەورە لە ژیانی روناکبیرێ و پێشخستنی هەستی نەتەوەیێ کۆمەلاَنی خەلکدا ببینێ • لەزووەوە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان روی دەمیان کردۆتە هەمۆ چین و دەستە و دایەرەکانی کورد • بڕیاری خاوەنی یەکەم رۆژنامەی کوردێ لەسەر بلاَوکردنەوەی دۆ هەزار دانە لە هەر ژمارەیەکی «کوردستان» بەخۆڕایێ بەردی بناغەی ئەم کارە گرنگەیە • دوای

سالی ١٩٤١یان بە مێژۆی دەرچونی یەکەم ژمارەی داناوە (بۆنمونە بڕوانە : جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤١ ؛ محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو) . بە کوردی و پیتی لاتینی لەسەر ژمارە یەکی نوسراوە : «سالَ ١ ، هژمار ١ ، چارشەمب ، ١ نیسان ١٩٤٢» . هەر ئەمە بە فەرەنسیش دۆبارە کراوەتەوە . دیسان ئەو سەرچاوانەی ئەم گۆڤارەیان بە حەفتانە داناوە بەهەلەدا چون . تا شوباتی سالی ١٩٤٤ (٢٣) ژمارەی لێدەرچووە ، واتە هەر مانگەی ژمارەیە . دوایئەوە لە نیسانی ١٩٤٤وە تا مارتی ١٩٤٥ تەنها (٥) ژمارەی لێ دەرچووە . ژمارە ٢٨ی کە بەر مارتی سالی ١٩٤٤ دەکەوێ دوا ژمارەیەتی کە من دیومە . هەندێ سەرچاوە دەلێن گوایە «روناهی» تا سالی ١٩٤٦ ژیاوە (بڕوانە : محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو) .

(١٢٣) بڕوانە :

"Современная Турция", (Справочник), Москва, 1965.

« تورکیای ئیمڕۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ٢٦٨ ــ ٢٦٩ .

تێپەڕبونی زیاتر لە ٣٠ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا گۆڤاری «هاوار» ڕوی دەمی کردۆتە لاوانی کوردستان و پێیان دەڵێ :

« تائیستە منەوەرانی موحتەرەممان هەر هەوڵیانداوە کە متنفذان فێری مەفکورەی میللی بکەن • ئێوە ئەبێ چاك بزانن هەر ئەوان کورد نین • جوتیار ، فەلاح ، دارفرۆش ، ئاودێر ، سنعەتکار ، تجار هەمو کوردن • فەرزە لەسەرتان لە حەیاتی عەمەلیتانا لەگەڵ جوتیارا ، فەلاحا ، شوانا ، گاوانا ، تجارا ، سنعەتکارا ، ئاودێرا بە سورەتێکی دیموقراتانە بجوڵێنەوە و تێیبگەیێنن مللیەت موقەدەسترە لە هەمو موعتەقەداتێك » • دوابەدوای ئەوە «هاوار» دەڵێ : «بە کورد و کوردستان چی لاوێکی بزانێ هیمالایە چەند بەرزە ، مسیسیپی چەند درێژە ، بەرلین چیە و چیی تیایە ؟ [١٢٤] • وەرن بگەڕێن بە دیهاتا بزانن لادێی کورد لە چحاڵێکدایە و چۆنئەژی ؟ ، چەند قووەتی بەسەرەوەیە ؟، چی ئەخوا ؟، بۆچ لاواز و هەژارە ؟•••»[١٢٥] •

● باری سیاسی کارێکیوای کردووە مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردی پڕ بێ لە سەربازی نەناسراو و وەك دواییش باسی دەکەین « تێگەیشتنی ڕاستی» خۆی یەکێکە لە بەڵگە زۆرەکانی ئەم قسەیە • لەگەڵ ئەوەش بەهۆی باری گشتی ژیانی کوردەوە رابوردو یەکێ هەڵتەکەوت پیشەی بەرودوای ڕۆژنامەنوسی بوبێ • زوربەی هەرە زۆری نوسەر و شاعیر و پیاوی سیاسی ناوداری کورد لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنوس بون : لە نەوەی بەدرخان پاشا میقداد مەدحەت و عەبدوڕڕەحمان و ئەمین عالی و صالح و جەلادەت بەدرخان ، مەمدوح سەلیم و مستەفا پاشا یامولکی و ڕەفیق حیلمی ، پیرەمێرد لە ئەستەمۆڵەوە ، شێخ نوری شێخ صالح و علیکمال باپیر لە بیستەکانەوە ، عەلائەدین سەجادی و حسەین حزنی و گیو موکریانی ، گۆران و هەژار و

---

(١٢٤) دیارە خاوەن وتار لێرەدا بەهەڵەچووە .

(١٢٥) «هاوار» ، شام ، ژمارە ٩ ، ٣٠ ئەیلولی ١٩٣٢ ، ل ٤ـ٦ .

هێمن و زەبیحێ و زۆریتر نمونەی ئەو راستی‌یەن • هەیانبو بە خەرجێ گیرفان و شەونخونێ و بێ پادداشت مێژۆی رۆژنامەنوسێ کوردی‌یان دروستدەکرد (١٢٦) •

لەگەڵ‌ئەوەش رۆژنامەنوسێ کوردێ توانی هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بنێ • «کوردستان»ی یەکەم رۆژنامەی کوردێ هیچی لە رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی کەمتر نی‌یە ، بەڵکو لە هەندێ روەوە پێش ژمارەیەکیان کەوتبو • رۆژئاواییەکان «گەلاوێژ»یان بە یەکێ لە گۆڤارە هەرە کامڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە (١٢٧) •

● رۆژنامەنوسێ کوردێ ، هەروەك مێژۆی کورد خۆی ، پڕە لە بەسەرهات و نمونەی سەیری بێ‌هاوتا • بڕواناکەم لە هەمو جیهاندا رۆژنامە یا گۆڤارێك هەبێ وتارەکانی بە پێنج زمانی جیاواز بڵاو کردبێتەوە • گۆڤاری «کوردستان» کە دوای تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەمۆڵ دەرچۆ وتارەکانی بە کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسەیێ بڵاو

(١٢٦) مامۆستا حامید فەرەج بۆی گێڕامەوە چۆن دەستەیەلاوی خوێن گەرمی تازە پێ‌گەیشتۆ لە خەرجی گیرفانیان یا لە موچەی کەمی کاریان پارەی دەرکردنی « دیاری لاوان »یان دەڕەخساند . مامۆستا قادر قەزازیش بەشانازی‌یەوە باس دەکا چۆن لە ساڵە سەختەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا بە برسێتی تا نیوەشەو لە چاپخانە دەمانەوە هەر بۆئەوەی «گەلاوێژ» کەم هەڵە بێ .

(١٢٧) م. لورانس لە گۆڤاری ((Royal Central Asian Association)) مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٤ وتارێکی دەربارەی رۆژنامەنوسێ کوردێ بڵاو کردۆتەوە و دەربارەی «گەلاوێژ» نوسیویە دەڵێ : «ساڵی ١٩٣٩ چەند گەنجێکی کورد لە بەغدا بە ناوی «گەلاوێژ»ەوە گۆڤارێکیان دەرکرد کە ئێستە لە بەرزترین گۆڤارە ئەدەبیەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێررێ » . ئەم وتارە یوسف مەلەك کردۆیە بە عەرەبی و قادر قەزازیش کردۆیە بە کوردی و لە «گەلاوێژ»دا بڵاوی کردۆتەوە (بڕوانە : «گەلاوێژ» ، ژمارە ٤ ، ساڵی ٦ ، نیسانی ١٩٤٥ ، ل ٢٤) .

دەکردەوە و بۆ خۆشی لەژێر ناوەکەیدا بە تورکی نوسیویە : « ئامادەیـن گشت باسێ بە هەر زمانێ بێ» بڵاوی بکەینەوە • بۆنمونە ژمارە چواری ١١ وتاری تێدایە کە پێنجیان بە تورکی و دویان بە کوردی و دوی‌تریـان بـە عەرەبی و ئەوانی‌تریان بە فارسی بڵاوکراونەوە •

نمونەیەکی‌تر : وا پێ‌دەچێ سەرتاپای وتارەکانی «پەیژە»ی تاقانە کە ٤٤ لاپەڕەیە مستەفا شەوقێ خاوەنی بەتەنها خۆی نوسیبێ •

لە دو بەرگەی ئەم کتێبەدا نمونەی‌تری لەم‌بابەتە زۆرە •

● ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردێ سەرچاوەی ڕەسەنن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژۆ و ئەدەب و زمان و ژیانی کۆمەڵایەتێ کورد • هەرچەندە لە بەشێکی‌تری ئەم کتێبەدا بەدرێژی دێینەوە سەر ئەم باسە بەڵام والێرەدا تاقە نمونەیەکی ماناداری ئەم لایەنەی ڕۆژنامەنوسێ کوردێ دەخەینە بەرچاو •

بڕوا ناکەم تائێستە هیچ‌کام لە شارەزایـانمان ئـاگاداری ئەوە بێ کە سەرەتای شانۆگەرێ کوردێ دەگەڕێتەوە یەکەم سالی دوای تـەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان (١٢٨) • ئەو سالە «ژین»ی ئەستـەمۆڵ «دۆ پـەردە پیـەس»ی بە نـاوی «مـەمی ئـالان»ەوە بـڵاوکردەوە کە ع• ڕەحمێ نوسیویە (١٢٩) • لەژێر ناوی «مەمی ئالان» نوسراوە «تیاترو کردان فضیلتا

---

(١٢٨) زوربەی ئەو سەرچاوانەی باسی شانۆی کوردی‌یان کردووە سـالی ١٩٢٦ بە سەرەتای دادەنێن ، واتە ئەو سـالەی یەکێ لە قێـرگەکانی سلێمانێ شانۆگەرێ «نیرۆنی زۆردار»ی نیشان دا کە مامۆستا فوئـاد ڕەشید سەرپەرشتێ ئامادەکردن و دەرهێنانی کردبو (بڕوانە : ص. ك. ، المسرح الكردي والفرق المسرحية ، ـ «العراق» ، ٢٨ تشرين الثـاني ١٩٧٧) . وابزانم ئەو چیرۆکەی ع. ڕەحمێ و هەندێ بەرهەمی‌تر ئەوە دێنن مامۆستا حـەین عارف سالی١٩١٨یان ١٩١٩ی بکردابە سەرەتای لێکۆلینەوەکەی ئەم دوایەی دەربارەی چیرۆکی کوردی (بڕوانە : حسین عارف ، چیرۆکی هونەرێ کوردی ١٩٢٥ ـ ١٩٦٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧) .

(١٢٩) عەبدولڕەحیم ڕەحمێ خەڵکی هەکارێ بەکێکە لە نوسـەر و شـاعیر و ڕۆژنامەنوسە چالاکەکانی ئەو سەردەمە .

کردان نوشی ددەت » (١٣٠) • مەم دەیەوێ «سەری کوردان بەرزکاتەوە» و بەدەم سوڵتان صەلاحەددینەوە بچێ کە «شیری خۆی کێشـــایە و لەپێــش تەمـــاعی دنیایێ وەستایە (قودســـا شریف) محافەزە دەکا » • مەم دەیەوێ چاوڕەشی دایکی «شیری سپێ خۆی پێ حەڵاڵ کا» و ڕێگەی بدا بچێ بــۆ غەزا • چاوڕەشیش دەیەوێ «ناوێ کوردێ کرمانجێ ئەعلا بکا» بۆیە شیری خۆی بە مەم حەڵاڵ دەکا • فرمێسکی خەزالی ژنی ، مەم پەشیمان ناکاتەوە •

زۆر ڕۆی گرنگی ڕۆژنامەنوسێ کوردێ چاوەڕوانی خاوەن قەڵەمی بە بەهرە و توانـــان •

ناوەرۆکی ئەم بەشە بە ڕونی نیشانی دەدا چۆن گەلی کورد بەرلەوەی سەدەی نۆزدە تەواو بێ گەیشتبووە ئەو قۆناغەی پێویست بێ لە ڕێـــگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە قسەی لەگەڵ بکرێ • دیارە ئەمە ــ هەر وەك لە بەشی داهاتوشدا باسی دەکەین ــ لە سەرو گشت ئەو هۆیانەوە دێ کە پاڵیان بە ئینگلیزەوە نا ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستێ» دەرکەن •

★ ★ ★

---

(١٣٠) «ژین» ، ژمارە ١٥ ، ٣٠ مارت ١٣٣٥ ، ل ٢١ ــ ٢٤ •

بەشی سێیەم

کەی و چۆن ((تێگەیشتنی راستێ)) دەرچو

رویەکی گرنگی شارستانەتی سەرمایەدارێ لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە لەبەر زۆر هۆ نەیتوانی لە قاوغ و قەوارەیکی تەسکدا بمێنێتەوە ، تیشـــکی تیژی گەیشتە دواکەوتوترین و کەلاترین قوژبنی جیهان • چـاپ و چـاپەمەنی و رۆژنامە و رۆژنامەنوسیش هەر لەو رێگەوە گەیشتنە ناو گەلانی ئەو ولآتانەی ئەمرۆ پێیان دەگوترێ «جیهانی سێیەم» •

کۆلۆنیالیستەکان لەبەر خاتری خۆیان زۆ دەســتیان دەدایە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار لەو ولآتانەی دەکەوتنە ژێر دەستیان • ناپلیۆن بۆناپارت بەرلەوەی بکەوێتە رێ بەرەو میسر کەوتە ئامادەکردنی تفاقی تەواوی چاپ و چاپەمەنێ تا لەگەڵ خۆیدا بیانهێنێ • وەك دەگێڕنەوە ناپلیۆن بەوە زۆر قارس بۆ کە کاربەدەستان نەیانتوانی لە ماوەی دە رۆژدا ئەو فەرمانەی بەجێبهێنن کە تێیدا داوای ئامادەکردنی سێ چاپخانە و پیتیعەرەبی و لاتینی و یۆنانێ کردبو • بۆ هەمان مەبەست ناپلیۆن بەتایبەتی داوای کردبو لە ئیتالیا پیتی عەرەبێ بۆ دابڕێژن • جگە لەوە بڕیاریدا (مـــارسێل)ی رۆژهەلآتنـــاس و ژمارەیە لەوانەی عەرەبیان لە رۆما و پاریس خوێندبو لەگەڵ خۆی بیانهێنێ بۆ میسر بۆ سەرپەرشتێ کاری راگەیـاندن • جـارێکیتر بـایەخدانی بێ

ئەندازەی ناپلیۆن لەوەدا خۆی نواند کە چاپخانەکانی خستە ناو ئەو پاپۆڕەی خۆی پێی هاتە میسر [١] .

بەمجۆرە ٦٠ رۆژ زیاتر بەسەر گەیشتنی ناپلیۆندا تێنەپەڕی کە یەکەم رۆژنامەی بە زمانی فەرەنسەیی لـە قاهیرە بڵاوکردەوە[٢] . دوای ئەوە بە ماوەیە رۆژنامەیەکیتری بە فەرەنسەیی بڵاوکردەوە . فەرەنسەیکان نیازیان بو رۆژنامەی عەرەبیش بڵاو کەنەوە ، بەڵام فریا نەکەوتن . بەلای ژمـارەیە لە نوسەرانی میسرەوە ئەم کارەی ناپلیۆن بۆناپارت لە مەیدانی چاپەمەنی و رۆژنامەنوسیێدا کردی «کۆتایی سەردەمێکی کۆن و سەرەتای سەردەمێکی نویێ» بۆ بۆ «زیانی میسر» و بگرە « هەمو رۆژهەڵات» [٣] .

داگیرکەرانی ئینگلیز لەمەشـدا زو بونـە یەکەمی مەیـدان و بۆڕی هاوەڵەکانیان دا ، دەیانزانی دەتوانن چاپەمەنی و تایبەت رۆژنامەنوسی بکەنە داردەستێکی کاریگەری راگەیاندنی سیاسەتیان و بڵاوکردنـەوەی زمـان و نەریتیان و چەسپکردنی جێ پێیان لە ژیانی ئابوری ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکەن . دەزگای ناودارو چالاکی ئینگلیز «کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی» لە دەورو بەری کۆتایی سـەدەی هـەژدەوە گەورەترین دەوری بینـی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رۆژنامە و گۆڤاری ئینگلیزی لە هیندستان [٤]. ئەم کارە وەها زیرەکانە دەبرا بەڕێوە کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی تـەنگ

---

(١) بڕوانە : «آفاق عربیه» ، بغـداد ، العدد ٣ ، تشریـن الثـانی ١٩٧٦ ، ص ١٥٨ ـ ١٥٩ .

(٢) بڕوانە : عبدالله حسین ، الصحافة والصحف ، القاهرة، بلا ، ص١٢٧ .

(٣) بڕوانە : ابراهیم عبده ، تاریخ الطباعة والصحافة في مصر خلال الحملة الفرنسـیة ، القاهره ، ١٩٤٩ ، ص ١٢ ، ٢٧ ـ ٢٨ ؛ الدکتور محمـود نجیب ابواللیل ، الصحافة الفرنسـیة في مصر ، ص ٢٤ .

(٤) بڕوانە :
S. Natarajan, A history of the Press in India, London, 1962, PP. 14 — 99.

بە زمانە نەتەوەییە هندی یەکان هەڵچنیێ • تاقە نمونەیە دەتوانیێ ئەمە بـاش روونکانەوە : ساڵی ١٩٣٧ لە هندستان ٣٢ رۆژنامەی رۆژانە و نزیك ئەوەندەی حەفتانە بە زمانی ئینگلیزی بلاّو دەبونەوە • ساڵی ١٩٤٧ ، واتە پاش دە ساڵ ئەم ژمارەیە وای لیێ هات : ٥١ رۆژنامەی رۆژانە و ٢٥ی حەفتانە • پـاش پیێنج ساڵ یەکەمیان گەیشتە ٧٠ و دووەمیان ٢٦١ • بازاڕی ئەم رۆژنامانە زۆر لە بازاڕی رۆژنامەی هندیێ گەرمترە • پەنجاکان لە یەکەمیان رۆژی ملیۆن و نیوێك و لە دووەمیان تەنها ٧٤٥ هەزار دانە دەفرۆشرا (٥) •

دەوری پرۆپاگەندە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهاندا زۆر لە جاران زیاتربو • ئینگلیزەکان بایەخیێکی زۆریان بەم مەسەلەیە دا • لوید جۆرجی سەرەك وەزیر لە یادداشتەکانیدا لەمبارەیەوە نوسیویە دەڵیێ : «زانیمـان دەتوانین توانـای دوژمن لە رێگەی کەڵكوەرگرتن لە نـاڕەزایی گەلانی ژێردەستییەوە هەڵتەکێنین • هەر بۆنمونە سەدان ساڵی چەوساندنەوە ژیانی پێکەوەی عـەرەب و تورکی کردبووە مەحـاڵ » (٦) • لە شـوێنیێکی تری یادداشتەکانی لوید جۆرج ئەم مەبەستەی رونتر داوە بەدەستـەوە ، دەڵیێ : «پرۆپاگەندەی هەردوولا لەم شەڕەدا (٧) دەوری گەورەتری لە جاران بینیێ • بە لایەنی کەمەوە وەك نمونە دەتوانم باسی بەڵێنـە ئاشـکراکانی وڵاتـە هاوپەیمانەکان بکەم دەربارەی نیازیان بۆ ئازادکردن و دانـان بە مـافی چارەنوسیێ گەلە ژێردەستەکانی تورکیا و ئەڵەمانیا و نەمسای دوژمنماندا •••

---

(٥) بڕوانە :
((Journalism in Modern India)), Edited by R. E. Wolseley, Second revised edition, London, 1964,PP. 4 — 5.

(٦)
David Lloyd George, The truth about Peace Treatiets, Vol. II, London, 1938, P. 755.

(٧) دیارە مەبەست شەڕی یەکەمی جیهانە .

ئێمە دەمانزانی باسی ئازادیّ وەك یەكێ لە مەبەستەكانمان یاریدەمان دەدا بۆ تێكدانی شیرازەی یەكیەتی ولاّتە ناحەزەكانمان و لەوەشدا بە هەلە نەچوین» (۸) • دیارە دەبێ لەم قوژبنەوە سەیری ئەو بایەخە زۆرە بكرێ كە ئینگلیز سالاّنی شەڕی یەكەم دایان بە كاری رۆژنامەنوسێ بە زمانی ئەو گەلانەی لە ژێردەستی دوژمنانیاندا بون •

بە هەمان دەستور زۆر بەسەر داگیركردنی شاری بەسرەدا تێنەپەڕی كاتێ ئینگلیزەكان دەستیان كردە بلاّوكردنەوەی رۆژنامەی تایبەتێ خۆیان • هەر ئەو رۆژەی پێیان نایە ئەم شارەوە (۲۲ی تەشرینی دووەمی ۱۹۱٤) دەستیان گرت بەسەر هەر چوار چاپخانەی شاردا هەرچەندە تەنها یەكێكیان هێ میریّ و ئەو سیانی تریان هێ خەلكی بۆن • سەرەتا ئینگلیزەكان كەوتنە بلاّوكردنەوەی پەخشە «نشره»یەكی تایبەتێ بە عەرەبێ و ئینگلیزیّ و تەرخانیان كرد بۆ راگەیاندنی هەوالّەكانی شەڕ • دیارە سەركەوتنی ئینگلیز لە مەیدانی شەڕدا جێگەی یەكەمی لاپەڕەكانی ئەو پەخشەیەی گرتبۆوە • زۆری نەخایاند كە فەرماندەی لەشكر بڕیاری دەركردنی «تایمسی بەسرە» ((Basra Times))ی‌دا كە بە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و توركی بلاّو دەكرایەوە • هەمان‌كات كەوتنە دەركردنی دوّ گۆڤاریش ، یەكێكیان بۆ دەنگوباسی شەڕ و ئەوی‌تریان بۆ باسی سەرەك هۆزەكانی سەر بە خۆیان و وێنەی شار و شوێنەواری كۆنی عیراق تەرخان كرابوّ • دیارە ئەركی یەكەمی ئەم پەخشە و رۆژنامە و گۆڤارانە لە یەكەم رۆژی دەركردنیانەوە هەلّدانی ئینگلیز و بەدناو كردنی دوژمنیان بو (۹) •

---

(۸) Lloyd George, Op. Cit., P. 1118.

(۹) بڕوانە : عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۷٤ ــ ۷٥ ؛ حمید احمد حمدان التمیمی ، البصره في ظل الاحتلال البریطاني ۱۹۱٤ ــ ۱۹۲۱ ، رسالة ماجستیر ، بغداد ، ۱۹۷٥ ، ص ٤۲٦ ــ ٤۳۳ •

بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕۆژنامەنوسی ئینگلیز لە عیراق لەم سنورە دەرنەچوو، بەڵام وەك زۆر شتی‌تر لەگەڵ گرتنی بەغدا (١١ مارتی ١٩١٧) قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەنوسی‌یەدا دەستی پێ‌کرد. ئینگلیزەکان لە ڕۆژی ١١ی تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی پەخشەیەکی‌تر لە بەغدا بە ناوی «صدى الحقيقة» (دەنگدانەوەی ڕاستی)یەوە کە بۆ باس و وێنەی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز و هاوپەیمانانیان تەرخان‌کرا. هەنگاوی گەورەی ئینگلیز لەم مەیدانەدا دەرکردنی ڕۆژنامەی «العرب» بوو کە یەکەم ژمارەی ڕۆژی ٤ی تەموزی ساڵی ١٩١٧ دەرچوو. لەژێر ناوی «العرب»دا نوسرابوو «ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی هەواڵگوزاری مێژوویی ئاوەدان کەرەوەیە. بە بیر و ئامانج عەرەبی‌یە. لە بەغدا عەرەب بۆ عەرەبی بڵاودەکاتەوە»[١٠]. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە زانا و نوسەری ناوداری ئەو سەردەمەی عیراق بە دەرکردنی «العرب»ەوە خەریك بوون، لەمانە: ئەنستاس ماری کەرمەلی و زەهاوی و مەهدی بەسیر و کازم دوجەیلی و عەبدوڕەحمان بەننا و زۆری‌تر.

هەنگاوی گەورەی داهاتوی ئینگلیز بریتی بوو لە دەرکردنی سێ ڕۆژنامەی نوێ کە هەرسێکیان لەگەڵ دەست پێ‌کردنی ساڵی ١٩١٨ کەوتنە دەرچوون، یەکێکیان ئینگلیزی ڕۆژانە بوو، بە چوار لاپەڕە و بە ناوی ((Baghdad Times)) (تایمسی بەغدا)وە دەردەچوو. یەکێکی‌تریان ناوی «ئێران» بوو کە بە زمانی فارسی و بە دوو لاپەڕە هەفتەی جارێ دەردەچوو[١١].

---

(١٠) عەرەبی‌یەکەی بەم‌جۆرە بوو: «جريدة سياسية اخبارية ادبية عمرانية. عربية المبدأ والغرض. ينشئها في بغداد عرب للعرب».

(١١) ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەشدار نەبوو، بەڵام خاکی بووبوە مەیدانێکی گەورەی ئەو شەڕە و لەشکر و کرێگرتەی چوار دەوڵەت (تورکیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ڕوسیا) خاکیان بە تورەکە دەبێژا. ئینگلیزەکان عیراقیان لە یەکەم ڕۆژی داگیرکردنی‌یەوە کردە مەڵبەندی

سێیەمیان «تێگەیشتنی راستی» بۆ • رۆژنامەی «العرب» بەبۆنەی دەرچونی ئەم سێ رۆژنامەیەوە نوسیویە دەڵێ :

«هەر ئەوەندە پێی تورك لەم خاکە پیرۆزە بڕا سروەی بەیان گیان و بیری خەڵکی فێنك کردەوە ، لە کۆت و زنجیر قوتـار بون و لەم ولاتـەدا بزوتنەوەیەکی روناکبیری ••• ئەوتۆ دەستی پێکرد کە قەت لە وێنەیـان نەدیوە مەگەر ئەوە نەبێ لە رێگەی مێژووە دەرحەق سەردەمی ئـاوەدانی عەباسیڕیان بیستومانە •

تورکان رۆشتن و لە پیسی بەولاوە هیچیان بەجێ نەهێشت بونیـان بیرخاتەوە ••• ئەوان دوو رۆژنامەیان هەبو «زوراء» کە تورکی و هی میری بو و «الزهـور» (١٢) کە ئۆرگانی کۆمـەڵی زۆردار و تاوانبـار بو (١٣) ، هەردوکیان چ لە روی رێبازەوە چ لە روی زمـان و شـێوازەوە نزمتریـن رۆژنامەی جیهان بون •

بەڵام ئیمڕۆ کار بە جۆرێکیتر بەڕێوە دەبرێ • هەر ئەوەندە تورکان رۆشتن ئەم رۆژنامەیە (واتە «العرب» ــ ك• م•) دەرچو • لەگەڵ هەڵهاتنی روی ساڵی نوێی ١٩١٨یش لە بەغـدا سێ رۆژنـامەیتر کەوتنـە دەرچون: یەکێکیان ناوی تایمـی بەغدایە ، رۆژانە و ئینگلیزی زوبانە ، دووەمیـان «تێگەیشتنی راستی» و سێیەمیان «ئێران»ە ••• ئەم سێ رۆژنامەیە هی ئەو نەتەوانەن کە لەم شـارە دەژین ــ عـەرەب و ئینگلیز ، کورد و فورس • دەوڵەتی بەریتانیا هەمو نەتەوەیە هاندەدا بۆ دامەزراندنی هەر شتێ بـیر و

پرۆپاگەندەی خۆیان لە ئێران چونکە لە ناو ئەو ولاتە خـۆیدا مـەودای تەواوی ئەو کارەیان نەبو .

(١٢) «الزهور» رۆژنامەیەکی سیاسی بو ، لە رۆژی ٤ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٩وە بە عەرەبی و تورکی لە بەغدا کەوتە دەرچون .

(١٣) مەبەستی کۆمەڵی ئیتیحادی دەستەی تورکانی لاوە کە تەموزی ١٩٠٨ هاتە سـەر حوکم .

ئاواتی دەربڕێ • سوپاس بۆ یەزدان کە دەولەتێکی پێ بەخشین چۆن پێویستە کار وا دەنرخێنێ و ڕێگەی هەموان دەدا بە هەوای خۆیان تا خوا دەڵێ بەس بنۆسن » [١٤] •

هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی ڕوون بە دەستەوە نییە لە ڕێگەیەوە بتوانرێ ناوی ئەوانە دیار کرێ کە سەرپەرشتی دەرکردنی «تێگەیشتنی ڕاستی»یان دەکرد • زوربەی نوسەرانی ڕۆژنامەی «العرب» و هەمو نوسەرانی «تێگەیشتنی ڕاستی» ناوی خۆیان لەسەر بەرهەم و وتارەکانیان نەدەنوسی [١٥] • بەڵام وردبونەوە لە چەند ڕاستییەك و بەراوردیان گومان لە بەشداری دوکەس ناهێڵێ : یەکەمیان میجەر سۆن و دووەمیان شوکریلفەضلی (شکری الفضلی)یە • لەوانەیە هەر ئەم دوانەش بە جوتە دەستەی نوسەر و کارگێڕی «تێگەیشتنی ڕاستی» بوبن •

---

(١٤) «العرب» ، بغداد ، ٧ كانون الثاني ١٩١٨ .

(١٥) بەنیسبەت «العرب»ەوە مێژونوسی ئاگادار مامۆستا عەبدورڕەزاق حەسەنی دەڵێ ئەو نوسەرانە لەوە سڵیان دەکردەوە تۆمەی لایەنگیری داگیرکەریان بدرێتە پاڵ (عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٥) . ڕاستە زۆر نوسەری ئەم ڕۆژنامەیە ناوی خۆیان نەدەنوسی ، هی واشیان هەبو نازناوی بۆ خۆی دادەنا . بۆنمونە عەبدورڕەحمان بەنا بە ناوی (ابن البراع)ەوە نوسینی بڵاو دەکردەوە . کەرمەلی زانا گەلێ نازناوی جیاجیای بەکاردەهێنا . بەڵام ئەمە بۆ خۆی کارێکی ئاساییە . بەوێنە کەرمەلی ناوبراو ٤٠ نازناوی هەبو کە زۆربانی بەر لە ساڵی ١٩١٤ بەکارهێناوە (بڕوانە : كوركيس عواد ، الاب انستاس ماري الكرملي . حياته ومؤلفاته (١٨٦٦ ـ ١٩٤٧) ، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ١٩ ـ ٢٢) . هەمان کات ژمارەیە نوسەر و شاعیری بەناوبانگی ئەو سەردەمەی وەك زەهاوی بە ناوی ئاشکرای خۆیانەوە لە «العرب»دا بەرهەمیان بڵاو دەکردەوە و بە شانازییەوە باسی دەسکەوتە شارستانییەکانی ئینگلیزیان دەکرد . مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە نیشانی دەم بۆ ئەو سەردەمە هێشتا زو بو بەوجۆرە بیر لە ئینگلیز بکرێتەوە ، بەتایبەت چونکە هێشتا دڵی خەڵك پڕ لە ڕق و کینە بو بەرامبەر عوسمانییان و تەواو ئینگلیزیان لەنزیکەوە نەناسیبو .

هەرچی مێجەر سۆنە [١٦] لە هەمو ئینگلیزی ئەو سەردەمە و بگرە پێش ئەو سەردەمەش زیاتر شارەزای کورد و وڵاتی کورد و زمانی کوردی بـو • بەر لە شەڕی یەکەم بە چەند ساڵێ هاتبووە ناو کورد و لە نزیکەوە دەرسی نیشتمان و نەریتی کردبۆن و پەیوەندی لەگەڵ زۆری ناوداریان بەستبـو ، بەرهەمی گەورە و بایەخداری دەربارەیان بڵاو کردبۆوە [١٧] • سۆن زمانی کوردی ئەوەندە دەزانی مامۆستا ئەمین زەکی بڵێ : «بەقـەدەر کوردێـك کوردی ئەزانی و لە عالیمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانەکەمان بو » [١٨] • کوردی زانینی سۆن گەیشتبووە رادەیە قورئـانی پیرۆزی بە بـاشی لـە عەرەبیەوە وەردەگێڕایە سەر زمـانی کوردی • جارێکیـان بە بەردەمی چاپخانەیەکی سلێمانیدا تێدەپەڕێ و دەبینێ زۆر کەس بە قومارەوە خەریکن• یەکسەر وتارێ بە ناوی خۆیەوە لە «پێشکەوتن»دا بڵاو دەکاتەوە و تێیـدا دەڵێ :

---

(١٦) ئێلی بانستەر سۆن (Ely Bannister Soane) (١٦ی ئابی ١٨٨١ — ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣) یەکێکە لە ئەفسەرە سیاسییە هەرە ناودارەکانی ئینگلیز . وەك رۆژهەڵات و کوردناسیش شوێنی دیاری خۆی هەیـە . بەر لە شەڕی یەکەم بە ناوی میرزا حسەینی غوڵامی شیرازییەوە هـاتە گەلێ ناوچەی کوردستـان . ساڵانی شەڕ زۆر فەرمانی گرنگی لە عیراق پێسپێررا . دوای شەڕ بۆ ماوەیە حاکمی سیاسی سلێمانی بو . لـە رۆژانی سەختی کاریدا توشی سیل هات و ئەنجام بەو دەردە رۆی .

(١٧) گەشـتەکەی کوردسـتانی بـە کتێبێکی گەورە دو جـار چـاپکرا (E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, London, 1912 and 1926).
گەلێ بەرهەمی بایەخـداری دەربـارەی زمـانی کوردی و هـۆزەکانی کوردستان هەیـە .

(١٨) محمد امین زکی ، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستـان ، جلدی اول (جزمی دووەم) ، بغدا ، ١٩٣١ ، ل ٢٩١ . لە زۆر شوێنیتردا چاپی عەرەبی ئەم کتێبەمان وەك سەرچاوە بەکارهێناوە ئەویش زیاتر لەبـەر لێدوانەکانی محەمەد عەلی عەونییە .

«دەڵێم ئەم یاری‌یانە لەسەر پارە یا چای بێ یاخود لەسەر هەچ شتێکی‌تر بێ قومارە و فەرقێکیان لە ێودا نی‌یە • لە قورئانی مەجیدا بێژراوە : «یسألونك عن الخمر والمیسر قل فیهما اثم کبیر ومنافع للناس ، واثمهما أکبر من نفعهما » یەعنی : «لە تۆ دەپرسن لە مەی و قومار بڵێ لەو دوانەدا زیانی گەورە و قازانج هەیە ، بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان » • دیسان فەرموراوە : « انما یرید الشیطان ان یوقع بینکم العداوة والبغضاء في الخمر والمیسر ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلوات » یەعنی « جگە لەمە نی‌یە کە شەیتان دەیەوێ لە ناوتان دوژمنی و رق بخاتن بە مەی و قومار و ئێوە بهێڵێتەوە لە زکرێ خوا و لە نوێژ » [19] • دیارە کێشانی ئەم کوردی‌یەی سۆن دەبێ بە تەرازوی سەردەمی خۆی بێ کە لەگەڵ قسەی گەلێ شاعیر و نوسەری ئەو قۆناغە پارسەنگی پێ ناوێ • بەڵام گوێ بۆ ئەم راگەیاندنە رایەڵ کەن کە دیسان هەر خۆی نوسیویە :

« بۆ زانینی هەمو :

مەجید کوڕی عەلێ هەمەوەندێ ٢٧ ساڵەیە ، دەستە پیاوە ، سمێڵی پڕ و درێژە ، ریشی تۆپە ، موی سورە ، پیاوی کوشتووە و هەڵاتووە ، هەچ کەسێ هەواڵی ئەو مەجیدە بدا کە بۆ کوێ چووە یا بیگرێ و بیگەیێنێتە حوکمەت سێ‌صەد روپیەی ئەدرێتێ •

حاکمی سیاسی مێجەر سۆن » (٢٠) •

سۆن حەزی دەکرد زمانی کوردێ پێشکەوێ و بێتە زمانی نوسین • بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم نیازەی پەنای بردە بەر گەلێ کاری بە ئەنجام • هەر کە بووە حاکمی سیاسێ سلێمانی کوردێ کردە زمانی خوێندن و نوسین و

---

(١٩) «پێشکەوتن» ، سلێمانی ، ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ .
(٢٠) «پێشکەوتن» ، ٣ی مارتی ١٩٢١ .

پەیوەندیی نێوان دەزگایانی میریی[٢١] . بەخێرایی کتێبی ئەلفبای کوردیی چاپکرد و خۆی بەسەر فێرگەکاندا دەگەڕا و زۆر گەرم مامۆستا و شاگردانی ئەو قوتابخانانەی بۆ بەکار هێنانی زمانی کوردی هاندەدا . جگە لەوە سۆن کەوتە هاندانی نوسەر و شاعیرانی کورد بۆئەوەی زیاتریەتی بنوسن . بۆ ئەم مەبەستەی پێشکەوتنێکی رێکخست و نوسینێکی زەکی صائیبی کردە دووەم لەگەڵ ئەوەش کە لە تارتێکبینی و ورە بەردان و «گەڕان بەدوای عیزرائیل» بەولاوە هیچیتری تێدا نییە ، بەڵام هەمتوی لە بەرگێکی ساکاری پەتیدا پێشکەش کراوە و مێجەر سۆنیش عەودال و کوژراوی ئەوە بوو . هەر لەو پێشکەوتنەدا شیعرێکی شێخ نوریی شێخ صالحی کردۆتە یەکەم کە قەت ناچێتە ناو دەفتەری بەرهەمە بەهێزەکانی ئەو شاعیرەوە ، بەڵام بۆ سۆن ئەوە زۆر بوو کە شێخ نوریی بە کوردییەکی پەتی خەلکی هاندەدا بۆ بایەخدان بە کشتوکاڵ[٢٢] . هەر بەوجۆرەش سۆن شێخ نوریی و جەمال عیرفانی هان دەدا لەسەر لۆکە و توتن و ئەو بابەتانە بنوسن . راستە مێجەر سۆن دەیەویست داهاتی بوجەی کارگێڕیی شار زۆر کا کە هەمتو کاروباری ناوچەکەی پێ هەڵدەسوڕێنرا ، بەڵام خۆ هیچکام لە حاکمە سیاسییەکانیتر،

---

(٢١) بڕوانە :
W. R. Hay, Two Years in Kurdistan. Experiences of a Political Officcer 1918 — 1920, London, 1921, PP. 36 — 37.

(٢٢) مێجەر سۆن هەواڵی ئەو پێشکەوتنەی لە ژمارە (٢٧) و (٢٨)ی رۆژنامەی «پێشکەوتن»دا بلاوکردەوە . یازدە کەس لەو پێشکەوتنەدا بەشدار بون کە سیانیان یەکەم و دووەم و سێیەم دەرچون. یەکەمیان شیعری شێخ نوریی شێخ صالح بوو «جوتو گا شتێکی چاکە» (٥٠ روپیەی لە سەر وەرگرت) ، دووەمیان پارچەیە پەخشانی زەکی صائیب بوو ، بێ ناونیشان بلاوی کردەوە و ٣٥ روپیەی لەسەر وەرگرت ، سێیەمیان «رۆژەوە بۆنێك»ی محەمەد جەمیل (جەمیل صائب) بوو کە ئەویش پارچەیە پەخشانە لە شێوەی چیرۆکدا نوسراوە و ٢٥ روپیەی لەسەر وەرگرت (بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ٢٨ی ئۆکتۆبەر و ٤ و ١٨ی نۆڤەمبەریی ١٩٢٠) .

ئەفانەت تۆئێلیش کە وا ناسرابو کوردی خـۆش دەوێ ، وەك ئەو بیریـان نەکردەوە و رەفتاریان نەکرد .

لە لایەکی‌ترەوە مێجەر سۆن وەك فەرمانبەرێك دریغی لە جێ‌بەجێ‌کردنی هیچ ئەرکێکی سەرشـانی نەدەکرد ، چیی پێ دەکرا وەك نوێنـەری رژێمی وڵاتەکەی بە ئەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە دەیکرد . لەمیشیاندا سۆن عـارەقی دەڕشت و توشی دەرد و ئازار دەهات و زادی مێشکی دەسوتاند و زۆریشی لەسەر دەکەوت . گەلێ جار سۆن لەگەڵ مەرگ دەستە و یەخە دەوەستا[٢٣].

بەم‌جۆرە پێویستە لە هەمو قوژبن و لایەکێکەوە سەیری سۆن بکرێ : وەك مرۆڤێك کە ئەویش مەبەستی بو بێتـە « لۆرانسی کورد »[٢٤] ، وەك فەرمانبەرێك و وەك پیاوێکی ئازا و زانـا و شـارەزا . سەربـاری هەمو ئەمانەش سۆن دەستی باڵای لە مەیدانی رۆژنامەنوسیدا هەبو . یەکێ بو لە بەڕێوەبەرانی ((Basra Times)) کە یەکەم رۆژنامەیە ئینگلیزەکان لە بەسرە دوای گرتنی دەریان کرد[٢٥]. هەر کە بوشە حاکمی سیاسی سلێمانی یەکسەر دەستی دایە دەرکردنی رۆژنامەی «پێشکەوتن» کە بە بـارست و ناوەرۆك لەگەڵ «تێگەیشتنی راستی» هیچ جیـاوازی‌یەکی نی‌یە . ئەم راستی‌یـانە

---

(٢٣) تایبەت بەر لە شەڕی یەکەمی جیهـان ، واتە ئـەو کاتـەی بە نـاوی بازرگانێکی عەجەمەوە ماوەیەکی درێژی لە کوردستان بردەسەر . مێجەر سۆن خۆی بە وردی باسی ئەو رۆژانەی کردووە (بڕوانە کتێبەکەی : ((To Kurdistan and Mesopotamia in disguse)).

(٢٤) ئێرنست مێین دەڵێ کارەکانی سۆن «بەرادەی کارەکانی لۆرانس گرنگ بۆن‌هەرچەندە کەمتر زانراون » .
(E. Main, Iraq from Mandate to Independence, London, 1935, P. 51).

(٢٥) بڕوانە :
A. T. Wilson, Loyalities Mesopotamia 1914 — 1917. A Personal and Historical Record, London, 1930, P. 73.

بەسەر یەکەوە دەبێ گومان لەوەدا نەهێڵن کە مێجەر سۆن دەست و دەوری گەورەی لە دەرکردنی رۆژنامەی «تێگەیشتنی راستی»دا هەبێ .

کە ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» دەخوێنیەوە هەست بە نوسینی دوو کەسی جیاواز دەکەیت ، هەست دەکەیت یەکێکیان بۆ کورد سوتاوە و بە زمان و هەستی رۆژهەلاتی‌یەك دەدوێ . ئەوی‌تریان وەك ئینگلیزێکی دلسۆز و روناکبیرێکی ئەوروپایی دەنوسێ . ئەمیان وەك وتمان مێجەر سۆنە . هەرچی ئەوی‌تریانە زۆر لەوە دەکا شوکریلفەضلی بوبێ[٢٦] . بۆ ئەمەش ، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین ، چەند بەلگەیەکمان بەدەستەوەیە .

شوکریلفەضلی[٢٧] (١٨٨٢ ــ ١٩٢٦) یەکێکە لە تۆسەرە ناودارەکانی

---

(٢٦) روفائیل بەطی لە بەرگی یەکەمی سالی ١٩٢٦ی « لغة العرب »دا ئیشارەتێکی کردووە بۆ ئەوە کە شوکریلفەضلی لە «تێگەیشتنی راستی»دا کاری کردووە .

(٢٧) نیسبەت بە گەڕەکی «فضل» لە بەغدا کە تیا لەدایكبووە . کوڕی مەحمودی کوڕی ئەحمەد ئاغای خەلکی سلێمانی‌یە . عایشەی دایکی لە هۆزی «کروبە»ی عەرەبە . گەلێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو دانی بەم راستی‌یەدا ناوە (بڕوانە : رفائیل بطی ، شکری الفضلی (١٨٨٢ ــ ١٩٢٦) ، ــ «لغة العرب» ، بغداد ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٢ ؛ خیرالدین الزرکلی ، الاعلام ، الجزء الثالث ، الطبعة الثالثة ، بیروت ، بلا ، ص ٢٥٠ ؛ حەمە بۆر ، شکری الفضلی الشاعر الذي کتب للعرب والاکراد ، ــ «العراق» ، بغداد ، ١٨ آب ١٩٧٧) . لەگەل ئەوەش هەن ئەم پیاوە لە دایك و باوکەوە بە عەرەب دادەنێن (بڕوانە : عبدالله الجبوری ، شکری الفضلی ، ــ «البلد» ، بغداد ، ٥ مایس ١٩٦٦) . گەر ئەمە راست بێ ئەوەندەی‌تر لە مەقامی شوکریلفەضلی بەرز دەکاتەوە ، زۆر خۆشە مرۆڤ هێند دیموکراسی بێ و گەلانی‌تری بەورادەیە خۆش بوێ و ئاوا دلسۆزانە خزمەتی زمان و کەلەپوریان بکا و بۆ دوارۆژیان بە پەرۆش بێ . با لێرەدا ئەوەش بلێین بەلگەیەکی گرنگی عەرەبایەتی شوکریلفەضلی لای عەبدوللا ئەلجبوری ئەوەتە کە لە کتێبی «مشاهیر الکرد و کردستان»ەکەی مامۆستا ئەمین زەکیدا ناوی نەهاتووە ! .

عیراقی پێش شەڕی یەکەم و دوای ئەو شەڕە • بە دایك عەرەب و بە بـاوك کورد شوکریلفەضلی ، وەك نوسەرێکی کورد دەلێ ، تاکە کەسـە کە بۆ هەردو رەگەزی وەفادار بۆ[٢٨] • هەرچەندە بەغدا مەڵبەندی خێزانی ئەم پیاوە بو بەلاّم بەلای کەمەوە ٢٠ ساڵی تەمەنی لە کوردەواریێ بردە سـەر ، تایبەت لە سلێمانی و دەوروبەری [٢٩] • بـەمجۆرە کوردیەکی باشـی دەزانی و تەواو شارەزای ژیـانی کۆمەلاّیـەتی کورد بو • کوردیێ زانینی شوکریلفەضلی گەیشتبووە رادەیە شیعری پێ دەنوسێ و شەڕە شیعری لەگەڵ شاعیرێکی بە دەسەلاّتی وەك شێخ رەزا دەکرد[٣٠] • بەر لەوەش شـەڕی یەکەم دەست پێ بکا ئەم پیاوە لە سەر کوردی دەنوسێ• لەو زنجیرە وتارەی کە لە «لغة العرب»دا بە نـاوی «کوردی ئیمڕۆ»وە بلاّوی کردۆتـەوە وەك شارەزایە باسی ئافرەت و پیاو و خێزان و جل و بەرگ و ئایین و نەریتی کوردی کردووە [٣١] • زۆر پێ دەکا یەکەم کەسی خۆمانە بێ کە هەوڵی داوە وشەی کوردیێ بە پیتی لاتینی بنوسـێ • هەر لەو وتارەیدا گەلێ وشـەی کوردیێ پەتێ بـە لاتینی نوسـیوە [٣٢] •

---

(٢٨) بڕوانە : حەمە بۆر ، سەرچاوەی ناوبراو .

(٢٩) لەمبارەوە گۆڤاری باوەڕپێکراوی «لغة العرب» بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان نوسیویە دەلێ : «٢٠ سـاڵی لەنـاو کوردا بردەسـەر و . . . گەڕانێکی تەواو بەو ناوچەیەدا گەڕا » (بڕوانە : «لغة العرب» ، الجزء الخامس من السـنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٢٣٤) .

(٣٠) وەك باس دەکەن دیوانی شوکریلفەضلێ لای مامۆستا مەلا نەجمەددیـن بووە . بە شـیعرێکی شێخ رەزادا رون دیارە کە شـەڕە شیعری قورسیان لە نێواندا بووە (دەربارەی ئەو شیعرەی شێخ رەزا بڕوانە : « دیـوانی شێخ رضـای طالەبانی » ، کۆکەر و چاپکەری علی الطالبانی ، بەغـا ، ١٩٤٦ ، ل ٤٠) .

(٣١) شکری الفضلی ، الكرد الحاليون ، ـ «لغة العرب» ، الجزء الخامس من السـنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٢٣٤ ــ ٢٤٢ ؛ الجزء السـادس من السـنة الثالثة ، تشرين الثاني ١٩١٣ ، ص ٣٠٧ ــ ٣١٣ .

(٣٢) بۆنمونە : کورتـەك = Koûrtak ؛ دۆم = Dôm ؛ سـێ بـراکە Sé — Brakéh و گەلێکی تر .

جگــه لەمانــه شوکریلفەضلیش وەك مێجــەر ســۆن دەســتی لــه ڕۆژنامەنوسیدا باڵا بو • بەرلەوەی شــەڕی یەکەم دەستپێبکا وتــاری سیاسی و کۆمەلایەتی و شیعری لە ڕۆژنامەی « التعاون » و « الزهور »دا بلاودەکردەوە[٣٣] • وەك وتمان لە گۆڤاری « لغة العرب »یشــدا وتاری دەنوسی • کە ئینگلیز لە ساڵانی شەڕدا « العرب »ی عەرەبی و « ایران » و « ظفر عراق »ی فارســیان دامەزراند شوکریفلەضلی بووە نوســەرێکی چالاکیــان [٣٤] •

ئەمانــه گومان لــەوەدا ناهێڵن کە شوکریلفەضلی یەکێك بووە لــە سەرپەرشتیکەرانی «تێگەیشتنی ڕاستی»• ڕاستە هیچ بەڵگەیە لەو ڕۆژنامەیە خۆیدا بۆ ساغکردنەوەی ئەم ڕاستییە بە دەستەوە نییە ، بەلام هەمانکات هیچ بەڵگەیەکی بەشداریشــی لە چاپەمەنییەکانی تــری ئینگلیزدا بەرچاو ناکەوێ • جگــه لەوە کوردێکیتر شكنابەین ئەو ســاڵەی « تێگەیشتنی ڕاستی » تیا دەرچو لە بەغدا بوبێ و نوسین و دەرکردنی ڕۆژنامەی لە دەست هاتبێ • جەمال بابان تاکە کوردی عیراقە بەر لە شــەڕی یەکــەم ڕێگــەی ڕۆژنامەنوسی گرتە بــەر ، بەلام ئەویش لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شــەڕ ناچار دامو دەزگای گۆڤارە تاقانەکەی پێچایەوە •

جگە لە سۆن و شوکریلفەضلی بیری پشکنەر لەمباسەدا تارادەیە بــۆ نۆئێلیش دەچێ هیچ نەبێ چونــکە بەرادەی ســۆن بایەخی بــه کورد و کوردستان دەدا و وەك ئەو یەکێ بــۆ لە ئەفسەرانی لەشکری ئینگلیز لــه عیراق • بەلام نوئێل زیاتر بیری لە هۆز و سەرەك هۆزانی کورد دەکردەوە • ئەم بەر لە سۆن بووە حاکمی سیاسیی ناوچەی سلێمانی ، کەچی وەك ئــەو

(٣٣) «التعاون» و «الزهور» لە بەغدا دەردەچون .

(٣٤) عبدالرزاق الحسنی ، ســەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٥ ؛ روفائیل بطی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٣ ــ ٢٤ •

بـيرى له دەركردنى رۆژنامەيەكى كوردىْ نەكردەوە هەرچەندە لەو زياتـر پەرۆشى بۆ كورد نيشان دەدا .

بۆ ساغكردنەوەى ئەم راستىيانە پەنام بردە بەر زۆر كەسى شارەزا و خوێندەوارى كوردى ئەو سەردەمە . هەر لەمبارەوە نامەيەكى تايبەتيم بـۆ مامۆستا تۆفيق وەهبى نارد بەڵكو ئەوو ئەدمۆندس بتوانن يارىدەيەكم بدەن. وا لـە خوارەوە دەقى وەلامى مامۆستا وەهبى بلاو دەكەمەوە كە بۆ خۆى بەلگەيەكىترە بۆ ئەم باسە :

« ... جوابى ئەو كاغەزەى نـاردبوم بۆ ميستەر ئەدمۆنـدس هاتـەوە . ميسـتەر ئەدمۆندس دەلىْ كـە ئـەو سـەردەمەى « تێگەيشتنى راسـتىْ » دەردەچوْ ، خـۆى لەگەلْ كاروبارى كوردستاندا پەيوەندىْ نەبوْ . « تێگەيشتنى راستىْ » ئۆرگانى پرۆپاگەندەى سياسىْ بەريتانىْ بوْ ، ميستەر سۆن سەرپەرشتىْ دەكرد . بەلام باوەڕ ناكا كە مێجەر نۆئێل دەستى بوبىْ تێيدا . وە دەلـىْ كە دەشـىْ شوكريلفەزلىْ يەكىْ بوبىْ لـە سـەرەك نوسـەرەكانى ... » (٣٥) .

يەكەم ژمـارەى « تێگەيشتنى راسـتىْ » رۆژى سىْشەممەى ١٨ى (ربيع الاول)ى ١٣٣٦ى كۆچى ـ يەكى كانونى دووەمى سـالى ١٩١٨ لە بەغدا دەرچو ، بەلام لەو ژمارەيەدا بە هەلە سالى ١٩١٧ لەبرێتى سالى ١٩١٨ چاپكراوە (٣٦) . يـەكەم ژمارەى بەمجۆرە « مسلك »ى رۆژنامەى تازە

---

(٣٥) لەو نامەيەيدا مامۆستا تۆفيق وەهبى دەلىْ : «پێشنيار دەكەم لەباتـى (د.) نيشانەى (در.) دانێن بەرامبەر وشەى دوكتۆر » .

(٣٦) بەهۆى ئەو هەلەى چاپەوە دانەرى «كشاف الجرائد والمجلات العراقيه» (بغداد ، ١٩٧٦) زاهيدە ئيبراهيم كەوتۆتە هەلەوە و سالى ١٩١٧ى بە سەرەتاى دەرچونى «تێگەيشتنى راستىْ» داناوە . سەرچاوەىتريـش

لەدایك‌بوی دیار کردووە:«تێگەیشتنی راستی خزمەتی یەك‌بون و سەربەستی و سەرکەوتنی کوردان ئەکا • ئەمڕۆ هەمو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێ‌هێنانی ئەم ئومێدە موبارەکەن و گەلێکیان لەپاش کۆششێکی پیاوانە پێی گەیشتن• هەر فیکرێ کە بە تەرازوی عیلم و عەقڵ نەپێورابێ عەرزی ناکەین ، هــەر ئیشێ کە بە تاقی کردنەوە چاك‌دەرنەچوبێ کردنی رەوا نابینین » (٣٧) •

وەك لەکۆتایی بەشی دووەمدا وتمان کورد بــەر لە شــەڕی یەکەمی جیهان گەیشتبووە ئەو پلەیەی لە رێگەی رۆژنامەوە قسەی لەگەڵ بکرێ • ئینگلیزیش ئەو سەردەمە لە گشت لایەتێکەوە مەبەستی بۆ کورد بەلای خۆیدا راکێشێ • لەمەدا ، بەر لە هــەمو شت ، هۆی دەرکردنــی «تێگەیشــتنی راستی » دەبینرێ •

بەشی زۆری سەرتاپای ژمــارەکانی «تێگەیشــتنی راســتی» بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە و لەمەدا هیچ لادانێك لە سروشت و کاری ئاسایی بەدی ناکرێ • هەر لە ژمارە یەکدا و دوابەدوای باسی رێبازی رۆژنــامەکە «تێگەیشتنی راستی» وتارێکی بەم ناوەوە بلاوکردۆتەوە : «چاکەی حکومەتی بەریتانیای معظم بۆ عیراق» • لێرەدا بەشی زۆری ئەو وتارەی وەك خــۆی دەخەینە بەرچاو بەنیازی رۆنکردنــەوەی رێبــاز و شــێوازی نوســینی «تێگەیشتنی راستی» لە سەرەتای هاتنە مەیدانی‌یەوە :

«عیراق لەم شەڕە عالەمگیرەدا لە هــەمو لا نەوجەوانــانێکی زۆری بەکوشتن‌درا کە بەراستی قوەتی ئەژنۆ و هێزی دەستی بەختیاری ئــایندە بون • لەبەرئەمە ئەم ولاتە خەندەبارە ، هەمو لایەکی لە زۆری هــەتیوانی هەناسە سارد و بێوەژنانی بێ‌کەس و دەر هەمیشە دەگریا • هەزاران مــاڵ

کەوتۆنە هەمان هەڵەوە (بڕوانە : محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی نــاوبراو) •

(٣٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ •

وێران بوو ، سوتا ، وەك جگەری خانەخوێ بوو بەکۆی زوخاڵ . هەزاران باغ و جۆگە و زەوی بێخاوەن ما . رزق ، شتومەك رۆژبەرۆژ کەم ، فەقیر و هەژار تا ئەهات زۆر دەبوو . گەلێ کەس ئێوارە بێچرا دەما ، شەو بێشێو سەریان ئەنایەوە . هەموو لایە پڕ لە شیوەن و هاوار و گریان و باوکەڕۆ بوو . بێسەری و بێدەری هەموو وڵاتانی خەمبار کرد . بێئیشی ، بێبازاڕی خەڵقی لە گیانی خۆی بێزار کرد [٣٨] . عیراقی‌یە بێچارەکان لەژێر باری گرانی خوێنینی ئەم هەموو شەڕ و شۆڕە ، ئەم هەموو خەم و خەفەتە دەیانناڵاند ... ئاخری خوا حکومەتی معظمەی بەریتانیای بۆ عیراقی‌یەکان رەخساند ، حکومەتە زاڵمە عاجزەکەیان دەرکرد و هەموانی لە کۆت و زنجیری بێرەحمی ئەوان نەجات‌دا . لە حاڵی نەزعی گێڕانەوە ، دووبارە ژیانەوە....» . ئینگلیز بە «زەڕەبینی قانون و عەدالەت تەماشای حەق و حەقیقەت دەکەن... ئەو زەوی‌یانەی کە جاران سێ‌یەکیکی لەبەر زوڵم نەدەچێنرا ئەمڕۆ هەموو سەوز ئەکاتەوە ، حکومەتی معظمەی بەریتانیا گەنمو جۆیەکی زۆری بە فەلاحەکان داو ئیشی تەواو بۆ ئاسان کردن » . بەم جۆرە و لە سایەی ئینگلیزدا هەموان «عومرێکی ئاڵتونین و زیوینین رادەبوێرن » [٣٩] .

---

(٣٨) رستەی لەم بابەتە : «بێسەری و بێدەری هەموو وڵاتانی خەمبار کرد ، بێئیشی و بێبازاڕی خەڵقی لە گیانی خۆی بێزار کرد» لە نوسینی یەکێك دەکا دەستی لە شیعردا هەبێ . ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» پڕن لە نمونەی‌وا کە ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی‌تری بەشداری کردنی شوکریلفەضلی‌یە لە بڵاوکردنەوەی ئەو رۆژنامەیەدا .

(٣٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یەك ، ای کانونی دووەمی ١٩١٨ . لەمەدا «تێگەیشتنی راستی» و «العرب» تەواو یەکیان دەگرتەوە . ژمارەکانی ئەمیشیان وەك ئەو پڕن لە هەڵدان بە شانوباهوی ئینگلیزدا . هەر بۆنمونە ئەم چەند دێڕەی «العرب» دەخەینە بەرچاو کە هەمان رۆژ بڵاوی کردۆتەوە . «العرب» لەو ژمارەیەیدا دەڵێ : «لە سەردەمی لەناوچوی تورکدا ناوی بەندیخانە لەشی دەهێنایە لەرزین ، خەڵك مردنیان بەلاوە خۆشتر بوو وەك لەم ناوە بێزراوە . تورکان ، خوا تا

راکێشانی هەســتی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بۆلای ئینگلیز پێویستی بە بەدناوکردنی یەکجاری عوسمانییان بو. «تێگەیشتنی راستی» و «العرب» لەمەدا درێغییان نەکرد . بەشی زۆری سەروتــار و نوسینیتری هەردوکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە . ناونیشانی سەروتاری ژمــارە دوی «تێگەیشتنی راستی» ناوەرۆکیئەم رێبازە رون دەخــاتە بەرچــاو : «کوردستان چ خێرێکی لــە رۆمیان یەعنی لە تورکان دی ؟ » [٤٠] . زۆر سەروتاریتری «تێگەیشتنی راستی» دەستە خوشکی ئەم بابەتەن ، وەك : « تورك بە عەمەلی کورد و ئەقوامیتر نایە» [٤١] .

کار بەمەشەوە نەوەستا . دەبو هەستی ئایینی خەلــك بیزوێنــرێ و وایانلێبکرێ تورك بە دوژمن و ئینگلیز بە دۆستی ئیسلام دابنێن . لە وتاری «ئینگلیتەرە و ئیسلام»دا «تێگەیشتنی راستی» نوسیویە دەڵێ : « ئەوی تەماشای تاریخ بکا دەبینێ کە حوکمەتی معظمەی ئینگلیتەرە گەلێ جار بە فریای ئیسلام گەیشتووە . حوکمەتی تورکی چەند دەفعــەیە لەبەرخــاتری موسڵمانان لە مردن خەلاص کردووە » . دوای باسی خۆشی و بەختەوەری موسڵمانان لەژێر سایەی ئینگلیزدا «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ : «حوکمەتی ئینگلتەرە و فەرەنسە و روسیا لەبەر خاتری موسڵمانان بە حوکمەتی تورکیان گوت تۆ شەرمەکە و بێتەرەف بوێستە ئێمە هەرچی چاکە دەرحەق بە تــۆ رەوای دەبینین . ئەما ئیتیحادییە تورکەکان چونکە ئارەزویان ئەمە بــو کە

رۆژی مەحشــەر خەجالەتیان کا ، ئەم شوێنەیان کردبووە «رازەو بــۆ دۆزەخ » ... یەکەم کاری حکومەتی بەریتــانی (لە عــیراق ــ ك. م.) لابردنی ئەو بەندیخانەیەی رۆژانی تورك بو » . دیارە ئینگلیز لە جێی ئەو بەندیخانەیەکی هێند ریکوپێکیان دانا هەمو کەس حەز بکا تیا بژی (!!) .

(٤٠) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمــارە دو ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٤١) سەروتاری ژمارە ٢٨ی «تێگەیشتنی راستی» ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .

عەرەب و کورد لەنــاو بەرن و هەر خۆیان بمێنن گوێیان لــەم قســانە نــەگرت ••• » (٤٢) •

لە وتارێکیتریدا بە ناونیشانی «تورکە ئیتیحــادی‌یەکان موضــیزی ئیسلامەتین» «تێگەیشتنی راستی» دوای هێرشێکی قورس بۆ سەر تورکانی لاو دەڵێ : « ئەم جەمعیەتە تورکە کە چاوی‌پێ‌کەوت عەرەب لە تورکیا لــە خۆیان زۆرترن و استنادگاهیان دیانەتی ئیسلامە بۆ ئەمە کە ئەوان زەعیــف بکەن دەستیان‌کرد بە ئیمحا و گۆڕینی کلیلی ئادابی دیانەتی ئیسلام • چی‌یان کرد ؟ • جەمعیەتێکی گەورەی تورکیان هێنــایە ناو و ناویــان نا « تــورك ئۆجــاغی » • راو رەسمی ئەم جەمعیەتە مەحوی ئیسلامیەتە و (ئەیەوێ ــ ك• م•) ئەوی غەیرە تورکە بیکا بە تورك •••» (٤٣) • لە سەروتارێکی تریدا دەڵێ : « حوکمەتی تورك موغایری شەرعە » (٤٤) بۆیەکا ســەردارانی گەر «ناوی محەمەد (ص• م•)یان لا بێنی هەمو رو گرژ ئەکەن و ئەگەر نــاوی ئەنوەر و طەلعەت و جەمال (٤٥) بێ (صلی‌الله علیه وســلم) ئــەڵێن ••• حوکمەتێك ئەمە حالی بێ ، رجالی دەولەتێك رەوشت و دین و ئاینیان ئەمــە بێ هەڵبەت شایانی تاعەت نین » (٤٦) • سەیرکەن « تورکە ئیتیحادی‌یەکان چی‌یان بە ئیسلام نەکرد » (٤٧) و چۆن « لەگەڵ ئەلەمانیا و هاوڕێکانی کە هەمو دوژمنی ئیســلامن و موسڵمانێك تا ئیمڕۆ لە سایەی ئەواندا نەژیــاوە ئیتیفاقیان کرد و خۆیان و موسڵمانە بێ‌گوناهەکانیان بەم‌دەردە برد •••» •

---

(٤٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ •
(٤٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو یەك ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ •
(٤٤) ئەمە ناونیشانی وتارەکەیە •
(٤٥) ئەو ســەردەمە گشــت کاروبــاری دەولەتی عوسمانی بەدەســت ئەم سیانەوە بو •
(٤٦) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو نۆ ، ٢٠ی مایسی ١٩١٨ •
(٤٧) ئەمە ناونیشانی سەروتاری ژمارە سێو یەکی «تێگەیشتنی راستی»یە ، ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ •

ئینگلیز به نیازی بزواندنی هەستی ئایینی خەلکی ساکاری ناوچەکە پەنایان دەبردە بەر هەمو رێگەیە • ئەوەتە هەر ئینگلیزە و دەست لە ئایینی خۆیان هەلدەگرن و دەبنە ئیسلام و «دلسۆز»ی‌یان بۆ ئایینی نوێیان دەگاتە رادەی «بێز» کردنەوە لە ناوی رابوردویان • فەرمو ئەوا میستەر ل• ج• ستیوارد نەك هەر موسلمان بو بەلکو ناوی خۆشی‌کردە جەمالەددین• هەرچی میستەر جاکسنی تازە موسلمانە ناوی سەعدی ئەحمەدی لە هەمو ناوێکی ئینگلیزی بەلاوە خۆشتر بو (٤٨) • لای خۆشمان میستەر سۆن سەری بچوایە نوێژ و رۆژوی نەدەچو •

تا ئەوکاتەی «تێگەیشتنی راستی» دەستی‌کرد بە دەرچون گەلێ ئالوگۆڕی گرنگ لە مەیدانی شەڕ و باری سیاسی نێوان دەولەتاندا روی‌دا• لەشکری ئینگلیز و ئەو هێزانەی سەر بەو بون جێ‌پێی خۆیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست باش قایم کردبو • بەرلەوەی لەشکری ئینگلیز بگاتە بەغدا وەزعی روسیا شلۆقا و گلولەی دەستە و دایەرەی چار کەوتە لێژی و زۆری نەخایاند شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەختو تاراجی رژێمی کۆنی تێکدا و لەشکری روس لە شەڕ کشایەوە • ئەم ئالوگۆڕانە بارێکی ئەوتۆیان خولقاند کە بۆ ئینگلیز بە هیچ‌جۆر لەگەل بڕیارەکانی پەیمانی نهێنی «سایکس ـ پیکۆ»ی سالی ١٩١٥ نەدەگونجا • بەپێی بەندەکانی ئەو پەیمانە هەمو کوردستانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەر روسیا و فەرەنسە کەوتبو • بەلام وا یەکەمیان لە مەیدان دەرچو ، دوومیشیان دەوری لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەل دەوری ئینگلیز بەراورد نەدەکرا • بەم‌جۆرە ئینگلیز کەوتنە سەر بیری ئەوەی تا دەتوانن بەرەو باکوری بەغدا بڕۆن • دیارە یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم ئالوگۆڕە زۆر بونی بایەخ و شوێنی کورد و کوردستان بو لە پلانەکانی

(٤٨) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٨ •

ئینگلیزدا ، بەتایبەتی لەبەرئەوەش کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە دوژمنەکانیان چالاکانە هەوڵیان دەدا هۆزە کوردەکان راکێشن و بیانکەنە داردەستێکی کاریگەری خۆیان لە مەیدانەکانی شەڕدا .

لەبەر ئەم هۆیانە دەبو ئینگلیز زیاتر بایەخ بدەن بە هاندانی کورد و راکێشانیان بەلای خۆیاندا . وەك ئاشکراشە کەس وەك ئەوان وەستای ئەم کارە نەبو . زوربەی لەشکری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هندۆك و سیك بوو تا ئەوان بەدەستەوە بونایە بەدەگمەن پیاوی خۆیان بەکوشت دەدا . لەولاشەوە هەر ئەوان زانیویان چۆن کەڵك لە خەباتی رەوای هۆزە عەرەبەکانی حیجاز ببینن . دیارە دەیانویست هەمان یاری بە کوردیش بکەن . لەمەشدا «تێگەیشتنی راستی» دەوری خۆی بینی .

بۆ ئەم مەبەستە «تێگەیشتنی راستی» بە هەمو زمانێك لەگەڵ کورد دەدوا . لە سەروتاری ژمارە دوێدا دەڵێ : «چارەی کوردان ئەمڕۆ وەك عەرەب بە حکومەتی موعەززەمەی بەریتانیا پشتبەستنە چونکە چاوی لە ماڵ و مولکی کەس نیە ، ئارەزوی ئازادکردنی ئەقوامە ، حکومەتی ئەمەریکا دەستێژی ئەوە ، کەنەدە و ئیرلەندە و میسر و هندستان لە سایەی ئەوا زۆر چاك سەربەست ئەژین . لە تورکیا بەتەمای دڵخۆش بون شێتیە ئەی کوردی برایان » (٤٩) .

لە سەروتاری ژمارە چواریدا «تێگەیشتنی راستی» ئاین و سیاسەت لە یەك جوێ دەکاتەوە و(٥٠) دەڵێ : «حکومەتی موعەززەمەی بەریتانیا شەرقی بۆ شەرقیەکان دەوێ ، ئەم حەربە گەورەیە بۆ سەربەست بونی ئەقوامی موختەلیفەی عەرەب و کورد و ئەرمەن دەکا . بۆ خۆ بە خۆ ژیانی هەمو

(٤٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە دو ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .
(٥٠) ناونیشانی سەروتاری ئەو ژمارەیە بەمجۆرەیە : « دیانەت جوێیە و سیاسەت جوێیە » .

ئەقوام سەعیەکی تەواوی ئیختیار کردووە »[٥١] .

لەبەر خاتری هەمان مەبەست زۆر جار «تێگەیشتنی راستی» دەکەوتــە باسی «خۆشەویستی» و «دلسۆزی» بێهاوتای ئینگلیز بۆ کورد . بەگەرمی دەیگوت : « حکومەتی ئینگلیز کوردانی زۆر خــۆش‌دەوێ ... چونــکە دەزانێ لە تاریخی عالەمدا کوردان ناوێکی گەورەیان هــەیە و بە مــەردی و ئازایی هەتا ئێستاکە خۆیان راگرتووە . حەزناکا وا بلاو بمێننەوە و خزمەتی ئەم و ئەو بکەن ... هەلبەتە حکومەتی موعەزەمەی ئینگیلتەرە کە کوردانی لە هەموکەس زیاتر خۆش‌دەوێ وەکو ئیشی ئەقوامی‌تری ئاسان‌کرد ئیش بۆ ئەوانیش ئاسان دەکا ...» . لە هەمان ژمارەیدا «تێگەیشتنی راستی» دیسان دەلێ : «کورد عاقلن ، دەبێ نەختێ تێبفکرن ، تا زووە یاریەی حکومەتی موعەزەمەی ئینگیلتەرە طەلەب و خۆیــان هەم لە تورك و هەم ئەلەمــان و کەسانی‌تر رزگار بکەن و بۆخۆیان جوێ بژین ، خودا پەکیان‌ناخا ...»[٥٢].

لە ژمارەیەکی‌تریدا دەلێ :

« ئینگلیز لە هەمو قەومێك زیاتر دۆستی کوردانن ، عاشقی شوجاعەتی ئەوانن ، دلێری کوردانیان چاك بیستووە لەبەرئەمە زۆریان خۆش ئــەوێن . ئێمە ئەگەرچی لە بەغدا کەمین [٥٣] بەلام لە خەلکی بەغدا خۆشەویسترین . مەئموری‌یــەتی گــەورە ئەمــڕۆ زۆری لە دەس‌کوردانــە ، کوردێ کــە موراجەعەتیان بکا بێ‌بەشی ناکەن ... لە تورکان مەترسن ، بەم‌نزیــکانە لەشکری جیهانگیری ئینگلیز بە ئیمدادتان دەگا ... » [٥٤] .

---

(٥١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .
(٥٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .
(٥٣) دیارە ئەمە نوسینی میجەرسۆن نی‌یە ، لە نوســینی شوکریلفەضــلی دەکا ، گەر وابێ خۆی بە کورد داناوە .
(٥٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمــارە حەفدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

«دلسۆزی» ئینگلیز بۆ کورد گەیشتبووە رادەیە ناونیشانی ژمارە ٣٣ی «تێگەیشتنی راستی» بەمجۆرە بێ : « حکومەتی بەریتانیای عوزما سەعی بۆ کورد دەکا » . ئەو حکومەتە ، وەك دەڵێ ، «قۆڵێکی موحتەشەمەی بۆ کوردان درێژ کردووە بۆ ئەمەی کە لە دەست حکومەتی تورك خۆی نەجات بدا . دەبێ (کورد ــ ك. م.) بە کەمالی دیقەت حەرەکەت بکا چونکە ئەمڕۆ لە حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا زیاتر هیچ حکومەتێك نی یە خزمەتی حوڕیەتی بەشەر و سەعادەتی ئەقوام بکا » . «تێگەیشتنی راستی» لێرەدا ناوەڕاست و باشوری عیراق دەکاتە نمونە کە وەك دەڵێ ئەمڕۆ « لەسایەی عەدالەتی» بەریتانیادا «لە هەمو ئەقطاری عالەم» باشترن . کۆتایی «تێگەیشتنی راستی» بە ئەوپەڕی بڕواوە دەڵێ : «شوبهە نی یە کوردستانیش لەم نزیکانە نائیلی ئەم رەفاهو خێرە دەبێ » [٥٥] . ژمارەکانی تری ئەم رۆژنامەیە پڕن لەم بابەتە قسە و گفت و پەیمان و هاندانە [٥٦] .

«تێگەیشتنی راستی» زۆر جار عەرەبی حیجاز و عیراق و بە رادەیەکی کەمتر ئەرمەنی دەکردە نمونە بۆ کورد و دەیویست بە ناوی ئەوانەوە زیاتر هانیان بدا . دیارە لەمەدا عاقڵی دەکرد ، چونکە ئەوانیش وەك کورد ساڵەهای ساڵ بۆ گیرۆدەی دەستی عوسمانی بان بون . جگە لەوە مەسەلەی حیجاز ئەو رۆژانە دەیتوانی لە قوژبنی ئاینەوە کار بکاتە سەر گشت موسڵمانانی جیهان . لەمەشدا «تێگەیشتنی راستی» وەستایانە هاتە مەیدان . بەکوردی دەوت ئەوەتە « حیجازی موبارەك لەژێر عەلەمی حەزرەتی رسول‌الله ، رۆحم بە صەدەقەی بێ ، ئیعلانی ئیستیقلالی کرد » [٥٧] ، چونکە تورکە

(٥٥) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سێو دۆ ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

(٥٦) شایانی باسە لەگەڵ نزیك‌بونەوەی کۆتایی شەڕ و مسۆگەربونی سەرکەوتنی ئینگلیز « تێگەیشتنی راستی » کەوتە پاشەکشە لە گفت و پەیمانە زۆرەکانی .

(٥٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە شازدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

ئیتیحادی‌یەکان « ئارەزویان ئەمە بۆ عەرەب و کورد لەناوبەرن و ... گەلێ لە گەورەی عەرەب و کورد بە کوشتن دران و نەفی کران و چل پەنجا هەزار کەس لەوان بە زولمی ئەڵەمانیا و حەماقەتی تورك لەناوچۆن ... شـەریفی مەککەی موشەڕەفە جەنابی سوڵتان حسەین [٥٨] کە موسڵمانێکی سەید و بەشەرەف و غیرەت بۆ کە ئەم حاڵە بێمەعنایەی دی لەگەڵ حکومەتی زالمی تورك بە شەڕ هات » [٥٩] • لە ژمارەیەکی‌تردا بە هـەمان دەستور دەڵێ : «قەومی عەرەب ئەوا جوێ حکومەتیان هێنایە ناو • ئەمڕۆ سوڵتان حسەین لە مەککەی موشەڕەفدا شەرەفی عەرەبی زیندۆ کردەوە • لە کوردستـان پیاوی گەورە دەس دەکەوێ ، بۆچی بێدەنگ بۆن ، تورك ئەو قووەتـەی نەماوە کە کەس لێیان بترسێ ... » [٦٠] • دەربارەی هەمان باس دیسـان « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ :

عوسمانی «دەیانویست عـەرەب و کورد فیـدای تورك کەن ، ئەمـا عەدالەتی خودا ئەمەی قبوڵ نەکرد • قەومی عەرەب لە حیجاز حکومەتیـان هێنایە ناو و خۆیان لە دەس تورك نەجاتدا و بە (اترکوا الترك کما ترکوکم) عەمەلیان کرد ، ئەگەر بەمە عەمەلیان نەکردایـە مەحو دەبون ...» بـەڵام «کورد چونکە بەدینن بەزەییان بەوانـدا (واتە بە عوسمـانی‌یانا ــ ك• م•) هاتەوە و معاوەنەتیان دەکردن ، ئەما چونکە مەقصود ئەمە بو کورد مەحـو بێتەوە هەر چاکەیەك لەگەڵیان دەکردن بێفائیدە دەمـا و بالعکس زیـاتر شێتگیر دەبون ...» • دوای ئەوە «تێگەیشتنی راستی» دێتە سەر باسـی تەمەنی یەك ساڵەی بەغدا لەژێر سـایەی ئینگلیزدا و دەڵێ : « ئەو ئاسار و عیمران و مەدەنیەت و زەراعەت و خەیراتە کە ئەوان پێکیانهێنا تورکان بە

---

(٥٨) مەبەستی شـەریفی مەککە حسـەینی کوڕی عەلی‌یە کە ئەوکاتە راپەڕینێکی گەورەی دژی دەسەڵاتی عوسمانی لە حیجاز بەرپا کردبۆ .

(٥٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ .

(٦٠) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە حەڤدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

٥٠٠ ساڵ نەیانتوانی بیکەن ... ئەمەلمان هەیە کە قەومی کورد بە قسەی درۆی تورك تەفرە ناخۆن و دەست ئەدەنە دەستی ئینگلیز و خۆیان لە زوڵمی تورکان رزگار دەکەن و خەریکی ئیعماری مەملەکەتی خۆیان دەبن » [٦١] .

لە سەروتاری ژمارە ٣١یدا «تێگەیشتنی راستی» بێپێچوپەنا دێتە سەر مەبەست و دەڵێ : «حکومەتی تورك ئەمڕۆ هیچ قیمەتێکی دەولیەی نییە ، بەدەست ئەڵەمانیاوە وەك داشی دامە حەرەکەت دەکا ... هەڵبەتە عەرەب و کورد ئیتر مەیلی حکومەتێکیوا جاهیل و بێدەسەڵات ناکەن ، زانەن لەبەرئەمە کە عولەمای مەککە خەلافەتیان لێ نەزع کرد قیمەتێکی دینیشی نەما . عەرەب لە مەککەی موشەڕەفە ئیعلانی ئیستیقلالیان کرد . جەلالەتمەئاب مەلیك حسەین ئەمڕۆ لەگەڵ تورکەکاندا لە حەربدایە ، کوردەکانیش چارەیەکی سەری خۆیان بکەن چاکە چونکە حکومەتی بەریتانیای عوزما موحیبی کوردە » [٦٢] .

دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم هەمو پیاهەڵدان و هاندانە ئەوەبو هۆزە چەکدارەکانی کوردستان بینە ژێردەستی ئینگلیز و بکەونە گیانی لەشکری عوسمانی و راوێژکەرە ئەڵەمانەکانی و بەوجۆرە رێگەی پێشکەوتنی بێزیان بۆ ئەوان تەخت و خۆش کەن . هەر لە سەرەتاوە «تێگەیشتنی راستی» ئەمەی بە رونی خستە بەر چاو و گەلێ وتاری بۆ تەرخان کرد . سەروتاری ژمارە نۆزدەی بەم ناوەوە بو : «روئەسای کورد دەبێ چی بکەن ؟ ». دوای مەتحێکی زۆری سەردەمی فەرمانڕەوایی سەردارانی بابان «تێگەیشتنی راستی» لەم وتارەیدا دەڵێ :

سەردارانی بابان «دایم موستەقیل دەژیان و ئەگەر لە تەرەف عەجەم و تورکەوە تەجاوزێکیان بدیایە بۆ موحافەزەی ئەمارەتی خۆیان بەگژ ئەم دو

(٦١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو هەشت ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .
(٦٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیتو یەك ، ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

حکومەتە کە چەند دەفعە لە خۆیان گەورەتر بون دەچون و دەیانشکاندن ٠ هەم تورك ، هەم عەجەم ئیفتیخاریان بە ئیتیفاقی ئومەرای بابان دەکرد ٠٠٠ ئەگەر تەماشای حەقیقەت بکرێ کورد تا ئەم نزیکانە قەومێکی حاکم بـون کەواتا بۆچی حاکمێتی بە مەحکومی‌یەت بگۆڕنـەوە ٠ لەم شـەڕەدا هەر قەومێك کە بەغیرەت بو سەری بەرز کردەوە و ئەوا نایلی حاکمی‌یەت دەبێ٠ قەومی کورد هەڵبەتە لە گەلێ ئەقوامی‌تر بەغیرەتترن ، بۆچی هەتا ئێستـاکە وێستاون » ٠ دوای ئەوە «تێگەیشتنی راستی» دەکەوێتە ژماردنی ناودارانی کورد و لە شێخانەوە دەست‌پێ‌دەکا و بەسەر جاف و پشدەر و مەنـگوڕ و هەمەوەند و زەنگەنە و تاڵەبانی و باجەلانی و گەلێکی‌تردا تێدەپەڕێو (٦٣) داوایان لێ‌دەکا تا زووە بجولێن و «هەرایەکی گەورە» بەرپاکەن و «سلێمانی و ئەترافی لە زولمی تورك خەلاص» کەن و هەل لە دەست نەدەن بەتایبەتی کە «تورك ئەمڕۆ ئیشی خراپە ، ئەگەر هەر یەك لە کوردستاندا هەڵسێ ناتوانێ نەفەرێك بۆ ئەو ناوە بنێرێ چونکە لەشکری ئینگلیز بەرابەری وێستاوە٠٠»٠ دوای ئەوە بەنیازی زیاتر جولاندنی کورد «تێگەیشتنی راسـتی» هەر لـەو ژمارەیەیدا دەلێ :

«ئەمڕۆ حکومەتی ئینگیلتەرە و فەرەنسە و ئەمریکا و هاوڕێکانیـان هەمو تەرەفداری حاکمی‌یەتی ئەقوامن ٠ ئەم شەڕە هەر دەبێ ئـاخری بێ ،

---

(٦٣) زۆریش بە شانو باهویاندا هەڵدەدا : شێخان « لە هەمو کوردستاندا شۆرەتی ئازاییان هەیە و هیچ وەختێ لە حکومەتی تورك نەترساون » ؛ « عەشیرەتی گەورەی جاف وجودی حکومەتی تورکیان لە لا نی‌یـە و هەمو بە ئەسلەحەی چاك موسـەلەحن » ؛ « ئاغایانی پشـدەر و مەنگوڕ کـە حکومەتی تورك بـە تـۆپ و عەسـکەرێکی زۆرەوە دەرەقـەتیان نەدەهات » ؛ « هەمەوەند کە بە دەست و بازو تا ئەم چەندانە لە بازیان لەبەر چاوی حکومەت خەرج و باجیان لە ئەهالی وەردەگرت و حکومەتی تورك هەرچەند پەلەپەلی کرد فایەی نەبو » ؛ « زەنـگەنە و تاڵەبانی و شوان و شێخ‌بزنێ ... زۆر شـەجیعن » ؛ « بەگزادەی باجەلان لـە تاریخدا ناویان گەورەیە » .

ئەوسا ناوی عەرەب و ئەرمەن و جولەکە لەناو موعاهەدەی صــولح زیــکر دەکرێ چونکە ئەمانە لەم شــەڕەدا هەمو سەریــان بــەرز کرد و داوای حکومەتیان کرد . ئەما کوردان تائیستا هیچیان نەکرد ، لە حکومەتان وایــە کە ئەم قەومە هیچ نیەیە چونکە خۆیان نەنوانــد » ، وادیــارە «خۆیــان حاکمیەتیان ناوێ » چونکە « ئەگەر بیانویستایە هەرایەکیان دەکرد » و بە «قسەی درۆی تورکەکان تەفرەیان نەدەخوارد ... کورد دەبێ لەئێستــاوە پەلەپەل بکەن تا لەناو موعاهەدەی صولح نــاویان بێ ... وەکو دەبینــین حکومەتی ئینگیلتەرە زۆر (زۆر ــ ك. م.) کوردانی خۆش دەوێ چونــکە لە هەمو دەولەتەکانیتر زیاتر دەیانناسێ ، موحتەمەلە زۆر یاریەیان بــدا ، ئەما کە ئەوان وسکت بن تەبیعی دەخلی بە سەریانەوە نــامێنێ و لەپاشــانا زەرەرێکی زۆر دەکەن ... » (٦٤) .

رون دیارە ئینگلیز ئەو رۆژانە دەیــانویست هــەرایەکی گەورە دژی دەسەڵاتی عوسمانی لە کوردستان بەرپا بێ . تا نزیــك تەواوبونی شــەڕ «تێگەیشتنی راستی» لە هەمو شت زیاتر بایەخی بەم مەسەلەیە دەدا و ئاشکرا بە ناوی ئینگلیزەوە پەیمانی یاریدەی بە سەرەك هۆزانی کورد دەدا بۆئەوەی چالاکانە دژی رژێمی عوسمانی بێنە مەیدانەوە . یەکێك لە ژمارە زووەکانی «تێگەیشتنی راستی» رودەکاتە «زەنگەنە و هەمەوەند و پشدەر» و پێیــان دەڵێ «ئەگەر (عوسمانی ــ ك. م.) عەســکەری خۆیــان بنێرنە ســەرتان لەشکری ئینگلیز دەستبەجێ رودەکاتە هەمو کوردستان» خۆ « ئــەمڕۆ ئەگەر حکومەتی ئینگیلتەرە بزانێ کە هەرایە لە کوردستاندا قەوماوە تۆپ و لەشکر سەوق دەکا و بە بێ ئەمــە کە خوێــن لە لوتی کوردێ بێ ئیشــی کوردستان جێبەجێ دەبێ » (٦٥) . هــەر بەوجۆرە « تێگەیشتنی راستی »

---

(٦٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە نۆزدە ، ٥ی مارتی ١٩١٨ .
(٦٥) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پازدە ، ١٩ی شوباتی ١٩١٨ .

ئەفسەر و سەربازی کوردی ناو لەشکری عوسمانی هاندەدا بدەنە شاخ و داوای دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە پەیوەندی‌یان پێوە بکرێ .

شایانی باسە « تێگەیشتنی راستی » لەم‌بارەوە رۆی دەمی نەدەکردە تەنها سەرەك هۆزانی کوردستان . جاروبار بەم‌جۆرەش دەدوا : « ئێمە لێرەدا رۆئەکەینە رەنجبەر و فەقیران چونکە دەزانین دەولەمەندان بە نانی خۆیان گەیشتون و رۆحی خۆیان زۆر خۆش دەوێ و خۆیان نە بە قەومی کورد نە بە دونیا ناگۆڕنەوە . ئەما رەنجبەر و فەقیر لە هەمو قەومێکدا مل لە چەقۆ دەسوون ، هەر ئەمەندە چەند جوانێکی زیرەك رێگەیان پێ نیشان‌بدەن دەتوانن هەرایە بنێنەوە هەم خۆیان و هەم قەومی کورد لە فەلاکەت و کوێرەوەری رزگار بکەن . ئەی کورد ، برایانی فەقیر و رەنجبەر خۆتان زۆر چاك دەزانن کە ئەرزی کوردستان هەمو شاخ و داخە ، عەسکەری غەریب رێی تێدا چاك دەرناکا ، ئەگەر کورد[٦٦] سیلاحی خۆیان بێنن و لەگەل ئێوە یەك بن دەتوانن هەرایەکی گەورە بەرپا بکەن » [٦٧] .

لە ژمارەیەکی‌تریدا بە هەمان دەستور دەلێ : « لێرە دوبارە قسە تەوجیهی پیاوی گەورەی کوردستان دەکەین و دەلێین گوناهی فەقیر و هەژاری کورد هەموی بەئەستۆی ئێوەیە ئەگەر مەقصەتی شەخسی خۆتان بە فائیدەی عمومی کورد و کوردستان بگۆڕنەوە و ئەو قەومە کە بە هجومی بابل و ئاشور و میدی[٦٨] و فورس و حوکمەتانی‌تر بەفەنا نەچو لەناوی

---

(٦٦) مەبەستی سەرباز و ئەفسەری کوردی ناو لەشکری عوسمانی‌یە .

(٦٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پازدە ، ١٩ای شوباتی ١٩١٨ .

(٦٨) هێنانەوەی ناوی میدی لێرەدا راست نی‌یە ، بەلام دەشبێ ئەوە لەیادنەکەین کە ئەوکاتە هێشتا را زانستی‌یەکەی کورد و رۆژهەلاتناسی بەناوبانگ پرۆفیسۆر مینۆرسکی لەبارەی پەیوەندی رەگەزی کورد بە میدی‌یەوە بلاو نەبوبۆوە (لەو بارەیەوە بڕوانە : البروفیسور فلاديمير مينورسكي ، الاكراد احفاد الميديين ، ترجمة وتعليق الدكتور كمال مظهر احمد ، ـ « مجلة المجمع العلمي الكردي » ، المجلد الاول ، العدد الاول ، ١٩٧٣ ، ص ٥٥٢ ـ ٥٦٣) .

بیـــەن »[69] .

وەك وتمان دوو کەس یا دوو دەســـتەی (؟) [70] جیا « تێگەیشـــتنی راستی »یان دەبرد بەڕێوە ، یەکێکیان فەرمانبەرێکی بەدەسەڵات و زیرەك و دڵسۆزی ئینگلیز بوو ، ئەوی‌تریان روناکبیرێکی کورد یا رۆژهەڵاتی‌یەکە بە دڵ بۆ کوردستان و گەلی کورد سوتاوە . لەبەر ئەوە گەلێ جار لـــە یەك مەبەستدا هەست بە دوو شێوازی جیاواز دەکەی چونکە ئەویان بـــۆ یاری خۆی و ئەمیان بـــۆ یاری خۆی شـــینی کردووە . لە هاندانی کوردا دژی دەسەڵاتی عوسمانی ئەم لایەنە روون و ئاشکرا دەرکەوتووە . شان‌بەشانی ئەو شێوازەی لە سەرەوە باسمان‌کرد یەکێکی‌تر بە ئاوازێکی‌تر کورد بـــۆ راپەڕین هان‌دەدا ، ئەوەش بۆ خۆی نرخ و بایەخی « تێگەیشتنی راستی » زۆر بەرز دەکاتەوە ، تـــایبەت گەر کات و شـــوێنیش بگرینە بەرچـــاو . وا لەخوارەوە چەند نمونەیەکی شێوازی دووەم دەخەینە بەرچاو :

لە وتارێکی ژمارە بیستو پێنجیدا « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ :

«کورد دەبێ چاك تێ‌بفکرن ... دەبێ چاك موتەزیری فرسەت (بن ـــ لـ م.) و بۆ حەیاتی کوردستان هەرچی لازمە بیکەن . رۆژێکە و ئەمڕۆ ، دەبێ دەستو بازووی هیمەتی کوردی تێدا دەرکەوێ و ناوی باوك و باپیری خۆیان کە هەموو بە شانو باهووی خۆیان بەڕێوە چون و بەندەگی کەســـیان قبووڵ نەکردووە زیندووی بکەنەوە و خۆیان لە مزگێنی و زوڵمی ئەم و ئەو نەجات بدەن . تەماشا کەن خوا بـــەم عەزمەت و گەورەیی‌یەی جورئەت و ئیختیاری بـــە بەندە داوە چاك و خراپ چی ئارەزوو دەکا بیکا ، ئەما ئەوی ئەکەوێتە ژێر باری حوکمی خەڵق جورئەتی ئیختیاریشی لەدەست وەردەگرن و وەك داشی دامە چۆن ئارەزو بـــکەن وای دەگێڕن » . دوای باســـی ئەو

(٦٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ .
(٧٠) دوو دڵین لەوەی دوو کەس زیاتر بوبن .

دواکەوتنەی عوسمانی‌یەکان لەگەڵ خۆیان هێنایانە کوردستان «تێگەیشتنی راستی» لە کوتایی هەمان وتاردا دەڵێ : زەمانی زۆ « قەوم قەومی مەحو نەدەکرد ، ئەما سیاسەتی ئەم زەمانە وا ئیجاب دەکا ئەمڕۆ ئەگەر قەومێ خۆی موحافەزە نەکا هەمۆ کەس دانی لێ تیژ ئەکا و کە بۆی رێکەوت چنگی تێ دەهاوێ و پارچە پارچەی دەکا • ئەوی عەقلی (بێ ــ ك• م•) ئەوەندەی بەســە » [٧١] •

لە وتارێکی‌تریدا « تێگەیشتنی راستی » لەوەش جگەرسۆزانەتر دێتە دەست و بە دڵێکی پڕ لە داخەوە دەڵێ : « لە بەینی ئەو ئەقوامەی تابیعی تورکن[٧٢] لە کورد مەغدورتر نی‌یە ، تورك هەر خوێنیان دەمژن و مەحصولی سەعیان دەخۆن ••• » [٧٣] • لە وتارێکی‌تردا دەڵێ : « ئەمڕۆ قەومێ کە لەوان (لە کورد ــ ك• م•) بە عەدەد کەمتر و بە شەجاعەت لەوان خوارترە بۆ کۆبۆنەوە سەعی دەکا و بۆ ئەمە کە ئیشی خۆی بە دەستی خۆی رێکخا خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردووە[٧٤] • ئەمڕۆ کێ حەز ناکا گەورە گەورانی کورد دەســت بدەنــە یــەك و بــۆ رزگار بونی ئەم قەومــە تێ‌بکۆشــن ••• » [٧٥] •

شوێنی دیار لەسەر لاپەڕەکانی « تێگەیشتنی راستی » بۆ سەرکەوتنی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیان لــە مەیدانی شــەڕدا تەرخان کراوە • جۆر و

---

(٧١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ .
شایانی باســە هەندێ جار هەردۆ رێباز لە وتارێکدا یەکیان گرتۆتەوە ، جا ئەوە یا رێکەوتە یا ئەنجامی هاوسەرنجی‌یە بۆ دیاردەی تایبەتێ یا لەوەوە هاتووە کە رەنگبێ سۆن و شوکریلفەضلێ سەیرو دەستکاریێ وتاری یەکیان کردبێ .

(٧٢) ذیارە مەبەستی «تێگەیشتنی راستی» عوسمانێ و تورکانی لاوە .

(٧٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیو یەك ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

(٧٤) لەوە دەکا مەبەستی ئەرمەن بێ .

(٧٥) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .

شێوازی بڵاوکردنەوەیان شێوەی پرۆپاگەندەی وەرگرتبۆ و زیاتر بۆ ئەوە بو خەڵکی کوردستان وا تێبگەن دوازۆژ لە هەمو لا زیاتر بۆ ئینگلیزە بۆیە دەبێ پشت بەوان ببەستن • بۆنمونە بەشی زۆری ژمارە بیستو یەك بۆ باسی روداوە گەورەکانی شەڕ لە ماوەی ساڵێکدا تەرخان کراوە و کۆتایی بەمجۆرە هاتووە : « ••• ئەڵەمانیا تەمایەتی عالەم بە شیر بگرێ و ببێ بە ئاغای هەمۆ خەڵق ، خودا مووەفەقی نەکا • زاڵم عومری کەم ئەبێ • ئینگیلتەرە وانی‌یە ، تەرەفداری حاکمی‌یەتی ئەقوامە ، نایەوێ کەس بکا بە عەبدی خۆی بەلکو دەیەوێ هەمۆ خەڵق مەسعۆد بن بۆیە تائیستە مووەفەقە و لەمەولاش مووەفەق دەبێ ، عادل دایمە بەرخوردارە »[٧٦] • « ئەڵەمانیا ئەمە چوار ساڵە خەریکە هەر پیاو بەکوشتن‌ئەدا و قووەت و ماڵ سەرف دەکا و موتەفیقەکانی بەگژ ئەم و ئەودا دەکا و تائیستا هیچی بە هیچ نەکرد ، بالعکس ئۆردووەکەی روی لە پەرێشانی‌یە و حکومەتەکەی بەپیر موفلیسی‌بەوە دەچێ • ئەوا ساڵی پێنجەمی حەرب دەستی پێ‌کرد ، شك نی‌یە ناتوانێ ئەم ساڵە بە سەلامەتی بەرێتە سەر چونکە ئیشی تەواوە ••• ئەڵەمانیا هەر خۆی نا ، ئەوستریا و تورك و بەلغاریشی بەفوژدا برد • ئەما ئەوستریا و تورك هەردۆ موستەحەقن چونکە ساڵەهایە زوڵم لە عەناصری ژێردەستیان دەکەن ، ئەم حەربە تائیستە بەعزێکی نەجات دا و ئەوی ماوە ئەوانیش رزگار دەبن »[٧٧] •

دوژمنانی ئینگلیز ، تایبەت ئەڵەمان، هەر لە شەڕدا ژێرنەکەوتن ، بەلکو سەرەڕای ئەوەش « عەسکەریان چووە هەر جێ وێرانی کرد و ئەهالی لە رۆحی خۆی بێزار کرد• ئەما ئینگیلتەرە عەسکەری چووە هەر جێ مەعموری

(٧٦) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو یەك ، ١٨ی مارتی ١٩١٨ .
(٧٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چل ، ٥ی ئابی ١٩١٨ .

کرد و ئەهالی‌یەکەی مەمنۆن هێشت [٧٨] ... لەبەر ئـەمە ئەڵمانیا تا بێ دۆستی کەم و دوژمنی زۆر دەبێ و ئینگیلتەرە تا بێ دۆسـتی زۆر دەبێ » بۆیە « ئینگلیز موەفەقە و ئەڵەمانیا مەغلوبە و زەمان لە ئیسپاتی ئەمە عاجز نیـیـە » [٧٩] .

بۆ هەمان مەبەست شوێنی تایبەت لە « تێگەیشتنی راسـتی »دا بۆ سـەرکەوتن و پێشکەوتنی لەشـکری ئەمیر فەیسەڵ لە حیجاز و شـام و فەلەستین تەرخانکراوە . ژمارەی وای هەیە زیاتر لە نیوەی بریتی‌یە لە باسی شەڕی فەلەستین[٨٠] . سەروتاری ژمارە چلو هەشت کە بەم ناونیشـانەیە « ظەفەری عەظیمی فەلەسـتین » [٨١] بەجۆرێکی سـەرنج راکێشەر باسی بەدیل‌گرتنی ٥٠ هەزار سەرباز و ٣٢٥ تۆپ و نیوەی ئەفسـەری « ئۆردوی هەشتەمی » لەشکری عوسمانی دەکا و بە شانازی‌یەوە دەڵێ «لەشکرگێڕ[٨٢]

---

(٧٨) بە داڕشتنەکەیدا لە قسـەی سۆن دەکا .

(٧٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە ٤٥ ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ . هەر بەوجۆرە « تێگەیشتنی راسـتی » گەلێ نمونەی لەسـەر کوشـتن و بڕیـن و خراپەکاری لەشکری عوسمانی لە ئێران و ئازەربایجان و شـوێنی‌تر هێناوەتەوە (بڕوانە هەمان ژمارە و ژمـارە چلو حەوتی رۆژی ٢٣ی ئەیلولی ١٩١٨) .

(٨٠) بۆ نمونە بڕوانە ژمارە چلو هەشت ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩١٨ .

(٨١) رۆژنامەی «العرب»یش وتارێکی گەورەی لەژێر هەمـان ناونیشـاندا بلاوکردۆتەوە . ناونیشـان و ناوەڕۆکی زۆر وتاری گرنگی « تێگەیشتنی راستی » و « العرب » لە یەکیان دەکرد . ئەم چەند نمونەیەی «العرب» بەڵگەن : « محاربة الاتراك لدين الاسلام » (٢١ آذار ١٩١٨) ؛ «انتهاك الاتحاديين لقدسيات الاسلام» (٢٥ آذار ١٩١٨) یا «الترك في نظر الالمان» (٨ نيسان ١٩١٨) ؛ «حول رزء الترك» (٢٦ تشرين الاول ١٩١٨) .

(٨٢) مەبەستی لە (لەشکرگێڕ) (قائد الجيش) یا (القائد العام)ە .

لیمان فۆن ساندەرس [٨٣] بە هەزار حاڵ خۆی لە یەخسیری رزگار کرد » [٨٤] .

« تێگەیشتنی راستی » بڵاوکردنەوەی هەمو هەواڵێکی سەرکەوتنی مەیدانی فەلەستین و شامی بە هەل دەزانی بۆ تازەکردنەوەی باسی خراپەی عوسمانی و ئەڵەمان و چاکەی ئینگلیز . « حکومەتی ئینگلتەرە کە تورکی لەوێش (لە فەلەستین ـ ك . م .) دەرکرد خەڵق حەیاتێکی تازەیان دەست کەوت چونکە لە زەمانی تورکدا هەمو لەبرسانا دەمردن . ئەو زوڵمانەی تورك لە سوریە کردیان گەلێ خراپتر بو » بۆیە دانیشتوانی فەلەستین و سوریە « ئەمڕۆ هەمو بە خوێنی سەری تورکیا تینون » . هەرچی ئەڵەمانیاشە « دەیەوێ خوێنی ئەقوام بمژێ ، ماڵ و حالیان پێ نەهێڵێ چونکە ئەو ئەڵێ : ئەقوامی شەرق حەقی بەقایان نی یە ، یا دەبێ بمرن یا دەبێ عەبدایەتی قبوڵ (بکەن ـ ك. م.) » [٨٥] .

« تێگەیشتنی راستی » و « العرب » گەرماوگەرم قسە و وتەی لێپرسراوانی ئینگلیزیان بەجۆرێکی دیار و سەرنج راکێشەر بڵاو دەکردەوە . نەك هەر سەروتاری ژمارە ٥ و ٦ و ٧ ی « تێگەیشتنی راستی » بەڵکو سەرتاپای ئەو سێ ژمارەیە [٨٦] بۆ ناوەرۆك و باسی ئەو وتە گرنگەی لوید جۆرجی سەرەك وەزیر تەرخان کراون کە رۆژی ٥ ی کانونی دووەمی ساڵی

---

(٨٣) جەنەراڵ لیمان فۆن ساندەرس شارەزایەکی عەسکەری ناوداری ئەڵەمانی یە، ئەو سەردەمە وەك راوێژکەر سەرپەرشتی هێزی چەکداری عوسمانی دەکرد .

(٨٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو هەشت ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩١٨ .

(٨٥) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە چلو پێنج ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ ؛ ژمارە پەنجا ، ١٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ .

(٨٦) تەنها یەك دو هەواڵی زۆر بچوك لە ژمارە شەش و حەوتدا بڵاوکراونەوە.

١٩١٨ دای[٨٧]. «تێگەیشتنی راستی» و «العرب» قسەکانی لوید جۆرجیان بە گەورەترین روداوو گرنگترین قسەی رەسمی هەمو شەڕ دانا و بە لێدوانەوە بڵاویان کردەوە[٨٨] . لەگەڵ ئەوەش ئەو دو رۆژنامەیە ئەو قسانەی لوید جۆرجیان ئەنوسی کە دەربارەی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست (تایبەت سوریە و عیراق) وتبوی چونکە بەڵێنی سەربەخۆیی تەواویان تیا بو . بە هەمان دەستور چاوپۆشییان لەو بەشانەی چواردە بەندە ناودارەکەی سەرەك کۆماری ئەمەریکا ویلسن کرد کە بۆ باسی چارەنوسی گەلانی ژێردەستە تەرخان کرابون[٨٩] .

«تێگەیشتنی راستی» و بەتایبەتی «العرب» زۆ زۆ باسی ئەو دەسکەوتە شارستانەتییانەیان دەکرد کە بە هاتنی ئینگلیز لە عیراق بڵاوبونەوە . هەر لە ژمارە یەکیدا «تێگەیشتنی راستی» کەوتە باسی ئەوەی چۆن « جادەی مەملەکەت بە چرای ئەلەکتریك رۆشن کرایەوە و شەو لەگەڵ رۆژدا ئەوەندە

---

(٨٧) رۆژی ٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لوید جۆرج لە هۆڵی وێستمنیستەر لە بەردەم نوێنەرانی کرێکاری ئینگلتەرە وتارێکی رەسمی گرنگی لەبارەی روداو و مەبەستەکانی شەڕەوە خوێندەوە . هەر لەو وتارەیدا لوید جۆرج گەلێ باسی ماف و داخوازی رەوای گەلانی کرد (دەربارەی دەقی وتاری ناوبراو بڕوانە :
((War memories of Lloyd George)), Vol. V, London, 1936, PP. 2515 — 2527).

(٨٨) بڕوانە : «العرب» ، ١٢ و ١٩ کانون الثانی ١٩١٨ ؛ « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە پێنج و شەش و حەوت ، ١٥ و ١٩ و ٢٢ ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٨٩) تایبەت بەندی دوازدەی کە باسی دوارۆژی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی دەکرد . سەیر ئەوەیە رۆژنامەی « العرب » دوای ئەوەش کە ژمارەیە لە خوێنەرانی داوایان لێ کرد دەقی ئەو بەندە وەك خۆی بڵاو بکاتەوە ئینجا هەر خۆی لێ گێل کرد (بڕوانە : « العرب » ، ٧ شباط ١٩١٨) .

فەرقی نەما » و «خەڵق لەبەر ئەو ڕۆشنایی‌یە کە شەڕ لەگەڵ مانگ و ئەستێرە دەکا تا سەعات شەشی (عەرەبی ـ ك‍ ٠ م‍ ٠) شەو [٩٠] بە هەوەسی خۆیان هاتوچۆ دەکەن ٠ چەند مانگێ لەمەوپێش بۆ چرایەکی تەنەکە هەمو ئاواتیان دەخواست ٠ ئەو تاریکی‌یە لەکوێ و ئەم ڕۆشنایی‌یە لەکوێ ؟ » [٩١] ٠

سەیر ئەوەیە لە هەمو «تێگەیشتنی ڕاستی»دا ، بەپێچەوانەی «العرب»ەوە ، شیعرێکی پیاهەڵدانێ بەسەر ئینگلیزدا تێدا نی‌یە هەرچەند شوکریلفەضلی دەستی باڵای لە شیعر وتندا هەبو ، جگە لەوەی شاعیری ئاوداری وەك زەهاوی و عەبدوڕڕەحمان بەنا و هی‌تر گەلێ شیعری لەو بابەتەیان بە زمانی عەرەبی لە «العرب»دا بڵاو دەکردەوە ٠ دیارە هۆیەکی گەورەی ئەمە نەبونی شاعیری کورد بو لە بەغدا ٠ هەرچی شوکریلفەضلیش خۆیەتی لە قسەی یەکێ لە هاوڕێکانی‌یەوە وا دەردەکەوێ ڕۆژئاوا پەرست نەبوبێ [٩٢] ٠

جێی خۆیەتی لێرەدا رویەکی تری گرنگ بخەینە بەرچاو کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیزمی ڕوسیاوە هەیە ٠ «تێگەیشتنی ڕاستی» یەکەم چاپکراوی کوردی‌یە باسی ئەم شۆڕشەی کردووە ، بەڵام لە زۆر ژمارەیدا هەوڵی‌داوە روی ڕاستی بشێوێنێ کە ئەمەش بۆ خۆی بە رونی مەترسی ئینگلیز دەخاتە رو ٠ وادیارە لەو کاتەوە حسابی دواڕۆژیان دەکرد ٠ هەمو سەروتاری ژمارە چلو چواری «تێگەیشتنی ڕاستی» بۆ «بەیانی

(٩٠) واتە تا نیوە شەو ٠

(٩١) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ ٠

(٩٢) روفائیل بەطی دەڵێ شوکریلفەضلی لەگەڵ ئەوەش لایەنگری ڕژێمی نوێی دوای سەردەمی عوسمانی بو بەڵام رقی لە مادی‌یەتی ڕۆژئاوا دەبۆوە و ئامانجی ئەوەبو لە ڕۆژهەڵات هێزێ بێ بتوانێ بەرەنگاری بووەستێ (بڕوانە : « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٧٦) ٠

حکومەتی ئینگلیز بۆ ئەقوامی روسیە» تەرخانکراوە کە سەرتاپای بریتیە لە هاندانی گەلانی ناوچەی قەفقاس بۆئەوەی بدەنە پاڵ ئینگلیز کە ، وەك دەڵێ ، ئەوانیان «لە فکر نەچۆتەوە» بۆیە لەشکریان «بۆ یاریدەیان» و «بۆ شەڕی ئەڵەمانیا» ناردۆتە خاکیان . دوابەدوای ئەوە پێیان دەڵێ :

«ئەی ئەقوامی روسیە : ئەمڕۆ بینای ئیستیقلالی ئێوە خەتەرناکە و ئەو حوڕیەتەی کە لە اثنای شۆڕشدا پێی گەیشتن روی لە زەواله ، سەبەبیش ئەڵەمانیایە . لە دەوری ئەو بەیداغی حوڕیەت و ئیستیقلالە کۆبنەوە کە ئێمە لەناو ئێوەدا هەڵیئەدەین ... ئەی ئەقوامی روسیە : ئێمە نەهاتوین کە تەنها مەملەکەتەکەتان لە دەست ئەڵەمانەکان رزگار بکەین ، بەڵکو تەمامانە بە موساعەدەی ئیقتیصادی بە فریادی بگەین و لە مەشەققەت نەجاتی بدەین » [٩٣] .

شایانی باسە «تێگەیشتنی راستی» سەرەتا نە زۆر و نە کەم دەستکاری ئەم باسەی نەدەکرد ، کەچی لەدوا ژمارەکانیدا زۆ زۆ دەیجوڵاند و جاربەجار نایارانەتر دەربارەی دەنوسی . هەر لە ژمارەی ئایندەیدا ناوی دەسەڵاتی نوێی روسیا بەمجۆرە دەبا : « حکومەتە تازە نامەشروعەکەی روسیە»[٩٤] . لەوەش خراپتر «تێگەیشتنی راستی» بەمجۆرە باسی راوودونانی لەشکری ئینگلیز و هارپەیمانەکانی لەلایەن گەلانی روسیاوە رادەگەیاند :

---

(٩٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو چوار ، ٢ی ئەیلولی ١٩١٨ . پرسیارێ لێرەدا دێتە ناو کە ئایا مەبەست لە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی لەم بابەتە بە کوردی چی بوبێ کاتێك « تێگەیشتنی راستی » بەیانی زۆر لەوە گرنگتری بڵاو نەدەکردەوە . تۆ بڵێی ئینگلیز حسابیان بۆ کوردی ناوچەی قەفقاس کردبێ ، چونکە هەر ئەو دەورو بەرە بو کە نوێلی کوردستانناسی شارەزایان بەرەو قەفقاس نارد و ئەوەبو لەلایەن جەنگەلی‌یەکانەوە بە دیل گیرا . دوریش نی‌یە مەبەستی ئینگلیز پرۆپاگەندە بوبێ بۆ سیاسەلی خۆیان .

(٩٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو پێنج ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ .

«ئەقوامی روسیە ئەمڕۆ عەساکری حولەفا بە کەمالی دڵخۆشی لە هەمو جێ ئیستیقبال دەکەن و بە حامی حوڕیەت و ئیستیقلالی خۆیانی دەزانن • لەو بەیاننامەیە کە حولەفاو حکومەتی ئینگیلتەرە دای نوری عەدالەت و مەرحەمەتی تێدا دەدرەوشێتەوە ••• حولەفا ئەمڕۆ لە مەسافەیەکی دوورەوە عەسکەر بۆ خاکی روسیە دەنێرن و قورس و ماڵێکی زۆر صەرف دەکەن لەگەڵ ئەمەش هیچ ئارەزوی ئەوە ناکەن یەکێك لەوان پارچەیەکی ئەرزی روسیە ببا » دیارە « عەدالەت هەر ئەمەندە دەبێ » [٩٥] •

لەگەڵ ئەوەش خوێنەر لە رێگەی هەواڵ و باسەکانی ناو «تێگەیشتنی راستی»یەوە دەتوانێ لە چەند رۆیەکی رۆسیای نوێ دروست تێبگا • ئەوەتا «زۆر زابتی رۆس ، هەتا لە روتبە گەورەکان لە لەشکری سوردا خزمەت دەکەن و لەم عارە (!)[٩٦] هیچ باکیان نیە » [٩٧] • یا « روسیەی (بۆلشەفی ــ ك• م•) هەرچییەکی بو لەگەڵ عەوامی ئەڵەمان بەشی دەکرد» و «گاڵتەی بە فیکری حولەفا کرد لە ئەمە کە لەشکری‌تر بۆ روسیە دەنێرن» و «ئیشکەرانی رۆس بۆ ئەمە حازرن کە لەگەڵ ئەڵەمانەکان شانەوشان لەسەر راین شەڕ لەگەڵ ماڵدارەکانی ئینگلیز بکەن » [٩٨] •

شایانی باسە دوای داخستنی «تێگەیشتنی راستی» «پێشکەوتن» لەم مەیدانەدا گەرمتر جێگەی گرتەوە • «پێشکەوتن» ژمارەیەوای هەیە لە چوار شوێنی جیایدا باسی «هەرا و بگر» و «یاخی‌بوون» و «برسێتی» رۆسیای کردووە[٩٩] بۆیە ، وەك دەڵێ ، « بۆلشەویك لە هەمو لایەکەوە

(٩٥) هەمان ژمارە .
(٩٦) لە « تێگەیشتنی راستی » دا نیە .
(٩٧) « تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە شەستو سێ ، ١٣ی کانونی دووەمی ١٩١٩ .
(٩٨) هەمان ژمارە .
(٩٩) بەوێنە بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ژمارە بیستو دوو ، ٢٣ی سێپتامبەری ١٩٢٠ . هەر ئەو ژمارانە بڕن لە هێرشی نازەوا بۆسەر شۆڕشگێڕانی

رادەکەن» و «راکردنیشیان بۆتە بەڵا» چونکە بەهۆی ئەوانەوە «ریش تاشین لای دەلاك بە هەزار مەناتە[100] (واتە هەزار روبڵ !! ـ ك• م•) و شەکر بە ٣٠ هەزار مەناتە و هێلکەیەك بە دوو هەزار و پەنجا مەناتە[101] » • هەر بە سایەی ئەوانیشەوە «شارە گەورەکان بووە بە کەلاوە و خەرابە، فابریقەکان نەماوە، نان نەماوە، حکومەتی بۆلشەویك ناتوانێ بگاتە فریای رەعیەی خۆی، ئیشو کار و فابریقە نەماوە، ئەوی ماوە و هەیە زوڵم و زۆرە »[102] • زۆر شوێنی ژمارەی‌تری « پێشکەوتن » بە دەستوری دوا ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی » بۆ ئەم جۆرە باسە تەرخان کراون[103] •

بەمجۆرە «تێگەیشتنی راستی» ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکردە لەگەڵ باسی هونەری رۆژنامەنوسی ئەم رۆژنامەیە چەند نمونە و باسێکی‌تری هەمان لایەن دەخەینە بەرچاو •

★ ★ ★

کورد و عەرەب لە باکور و باشوری عیراق و کەمالی لە تورکیا .

(١٠٠) ئێستە بە ئێو مەناتە !! .

(١٠١) ئێستە دەی بە مەناتێکە !! .

(١٠٢) « پێشکەوتن » ، ژمارە بیستو شەش ، ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ .
ئەوجۆرە نوسینانەی ناو « پێشکەوتن » لە هێ مێجەرسۆن دەکەن کە ئەوسا حاکمی سیاسی سلێمانی بوو خۆی « پێشکەوتن »ی دامەزراند. هێرشی بێ ئەندازەی « پێشکەوتن » زیاتر ئەو هۆیانەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەر ئەو ساڵە پاڵیان بە سۆنەوە نا نامەیەکی رەسمی نهێنی بۆ حاکمی سیاسی گشتی ئینگلیز لە عیراق بنێرێ کە تێیدا بەداخەوە باسی ئەوەی کردووە « چۆن خەڵکی ئەو ناوچەیە وایان لێ هاتووە لە ناوو ناوەرۆکی بۆلشەفیزم تێبگەن » (بڕوانە :
A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920. A clash of loyalities. A Personal and Historical Record, London, 1931, P. 145).

(١٠٣) بۆنمونە بڕوانە : « پێشکەوتن » ، ژمارە چلو چوار و حەفتا و سێ و حەفتاو چوار و هەشتا و حەوت و نەوەت و پێنج و گەلێکی‌تر .

بەشی چوارەم

هونەری رۆژنامەنوسیَ
له ((تیگەیشتنی راستیَ))دا

رۆژنامەنوسیَ و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار هونەریکی هیند بەرزە کە لەدەست هەمو کەس نایەت • لەدەمیکەوە ئەم هونەرە بۆتە زانستیکی سەربەخۆی زانکۆکان • لە سالّی ۱۸٦۹وە هونەری رۆژنامەنوسیَ وەك دەرس لە ئەمەریکا دەخوینریَ(۱) • ئەمرۆ بەرزیَ هونەری رۆژنامەنوسیَ یەکیکە لە مەرجە هەرە پیویستەکانی ژیان و سەرکەوتنی هەمو رۆژنامە و گۆڤاریك •

بە پیوانەی کات و شوین پلەی هونەریَ رۆژنامەنوسیَ « تیگەیشتنی راستیَ » بەشی خۆیَ بەرز بو • ئەمەش لەراستیدا ئەنجامی چەند هۆیەکی تیکەڵ بو• بەر لە هەمو شت نوینەرانی پیشکەوتوترین گەلی ئەو سەردەمەی جیهان(۲) سەرپەرشتیَ دەرکردنی « تیگەیشتنی راستیَ »یان دەکرد کە دیارە

(۱) بڕوانە : د. خلیل صابات ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۳٦ ــ ۳۷ . نەك هەر ئەوە ، بەلّکو لە قوتابخانەی ئیمرۆی هەمو ولاّتە پیشکەوتووەکاندا بایەخیکی زۆر بە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتیَ دەدریَ و ئەرکیکی گەورەی پەروەردە و فیرکردنیان خراوەتە ئەستۆ (بڕوانە :
Th. E. Berry, Op. Cit., PP. 267 — 296).

(۲) کەم گەلی جیهان بەرادەی ئینگلیز پەرۆشی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارن (دەربارەی ئەمە بڕوانە ئەو خشتەیەی لە بەشی یەکەمدا بلاّومان کردۆتەوە) .

زۆر شارەزای هونەری رۆژنامەنوسێ بون • جگە لەوە مێجەر ســۆن بۆ خۆی ، وەك وتمان ، یەکێك بو لەو ئینگلیزانەی دەستی بالآیان لە دەرکردنی ئــەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا هەبو کە لە ســەرەتای داگیرکردنی عیراقەوە فەرماندەی لەشکری بەریتانی دەستی دایە بلاوکردنەوەیان• شوکریلفەضلیش دەمێ ساڵ بو تێکەڵی کاری رۆژنامەنوسێ بو بوو دەستی لە دەرکردنی هەمو ئەو رۆژنامانەدا هەبو کە ئینگلیز لە بەغدا بە عەرەبی و فارسی چاپیان دەکردن•

ســەرەتا « تێگەیشتنی راســتێ » حەفتەی دو جار ـ شــەموان و سێشەموان بە دو لاپەڕە دەردەچو • لای سەرەوە نــاوی رۆژنامەکە بەم جۆرە نوسراوە : « تی‌گەیشتن راستی » • لە ژێر ناوەکەدا ژمارە و رۆژی دەرچونی بە مێژوی عیسایێ و ئینجا رۆژی حەفتە و دوای ئەوەش رۆژی دەرچونی بە هیجری[3] نوسراون • لای راستی ناوەکەوە نرخی «تێگەیشتنی راستێ » چاپ‌کراوە کە « بۆ ناو مەملەکەت » بۆ هەر ١٠٠ ژمارە ٦ روپێ و « بۆ دەرەوە » ٨ روپێ و بۆ ٥٠ ژمارە ٣ و ٤ روپێ و بۆ هــەر ژمارەیەی عانەیەك[4] بــو • لای چەپی ناوی رۆژنامەکەوە نوســراوە : « موخابەرە لەگەڵ ئیدارەخانەی رۆژنامە دەبێ بکرێ • ژمارە ٩/١٧٨ [5] • نویشتەیێ کە موافیقی مەسلەکمان بێ دەینوسین ، ئەگەر نەبێ نایگەڕێنینەوە • هەر هەفتەی دو جار دەردەچێ : لە بەغداد » • لەژێر هەمو ئەمانەشەوە نوسراوە :

« رۆژنامەیەکی سیاسێ و ئیجتماعێ و خادیمی یەك‌بون و سەربەستێ کوردانە » •

---

(٣) ژمارە یەکی «تێگەیشتنی راستێ» بە هیجری ١٨ی (ربیع الاول)ی ساڵی (١٣٣٦)ە .

(٤) واتە ٤ فلس .

(٥) مەبەست ژمارەی ئەو خانووەیە کە شوێنی کارگێڕی «تێگەیشتنی راستێ» بو . ئەو خانووە لە (شــارع النهر) بو و هەمــان‌کات شــوێنی کارگێڕی رۆژنــامەی « العرب »یش بو .

له ژماره بیستەوه (١١ی مارتی ١٩١٨) « تێگەیشتنی راستی » بۆته چوار لاپەڕه بێ ئەوەی نرخی بگۆڕێ ٠ له ژماره بیستو یەکیشەوه (٢٥ی مارتی ١٩١٨)[٦] بۆته رۆژنامەیەکی حەفتانه و ئیتر دۆشەموان دەردەچوو لەژێر ناوەکەیدا لەبریتی « هەر هەفتەی دوو جار دەردەچێ : له بەغداد » دەنوسرا « هەر هەفتەی جارێ دەردەچێ : له بەغدا » ، بێ ئەوەی هیچی تری لێ بگۆڕێ ٠

له سەرەتاوه تا کۆتایی هەموو ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی » به بارستت وەك یەکن : ٣٦×٢٤ سم ٠ رۆژنامەی « العرب » و رۆژنامەی « پێشکەوتن » که سۆن دوایی له سلێمانی دەری‌کرد هەر بەو بارستە یا نزیکی چاپ دەکران [٧] ٠

وەك وتمان یەکەم ژمارەی « تێگەیشتنی راستی » رۆژی یەکی کانونی دووەمی سالی ١٩١٨ بلاوبووه ٠ هەرچی دوا ژمارەیەتی رۆژی ٢٧ی کانونی دووەمی سالی ١٩١٩ دەرچوو ٠ واته « تێگەیشتنی راستی » بەسەریەکەوه تەنها سالێك و ٢٦ رۆژ ژیا ٠ دروشمی دوا ژمارەی وەك یەکەم ژمارەیەتی ، واته بێ دەستکاری نوسراوه : « رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادمی یەك‌بوون و سەربەستی کوردانه » ٠

هەرچەنده ژمارەی (٦٥) لەسەر لاپەڕەی دوا ژمارەی « تێگەیشتنی راستی » چاپ‌کراوه بەلام راستەکەی هەمووی بەسەریەکەوه (٦٧) ژماره لەم رۆژنامەیه چاپ‌کرا ٠ کاتی بلاوکردنەوەی ژمارەکانی دوو هەله کراوه ٠ دوو

---

(٦) ئەو جیاوازییه زۆرەی نێوان رۆژی دەرچوونی ژماره بیست و ژماره بیستو یەك ، وەك باسی دەکەین ، ئەنجامی ئەوەیه که به هەله دوو جار ژماره بیستو یەك چاپ‌کراوه ٠

(٧) وادیاره ئەو راهاتنه بووه هۆی ئەوەی دوایی «ژیانەوه» و «ژین» به هەمان‌بارستت چاپ بکرێن ٠

جار ژماره (٢٠) چاپکراوه و هەردوکیشیان رۆژی ١١ مــارتی ١٩١٨یان بەسەرەوەیە . سەیرئەوەیە جیاوازی‌یەکی کەم لە ناوەرۆکی ئەم دوو ژمارەیەدا هەیە . سەروتاری هەردوکیان وەك یەك بریتی‌یە لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەمدی بابان [٨] کە هەموو لاپەڕە یەك و چواریەکی لاپەڕە دوی گرتۆتەوە . ئەوی‌تری لاپەڕە دوی هەردوو ژمارەکە وەك یەك بۆ « ئــەدەبیاتی کورد » تەرخان کراوە . لە نیوەی یەکەمی لاپەڕە ســێی هەردووکیاندا بێ‌جیاوازی باسی « حەوادیسی محلیە » ، « زەراعەت » ، «بیمارستان ــ خەستەخانە» و قسەی « تێگەیشتنی راستی » دەربارەی بایەخ پێدانی ئینگلیز بە ئاوەدانی بلاو کراونەتــەوە . لێرە بــەدواوە جیــاوازی نێوان ئــەم دوو ژمارەیــە دەست‌پێ‌دەکا . لــە نیوەی دووەمی لاپەڕە سێی یەکێکیاندا ئــەم باسانە بلاوکراونەتەوە : « ئەخباری کاظمیە » ، « هاتنی روئەسای دەغارە » ، شەڕ « لە مەیدانی عــیراق » و «تەلگرافی رۆیتەر ، مارتی ١٩١٨ » کە باســی هەواڵەکانی دەرموەیە و هــەموو لاپەڕە چــواری گرتۆتەوە ، کەچی لــە ژمارەکەی‌تردا لەبریتی هەموو ئەو باســانە وتارێکی گەورە بەم ناونیشــانە بلاوکراوەتەوە : « موازەنەی قیوای دوو تەرەف لەم شــەڕەدا » کە نیوەی لاپەڕە سێ و سەرتاپای لاپەڕە چواری داپۆشــیوە و بریتی‌یە لە باســی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز و شکاندنی یەك لەدوای یەکی ئەڵەمان و تورك .

---

(٨) حەمدی بابان یەکێك بوو لە کوردە ناودارەکانی ئەوســای بەغــدا . بــە ناوەرۆکی «تێگەیشتنی راستی»دا وا دەردەکەوێ ئینگلیز بایەخی زۆریان پێ دابێ ، لەوە دەکا ، وەك کاتی خۆی باسی دەکەین ، حەمدی بەگی بابان لە دەسەلات و رەفتاری ناهــەمواری عوســمانی زۆر داخ لە دڵ بوبێ . شایانی باسە لە ژمارە بیــستو یەکی «تێگەیشتنی راستی»دا ئەم هەواڵــە بلاوکراوەتەوە : «جەنابی حەمدی بەگی بابان ٣٥ نوسخە کتێبی دەستخەتی دا بە کتێبخانەی مەعاریف. ئەم ئیحســانە مەعاریف پەروەری‌یە حەقیقەتەن لایقی ستایشــە » (بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستویــەك ، ٢٥ی مــارتی ١٩١٨) .

هەڵەی دووەم بەر ژمارە (٢١) کەوتووە : لەسەر دوّ ژمارەی جیاوازی یەك لەدوای یەك رۆژی ٢٥ی مارتی ١٩١٨ چاپکراوە ، هەرچەند هیچ باسێك نیە لەم دوّ ژمارەیەدا لە یەك بکەن. وادیارە ئەم هەڵەیە بەسەر بەرێوەبەرانی « تێگەیشتنی راستی »دا تێپەڕیوە بۆیە لە هیچ ژمارەیەکدا سەرنجیان بۆ رانەکێشاوە و باسیان نەکردووە .

ئینگلیز لە هەڵبژاردنی ناوی « تێگەیشتنی راستی » بۆ رۆژنامەکەیان مەبەستی خۆیان هەبوّ . لە ژمارە چوارەوە لەژێر ناونیشانی « تێگەیشتنی راستی »دا جاروبار وتارێکی کورت یا هەواڵێکی گرنگ بڵاو دەکرایەوە کە هەموی بریتیبوّ لە باسی چاکە و سەرکەوتنی ئینگلیز و خراپە و زۆرکەوتنی ناحەزانیان ، کە ئەوەش بەلای ئینگلیزەوە راستیە بۆ دەبوّ دانیشتوانی کوردستان تێیبگەن . وا لەخوارەوە یەکەم نموونەی ئەو « تێگەیشتنی راستی »یانە دەخەینە بەرچاو :

« تێگەیشتنی راستی : ئەوی لەم حسابە ورد بێتەوە دەبینێ کە حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٧دا یەك و چوار زیاتر بەسەر دوژمندا زاڵە، لەبەرئەمە ئومێدێکی بەقوەتمان هەیە کە لەم حەربە عمومیەدا بە موەفەقیەتێکی تەواو دەرچێ و ئەقوامی شەرق هەمو ، خصوصەن عەرەب و کوردی عیراق و ئەترافی ، لە پەرێشانی رزگار بکا و بە سەربەستی و یەکبوّن شاد بن چونکە ئەم مەطلەبە موقەدەسانە هەر بە یارمەتی حکومەتێکی بە عەدالەت و ئینصافی وەك بەریتانیای گەورە پێك دێ»[٩].

شایانی باسە ئینگلیزەکان دەیانویست ناوێکی هەر لەو بابەتە یا ((Baghdad Times)) لە رۆژنامە عەرەبیەکەیان بنێن ، بەڵام وادیارە ئەنستاس کەرمەلی ئەو بیرەی پێ گۆڕیون و ناوەکەی پێ کردوونە

(٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

« العرب »[10] .

له هەمو ژمارەیەکی « تێگەیشتنی راستی »دا ســەروتار یا هەواڵ و باسێکی گرنگ وەك سەروتار بلاوکراوەتەوە . بەوجۆرە لە (٦٧) ژمارەکەی ئەم رۆژنامەیەدا (٦٦) سەروتار هەیە [11] . لە زۆر ژمارەیدا جگە لە سەروتار وتارێکی‌تر بلاوکراوەتەوە . ناونیشانی زوربەی وتارەکانی ناو « تێگەیشتنی راستی » بە گشتی و بۆ کورد بەتایبەتی سەرنج راکێشەرن . ئەمانە چەند نمونەیەکی ئەو ناونیشانانەن :

« سوڵتان سەلاحەددین و تورکەکان » (ژمارە هەشت) ؛ « حکومەتی ئینگیلتەرە . فورس و تورك و رۆس و ئەڵەمان » (ژمارە نۆ) ؛ «ئینگیلتەرە و ئیسلام » (ژمارە سیازدە) ؛ « فیکری ئینگلیز و فەرەنســە و ئەمەریکا و ئیتالیا دەرحەق ئەقوامی شەرق و عەرەب چیە» (ژمارە هەژدە) ؛ «روئەسای کورد دەبێ چی بکەن ؟ » (ژمارە نۆزدە) ؛ « ئینگیلتەرە و ئــەڵەمانیا لەم شەڕەدا » (ژمارە بیستو دو) ؛ « تورك بە عەمەلی کورد و ئەقوامی‌تر نایە » (ژمارە بیستو هەشت) ؛ «حکومەتی تورك بۆچی شەڕ دەکا» (ژمــارە سیو هەشت) ؛ « فەرقی حکومەتی ئینگلیز و تورك » (ژمــارە چلو چوار) ؛ « حکومەتی تورك بێ‌هێز بوە » (ژمارە پەنجا) ؛ « سەربەستی فیکری و قەومی » (ژمارە پەنجا و حەوت) ؛ « ئایندەی عالەم » (ژمارە شەستو دو) .

ناوی کەس لەسەر هیچ‌کام لەم سەروتارانە نەنوسراوە تەنها سەروتاری ژمارە چلو چوار نەبێ کە بە ناونیشانی « عەدالەت شــیرێکی تیژە » و لــە نوسینی زەینەلعابدین کاشانی ناوە و هەمو لاپەڕە یەك و دوی گرتۆتەوە[12]. وا پێ‌دەکا خاوەنی ئــەم وتارە پیاوێــکی ئــایینی عــەرەب بێ کــە زۆر

---

(١٠) بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٦ .

(١١) بۆیە (٦٦)ە چونکە سەروتاری ژمارە (٢٠)ی دوبارە کراو وەك یەکــن ، بەبێچەوانەی ژمــارە (٢١)ەوە .

(١٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو یەك ، ١٢ی ئابی ١٩١٨ .

خۆشەویستانە باسی ئەوروپاییەکانی کردووە چونکە وەك دەڵێ بە « شیریێ تێژی عەدالەت » « ئەمڕۆ ریاسەتی هەمو بەشەر دەکەن و لغاوی حوکمی درموشاریان گرتۆتە دەست » و خەڵق « حەیرانی صنعەتیان » دەبێ کە « مسافەیان پێ نزیك و موخابەرەیان پێ خێرا و عەقلی ئەشیایان پێ ئاسان کرد » ، سەرتاپای ئەوکارانەش بەهۆی « عەدالەتەوە جێبەجێ بون »[١٣] .

جگە لە سەروتار « تێگەیشتنی راستێ » هەواڵی زۆری مەیدانەکانی شەڕی بەپێی راگەیاندنی « رۆیتەر » بڵاو دەکردەوە ، دیارە زۆرتر بایەخی بە سەرکەوتنەکانی ئینگلیز دەدا . جاروبار « تێگەیشتنی راستێ » دەهاتە سەر باسی سیاسەتی نێوان دەوڵەتان وەك ئەوەی باسی رێبازی سیاسێ تورکانی لاو و پەیوەندێ نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵەمانیا و باری سیاسێ روسیا و ناوچەکانی قەفقاس و باسی‌تری لەوجۆرەی دەکرد . لە ژمارەی بیستەمی‌یەوە « تێگەیشتنی راستێ » کەوتە بایەخدانی زیاتر بە هەواڵ و روداو و ئالوگۆڕی ناو عیراق خۆی ، وەك باسی ژیانی ئابورێ و روناکبیرێ و تەندروستێ و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیدا هەبۆ . لە ژمارە بیستو یەکەوە « تێگەیشتنی راستێ » دەستی کردە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری‌یەکانی فەرماندەی لەشکر و ئەو یاسا و بڕیارانەی دەری دەکردن . وا لە خوارەوە نمونەی یەکێ لەو ئاگاداری‌یانە دەخەینە بەرچاو :

« ئیعلان : من کە ولیەم رین مارشاڵ ـ کەی . سێ . بێ ـ و فەریق

---

(١٣) دیارە هەمان وتار بە عەرەبیش لە «العرب»دا بڵاوکراوەتەوە چونکە بڕی‌یە لە پیاهەڵدان بەسەر شانو باهوی ئینگلیزدا . کۆتایێ بەمجۆرە هاتووە : «ئەگەر مەنتیق زانێك بیەوێ کەسێکی چاکەی ئەم حکومەتەی (ئینگلیز لە عیراق ـ ك. م.) بەیان بکا زمانی ماندۆ دەبێ و تەواوی ناکا و قەڵەمی کول دەبێ ... خولاسە ئەم حکومەتە بۆ ئەهالی نیعمەتێکی خوایە» . لەوە دەکا مێجەر سۆن وەری‌گێڕابێتە سەر زمانی کوردێ .

ئەوەڵم بینا لەسەر ئەو سەلاحیەتەی بە سیفەتی لەشکرگێڕی عمومی قووەتی عیراق کە لە جەلالەتمەئابی بەریتانیاوە بە من دراوە فەقەراتی ئـاتیە ئیعـلان دەکەم : هەر کەسێ قسەیەکی درۆ یاخود شایەعەیەك یا تەقریرێك کە خەلەل بە ئەمنیەتی عمومی بگەیێنێ و ... خەلق بێلزوم بترسێنێ و ئەفکاریان مشەوەش بکا کە ئەم جورمە لەسەری سابیت بۆ بە ئیعدام و یا بە عقوبەتێکی سوکتر » بەپێی بێری دادگا حوکم دەدرێ [١٤] .

« تێگەیشتنی راستی » یەکەم رۆژنامەی کوردییە کـە ئاگاداری و پرۆپاگەندەی بازرگانی بڵاوکردۆتەوە . کاربەدەستانی ئینگلیز لە دەرەوەی بەغدا پیشانگەیەکی تایبەتیان کردەوە بۆ فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەی لێیان زیاد بۆ . لە یەکێ لە ژمارەکانیدا « تێگەیشتنی راستی » بەم شیوە بزوێنەرە باسی ئەو پیشانگەیە دەکا و دەڵێ : « ... ئەشیای وای تێدا هەیە کە بـۆ ئەهالی ئەم مەملەکەتە زۆر بەقیمەتە و بـە عەمەلیان دێ . تاجیرێکی زیرەك مومکینە قازانجێکی چاکی لێی دەستکەوێ ... ئەو شتومەکانە کە لەوێدان قیمەتیان لە چەند هەزار لیرەی ئینگلیزی زیاترە ، لەگەڵ ئەمە هیچ شتێکی تێدا نییە کە فیاتی (نرخی ــ ك. م.) زۆر بێ »[١٥] . لە ئاگاداریەکیتری لەو بابەتـەدا دەڵێ : « کاروانی کۆلارە [١٦] لـە بەینی میسر و بـەغدا ... مودەتی سەفەر لە قاهیرەوە بۆ بەغداد لەبەینی دۆ سـێ هەفتەدایە » بەڵام « ئەو کۆلارەیە » ئەو کاروانەی تەنها بە « ١٢ سـەعات و ٣٥ دەقیقە طەی

---

(١٤) بڕوانە: «تێگەیشتنی راستی»، ژمارە بیستو حەوت ، ٦ی مایسی ١٩١٨. بە ناوەرۆکی ئەو ئاگادارییەدا وا دەردەکەوێ تورکخوایانی عیراق ئـەو رۆژانە چالاکانە خەریکی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە بون دژی ئینگلیز .

(١٥) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجا و هـەشت ، ٩ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ .

(١٦) مەبەستی فڕۆکەیـە . لە بەشی داهاتودا دێینە سەر باسی ئەو زاراوانەی «تێگەیشتنی راستی» بۆ یەکەم جار بەکاری‌هێناون .

کرد »[١٧] .

هەمان کات « تێگەیشتنی راستی » یەکەم رۆژنامەی کوردییە ریپۆرتاج و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی بلاوکردۆتەوە . نوێنەری « تێگەیشتنی راستی » دوو جار گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ حەمدی بەگی بابان کردووە . جاری یەکەم داوای لێ کردووە بیری خۆی دەربارەی رۆژنامەکە و باری سیاسی کوردستان دەربڕێ . لە وەڵامدا « ئەمیرزادەی ئەجەل و ئەکرەمی بابان جەنابی حەمدی بەگ » وتویە : « ... ئەمڕۆ ئێمە لە زەمانێکداین کە حەقی حاکمیەتی ئەقوامی تێدا تەعیین دەکرێ. عەقڵ و نەجابەت و شەرەفی کوردان هەڵبەتە موساعیدی ئەمە نییە کە فرسەتێکیوا گەورەی لە دەس دەربکەن . قەت زەن ناکەم کوردان بە قسەی کرێ گرتەی ئەڵەمان تەفرە بخۆن و دەرحەق تاریخ و حەیسیەت و ئایندەی خۆیان خیانەت بکەن . کوردان ئەم زەمانەیان چاك پێ تەقدیر دەکرێ ، حەقی خۆیان هەڵبەتە داوا دەکەن و معاوەنەتی حکومەتی ئینگیلتەرە دەست خۆیان ئەخەن و لە ئەسیری خۆیان رزگار دەکەن » . وەك بەڵگە باسی ئەوە دەکا چۆن کاتێ لە « کوردستان و مووسڵ » بەهۆی عوسمانی و ئەڵەمانەوە « خەڵکێکی زۆر لەبرسانا دەمرن » لە بەغدا لەژێر سایەی ئینگلیزدا «کیسەی هەموو پڕە و زگی هەموو تێرە » [١٨] .

پاش ماوەیە « موخبیری رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی » دیسان چاوی بە « جەنابی سەعادەتمەئاب حەزرەتی حەمدی پاشای بابان » کەوتەوە . ئەمجارەش بە هەمان دەستوور حەمدی بەگی بابان کورد بۆ هاریکاری ئینگلیز هاندەدا و دەڵێ :

---

(١٧) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو هەشت ، ٩ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ .

(١٨) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیست ، ١١ی مارتی ١٩١٨ .

« خولاســـه قەومی کورد لەلام موحەققە کە لەشـــکری ئینگلیز و حکومەتی بەریتانیای عوزما بـــە کەمالی دلخۆشی و ئیحترام ئیســـتیقبال دەکەن و بە قسەی کەس تەفرە ناخۆن چونکە تورکەکانیان ئەمەندە تەجروبە کرد تا عاجز بۆن ... ئەمەلمان زۆرە کە حکومەتی حازرە کوردان بە نەزەری لوتف تەماشا بکا و رێی سەعادەتیان پێ نیشان بدا »[١٩] .

بەبۆنەی تەواوبونی شەڕەوە « تێگەیشتنی راستی » لە ژمارە پەنجا و سێیدا ریپۆرتاجێکی رێکوپێکی دەربارەی ئەو ئاهەنـــگە بلاوکردەوە کە فەرماندەی لەشکری ئینگلیز لـــە بەغدا گێڕای[٢٠] . لـــەو ریپۆرتاجەیدا « تێگەیشتنی راستی » باسی رازاندنەوەی بەغدا و « داگیرســـانی چـــرای ئەلەکتریك بە شەو » و شادمانی خەلك و ئـــاگردانی ٢١ تۆپ بەوبۆنەیەوە دەکا . دوابەدوای ئەوە نوێنەری « تێگەیشتنی راستی » دەلێ : « رۆژی شەممە لە بەغدا رۆژێ بو کە لە فکر ناچێتەوە ... کۆلانان لەبەر سەیرکەران عادەتا وەکو جۆگەی ذی حـــەیات جەرەیانی دەکرد و جلی خۆل رەنـــگی زابتان و عەسکەری ئینگلیز و هیندیەکان لەگەل جلی رەنگاوڕەنگی ئەهالی مەنزەرێکی غەریبی نیشانئەدا و هەموکەس لوبابی فەرەح و رۆخۆش بو .. مۆسیقا لەو سێ مەیدانەدا کە لە پرۆغرامەکەدا تەخصـــیص کرابو ئەویش بەردەمی دائیرەی لەشکرگێڕ و باق و مەیدان بو دەستی بە تەرەنوم کرد ، چەند کۆلارەیەك لە هەوادا دەستیانکرد بە یاری ، بـــەرز و نزم دەبون و تەقلەیان لێئەدا و لە خوارەوە چەپلەیان بۆ لێئەدان و تەحسینیان دەکردن .

---

(١٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو هەشت ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .

(٢٠) هەمو ژمارە ٥٣ی «تێگەیشـــتنی راســـتی» بۆ بـــاسی کۆتـــایی شـــەڕ تەرخـــانکراوە و بە مانشێتێکی گەورە لە ناوەڕاســـتی یەکەم لاپـــەڕەی نوسراوە «موتارەکەی ئینگلیز و تورك» («تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاوسێ ، ٤ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨) . لەو سەردەمەوە «موتارەکە» بە مانای «هدنە» یا « صلح » تێکەلی نوسینی سیاسی کوردی بو .

که شەو هات نوری ئەلەکتریك رۆژی هێنا و خەڵك بــە کەماڵی فەرەح لە کوڵانەکاندا هاتوچۆیان دەکرد » . ئەم ریپۆرتاجە نزیکەی نیوەی لاپەڕە سێی ژمارەکەی داپۆشیوە .

هەمان ژمارە ریپۆرتاجێکی تری دەربارەی ئاهــەنگی نەجەف بــڵاو کردۆتەوە . وەك دەڵێ لەو ئاهەنگەدا «٧٢ سەید و ١٧٠ شێخ و لەگەڵ هەر شێخێ کۆڵێ ئەتباع حازر بون ... ئەوی ئیشتراکی ئەم ئیجتماعەیــان کرد چاك تێگەیشتن کە عەصرێکی تازەیان بۆ ظاهر بو کە عیبارەتە لە سەلامەتی و ئیتیفاق و ئازادی و تەرەقی » [٢١] .

دیسان « تێگەیشتنی راستی » یەکەم رۆژنامەی کوردییە کە وێنــەی لەسەر لاپەڕەکانی بڵاوکردۆتەوە . ئەو وێنــانە لە ژێرەوەی دوا لاپــەڕەی ژمارەکەدا چاپ دەکران . یەکەم وێنە لە ژمــارە دۆیدا بڵاو کراوەتــەوە و لەژێرەوەی نوسراوە «پاپۆڕێکی ئینگلیزی لە ساحیلی فەرەنسەدا عەسکەری ئینگلیز ئەکاتە دەری [٢٢] بۆ روکاری حەربی فەرەنســە » [٢٣] . هــەمو ی بەسەر یەکەوە دوازدە وێنە لە « تێگەیشتنی راستی»دا بڵاوکراوەتەوە [٢٤] کە زوربەیان وێنەی چەك و مەیدانەکانی شەڕن ، وەك «حەزرەتی حوکمداری ئینگیلتەرە تەماشای کەشتیانی زرێدار دەکا » (ژمارە حەوت) ؛ «عەسکەری ئینگلیز بە مەترەلیۆزێکەوە لەناو خەندەقدان » (ژمارە هەشت) ؛ « عەسکەری ئینگلیز حوشتری خۆیان دەشۆن» (ژمارە نۆ) ؛ « کۆلارەوایێکی ئینگلیــز

---

(٢١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجا و سێ ، ٤ی تــەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(٢٢) دیارە مەبەستی ئەوەیە بڵێ سەربازی ئینگلیز دادەبەزێنێ .

(٢٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە دۆ ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٢٤) لەو ژمارانەدا کە من دیومن هێندێ لەو وێنانە باش دەرنەچون ، ئەوانی‌تر زۆر باش دیارن . بە کەمێ ژمارەی ئەو وێنانەدا وا دەردەکەوێ ئەوسا کاری دەرهێنانی زەنکوگراف لە بەغدا ئاسان نەبوبێ .

کۆلارەکەی پیشانی خەلك ئەدا » (ژمارە یازدە) ؛ «ئالەتێکی دوژمن کوژی ئینگلیز» (ژمارە چواردە) •

تا ئیستە بۆمان ساغ نەبۆتەوە چەند دانە لە «تێگەیشتنی راستی» چاپ دەکرا و چۆن دابەش دەکرا • بەلام گومـان لەوەدا نی‌یە کە ژمـارەی لێ دەگەیشتە ئەو ناوچـانەی کوردستـان کە هێشتـا بەدەسـت لەشـکری عوسمانی‌یەوە بون [٢٥] • دۆر نی‌یە ژمارەی لێ گەیشتبێتـە کوردستـانی ئێرانیش چونکە ئینگلیز بایەخی زۆریان پێ دەدا و ئەو بـایەخەش لەسـەر لاپەڕەکانی «تێگەیشتنی راستی» رەنگی دابۆوە [٢٦] •

زوربەی هەرە زۆری وتارەکانی « تێگەیشتنی راستی » بە کوردی‌یەکی ساکار داڕێژراون • راستە نوسەرانی وشەی عەرەبی‌یان زۆر بەکار هێناوە ، بـەلام لەگەل ئـەوەش نوسـینەکانیان تـام و چێـژی کوردی‌یانەیـان لەدەستنەداوە ، بەتایبەتی چونکە گەلێ جار لە شوێنی لەبـاردا بە پـەندی پێشنیان و قسەی نەستـەق رازێنراونـەوە [٢٧] • لە هـەمو ژمـارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا تەنها جارێ وشەیەکی ناقۆلای وەك «سەرسەری» بەکارهێنراوە [٢٨] •

---

(٢٥) سالەکانی شەڕ هەمو جۆرە پەیوەندی‌یەکی ئاسایی لەنێوان ئەو ناوچانەی بە دەست ئینگلیز و ئەوانی بەدەست عوسمانی‌یەوە بون هەبۆ ، لەبەرئەوە دۆر نی‌یە بەئاسانی ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» گەیشتبنە کوردستان.

(٢٦) «تێگەیشتنی راستی» گەلێ‌جار هـاتۆتە سەر بـاسی ئێـران و کوردی ئێران و خراپەی عوسمانی و ئەلەمان لە کوردسـتان و ئازەربایجـان و برسێتی ئەو ناوچانە و هۆی ناردنی لەشکری ئینگلیز بۆ ئەوێ (بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨ ؛ ژمارە چلو حەوت ، ٢٣ی ئەیلولی ١٩١٨ و هی‌تر) .

(٢٧) لە بەشی داهاتودا بەدرێژی دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٢٨) بەکارهێنانەکەی بەجۆرێکە کە تارادەیـەکی زۆر لە زەقی مـانای ئـەو وشەیەی کەم کردۆتەوە . «تێگەیشتنی راستی» لە یەکێك لە وتارەکانیدا نوسیویە دەلێ : «ئەگەر تورکەکان پیاوی چاك دەبون بەمنەوعە ئیشـی

وتارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» هەمو درێژو پڕ لە قسەو و باس و هەواڵن • وتاری‌وای هەیە دو لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی گرتوەتەوە ، هێ‌واشی تیایە بە ژمارەیە کۆتایی نەهاتووە و لەژێرەوەی نوسراوە «تەواوی دێ» یا «دوایی دێ» • بەڵام هیچ وتارێك نییە لە یەك ژمارەدا کرابێ بە دو بەشەوە، واتە سەرەتاکەی لە لاپەڕەیەك و کۆتاییەکەی یەکسەر لە لاپەڕەی داهاتودا نەبێ • جێگەی تەقدیریشە کە بەدەگمەن خوێنەر توشی هەڵەی چاپ دێ • ئەمە بۆ خۆی ڕویەکی هونەری گرنگی «تێگەیشتنی ڕاستی»یە ، بەتایبەتی گەر بێتو ئەوە لەیاد نەکەین کە کاری چاپ ئەوسا گەلێ گرانتر بو وەك لە ئێستە • بڕوا ناکرێ ئەوسا کرێکارێکی چاپی کورد یا کوردی لە هەمو بەغدادا هەبوبێ •

ئەم ڕووانەی باسمان کردن لەگەڵ شیکردنەوەی بایەخپێدانی «تێگەیشتنی ڕاستی» بە زمان و ئەدەب و مێژوی کورد زیاتر خۆ دەنوێنن •

★ ★ ★

خۆیان تەسلیمی دو سێ سەرسەری سیاسەت نەدەکرد و خۆیان وا ماڵوێران و بەرێشان و داماو نەدەهێشت » (بڕوانە : «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە پەنجاو سێ ، ٥ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨) •

بەشی پێنجەم

زمان و ئەدەب و مێژوی کورد
لە
«تێگەیشتنی راستی»دا

گرنگی و بایەخی زۆری «تێگەیشتنی راستی» وەك رۆژنامەیەکی کوردی لە قوژبنی ئەو شوێنە دیارەوە دەردەکەوێ کە بۆ زمان و ئەدەب و مێژوی کوردی تەرخان کردبو • لەم بەشەی کتێبەکەماندا هەوڵدەدەین بەپێی توانا و دەسەڵات ئەم سێ لایەنە بایەخدارە لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی راستدا بخەینە بەرچاو •

« تێگەیشتنی راستی» و زمانی کوردی :

بێ گومان سادەیی و رەوانی زمان مەرجی پێویستی سەرکەوتنی کاری رۆژنامەنوسێن • وەك بەر لە ئێستە باسمانکرد لە هەمو ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا وشە و رستەی عەرەبی زۆر بەکارهێنراون ، بەڵام بێ ئەوەی زمانی کوردی لەوێدا شیرینی رەسەنی خۆی دۆڕاندبێ • هەر خوێندەوارێکی کورد ئەمڕۆ ژمارەیەکی «تێگەیشتنی راستی» دەست کەوێ تا کۆتایی واز لە خوێندنەوەی ناهێنێ • ئەمە بۆخۆی شتێکی مانادارە •

زوربەی وتارەکانی «تێگەیشتنی راستی» بە شیعری شاعیران و پەندی

پێشیان و نمونەی جوان رازێنراونەوە ، وەك : «بە تیرێ دوو نیشانی دەشکاند » ، «لە سەرەوە دۆستە و لە ژێرەوە دوژمن» ، «گورگە و لە پێستی مەڕدایە» ، «شوێن کڵاوی بابردوو کەوتون» [1] ، «پارو لە دەمی خۆی دەرئەهێنێ» ، «لەپاش باران کەپەنك» .

سەرپەرشتیکەرانی «تێگەیشتنی راستێ» هەوڵێکی باشیان داوە بۆ هەڵبژاردن و داڕشتنی وشەی کوردیی پەتی بۆ مانای نوێ . وا لەخوارەوە چەند نمونەیە دەخەینە بەرچاو :

بە عەرەبی	لە «تێگەیشتنی راستێ»دا	ئیستە
الطیارة	کولارە (ژمارە یازدە و بیست)	فڕۆکە
الطیار	کولارەوان (ژمارە یازدە)	فڕۆکەوان
المطار	ئارامگای کولارە (ژمارە پەنجا و هەشت)	فڕۆکەخانە
الشرق	رۆژهەڵات (ژمارە دوازدە)	رۆژهەڵات
الجنوب	راست (ژمارە دوازدە)	خوارو ، باشوور
الشمال	چەپ (ژمارە دوازدە)	سەرو ، باکور
السفینة	گومی (ژمارە دوازدە)	
	پاپۆڕ (ژمارە چلو حەوت)	کەشتی، گومی، پاپۆڕ
لاجیء	پەناهێنەر (ژمارە پەنجاو یەك)	پەنابەر
العقبة	قۆرت (ژمارە پەنجاو یەك)	قۆرت ، تەگەرە
الجبهة	روکار (ژمارە پەنجاو چوار)	بەرە ، شەڕگە
الحارس	دەرگەوان (ژمارە بیستو یەك)	دەرگەوان

(١) ئەم پەندە جارێ وا بەکارهێنراوە : « شوێن کڵاوی لار کەوتن » (« تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە چلو نۆ ، ٧ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨) ، لەوە دەکا مێجەر سۆن بەکاری هێنابێ و لێی تێکچوبێ .

لاسلكي	بێتەل (ژمارە پەنجا و هەشت)	بێتــەل
اللهجة	شێوە (ژمارە بیست)	شێوە
الراسمالي	ماڵدار (ژمارە شەستوسێ)	سەرمایەدار
الممثل	نوێنەر (ژمارە شەستو سێ)	نوێنــەر

جگە لەمجۆرە وشە و زاراوانە «تێگەیشتنی راستێ» بۆ یەکەمجار لە نوسیندا وشەی وەك ئوتومبیل و ئەلەکتریك و گالیسکە و وشەی‌تری وای بەکارهێناوە • زۆر جاریش وشەی زۆر پەتێ تێکهەڵکێشی نوسینەکانی کردووە وەك : بێژراوە و دەبێژن ، شوێنەون ، رەند ، خۆخۆیی ، خۆماڵی و گەلێکی‌تر • واش‌بووە نوسەرانی هەولیانداوە تەنانەت ئەو جۆرە ناوانە بکەنە کوردێ کە دەستکاریان راست نی‌یە وەك «قەرەداغ» کە کراوەتە «شاخی رەش» (٢) • «تێگەیشتنی راستێ» ناوی زۆر مەڵبەند و شوێنی بەوجۆرە بەکارهێناوە کە ئەوسا باو بون ، یا لەوانەیە ئەو بۆ یەکەمجار وای نوسیبن ، وەك : لۆندەرە (لەندەن) ، ئەمەریقا (ئەمەریکا) (٣) ، قەنەدە (کەنەدە) ، ئەستەقهۆلم (ستەکهۆلم) ، قۆپنهاق (کۆپنهاگن) ، دانیمارقە (دانیمارك) ، لیبچیغ (لایزگ) و هی‌تر •

نوسەرانی «تێگەیشتنی راستێ» هەولیاندەدا پیتی نوێ بۆ ئەو دەنگە کوردی‌یانە بەکاربهێنن کە لە ئەلفبای عەرەبیدا نین • (پ) و (چ) و (ژ)ی وەك ئێستە نوسیوە : (پارچە ، پاپۆڕ ، هەرچێ ، هەژار ، تێژو گەلێکی‌تر) • بەڵام جاری‌واش هەیە لە بریتی (پ) (ب) و (چ) (ج) و (ژ) (ز) یا (ش)ی بەکار هێناوە • واهەیە هەردوێ شێوەی یەکێ لەم پیتانە تێکەڵی یەك ژمارە یا یەك وتار و تەنانەت یەك دێڕیش بون و لەوانەیە لە یەك وشەدا بە هەردوێ جۆر

(٢) بڕوانە « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە شەستو دوێ ، ٦ی کانونی دووەمی ١٩١٩ .

(٣) جاری‌وا هەیە (ئەمەریکا)شی بەکارهێناوە .

نوسرابن • بۆنمونه یەکەم دێڕی ژماره چلو شەشی «تێگەیشتنی راسـتی» وانوسراوه : «رۆژنامەی تایمس •••» ، کەچی لەژێر نـاوی رۆژنـامەکە خۆیدا و وەك هەمۆ ژمارەکانی تری نوسراوه « رۆژنـامەیەکی سیـاسی و ئیجتیماعی و خادمی یەك بۆن و سەربەستی کوردانە »[٤] • جاریواش هەیە (ش)ی لەبریتی (ژ) نوسیوه ، وەك (دوشمن) له جێی (دوژمن) • جاروبـار (ە)ی بەرامبەر «فتحه»ی عەرەبی بەکارهێناوه ، بەلام توخنی (ڤ) و (گ) و سەر و بۆر و کەشیدە نەکەوتووه • زۆر جاریش پیتی عـەرەبی گەوتـۆی بەکارهێناوه کە لە کوردیدا نین ، وەك (ذ) «مذکرة» و (ث) «تأثیر» و (ض) « ضرر » [٥] •

لەم‌بارەوه گرنگ ئەوەیە نوسەرانی «تێگەیشتنی راستی» لەگەل کاری رۆژانەیان هەستیان بە پێویستی دەسکاری کردنی رێنوسی کوردی کردووه و لەم مەیدانەدا بەپێی دەسەلاتی خۆیان هەنگاوی باشیان ناوه • « تێگەیشتنی راستی» خۆی جارێکیان نوسیویە دەلی :

«ئەوروپاییەکان بۆ خوێندن و نوسینی زمانی شەرقی‌یەکان زۆر موشـکیلات دەکێشن • ئێمە لەبەر ئەمـە کە ئەم موشـکیلاتـە بەقەدەر ئیمکان حەل‌بکەین ئەمە سالێکە لە نوسینی کوردیدا بە موافەقەتی فەنی ئیشنـاکان بەعزێ ئیستیلاحـاتمان قبـول کرد • (سـەر) و (بۆر) و (ژێر)ی حـەرفەکان بـە (ە) و (و) و (ی) دەنوسین [٦] : لە باتی کردستان (کوردسـتان) و لە بـاتی دکا (دەکا) و لەباتی موفقیت اوان (موفقیتی اوان) و همزەش بە (ی) دەنوسین [٧] • ئەمە بێ‌شوبهە بۆ چاك خوێندنـەوەی نوسـینی

(٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژماره چلو شەش ، ١٦ی ئەیلولی ١٩١٨ .
(٥) پیتی (ض)ی زۆر بەکارهێناوه .
(٦) وەك وتمان هەمو کات پەیڕەوی ئەمەیان نەکردووه .
(٧) دەسکاری رێنوسی ئەم نمونانە نەکراوه .

کوردیٖ فائیدەی زۆرە و گەلیٖ ئیستیلاحاتیٖتریشمان تەصەور کردووە ، ئەوانیش لە وەختی خۆیدا نەشر دەکەین [8] » [9] .

ئەم قسانە زۆر لەوە دەچن هیٖ مێجەر سۆن بن . وا دیارە سۆن کە چەند بەرهەمێکی بایەخداری لەسەر زمان و رێزمانی کوردیٖ هەیە[10] نیازی وابووە بەپێی پێویست ئالوگۆڕیش لە رێنوسیٖ ئەو زمانەدا بکا . بەداخەوە کاری سیاسیٖ زۆر و نەخۆشیٖ قورس و مردنی زوٖ مۆڵەتیان نەدا .

شایانی باسە «تێگەیشتنی راستیٖ» زۆر جار پیتی (د)ی سەرەتای وشەی وەك خۆی هێشتۆتەوە ، وەك : دەکا ، دەخوا ، دەلیٖ ، دەبیٖ ... هتد ، واتە بەوجۆرەی لە زوربەی ناوچە کوردنشینەکان بەکاردەهێنریٖ و

(٨) بەداخەوە فریا نەکەوتن « ئەوانیش لە وەختی خۆیدا نەشر » بکەن ، چونکە زۆری نەبرد کە « تێگەیشتنی راستیٖ » داخرا .

(٩) « تێگەیشتنی راستیٖ » ، ژمارە شەستو سیٖ ، ١٣ی کانونی دووەمی ١٩١٩ .

(١٠) بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی بەر لە دەستپیٖکردنی شەڕی یەکەم بلاوکردەوە ، وەك :
((A Southern Kurdish Folksong in Kermanshahi Dialect)) , — ((Journal of the Royal Central Asian Society)) , London, 1909, PP. 35 — 51 ; ((Notes on a Kurdish Dialect, The Shadi Branch of Kermanji)) , — ((JRCAS)) , 1909, PP. 895 — 921 ; ((Notes on a Kurdish Dialect, Sulaimania (Southern Turkish Kurdistan))) , — ((JRCAS)) , 1912, PP. 891 — 940 ; ((Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language)), London, 1913 (13 + 289 PP.) .

دوای تەواوبونی شەڕ سۆن لە بەغداش چەند بەرهەمێکیٖتری نوسیٖ کە ژمارەیەکیان چاپکراون و یەکێکیان کوردییە : « کیتابی ئەوەلەمینی قیرائەتی کوردیٖ »، بەغدا ، ١٩٢٠ . ئەم کتێبەی بەسەر فێرگەکانی سلێمانیدا بلاو کردەوە ، بەوجۆرە دەبێتە یەکەم کتێبی خوێندن بە زمانی کوردیٖ .

مامۆستا تۆفیـق وەهبیـش نوسـین و وتنی بە پێویسـت دەزانێ (١١) .
جاروبارش بەپێچەوانەوە ، ئەو وشانەی وەك وتنی خـەڵکی سـلێمانی لێ
کردووە ، واتە (د)کەی کردۆتە (ئە) : ئەکا ، ئەخوا ، ئەڵێ ، ئەبێ (١٢) . هەر
بەو جۆرەش رەفتاری لەگەڵ (ت)ی کۆتـایی وشـە کردووە ، زۆر جـار
نوسیویە (دێت ، دەڕوات ، دەڵێت ... هتد) ، جاروبـارش سوانـدویە
(دێ ، دەڕوا ، دەڵێ ... هتـد) . (ی) درێژ و دۆ پیتـی (ی)ی بەسـەر
یەکەوە و بە یەك پیت نوسیوە ، بەڵام بەدەگمەن لە یەکیشی جیا کردۆنەوە .
بەوێنە لە وتارێکی ژمارە پەنجا و سێیدا (پێڕیـان) بەمجـۆرە نـوسراوە :
« لەورۆژەوە کە لەشکری ئینگلیز پێڕیان هاویشتە خەلیج ...» (١٣) .

راستە رۆژنامە و گۆڤارە زووەکانی کورد بەپێی توانا و تێگەیشتنی
سەردەمی خۆیان بایەخیان بە زمان و رێنوسـی کوردی داوە . « ژین »ی
ئەستەمۆڵ و تایبەت « هاوار »ی شام شوێنی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانیان
بۆ ئەم باسە تەرخان کردبو . یەکەمیان لە دوا ژمارەکانیدا پێشنیاری چەند
پیتێکی نیشـانەداری بۆ نوسـینی کوردی کرد و چـەند جاری بڵاوی
کردنەوە (١٤) . بەڵام دەستپێشکەری ئەم مەیدانە گرنگە هی رۆژنامەی
« تێگەیشتنی راستی »یە .

---

(١١) بڕوانە : تۆفیق وەهبی ، ئەسڵی پیتە قالبی « لە »ی شێوەی سلێمانی ، — «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشـی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٩ — ٣٤ .

(١٢) جاریوا هەیە لە یەك رستەی « تێگەیشتنی راستی »دا هەردۆ شـێوە بەکارهێنراوە ، وەك ئەم رستەیە : « ئەلمانیا ئەمە چوار ساڵە خەریکە هەر پیاو بە کوشتن ئەدا و قووەت و ماڵ سەرف دەکا و موتەفیقەکانی بەگژ ئەم و ئەودا دەکا » (بڕوانە : « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە چل ، ٥ی ئابی ١٩١٨ ، سەروتار) .

(١٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە پەنجاو سێ ، ٤ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(١٤) بۆنمونە بڕوانە : « ژین » ، ٢٢ی مایسی ١٣٣٥ .

بایەخدانی « تێگەیشتنی راستێ » بە زمانی کوردێ جارێکیتر لەو بایەخە زۆرەدا خۆ دەنوێنێ کە داویە بە ئەدەبی کوردێ .

«تێگەیشتنی راستێ» و ئەدەبی کوردێ :

لە رۆژی پەیدا بونیەوە رۆژنامەنوسێ کوردێ شوێنی دیاری بۆ ئەدەبی کوردێ تەرخان کردووە . « کوردستان »ی یەکەم رۆژنامەی کوردێ لە ژمارە دوێوە [۱۵] دەستی کردە بلاو کردنەوەی « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانێ و زۆری ژمارەکانی بە بەیتی ئەو داستانە گەوهەرەی ئەدەبی نەتەوەیێ کورد دەڕازاندەوە،جاریوا هەیە بەیتەکانی «مەم و زین» دەوروبەری نیوەی تەواوی ژمارەیەکی « کوردستان »ی گرتۆتەوە [۱٦] . جاروباریش خاوەنی « کوردستان » لەو بەیتانە دەدوێ و بەرز دەیاننرخێنێ . جگە لـە بەیتی « مەم و زین » پارچە شـیعریتری کوردێ لە « کوردستان »دا بەرچاو دەکەون .

زوربەی هەرە زۆری [۱۷] رۆژنامـە و گۆڤارە کوردییەکانی دوای « کوردستان » وەك ئەو بایەخیان بە ئەدەبی کوردی دا و بەوجۆرە بونە یەکێ لـە سـەرچاوە رەسـەنە دەگمەنەکانی توژینـەوەی ئەدەبـی کوردی . « کوردستان » نەبوایە لەوانەبو تائیستەش سالی وەفاتی شاعیری گەورەی

---

(۱٥) خاوەنی « کوردستان » لە ژمارە دوێدا نوسیویە دەلێ ژمارەیە « میترو ئاغایانی کورد » بە نامەی تایبەتێ داوایان لێ کردووە باسی «حالی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی »یان بـۆ بلاو بکاتەوە و ئەویش پەیمانیداوە باسـی « حالی نوێ »ی کورد بکا و «هەر جار هەندێ بەیت و شیعری کرمانجێ و حیکایەتی قنج » بنوسێ (بڕوانە : « کوردسـتان » ، ژمارە دوێ ، ١٤ی ذو الحجه ١٣١٥) .

(١٦) بۆنمونە بڕوانە : « کوردستان » ، ژمارە ٦ ، ٢٥ی جمادی الاول ١٣١٦ .

(١٧) لەوانەشـە هەمێ .

کورد حاجی قادری کۆیییان نەزانیایە [۱۸] ، بەپێی قسەی شارەزایانی ئەمیان « کوردستان » یەکەم سەرچاوەیە دروست سالی دانانی

۱۸) زوربەی نوسەرانی کورد سالی مردنی حاجی قادریان بە هەلە داناوە . لە زووەکان مامۆستا عەبدورڕەحمان سەعید سالی (۱۳۱۲ ك) داناوە کە دەکاتە (۱۸۹٤ ـ ۱۸۹٥ی عیسایی) (بڕوانە : « کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی » ، چاپو بلاوکەر عبدالرحمن سعید ، بغداد ، ۱۹۲٥ ، ل ٦) ؛ مامۆستایان سەجادی و گیو موکریانی و محەمەدی مەلا کەریم سالی ۱۸۹۲یا داناوە (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی یەکەم ، ل ۳۰۹ ، ۳۱۲ ، چاپی دووەم ، ل ۳٤۱ ، ۳٤۳ ؛ « دیوانی حاجی قادری کۆیی » ، هەولێر ، ۱۹٦۹ ، ل ٥ ؛ محمدی مەلا کەریم ، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ، بغداد ، بێ ، ل ۹) . دوکتۆر ئیحسان فوئاد و دوکتۆر مارف خەزنەدار وەك ئەدمۆندس سالی ۱۸۹٤یان بۆ وەفاتی حاجی داناوە ، بەلام هەرچی ئەدمۆندسە بە وشەی ((circa)) (واتە دەوروبەری) گومانی نیشانداوە (بڕوانە :

Ихсан Фуад, Творчество Хаджи Койи и его место в курдской литературе, Автореферат, Москва, 1966.

دوکتۆر ئیحسان فوئاد ، هونەرمەندی حاجی قادری کۆیی و شوێنی لە وێژەی کوردیدا ،کورتەی نامەی دوکتۆراکەی بە زمانی ڕوسی ، مۆسکۆ، ۱۹٦٦ ، ل ۹ ؛ دوکتۆر مارف خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤۰ ؛

(C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58) .

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە « شیعر و ادبیاتی کوردی »کەیدا (بەغدا ، ۱۹٤۱ ، ل ۹۹ ـ ۱۱۸) باسی تەنها سالی لەدایكبونی حاجی کردووە . هەرچی مامۆستا ئەمین زەکیبە سالی ۱۳۱٤ی کۆچی داناوە کە ۱۸۹٦ و ۱۸۹۷ دەگرێتەوە (بڕوانە : محمد أمین زکی ، مشاهیر الکرد و کردستان في العهد الاسلامي ، الجزء الثاني ، بغداد ، ۱۹٤۷ ، ص ۱۱۰) ؛ هەرەگول ئازیزان کە تازناوی جەلادەت بەدرخانە ، سالی ۱۳۱۲ی کۆچی داناوە کە ۱۸۹٤ و ۱۸۹٥ دەگرێتەوە (بڕوانە :

(((Hawar)), Sham, Sal 9, Hejmar 33, 1941, L. 13)

(شایانی باسە لە بریتی ۱۳۱۲ك بە هەلە ۱۹۱۲ چاپکراوە) . بەلام ڕۆژنامەی « کوردستان » لە لاپەڕە سێی ژمارە سێیدا (۲۸ ذوالحجه

« مەم و زین »ی نوسیوە[١٩] . «ژین»ی ئەستەمۆل پڕە لە زانیاریێ گرنگ دەربارەی ئەدەبی کورد . بەوێنە پیرەمێردی ئەمر یەکەمجار « قوربانی تۆزی ڕێگەتم »ەکەی نالیێ لەودا بڵاوکردەوە و دێڕ بە دێڕ کردویە بە تورکی[٢٠] . وادیارە ئەوسا پیرەمێرد بە ناوی (پیرە کورد)ەوە نوسینەکانی خـۆی بڵاو دەکردەوە[٢١] .

لە ڕێگەی « ژین »ی ئەستەمۆلەوە دەتوانرێ تۆماری ناوی شاعیرانی کورد دەوڵەمەند کرێ . ع . رەحمیێ هەکاریێ لە هەمو ژمارەیەکیدا شیعری پڕ هەسـتی نەتەوەیی بڵاو کردۆتەوە کـە تارادەیە هەسـت بە نوێکاریێ لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ . دیسان « ژین » بەرهەمی (سـیاە پۆش) ناوێکی بڵاو کردۆتەوە کە کەسمان تائیستە ناویمان نەبیستووە و لەوە دەکا شاعیرێکی وردکار و خوێندەوارێکی باش بوبێ[٢٢] :

ئەی حەبیبی قەلب و ڕۆح و ئەی قەراری جانی من
دەی چە بێتن جارەکی ئەمر تۆ بیبە میهمانی من
بێ لەسەر چاڤێ مە ڕۆ نێ نەظرا قلبی من
ئەز غلامێ کەمترینم ، هەر تویی سولتانی من
قەلب و دڵ مەجروحی عەینی ئەسوەدی تەنە
نینە بێجامەی قەت مەرهەم و دەرمانی من

١٣١٥) هەواڵێك و چەنـد بەیتێکی حـاجیێ بڵاوکردۆتەوە و لـەوێدا نوسیویە « ساڵا دی وەفایی کر » کە بەپێی کاتی دەرچونی ئەو ژمارەیەی « کوردستان » دەکاتە سـاڵی ١٨٩٧ . بەمجۆرە شـارەزایانی ئەدەبی کورد توانییان سـاڵی وەفاتی حاجیێ بزانن .
بێناو کاتی خۆی ئەم زانیارییانەم لە «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»ا بڵاوکردەوە (بڕوانە « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٤٠٣ ــ ٤٠٥) .

(١٩) بڕوانە : الدکتور عزالدین مصطفی رسول ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٢ .
(٢٠) « ژین » ، ژمارە شەش ، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣١٤ ، ل ١٢ ــ ١٤ .
(٢١) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە دوازدە ، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥ ، ل ٤ ــ ٨ .
(٢٢) دەربارەی لە زۆر کەسم پرسی ، یەکێکیان مامۆستا هێمنی شاعیر بو ، کەسـیان هیچیان دەربارە نەبیستبو .

صەد وەکی عیساو و ئیفلاتون و جالینۆسی حەکیم
چاری دەردی من ناکەن بێ تۆ ئەی لوقمانی من

....

ئەز ئەسیری قەید و بەند و زولف و زنجیری تەمە
رەحمێ کە بە بەخسیران ئەی شاهو سولتانی من

....

....

زولف خالان «ماه و رولر چوق سیاه پوش ایدیلر
قورقرم بن قره اولسون» چادر و سەیوانی من (٢٣)

هیچ لە راستی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم لە هەمو ئـەم جیهانە پان و بەرینەدا تەنها کوردە شاعیری خاوەن بەهرەی وەهای خۆی ناناسێ !! •

داوەر ئەردەلانی کە دیسان کەسمان ناویمان نەبیستووە لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهاندا پڕ بە دەم هاواری کردووە :

کوردان وەرن هەمو پێکەوە دەست بە دەست بدەین
بۆ کۆمەڵە هەژارەکەمان ، با لەناو نەچین
خەڵقی لەژێر سێبەری عیرفاندا حەساونەتەوە
ئێمەش خەریکی من من و تۆ تۆی جەهالەتین (٢٤)

« هاوار »ی بەدرخانییانیش سـەرچاوەیەکی دەوڵەمەنـدی ئەدەبی کوردییە • « ئەدەبی کوردی لە هاواردا » پێشنیاری سەروتارێکی زانستی بەکەڵکە دەیخەمە بەرچاوی شارەزایان • والێرەدا بە کورتی چەند نمونەیەکی ئەم باسە دێنینەوە •

« هاوار » یەکەم چاپەمەنی کوردییە کە « وەفدی کوردستان »ەکەی پیرەمێردی بڵاوکردۆتەوە و لەژێرەوەی ئاشکرا مەبەستی شـاعیر و هۆی

(٢٣) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە دوازدە ، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥ ، ل ١٥–١٦ .
زۆر کەم دەسـکاری نوسینەکەی کراوە .
(٢٤) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە (٤) ، ل ١٦ .

دانانی ڕوّن کردوّته‌وه[٢٥] . گه‌لیّ شیعر و په‌خشـــانی ئه‌زانراوی گوّرانی زیندو له « هاوار »دا چاپکراون . ئه‌ویش « ئه‌ی چاو »ه‌که‌ی یه‌که‌مجار له « هاوار »دا بلّاوکردوّته‌وه و نـــاوی « ئاواتـــی دوریّ » لیّ نـــاوه . دوای ته‌واوبونی به‌یته‌کانی ، گوّران رونکردنه‌وه‌یه‌کی کورتی نوســـیوه که تییدا ده‌لّیّ : «ئه‌م شیعرانه له‌سه‌ر ئوصولی «فقره» ریّك‌خراون ، هه‌ر فه‌قه‌ره‌یـــه‌ك عیباره‌ته له چوار به‌یت ، به‌یتی یه‌که‌م و چواره‌م له‌سه‌ر وه‌زنی عه‌روز وتراون ، دووه‌م و سێیه‌میش له‌سه‌ر وه‌زنی په‌نجه » [٢٦] .

گوّران له ژماره ده‌ی ئه‌م گوّڤاره‌دا «ئیلهامی هاوار»ی بوّ «مه‌فکوره‌ی به‌درخانی‌یه‌کان» بلّاوکردوّته‌وه که به‌م‌به‌یته نازدارانه ده‌ستی پیّ‌کردووه :

ده‌رویّشیّکم دیّ له‌سه‌ر دوخمه‌ی شا
شای صه‌لاحه‌ددین ، به‌کولّ ئه‌گریـــا
هاواری ئه‌کرد ، ئه‌ی‌لاوانه‌وه
دلّی ئینسانی ئه‌تـــاوانه‌وه (٢٧)

دیسان گوّران له ژمـــاره دوازده‌ی «هـــاوار»دا شـــیعری « ئـــه‌ی گه‌لاویّژ » [٢٨] و په‌خشانی «چاو»ی [٢٩] بلّاوکردوّته‌وه . له‌میانه‌دا ده‌لّیّ : «هه‌ندیّ [٣٠] وه‌ك شه‌و ره‌شن ، هه‌ندیّکیش چه‌شنی پیروّزه شێن ، هه‌ندیّ چاوی‌تریش هه‌ن ئه‌لّیّی چاوی هه‌لّوّن ، چه‌شنی یاقوت ئاگریان لیّ ئه‌بیّته‌وه!. لای‌من وایه چاوی ره‌ش به جلوه‌ی حوزن و دلّوّپی فرمێسکه‌وه قه‌رالیچه‌ی هه‌مو چاوه جوانه‌کانه ... ئه‌وه‌نده شیرین ، ئه‌وه‌نده بیّ‌ویّنه‌یه ... » .

---

(٢٥) « هاوار » ، ژماره ٢٢ ، ١ی ته‌موزی ١٩٣٣ ، ل ٤ .
(٢٦) « هاوار » ، ژماره ٩ ، ٣٠ی ئه‌یلولی ١٩٣٢ ، ل ٥ .
(٢٧) « هاوار » ، ژماره ١٠ ، ٢٣ی ته‌شرینی یه‌که‌می ١٩٣٢ ، ل ٥ . هـــه‌ر له‌و ژماره‌یه‌دا « هه‌ی وه‌تـــه‌ن »ی (خدوّك) بلّاوکراوه‌ته‌وه کـــه پارچه شیعریّکی نیشتمانیّ نایابی پڕ له زانیاریّ مێژوّییه .
(٢٨) « هاوار » ، ژماره ١٢ ، ٢٧ی ته‌شرینی دووه‌می ١٩٣٢ ، ل ٣ .
(٢٩) هه‌مان ژماره ، ل ٤ ــ ٥ .
(٣٠) هه‌مو (هه‌ندیّ)کانی به (هه‌نگیّ) نوسیون .

شیعری «بۆ خانمێك» (٣١) و پەخشانی «فرمێسك» (٣٢) و بەرهەمی‌تری گۆران لە «هاوار»دا دەست دەکەون . ئەویانی وا دەست پێ‌کردووە :

قاصید وتی پێم : بگرە سەبر ، خانم ئەوا دێت
سا فەرمۆ ، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت (٣٣)

« ئەی وەتەن »ی بێکەسی بێکەسان (٣٤) و گەلێ شیعری نایاب و دانسقەی عەبدولخالق ئەسیریی کەرکوکی (٣٥) بۆ یەکەم و هەندێکیان بۆ دواجار لە «هاوار»دا بلاوکراونەوە . لاپەڕەی زۆری «هاوار»یش لە ناوی سەربازی نەناسراو و گوڵی نەزانراوی باغی ئەدەبی کوردیی بێبەش نین . وادیارە جگە لە هێمنی موکریانی هێمنێکی‌تری وەك ئەو هێمنمان هەبووە (٣٦) . ئەم چەند دێڕە دەوڵەمەندەش نموونەی بەرهەمی یەکێ لەو سەربازە نەناسراوانەن :

سەروەری عالی مەقامی قەومی کورد غەمخواری کورد (٣٧)
باعیسی فەخری گرۆهی میللەتی غەمباری کورد
گەر دەپرسی تۆ لە حالی میللەتی مەقهوری خۆت
هەوری بەدبەختی و خەفەت گرتی دلی هوشیاری کورد
ئەو کەسانەی ئەرزەلن ئەمڕۆ لە سایەی جەهلەوە
بون بە حوککام و ئەمیر و ئاغەوو سەرداری کورد
فیکری دینی بو بە زەهری قاتیلی ئەمسالی من
بۆیە پاشکەوتین لە جەمعی سەرسەری و جلخواری ... (٣٨)
لەحزەیە چاوت هەلهێنە سەیری ئەحوالی بکە
دە بزانە بۆچ غەریبە لە زوبێر سەییاری کورد
لە زوبێر ــ کورد (٣٩)

---

(٣١) « هاوار »، ژمارە ١٥ ، ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٣ ، ل ٧ .
(٣٢) « هاوار » ، ژمارە ١٣ ، ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٥ .
(٣٣) وادیارە ئەو شیعرەی لە هەڕەتی لاوێتیدا بە ئیلهامی رابواردنی شەوی یەکێ لە کەبارێیەکانی بەغدا بۆ هاتووە .
(٣٤) بێکەسی گەورە سەرەتا ئەم شیعرەی بە ناوی « یادی وەتەن »ەوە بلاوکردۆتەوە (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٢ ، ٢٧ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ٢) .

سەربازێکی نەناسراوی تر وتویە :

دیمە چۆن لێزمەی بارانی بەهار
ئەشکی خوێنینت پێدا دێتە خوار
گریان کردەوەی بێدەسەڵاتە
دۆ بەرگەی کتێب بگرە و بخوێنە
بێدەسەڵاتان ئەمرن لەژێر بار
هاوڕێی داتا بە نەزان مەدوێنە
گەردن ئازاد کە لە کۆتەی دیلێ
یا ئازا بژی ، یاخود مەمێنە (٤٠)

دەتوانین گەلێ نمونـــەی تری لەم بابەتـــانە لە رۆژنـــامە و گۆڤـــارە کوردییەکانیتر بهێنینەوە • هەرچی «تێگەیشتنی راستی»یە لەم مەیدانەدا شوێنێکی زۆر دیاری هەیە • ئەم رۆژنـــامەیە هەرچـــەندە بۆ مەبەســـتێکی تایبەتی دەردەکرا بەڵام بایەخی زۆری بە ئەدەبی کوردی دەدا ، تایبەت بـــە

---

(٣٥) گۆڤاری « هاوار » ژمارەیەکی زۆری لە شیعرە نایابەکانی ئەسیری بلاو کردۆتەوە . وادیارە کاتی خۆی « سنور »ی ئەسیری بە بەرهەمی حاجی قادری کۆیی لە قەڵەم دراوە ، «هاوار» ئەمەی لە زمان شاعیر خۆی و مامۆســـتا تۆفیق وەهبییەوە راستکردۆتەوە (بڕوانـــە : « هاوار » ، ژمارە ١٠ ، ٢٣ی تەشـــرینی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٨ ؛ ژمارە ١١ ، ١٠ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ٤ ــ ٥) .

(٣٦) لە ژمارە چواردەیدا « هاوار » « سکاڵا لەتەك كردی ســەیواندا »ی هێمنی بلاو کردۆتەوە کە لەوە ناکا هی مامۆستا هێمنی موکریانی بێ (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٤ ، ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٨) .

(٣٧) مەبەستی جەلادەت بەدرخانی خاوەنی «هاوار»ە . دەرکردنی « هاوار » هەستی گەلێ روناکبیری کوردی بزواند و شیعر و پەخشانی زۆریان پیا هەڵدا .

(٣٨) ئەو دێڕە وا چاپ کراوە . دەبێ وشـەی (کورد) لەوێدا لابرابێ . ئـــەو سەردەمە بە کوردی «تورکخوا»یان دەوت «جلخوار» .

(٣٩) « هـــاوار » ، ژمارە ١٢ ، ٢٧ی تەشـــرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ١٢ . بەیتەکانی ئـــەم شاعیرە نەناســـراوە لەژێر ناوی « هـــەربژی »دا بلاو کراونەتەوە .

(٤٠) ئەم شیعرە بە ناوی (م)ەوە بلاوکراوەتەوە (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٩ ، ١٧ی نیسانی ١٩٣٣ ، ل ٦ ــ ٧) .

بەرهەمی شاعیرانی ناوداری کوردستان . دیارە شارەزایی و هەستی شاعیری شوکرلفضلی لەمەدا دەوری گەورەی بینیوە . ئەمە بۆخۆی ، وەك وتمان، بەڵگەیەکی تری بەشداری ئەو پیاوەیە لە دەرکردنی «تێگەیشتنی راستی»دا. هەر بەم‌بۆنەوە بەڵگەیەکی تر دێتە ئاو . شوکرلفضلی ناوی زوربەی شاعیرە ناودارەکانی کوردستانی هێناوە و باسی ژیان و بەرهەم و سەنگیانی کردووە، بەڵام چونکە لەگەڵ شێخ رەزا ناکۆك بو [41] نە زۆر و نە کەم توخنی ناو و بەرهەمی نەکەوتووە . هیچ گومان لەوەدا نی‌یە گەر ئەم دۆ بەیتە هی شێخ رەزا نەبونایە جارەهای جار لە «تێگەیشتنی راستی»دا چاپ‌دەکران چونکە وەك دەرمان بەدوای قسەی وادا دەگەڕا :

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولوڵکی بابان بو
نە مەحکومی عەجەم ، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بو (٤٢)

لە ژمارە یەکی‌یەوە «تێگەیشتنی راستی» شیعری کوردی تێکەڵ نوسینەکانی کردووە . لەو ژمارەیەیدا کە دێتە سەر باسی تورکانی لاو و خراپەکارییان لەگەڵ دانیشتوانی عیراق دەڵێ : «خوێنی بێ گوناهان گرتنی ... هەناسەی مەزلومان ئاگری تێ‌بەردان :

ئەی جامیعی دونیا وو قیامەت بە خەیاڵات
ئەو رۆژەکە رۆیی (٤٣) نە ئەوت بو نە ئەمەت بو »

---

(٤١) بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٩ی بەشی سێیەم .

(٤٢) بۆ تەواوی ئەم شیعرە بڕوانە : « دیوانی شێخ رضای طالەبانی » ، ل ٣٤ – ٣٥ .

(٤٣) لە سەرچاوەی‌تردا :

ئەو رۆژە کە مردی ، نە ئەوت بۆ نە ئەمەت بۆ

(بڕوانە : «دیوانی نالی . مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی» ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، پیاچونەوەی محمدی مەلاکەریم ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٦٨ . لەمەودوا : « دیوانی نالی ») .

دیارە خاوەنی وتار مەبەستی ئەوەیە بە کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانی بلێ هەمو شتتان لەکیس خۆتان دا و بۆنە جووەکەی لە هەردۆ دنیا بۆ ٠

لە هەمان ژمارەیدا « تێگەیشتنی راستی» کاتێ باسی ئەلەکتریك دەکا بەیتێکی فارسی مەلا محەمەدی سەنەندەجی تێکهەلکێشی قسەکانی کردووە (٤٤) ٠

لە وتارێکی تریدا کە دێتە سەر باسی پەیوەندی نێوان ئەلەمان و عوسمانی «تێگەیشتنی راستی» دەلێ : «٠٠٠ بەلێ ئەلەمانیا حکومەتێکی جەلادە ، ئەما کوشتنی تورکی لەپێش عەرەب و کورد ئارەزو دەکرد و لەژێرەوە بۆ کوشتنی عەرەب و کورد دەستی بە تورکەکانەوە دەنا ٠ خولاسە لەم شەڕەدا ئەلەمان تورکی بەکوشت دەدا و تورکیش عەرەب و کوردیان لەناو دەبرد ٠ ئەلەمانیا بە تیرێك دۆ نیشانی دەشکاند ٠ شاعیرێکی کورد ئەلێ :

بە تیری دۆ نیشانە ناشکێ هەی ڕۆحەکەم شیرین
لە غەمزەی تاقە تیرێکی لە فەرهاد و لە خەسرەوی دا ناڵە»(٤٥)

جاروبار نمونەی تری لەم بابەتە لە وتارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا دەکەونە بەرچاو ٠ زۆری نەخایاند ئەدەبی کوردی وەك باسێکی سەربەخۆ کەوتە سەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە ، دیارە نوسەرانی دەیانزانی لە رێگەی ئەدەب و مێژوی کوردەوە دەتوانن ئەوەندەی تر ناوی عوسمانی لای دانیشتوانی کوردستان رەش و لەکەدار کەن ٠ لە ژمارە یازدەوە سەرەتای بایەخ پێدانی «تێگەیشتنی راستی» بەملایەنە لە قوژبنی ئەدەبەوە دەستی پێکرد ٠ ئەم قسانەی خوارەوە لە سەروتاری ژمارە یازدەوە وەرگیراون :

«تەماشا کەن ئەحمەد حیلمی شەهبەندەر زادە کە یەکێکە لە

---

(٤٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ ٠
(٤٥) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ ٠

موحەریزنی تورك لە کتێبی ئەقوامی جیهاندا ئەڵێ کوردەکان هیچ ئەدەبیاتیان نیە • کە ئەحمەد حیلمی وا بڵێ دەبێ غەربیەکان چێ بڵێن ؟ • تورکێك کە نەگەڵ کورد ئەوەندە حەیات رابوێرێ هێشتا کورد چیە ناینا سێ ، لەکوێ دەتوانێ زمان و عادەتی ئەو تێبگا و رێی تەرەقی پێ نیشان بدا • کەسێ ئاگای لە خۆی نەبێ چۆن دەتوانێ یەکێکی‌تر ئاگاداری بکا [٤٦] • کورد ، وەکو وتمان ، دەبێ خۆیان بۆ خۆیان سەعی بکەن و ئیستیفادە لە قەومی ئینگلیز و حکومەتی بەریتانیا بکەن چونکە هیچ قەومێکی بێ‌تەداروکات و بێ ئەسباب بە بێ یاریەی حکومەتێکی بەقووەت بە مەقصوودی خۆی نەگەیشتووە و ناگا • ئەوانە کە سەعی بۆ قەومی کورد دەکەن نابێ تەماشای مەنفەعەتی خۆیان بکەن ، دەبێ بۆ ئەحفادیان سەعادەت حازر بکەن چونکە ئەوی چاوی لە قازانجی خۆی بێ ناتوانێ بۆ قەومی ئیش پێك‌بهێنێ ، بلخصوص موحافەزەی وەتەن و ئیحیا و ئیرشادی قەومێك ئیشێکی زۆر گەورەیە ، هەر بەپیاوی غەیور و فیدایی سەردەگرێ ••• بزانن شاعیرێکی کورد کە ئەحمەد حیلمی ناینا سێ چۆن باسی وەتەنیەت دەکا :

دڵ سیاسەتك نەبێ ، مائیلی خاکی وەتەنە
خالی لێوی حەبەشە ، ساکینی بوردی یەمەنە (٤٧)
دڵی (نالی) کە نەنیسی قەرەداغە ئیستاش (٤٨)
داغی سەرچاوەوو دێوانەیی دار و دەوەنە »(٤٩)

« تێگەیشتنی راستی» کۆتایی وتارێکی‌تری مێژوویی بەم‌جۆرە هێناوە :

---

(٤٦) گەلێ‌جار قسەی وا مانادار کە لەگەڵ زانستی کۆمەڵایەتیدا یەك دەگرنەوە لە ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی »دا دەکەونە بەرچاو .

(٤٧) لە سەرچاوەی‌تردا :

« خالی لەعلی حەبەشە ، ساکینی بوردی یەمەنە »

(بڕوانە : « دێوانی نالی » ، ل ٥٢٤) .

(٤٨) لە سەرچاوەی‌تردا : « ئیستەیش » (بڕوانە : «دێوانی نالی» ، ل٥٢٧) .

(٤٩) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ١٩١٨ .

«ئیستا قەومێك کە ئەمەندە مالیکی ماضیەکی موحتەشەم بێ حەیف نیە وا موهمەل بمێنێتەوە ... ئەگەر روئەسای (لوڕستانی گەورە و پچوك) و (ئەردەلان) و (هەمەدان) و (جەنوبێ ئازەربایجان) و (شارەزوور) و (بتلیس) و قیسمی موسلمانی ویلایاتی شەرقیە [50] سەعی بۆ خۆیان بکەن و ئیستیفادە لە حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا بکەن چێ نایەتە ناو . شاعیرێکی کورد ئەلێ :

حاصلی گفتوگو هەمو بایە
عەمەلیاتە نانی تیدایە» (٥١)

لە ژمارە شازدەیەوە « تێگەیشتنی راستێ » گۆشەیەکی تایەتێ بۆ «ئەدەبیاتی کورد» تەرخان کردووە . بایەخی ئەم بەشە چ لە رۆی رۆژنامەنوسێ و چ لەرۆی لێکۆلینەوە و بوژاندنەوەی ئەدەبی کوردیەوە . زۆرە . لەم گۆشەیەدا بۆ یەکەمجار بەرهەمی ژمارەیە لە شاعیرە هەرە ناودارەکانی کوردستان چاپکراوە . دیسان بۆ یەکەمجار لە مێژۆی ئەدەبی کوردیدا ئەو بەرهەمانە لەگەڵ تۆژینەوە و بەراوردا لەسەر لاپەڕەکانی «تێگەیشتنی راستێ»بلاوکراونەوە . بایەخێکی‌تری ئەو گۆشەیە لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە شیعری نەزانراو یا جۆری نەزانراوی زۆر بەیتی بلاوکردۆتەوە. بێگومان ئەمانە بۆ ئەدەبناسی کورد گرنگ و بایەخدارن .

لە یەکەم گۆشەی «ئەدەبیاتی کورد»دا «تێگەیشتنی راستێ» ئەم بەیتانەی «شاعیری گەورەی کورد نالێ» [52]ی بلاوکردۆتەوە [53] :

---

(٥٠) مەبەستی ئەو ناوچانەیە کە کورد و ئەرمەن تێکەل تیا دەژین .
(٥١) لەوەدەکا شیعری شوکرێلفەضلێ خۆی بێ (بڕوانە : « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨) .
(٥٢) « شاعیری گەورەی کورد » قسەی رۆژنامەکە خۆیەتی .
(٥٣) هەمو بەیتەکان نیین ، کەمێك بەرودواش خراون . بۆ تەواوی ئەو بەیتانەی نالێ بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٢٠ ـ ٣٢٦ .

«له دوگمه‌ی سینه دوێنێ بانگی شێوان (٥٤)
بەیانی دا سفیدەی بـاغی سێوان

له خەوفی طەلعەتێ ڕۆژ هەروەکو شێت
به ڕۆژمردێ هەڵات و کەوته کێوان

مەکەن لۆمەی پەشێوێ دڵ که ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان

دوو چاوی من که وا کەیلی سوروشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێن (٥٥) به پێوان

شەرابی لەعلی روممانێ له (نالێ)
حەرامه بێ مەزەی ماچێکی لێوان »(٥٦)

له ژمارەی داهاتویدا و دیسـان له گۆشـەی «ئەدەبیـاتی کورد»ا «تێگەیشتنی راستێ» شتێکی تازەمان بۆ دەردەخا که وابزانم تا ئیمڕۆ کەس باسی نەکردووه . لەو ژمارەیەیدا بەمجۆره موناسەبەتی وتنی شیعرێـکی نالیمان پێ دەڵێ : «نالێ پاش مردن خیطاب به ئەمیرێکی بابان دەکا (٥٧) :

هەرچەندە حەیاتی خضر و جامی جەمت بۆ (٥٨)
چونکە ئەمەلت زۆره ، چ عومرێکی کەمت بۆ

---

(٥٤) له سـەرچاوەیتردا :
« له دوگمەی سوخمه دوێنێ نوێژی شـێوان »
(بڕوانه : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٢٠ ؛ مەسعود محەمەد ، چەپکێك لـه گوڵزاری نالێ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٠٩) .

(٥٥) له سـەرچاوەیتردا : « خۆی » (بڕوانه : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٢١) .

(٥٦) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژماره شازده ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

(٥٧) دیاره «پاش مردن»ی ناو ئەم رستەیه بۆ «ئەمیرێکی بابان» دەگەڕێتەوه .

(٥٨) له سـەرچاوەیتردا :
« هەرچەندە که عومری خضر و جامی جەمت بۆ »
(بڕوانه : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٦٧) . دەربارەی هەمۆ بەیتەکانی ئەم هەڵبەستەی نـالێ و لێکدانەوەیان بڕوانـه ل ٣٦٨ ـ ٣٧٠ی هـەمان سەرچاوه .

ئیستا کە لە تۆ دۆرە هەماغۆشی عەدۆنە
دونیا کە زەمانێ حەرەمی موحتەرەمت بۆ (٥٩)
ئەی جامیعی دونیاوو قیامەت بە خەیالات
ئەو رۆژە کە رۆییت نە ئەوت بۆ نە ئەمت بۆ
ئەوسا چ بو دەتدا بە زمان لافی کەرامات (٦٠)
ئەمڕۆ نە دەمت بۆ نەدەمت بۆ نەدەمت بۆ
(نالی) چیە تۆ میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی
خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بۆ (٦٢) »

دەبێ نالی ئەمشیعرەی بەبۆنەی مردنی یەکێ لە ناحەزانی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابانەوە وتبێ[٦٣] کە بە چاوی قەدر و ڕێزەوە سەیری دەکرد چونکە عەبدوڕڕەحمان پاشا یەکێ بۆ لەو سەردارە بەدەسەڵاتەکانی میرنشینێ بابان و بۆ ماوەی چارەکی سەدەیە شوێنێکی دیاری لە ژیانی سیاسێ هەمۆ عیراقـدا هەبۆ ، تەنانەت کە پاشای بەغدا سولەیمانی پچوك لە ئەستەمۆل یاخی بـۆ سوڵتان داوای لێ کرد بچێتە جێگەی ، بەڵام پاشـای بابـان قبولی نەکرد کوردستان و مەڵبەندی باو باپیرانی بەجێبهێڵێ[٦٤] . عەبدوڕڕەحمان پاشـا بەهۆی پیلان و دەسیسەی نـاوەوەی وڵات و دەوری خراپی عوسمـانی و

(٥٩) لە سـەرچاوەی‌تردا :
بێزارە لە تۆ ئیستە ، هەماغۆشی عەدۆنە
دونیا ، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بۆ
(بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٦٨) .
(٦٠) لە سـەرچاوەی‌تردا :
دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت
(بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٦٨) .
(٦١) لە سـەرچاوەی‌تردا :
« ... چییە وا ... » (بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٧٠) .
(٦٢) « تێکەیشتنی راستێ » ، ژمارە حەڤدە ، ٢٦ی شوباتی ١٩١٨ .
(٦٣) مامۆستا مەسعود محەمەد سەرنجی بۆ ئەم راستیە راکێشام .
(٦٤) بڕوانە : کلۆدیوس جیمس ریچ ، رحلة في العراق عام ١٨٢٠ ، ترجمة بهاءالدین نوری ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٦٧ ــ ٦٨ .

قاجاری ناحەزی زۆر بو (٦٥) بەرادەیە چەند جارێ ناچــار بو دەســت لــە فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان هەلگرێ • لەگەڵ ئەوەش زوربــەی ناوچــەی سۆران لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پچڕ پچڕی ئەودا لە برەوو پێشکەوتنــدا بو • عەبدوڕڕەحمان پاشا یەکێکە لەو سەردارە کوردانەی سەرەتای هەستی نەتەوەییان تێدا بەدیدەکرێ ، تا دوازۆژی ژیانی (سالی ١٨١٣ وەفاتی کرد) بە چلوی رێز و خۆشەویستییەوە سەیری زانا و ئەدیبی کوردی دەکرد ، بۆیــە نالیش شوێنی دیاری لە دلی فراوانیدا بۆ تەرخان کردبو •

لە گۆشەی «ئەدەبیاتی کورد»ی ژمارەی داهــاتویدا « تێگەیشــتنی راستی» جارێکیتر دێتەوە سەر باسی نالی و دەلێ : «نالی مەتحی عەسکەری خــاصەی ئومەرای بابان دەکا :

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشۆبی دلی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن (٦٦)
یەك صەف کە دەوێستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن (٦٧)
حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن » (٦٨)

لە دواگۆشەی «ئەدەبیاتی کورد»ا «تێگەیشتنی راستی» جــارێکیتر دێتەوە سەر باسی نالی و دەلێ : « ••• لەمەوپێش بــاسی نالیمــان کرد و وتمان ئەم زاتە شاعیرێکی عالمە ، موجەدیدە ، شێوە و زمــانی کوردییــە ، شیعرەکانی زۆر فەصیحــن ، کوردستان بە شیعرەکانی موتەرەنیم دەبــن و گۆرانی پێوە دەلێن • ئەم غەزەلە لە چاکترین ئەشمارێتی :

---

(٦٥) یەکێ لەناحەزەکانی خالد پاشای برازای بو کە چەند جارێك هێزی هەردۆ لایان بە هاندانی بێگانە بەشەڕهاتن .
(٦٦) لەبارەی رۆنکردنەوەی ئەم دۆ بەیتە و هەست بەرزی نالییەوە بڕوانە : مەسعود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٠٨ ــ ١٠٩ .
(٦٧) لە سەرچاوەیتردا : « صەف صەف کە دەوەســتن ... » (بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٤١) .
(٦٨) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .

عاشقی بێ‌دڵ دەناڵێ ، مەیلی گریانی هەیە
بێ‌شکە هەور و تریشقە تاوی بارانی هەیە
چاوی من دەمدەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دیاری (٦٩) عومان دوڕ و مەرجانی هەیە
ئاسمانی حوسنی مەحبوبم لە ئەبڕو و زوڵف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە
دڵ موشەببەك بوو لەبەر نیشانی تێشانی (٧٠) موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانە تێشانی هەیە (٧١)
لەحزەیەك و لەمحەیێ چاوم بە چاوی ئاگەوێ
كێ دەڵێ وەحشێ غەزالە مەیلی ئینسانی هەیە (٧٢)
تۆ ئەگەر هەستی و لە جێ ڕاوێستی دێو و كافریش (٧٣)
دێن دەڵێن : بەخودا قیامەت ڕاستە هەڵسانی (٧٤) هەیە
فارس و كورد و عەرەب هەر سێیم بە دەفتەر گرتووە
ناڵێ ئەمڕۆ حاكمی سێ مولكە دیوانی هەیە »(٧٥)

لە گۆشەیەكی‌تری «ئەدەبیاتی كورد»ا «تێگەیشتنی ڕاستی» هاتۆتە سەر باسی هونەری مستەفا بەگ و دەڵێ : « مستەفا بەگ شاعیرێكی بەلیغی كوردە ، مەتحی ئەمیرزادەیەك دەكا :

---

(٦٩) بە هەڵە (دیاری) چاپكراوە . بۆ ئەم بەیتانەی ناڵی بڕوانە لَ ٥٧٢ ـ ٥٧٧ی « دیوانی ناڵی » .
(٧٠) لە هەمان دیواندا : « ... تێشانی نیشانی هەیە » (ل ٥٧٦) .
(٧١) لە هەمان دیواندا :

« حەیفە قوربان ! ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە »
(ل ٥٧٦)

(٧٢) دەربارەی وردكاری ناڵی لەم بەیتەیدا بڕوانە : مەسعود محەمەد . سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٧ .
(٧٣) لە دیوانی ناڵیدا :

« تۆ ئەگەر هەستی ، لە جێ ڕاوەستی ، دێو و كافریش »
(ل ٥٧٧)

(٧٤) لە هەمان دیواندا : « هەستانی » (ل ٥٧٧) .
(٧٥) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

لەپێش بەیداغی شاهێ یار ئەوا ئەسپی دەئاخێوێ
بە تیپی غەم ئەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە
ئەڵێ ئەسپی فیراق سمکوڵ ئەکا وا لێلە بینایم
ئەڵێ تەپڵی نیفاقیان ژەند کە گوێچکەم پڕ لە هاوارە»(٧٦)

«تێگەیشتنی راستێ» یەکەم سەرچاوەی کوردی‌یە کە وردە دەسکاری ئەدەبی بەراورد (مقارن)ی‌کردووە • زۆر جار بەرهەمی شاعیرانی کورد لەگەڵ هێ شاعیرانی‌تری رۆژهەڵات بەراورد دەکا • هەر لەبارەی مستەفا بەگەوە «تێگەیشتنی راستێ» لە ژمارەیەکی‌تردا نوسیویە دەڵێ : «مستەفا بەگ یەکێکە لە شاعیرانی کورد ، خەڵکی سلێمانی‌یە • لەقەبی (کوردێ)یە و بەحزەن (هیجرێ) • لەقەبی ئەوەڵی دەلالەت لە قەومی‌یەت پەروەرێ دەکا • شیعرەکانی زۆر مەحزونانەیە • هەر بەیتێکی سەرچاوەیەکی عیشقە ، مەشرەبی وەکو (فضولێ) وایە • ئەوی ئاساری ئەو بخوێنێتەوە دەبێ هەر

(٧٦) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە هەژدە ، ١٢ی مارتی ١٩١٨ . لە چاپی دووەمی ئەو دیوانەی کوردێدا کە موکریانی بڵاوی کردۆتەوە ئەم چەند بەیتە وا هاتووە :

سەدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافلەچێ یارە
نزەی پێشمەنگی میحنەت دێ دەڵێن کالای غەمبارە
ترنگەی تەپڵی بازاتلانی چاوەش دەنگی جارچێ دێ
بە تیپی غەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە
دەڵێی ئەسپی فیراق سمکوڵ ئەکا وا لێلە بینایم
دەڵێی تەپڵی فیراقیان ژەند کەوا گوێم پڕ لە هاوارە
لەپێش بەیداخی شادێ یار ئەوا ئەسپی دەئاخێوێ
لەسەر تیپی سوپاسالار و هەم پێشمەنگ و دونبارە

(بڕوانە : « دیوانی کوردێ . مستەفا بەگی صاحیب قڕان » ، چاپی دووەمین ، هەولێر ، ٢٥٧٣ی کوردێ ، ل ٤٦) . ئەوانەی دوای « تێگەیشتنی راستێ » باسی ئەم شیعرەی مستەفا بەگیان کردووە دەڵێن بۆ قادر ناوێکی وتووە کە دڵی پیا چووە ، گەر وابێ بۆ « ئەمیرزادەیەکی » نەوتووە وەك « تێگەیشتنی راستێ » دەڵێ (بڕوانە : « دیوانی کوردێ »، ل ٦ ـ ٧ ؛ علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٣٢٨) .

بگرێ ، پێکەنینی لە فکر دەچێتەوە ، تەماشـــای ئەم دوو بەیتـەکەن چەنـد موحزینـــن :

شەهیدی عیشقم و مەمنوون و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
لە پەردەی تاهیری گەر بێ صەدای یا عاشقی یارم (٧٧)
ئیتر حاجەت نیـیە بێنن مەلا بۆ وەعز و تەلقینم

ئەوێ ئەم دوو بەیتە بخوێنێتەوە جۆشی گریانی هەڵـدەسێ ، چونـکە سەودای مەحەبەتی لێ هەڵدەقوڵێ ... سـەیرکەن فـیراق و غـەریبی چۆن تەصویر دەکا :

وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فریادم نەما سا دەی
رەفیقان نیوە سوتون ، نامەرد عەرزی هاواری
لەژێر باری غەریبی شانی سەبرم ریشە ئیستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێم بۆ بە سەرباری (٧٨)

ئەم دوو بەیتە دەرەجەی تەئسیری لەلای ئەربـابی زەوق و مـەوەدەت ئاشـکرایە ، ئەما لە نوقتەی نەزەری ئەدەبیاتی کوردەوە قیمەتێکی گەورەی هەیە ، جارێ ئەمەتەنە سەلیس و مونسەجیمە ئەڵێی ئاوە دێتە خوارێ ... ماناکەی ئەوەندە وازیح و خۆشە دەستبەجێ زیهن ئیشغال ئەکا ... مستەفا بەگ بەعزەن دەکەوێتە وادێ وەسفەوە ، ئەما لەم نەسەقە شیعری کەمە :

---

(٧٧) ئەم نیوە بەیتەیان لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهایە :

« بە پەردەی ظاهری گەر بێ صەدای ئەو عاشقی یارەم »

(بڕوانە : «دیوانی کوردی ... » ، ل ٢٧) .

(٧٨) ئەم بەیتانە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهان :

وەها سووتاوم ئەسڵەن تابی فریادم نەما سا دەی
رەفیقان نیوە سووتەن ئێوە نامەرد عەرضە هاواری
لەژێر باری خەما وا شانی سەبرم ریشە ئیستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕی لێم بۆ بە سەرباری

(بڕوانە : « دیوانی کوردی ... » ، ل ٥٣) .

کەوا داری زەر گورتەڵ کەمەرچین جببە گوڵناری
کڵاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ موشکی تاتاری
کەمانی هاتە سەر کێشانی ئەبرۆی تۆ لەپاش چاوت
لە مەستی دەستی وا لەغزی کە کەچ هات خەتتی پەرگاری (٧٩)

ئەم دۆ بەیتە زۆر نەشئە بەخشە ، زاهیرەن وەسفی ئەمـیرزادەیەکە . ئەداکەی چەند موحتەشەمە ، موحیبەت و علوییەتی تێدا تێکەڵاو بووە . لە بەیتی ئەوەڵدا هەشت وەسفی کۆکردۆتەوە ، لەگەڵ (ئەوەش) هیچ خەلەلی بە زەوقی ئەدەبی نەداوە . شوبهە نی‌یە کە تەبیعەتێکی خـالیس و سـافی بێدەوێ . لە بەیتی دووەمدا مانایەکی (وردی) ئەدا کردووە کە هیچ زەوق ئاشنایەکی ئەدەب نی‌یە بە خوێندنی جەزبە نەیگرێ . شاعیرێکی فورس دەڵێ:

بعد چشم تو مصور چو بابرو پرداخت
شد چنان مست که بر روی تو شمشیر کشید

واقیعەن ئەم بەیتە قیمەتێکی ئەدەبی فەوقەلعادەی هەیە ... دەهشەت بە ئینسان ئەدا . (بەڵام) بەیتێکی مستەفا بەگ ، یانی کوردی یاخود هیجری، لەو نازکترە ، چونکە فەنی تەسویر کراوە .ئەم دۆ بەیتـەی زۆر خـۆش و بێبـاکانە ئەدا دەکا ...:

ئەم خوسرەو خۆبانە کەوا دیتە نەزارەت
شیرینە لەلام دڵ دەفڕێنێ بە مەهارەت
باکم نی‌یە لەو خەنجەرە کردۆتە بە بەرتـا
شمشێری بڕۆت جەرگی بڕیوم بە ئیشـارەت (٨٠)

بەیتی ئەوەڵی ئەمەندە نازکە کە لایقە خەسرەوی پەرویز بۆ شـیرینی بخوێنێتەوە و (نەکیسا) و (باربد) ـ دۆ موغەنی مەشـهوری خـەسرەو و

(٧٩) بە هەڵە لەبریتی (میسك) (مشك) چاپکراوە . دوا دۆ وشـە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهان : « ... خەطی پەرگاری » (هەمان سەرچاوە ، ل ٥٦) .

(٨٠) ئەم دۆ بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نین .

شیرێنن ـ نەغمەپەروازێ پێ بکەن • بەشێوەیەکی کوردێ تەواو پێژراوە • بەیتی دووەم شوجاعەتێکی ئەدەبێ تێدا هەیە کە لەگەڵ مەیلێکی موحیەت تێکەڵاو بووە • ئینسان کە مەصرەعی ئەوەل دەخوێنێ بلندی‌یەك ••• لە خۆیدا دەبینێ ، ئەما کە مەصرەعی دووەم دەخوێنێتەوە خۆی لەناو بەحرێکی موحیبەتدا دەبینێ کە نە ساحیلی بێت و نە پەناە • (سروش) [٨١] کە شاعیرێکی فورسە ئەڵێ :

چە حاجت خنجر فولاد اگر خواهی مرا کشتن
ازان ابروی عاشق کش بکش بکش ام ترك شمشیری ؟

ئەما ئەگەر ئەم دوو بەیتە کە مانایان تەقریبەن مساوی‌یە بێنیتە تەرازوی حەساسی ئەدەبیات هەڵبەتە بەیتەکەی (کوردێ) گرانتر دەردەچێ • بۆ شاعیرێکی کورد ئەمە کافی‌یە • ئەی ئەم دوو بەیتە سەیرکەن چەند کوردانەیە:

جانا وەرە ئەم جەژنە بە قوربانی سەرت بم
بۆ تیری قەزای چاوی حەسودان سوپەرت بم

هێن قاڵ و زەعیفم لە هەنیتەی غەمی دووریت
شایستەم ئەمێستاکە کە حەڵقەی کەمەرت بم (٨٢)

لە بەیتی ئەوەڵدا مەتانەتێکی (ئەدەبی) ، (فەساحەتێکی شیعری) هەیە، ئەما بەیتی دووەم لە شیعرە فەوقەلعادەکانە چونکە مانا هەر ئەمەندە دەقیق دەبێ • لەپاشا ئەڵێ :

---

(٨١) مەبەست شەمسولشوعەرا میرزا محەمەد عەلێ سرۆشی ئەصفەهانی‌یە کە بە یەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی ئێرانی سەدەی نۆزدە دادەنرێ ، ساڵی ١٨٦٨ عەمری خوای کردووە .

(٨٢) بەیتی دووەم لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهایە :

« وا قاڵ و زەعیفم لە هەنیتەی غەمی دووریت
شایستەیە ئێستاکە کە ئەڵقەی کەمەرت بم »

(ل ٢٢)

شادن له تەماشایی روخت (٨٣) مەحرەم و ئەغیار
مروەت نی‌یە تەنها هەر ئەمن دەربەدەرت بم

چەند پاژانەوەیەکی موجیبەتکارانەیە ، ئەوی دەیخوێنێتەوە بــەزەیی بەم شاعیرە بێچارەیەدا دێتەوە » (٨٤) .

«تێگەیشتنی راستی» لە هەمان وتاردا کە بەشێکی زۆری ژمارەکەی گرتۆتەوە ، جارێکی‌تر بەرز مستەفا بەگی ساحێبقڕان دەزخێنێ و وەك بەلگە ئەم شیعرانەی بلاو کردۆتەوە :

« دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بۆ تۆ
سەرم گێژە و تەنم بێتینە بۆ تۆ
زمستان مەیل ئەکەی پایز براکەم
بەهاری وەسڵی من هاوینە بێ تۆ
ئەوا ئەمن بوم بە شاهی جوملە عالەم
توخوا سا کاکە گیان ئەی ژینە بێ تۆ (٨٥)

پێی ناوێ ئەوی زەوقی ئاشنای زمانی کوردی بێ و بتوانێ دەقــایقی ئەدەبیاتی تێ بگا دەزانێ کە ئەم سێ بەیتە بۆ ئەمە ... شاعیرێك بگەیێنێتە ئاسمانی «سەهلی مومتەنیع» کافی‌یە چونکی لەطافەتی زمــانی کوردی بــە

---

(٨٣) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« شادن لە تەماشای نظرت مەحرەم و ئەغیار »
(ل ٢٢) .

(٨٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو یەك ، ١٨ی مارتی ١٩١٨ .

(٨٥) جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم بەیتانەی « تێگەیشتنی راستی » و ئەوانەی ناو دیوانە چاپکراوەکەی . لەمیاندا وەهان :
« دەروون زامدار و دڵ غەمگینە بێ تۆ
سەرم گێژ و تەنم بێتینە بێ تۆ
زومستان مەیلەکەت پایز براکەم
بەهاری عومر و دێن هاوینە بێ تۆ
ئەوا من بوم بە شاو سولتان و والی
توخوا سا کاکە گیانە ژینە بێ تۆ »
(ل ٣٩) .

خوێندنەوەی ئەمانە قسمێکی ئەمـەندە چـاکی دەردەکەوێ کە ئینسـاز سەرمەست و (٨٦) حەیران دەکا ، هەتا ئەتوانین بڵێین مەزیەتی زمانی کوردێ تەواو پێ دەردەکەوێ • کورد شـاعیری مـاهیریان زۆرە ، یـەکە یـەکە دەیان نوسین و ئاساریان نیشان ئەدەین ، لەگەڵ ئەمە ئیعتراف دەکەین کە ئەم شاعیرە لە هەمویان زیاتر کوردانە و مەحزونانە شیعر ئەڵێ و حەقیقەتەن لـە شاعیرە گەورەکانی (کوردە) •

لە خاتیمەی کەلامدا ئەم شیعرە کوردییە خالیسە (بخوێننەوە) چونکە زۆر موافیقی شێوەیە :

بۆم هات سەلی دەرگای و زریقایەوە دەیوت
هەی لێی بگەڕێن بیگرێ ئازاری ئەوابە (٨٧) »

لە دامێنی ئەم وتارە نوسراوە : «دوایی دێ» بە مەبەستی (ماویەتی)(٨٨) کە ئیستە بەکاردەهێنرێ •

ژمارەی داهاتوی «تێگەیشتنی راستێ» بەشی دووەمی ئەم وتـارەی بڵاوکردۆتەوە • شایانی باسە «تێگەیشتنی راستێ» لەم ژمارەیەوەی هەوڵی داوە لایەڕەکانی ئەدەبی کورد بە بارێ سیاسێ رۆژانەوە ببەستێ ، بەڵام ئەم کارەی هیچ لە بایەخ و سەنگی قورسی بەشی ئەدەبیاتی رۆژنـامەکەی کەم نەکردۆتـەوە •

لەم بەشەیدا دەربارەی مستەفا بەگی ساحێبقڕان «تێگەیشتنی راستێ» نوسیویە دەڵێ : «لە نوسخەی پێشوودا باسی (مستەفا بەگ) یانی (کوردێ)

---

(٨٦) بە هەڵە « سـرمت » چاپ کراوە .
(٨٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هات بۆم سەگی دەرگای و زریقایەوە دەیوت
هەر لێی گەڕێ با بیگەزێ ئازاری ئەوابە »
(ل ٤٤) .
(٨٨) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە بیست و یەك ، ١٨ی مارتی ١٩١٨ .

گوا : بەعزێ لە موتەخەباتی شیعریشی نوسرابو • لەگەڵ ئەمەش تورکەکان (دەستیان) هاویشتبووە شاری سلێمانێ لێیان نەدەترسا ، لەڕاقانا لە عەلەیهی تورك و قەومی کورد دەبو ، ئەما بە نەزاکەت ، تەماشای ئەم دوو بەیتە بکەن :

خەبەریکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
رۆژی ئەمرۆ کە لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نوری مەهدێ لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی رۆمە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر) » (٨٩)

ئەم چوار بەیتەی «تێگەیشتنی راستێ» زۆر لەگەڵ بەیتەکانی ناو دێوانە چاپکراوەکەی جیان • لەمیانەدا وان :

«خەبەریکم بدەنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
رۆژ کەوا ئەمرۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نوری مەهدێ لە تەرەف مەککەوە زاهیر بووە یا
غەلبەیی کوردە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر)» (٩٠)

ئەم جیاوازییە کەمێ رۆن کردنەوەی پێدەوێ • لەوانەیە لە دێوانی دەستنوسی جیای شاعیرەوە هاتبێ ، لەوانەشە بۆ مەبەستێکی سیاسێ لە «تێگەیشتنی راستێ»دا گۆڕرابێ ، چونکە یەکسەر دوای ئەم بەیتانە نوسیویە دەڵێ :

« هەمو کوردێك دەزانێ کە کورد تورك بە رۆم ناو دەبەن ، هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان بە تورك ئەڵێن (رۆمێ) • سەیری ئەم شاعیرە کەن چۆن بە کینایە (قەومی) کورد دەهێنێتە هەیەجان • تورك چونکی لە غەربی سلێمانییەوە هاتن ئیستیلای ئەوان بە رۆژی حەشر تەشبیە دەکا و مەغلوبییەت لایق بە کوردان نابینێ • بە رەمز پێیان ئەڵێ خۆ ئێوە کافر نین• تورك جارێ بە رۆژ جارێ بە نوری مەهدێ ناو دەبا ، یەعنی بۆچێ وا لاتان

(٨٩) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە بیستو یەك (دووبارە) ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ .
(٩٠) « دێوانی کوردێ » ، ل ١٦ .

گەورە بون ••• (دوایی) شوێنەوتێکی عەجایەب دەکات • وەلحاصل ئـەم دۆ بەیتە بەلاغەتێکی چاکی لێ دەدرەوشێتەوە و بۆ وەتەنپەروەری (کوردی) دەلیلێکی گەورەیــە •

(کوردی) شیعری تورکی و عەرەبی و فارسیشی هەیە ، ئەما تورکی و عەرەبی‌یەکەی قیمەتێکی ئەدەبی نی‌یە • تەرکیب‌بەندێکی فارسی هەیە سۆفی مەشرەبــانەیە [91] » •

دوای ئەوە «تێگەیشتنی راســتی» بە کورتی دێتــە ســەر بــاسی سەرگوزەشتەی ژیانی مستەفا بەگی ساحێبقڕان و هەندێ بیری نوێ و شتی نەزانراو دەخاتە بەرچاو کە تا رادەیە جیــاوازن لەگەڵ گێڕانــەوەی باسی ژیانی لەلایەن شــارەزای‌ترەوە ، تایبــەت لەگەڵ ئەوەی خوا لێخۆشبــو موکریانی [92] • «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ :

«کوردی ، مستەفا بەگ ، لە بــەگزادەکانی ســلێمانی‌یە • تــاریخی ویلادەت و وەفاتی نەنوسراوە ، ئەما وەکو ئاساری دەفامرێتەوە لە ئەسنای ئیستیلای تورك ژیاوە ، حەفتا هەشتا ساڵ لەمەوپێــش حەیــاتی شــیعری دەستی پێ‌کردووە • ئەم شاعیرە وەکو نەقڵ دەکرێ عاشــقێکی پاك بووە و مەحبوبەیەکی حەز لێ‌کردووە کە ئەمەندە جوان نەبووە • لــەپاش مودەتێ مەحەبەت تەئسیری تێ‌دەکا و وەك مەجنون دەکەوێتــە دەشــت و کێوی کوردستان و لە ئەترافی سنە و سابلاغ چەند ساڵ روت و پەرێشان دەگەڕێ و (دایم) شیعر دەخوێنێتەوە ، بەعزەن خەڵك لێیان دەبیست و دەیانوسی‌یەوە • شیعری زۆری گوم بووە •

---

(٩١) دەبێ مەبەستی ئەو شیعرەی بێ کەوا دەست پێ دەکا :
« خۆشم قوربان بە بەندیخانەوو زنجیر و سێدارەت »
(بۆتەواوی بڕوانە : « دیوانی کوردی » ، ل ١٢ ــ ١٣) .

(٩٢) « دیوانی کوردی » ، ل ٤ ــ ٩ . هەروەها بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٣٢٧ ــ ٣٤٠ .

له زمان جۆششی مەحبەت تەماشا کەن چی ئەڵێ
ئەم سەرە سەر بۆچە دایم پڕ لە عیشقی یار نەبێ
ئەم دڵە دڵ بۆچی دائیم والەوو غەمبار نەبێ
هەرکەسێ بێتو بڵێ من عاشقم باوەڕ مەکە
تا لەسەر گۆنای نیشانەی جێگە گەستەی مار نەبێ (٩٢)

ئەم دوو بەیتە پەرێشانی مەحەبەتی ئەم شاعیرە چەند ساف و راست بەیان (دەکەن) ، ئەوی بیانخوێنێتەوە ئیتر ئیحتیاج ناکا بۆ تەرجەمـــەی کوردی بـــکەرێ •

ئەم غەزەلەی لە هەمو شیعرەکانیتری زیاتر کوردانەیە :

بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاڤ دکرە
غەیری هیجران و بەلا ئەسلەن بە من نادا مزە
هەر ئەوەڵ رۆژ بوی بە تیرئەنداز شوکور پێکات دڵم
دەڵێ فیدای دەست و کەمانت کچەی چاو مامزە
هێند بە جۆش هات خوێنی مەزلومان لە موژگانی سیات
ئەسپەکەت دوێنی سپی بۆ ئەمڕۆ رەنگی قرمزە
وەزنی ضەربی پەنجەت ئەمڕۆ صەرفی رۆی جانانە کرد
ئەی موعەللیم بۆچ کرت کرد هەی لە جەرگت چی چزە

---

(٩٢) جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم بەیتانەی « تێگەیشـــتنی راســـتی » و ئەوانەی ناو دیوانە چاپکراوەکەی هەیە . نێوە بەیتی یەکەم لەمیاندا نییە. ئەوانیتری بـــەمجۆرەن :

« ئەو سەرە سەر بۆچی دائم پڕ لە عیشقی یار نەبێ
ئەو دڵە دڵ بۆچی دائم عاجز و خەمبار نەبێ
هەرکەسێ بێت و بڵێ من عاشقم باوەڕ مەکە
تا بە پەیکانی موژەی مەحبوبەکەی زامار نەبێ »

(ل ٥٢) .

سنگ بە ناری سینە جەرگم بۆی کەباب کرد ئەو ئەڵێ
(کوردی) زۆر چاکە کەبابت ئاخ چ فایدە بۆکرە (٩٤) » (٩٥) .

لە ژمارە بیستیدا «تێگەیشتنی راستی» وتارێکی گەورە و گرنگی دەربارەی ئەدەبی کورد بڵاوکردۆتەوە و تێیدا هەوڵیداوە بە بەڵگە و بەراوردەوە بەرزی ئەو ئەدەبە بخاتە بەرچاو . ئەمەیان یەکەم وتاری درێژییە دەربارەی ئەدەبی کورد ، لەوە دەکا کورتە باسە ئەدەبییەکانی پێشتوی بە دڵی خوێنەر بوبێ . دوور نییە ئەم وتارەیان مێجەر سۆن نوسیبێتی ، جۆری قسە و شێوازی دارشتنی وا دەڵێن . لەو وتارەیدا

(٩٤) دیسان جیاوازی زۆر لەنێو ئەم بەیتانەی « تێگەیشتنی راستی » و ئەوانەی ناو دیوانە چاپکراوەکەیدا هەیە . جیاوازی سەرنج راکێشەر لەنێو وشەی (کچەی) ناو « تێگەیشتنی راستی » و (کوژەی) ناو دیوانەکەدایە کە بەم جۆرەی خوارەوەیە :

« بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق دەنگەزە
غەیری هیجران و بەڵا ئەصلەن بە من نادا مەزە
هێند بەناو هات خوێنی کوژراوان لە موژگانی سیات
نەسیبەکەی جاران سپی بۆ ئیستەکە رەنگی قرمزە
هەر لەوێ رۆژ بۆیە تیرئەنداز شوکور پێکات دڵم
ئەی فیدای دەست و کەمانت بم کوژەی چاو مامزە

وەزنی ضەربی پەنجەت ئەمڕۆ صەرفی رۆی جانانە کرد
ئەی موعەللیم بۆ کزت کرد دەف لە جەرگت چی کرە

دڵ لەنێو زامی فیراقی بووە کەباب و ئەو دەڵێ
کوردی زۆر چاکە کەبابت ئاخ چ فایدە بۆکرە »

(ل ٤٨).

(٩٥) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیست و یەك (دوبارە) ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ . ئەو هەموو بایەخەی « تێگەیشتنی راستی » بە بەرهەم و ژیانی مستەفا بەگی ساحێبقڕانی داوە قسەکانی شێخ رەزا دێننەوە یاد کە وتویە : « ... ئەگەر هەمو بوێژانی پێشومان زیندو ببونایەوە هەر یەکەی رۆژی جارێکم دیدەنی دەکردن ، بەڵام کوردی رۆژی پێنج جاران » (بڕوانە : « دیوانی کوردی » ، ل ٨) .

«تێگەیشتنی راستی» نوسیویە دەڵێ :

«عولەمای ئەوروپا و حەتا تورك دەیانوت کە ئەکراد ئەدەبیاتی نییە . ئەما ئێمە لەو رۆژنامە (کوردییانەی) کە لەمەوپێش نەشر (کران) [٩٦] ئیسپاتمان کرد کورد ئەدەبیاتێکی نازك و رەنگین و شیرینیان و خصوصەن لە شیعردا دەستێکیان هەیە . ئەوی واقیفی حاڵی کوردستان بێ دەزانێ کە زمانی کوردی چەند شێوەیەکی جۆ جۆری هەیە ، ئەما وەکو عەرەبێکی بەغدا چۆن زمانی هەمو عەرەبەکانیتر دەزانێ سلێمانییەکیش (واتە یەکێکی دانیشتوی سلێمانی وەك ئەو عەرەبە ـ ك. م.) هەمو زمانی کوردەکانیتر تێدەگا . لە هەمو شێوەکاندا شیعری تەڕ و خۆش بێژراوە :

١ ـ شێوەی سنە :

وا لە سەربانی عەمارەت نیشتگە وەك بازی تۆڕ
من دەبێژم بێرە ئەگرە ، دەڵێ لاچۆ هەتیم
من نەوەی خاصان و ئەم کرمانج بێنەسڵ و نەسەو
گیانی خان باوا بە مردن بچمە رێ ئەم شۆنە تیم (٩٧)

سا نایێ نەبێ ، سا موطریب دەفێ
قەمزای پەنجەکەت لە گیانم کەفێ (٩٨)

٢ ـ شێوەی (زەنگەنە) و عەشایری ئەو (تەرەفە) :

ئەدەبیاتی ئەم شێوەیە زۆر واسیعە . گەلێ (حیکایەتی خەیالی و تاریخی) پێ نەظم کراوە . «شیرین و فەرهاد» و «بارام و گوڵ ئەندام» و «هەفت لەشکر» و «ئەرچە و شێرۆ» لەو جوملەیەن . ئەمانە زۆر عالی تەسویر کراون .

جەنابی مەولەوی (ابن هانی) ئەم شێوەیەیە . تەماشای ئەم دو بەیتەی کەن :

---

(٩٦) مەبەستییە بڵێ لە ژمارەکانی پێشوی « تێگەیشتنی راستی »دا .

(٩٧) و (٩٨) دیارە فولکلۆرن .

بالاَ خانەی چەم دیوانخانەی تۆن
یا نەمای چە گل ئەستانەکەی تۆن

تکەش عاجز کەرد خەیالت تیشـدا
جاریٚ ئەی عەزیز یا نیۆ پیٚشـدا

پۆست تەپڵ گوش نەم کیٚشا کەم کەم
ئەی سەرەو سەرن دۆربینەکەی چەم

مەولەویٚ ـ مەعدۆمیٚ

٣ ـ شیٚوەی سلیٚمانیٚ :

لەبەر ئەمە کە سلیٚمانی تا ئەم ئاخری‌یە مەرکەزی حکومەتی بابان بـو بـالطبع زمانی کوردیٚ گەلیٚ ئەلفازیٚ لە عەرەبیٚ و فارسیٚ وەرگرت [٩٩] و زمانیٚکی سیاسیٚ و ئەدەبیٚ هیٚنـایە ناو وەسەطی کوردستـانی تـابیعی ئەم شیٚوەیە • زمانی کوردیٚ شیٚوەی زۆرە ، جەنوبی کوردستان کە لوڕستانە و شیمالی کە ئەنادۆلی شەرقی‌یە شیٚوەیان جوٚیە • ئیٚمە لیٚرە مەقصودمان ئەمە نی‌یە کە زمانی کوردیٚ تەدقیق بکەین ، ئەما دەمانەویٚ نیشـانی بدەین کە ئەکراد ئەدەبیاتیٚکی رەنگینیان هەیە • نالیٚ تابیع بەشیٚوەی سلیٚمانی شیعری وتووە ، ئەم زاتە (موتەنەبیٚ) ئەکرادە ، ئاساری نازك و شیرینە ، شـیعری مەوزون و مەعنادارە ، ئەم چەند شیعرە لە موتەخەباتی ئەبیاتی ئەوە :

هەر پەرچەم و پیٚشانی‌یە فیکری شەو و رۆژم
هەر گەردەن و زولفە ئەمەلی دوور و دریٚژم (١٠٠)

★ ★ ★

---

(٩٩) نایەویٚ باسـی زمانی تورکیٚ بکا ، چونـکە بەلایەوە زمانی رۆمی‌یانە و ئەوانیش دوژمنی ئینگلیزن . ئەم خستنە پشت‌گویٚ‌یەی زمانی تورکیٚ لیٚرەدا زیاتر لە کاری سۆن دەکا کە ، وەك وتمان ، لەوانەیە ئەم وتارە ئـەو نوسیبیٚتی .

(١٠٠) جیاوازیٚ لەگەڵ دیٚوانەکەی نی‌یە (بڕوانە « دیٚوانی نالیٚ » ، ل ٢٧٧).

بۆ ماچی دەمت ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆت
جۆیایی بەقا خۆی لە دەم تێغی فەنادا (١٠١)

★ ★ ★

دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد لاوە (١٠٢) شکاوە
جەبری نی‌یە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

★ ★ ★

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوت و شەو ڕابورد و نەرگس هەر لە خەودایە (١٠٣)

★ ★ ★

گۆشەگیرم لە برۆت و موتەوەححیش لە موژەت
ڕۆح شیرینە لە تیر و لە قولابی نادەم (١٠٤)

★ ★ ★

پێم ئەڵێن خێل و هەردۆ چاوی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازۆی نازی نەختی سەر دەکا(١٠٥) » (١٠٦)

دوای نالی «تێکەیشتنی ڕاستی» لە بەشی «ئەدەبیاتی کورد»ا باسی

---

(١٠١) لە دیوانەکەیدا :

« بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تیغی فەنا دا »

(ل ٨٦) .

(١٠٢) لە دیوانەکەیدا : « ... لە صەد جێگە » (ل ٣٨٥) .

(١٠٣) جیاوازی لەگەڵ دیوانەکەی نی‌یە (بڕوانە ل ٥٥٩) .

(١٠٤) لە دیوانەکەیدا :

« گۆشەگیرم لە برۆت و ، موتەوەححیش لە موژەت
ڕۆحی شیرینم ئەبەر شیر و قولابی نادەم »

(ل ٣٠٧) .

(١٠٥) لە دیوانەکەیدا :

« پێم دەڵێن : مەحبوبە خێل و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازۆی نازی نەختی سەر دەکا ؟ »

(ل ١٠٨) .

(١٠٦) « تێکەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە بیست ، ١١ی مارتی ١٩١٨ . دۆ جار و لە دۆ ژمارەی یەك لەدوای یەکدا ئەم وتارە وەك خۆی چاپکراوە .

حەریقی کردووە و دەڵێ : « حــەریق شــاعیرێکی نوکتەســەنجی کوردە . شیعری تەڕ و خۆشە ، ئەم غەزەلە هێنی ئەوە :

هەمو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دۆتانم (١٠٧)
لە خانەی کۆلەدا کولم لە دەوری شای ڕوخت ماتم (١٠٨)
ئەگەرچی ساکینی مولکی عەجەم بۆم دوور لە ڕۆم کەوتم
لە سایەی پەرچەمی تۆوە رەئیسی مولکی شاماتم
موتالای حاشیەی زولفت لەسەر سەفحەی خەتت سەعبە
بەوەم چا بۆ بە منداڵی لە دەرسی عیشق راهاتم (١٠٩)
نەوای نالەی حەزینم راستە وەك قافلەی حیجازی دێ
وەرە سەر نالەیی پڕ تەرزشی شۆڕی مەقاماتم (١١٠)
دڵم هەروەك رەعیەیەت خۆشنشینی مولکی ئەعزاتە
لە هەرجێ دادەنیشی لێی‌گەڕێ قوربانی باڵاتم
مورێدی خانەقا بوم موددەتێ ئەمما بحمد الله
ئەمیستاکە لەبەر چاوت شەراب خۆری خەراباتم (١١١)

---

(١٠٧) لە زۆر شوێن جیاوازێ لەنێو ئەم بەیتانەی « تێکەیشتنی راستی » و ئەوانەی ناو هەردوو چاپی دیوانەکەی حەریقدا هەیە (بڕوانە : «دیوانی حــەریق » ، لــە بڵاوکراوەکانی مەحموود خاکی ، کەرکوك ، ١٩٦٩ ؛ ل ٢٩ ــ ٣٠) .

(١٠٨) لــە دیوانەکەیدا :

« لە خانەی کۆکدا گولم بە فەرزی شای و رخت ماتم »

(ل ٢٩) .

(١٠٩) لــە دیوانەکەیدا :

« موتالای حاشیەی زولفی سەری سەفحەی روخی سەعبە
لەبۆم چا بۆ بە منداڵی لە دەرسی عەشقا راهاتم »

(ل ٢٩) .

(١١٠) لــە دیوانەکەیدا :

« وەرە سەر سەیری بەزم و سۆزش و شۆری مەقاماتم »

(ل ٢٩) .

(١١١) لــە دیوانەکەیدا :

« بە یادی مەدرەسەی عیشقت گەلێ عیلم کەسب کردن
ئەمێستاکە لەبەر چاوت شەراب خۆری خەراباتم »

(ل ٣٠) .

کوا پارچەی غەزەل دەبڕێ (حەریق) ئەمڕۆ لە دیوانت
ئەڵێی هەر چاوەڕێی دەستەی خەیاتەی زولفی دۆ تاتم(١١٢)»(١١٣)

دوای نالی و حەریق و کوردیێ « تێگەیشتنی راستی » لە گۆشـــەی « ئەدەبیاتی کورد » دێتە سەر باسی شاعیرێکی ناوداری ترمان کە ئەویش (سالم) ە و هەمو ئەو بەشەی ژمارە بیستو دوّی بۆ باسی ژیان و نمونەی بەرهەمی تەرخان کردووە • دەربارەی سالم « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ :

« عەبدوڕڕەحمان بەگ سالم ••• شاعیرێکی نوکتەپەروەری کوردە ، نەقەبی (سالم)ە موعاسیری نالی بو • ئەم زاتە هەرچـەند کە خزمی مستەفـا بەگە ئەما وەك ئەو شاعیرێکی عاشـق نیە ، رەند مەشرەبە ، لا ئوبالیە ، شیرەکانی زەریفانەیە ، مەیلی هەجوی زۆرە ••• زۆر میللەت پەروەر بو ، لە عەلەیهی تورکان دەدوا ، حـەتا لە جەوابی قەسـیدەیەکی نالی ، ئـەوی لە مەککەوە بۆ سلێمانی ناردبو ، سالم ئەڵێ :

رومی ئەمندە شومە لە شەخسیش ئەدا زەرەر

سالم شیعری (حافظی) تەلمیع دەکرد ، یانی نیوەی ئەوەلی بە کوردی دەوت و لەگەڵ نیوە فارسیەکەی تر رێکی دەخست • تەماشای بەیتی ئاتی بکەن :

نەصیحەت بگرە گوێ جانا لەلایان زۆر بە تەعظیمە
جوانان سعادتمند پند پیر دانارا (١١٤)

---

(١١٢) لـە دیوانەکەیدا :
« کەوای پارچە غەزەل دەبڕێ (حەریق) ئەمڕۆ لە دیوانت
ئەڵێ هەر چاوەڕێی دەستە خەیاتەی زولفی تاتاتم »
(ل ٣٠) .

(١١٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە نۆزدە ، ٥ی مارتی ١٩١٨ .

(١١٤) وەك بەیتی ناو دیوانە چاپکراوەکەیەتی (بڕوانە : کوردیێ مەریوانی ، دیوانی سالم ، بەغدا ، ١٩٣٢ ، ل ٤) .

دڵا هەرچی بڵێ ناصیح لە چاك و خراپ بەجێی بێنە
کە سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها (١١٥)

سالم لەگەڵ (میرزا محەمەد سەراج) کە ئەویش لە شـــوعەرای کوردە موشاعەرەیەکی رەندانەی هەیە ، سالم بەو ئەڵێ :

میرزا محەمەد لێم لاوە ، دەستی من و دامانت (١١٦)
جوستەن بکەم ئەشکێنم وەك نەی هەمو ئێسقانت (١١٧)
من بازم و تۆ قازی مەفڕێنە بە دەورمدا
با حەملە نەکەم گێر کەم چنگێ لــە چیکلدانت (١١٨)
بۆ من قەڵەمە نیزە ، بۆ تۆ سوپەرە دەســـتگا
بۆ تەجرەبە با لێدەم یەك حەربە لە قەڵغانت (١١٩)

میرزا محەمەدیش جوابێکی رەندانەی ئەداتەوە ، ئـــەما مەعەلئەسەف هەر بەیتێکی لە خاترمانا ماوە (کە) ئەڵێ :

---

(١١٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« دلا هەرچی بڵێ ناصیح لە نیك و بەد بەجێی بێنە
کە سالك بیخبر نبود ز راه و رسم منزلها »
(ل ١٢) .

(١١٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا ئەم نیوە بەیتانە لە شوێنی تردا یەك تەواو دەکەن . لەودا بەمجۆرەیە :
« میرزا وەرە لێم لادە دەستی من و دامانت »
(ل ٢٢) .

(١١٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« جستن کەم و بشکێنم وەك نەی هەمو ئێسقانت »
(ل ٢٢) .

(١١٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« تۆ قازو ئەمن شـــاهێن مەفڕێنە بە دەورمدا
نەك حەملە بەر گێر کەم چنگێ لە چیقلدانت »
(ل ٢٢) .

(١١٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بۆ من قەڵەمە نیزە و بۆ تۆ سوپەرە دەزگا
بۆ تەجرەبە با لێدەم یەك ضەربە لە قەڵغانت »
(ل ٢٢) .

شیعرم هەمو رەنگینە وەك نەقشی تکلتوی زین
تیژێ درەوشی منت نەدیوە (١٢٠) بە ئیمانت

سالم وەکو وتمان شیعرەکانی هەمو رەندانەیە ، جۆشێکی عیشقی تێدا نی‌یە ، ئەما چونکی طەبایعی موختەلیفە لەلای بەعزێ کەس شیعرەکانی سالم معوقمێکی هەیە ، ئەشعاری (وەسفی) زۆر خۆشە • ئەم غەزەلـە (١٢١) لـە چاکترین ئەبیاتی ئەوە :

لە نوری لامیعی تەشتێکی راگرت و وتی رۆمە
بە دۆشا ئەژدەهای پڕنێشی راکیشا وتی مۆمە
وتم تەنها منم پابەندی عیشقی تۆ وتی شێتی
هەزارانێکی وەك تۆ بەستەی زنجیری گیسۆمە
وتم تەنها منم کوژراوی عیشقی تۆ وتی لاچۆ
هەزارانێکی وەك تۆ کوشتەیی شمشێری ئەبرومە
وتم تاکەی لە خوانی وەسلی تۆ نەومید و بێبەش بم
وتی مردوت مرێ عاشق بەدایم زار و مەحرومە
وتم (سالم) دزێ دەستی بلندکرد ئاینەی راگرت
وتی ئێشکچی ئەم بلغە دایم خالی هیندومە

حەقیقەتەن ئەوی تەماشای ئەم غەزەلە بە دیققەت بکا دەبینێ کە سەراپا زمرافەتی لێ دەبارێ • دەرەجەی رەندێ سالمی بەئاسانی لێ دەفامرێتەوە •

سالم لە هەجودا مەهارەتێکی تەواوی هەیە ، ئەمـا چونـکە موافیقی مەسلەکی رۆژنامەکەمان نی‌یـە لە دەرجی سـەرفی نەزەرمان کرد (١٢٢) • ئەوی دەیەوێ بیخوێنێتەوە دەتوانێ دەست خۆی بخا چونکی دیوانی ئـەم شاعیرە لە کوردستاندا زۆرە » (١٢٣) •

«تێگەیشتنی راستێ» لە هەمو شاعیرە ناودارەکانی کورد زیاتر بایەخی

---

(١٢٠) بە هەلە « من نت دیوە » چاپکراوە .
(١٢١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نی‌یـە .
(١٢٢) بەداخەوە « لە دەرجی سـەرفی نەزەریان کرد » ، ئەگینا لەوانـەبو زانیاریمان دەربارەی سالم دەولەمەندتر کا .
(١٢٣) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە بیستو دۆ ، ای نیسانی ١٩١٨ .

بە بەرهەمی هونەریی حاجیی قادری کۆیی داوە ، چەند گۆشەیەکی «ئەدەبیاتی کورد»ی ژمارەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە ، جگە لەوە زۆر جار « تێگەیشتنی راستیی» وتارە سیاسیی و مێژوویەکانی خۆی بە شیعری ماناداری حاجیی رازاندۆتەوە ، بەمجۆرە گەر باسی سالی وەفاتەکەی لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بخەینە لاوە «تێگەیشتنی راستیی» دەبێتە یەکەم چاپەمەنیی کوردیی کە حاجی قادری بە خوێنەری کورد ناساندووە و دروست بەرهەمەکانی هەلسەنگاندووە ، لە گۆشەی « ئەدەبیاتی کورد »ی ژمارە بیستو سێیدا « تێگەیشتنی راستیی » دەربارەی حاجیی نوسیویە دەلێ :

« حاجیی قادر لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە ، خەلکی کۆیەیە . شیعرەکانی تەڕ و خۆشە ، رەندانەیە ، زۆرترینی شیعری ئیجتیماعیە ، لە رۆژنامەکانی ئایندەدا [١٢٤] لە ئاساری ئەوی بەفیکرماناش بێ [١٢٥] دەرجی دەکەین ... لێرەدا غەزەلێکی (؟) [١٢٦] موهیمی تاریخی و ئیجتیماعیی (ئەو ــ ئە م.) دەنوسین ، ئەلێ :

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانێ
موعەییەن دایکی ... بابی ... (١٢٧)

---

(١٢٤) دیارە مەبەستیەتی بلێ : « لە ژمارە داهاتووەکانی تێگەیشتنی راستیدا ... » .

(١٢٥) ئەمەی کە دەلێ « ئەوی بە فکرمانا بێ دەرجی دەکەین » بەلگەیەکی ترە کە ئەو کەسەی « تێگەیشتنی راستیی » و گۆشەی ئەدەبیاتەکەی دەردەکرد تەواو شارەزای کورد و شاعیرانی کوردستان بو ، بەرادەیە وا بێدەچێ بەرهەمی ئەو شاعیرانەی لەبەربوبێ .

(١٢٦) ئەو پرسەکە لەلایەن ئێمەوە دانراوە .

(١٢٧) تەواوی ئەم نیوە بەیتە وایە : « موعەیەن دایکی حیزە و بابی زانێ » . لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « موحەققەق ... » (بڕوانە : « دیوانی حاجیی قادری کۆیی » ، گرد و کۆ و بەخشکار گیوی موکریانی ، چاپی سێیەمین ، هەولێر ، ١٩٦٩ ، ل ٧١) .

صەلاحەددین و نورەددینی کوردی
عەزیزانی جەزیر و مۆش و وانی (١٢٨)
موەططەل و ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوباد و باز و مێری ئەمردەلانی (١٢٩)
ئەمانە پاکیان کوردن نیهایەت
لەبەر بێدەفتەری و نوسینەفانی (١٣٠)
کتێب و دەفتەر و تاریخ و کلەمز
بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی (١٣١)
مەلاو شێخ و مێر و پادیشامان
هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی (١٣٢) » (١٣٣)

لە ژمارەی داهاتوویدا و لە هەمان گۆشەیدا «تێگەیشتنی راستی» جارێکیتر هاتۆتەوە سەر باسی حاجی قادری کۆیی و دەڵێ :

---

(١٢٨) ئەم بەیتەی پەڕاندووە :
وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی

(١٢٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« موەططەل ئەردەشێری دیسمی شێر
قوباد و باز و مێری ئەمردەلانی »
(ل ٧١) .

(١٣٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« لەبەر بێدەفتەری ون بون و فانی »
(ل ٧١) .

(١٣١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بە کوردی گەر بنوسرایە زمانی »
(ل ٧١) .

(١٣٢) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« مەلا و زاناوو مێر و پادیشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی »
(ل ٧١) .

(١٣٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو سێ ، ٨ی نیسانی ١٩١٨ . ئەو شیعرەی حاجی زۆر لەوە زیاترە ، بەلام « تێگەیشتنی راستی » زۆر جار تەنها چەند نمونەیەکی هەڵدەبژارد و بلاوی دەکردەوە .

« حاجی قادر وتمان شاعیرێکی بێ‌نەظیری کوردە ، شـیعرەکانی زۆر موتەجەدیدانەیە خۆی (غایەت) میللەت پەروەرە . وەك شاعیرەکانیتر بـە زولف و (خاڵەوە) خۆی خەریك نەکردووە ، هەر لەگەڵ ئیجتیماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری رابواردووە . تەماشای ئەم مەنزومەیە بکەن چەنـد تەنقیدکارانە و ئیجتیمـاعیانەیە :

تا یـەك نەکەون قەبیلی ئەکراد (١٣٤)
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لە گەورەو بچـوك (١٣٥)
خەملیوە مەمالیکی وەکو بـوك
یەك بەرگن و یەك زبان (١٣٦) و یەك رەنگ
بێ‌غەیبەت و عەیب و عار و بێ‌دەنگ
هەر کوردان ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانـە قەتلی (١٣٧) کردن (١٣٨)
هەر مانەوە بێ‌نەواو مـەزلوم
وەك بومی خەرابە زاری مەشئوم
گەر باعیسی ئەمە دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەمو تەمامە
ئـەو شـەرتە بە کوللی ئیتیفاقە
گەر مەرعەش و وانـە گەر عـیراقە

---

(١٣٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« تا ریك نەکەون قەبیلی ئـەکراد »
(ل ٩٦) .

(١٣٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئەنواعی میلەل بـە گەورەوو چۆك »
(ل ٩٦) .

(١٣٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « زمان » (ل ٩٦) .

(١٣٧) بـە هەڵە « متل » چاپکراوە .

(١٣٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانـە مەحوی کردن »
(ل ٩٦) .

صەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خاڵق
بۆ لەزەتی عەیشی زیندەگانی (١٣٩)
لەولاوە ئەوان بە حیلەبازی (١٤٠)
لەملاوە ئەمان بە تەقلەبازی

قوربان بە هەمو ولاتەوەدا
تا مولك و رەعیەت پاکی فەوتا

یەکیان ئەمی تۆ دەیکەی نەیانکرد
غەمیان نەبو کورد ئەگەر هەمو مرد » (١٤١)

هەر یەکسەر دوای ئەم بەیتانە «تێگەیشتنی راستی» ئەم چەند بەیتەی تری حاجی قادری کۆیی لە گۆشەی ئەدەبیاتی هەمان ژمارەیدا بڵاوکردۆتەوە :

« حاجی سا بەسی‌یە صەد هەزار دەفعە (١٤٢)
پێم گوتی ئەم قسانە بێ‌نەفعە

رۆژی ئەوەڵ لە بەندەوو ئازاد
خزمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد (١٤٣)

باوکە هەر چۆنی ئەڵێی ئەتۆ وایە
فەن دەکەم ئەم قسانە خۆڕایە (١٤٤)

---

(١٣٩) تا ئێرە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی نی‌یە شایانی باس بێ .

(١٤٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ... بە حیلەسازی » (ل٩٦) .

(١٤١) لەم شیعرەی حاجی «تێگەیشتنی راستی» تەنها ئەم بەیتەی پەڕاندووە :

دونیا بە تڕان دەخۆن و دەیدەن
هەرچۆنی مەرامیانە دەیکەن

(١٤٢) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« بەسە (حاجی) دۆ سەد هەزار دەفعە »

(ل ٩٣) .

(١٤٣) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نی‌یە .

(١٤٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« باوکە هەرچۆنی تۆ دەڵێی وایە
تێدەگەم ئەم قسانە خۆڕایە »

(ل ٩٣) .

قوڕی کام جێ بکەم بەسەر خۆما
ئەمە لێم بۆتە عادەت و سەودا (١٤٥)
بە قسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەم بە لۆمە تا دەمرم (١٤٦) »

ئینجا «تێگەیشتنی راستی» بەمجۆرە شیعرەکانی حاجی قادر و مەبەستەکانی دەنرخێنێ کە بۆ سەردەمی خۆی بۆچوێکی ورد و شایانە : «ئەگەر کوردێکی عاقڵ بە دیققەت تەماشای ئەم دۆ مەنزومەی حاجی قادر بکا هیچ وەختێك لە یاریدەدانی قەومی پاش ناکەوێ . ئەگەر کوردان هیمەتیان بکردایە تا ئەمڕۆ هەم نوسینێکی چاك هەم خەتێکی چاکیان دەبوو (تاریخ) و ئەحوالی مەشاهیریان بە زمانی کوردیێ دەنوسرا . ئەمەمان هەیە کە جوانانی ئازاد و قەوم پەروەری کورد لە موستەقبەلێکی نزیکدا بۆ بلندیێ قەومی خۆیان سەعی بکەن ، چونکی قەومێك کە تاریخ و ئەدەبیاتی تەدوین نەکرابێ قینەتێکی ئیجتیماعی و سیاسیێ نابێ . ئەم مەسەلانەش هەر ئەحراری قەوم دەتوانن سەعیێ بۆ بکەن . ئەوی دەماغی بە جەزری مەنفەعەت و بە خزمەتکاریێ ئەم و ئەو راهاتبێ و حەیاتی خۆی لە زۆر حەیاتی قەومی خۆی راگرتبێ ئەم نەوعە ئیشە (گەورە و) عالیێ جەنابانەی لەدەس نایە . حاجیێ قادر کورد بۆ ئیتیفاق دەعوەت دەکا . لە هەمو شتێکدا تەئسیساتی ئیجتیماعیێ لازمە ئەویش تاریخ و ئەدەبیاتە ، سیاسەت لەپاش ئەمانە دەست پێدەکا » (١٤٧) .

دیسان «تێگەیشتنی راستی» بێ دواخستن لە ژمارەی داهاتویدا دێتەوە سەر باسی حاجیێ قادری کۆیێ و ئەمجاریان دەرحەق بەو نوسیویە دەڵێ :

---

(١٤٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئەمە لێم بۆتە عیللەتی سەودا »
(ل ٩٣) .

(١٤٦) بە هەڵە (مردم) چاپکراوە .

(١٤٧) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو چوار ، ١٥ی نیسانی ١٩١٨ .

« لەمەو پێش چەند مەزرۆمەیەکی حاجی قادری (کۆیی) کە لە ئەفازیلی موتەئەخیرینی شوعەرای کوردە نەشر کرا . لـەلامان موحەققەقە کە ئـەم شیـعـانە ... جوانانی ئەدەب شوقاسی کوردی هێناوەتە شەوق ، چونکە ئەم شـاعیرە جەلایەکی‌تری بە ئەدەبیـاتی کورد داوە . شـیعرەکانی (لەگەڵ) شیعری قودەما فەرقی زۆرە ، هەر بەیتێکی عالەمێکی [148] ئیجتیمـاعات و ئیـسلاحە . ئەمڕۆ مەزرۆمەیەکی زۆر عالی نەشر دەکەین و ئەمەلمـان هەیە کە زەوقی ئاشنایانی ئەدەب بە دیقەتێکی تەواو (بیخوێننەوە) :

سـلام الله منی کل یوم (149)
لە ئەصحابانی صاحیب غیرەت و دین
لـە بێعارێ هەموویان کەوتە یادم (150)
رەمزی ئیتیفاق و ئیتیحادم (151)
لەبەر دوورێ لە ئەقران و لـە ئەمثال
لە کوردانم ئەپرسی ضـەربولئەمثال
لەبۆ ئەم پەلە دۆ ئەشعاری رەش و روت
هەتا پەیغابێ رۆحم (152) گەییە سەر لـوت
دەفەرمۆی ئەم عەزابە (153) بۆچ دەکێشی
چ مەلزۆمە ئەگەر چاوت نەیێشێ
قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت (154)
خەموم نایە لـە داخی مولک و میللەت

---

(148) لە رۆژنامەکەدا « عمانیکی » چاپکراوە .

(149) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« سلام الله علیکوم کل یوم »

(ل ١١٣) .

(150) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ... کەوتنە یادم » (ل ١١٣) .

(151) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« بە رەمزی ئیتیفاق و ئیتیحادم »

(ل ١١٣) .

(152) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « گیانم » (ل ١١٣) .

(153) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « عەزابەی » (ل ١١٣) .

(154) بـە هەڵە (غیرت) چاپکراوە .

ئەگەر وەك من خەبەردار بێ لە دەوڵەت
لە حەیفان خۆت دەخنکێنی بە بێ‌یەت (١٥٥)
چوار ملیۆنە کوردستان نفوسێ
بە قسەی ئەهلی تەخمین کە نوسێ (١٥٦)
هەمویان شێری بێشەن حاتەمی جوّد
لە شــەڕدا کێوی جودی و بەحری مەحدوّد (١٥٧)
وەلاکین فاتیەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یــەکتر بــە مەرجن
لە گوێی گا نوستون هەرچەندە شێرن
وەکو کەروێشکی چاو ئاژا و کوێرن (١٥٨)
ئەوێ ئەعلایە دەســـتەی هەر شکارە (١٥٩)
ئەوی ئەدنــایە بەستەی زولفی یــارە
ئەوی ئاژایە شەهنامە دەخوێنێ
ئەوی (١٦٠) مسکینە گەنم و جۆ(١٦١) دەچێنێ

---

(١٥٥) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا بە کۆ « جمع » هاتووە :
« ئەگەر وەك من خەبەردار بن لە دەوڵەت
لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بە بێ پــەت »
(ل ١١٣) .

(١٥٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« دوازدە ملیۆنە کورد نفوســێ
بە قسەی ئەهلی تەخمینێ کە نوسێ »
(ل ١١٣) .
دیارە ئەوەی «تێکەیشتنی راستێ» بۆ سەردەمی حاجێ قادر راستترە .

(١٥٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« لە شەڕدا کێوی (جوّد) و بەحری مەحدوّد »
(ل ١١٣) .

(١٥٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« وەکو کەروێشکی چاو راماو کوێرن »
(ل ١١٤) .

(١٥٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئەوێ ئەعلایە سەردەستەی شکارە »
(ل ١١٤) .

(١٦٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ئەمەی » (ل ١١٤) .
(١٦١) بــە هەڵە (خود) چاپکراوە .

ئەمانە بێشـعور و گێژ و وێژن
موطیعی لوتیخۆر و (١٦٢) هەرزەبێژن

سەیرکەن ئەم شاعیرە عالی جەنابە چل پەنجا ساڵ لەمەوپێش (چۆن ـ ٤٠ م٠) بە حیسیاتی ئیجتیماعیەوە موتەحەسیس بووەو لە عالەمی شیعردا بەسەر هەمو شاعیرەکانی (تردا ـ ئەوانی (تردا) فائیق بووە چونکە لە حەیاتی خۆیدا ئینقیلابێکی گەورەی ٠٠٠ کردووە ٠ ئەوی تەماشای ئەم مەنزومەیە بکا بێئیختیار مەغلوبی حیسیاتی قەومی و وەتەنی دەبێ » ٠

لێرەدا «تێگەیشتنی راستی» بیرێکی سەرنجڕاکێش دەخاتە بەر چاو کە دەڵێ : «ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەرتنکیان لەگەڵ تورك و عەرەب و فورسەکان ، بەڵکو لەپێش ئەوان سەلیکی تەرزی تازەی شیعر بون و شیعریان تێکەڵاوی ئەحوالی (ئیجتیماعی) کردووە چونکە (شاعیرانی) پێشوی کورد وەکو شاعیری کۆنی ئەقوامی سائیرە بەحسیان لە مەی و مەحبوب و زولف و خاڵ دەکرد ، ئەما حاجی قادری (کۆیی) ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتیماعیات کرد و لەم مەسەلەکەدا بە موئەسیس حساب کرا ٠ هیچ شوبهە نییە کە جوانانی موستەقبەلی کورد حاجی قادر موقابیلی کەمال بەگی (١٦٣) تورك و ئەمسالی ئەگرن و بە موهەیجی حیسیاتی وەتەنی و قەومی دەزانن ٠٠٠» (١٦٤) ٠

دوای حەوت ژمارە «تێگەیشتنی راستی» جارێکیتر دێتەوە سەر باسی بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی ٠ بە قسەکانی ئەمجارەیدا وا دەردەکەوێ خوێنەرانی رۆژنامەکە بایەخیان بەو باسانە دابێ کە لەسەر حاجی

---

(١٦٢) مفتەخۆر ٠
(١٦٣) دەبێ مەبەستی نامیق کەمال (١٨٤٠ ـ ١٨٨٨) بێ کە نوسەر و نیشتمانپەروەرێکی ناودار و دۆربین و نوێخوازی تورك بوو کاری کردۆتە سەر زۆر کەس لە نوسەرانی رۆژهەڵات ٠
(١٦٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ ٠

بلاوی دەکردنەوە • لە ژمارە سێو دوێدا «تێگەیشتنی راستی» نوسیوە دەلێ :

« لە چەند نوسخەی لەمەوپێش ئەم قەسیدە غەزایەی حاجی قادری کۆییمان دەرج کردبو••• بۆ (باقی‌یەکەی) ئەربابی فیکری ئەدەبی ئینتیزارە دەکرد ، لەبەر ئەمە ئەمجارە ستونی جەریدەکەمانی پێ تەزیین کرد • ئەوی تەماشای ئەم قەسیدەیە(١٦٥) بکا حەقیقەتەن حەیرانی زەکای ئەو داهی‌یەی کوردە دەبێ • هیچ شوبهە نی‌یە کە حاجی قادر یەکە عالمی ئیجتیماعی کوردە

کەسێکی‌وا نەبو هەستێتە سەر پێ
بزانێ چۆن هەموکەس کەوتە سەر رێ (١٦٦)
بکا سەیری جەریدە و حالی میللەت
کتێبی تازەو تاریخی دەولەت
بزانێ چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف
ئەگەر کارێك نەکەن لەمبەینەدا زۆ
مەمالیك (١٦٧) کاتێکی زانیت لەدەس‌چۆ
کەمێ صەحراو دەریا دێتە جولان
بە غەیری پێکەوە (١٦٨) فەوجی سواران
« بتر خانی » (١٦٩) بەسەر ناچێ لەماوپاش
لە هەرلاوە دەتان هاژن وەکو ئاش

---

(١٦٥) دوابەشی ئەو شیعرەیە کە نیوەی یەکەمی لە گۆشەی ئەدەبیاتی ژمارە بیستو پێنجدا بلاوکراوەتەوە .

(١٦٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« کوڕێکی وا نی‌یە هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەلکی چۆن کەوتونە سەر پێ »

(ل ١١٤) .

(١٦٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ولاتت ... » (ل ١١٤) .

(١٦٨) بە هەلە (پێکەرە) چاپکراوە .

(١٦٩) واچاپکراوە . لە دیوانەکەیدا :

« بەدرخانی و لەسەرچی لەمەوپاش »

(ل ١١٥) . بەلام ئەمیشیان لەگەل نیوە بەیتی دووەمدا ناگونجێ .

لەژێر پێیدا دەچن حەیف و مەخابن (١٧٠)
گەدا بن ، دوژمنتان شا بن (١٧١)

لە هەر وەقتێ یەکێکی بێتە هاوار
لە جوتیار و شوان و ئەهلی بازاڕ (١٧٢)

وەکو بیستومە بۆ دەفعی مەصـایب
ئەمە تەدبیری کورت و فیکری صائیب (١٧٣)

لە دەشت و دێ و ویلایەت بینە ئەحباب (١٧٤)
وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب

---

(١٧٠) بەهەڵە « تغابن » چاپکراوە .

(١٧١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« لە ژێرپێدا دەچن حەیف و موخابین
گەدا بن ئێوە دوژمنتان بە شـا بن »

(ل ١١٥) .

دوابەدوای ئەمە لە شـیعرەکەی حاجی قادردا دوو بەیتی‌تر هـەیە کە « تێکەیشتنی راستێ » بلاوی نەکردۆتەوە ، دەبێ لـەبەر ئەوە بێ کە لەویدا ناوی (رۆمێ) خراوەتە تەنیشت ناوی رووس و تایبەت ئینگلیز . بەیتەکان لە دیوانە چاپکراوەکەیدا بەمجۆرەن :

« بە غەیری رۆمێ و ئینگلیز و رووسێ
بێ‌حەددە دەولەتان ناویان بنوسێ
لەجێی خۆیان هەڵستاون بە غیرەت
لە دونیا ناوی خۆیان ناوە دەولەت »

(ل ١١٥) .

(١٧٢) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەی حاجیدا نی‌یە .

(١٧٣) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« وەکو بیستومە بۆ دەفعی مصائیب
ئەمەی تەگبیر کرد ئەو فیکر صاحب »

(ل ١١٥) .

(١٧٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« هەمو گەورەی ویلایەت بینە ئەحباب »

(ل ١١٦) .

له بۆتان بابیان سەرحەدی ڕێ (١٧٥)
له ئەولاتر وەها تۆش بیتە سەر ڕێ (١٧٦)
تۆ بیتە یەك له تەعلیم و لــه نوسین
جل و بەرگ و زوبان و خەت و ئایین (١٧٧) ، (١٧٨) »

له دواگۆشەی «ئەدەبیاتی کورد» «تێگەیشتنی ڕاستێ» دیسان دوور و درێژ دێتەوە سەر باسی حاجێ قادری کۆیێ و ئەمجاریان دەڵێ :

«... چەند نوسخەیەکی ڕۆژنامەکەمان بە ئاساری نەفیسەی حــاجێ قادری کۆیێ (ڕازاندەوە) . هیــچ شوبهــه نییە که منــەوەرینی کورد نه ئەبیاتی ... گەلێ مەسرور دەبن ، لەبەرئەمە له هەرکوێ چاومان بە بەیتێکی ئەو بکەوێ بە کەمالی ئیفتیخار دەرج و عەرزی ئەزاری کوردی دەکەین . تەماشای ئەم چەند بەیتە مەعنادارە کەن :

هەر کوردە له بەینی کوللی میللەت
بێبەهرە له خوێندن و کیتابەت (١٧٩)
بێگانە بە تەرجومەی زوبانی (١٨٠)
ئەســراری کتیبی خەلکی زانی

---

(١٧٥) وەها چاپ کراوە .
(١٧٦) له دیوانە چاپکراوەکەیدا ئەم بەیتە وای لێ کراوە :
« لەمەولا گشتیان با بێنە ســەر وەی
له بۆتان و بەیات تا ســەرحەدی ڕەی »
(ل ١١٦) .
(١٧٧) له دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هەموویان بینە یەك تەعلیم و نوسین
وە یەك بەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین »
(ل ١١٦) .
(١٧٨) « تێگەیشتنی ڕاستێ » ، ژمارە سێو دوو ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .
(١٧٩) بە هەڵە (کتاب) چاپ کراوە .
(١٨٠) له دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بێگانە له تەرجومەی زمانی »
(ل ١٣٥) .

یەکسەر عولەما درشت و وردی
ناخوێننەوە دۆ حەرفی کوردی (١٨١)
صاحیبی کتیب (١٨٢) و پەیامە هەرکەس
ئێمە نەبێ بۆینە قەومی چەرکەس (١٨٣)
کاکە ئێمە مونمینین نە رۆسین
بۆچ کفرە زبانمان بنوسین (١٨٤)

... ئەم شاعیرە ئیجتیماعییە هەرچییە موتەعەلیق بە قەومییەت و وەتەنییەت بێ نەزمەن بەیانی کردووە . حەقیقەتەن کوردەکان تا ئیمڕۆ نوسینێکیان بۆ خۆیان نەهێنایە ناوەوە و موحتاجی خەڵق بون ، حەتا کیتابەتی زمانی خۆیان تەرك کردووە ، بە لوغەت و خەتی فارسی مەرام پێك (دێنن).. ئەمە بۆ قەومێك زۆر عەیبە . ئەمڕۆ موافیقی لیسانی کوردی نەختێ حروف و تەلەفوز ئیسلاح بکرێ ئیملا و ئینشایەکی کوردی زۆر چاك پەیدا دەبێ کە (الی الابد) سەرمایەی فەخری کوردان دەبێ ... قەومێك دەبێ دائیمەن بۆ مانەوەی عادەت و قیافەت و زمان سەعی بکا تا رێ و شوێنی ون نەبێ (١٨٥) » (١٨٦) .

---

(١٨١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« نەیخوێندووە هیچ دۆ حەرفی کوردی »
(ل ١٣٥) .

(١٨٢) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا « کوتوب » نوسراوە
(ل ١٣٥) .

(١٨٣) بە هەڵە (حرکس) چاپکراوە .

(١٨٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« خۆ مۆمینین ئێمە و نە رۆسین
بۆچ کفرە زمانمان بنوسین »
(ل ١٣٥) .

(١٨٥) ئەم قسانە دیسان بەڵگەی بایەخدانی « تێگەیشتنی راستی »ن بە زمانی کوردی و هەوڵدانی بۆ دارشتنی رێنوسێکی لەبار بۆی (بڕوانە یەکەم باسی ئەم بەشە : (« تێگەیشتنی راستی » و زمانی کوردی) .

(١٨٦) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

دوابەدوای ئەم قسانەی لە ناخی دڵێکی دڵسۆزەوە هەڵقوڵاون و بە نیازی چەسپکردنیان لە دەرونی خوێنەری کوردا «تێگەیشتنی راستی» چەند بەیتێکی‌تری حاجی دەخاتە بەرچاو کە لەگەڵ مەبەستی نوسەر تەواو دەگونجێن :

« میللەتی بێ‌کتێب و بێ‌نوسین
غەیری کوردان نی‌یە لە ڕوی زەمین
جەنگەی ئێرە باوجودی کەرن (١٨٧)
هەروەکو دۆمی ئێمە دەربەدەرن
ئێوە عاقلترن بە صەد مەنسەب
کوڕی خۆیان دەنێرنە مەکتەب (١٨٨)
ئیستەکێ کوردەکانی کوردستان (١٨٩)
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
ئەم هەتیوانەی مەکتەبی یەکسەر
کوردەکان بار دەکەن وەکو ما ...(١٩٠)
وادیارە هەتاکو دونیا بێ
کوردەکان حالیان دەبێ وابێ » (١٩١)

دوای ئەمە «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ : «حاجی لێرەدا زمانێکی چەند شەدید ئیستیمال دەکا . ئەوی تەماشای ئەم چەند بەیتە بکا و چاك ماناکەی

---

(١٨٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« جینگەنەی ئێرە باوەجودی کەرن »
(ل ١٣٦) .

(١٨٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هەتیوی خۆ دەنێرنە مەکتەب »
(ل ١٣٦) .

(١٨٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئیستێکە ئامیرانی کوردستان »
(ل ١٣٦) .

(١٩٠) تەواوی ئەم ئیوە بەیتە وابە :
« کوردەکان بار دەکەن وەکو ماکەر »
(ل ١٣٦) .

(١٩١) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

تێگا دەزانێ ئەم پیاوە ئیجتیماعیە چەند جگەری بۆ قەومی سوتاوە ، حەتا
مەرمن لە رقانا جوێنیان پێ ئەدا ، وەلحاصل حـاجی قـادری کۆیی لەنـاو
شوعەرای (کوردستاندا) بێ ئەمســاله » (۱۹۲) .

«تێگەیشتنی راستی» بە رادەیەکی لە حاجی و نالی کەمتر باسی ژمارەیە
شعیری نـاوداری‌تری کوردی کردووە . لە گۆشـەی ئەدەبیـاتی یەکێ لە
ژمارەکانی ، «تێگەیشتنی راستی» کورتە باسێکی دەربارەی غەریق و مەحوی
بڵاو کردۆتەوە . دەربارەی یەکەمیان نوسیویە دەڵێ : «غەریق یەکێکە لـە
شوعەرای موتەئەخیرینی کورد . هەرچەندە شیعری زۆر نەزم نەکردووە ،
ئەما تەبیعەتێکی (فاسکی) هەیە . ئەو چەند بەیتە کە هێناویتە قەڵەم لەنـاو
کوردانا زۆر مەشهورە ، حەتا بەستەبێژەکان (دایم) بەگۆرانی دەیڵێن . ئەم
غەزەلەی لـە چاکترین ئەبیاتی ئەوە :

لەسەر صەفحەی لەتیفی رۆت جەوابێکە لە هەرلایی
شکستەی خەتی دۆ ئەبرۆت خەمی زولفی‌چلیپایی
بنازم شۆرشی حوسن و نیزامی تیپی موژگانت
لەبۆ تەسخیری مولکی دڵ عەجەب شایستە پاشایی
لە هەرلا موددەعی گەر تیرەبارانی غەریقی کەن
لەپێناوی دەنێم صەد جانی شێرینم لە هەر لایی » (۱۹۳)

دوابەدوای ئەمە « تێگەیشتنی راستی » یەکسەر دێتە سـەر بـاسی
مەحوی و دەڵێ : «مەشوی یاخود مەحوی شـاعیرێکی گەورەی کوردە ،
هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش لە حالی حەیاتدا بو . رەونەقێکی تەواوی بـە
شیعری کوردی دا . لە (ا) تا (ی) دیوانێکی تەرتیم کردووە . لە شیعریدا
دائیمەن لوغەتی کوردی لە لوغاتی‌تر تەجرید دەکا . غایەت نوکتە پەروەرە .
ئەم چەند بەیتە هینی ئەوە :

(۱۹۲) « تێگەیشتنی راستی » ، هەمان ژمارە .
(۱۹۳) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو دۆ ، ۱۰ی حوزەیرانی ۱۹۱۸ .

ئەی دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ ڕەنگت لە گوڵ چیبکا
کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ بولبول لە چڵ چیبکا
بای غەم گەر ڕەقیبانت بسوتێنێ ئەی گوڵی ڕەعنا
مەڕەنجە تو خودا ، ئاگر لە ئاقاری چقڵ چیبکا
لە عوششاق و ڕەقیب ئەو شۆخە چاوی لوتفی وەرگێڕا
کە ئاهو ئادەمێ یا سەگ ببینێ غەیری سڵ چیبکا
فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕێ وەقتی هیلاکەتیە
کە سەر بۆ گەینە پەت بێ پێ لە کورسی و ئەسکەمل چیبکا
لە هەر جێگا هەڵێ خورشیدی حوسنی مەهروان (مەحوی)
ئەگەر عەقڵی بێ لەو جێیە ئاونگی عەقڵ چیبکا » (١٩٤)

لە ژمارە سێو چوارەوە ئیتر گۆشەی «ئەدەبیاتی کورد» لە «تێگەیشتنی ڕاستی»دا نەماوە . وادیارە زۆر بۆنی هەواڵەکانی شەڕ (تایبەت لە مەیدانی عیراق و فەلەستین و سوریە) و نزیکبونەوەی کۆتایی شەڕ بونە هۆی ئەم وەستانە ، چونکە زوربەی هەرە زۆری ژمارەکانی تری «تێگەیشتنی ڕاستی» تەنها بۆ باسی شەڕ و پێشکەوتنی لەشکری ئینگلیز تەرخان کراون . ڕێشی تێدەچێ ئینگلیز ویستبێتیان وریابونەوەی کورد و بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە سنورێکی تەسك تێنەپەڕێ و چالاکی شوکرێ‌فەضلی‌یان لەم مەیدانەدا بە زۆر دیبێ بۆیە وا لەپڕ ئەو گۆشەیەیان وەستاند . هەر چۆن بێ ئەو چەند گۆشە ئەدەبی‌یەی «تێگەیشتنی ڕاستی» کارێکی پڕ کەڵکی ئەوتۆیە کە سەنگی ڕۆژنامەکەی لە هەمو ڕوێەکەوە زۆر پێ بەرز بۆتەوە، بایەخ دانی «تێگەیشتنی ڕاستی» بە مێژوی کورد ئەوکارەی ئەوەندەی تر پارسەنگ کردووە .

«تێگەیشتنی ڕاستی» و مێژوی کورد :

ڕۆژنامە و گۆڤار یەکێ لە سەرچاوە گرنگ و ڕەسەنەکانی توێژینەوەی مێژوی نوێ و هاوچەرخی گەلانن . هەن «ئەرکی ڕۆژنامەنوس» لەگەڵ

(١٩٤) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، هەمان ژمارە .

«ئەركى مێژوونوس» جيا ناكەنەوە و دەڵێن «هەردوكيان وەك يەك دەبێ بەر نە هەموشت عەودالی راستێ بن» و ئەو «راستی‌یە وەك خۆی بخەنە بەردەمی خوێنــەر » (١٩٥) .

نەك هەر رۆژنامەنوسێ نوێ بەڵكو هەمان‌كات ئەو بەرهەمە زوانەش كە تارادەیە لە رۆژنامەیان دەكرد دەچنە خانەی سەرچاوەی مێژوویێ رەسەنەوە، ژمارە پارێزراوەكانی ئەو «روداوی رۆژانە»یەی یولیۆس قەیسەر كاتی خۆی دەری‌دەكردن (١٩٦) دەمێكە بوونەتە ســەرچاوەی رەســەن و بــایەخدار بۆ توێژینەوەی گەلێ روی گرنگ و نەزانراوی مێژوی كونی رۆما .

بایەخی رۆژنامەنوسێ نوێ وەك سەرچاوەی مێژوویێ لەوەش زیاترە . دەمێكە رۆژنامە و گۆڤار بوونەتە سەرچاوەی پێویستی توێژینەوەی ئاڵوگۆڕی ئابوریێ و كۆمەڵایەتی و بەرەوپێش‌چونی بزوتنەوەی رونــاكبیریێ گەلان . مەرجی گرنگی ئەمە لەوەدایە كە چەند رۆژنامەنوس لایەنگر بێ ئینجا ناتوانێ هەمو راستێ بشارێتەوە . مێژوونوسی ورد دەتوانێ لە هەزار كەلەبەرەوە بە یارمەی رۆژنامە و گۆڤار بگاتە ئەو راستی‌یانەی مەبەستی‌یە . بێ‌گومــان ئەو ١٣٥٠ رۆژنامەیەی ساڵانی شۆڕشی فەرەنسە دەرچون (١٩٧) گەورەترین سەرچاوەی رونكردنەوەی بەسەرهاتی مێژوویێ ئەو سەردەمە هەرە گرنگەی فەرەنسە پێك‌دێنن .

لە سەرەتای پەیدابونی‌یەوە رۆژنامەنوسێ كوردیێ بەپێی توانا بایــەخی داوە بە مێژوی كورد . «كوردستان»ی یەكەم رۆژنامە لە چەند ژمارەیەكیدا

---

(١٩٥) بڕوانە :
F. Williams, Press, Parliament and People, London — Toronto, 1946, P. 139.

(١٩٦) دەربارەی بڕوانە بەشی یەكەمی ئەم كتێبە .

(١٩٧) لە ماوەی یازدە ساڵی یەكەمی شۆڕشی فەرەنسەدا (١٧٨٩ ــ ١٨٠٠) ١٣٥٠ رۆژنامەی فەرەنســێ دەرچو .

باسی سەلاحەددین و میرانی جزیر و بەدرخان پاشای گەورەی کردووە(۱۹۸).
«کوردستان» بۆخۆی سەرچاوەیەکی یەکجار گرنگە بۆ شیکردنەوەی زۆر رۆی ژیانی سیاسی و روناکبیریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا(۱۹۹) . «ژین»ی ئەستەمۆل چەند وتارێکی دەربارەی مێژوی کوردستان و شوێنەواری کۆنی و بابان(۲۰۰) و مەولانا خالید و سەرداری تر بلاوکردۆتەوە . جگە لەوە «ژین» بۆ خۆی سەرچاوەیەکی رەسەنە بۆ باسی چالاکیی دەستەی روناکبیری کورد(۲۰۱) . رۆژنامە و گۆڤارەکانی مەهابادیش زۆر بایەخیان دەدا بە بلاوکردنەوەی باس و وتاری مێژوویی . لە دیوی ناوەوەی بەرگی یەکەمی ژمارە یەکی «کوردستان»ی مەهاباد نوسراوە :

«کوردستان گۆوارێکی ئەدەبی ـ تاریخی ـ کۆمەلایەتی .. مانگی کوردییە . یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و ... بۆ ژیانەوەی (۲۰۲) ئاساری زانایانی کورد تەقەلا دەدا . لەبەرئەوە تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین هەرکەس بەیت و

(۱۹۸) « کوردستان » وتارێکی بە کوردی و بە تورکی دەربارەی بەسەرهاتی ژیان و خەباتی بەدرخان پاشا بلاوکردۆتەوە (بڕوانە : « کوردستان » ، ژمارە سیازدە ، ۲۰ی (ذی القعده)ی ۱۳۱٦ ، ل ۳ ـ ٤) ؛ ژمارە چواردە ، ۹ی (ذی الحجه)ی ۱۳۱٦ ، ل ۲ ـ ٤) .

(۱۹۹) زانیاریی زۆر گرنگ دەربارەی مێژوی کوردستان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سولتان عەبدولحەمید لە رۆژنامەی « کوردستان »دا هەیە و گەلێکیان دەتوانن یاریدەی مێژونوس بدەن بۆ تێگەشتنی چەند مەسەلەیەکی مێژوویی گرنگی وەك باسی پەیوەندیی نێوان کورد و ئەرمەن و سوارەی حەمیدی بەجۆرێکی باشتر .

(۲۰۰) « ژین »ی ئەستەمۆل زنجیرەیە وتاری دەربارەی بابانەکان بلاوکردۆتەوە کە مامۆستا عەبدولعەزیز یامولکی نوسیونی .

(۲۰۱) بۆنمونە « ژین » پرۆگرامی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئەو سەردەمەی بلاوکردۆتەوە کە لە نرخاندن نایەن .

(۲۰۲) دەقی ئەم رستەیە واچاپکراوە : «بۆ ژیانەوە نێو ئاساری زانایانی کورد » .

حیکایەت و سەرگوزشتەی پیاوێکی مەزن یا عەشیرەتێکی کوردی لەکن بێ و یەن نوسراوێکی [٢٠٣] لەلا بێ یا لەبەر بێ ، کوردێ ، فارسێ ، عەرەبێ ، سخاتێك هێ زانایانی کورد بێ و لەچاپ نەدرابێ بۆمان بنێرن کە بە یارمەتی خودا لە چاپی بدەین تا [٢٠٤] بەسەرهاتی رۆژگار لە تێوی نەبا » [٢٠٥] .

جێگەی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە سەرەتای سالی ١٩٣٨ مامۆستا سالح قەفتان گۆڤارێکی تیو مانگێ «ئەدەبێ ــ مێژوێی» لە شاری سلێمانی بە ناوی «زانستی»یەوە دەرکرد .

دیارە توانای لێکۆلینەوەی زانستی‌یانەی مێژوی کورد ئەو سەردەمە کەم بو ، بۆیە زۆرجار هەڵە و لێکدانەوەی نارێاست دەکەونە بەرچاو[٢٠٦] .

بە هەرجۆر مێژو شوێنی دیاری لە رۆژنامەنوسێ کوردیدا هەبو . ئەم لایەنە لە «تێگەیشتنی راستێ»دا باش رەنگی داوەتەوە . لەمەدا شارەزایێ زۆری مێجەر سۆن [٢٠٧] و بەرادەیەکی کەمتر شوکرێ فەضلی دەوری دیاری بینیوە . شایانی باسە «تێگەیشتنی راستێ» زوربەی باسە مێژوییەکانی وەك سەروتار بڵاو دەکردەوە .

پێویستە بەر لە هەمو شت سەرنج بۆئەوە راکێشین کە «تێگەیشتنی راستێ» یەکەم سەرچاوەی کوردی‌یە هەوڵی‌داوە باسی رەگەزی کورد

(٢٠٣) مەبەستی دەستنوسی کۆنە .
(٢٠٤) لە ئەسڵدا (کە) چاپکراوە .
(٢٠٥) «کوردستان» ، ژمارە یەك ، ٦ی دیسامبری ١٩٤٥ ، بەرگی ناوەوەی .
(٢٠٦) بۆنمونە بڕوانە ئەو لێکدانەوە سەیرەی « پێشکەوتن » دەربارەی رەگەزی کورد بڵاوی کردۆتەوە (« پێشکەوتن » ، ژمارە بیست‌وچوار ، ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠) .
(٢٠٧) سۆن تەواو شارەزای مێژوی کورد بو . شایانی باسە مامۆستا ئەمین زەکی بۆ باسی نەژادی کورد کەڵکی لە نوسینەکانی سۆن وەرگرتوە (بڕوانە : محمد امین زکی ، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان ، ص ١٠٨ ــ ١١٢) .

بەشێوەیەکی زانستی دروست بکا و دیسان یەکەم سەرچاوەی کوردی بە پەیوەندی میدیا و کوردی خستۆتە بەرچاو . لە ژمارە یازدەیدا «تێگەیشتنی راستی» وتارێکی بە ناوی «قەومی کورد»ەوە بلاوکردۆتەوە تێیدا دەڵێ :

« قەومی کورد لە شوعبەی ئاری یە و لە فیرقەی زەندی یە . (زەندی عیبارەتە لە کورد و فورس و ئەفغان و ئەرمەن و بلوج . ئەم پێنج قەومە هەم دراوسێی یەکن هەم زۆر لەگەڵ یەکتری ئیختیلاطیان کردووە ، لەبەر ئەمە (زمان و عاداتیان) زۆر موشابیهی یەکە و عەلاوەی ئەمە ئەم قەومانە خالیس نەمان ، وەکو لەگەڵ یەك تێکەڵ بون لەگەڵ شوعبەی (سامی و مەغۆلی)ش دیسان تێکەڵی یان هەیە . ئەما هەر (قەومە) زمان و جێی خۆی موحافەزە کردووە ... کورد قیسمێکی گەورەی مەملەکەتی ئاشور و میدیا و ئیلاء ئیشغال دەکەن و لە زەمانێکی زۆر پێشووەوە هەر لەو جێیانە بون و هیچ قەومێك تەواو زەفەری پێ نەبردون . لە تاریخی قەدیم ئەوروپاییەکان کردۆخی (کاردۆخی ـ ك.م.)یان پێ ئەڵێن و لە تاریخی تازە کە نەتیجەی تەحقیقاتێکی چاکە هەندێ لە عولەما کۆشی (کاشی ـ ك.م.) و هەندێکیش ئاردۆخی (کاردۆخی ـ ك.م.)یان ناو دەنێن ... » (٢٠٨) .

« تێگەیشتنی راستی » لە ژمارە دوازدەیدا جارێکی تر دێتەوە سەر باسی نەژادی کورد . لە سەروتاری ئەم ژمارەیەیدا « تاریخی قەومی کورد و ئاساری عەتیقە ـ عەتیکە » دەڵێ : «تاریخی پێشوی قەومی کورد وەك گەلێ ئەقوامی تر هێشتا تەواو کەسبی وزوحی نەکردووە و لە بەینی عولەمای ئاساری عەتیقە ـ عەتیکە و (نوسەرانی) تاریخی قەدیم دەرحەق بە ئەسلی (کورد ـ ك.م.) کەم و زۆر ئیختیلاف هەیە . ئەما ئەکسەری یەت لەسەر ئەمەیە کە کورد قەومێکی ئاری یە . بۆ تاریخی قەدیمی ئەقوام جاران هەر

(٢٠٨) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ١٩١٨ .

ئەورات بەدەستەوە هەبو ، موئەریخەکان هەمو لەو دەرحەق بە ئەقوامی قەدیمە مەعلوماتیان وەردەگرت • تەبیعی بەوندە ئیش پێك نەدەهات ، گەلێ خەیالات و خەرافاتیشیان تێکەڵ دەکرد، لەبەر ئەمە بە حەقیقەتی ئەقوامی پێشو گەیشتن موشکیلە بو • لەم ئاخری یە عولەمای ئاسار هاتنە پێشێ و جێی معلەکەتە کۆنەکانیان هەڵکۆڵی ، بەرد و دیوار و صورەتی نوسراویان هێنایەدەرێ کە هەمو بە (خەتی) قەدیمەی میسماری و ئەنواعی تر ئەحوالی ئەقوامی پێشویان بەیان کرد • لەگەڵ ئەم خەتانە زۆر خەریك بون ، حەرفەکانیان خوێندەوە و ••• سەرلەنوێ دەستیان کرد بە تاریخی ئەقوام » (٢٠٩) •

دوای ئەم پێشەکی یە «تێگەیشتنی راستێ» دێتە سەر باسی شوێنەوارە کۆنەکانی ئاشور و بابل و ئەو بەڵگە مێژوییانەی تیایاندا دۆزراونەوە و دەڵێ هەندێکیان پەیوەندی کورد بە کاشێ و ئیلامەوە نیشان دەدەن و مانی کورد برامبەر بە نەمانی گەلی دێرینی وەك ئاشور و ئەکەد و کلدان و ئیلام بە بەڵگەیەکی مێژوویی مانادار دادەنێ •

لە مەیدانی مێژوودا «تێگەیشتنی راستێ» دەیتوانی باش رابوردو لەگەڵ کاری سیاسێ رۆژانە پێکەوە ببەستێ • بۆ ئەو مەبەستەی زۆر جار لە تیوەی دووەمی وتارە مێژووییەکانیدا دێتە سەر باسی سیاسەت • لە بەشی دووەمی ئەو وتارەیدا کە بە ناوی «قەومی کورد»ەوە بڵاوی کردۆتەوە « تێگەیشتنی راستێ » دەڵێ :

« لەم تەفسیلاتە وادەردەکەوێ کە کورد قەومێکە دائیمەن ئیسپاتی مەوجودی یەتی کردووە و ناوی لە تەواریخی عالەمدا هەیە • حەیف نی یە ئەم ••• قەومە ئازایە لەناو ئەقوامی تازە خۆی پیشان نەدا • ئەمڕۆ زەمانێکە

---

(٢٠٩) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨ •

که هەمو ئەقوام داوای حەقی خۆیان دەکەن ، بۆچی کوردیش لە هەمو جێ جەمعیاتی عیلمیەیە تەئسیس و تاریخی ئەدەبیاتی خۆیان تەدوین نەکەن ، لەگەڵ ئەمە کە تاریخێکی موحتەشەم و ئەدەبیاتێکی موتەزەمیـان هـەیە ، کورد ئەگەر خۆیـان بۆ خۆیان سـەعی نەکەن کەس بەفریـادیان ناگا ، گەورە گەورەکانی ئەکراد دەبێ بۆ تەرەقی ئەوان فکر (بکەنەوە) و هەرچی لازمـە بەجێی‌بێنن ، ئینگلیز کە قەومێکی عادلن هەڵبەتە سەعـادەتی کوردیشیـان دەوێ ، ئیستیناد بە تورك کردن خەتایەکی گەورەیە ...» [٢١٠] .

جێگەی خۆیەتی بۆ ئەم‌باسە نمونەیەکی‌تریش بخەینە بەرچـاو ، ئـەم نمونەیەیان بریتی‌یە لە باسێ دەربارەی سەلاحەددینی ئەیوبێ کە «تێگەیشتنی راستی» وەك سەروتاری ژمارە هەشتی بلاوی کردۆتـەوە و نـاوی نـاوە «سولتان سەلاحەددین و تورکەکان» ، «تێگەیشتنی راستی» لەو وتارەیدە دەڵێ :

« سولتان سـەلاحەددین بە تەواتورێ کە موقەیەدی یەقینە ، بە ئەخباری تاریخی کە جێی باوەڕ بێ یەکە پادشای کوردە،کوردان تا ئەمڕۆ پیاوێکی‌تری وایان پێ نەگەیاندوە ، رەنگە پێشی نەگەیێنن ، بۆیە ئەڵێین رەنگە و ناڵێین موحەقەقە چونکی عەقڵ رۆژبەرۆژ لە تەرەقیدایە و قەومیەت هەتا دێ لـە تەکامولدایە ، مومکینە ... قەومی کورد لە زەمانێکی ئایندەدا بە عیـلم و مەعریفەت خۆی ئارایش بدا و بە ئیرادە و حەزم سەر بەرز بکاتەوە و یـەك لەپاش یەك هەزاران سەلاحەددینی ئەیوبێ بهێنێتـە ناو ، بـەڵێ سـەعی ئینسـان کێویش لە بن دەردەهێنێ ، ئیستا با واز لەم (باسە) بێنین ، چونـکە دەمانەوێ قسـەیەکی زۆر عەجایەب بە کوردەکان تێ‌بگەیێنین : ... هەمـو کەس دەیزانێ کە تورکەکان خـەریکی ئەوە بون ... ئـەقوامی عەرەب و

(٢١٠) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ١٩١٨ .

کورد و ئەرمەن بکەن بە تورك و وازیان لە قەومیەتی خۆیـان پێ بهێنن ٠ لەگەڵ ئەمە کە نەیانتوانی (بیبەنە) سەر (بەڵام ــ ك٠م٠) ئەم ئیشە مومکین بو چونکی کوردێکی زیندو قابیلە بێ بە تورك ، ئەما عەجایەب ئەوەیە ٠٠٠ تورکەکان خەریکی کردنی مردووەکانیش بون کە بیانکەن بە تورك ٠ (یەکێ) لەو کوردە مردوانە سەلاحەددینی ئەیوبیە ٠ جەنابی تـاریخ نوسی تـورك نەجیب عاصم لەو (کتێبەیدا) کە لە ١٣١٦دا نەشرو بڵاوی کرد لـە لاپەڕە ٤٤٠دا ئـەڵێ :

هەرچەند ٠٠٠ وەکو وتمان ئیتیفاق کراوە لەسەر ئەمە کە سەلاحەددینی ئەیوبی کوردە ، ئەما لەلای من تورکە و لەسـەر ئەمە چەند (دەلیلێکی) بێمەعنا دێنێ : ١ــ مەعیەتی سـەلاحەددین هەمو تورك بون ، ٢ــ ئـەو مەملەکەتانە کە ئـەو و خولەفاکانی پادیشاهیان تێدا کرد پێشـتر بەدەس تورکەوە (بون) ، ٣ــ نـاوی باوکی سەلاحەددین شـادێ بۆ ئەمناوە نە کوردیە نە فارسیە ، ٤ــ خولەفاکانی تورانشاه ناویان تێدا هەیە»[211] ٠

یەکسـەر « تێگەیشتنی راسـتێ » دەربارەی ئـەم « بەڵگانەی » مێژونوسی عوسمانی نەجیب عاصم دەڵێ : «ئەم دەلیلانە لە خۆیانەوە مردون، چونکە وژنەی یەکێکن کە فێی تورکێ گرتبێتی و عەقلی لەسەردا نەهێشتبێ٠ ئەم تورکە جاهیلانە پادیشاهێکی وەکو سەلاحەددینی ئەیوبێ و سیلسیلەی سەلاتینی ئەیوبێ کە کوردایەتیان مەعلومی عالەمە و لەگەڵ ئەمەش کە مردون تەمایانە بیانکەن بە تورك ، هەڵبەتە دەرحەق بە زیندووەکان هیچ قسـور ناکەن، دەستیان کەوێ بە رۆژی تیوەژۆ یا هەمویان سەردەبڕن وەیا دەیانکەن بە تورك و رێوشوێنی باوو (باپیرانیان) پێ گوم دەکەن ٠٠٠ »[212] ٠

---

(٢١١) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە هەشت ، ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩١٨ ٠
(٢١٢) «تێگەیشتنی راستێ» ، هەمان ژمارە . لەم ژمارەیەوە « تێگەیشـتنی راستێ» دەستی کردووە بە بایەخدان بە مێژوی کورد .

« تێگەیشتنی راستی » چەند وتارێکی بۆ باسی مێژوی کوردستانی سەدەکانی ناوەند تەرخان کردووە چونکە ، وەك خۆی دەڵێ ، « تاریخی قرونی وسطای کورد قیمەتێکی هەیە »[213] . لە ژمارە بیست و سێیەوە « تێگەیشتنی راستی » لە گۆشەی « تاریخ و مەشاهیری کورد »دا بەدرێژی باسی چەند ئەمارەتێکی ئەو سەردەمەی کوردستان دەکا و بەمجۆرە هۆی دامەزراندنیان لێكدەداتەوە :

« ... ئەحوالی خەلافەتی عەبباسی شێوا و لە هەمو لا حکومەتی سەربەخۆ بە واسیطەی پیاوانی بەکار هاتە ناو . قەومی کوردیش ... ئەم حاڵە پەرێشانە ئیستیفادەی کرد و چونکی جێیان هەمو شاخ و داخ و سەختە چاکتر هاتنە دەست و چەند حکومەتێکی موناسیبیان تەئسیس کرد »[214] .

لە چەند ژمارەیەکیدا « تێگەیشتنی راستی » بەدرێژی باسی ئیمارەتە کوردی یەکانی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتدارە ناودارەکانیانی کردووە .

هەمانکات « تێگەیشتنی راستی » بۆ خۆی سەرچاوەیەکی رەسەن و گرنگە بۆ باسی زۆر رۆی ناسکی مێژوی کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا کە قۆناغێکی پڕکارەسات و روداوی گەورەیە لە ژیانی گەلی کوردا . لە رێگەی وتار و باس و هەواڵ و رەخنە و هێرشە توندەکانی ئەم رۆژنامەیەوە دەتوانین لە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر کوردستان و لەباری سەختی ژیانی ئابوری کۆمەڵانی خەلکی ئەو ناوچەیە و شەڕەکانی نێوان لەشکری عوسمانی و ئینگلیز لە مەیدانەکانی باکوری عیراق و لە گەلێ شتی تر

---

(213) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیست و سێ ، 8ی نیسانی 1918 .

(214) «تێگەیشتنی راستی» ، هەمان ژمارە .

بشتر تێبگەین[٢١٥] • تەنانەت « تێگەیشتنی راستی » دەستەدمدا ببێتە سەرچاوە بۆ باسی رووداوەکانی دواسالی شەڕی یەکەم لە شەڕگەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، تایبەت لە سوریە و فەلەستین •

شایانی باسە چەند دەکومەتێکی سیاسی ـ مێژوویی گرنگ بۆ یەکەم جارو دواجار لە « تێگەیشتنی راستی »دا بە کوردی بلاو کراونەوە • لە لاپەڕە دوو سێی ژمارە پەنجاو چواریدا هەر بیستو پێنج بەندی موتارەکەی (صلح)ی نێو دەولەتە سوێندخۆرەکان و دەولەتی عوسمانی و نۆزدە بەندی موتارەکەی نێو ئەو دەولەتانە و نەمسە بلاوکراونەوە[٢١٦] • لە ژمارەی داهاتوریدا دیسان بۆ یەکەمجار « تێگەیشتنی راستی » بەکوردی دەقی ئەو بەیاننامە گرنگەی بلاو کردۆتەوە کە بەریتانیا و فەرەنسە « موشتەرەکەن لە لۆندرە و پاریس و نیویۆرق و میسری قاهیر رۆژی هەشتەمی تەشرینی (دووەمی) ١٩١٨ نەشریان کرد »[٢١٧] •

بێ گومان ئەم لایەنانە ، وەك لەئەنجامدا باسیدەکەین ، لە نرخ و بایەخی « تێگەیشتنی راستی » ، بەرزدەکەنەوە •

★ ★ ★

---

(٢١٥) شایانی باسە زانیاریکانی ناو «تێگەیشتنی راستی» یاریدەیەکی زۆری داین بۆ دەولەمەند کردنی چەند باسێکی ناو ئەو کتێبەمان کە دەربارەی مێژووی کوردستانە لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا (بڕوانە : الدکتور کمال مظهر احمد ، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ترجمة محمد الملا عبدالکریم ، بغداد ، ١٩٧٧) .

(٢١٦) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو چوار ، ١١ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(٢١٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو پێنج ، ١٨ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ . مەبەست ئەو بەیاننامەیە کە تێیدا گفتی مافی چارەنوسی گەلان درابو .

ئەنجام

لێکدانەوە و بەراوردی زانیاری‌یەکانی ناو پێشەکی و بەشەکانی ئەم کتێبە بە ڕوونی شوێنی دیاری « تێگەیشتنی ڕاستی » لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا نیشان‌دەدەن . ڕاستە ئینگلیز لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا ئەم ڕۆژنامەیەیان دامەزراند و سەیر دەبو گەر وا نەبوایە ، بەڵام هەمان کات « تێگەیشتنی ڕاستی » لە زۆر ڕێگەوە خزمەتی باشی ژیانی ڕوناکبیری کوردی کرد . ئەمەش بۆ خۆی ئەنجامی چەند هۆیەکی تێکەڵاو بو . ئەو سەردەمە ئینگلیز دەیویست کورد لە عوسمانی دورخاتەوە و هەستی بە لای خۆیدا ڕاکێشێ و گەر توانی دژی تورکیا چەکی پێ هەڵگرێ . دیارە بزواندنی هەستی نەتەوەیی دەیتوانی دەوری خۆی لەمەدا ببینێ و ئەوساش بزواندنێکی‌وا لەوانە نەبو هیچ کێشەیە بۆ ئینگلیز دروست کا .

بێ‌گومان « سەربازێکی نەناسراو»ی شارەزای ئەدەب و مێژو و سیاسەت دلسۆزانە بۆ کورد دەوری گەورەی لە دەرکردنی « تێگەیشتنی ڕاستی »دا بینیوە . ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن گومان لەوەدا ناهێڵن کە ئەو سەربازە شوکری‌فەضلی بووە . دیارە لە هەڵسەنگاندنی دەوری ئەو پیاوەدا دەبێ مەرجەکانی سەردەمی خۆی بەپێی کات و شوێن بگرینە بەرچاو . دواکەوتویی و زۆرداری عوسمانی کارێکی وای کردبو ئەو ڕۆژە بۆ دەرمان یەکێ هەڵنەکەوێ بتوانێ دروست لە سروشتی ئیمپریالیزمی دەوڵەتە گەورەکان تێ‌بگا . قوتاربون لە دەسەڵاتی عوسمانی ئامانجی گەورەی

هەوان بو . دوریێ و کورتبێتی ئەو ڕۆژە شەیدای پێشکەوتنی ڕۆژئاوایێکان بون و بۆ خۆیان خەویان پێوە دەدی . لەبەرئەوە بێ خۆفرۆشتن و مەبەستی خراپ یەکێکی وەك شوکرتلفەضلی وێنەی ئینگلیزی بە ڕەنگی دلگیر و عوسمانێ بە ڕەش دەکێشا .

مێجەر سۆن دەستی بالای لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی « تێگەیشتنی ڕاستێ »دا هەبو . بونی مێجەر سۆن لە دو سەرەوە کاری کردبووە سەر شێواز و ناوەرۆکی « تێگەیشتنی ڕاستێ » . بەهۆی ئەوەوە لایەنی ئینگلیز پەرستێ زیاتر و زیرەکانەتر لەسەر لاپەڕەکانی « تێگەیشتنی ڕاستێ » ڕەنگی دابۆوە . بەلام هەر بەهۆی ئەویشەوە «تێگەیشتنی ڕاستێ» لە ڕۆژنامەیەکی ئاسایێ گەلێکی دواکەوتو پێشکەوتوتر بو . وتارەکانی بە ناوەرۆك دەولەمەند و بەپێز بون ، هەلەیان کەم بو ، شێوازیان باش بو ، سەرنجی خوێنەریان ڕادەکێشا و شتی نوێیان دەخستە بەرچاو . ئەمانەش وەك ئاشکرایە ، دەسکەوتی بەنرخن بۆ مەیدانی کاری ڕۆژنامەنوسێ .

« تێگەیشتنی ڕاستێ » گەلێ خزمەتی بە ژیانی ڕوناکبیرێ کورد گەیاندووە . زمان و ئەدەب و مێژوی کورد بۆ یەکەمجار بەوجۆرە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی کوردێ ڕەنگیان داوەتەوە . دەیان سالیتر پێویست بو تا گۆڤارێکی وەك « هاوار » یا « ڕوناهی » بیگرێتەوە یا گۆڤارێکی وەك « گەلاوێژ » بۆڕی بدا . ئینجا بۆ ئەمەش دەبێ دەوری کات و شوێن و بەرەوپێش چون لەیاد نەکەین . دو کەس حەفتەی جارێ یا دو جار «تێگەیشتنی ڕاستێ»یان دەردەکرد ، بەلام دەیان کەسی شارەزا و دونیا دیدە مانگی جارێ یا ئەوپەڕەکەی دو جار یەکێ لەو گۆڤارانەیان بلاو دەکردەوە[1] .

وا پێ دەچێ لەگەل تەواوبونی شەڕی یەکەم و ئال و گۆڕە تازەکانی

---

(١) جاری وا هەبو « گەلاوێژ » بە دو مانگ جارێك دەردەچو .

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبو « تێگەیشتنی ڕاستی »ش یا ڕێبازی خۆی بگۆڕێ یا لەکارکەوێ • ئینگلیزەکان ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد . وادیارە بەباشیان زانی ڕۆژنامەیەکی کوردیتر لە یەکێ لە شارەکانی کوردستان دابمەزرێنن ، ئەوەبو سۆن دەستی‌کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەی « پێشکەوتن » لە شاری سلێمانی •

دوا ڕاستی کە هەڵدەگرێ سەرنجی بۆ ڕاکێشین و کۆتایی ئەم بەرهەمەی پێ‌بهێنین ئەوەیە کە « تێگەیشتنی ڕاستی » تاقە چاپەمەنی کورد و کوردی بو لە سەرانسەری ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهاندا کە قۆناغێکی گرنگ لە مێژوی هەمو مرۆڤدا پێکدێنن •

★ ★ ★

پاشکۆ

چەند تێبینییەك

ئائێستا ژمارەیەك نوسەری خۆمان و بێگانە چەند لیستەیەکی بیبلیۆگرافییان بۆ ناوی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە داناوە کە بە زمانی کوردی دەرچون . بێ گومان ئەوکارەیان ئەنجامی ئەرك و تەقەلای زۆرە و سەرەتایەکی گرنگە بۆ لێکۆلینەوەی لایەنی جیاوازی مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی . بەلام کێشە زۆرەکانی ئەو مێژووە و بەر لە هەموشت پەرش و بلاوی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و فەوتانی بەشێکی زۆریان بونەتە هۆی ئەوەی ئەو لیستانە بێ کەم و کورتی نەبن . هەر بۆ نمونە «ژیانەوە» کە لە ١٨ی ئابی ١٩٢٤وە دەرچو و تا ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ ژیا و یەکسەر «ژیان» جێگەی گرتەوە بەلای فایق بەطی‌یەوە کە یەکێکە لە هەرە شارەزاکانی رۆژنامەنوسی عیراق ، تەنها یەك مانگ ژیاوە [1] . نمونەی لەم بابەتە لەو لیستانەدا زۆرە و جاروبار لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا هەندێکیانمان خستۆتە بەرچاو .

ئەمە هۆی یەکەمی رێکخستنی ئەم دۆ لیستەیەیە کە وەك پاشکۆ پێشکەشیان دەکەین بەنیازی نانی هەنگاوێکی‌تر بۆ نزیك‌کەوتنەوە لە

(١) بڕوانە : فائق بطي ، الموسوعه الصحفيه العراقيه ، بغداد ، ١٩٧٦ ، ص ٧٠ . گەلێك هەلەی‌تری لەو بابەتە لەم کتێبەدا هەیە .

دانانی بیبلیۆگرافیایەکی دروستی رۆژنامەنوسی کوردی کە بۆ خۆی کارێکی زانستی پێویستە • بڕوا ناکەم ئەم دوو لیستەیەی منیش بێ کەم و کورتی بن • بێ گومان خزمەتێکی بەجێ دەبێ گەر شارەزایان بتوانن زانیاری تر لەم بارەیەوە بلاوبکەنەوە یا هەڵەی ناو لیستەکانی پێشتر و ئەم دوو لیستەیە راست بکەنەوە •

بە پێویستم زانی لەم دوو لیستەیەدا زۆرتر دەربارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بدوێم کە دەگمەنن یا باسیان بەهەڵە کراوە • دیارە ئەمە یارمەتی خوێنەر و تایبەت شارەزایان دەدا زیاتر ئاگاداری رووەکانی مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی بن •

ناوی هەمو رۆژنامە و گۆڤارە نهێنییەکان لەم دوو لیستەیەدا نەهاتووە چونکە ئەو کارە هێشتا پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەراوردی زۆرە • لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا هەندێك زانیاری نەزانراو یا کەم زانراو دەربارەی رۆژنامەنوسی نهێنی کوردی بلاوکراوەتەوە •

هەر ناو و ژمارە و قسەیەك ئەستێرەیەکی لاوە بو لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراوە • بەشێك لە بارستی رۆژنامە و گۆڤارەکان لەو ژمارانەیان وەرگیراوە کە لە کتێبخانە گشتییەکاندا پارێزراون بۆیەکا دوور نییە جیاوازییەکی کەمی چەند ساتیمی دروست بوبێ •

* * *

پاشکۆی یەکەم

ناو و شوێن و کاتی دەرچونی رۆژنامە کوردی‌یەکان

« کوردستان »
قاهیرە ـ جنێف ـ لەندەن ـ فۆلکستۆن ـ جنێف
ژمارە یەکی : ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨

یەکەم رۆژنامەی کوردی‌یە ، وتارەکانی بە شێوەی کرمانجی ژورو بون، میقداد مەدحەت بەدرخان و دوای ئەو عەبدورڕەحمان بەدرخانی برای سەرپەرشتی دەرکردنیان کرد ، تا نیسانی ١٩٠٢ بەسەر یەکەوە ٣١ ژمارەی لێ دەرچو ، (٢٦×٣٣٫٨) یا (٢٥٫٥×٣٢٫٥) سانتیمە .

« کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی »(*)
ئەستەمۆل
دوای شۆڕشی سالی ١٩٠٨ لە تورکیا

ئۆرگانی یەکەم کۆمەلەی سیاسی کورد بو کە دوای شۆڕشی سالی ١٩٠٨ بنەمالەی شەمزینی و بەدرخان دەریان‌کرد ، بە کوردی و تورکی بلاو دەبوەوە [٢] .

(٢) چەند نوسەرێکی کورد باسی رۆژنامەی «کورد»یان کردووە کە گوایە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سالی ١٩٠٧ لە ئەستەمۆل دەری‌کردووە . هیچ بەلگەیەکی باوەڕپی‌کراو بۆ ئەمە بەدەستەوە نی‌یە و رێی تێ‌ناچی ئەو سەردەمە سولتان عەبدولحەمید ماوەی دەرچونی رۆژنامەیەکی وای دابێ . وا دیارە مەبەست هەر ئەو «کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی»یەیە کە دوای شۆڕشی ١٩٠٨ دەرچو و ناوی لە چەند راپۆرتێکی دیپلۆماسی نهێنی و ژمارەیە سەرچاوەی باوەڕپی‌کراودا هاتووە .

« تێگەیشتنی راستی »
بەغـدا
ژمارە یەکی : سێشەممەی یەکی کانونی دووەمی ١٩١٨
ئەو رۆژنامەیەیە کە ئەم کتێبەمان لەبارەیەوە نوسیوە •

« پێشکەوتن »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠

مێجەر سۆن دایمەزراند • لە ژێر نـاوی رۆژنـامەکەدا نـوسراوە « حەفتەی جارێك دەردەچێت» • لە سەرو نـاوی رۆژنـامەکەوە وشـەی «سلێمانی»ی نوسراوە کە لەوە دەچێ یا بە مۆر لێی درابێ یا بە زەنگۆگراف بۆی نوسرابێ ، دیارە سۆن مەبەستی ئەوە بووە بە «پێشکەوتنی سلێمانی» لە قەڵەم بدرێ • تا ژمارە ٩٦ی (٢٣ی شوباتی ١٩٢٢) ٤ لاپـەڕە بو ، لـە ژمارە ٩٧ی‌یەوە (٢ی مارتی ١٩٢٢) بۆتـە ٦ لاپـەڕە (٣٢ × ٢٠ سـم)ە • «پێشکەوتن» تا گەڕانەوەی شێخ مەحمود (ناوەنـدی سـاڵی ١٩٢٢) بـە رێکوپێکی دەرچو • دوا ژمارەی کە من دیومە (ژمارە ١٤٤)ە کە رۆژی ٢٩ی جۆن (حوزەیران)ی ١٩٢٢ی بەسەرموەیە •

« رۆژی کورد ـ شەوی عەجەم » ، ـ «رۆژی کورد» ، ـ «کورد»(*)
ورمێ
سەرەتای بیستەکان

گۆرگانی بزوتنەوەی سمکۆ بو • زۆ نـاوەکەی گۆڕی بـە « رۆژی کورد» و ئینجا تەنها بە «کورد» • بەپێی روداوەکانی بزوتنەوەی سمـکۆ دەبێ ساڵی ١٩٢١ دەرچوبێ • چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچو • سەروتاری ژمارەکانی بە فارسیش بڵاودەکرانەوە • بەرپرسیاری محەمەد تورجانی بـو • لە چاپخانەی « غیرەت » چاپ دەکرا •

« بانگی کوردستان »
سلێمانی
ژمارە یەکی ٢ی ئابی ١٩٢٢

لەم لاو لەو لای ناوەکەیەوە نوسراوە : «صاحب امتیاز و مدیری مسؤول و سرمحرر مستەفا پاشا ، محرری کوردی و فارسی علی کمال و مە نوری ، محرری تورکی رفیق حلمی » • لە ژێری‌یەوە نوسراوە :ـ « علمی ، اجتماعی ، ادبی ، غزتەیەکی حرو سەربەست و ملی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچێ » ، ٦ لاپەڕەیە (٣٢ × ٢٠ سم)ە • ئۆرگانی ئەو رژێمە بو کە شێخ مەحمود دایمەزراند • چواردە ژمارەی بەم جۆرە لێ‌دەرچو (دوا ژمارەی : ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣) • سەرەتای سالی ١٩٢٦ مستەفا پاشا لە بەغدا ٣ ژمارەی‌تری لێ دەرکرد کە ژمارە (١٤ ــ ١) و (١٤ ــ ٢) و (١٤ ــ ٣)یان لەسەر نوسراوە و رۆژی ٢٨ی کانونی دووەم و ١٥ی شوبات و ١ی نیسان دەرچون • لەسەر ئەو سێ ژمارەیە نوسراوە : «مدیر مسؤول و سر محرر : مستەفا پاشا ، محرر : مستەفا شەوقی ، مدیری ادارە : کریم رۆستەم » • سالی ١٩٧٤ « وەزارەتی راگەیاندن ، بەڕێوەبەرێتی گشتێ رۆشنبیری کوردی » هەر حەڤدە ژمارەکەی بە ئۆفسێت چاپکردەوە [٣] •

« رۆژی کوردستان »
سلێمانی
ژمارە یەکی ١٥ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢

لەم‌لاو لەولای ناوەکەیەوە نوسراوە : « سر محرر و مدیری مسؤول م• نوری ، محرر علی کمال » ، لە ژێری‌یەوە نوسراوە : « سیاسی ، ئەدەبی ، اجتماعی ، غزتەیەکی رەسمی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچێ» ، ٤ لاپەڕەیە (٣٢ × ٢٠ سم)ە• ژمارە پازدەی کە دوا ژمارەیەتی رۆژی ٣ی مارتی ١٩٢٣

---

(٣) «بانگی کوردستان» ، کۆکردنەوە و لەسەر نوسینی : جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٤ •

بلاوکراوەتەوە • ئۆرگانی ئەو رژێمە بو کە شێخ مەحمود دایمەزراند • کاتێك شێخ ناچار بو بەهۆی فشاری ئینگلیزەوە سلێمانی بەجێ بهێڵێ و چاپخانەکەی شاری گواستەوە ئەشکەوتی جاسەنە «رۆژی کوردستـــان» لە دەرچـــون وەستا [٤] • سالی ١٩٧٣ « وەزارەتی راگەیاندن ، کارگێری رۆشـــنبیری کوردی» بە ئۆفسێت هەر ١٥ ژمارەکەی چاپکردەوە [٥] •

« بانگی حەق »
ئەشکەوتی جاسەنە (ناوچەی سلێمانی)
ژمارە یەکی : ٨ی مارتی ١٩٢٣

تا نیسانی ١٩٢٣ ، ٣ ژمارەی لێ دەرچو • ژمارە سێی دوّ لاپـــەڕەیە و رۆژی پێنج شەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٣٩ ، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نوسراوە • وا دیارە تەنها ئەو سێ ژمـــارەیەی لێ دەرچو ، چونـــکە زۆری نەخایاند کە شێخ مەحمود ناچـــار بو ناوچەی ســـورداش بەجێ بهێـــڵێ و چاپخانەکە بەو جۆرە کەوتەوە دەست ئینگلیز کە دیـــــان گواستیـــانەوە سلێمانی و پاش ماوەیە «ژیانەوە»یان پێ دەرکرد •

« ئومێدی ئیستیقلال »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ئەیلولی ١٩٢٣

رۆژنامەیەکی حەفتانە و ئۆرگانی بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود بو • لای ناوی رۆژنامەکەوە نوسراوە : «مودیری مەسئول : خواجە ئەفەندی زادە و

---

(٤) زاهیدە ئیبراهیم دەڵێت گوایە ئینگلیزەکان بۆ کاری پرۆپاگەندەی خۆیان دەریاندەکرد و پارەیان تێدا خەرج دەکرد . وا دیارە ئەو قسەیەی لـــە مامۆستا عەبدوڕڕەزاق حەسەنی وەرگرتووە (بڕوانە : زاهدە ابراهیم ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٨٣ ؛ عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٧ — ٨٨) •

(٥) «رۆژی کوردستان» ، کۆکردنەوە و پێشەکی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٣ •

ئـەحمەد صـەبری » • وا دیارە ٢٥ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە (*) ، من تـا ژمـارە نۆزدەیم دیوە کە ڕۆژی پێنج شەممەی ٢٢ی شەعبانی ١٣٤٢ی کۆچی ۲٦ی مارتی ١٣٤٠ی ڕۆمی لەسەر نوسراوە ، واتە ٢٧ی مارتی ١٩٢٤ (٣٤× ٣٠ ســم)ە •

« ژیانەوە »

سلێمانی

ژمارە یەکی : دۆ شەممەی ١٧ی موحەڕڕەمی ١٣٤٣ ، ١٨ی ئابی ١٩٢٤ •

لە ژێر ناوی ڕۆژنـامەکەدا نوسراوە : «ئەم غەزەتـەیە غەزەتـەیەکی حکومەتی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچێ» • لە ژمـارە نۆزدەیـەوە (٢ی مارتی ١٩٢٥) لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، اجتماعی‌یە ، هەفتەی دۆ جار دەردەچێ» ، (٣٢×٢٠ســم)ە • ڕۆژی ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ دوای پەنجاو شەشەمین ژمارەی لە دەرچون وەستا و «ژیان» جێگەی گرتەوە • «ژیانەوە» دانەی بە عانەیـەك ، واتـە ٤ فلس دەفرۆشرا •

« ژیـان »

سلێمانی

ژمارە یەکی : ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٦

جێگەی «ژیانەوە»ی گرتەوە • لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « ئـەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی اجتمـاعی‌یە ، هەفتـەی جـارێك دەردەچێ » • بە ٤ لاپەڕە لە چاپخانەی شارەوانی ســلێمانی چـاپ دەکرا (٣٢×٢٠ سم)ە • لە ئابی ١٩٣٤وە پیرەمێرد بووە لێپرسراوی، تا وەستانی (١٠ی مارتی ١٩٣٨) ٥٥٣ ژمارەی لێ دەرچـو • زۆری نەخایـاند «ژین» جێگەی گرتەوە •

ـمحمد صەبری » ٠ وا دیارە ٢٥ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە (*) ، من تـا
ـەرە تۆزدەیم دیوە کە رۆژی پێنج شەممەی ٢٢ی شەعبانی ١٣٤٢ی کۆچی
ـی مارتی ١٣٤٠ی رۆمی لەسەر نوسراوە ، واتە ٢٧ی مارتی ١٩٢٤ (٣٤×
ـسم)ە ٠

« ژیانەوە »

سلێمانی

زمارە یەکی : دۆ شەممەی ١٧ی موحەڕڕەمی ١٣٤٣ ، ١٨ی ئابی ١٩٢٤ ٠

لە ژێر ناوی رۆژنـامەکەدا نوسراوە : «ئەم غەزەتـەیە غەزەتـەیەکی حکومەتی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچێ» ٠ لە ژمـارە تۆزدەیـەوە (٢ی ـرتی ١٩٢٥) لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، جتماعی‌یە ، هەفتەی دۆ جار دەردەچێ» ، (٣٢×٢٠سـم)ە ٠ رۆژی ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ دوای پەنجاو شەشەمین ژمارەی لە دەرچون وەستا و ژیان» جێگەی گرتەوە ٠ «ژیانەوە» دانەی بە عانەیـەك ، واتـە ٤ فلس ـفرۆشرا ٠

« ژیـان »

سلێمانی

ژمارە یەکی : ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٦

جێگەی «ژیانەوە»ی گرتەوە ٠ لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « ئـەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی اجتمـاعی‌یە ، هەفتـەی جـارێك دەردەچێ » ٠ بە ٤ لاپەڕە لە چاپخانەی شارەوانی سـلێمانی چـاپ دەکرا (٣٢×٢٠ سم)ە ٠ لە ئابی ١٩٣٤وە پیرەمێرد بووە لێپرسراوی، تا وەستانی (١٠ی مارتی ١٩٣٨) ٥٥٣ ژمارەی لێ دەرچـو ٠ زۆری نەخایـاند «ژین» جێگەی گرتەوە ٠

« ڕیٚیا تــازە »
یەریڤــان
ژمارە یەکی : ٢٥ی مارتی ١٩٣٠

ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیـستی ئەرمەنستانی سۆڤیەتە ٠ لەگەڵ ئەوەش کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك (١٩٣٨ تاوەکو ١٩٥٥) دەرنــەچو بەڵام تا ئیسـتە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە ٠ تا ١٩٣٨ بە پیتی لاتینی بڵاودەکرایەوە . لە ١٩٥٥وە بە پیتی روسی ـ سلاڤی بڵاودەبێتەوە ٠

« زبــان »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ١٢ی ئەیلولی ١٩٢٧

شارەوانی سلێمــانی بڵاویدەکردەوە و مامۆســتا صــالح قەفتــان سەرپەرشتیدەکرد ٠ دەوروبەری دوٚ ساڵ ژیا ٠

« ژین »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٣٩

پیرەمێردی شاعیر دایمەزراند و تا وەفاتی (١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠) هەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد ٠ دوای ئەو چەند جارێك سەرپەرشتیکەرانی گۆڕران ٠ (جەمیل سائیب و گۆران و نوریٚ ئەمین بەگ و ئەحمەد زرنگ هەر یەکەیان ماوەیەك سەرپەرشتییان کردووە) ٠ بارستی «ژین» زۆر جار گۆڕرا . بەڵام بەشیکی زۆری ژمارەکانی (٣٤×٣٠ سم)ن ٠

« کوردستان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : پێنجشەمۆی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ ، ١١ی کانونی دووەمی ١٩٤٦

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بو ٠ بە چوار لاپەڕە هەفتەی سێ ژمارەی لێ بڵاودەبۆوە : شەممەوان و دوٚشەممەوان و چوارشەممەوان ٠ (٣٩ × ٢٨ سم)ە ٠

« کوردستان »
باکۆ (؟)
ژمارە یەکی : ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧

لەسەر رۆژنامەکە نوسراوە : «ماوەی رۆژنامەی کوردستان»ە ، مەبەستی ئەو رۆژنامەی «کوردستان»ەیە کە سالی ١٩٤٦ لە مەهاباد دەرچو، ە ژمارە دەیەوە (١٦ی بەفرانباری ١٣٢٨ ــ ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٨) لە ێر ناوەکەیدا نوسراوە : «ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان»ە ، مشێکە لە رۆژنامەی « ئازەربایجان » کە ئۆرگانی «فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان»ە . دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر رەحیمی قازی و دوکتۆر ع. شەمزینی بە ناوی خۆیانەوە بەرهەمیان تیدا بلاوکردۆتەوە . دەوروبەری ١٠ سال ژیا . (٣٩٫٥ × ٢٩ سم)ە .

« ریگا » (*)
مەهاباد
ژمارە یەکی : ١٩٤٨ (؟) (٦)

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠

کۆمەلی مامۆستایانی هەولێر دەری‌دەکرد ، نزیکەی سێ سال ژیا و بە عەرەبی و کوردی بلاودەبۆوە .

« راوێژ »(*)
تێران
ژمارە یەکی : ١٩٥٢ (؟) (٧)

---

٦. دەربارەی بڕوانە : جمال خزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل ٥٤ .

٧ دەربارەی بڕوانە هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .

« پێشکەوتن »
ـ « التقدم »
بەغـدا
ژمارە یەکی : سەرەتـای ١٩٥٨

سەرەتا لە شێوەی گۆڤاردا دەردەچو (بڕوانە : «پێشکەوتن» ـــ پاشکۆی ناوی گۆڤارەکاندا) • دوای شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ بە ماوەیەک بووە رۆژنامە • لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە ٦٥ی نوسراوە : «رۆژنامەیەکی کوردیی حەفتانەیە رۆژانی دوشەممە دەرئەچێت•خاوەن و بەڕێوەبەری محەمەد بڕیفکانییە» • بە کوردی و عـــەرەبی دەردەچو • شـــوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٤٢ × ٢٩ سم)ە •

« خەبات »
ـ « النضال »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ٤ی نیسـانی ١٩٥٩

ئۆرگانی ئاشکرای «پارتی دیموکراتی کوردستان» بو • سەرەتا چەند ژمارەیەکی کەمی بە کوردی و عەرەبی دەرچوو ، دوایی هەموی بووە عەرەبی بێ ئەوەی ناوی بگۆڕدرێ • تا داخستنی (٢٨ی مارتی ١٩٦١) ٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچو • سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی زۆر روی مێژوی کورد •

« راستی »
مۆسڵ
ژمارە یەکی : نیسـانی ١٩٥٩

پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلا و نوسەر ئەنوەر مائی بڵاویاندەکردەوە • ماوەیەکی کەم ژیا و تەنها ٢٣ (؟) ژمارەی لێدەرچو •

« کوردستان »
تـاران
ژمارە یەکی : ٢٩ی نیسانی ١٩٥٩ (؟)

رۆژنامەیەکی حەفتانە بو • خاوەن و بەرپرسیـــاری : عەبدولحەمیـد

هەیوززەمان ، سەرنوسەری : دوکتور محەمەد صەدیق مفتی زادە بو •
حەزوبەری ٥ ساڵ (؟) ژیا •

« ئازادی »
کەرکوك و بەغدا
ژمارە یەکی : ١ی مایسی ١٩٥٩

لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی‌یە» • خاوەن ئیمتیازو لێپرسراوی نافیع یونسی مەحامی بو • ئۆرگانی ئاشکرای «پەرتی کۆمۆنیستی عیراق» بو • تا داخستنی (کۆتایی تەشرینی دووەمی ١٩٦٠) ١٥٦ژمارەی لێ دەرچو • ڕۆژنامەیەکی دەولەمەندە • (٤٤×٢٩ سم)ە •

« ڕای گەل »
کەرکوك
ژمارە یەکی : ٦ی ئەیلولی ١٩٥٩

ئۆرگانی «پارتی نیشتمانی ـ دیموکراتی» بو • خاوەنی : صدیق بفوکینی ، لێپرسراوی : پارێزە صدیق عەبدوللا • دەوروبەری سێ ساڵ ژیا، بەڵام کەمی لێدەرچو •

« بڕوا »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢ی تەموزی ١٩٦٠

پارێزەر کەمالی میرزا کەریم خاوەن و سەرنوسەری بو • تا وەستانی (٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٣) ٩٥ ژمارەی لێ دەرچو •

« دەنگی کورد »
ـ « صوت الاکراد »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ١٧ی ئابی ١٩٦٠ (؟)

خاوەن و سەرنوسەری : عومەر جەلال حەوێزی • سەرەتا بە کوردی و دوایی بە کوردی و عەرەبی دەرچو • دەوروبەری ساڵێك ژیا •

« کوردستان »
بەغـدا
ژمارە یەکی : شەممەی ٤ی مارتی ١٩٦١

ئۆر گانی ئاشکرای « پارتی دیموکراتی کوردستان » بۆ • لەسەر نێو لاپەڕەی نوسراوە : «رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە» • چەند ژمارەیـەکی کەمی لێدەرچو • (٢٨×٤٣ سم)ە •

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : ١٠ی شوباتی ١٩٦٢ (؟)

شارەوانی هەولێر بە کوردی و عەرەبی دەریدەکرد • دەوروبـەری دو سـال ژیا •

« دیجلە و فورات »(*)
ئەستەمۆل
ژمارە یەکی : تەشرینی یەکەمی ١٩٦٢(٨)

« راپەڕین »
ـ « النهضة »
سلێمانی
ژمارە یەکی : حوزەیرانی ١٩٦٤ (؟)

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « رۆژنامەیەکی کوردی و عەرەبی یە لـە چاپخانەی «ژین» لە سلێمانی دەرئەچێت• خاوەنی : عبدالعزیز صالح الطالبی• سەرۆکی نوسین : محامی صدیق عبدالله مختار» • سالی ١٩٦٨ لە دەرچون وەستا • (٤٣×٥٥ سم)ە •

« دەنگوباس »
ـ « الاخبار »
بەغدا
ژمارە یەکی : کانونی دووەمی ١٩٦٦

رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی و عـەرەبی بو محـەمەد بریفـکانی

---

(٨) دەربارەی بڕوانە : جمال خزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل .٩٠.

ـەریدەکرد • حەوت لاپەڕەی بە عەرەبی و یەك لاپەڕەی بە کوردی چاپ ـەو • تا ٢٧ی تەشرینی یەکەمی ١٩٦٧ ژیا •

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە یەکی : ٦ی مایسی ١٩٦٧

سەرنوسەری : صالح یوسفی • ئۆرگانی ئاشکرای « پارتی دیموکراتی کوردستان» و پاشکۆی خولی یەکەمی رۆژنامەی «التآخي» بو • تەشرینی دووەمی ١٩٦٨ وەستا •

« روناکی »
ـ « النور »
بەغدا
ژمارە یەکی : مایسی ١٩٦٩

پاشکۆی کوردیی «النور» بو و تەنها دو ژمارەی لێ دەرچو (ژمارە دوی : تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵ) • خـاوەنی : حیلمی عەلی شـەریف ، سەرنوسەری : پارێزەر عومەر مستەفا • بە شێوەی گۆڤار و بە زنجیرەی ژمارەی رۆژنامەکە دەرچو •

« هاوکاری »
بەغدا
ژمارە یەکی : ٩ی کانونی دووەمی ١٩٧٠

لای راستی ناوەکەیەوە نوسراوە : «رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ» • (٥٦ × ٤٢ سـم)ە • سەرەتـا «دار الجمـاهیر» دەریدەکـرد • تـا ئێستەش بڵاودەبێتەوە •

« ژین »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٠

لەسەری نوسراوە : «خاوەنی ئیمتیاز : حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەلاح)،

سەرەك نوسین : عەبدولقادر بەرزنجی» • لـەگەڵ «ژین»ەکەی پیرەمێـرد جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نی‌یە • (٤٢ × ٢٨ سم)ە •

« کوردستان »
؟
ژمارە یەکی : ریبەندانی ١٣٤٩ ، ژانویەی ١٩٧١

لە ژێرەوەی ناوی رۆژنامەکەدا نوسراوە : «ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان»ە (٤٢ × ٣٠ سم)ە •

« رێگای یەکیتی »
؟
ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٧١

لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە دەی سالی یەکەمی (ژانیومری ١٩٧٢) ئەم ئاگاداری‌یە بلاوکراوەتەوە : « ئاگاداری : رۆژنامەی رێگای یەکیتی بە - زوبان بلاو ئەبێتەوە : فارسی و تورکی ــ ئازەربایجـانی و کوردیٚ » • لـە ژمارە یازدەیەوە (شوباتی ١٩٧٢) لە ژێرەوەی ناوی رۆژنامەکەدا نوسراوە «یەکیەتی ــ تێکۆشان ــ سەرکەوتن • رۆژنامەیەکی مانگانەیە» • لە ژمارە ٢٠یەوە (کانونی یەکەمی ١٩٧٢) لای راستی ناوی رۆژنامەکەوە نوسراوە « رێگای یەکیتی بە زوبانی میللەتە مەزنەکانی ئێران دەردەچێت کە کورد و فارس و تورکی ئێرانی و عەرەب و بلوجن» • دوا ژمارەی کە من دیومـە ژمارە سێویەکە کە «سالی سێیەم ، ئابـانی ١٩٧٣»ی لەسـەر نوسراوە • (٤١ × ٢٩ سم)ە •

« دەنگی فەلاح »
ــ « صوت الفلاح »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٠ی مایسی ١٩٧١

بەشێکە لە رۆژنامەی «صوت الفلاح» کە «یەکیەتی گشتی جوتیارانی

عێراق» دەری‌دەکات • ئـەم بەشـە کوردی‌یـەی لە ژمـارە ۱۲۱یەوە دەستی‌پێ‌کرد •

« برایەتی »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ۱۱ ئەیلولی ۱۹۷۱

پاشکۆی «التآخی» بو • سەرنوسەری : دارا توفیق • رەمزی قەزاز سەرپەرشتی دەکرد • تا وەستانی (۱۸ی مارتی ۱۹۷۲) ۱۷ ژمارەی لێ‌دەرچو •

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە یەکی : ۲٦ی مایسی ۱۹۷۲

پاشکۆیەکی‌تری رۆژنامەی «التآخی»یە •

« بیری نوێ »
بەغدا
ژمارە یەکی : ۱۷ی حوزەیرانی ۱۹۷۲

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «خاوەنی ئیمتیاز فەخری کەریم زەنگەنە ، سەرنوسەر و لێپرسراو : دە حسەین قاسم عەزیز» • ئۆرگانی ئاشـکرای پارتی کۆمۆنیستی عیراقە • سەرەتا بارستی (۵۷ × ۳۳ سم) بو ، لە ژمارە ۸۰یەوە بوە (٤٦ × ۳۲ سم) و لە ژمارە ۱۲۷یەوە بوە (٤۲ × ۳۰ سـم) و ئینجا (٤٥×٥۸ سم) و ئیستـەش (٤۱×۲۹ سـم)ە • پاشـکۆی عەرەبی رۆژنامەی هەفتەیی (الفکر الجدید)ە •

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە سفری : سێ‌شەممەی ۱ی کانونی دووەمی ۱۹۷٤

خاوەن ئیمتیاز : حەبیب محەممەد کەریم • سەرنوسەر : دارا توفیق • ژمارە یەکی ۱۰ لاپەڕەیە • (٤۱×۲۹ سم)ە •

« برایەتی »

بەغدا

ژمارە یەکی : پێنج شەممەی ١٥ی مایسی ١٩٧٥ (٢٦٧٥ی کوردی)

خاوەنی ئیمتیاز عەزیز عەقراوی • لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە «پاشکۆی رۆژنامەی التاخی یە بە زمانی کوردی » ، ٨ لاپەڕەیە • چەند ژمـارەیەکی لێدەرچو و وەستا • (٢٨×٤٠ سم)ە •

★ ★ ★

پاشکۆی دووەم

ناو و شوێن و کاتی دەرچوونی گۆڤارە کوردییەکان

« رۆژی کورد »
ـ « هەتاوی کورد »
ئەستەمۆل
هاوینی ۱۹۱۳

ئۆرگانی کۆمەڵەی «هیڤی کورد» بو ، ژمارە ۳ی یەکی ئـاب و ژمارە ٤ی ۳۰ی ئابی ۱۳۲۹ ، واتە ۱۹۱۳ دەرچون ، بە کوردی و تورکی بـڵاو دەبۆوە ، دوایێ ناوی گۆڕرا بە «هەتاوی کورد» و ئەویش چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو و بەهۆی دەستپێکردنی شەڕەوە داخرا .

« یەکبوون »
ئەستەمۆل
نیوەی دووەمی ســالی ۱۹۱۳

ژمارە ۲ی رۆژی ۱۹ی ئەیلول و ژمارە ۳ی رۆژی ۳۰ ئەیلولی ۱۳۲۹ (۱۹۱۳) دەرچون ، بە کوردی و تورکی بڵاو دەبۆوە ، چەند ژمـارەیەکی کەمی لێ دەرچو ، دوور نییە بەهۆی دەستپێکردنی شـەڕی یەکەمـەوە داخرابێ .

« بانگی کورد »
بەغدا
ژمارە یەکی : ۱۲ی (ربیع الاول)ی ۱۳۳۲ ، ۸ی شوباتی ۱۹۱٤

جەمالەددین بابـان بە کوردی و تورکی بـڵاوی دەکردەوە ، چەنـد

ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچو ٠ لەگەڵ دەستپێکردنی شــەڕی یەکەم ە دەرچون وەستــا ٠

« کوردستان » (*)
سابلاغ (مەهاباد) یان ورمێ (رەزائیە)
ژمارە یەکی : نیسانی ١٩١٤

میسیاتێرە پرۆتستانتی‌یەکان دەریاندەکرد ٠ مینۆرسکی کە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەی هەبو دەڵێت لە سابلاغ چاپدەکرا ، بەڵام گومان دەکرێ ئەوت مەهاباد چاپخانەی خۆی هەبوبێ ٠ جگە لەوە مەڵبەندی چالاکێ زوربــەی میسیاتێرەکانی ئەو ناوچەیە ورمێ بو کە هەر لە زوەوە چــاپخانەی خــۆی هەبو ٠ وا دیارە چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە ٠

« کوردستان » (*)
حەلەب
ژمارە یەکی : سالی ١٩١٥ (؟)(٩)

« ژین »
ئەستەمۆل
ژمارە یەکی : یەکسەر دوای شەڕی یەکەم (١٠)

ژمارە ٦ی رۆژی ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤ی لەســەر نوسراوە کە دەکاتە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ ٠ بەو ژمارانــەدا کە مــن دیومــن وا دەردەکەوێ مانگی ٣ تا ٤ ژمارەی لێ دەردەچو و هەر ژمارەیەی ١٥ تا ٢٠ لاپەڕە دەبو ٠ بەکوردی و تورکی چاپ دەکرا ٠ خاوەن ئیمتیاز و لێپرسراوی ئەشرەف حەمزە و دوای ئەو مەمدوح سەلیم بو ٠ گۆڤارێکی دەوڵەمەندە ٠

---

(٩) دەربارەی بڕوانە : محەممەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو ٠
(١٠) دوور نی‌یە ژمارە یەکی تەشرینی یەکەم یا دووەمی ١٩١٨ دەرچوبێ ٠

« کوردستان »
ئەستەموڵ
ژمارە یەکی : ٣٠ی کانونی دووەمی ١٣٣٥ (١٩١٩)

ژمارە یەکی ٢٨ی «ربیع الاخر»ی ١٣٣٧یشی لەسەر نوسراوە ۰ سەید حەمین ناو بەرپرسیاری بو ۰ لە چاپخانەی «نجم استقبال» چاپ دەکرا ۰ بە بەرست گەورەیە (١٩×٢٧ سم) ۰ لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا بە تورکی نوسراوە کە «تەنها سیاسەت ئەبێ ئیتر گشت باسێك بەھەر زمانێك بێ حەفتەی جارێك بڵاوی دەکاتەوە» ۰ بەڵام بەو ژمارانەیدا کە من دیومن وا دیارە هەر دوو حەفتە جارێك ژمارەیەکی لێ دەردەچو ۰ بە پێنج زمان : کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی وتاری بڵاودەکردەوە ۰ دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە ١٩ی سالی دووەمی لەسەر نوسراوە کە رۆژی ٢٩ی مارتی ١٣٣٦ (١٩٢٠) ، ٧ی رەجەبی ١٣٣٨ی لەسەر نوسراوە ۰ ئەو ١٩ ژمارەیە بەسەر یەکەوە ٢٥٦ لاپەڕەن ۰ گۆڤارێکی رێکوپێکە و گەلێك ژمارەی بە وێنەی ناودارانی کورد رازێنراوەتەوە ۰ زۆر جار گۆڤاری «ژین» لە دوا لاپەڕەیدا هەواڵی دەرچون و ناوەرۆکی ئەم گۆڤارەی رادەگەیاند ۰

« دیاری کوردستان »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١١ی مارتی ١٩٢٥

صالح زەکی صاحێبقڕان بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەری‌دەکرد ۰ تا وەستانی (مایسی ١٩٢٦)تەنها ١٦ ژمارەی لێ دەرچو ۰ دوا ژمارەی کە من دیومە سیازدەو چواردەیە کە بەسەر یەکەوە ٤٠ لاپەڕەیە ۰ زوربەی ژمارەکانی‌تری ٢٤ لاپەڕەن ۰ گۆڤارێکی دەولەمەندە ۰ لە بەغدا بە ٣ و لە دەرەوەی بە ٤ عانە بو ۰ (١٦×٢٢ سم)ە ۰

« زاری کرمانجی »
رەواندز
ژمارە یەکی : ١٢ی «ذو القعدە»ی ١٣٤٤ ، ٢٥ی مایسی ١٩٢٦

لە رەواندز لە «چاپخانەی زاری کرمانجی» چاپ دەکرا • لەم لاو ﺤﻴ لای ناوەکەیەوە نوسراوە : « خاوەن و مدیر سید حسـین موکریـانی» . «مدیری ادارە عبدالرحمن» • لە ژێری‌یەوە نوسراوە : «گۆڤارێکی اجتمعی تاریخی فنی ادبی مانگی‌یە» • زوربەی ژمارە زووەکانی ٢٠ تا ٢٤ لاپەڕەن و ئەوانی تر ١٢ تا ١٦ لاپەڕەن (٢٨×٢٠ سم)ە • تا ژمارە ٢٢ی ئەم گۆڤارە دیوە کە ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠ دەرچووە و ١٦ لاپەڕەیە • بـەپێی وتـارێکی «هەتاو» ئەم گۆڤارە تا سالی ١٩٣٢ ژیاوە و ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە (١١) .

وتارەکانی ئەو ٢٢ ژمارەیەی من دیومن هەمەجۆرن (مێژو ، ئەدەب . پەخشان ، دەنگوباس ... هتد) و ناوی کەسیان بەسەرەوە نی‌یە یەك دوو جێ نەبێ کە ناوی (خدۆك) و (داماو) هاتووە • (داماو) نازنـاوی موکریـانی خۆیەتی •

« پەیژە »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٩٢٧

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «ئەدەبی ، ئیجتیمـاعی‌یە بەکوردی بـۆ کوردایەتی ئەدوێ • دانەری مستەفا شەوقی» • نـاوەرۆکی بریتی‌یـە لـە ژمارەیەك وتار و شیعر کە لەوە دەچێ هەموی مستەفا شەوقی خۆی نوسیبێ• کوردی‌یەکەی ریکوپێك و رەوانە • هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچو • زیاتر لەو نامانە دەکات کە دەستەی «الاهالي» دەریان دەکرد (١٢) • ئەو ژمارەیەی

---

(١١) بڕوانە : «هەتاو» ، ژمارە ١٨٦ ، ئەیلولی ١٩٦٠ ، ل ٧ .

(١٢) لەم لیستەیەدا ناوی چەند بەرهەمێکی‌تری لەم بابەتە هـاتووە کە لـە راستیدا کۆمەلە بەرهەمن و لە شێوەی گۆڤاردا بلاوکراونەتەوە .

«پەڕە» ٤٤ لاپەڕەیە ، بەڵام بە بارست پـچوکترین گۆڤـاری کوردی یـە (١٨ × ١٢ سم) •

« هـاوار »
شـام
ژمارە یەکی : ١٥ی مایسی ١٩٣٢

جەلادەت بەدرخان بلاوی دەکردەوە • سـالی یەکەم ٢٠ ژمـارەی لێ دەرچو ، ئەو ژمارانە لەگەڵ ٣ ژمارەی سالی دووەمی بە پیتی هیجا و لاتینی چاپکراون ، لە ژمارە ٢٤یەوە (١ی نیسـانی ١٩٣٤) هەموی تەنها لاتینی یە • تا ئیستە بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی یە : یازدە ساڵ ژیا و تا ١٥ی ئـابی ١٩٤٣ (٥٧) ژمارەی لێ دەرچو کە بەسەر یەکەوە ٨٠٨ لاپەڕەن • یەکێکە لە گۆڤارە کوردی یە دەوڵەمەندەکان • نوسـەرانی کوردی عـیراق گەلێـک بەرهەمی نایابیان تێدا بلاوکردۆتەوە ، تایبەت لە ٢٣ ژمارەی یەکەمیـدا • (٢٨ × ٢٠ سم)ە •

« رونـاکی »
(ROONAKI)
هەولێر
ژمارە یەکی : ٢٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩٣٥

خاوەن و بەرپرسیاری : پارێزەر شیت مستـەفا • لەژێر نـاوەکەیدا نوسراوە : «گۆوارێکی هەفتەیی ، علمی ، اجتمـاعی ، ادبی کوردی یە» • لەسەر بەرگی پشتەوەی نوسراوە : «روناکی بە دلێکی بـاش بۆ یەکیـەتی عیراقی دەکۆشێ ، روناکی ئەدەبیات و زانستی کورد کۆدەکاتەوە ، روناکی بیرەوەری بۆ کورد دەکات ، روناکی رەوشت و خوی کورد تازە دەکاتەوە ، روناکی ناوی ناودارانی کورد بەخێو دەکا ، روناکی گۆوارێکە لە ژمارەکانیدا دیوانی ئیستا و رابوردو و فەرهەنگ و شێوەی کورد و زانستی اجتماعیات نەشر دەکا» • ١٦ لاپەڕەیە (٢٨×٢٠ سم)ە • بەشێکی زۆر لە وتارەکانی

حسەین حوزنی موکریانی نوسیونی ۰ دلدار ، راست ، مەحمود فەهمی ۰ س۰ ناکام ، رەشۆ ، وریا ، محەمەد عەلی کوردی ، هیجری دەدە ، یونس مستەفا ، هەوری و بێخود لە نوسەرانینی ۰ ژمارەیەك قوتابی تازەپێگەیشتو بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە ۰ ژمارە یەك و دوی لە مۆسڵ لە چاپخانەی «الموصل الحدیثة» چاپکراوە ، لە ژمارە سێیەوە لە رەواندز لە «چاپخانەی زاری کرمانجی» چاپکراوە ۰ هەموی بەسەر یەکەوە ۱۱ ژمارەی لێ دەرچو ۰ دوا ژمارەی : ۱٦ی مایسی ۱۹۳٦ ۰

« زانستی »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ۲٥ی شوباتی ۱۹۳۸

مامۆستا صالح قەفتان سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد ۰ هەر ئەو سەردەمە کۆمەڵ و قوتابخانەی «زانستی» لە سلێمانی هەبو ۰ زۆر نەژیا ۰

« گەلاوێژ »
بەغـدا
ژمارە یەکی : کانونی یەکەمی ۱۹۳۹

خاوەن و بەرپرسیاری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنوسەری مامۆستا عەلائەددین سەجادی بو ۰ دوای «هاوار» بەتەمەنترین گۆڤاری کوردییە : دەوروبەری ۱۰ ساڵ ژیا ۰ دوا ژمارەی ئابی ۱۹٤۹ دەرچو ، دوای ئەوە داخرا ۰ یەکێکە لە گۆڤارە بەرزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی ۰ (۲۱ × ۱٤ سم)۰ ۰

« روناهی »
(RONAHI)
شـام
ژمارە یەکی : ۱ی نیسانی ۱۹٤۲

جەلادەت بەدرخان بە ئەلفبای لاتینی دەری‌دەکرد ۰ گۆڤارێکی مانگانە

و • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ هەواڵەکانی شەڕ تەرخان کراوە • لە هەمــو
ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیی زیاتر وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە ئەوانیش
بریــن روداوەکانی شەڕ نیشان دەدەن • لە زۆر رووەوە «رونــاهی» لــە
«دەنگی گیتی تازە» دەکات • لەگەڵ تەواوبونی شەڕ ئەمیش وەستا • تــا
سەرەتی ١٩٤٥ (٢٨) ژمارەی لێدەرچو کە بەســەر یەکەوە ٥٨٤ لاپــەڕەن •
(٢٠×٢٨ سم)ە •

« نیشتمــان »
تەوریز
نــاوەندی ساڵی ١٩٤٣

ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ•ك•» بو • لە تەوریز بە دزی‌یەوە لە چاپخانەی
کاپرایەکی ئەرمەنی چاپدەکرا • ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی بەسەر یەکەوە دەرچون و
خەکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣یان لەســەر نوسراوە کە دەکەنــە
مارت و نیسان و مایسی ساڵی ١٩٤٤ • ئەو سێ ژمارەیە بەسەر یەکەوە ٣٢
لاپەڕەن و ٢٠ باسی هەمەجۆریان تێدایە • بارستی (١٧×٢٢ سم)ە • دوای
روخانی کۆماری مەهاباد مامۆستا زەبیحی بە نهێنی ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیەکی تری
«نیشتمان»ی لە عیراق دەرکرد کە وەك خۆی دەڵێت ٢٤ لاپەڕە بو •

« دەنگی گیتی تازە »
بەغــدا
١٩٤٣

سەرەتا (لە نیسانی ١٩٤٣وە) وەك پەخشە دەردەچو ، لە تەشرینی یەکەمی
هەمان ساڵەوە بووە گۆڤار • تا ساڵی ١٩٤٧ ژیا • لەگەڵ ئەوەش کە ئینگلیز
بۆ کاری پڕۆپاگەندەی خۆیان لە ســاڵەکانی شــەڕی دووەمی جیهــاندا
دەریان‌دەکرد بەڵام پڕە لە وتار و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی بایەخدار • لــە
ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نــوسراوە : «ئەدەبی ، خوێنــەواری ، زمــانی ،
اجتماعی ، پەیامی ، هەفتەیی ــ کوردی‌یە» • (٢٨×٢٣ سم)ە •

« رۆژا نو »
(ROJA NO)
بێروت
ژمارە یەکی : مایسی ١٩٤٣

بە پیتی لاتینی و شێوەی کرمانجی ژورو دە کامەران عالی بەدرخـان بلاوی‌دەکردەوە و جەلادەت بەدرخانی برای یاریدەی دەدا • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ باسی روداوەکانی شەڕی دووەم تەرخان کراوە • وێنەی زۆری تێدایە • چەند سالێکی کەم ژیا (تا دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەم) •

« ستێر »
(STER)
شــام
ژمارە یەکی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣

بە پیتی لاتینی و شێوەی کرمانجی ژورو دە کامەران عالی بەدرخـان بلاوی دەکردەوە ، جەلادەت بەدرخانی برای یاریدەی دەدا • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ باسی روداوەکانی شەڕی دووەم تەرخان کراوە • جاروبـار بە فەرەنسیش نوسینی بلاودەکردەوە • تا دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەم ژیا •

« هاوار »
ـ « هاواری کورد »
مەهاباد
ژمارە یەکی : رەزبەری سالی ١٣٢٤ ، ئەیلول ـ تەشرینی یەکەمی ١٩٤٥

لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها «هاوار» و لەسەر بەرگی دووەمی «هاواری کورد» نوسراوە • ژمارە یەکی ٣٠ لاپەڕەیە • (٢٠ × ١٤ سم)ە •

« کوردستان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ، ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥

بلاوکەرەوەی بیری پارتی دیموکراتی کوردستان بو • تا کۆتایی سالی

۱۹٤٥ چەند ژمارەیەکی لێ دەرچو • ژمارە یەك و دوّی هـەر یەکەیـان ۲۰ لاپەڕەیە • ژمارە سێ و چواری هەر یەکەیان ۳۸ لاپەڕەیە • ژمارە ٦ و ۷ی پێکەوە دەرچون و بەسەر یەکەوە ٦۰ لاپەڕەن • (۲۱٫٥×۱٤ سم)ە •

« ئاوات »(*)
مەهاباد
سالی ۱۹٤٥

گۆڤارێکی وێژەیی ـ زانستی ـ کۆمەڵایەتی بو • تەنها ۳ (؟) ژمارەی لێ دەرچـو •

« هەڵاڵە »
بۆکان
ژمارە یەکی : رەشەمێی ۱۳۲٤ ، سەرەتای مارتی ۱۹٤٦

ژمارە یەکی ۳۰ لاپەڕەیە • لەسەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا دیسان ناوی گۆڤارەکە چاپکراوە و لە لای سەرەوەی نوسراوە :

بـا بەرێ بۆنی «هـەڵاڵە» و بەیـون
ئـابڕوی عەتـری گـوڵی کاشـانی

چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچو • (۲۳×۱٥ سم)ە •

« هاواری نیشتمان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : ۱ی خاکەلێوەی ۱۳۲٥ ، ۲۱ی مارتی ۱۹٤٦

لەسەرەوەی لاپەڕە یەکییەوە نوسراوە : «بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتی جەوانانی دیموکرات » • ژمارە یەکی ٤۰ لاپەڕەیە • (۲۲×۱٤٫٥ سم)ە •

« گرۆگاڵی منداڵانی کورد »
مەهاباد
بەهاری ۱۹٤٦

ژمارە ۲ی یەکی جۆزەردان و ژمارە ۳ی یەکی پوشپەڕی ۱۳۲٥ ، ۲۱ی

مایس و ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ دەرچون • قادری مودەریسی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد • وا دیارە تەنها ئەو سێ ژمارەیەی لێ دەرچووە • (٥ر٢٢×١٥ سم)ە •

« ئاگا و رودلوی هەفتەیی »
بەغـدا
ژمـارە یەکی : ١٩٤٦ (؟)

لە ژێر ناوەکەیـدا نوسراوە : « لە لایـەن کاروبـاری ئـاڵوگۆڕی خوێندەواریی ئەمەریکا لە بەغدا دەرئەهێنرێ » • پتر لە ٢٠٠ ژمـارەی چ دەرچو • دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە ١٩٣یە و ٨ی حوزەیرانی ٩٥٣ دەرچووە ، ٢٠ لاپەڕەیە • (١٦×٢١ سم)ە •

« نزار »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ٣٠ی مارتی ١٩٤٨ •

مامۆستا عەلائەددین سەجادی بە کوردی و عەرەبی بڵاویدەکردەوە • تا داخستنی (١٥ی شوباتی ١٩٤٩) ٢٢ ژمارەی لێدەرچو •

« ئێرە بەغدایە »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ساڵی ١٩٥٠ (؟)

مانگی جارێك کارگێڕی گشتی ئاراستە و ئێزگە (مديرية التوجيه والاذاعه العامه) بە عەرەبی و کوردی بڵاویدەکردەوە ، تا شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ ژیا •

« خۆرنشین »(*)
مەهاباد
١٩٥١

بە کوردی و فارسی دەردەچو • دەوروبەری ساڵێك ژیاوە •

« پەیام »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٩٥٢

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی خوێندەواریی هەفتەیی‌یە لە لایەن کاروباری ئالوگۆڕی خوێندەواریی ئەمەریکاوە دەرئەهێنرێ»• پتر لە ٢٠٠ ژمارەی لێ‌دەرچو • دوا ژمارەی کە من دیومە ١٢ی نیســـانی ١٩٥٤ دەرچووە • (٢١×١٥ سم)ە •

« راویژ »(*)
ئێران
١٩٥٢ (١٣)

« هەتاو »
هەولێر
ژمارە یەکی : شەممەی ١٥ی گولان (مایس)ی ١٩٥٤

لە ژێر ناوی ژمارە یەکیدا نوسراوە :«گۆڤـــارێکی کوردی وێـــژەیی (ادبی)یە ، جارێ هەر لە پازدە رۆژاندا جارێکی پەخش دەکرێت» • خاوەن و سـەرپەرشتی‌کەری مامۆستا گیو موکریانی بو • پارێزەران ئیبراهیم عەزیـــز دزەیی و محەمەد شەهاب دەباغ ناویان لە دەرکردنی «هەتاو»دا هـــاتووە • ژمارەیەك نوسەری کوردی ناوداری دەرەوەی عـــیراق بەرهەمیـــان تێـــدا بڵاوکردۆتەوە • تا وەستانی (تەشرینی دووەمی ١٩٦٠) ١٨٨ ژمارەی لـــێ دەرچو • (٢٠×١٣٫٥ سم)ە •

« هیـوا »
بەغـدا
ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٥٧

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە : «گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی‌یـــە

---

(١٣) لەوە دەچێت ئەم جۆرە گۆڤارانەی ئێران بەنهێنی دەرچوبن .

مانگی جارێك دەرئەچێ» • خاوەنی ئیمتیازی یانەی سەرکەوتن و ، مودیری مەسئۆلی تا ژمارە (٨)ی سالی (٢)ی حافز مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرەمەچی بۆ • زوربەی ژمارەکانی لە ٨٠ لاپەڕە زیاترن • شوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٢١ × ١٤ سم)ە •

« شەفەق »
ـ « بەیان »
کەرکوك
ژمارە یەکی : ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٨

خاوەن و سەرنوسەری : عەبدولقادر بەرزنجی • بە کوردی و عەرەبی دەردەچو • لە سەرەتای سالی ١٩٥٩دا گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و ناوی بووە «بەیان» و مامۆستا گۆران سەرپەرشتی دەکرد • بووە ئۆرگانی ئاشتیخوازان • پاش ماوەیەك دیسان گواسترایەوە کەرکوك و ناوەکەی جارانی وەرگرتەوە • سەرەتای سالی ١٩٦٣ داخرا •

« پێشکەوتن »
ـ « التقدم »
بەغدا
ژمارە یەکی : ٢٨ی شوباتی ١٩٥٨

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە «گۆوارێکی هەفتەیی گشتییە ـ مجلة اسبوعية عامة باللغتين الكردية والعربية » • دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و لە ژمارە ٦٥یەوە بووە رۆژنامە • شوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٤٢×٢٩ سم)ە • بڕوانە : «پێشکەوتن» لە پاشکۆی ناوی رۆژنامەکاندا •

« کوردستان »
((KURDISTAN)) —
سانترلاند
(ئینگیلتەرە)
ژمارە یەکی : مارتی ١٩٥٨

ناو بە ناو بە چەند زمانێك «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا»

ڵاوی دەکردەوە • ژمارە ٢ و ٣ی لە پۆرتسمۆث و ژمارە ٤ی لە لەنـدەن چپکراون • ژمارەیەکی تایبەتی بە زمانی عـەرەبی بە بۆنـەی بەسـتنی «کۆنگرەی خوێندکارانی عەرەب»ەوە لە ئەوروپا بڵاوکردۆتەوە • هەر لەو ژمارەیەدا نامەیەکی سەرۆك عەبدولناصر بڵاوکراوەتەوە کە بۆ دارا تۆفیـقی ناردووە • عومەر رەمزی مەلا مارف و صەلاح سەعدوڵلا و فوئادی صالحی رەشە و زاهیر حسەین و کەمال فوئـاد دەوری چالاکیـان لە دەرکردنـیدا بینیوە • گۆڤارێکی پڕ لە بەڵگە و دەولەمەندە • بارستی زوربەی ژمارەکانی (٢٦ × ٢٠ سم)ە •

« نیشتمان »

سلێمانی

ژمارە یەکی : مارتی ١٩٥٩

دەستەیەك مامۆستا و قوتابی «دار المعلمین»ی سلێمانی دەریاندەکرد و تەنها ئەو ژمارەیەی لێ بڵاوبۆوە •

« رزگاری »

بەغـدا

ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٥٩

ئۆرگانی ئاشکرای «پارتی دیموکراتی کوردسـتـان» بو • تەنهـا دوو ژمارەی لێدەرچو • سەرنوسەری : صالح حەیدەری بو •

« نەورۆز »

سلێمانی

ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٥٩

پارێزەر کەمالی میرزا کەریم دەریدەکرد ، سێ مانگ لەسـەر یـەك دەرچو و ئیتر وەستـا •

« ئافرەت »
بەغـدا
ژمارە یەکی : مایسی ١٩٥٩

ئۆرگانی یەکیەتی ئافرەتانی عیراق بو، بە کوردی و عەرەبی بڵاودەبۆوە تا ئابی ١٩٦٣ پازدە ژمارەی لێ‌دەرچو .

« بلێسە »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ئابی ١٩٥٩

لە ساڵ کەمتر ژیا . نەقابەی مامۆستایان ــ لقی سلێمانی دەری‌دەکرد . وتارەکانی بۆ باسی ئەدەب و مێژو و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە باسانە تەرخان کرابون . (٢٣٫٥×١٦٫٥ سم)ە .

« هیوای کوردستان »
سلێمانی
ژمارە یەکی : تەشرینی دووەمی ١٩٥٩

لەسەر دوا لاپەڕەی لە ژێرەوە نوسراوە : « هیوای کوردستان گۆڤارێکی وێژەیی و کۆمەڵایەتی قوتابیانە مانگی دو جار دەرئەچێت . یەکیەتی قوتابیانی سلێمانی دەری ئەکات . لە چاپخانەی ژین چاپ ئەکرێت» . شەش لاپەڕەیە . دەوروبەری ساڵێك ژیا و ١٢ (؟) ژمارەی لێ‌دەرچو . لە شێوەی رۆژنامەدا چاپ دەکرا (٤١×٢٩ سم)ە .

« دەنگی قوتابیان »
بەغـدا
١٩٥٩

ئۆرگانی یەکیەتی قوتابیانی گشتی عیراق بو . هەر ئەو ساڵە ژیا و چوار (؟) ژمارەی لێ دەرچو . یەکێك لە ژمارەکانی دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ بە تەنها دەری‌کرد .

« دەنگی قوتابیان »
کەرکوك
١٩٥٩

بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی لقی یەکیەتی قوتابیانی عیراق لـە کەرکوك بڵاوی‌دەکردەوە . هەر ئەو سـاڵە ژیا و چەند ژمـارەیەکی کەمی (٣ ؟) لێ بڵاوبۆوە .

« هونەر » (*)
سلێمانی
١٩٥٩

قوتابخانەی ناوەندیی هونەری ناو ماڵ بلاوی کردۆتەوە . وا دیارە تەنها ژمارەیەکی لێ‌دەرچووە.

« رۆژی نوێ »
سلێمانی
ژمارە یەکی : مارتی ١٩٦٠

خاوەنی : پارێزەر جەمال شالی ، سەرنوسەری : کامەرانی شاعیر . تا وەستانی (ئەیلولی ١٩٦١) رێکوپێك مانگی ژمارەیەکی لێ‌دەردەچو . هەموی بەسەر یەکەوە ١٨ ژمارەی لێ بڵاوبـۆوە . یەکێـکە لە گۆڤـارە هـەرە دەوڵەمەندەکانی کورد . (٥ر٢٤×١٧ سم)ە .

« چارەسەرکردنی کشتوکاڵ »
ـ « ئیسلاحی زەراعی »
ـ « الاصلاح الزراعي »
بەغـدا
ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٦٠

گۆڤارێکی مانگانە بو ، وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ساڵی ١٩٥٩ وە دەری‌دەکرد. بەشێکی بە کوردی بو. لە ژمارە دووەوە ناوی بەشی کوردی‌یەکەی بووە «ئیسلاحی زەراعی» . تا وەستانی (تەشرینی دووەمی

١٩٦٢) تەنها ١٢ ژمارەی لێدەرچو • محەمـەدی مەلاکەریم سەرپەرشـتی بەشی کوردی‌یەکەی دەکرد •

« عـیراقی نوێ »

بەغـدا

ژمارە یەکی : تەشرینی یەکەمی ١٩٦٠

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی نیگارینی مانگانەیە وەزارەتی ئیرشاد دەری دەکا » • دوّ ساڵ ژیا و ٢٤ ژمارەی لێدەرچو • فاروق مستەفا رەسـوڵ و محەمەدی مەلا کەریم دەیـانکرد بە کوردی و سـەرپەرشتی دەرهێنانیان دەکرد • (٢٨×٢١ سم)ە •

« ژیـان »

هەولێر

ژمارە یەکی : تەشرینی دووەمی ١٩٦٠

ئۆرگانی یەکیەتی قوتابیانی گشتی عیراق ـ لقی هەولێر بو • تەنها دوّ ژمارەی لێدەرچو •

« ئەدیبی عیراقی »

بەغـدا

ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٦١

ئۆرگانی «یەکیەتی ئەدیبانی عیراقی» بو • یەك ژمارەی لێدەرچو • دەستەی نوسەرانی : دە پاکیزە رەفیق حیلمی و عەبدولڕەزاق محەمـەد و تۆفیق‌وردی • پاشکۆی گۆڤاری «الادیب العراقی» بو •

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : ١٠ی شوباتی ١٩٦٢ (؟)

شارەوانی هەولێر وەك پەخشە بڵاوی‌دەکردەوە .

« دەنــگ » (*)
ئەستەمۆڵ
ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٦٣ (؟)
« تۆتن »
ـ « التبوغ »
بەغـدا
ژمارە یەکی : تەشرینی دووەمی ١٩٦٣

هەر سێ مانگ جارێك بە عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی دەردەچو . سەرەتا عادل موختار و پاشان محەمەدی مەلا کەریم و دوا ژمارەشی فــازیلی مەلا مەحمود سەرپەرشتی بەشی کوردی‌یەکەیان ئەکرد . لەسەر دوا بەرگی چەند ژمارەیەکی نوسراوە : «گۆڤاری بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری تۆتن»ە . دوا ژمارەی لە مارتی ١٩٧٢دا دەرچوە . (٢١×٢٨ سم)ە .

((The Kurdish Journal))
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا
ژمارە یەکی : ١٩٦٣ (؟)

ژمارە یەك و دوّی بەرگی پێنجەمی پێـــکەوە دەرچـــون و مـــارت و حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٨یان لێ نوسراوە و ٤٠ لاپەڕەن . (٢١،٥×٢٨ سم)ە .

« دەنگی تازە » (*)
ئەستەمۆڵ
ژمارە یەکی : ١٩٦٦ (؟) (١٤)

---

(١٤) دەربارەی بڕوانە : جمال خزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل٩٤ .

« پرشنگ »
ئەوروپـا
ژمارە یەکی : حوزەیرانی ١٩٦٦

لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی وێژەیی زانستی کۆمەڵایەتی‌یە» لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا دەرئەچێت» • دوکتۆر کەمال فوئاد سەرپەرشتی دەکرد • تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچو (ژمارە دوی ئابی ١٩٦٧) • دەستەیەك خوێندکاری کورد وتـار و چـیرۆك و شـیعری نیشتمانی‌یان تێدا بڵاوکردۆتەوە • ژمارە یەکی ٢٤ و ژمارە دوی ٢٨ لاپەڕەیە• لە ژمارە یەکیدا ٧ و لە ژمارە دوێـدا ١٢ وتـار و چـیرۆك و هەڵبـەست بڵاوکراوەتەوە • دوا لاپەڕەی ژمارە دوی وتـارێکی کورتـە دەربـارەی ئـەحمەدی خانی کە بە پیتی لاتینی چاپکراوە • (٢٤×١٨ سم)ە [١٥] •

« رابەر »
سلێمانی
ژمارە یەکی : نیسـانی ١٩٦٦

قوتابخانەی مەلکەندی دەری‌دەکرد • دەستەی نوسەرانی : مستەفـ صالح کەریم (سەرنوسەر) ، فوئاد محەمەد ئەمین و رەوف ئەحمەد حەسەن • تا سالی ١٩٦٨ سێ ژمارەی لێ‌دەرچو •

((Yeni Akish))
ئەنقەرە
ژمارە یەکی : ١٩٦٦ (؟)

« یەنی ئەکیش » واتە «شەپۆلی نوێ» • گۆڤـارێکی چـەپڕەوە • لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە گۆڤارێکی روناکبیری مـانگانەیە • ژمـارە ٣ و چواری کە من دیومن هەمان سال دەرچون و وتارەکانی هەردوکیان بە تورکی

---

(١٥) سوپاسی دوکتۆر کاوس قەفتان دەکەم کە هەردو ژمارەکەی «پرشنگ»ی دامێ •

چپکراون تەنھا دوا لاپەڕەیان نەبێت کە بریتییە لە شیعری کوردی •
(٢٠×٢٨ سم)ە •

« گزنگ »
ـ « بزوغ »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ١٩٦٧

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی ساڵانەیە ، قوتابخانەی مەناری کوڕان دەری ئەهێنێت» • «گۆڤارێکی زانیاری و کۆمەڵایەتییە» • دەستەی نوسەرانی : عەبدولکەریم محەمەد باراوی و عەبدولکەریم صالح زەندی و محەمەد صالح سەعید و عەبدولقادر مەلا عومەر و عەبدولمەجید محەمەد کەریم و عەبدولسەمیع ئەحمەد بون • وا دیارە هەر ئەو ژمارەیەی لێدەرچووە کە ٤٨ لاپەڕەی بە کوردی و ١٨ی بە عەرەبییە • (١٦×٢٢ سم)ە •

« سلێمانی »
سلێمانی
ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٦٨

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی • مانگی جارێك دەرئەچێ» ، «دەستەی نوسەرانی: بەڕێوەبەری شارەوانی ، محەمەد مستەفا کوردی ، موحەڕڕەم محەمەد ئەمین ، جەمال شالی ، نوری وەشتی ، مەحمود زێوەر » • چەند ساڵێك ژیا • (٥ر٢٠×٥ر١٤ سم)ە •

« کاری میللی »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ١١ی تەشرینی دووەمی ١٩٦٨

وەزارەتی ئیرشاد بڵاوی‌دەکردەوە ، تا وەستانی (تەموزی ١٩٦٩) ١٦ ژمارەی لێدەرچو • پاشکۆی کوردی گۆڤاری (العمل الشعبی) بو •

« رزگاری »

سلێمانی

ژمارە یەکی : یەك شەممەوی ۲۰ی نیسانی ۱۹٦۹

لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی‌یە» • خاوەنی ئیمتیاز : نەوشیروان مستەفا ، سەرنوسەر : پارێزەر شازاد صائب • تـ وەستانی (مارتی ۱۹۷۰) پازدە ژمارەی لێ‌دەرچو • (۲۰×۲۷ سم)ە •

« بەیان »

بەغـدا

ژمارە یەکی : تەشرینی دووەمی ۱۹٦۹

سەرەتا لە ژێر ناوەکەیدا نوسرابو : «گۆڤـارێکی وێژەیی و هونەری گشتی‌یە وەزارەتی راگەیاندن مانگی جارێ دەری‌ئەکات»• « بەرپرسیـار : دوکتور ئەکرەم فازڵ ، سکرتێری نوسین جەلالی میـرزا کەریـم » ، پـاش ماوەیەك مستەفا نەریمان بووە سکرتێری • دوایی وای لێ‌هات : « گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی‌یە دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی مـانگی جارێ بلاوی‌ئەکاتەوە » • (۲۲×۲۹ سم)ە •

« تیشك »

هەولێر

ژمارە یەکی : ۱۹٦۹

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « گۆڤـارێکی پەروەردەی سـالانەیە . قوتابخانەی مامۆستایانی سـەرەتایی کوڕان لە هـەولێر دەری‌ئـەکات» • «دەستەی نوسەران : مامۆستا مەجید ئاسنگەر ، حـەمە کەریم رەمـەزان هەورامی ، فاتح موحەمەد » • دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە دۆیەتی کـە ۲۵۸۲ی کوردی ، ۲ی نیسانی ۱۹۷۰ی لەسەر نوسراوە ، ٦٤ لاپەڕەیـە و ۱۵۰۰ دانەی لە «چاپخانەی کوردستان» لێ چاپ کراوە • (۱٤×۲۰ سم)ە •

« دەفتەری کوردەواری »
بەغــدا
ژمارە یەکی : کانونی دووەمی ١٩٧٠

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «کۆمەڵە نوسینێکی ئەدەبی و زانستی و جێی کوردی‌یە ، رێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پرشنگی جێی نوێ روناك ئەکاتەوە ، بە روخســارێکی نەتــەوەیی و ناومرۆکێــکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ» • « لە ژێر چاودێری و ئامــادەکردنی : جەمــال خەزنەدار لە چاپ دراوە » • ٣ ژمارەی لێ‌دەرچو • (٢١×٥ر١٤ سم)ە •

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : مایسی ١٩٧٠

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی مانگانەیە شارەوانی هەولێــر مانگی جارێ دەری‌ئەکا» • «بەڕێوەبەری گۆڤار : سەعدی محەمەد ئەمــین دزەیی ، سەرەکی نوسین : محەمەد مەولود ــ مەم ــ » • بە عەرەبی و کوردی دەردەچو • سەرەتا لە چاپخانەی شارەوانی کەرکوك و دوایی لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر لە هەر ژمارەیەی هــەزار دانە چــاپ دەکرا • هیــچ ژمارەیەکی لە ٨٠ لاپەڕە کەمتر نی‌یە • سێ ساڵ ژیا و دوا ژمارەی حوزەیرانی ١٩٧٣ دەرچو کە ٨٠ لاپەڕەیە • (٢٠×١٤ سم)ە • ئەم گۆڤــارە پــاشکۆی تایبەتی خۆی هەبو، وەك نامیلکەی :«قەڵاتی هەولێر و پڕۆژەی رێکخستنی» نوسینی مەجید عومەر ، هەولێر ، ١٩٧١ •

« برایەتی »
بەغــدا
ژمارە یەکی : خولی دووەمی : حوزەیرانی ١٩٧٠

پاشکۆی رۆژنامەی «التآخی» بو بەڵام ئەمجارەیان لە شێوەی گۆڤاردا دەرچو • لە ژێرەوەی ناوەکەیدا نوسراوە «گۆڤارێکی سیاسی گشتی‌یە» •

بایەخ‌پێدانی ڕۆژهەلاّتناسی‌ی سۆڤێت بە «شەرەفنامە» لە کۆتایی پەنجاکانەوە گەیشتە بەرزترین پلەی . لەوساوە بەشی کوردی‌ی لقی لێنینگرادی ئامۆژگای ڕۆژهەلاّتناسی‌ی کۆڕی زانیاری سۆڤێت وەرگێڕانی «شەرەفنامە»ی لە فارسی‌یەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی سپاردە یێڤگێنیا ڤاسیلیێڤا . جێبەجێ کردنی ئەو کارە چەند ساڵێك ئەرکی بێ وچانی پێویست بوو . ساڵی ١٩٦٧ بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» لە ژێر چاپدا دەرچوو[٢] . بەر لەوەش بە چەند مانگێك فەرمانبەری زانستی‌ی ئامۆژگای گەلانی ڕۆژهەلاّتی نزیك‌و ناوەڕاستی سەر بە کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێتی مەمێد شەمسی سەبارەت بەو نامەیەی تەرخانی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە» بە ناوی «شەرەفنامەی شەرەف خانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد»ەوە[٣] کە بەرهەمی کاری بێ وچانی چەند ساڵێکی بوو ، نازناوی دوکتۆری پێ درا .

ئەم دوو شارەزایە بە شێوەیەکی زانیاری قووڵ نرخی «شەرەفنامە»و گەلێك ڕووی نەزانراوی خۆی‌و ژیانی شەرەف خانی بدلیسی‌یان بۆ یەکەم جار بە جۆرێکی ڕێکوپێك خستۆتە بەردەمی ڕۆژهەلاّتناسانی خۆیان‌و دەرەوە کە ، بێ‌گومان ، کورتە باسێکیان لە پێشەکی‌ی یەکەم چاپی کوردی‌ی «شەرەفنامە»دا کارێکی بەجێ‌و پێویستە .

بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» بە ڕووسی ٦١٩ لاپەڕەیە[٤] کە تەنها ٤١٢ لاپەڕەی بریتی‌یە لە وەرگێڕانی نووسینەکەی شەرەف خان خۆی . ئەوی‌تری بریتی‌یە

---

(٢) لەگەڵ تەواو بوونی وەرگێڕانی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»دا ڤاسیلیێڤا دەستی دایە وەرگێڕانی بەرگی دووەمیشی کە ساڵی ١٩٧٦ ئەویشیان بە ڕووسی چاپکرا . لەبەر ئەوەی ئەم پێشەکی‌یە بەر لە دەرچوونی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» نووسراوە بۆیەکا باسی ئەو بەرگەی نەکردووە . دەربارەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» بڕوانە : د . کەمال مەزهەر ، مێژوو . کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کوردو مێژوو ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ١١٠ – ١٢٦ .

(٣) ئەم نامەیە بە زمانی ئازەری نووسراوەو کورتەی بە ڕووسی چاپ کراوە . پاش ماوەیەك نامەکە خۆشی لە کتێبێکی سەربەخۆدا لە باکۆ چاپ کرا .

(٤) هەزارو سێ سەد دانە لە بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»ی، بە ڕووسی بە شێوەیەکی ڕازاوەی بەرچاو چاپکراوەو هەر زوو هەمووی فرۆشراو ئێستە بۆتە بەرهەمێکی دەگمەن .

ه پێشەکی و پاشکۆو کورتە باسێکی کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی کە هەموویان لە لایەنی ...فرەنی زانای سۆڤیێتی ی. ڤاسیلیێڤاوە ئامادە کراون.

ی. ڤاسیلیێڤا لە پەنجاو پێنج لاپەڕەی پێشەکی یەکەیدا وەستایانە «شەرەفنامە»ی هەڵسەنگاندووەو نرخی بەرزی زانستیی دیار کردووەو گەلێك زانیاریی نوێی لەم ...رەیەوە بڵاوکردۆتەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان لای خوێندەواری کورد نەزانراو بوون.

لەم پێشەکی‌یەدا زانای سۆڤیێتی بە درێژی باسی مێژووی لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە»و دەستنووسە کۆنەکانی و ئەو کتێبخانانەی ئەو دەستنووسە دەگمەنانەیان لایەو، گەلێك باسی‌تری لەم بابەتانەی بۆ تۆمار کردووین.

وەك ڤاسیلیێڤا نووسیوی‌یە هێربیلۆ بە زمانی فەرەنسی ساڵی ١٧٧٦ لە لاپەڕەی ٨٣٦ و ٨٤١ی ئەو کتێبەیدا کە بە ناوی «کتێبخانەی ڕۆژهەڵات یا فەرهەنگی گشتی»ەوە بڵاوی کردۆتەوە بۆ یەکەم جار باسی «شەرەفنامە»ی بە جیهانی زانیاریی ڕۆژئاوا گەیاندووە(٥). هێربیلۆی ناوبراو لە ڕێگەی یەکێك لە نووسراوەکانی گەریدەی تورکی بەناوبانگی سەدەی حەڤدەمین کاتب چەلبی‌یەوە بە بوونی «شەرەفنامە»ی زانیوە(٦). دوای ئەوە جۆن مالکۆلم(٧) یەکەم ئەورووپایی‌یە دەستنووسی «شەرەفنامە»ی دەستکەوتووە. مالکۆلم لە ڕووی زانستیشەوە کەڵکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە. ئەو لە بەرگی دووەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە دەربارەی

---

(٥) بەپێی ئەو زانیاری‌یانەی لە بیبلیۆگرافیاکەی ژ. ك موسەیلیاندا بڵاوکراونەوە هێربیلۆ لە پێنج شوێنی کتێبەکەیدا باسی کوردو «شەرەفنامە»ی کردووە کە وان لە لاپەڕەی ٣١٧و ٧٠٦و ٨٠٧و ٨٣٦و ٨٤١یدا (بڕوانە: ژ. س. موسەیلیان، بیبلیۆگرافیای کوردناسی، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل ٥٥).

(٦) بڕوانە لاپەڕە چواردەی پێشەکی‌یەکەی ی. ڤاسیلیێڤا.

(٧) جۆن مالکۆلم (١٧٦٩ – ١٨٣٣) یەکێك بوو لە کاربەدەستە ناسراوەکانی بەریتانیا، ماوەیەکی زۆر لە هندستانو ئێران کاری کردووەو شارەزایەکی زۆری دەربارەی وڵاتو گەلانی ڕۆژهەڵات هەبووەو گەلێك نووسراوی بەنرخی لەبارەیانەوە بەجێ‌هێشتووە. مالکۆلم لە ئێران ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەو دەستنووسی کۆنی دەستکەوتووە کە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی یەکێکیان بووە.

مێژووی ئێرانە[8] چەند جارێك زانیاریی لە «شەرەفنامە»وە وەرگرتووە ، بەڵام بێ ئەوەی ناوی کتێبەکە یا دانەری بهێنێت .

بێ گومان بەکارهێنانی «شەرەفنامە» وەك سەرچاوە لەو کاتەدا لە لایەن شارەزایەکی وەك مالکۆلمەوە بەڵگەیەکی مێژوویییە بۆ نرخی بەرزو بایەخی زۆری «شەرەفنامە» .

دوای جۆن مالکۆلم بە ماوەی بیست ساڵێك مێژوونووسی فەرەنسەیی کاترمێر لە زۆر شوێنی ئەو کتێبەیدا کە ساڵی ١٨٣٦ لە پاریس بە ناوی «مێژووی مەغۆلەکانی ئێران»ەوە بڵاوی کردۆتەوە کەڵکی لە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی وەرگرتووە .

ی . ڤاسیلیڤا بە درێژی باسی شوێنی «شەرەفنامە»ی لە ڕۆژهەڵاتناسیی ڕووسیدا کردووە . خ .د .فرێن یەکەمین زانای ڕووسە کە ساڵی ١٨٢٦ لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی پێتەربورگی پایتەختدا باسی «شەرەفنامە»ی وەك «سەرچاوەیەکی مێژوویی یەکجار گرنگ» کردووە[9] .

پاش سێ ساڵ دیسان فرێن لە نووسینێکیدا باسی «شەرەفنامە»ی کردووەو داوای کردووە بە زووترین کات فارسیەکەی بڵاوبکرێتەوەو بگۆڕدرێتە سەر زمانێکی ئەوروپایی .

پاش ماوەیەك زاناو کاربەدەستی کۆڕی زانیاریی ئەوسای ڕووسیا ڤلیامینۆف زێرنۆف[10] ئەرکی بڵاوکردنەوەی «شەرەفنامە»ی بە فارسی گرتە ئەستۆی خۆی

(٨) J. Malcolm , The history of Persia from the most early period to the present time, Vol . II , London, 1815, PP. 207 — 208

(٩) مامۆستا کوردۆیێف لە وتارێکیدا دەڵێت م . ڤۆلکۆف یەکەم کەسە کە ساڵی ١٨٢٩ بە درێژی باسی «شەرەفنامە»ی کردووە . بەپێی زانیارییەکانی مامۆستا کوردۆ جگە لە فرێنی ناوبراو ژمارەیەکی تریش لە ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووس هەر لەو کاتەی ئەودا داوای بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی «شەرەفنامە»یان کردووە (بڕوانە : ك . ك . کوردۆیێف ، کوردناسی ، کتێبی «مۆزەخانەی ئاسیایی – لق لێنینگرادی ئامۆژگەی ڕۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاریی یەکێتی سۆڤێت» ، مۆسکۆ . ١٩٧٢ ، ل ٣٨٦ – ٣٨٧) .

(١٠) ڤلیامینۆف زێرنۆف (ڤلادیمیر ڤلادیمیرۆڤیچ ١٨٣٠ – ١٩١٤) یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسە ناسراوەکانی ڕووسیا . شارەزایەکی چاکی زمانو ئارکیۆلۆژیاو مێژوو بوو ، گەلێك زمانی دەزانی ، ساڵی ١٨٦١ کرایە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری . بەشی زۆری بەرهەمەکانی ڤلیامینۆف زێرنۆف بۆ لێکۆڵینەوەی زمانو مێژووی گەلە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناو ڕووسیای چارەکان تەرخان کراون . لەبەر ئەوەی یەکێك لەو زانانەی زێرنۆف بە ڕەوانی دەیزانی فارسی بوو بڵاوکردنەوەی «شەرەفنامە»ی پێ سپێردرا .

توانی ساڵی ١٨٦٠ بەرگی یەکەمی بە پێشکەکی‌یەکی بیست لاپەڕەیی بەنرخەوە بە زمانی فەرەنسی بلاّو بکاتەوە[١١] .

دوابەدوای ئەوە بە دوو ساڵ بەرگی دووەمیشی لەگەڵ پێشەکی‌یەکی فەرەنسی حەوت لاپەڕەییدا بلاّوکردەوە[١٢] . جێ‌بەجێ کردنی ئەم کارە هێند لە پایەی زانستی‌ی ڤلیامینۆڤ زێرنۆڤ بەرز کردەوە کە شایەنی ئەوە بێت بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری هەڵبژێردرێت .

بەشێکی پڕکەڵکی پێشەکی‌یەکەی ڤاسیلێڤا بۆ باسی دەستنووسەکانی «شەرەفنامە» تەرخان کراوە کە ژمارەیان ، وەك دەڵێت ، یەکجار زۆرە . ژمارەی تۆمارکراوی دەستنووسی «شەرەفنامە تەنها لە کتێبخانە ناسراوەکانی جیهاندا دەگاتە ٢٢ دانە[١٣] . ئەمەش ، بێ‌گومان ، بەڵگەیەکی تری بایەخی «شەرەفنامە»یە کە وا دیارە لە زووەوە سەرنجی زانایانی ڕاکێشاوەو ژمارەیەکی زۆریان لەسەر نووسیوەتەوە[١٤] .

بەپێی ئەو زانیاری‌یانەی ی . ڤاسیلێڤا کۆی‌کردوونەوە کۆنترین‌و بەنرخترین‌و ڕاسترین دەستنووسی زانراوی «شەرەفنامە» ئەو دانەیەیانە کە بە دەستوخەتی پیرۆزی شەرەف خان خۆی بە ناوی «شەرەفنامەی تاریخی کوردستان»ەوە نووسراوەتەوەو ئێستە لە کتێبخانەی بودلیانی زانکۆی ئۆکسفۆرد هەڵگیراوە .

ئەم دەستنووسە نایابەی «شەرەفنامە» بریتی‌یە لە ٢٤٦ پەڕەو بە بیست وێنەی دەگمەن ڕازێندراوەتەوەو کۆتایی زولحەجەی ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی ، سیازدەی تابی ١٥٩٧ی عیسایی شەرەف خان لە نووسینەوەی بۆتەوە . واتە ئەم دەستنووسە یەکەم دانەی نووسراوەی «شەرەفنامە»یە . چونکە شەرەف خانی بدلیسی مانگی تابی ساڵی ١٥٩٧ لە نووسینەوەی بەرگی یەکەمی‌و مانگی مایسی ساڵی ١٥٩٩یش لە نووسینەوەی بەرگی دووەمی بۆتەوە .

---

(١١) بەشی فارسی‌یەکەی ئەم بەرگەی «شەرەفنامە» کەوتۆتە ٤٥٩ لاپەڕەوە .

(١٢) بەشی فارسی‌یەکەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» ٤٥٩ لاپەڕەیە .

(١٣) بڕوانە لاپەڕە حەفتەی پێشەکی‌یەکی ی . ڤاسیلێڤا .

(١٤) دوور نی‌یە تا ئێستەش ژمارەیەکی زۆر دەستنووسی کۆنی‌تری «شەرەفنامە» لە کوردستان ، یا لە شوێنی‌تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبن .

دووەم دانەی بەنرخی دەستنووسی «شەرەفنامە» ئەویانەیە کە لە کتێبخانەی گشتیی لێنینگراد هەڵگیراوە. مێژووی نووسینەوەی ئەمیان ساڵی (١٥٩٨)ـە. شەرەف خان بۆ خۆی پیاچۆتەوەو بە دەستی پیرۆزی مۆری تایبەتیی خۆی پیا ناوە زۆر بە داخەوە چەند شوێنێکی کەمی ئەم دەستنووسە نەماوە. شایانی باسە ئەم دەستنووسەی «شەرەفنامە» یەکێکە لە بەرهەمە بەنرخەکانی ناو کتێبخانەی بەناوبانگی سەفەوی‌یەکان کە ڕووسەکان لە ڕۆژگاری شەڕی ١٨٢٦ – ١٨٢٨دا لە ئەردەبیلەوە گواستیانەوە شاری پێتەربورگ.

دەستنووسێکی تری کۆنی «شەرەفنامە» کە ساڵی ١٦٠٦ لە شاری کلس لە لایەن حەسەن کوڕی نورەددینەوە لەبەر یەکەم نوسخەی «شەرەفنامە» بێ دەستکاری‌ی ە ٣٢٧ پەڕەدا نووسراوەتەوە لە کتێبخانەی بودلیان هەڵگیراوە.

جگە لەمانە ی. ڤاسیلیێڤا باسی ژمارەیەکی‌تر لە دەستنووسە کۆنەکانی «شەرەفنامە»ی کردووە، وەك ئەو دەستنووسانەی لە موزەخانەی بەریتانی‌و کتێبخانەی ئەستەموڵ‌و چەند شوێنێکی‌تر پارێزراون[15].

تا ئیستە چەند جارێك «شەرەفنامە» لە زمانی فارسی‌یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر ژمارەیەك زمانی‌تر. وەك ڤاسیلیێڤا دەیگێڕێتەوە کۆنترین وەرگێڕانی «شەرەفنامە» ئەو دوو وەرگێڕانەن کە بۆ سەر زمانی تورکی بە جیا کراون. یەکێکیان کورت‌کراوەی «شەرەفنامە»یەو، ئەوی‌تریان هەموویەتی. تا ئیستە دوو دەنووسی یەکەمیانو دەستنووسێکی دووەمیان دۆزراونەتەوە، بەڵام هیچ کامێکیان بڵاو نەکراونەتەوە. کورتەکەی «شەرەفنامە» لە لایەن محەمەد بەگی ئەحمەد بەگی میرزا ناوەوە ساڵی ١٠٧٨ی کۆچی (١٦٦٧ – ١٦٦٨ی عیسایی) وەرگێڕدراوەو ئەوی‌تریشیان لە هەشتاکانی سەدەی حەڤدەمیندا لە لایەن سامی ناوێکەوە کراوە[16].

دوای ئەوە بە دەوروبەری دوو صەد ساڵێك بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» لە لایەن یەکێك لە ڕوناکبیرە هەرە زرنگەکانی سەدەی نۆزدەمینی کوردستان، مەلا

---

(١٥) بڕوانە لاپەڕە ١٧ – ٢٠ی پێشەکی‌یەکەی ی. ڤاسیلیێڤا.
(١٦) لاپەڕە ٢٠ – ٢١ی هەمان پێشەکی.

مەحمودی بایەزیدی‌یەوە[١٧] بۆ یەکەم جار کراوەتە کوردی . مەلا مەحموود نەورووبەری ساڵانی ١٨٥٨ – ١٨٥٩ ئەم کارەی بە هاندانی کوردناسی بەناوبانگی ڕووس ئەلێکسەندەر ژابا کردووە[١٨] . دەستنووسی ئەو کوردی‌یەی «شەرەفنامە» لە کتێبخانەی گشتی‌ی لێنینگراد هەڵگیراوە .

هەر لەو دەوروبەرەشدا لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا «شەرەفنامە» لە لایەن گ . أ . باربەوە کراوەتە ئەڵمانی و بەرە بەرە لە نێوان ساڵانی ١٨٥٣و ١٨٥٩دا لەگەڵ پێشەکی‌یەکی وەرگێڕدا بڵاوکراوەتەوە .

پاش ماوەیەك کارێکی زانستی‌ی گرنگ دەربارەی «شەرەفنامە» کرا کە بووە هۆی ناساندنی تەواوی بە کۆڕە زانیاری‌یەکانی ڕۆژئاوا . ئەوەبو پرۆفیسۆر ف . ب . شارموا ، کە ئەو کاتە بە گەورەترین زانای زانی فارسی ئەورووپا دادەنرا ، توانی لە نێوان ساڵانی ١٨٦٨ و ١٨٧٥دا لە پێتەربورگ هەردووك بەرگی «شەرەفنامە» بە زمانی فەرەنسی بڵاوبکاتەوە .

ئەو کارە بەرهەمی ڕەنجی بێ وچانی ٣٠ ساڵی شارموا بوو . شارموا «شەرەفنامە»ی لە چاپەکەی ڤلیامینۆف زێرنۆڤەوە وەرگێڕاوە ، بەڵام وێڕای ئەویش کەڵکی لە دوو دەستنووسی کۆنی‌تری وەرگرتووە .

چاپی فەرەنسی «شەرەفنامە» کەوتۆتە چوار بەرگی سەربەخۆوە ، بەشی یەکەمی

---

(١٧) مەلا مەحمودی بایەزیدی زانایەکی پایە بڵندی کوردە ، دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدە لە دایك بووە ، گەلێك لە زمانی ڕۆژهەڵاتی زانیوە دوای خۆی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی بەنرخی بەجێ‌هێشتووە کە دەمێکە سەرنجی کوردناسانیان ڕاکێشاوە بەرز نرخاندوویانن . کردنی «شەرەفنامە» بە کوردی لە لایەن ئەوەوە بۆ خۆی کارێکی گەورەیە . دەربارەی ژیانەو بەرهەمەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی بڕوانە : «مێژوو» ، ل ١٢٦ – ١٣١ .

(١٨) ئەلێکسەندەر ژابا کاتی خۆی کۆنسوڵی ڕووس بووە و ماوەیەکی باش لە ناو کوردا ژیاوە و کوردی لە نزیکەوە ناسیوە و گەلێك بەرهەمی بەنرخی دەربارەیان نووسیوە .

یەکێك لە بەرهەمەکانی ژابا «جامع ی رسالیانو حکایتان بزمانی کورمانجی»یە کە بریتی‌یە لە ژمارەیەکی زۆر پەندو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی‌ی کە بۆ خۆی کۆی‌کردوونەوەو کردوونی بە فەرەنسی‌و ساڵی ١٨٦٠ لە پێتەربورگ لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپی کردوون . ژابا هاوڕێیەکی نزیکی مەلا مەحمودی بایەزیدی بووەو بە یارمەتی ئەو توانیویە گەلێك دەستنووسی بەنرخ پەیدا بکاتو لە زۆر لایەنی زمانو ژیانی ڕووناکبیری‌ی گەلی کورد بکۆڵێتەوە کە جێگەیان لە کتێبخانەی کوردناسیدا دیارە .

بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٦٨ و بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی ساڵی ١٨٧٠و بەشی یەکەمی بەرگی دووەمی ساڵی ١٨٧٣و بەشی دووەمی بەرگی دووەمی ساڵی ١٨٧٥ لە چاپ دراون[١٩] . شارموا پەیڕەوی‌ی هەموو مەرجە زانیاری‌یەکانی وەرگێڕانی کردووە . بیروڕای خۆی‌و ئەو ڕاست‌و ڕوونکردنەوانەی بە پێویستی زانیون لە پەراوێزی کتێبەکەدا بڵاوی‌کردوونەوە . هەروەها پێشەکی‌یەکی بۆ نووسیوە کە تێیدا باسی «شەرەفنامە»و هەندێك لایەنی ژیانی کوردەواری‌و جوگرافیای کوردستانی کردووە .

ڤاسیلیڤا لەگەڵ ئەوەش کە چەند ڕەخنەیەکی بەجێی لە پێشەکی‌یەکەی ف .ب . شارموا گرتووە دانی بەوەدا ناوە کە وەرگێڕانەکە بۆ خۆی «تا ئیمڕۆکەش نرخی زانستی‌ی خۆی لەدەست نەداوە»[٢٠] .

دوابەدوای ئەم زانیاری‌یە بەنرخە کەم زانراوانە ی . ڤاسیلیڤا ئینجا بۆ خۆی دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی «شەرەفنامە»و بیروڕای دەردەبڕێت‌و دەڵێت :

نرخی زانیاری‌ی ئەم سەرچاوەیە ئەوەندە زۆرە کە پێویستی بە پیاهەڵدان نی‌یە . هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی بە یارمەتی «شەرەفنامە» دەتوانرێت جێگەی گرنگی ونبووی گەلی کورد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیار بکرێت[٢١] ، ئەمەش ، بێ‌گومان ، لە ترخاندن نایەت چونکە گەلی کورد ، هەر وەك چۆن ڕۆژهەڵاتناسی هەرەبەناوبانگی ڕووسیاو سۆڤیێت ئۆربیللی[٢٢] دەڵێت «کارێکی یەکجار گەورەی کردۆتە سەر ژیانی ڕووناکبیری‌ی ڕۆژهەڵات . کورد گەلێك لە ڕۆڵەکانی خۆی لەژێر ناوی فارس‌و تورك‌و عەرەب‌و ئەرمەندا[٢٣] لەدەست داوە بەوەی ناویان وەك

(١٩) بڕوانە لاپەڕە ٢١و ٤٩ی پێشەکی‌یەکەی ی . ڤاسیلیڤا .
(٢٠) لاپەڕە ٢٣ی هەمان پێشەکی .
(٢١) لاپەڕە ٣٧ی هەمان پێشەکی .
(٢٢) ئارکیۆلۆژو مێژوونووسی سۆڤیێتی بەناوبانگ یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربیللی (١٨٨٧ - ١٩٦١) یەکێکە لەو زانا پایە بڵندانەی بە قووڵی لە زمانو مێژووی گەلی کوردو باری ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌ی ئەو ئاگەیشتووەو بە چاوی ڕێزەوە سەیری کردوونو خزمەتێکی زۆری کوردناسی‌ی کردووەو دەستێکی باڵای لە پێگەیاندنی ژمارەیەك لە زانا کوردەکانی سۆڤیێتدا هەبووە . شایانی باسە یوسف ئەبگارەڤیچ ئۆربیللی ئەرمەنی‌یە .
(٢٣) دەبوو ئازەربایجانیشی بخاتە سەر .

شاعیرو مۆسیقارو جەنگاوەری نەمر مێژووی چەند گەلێك دەرازێننەوە ، ئەمەش کارێکی وای کردووە لە زانستی ئەورووپاو رووسیادا وا باو بێت گوایە کورد نەك تەنها «توانیت شتێکی نوێ لە رووناکبیریدا بهێنێتە کایەوە ، بەڵکو توانای ئەوەشی نی یە تەنانەت لە بێگانەشەوە هیچ فێربێت» . بەلاَم ، وەك ڤاسیلێڤا دەڵێت ، بە یاریدەی «شەرەفنامە» دەتوانرێت ئەم کەلێنە گەورەیەی مێژووی گەلانی رۆژهەلاَت پربکرێتەوەو شوێنی راستەقینەی نەتەوەی کوردی تێدا دیار بکرێت .

یەکێك لەو ئەنجامە گرنگانەی زانای سۆڤێتی یێ . ڤاسیلێڤا دەربارەی ناوەرۆکی «شەرەفنامە» پێی گەیشتووە ئەوەیە کە کوردناسان دەتوانن بە یاریدەی ئەم سەرچاوە مێژووییە رەسەنە بە شێوەیەکی قووڵتر لە زۆر رووی ژیانی سیاسیی و کۆمەلاَیەتی ئەمرۆی کورد تێبگەن و رەگ و ریشەی خەباتی رەوای ئەم گەلە «لە پێناوی رزگار بووندا لە دەست چەوساندنەوەی نەتەوەیی و یەکسانیدا لەگەڵ گەلانی تر» دیار بکەن[٢٤] .

ئەم بۆچوونەی ڤاسیلێڤا زۆر راست و دروستە ، چونکە «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی گەلێك لایەنی گرنگی خەباتی سەختی نەتەوەی کوردی لە سەدەکانی رابوردوودا تۆمار کردووە کە لای مێژوونووسانی خۆو بێگانە نەزانراو بوون ، بەڵکو تا ئەمرۆکەش بە تەواوەتی نەزانراون و ئەمەش بۆتە هۆیەکی گەورەی تێنەگەیشتنی بزوتنەوەی رزگاریخوای نەتەوەیی گەلی کورد لە لایەن بێگانانەوە .

ڤاسیلێڤا پتر لە ١٢٠ لاپەرەی کۆتایی کتێبەکەی بۆ تێبینی و روونکردنەوەو بەراوردکردن و راستکردنەوەو ناوی سەرچاوەو مەڵبەندو کورتە باسێك دەربارەی «شەرەفنامە» تەرخان کردووە . بێ گومان ئەمانەش هێندەی تر لە نرخی زانیاریی کارەکەیان بەرز کردۆتەوە . شایانی باسە رۆژهەلاَتناسیی سۆڤێت هەر زوو بایەخی بەم کارەی ڤاسیلێڤا داو بە دەسکەوتێکی دیاری کوردناسیی لەقەڵەم دا[٢٥] .

زانای ئازەریش مەمێد (محەمەد) شەمسی جگە لە نامەی دوکتۆراکەی

---

(٢٤) لاپەرە ٦٧ی پێشەکییەکەی یێ . ڤاسیلێڤا .

(٢٥) بڕوانە گۆڤاری «گەلانی ئاسیاو ئەفریقا» ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ژمارە شەش ، ساڵی ١٩٦٨ ، ل ٢٠١ – ٢٠٢ . گۆڤاری ناوبراو دانی بەوەدا ناوە کە کارەکەی یێگێنیا ڤاسیلێڤا لە هەموو روویەکەوە تەواوو بێگەردەو ئەمەی بە دەسکەوتێکی گرنگی رۆژهەلاَتناسیی سۆڤێت داناوە .

زنجیرەیەك وتاری زانستی ی دەربارەی شەرەف خانی بدلیسیو «شەرەفنامە» بلاوکردۆتەوە ، وەك « مێژوونووسی بەناوبانگی کورد شەرەف خانی بدلیسی»[٢٦] و «باسی راپەڕینەکانی سەدەی شازدەمینی هۆزە کوردەکان لە شەرەفنامەدا»[٢٧] .

دوکتۆر شەمسی لە نامەی دوکتۆراکەیدا بە درێژی باسی ژیانو بەسەرهاتی شەرەف خانو باری ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستان لە سەدەی شازدەمدا دەکاتو لە ناوەرۆکی «شەرەفنامە» دەدوێت . بۆ روونکردنەوەی ئەم باسانە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی کۆنی وەك «نزهة القلوب»ی حەمدەللا قەزوینیو بەرهەمی ژمارەیەك مێژوونووسی رۆژگاری شەرەف خانی بەکار هێناوە ، وەك بەرهەمی قازی ئەحمەدی غەفاری .

دوکتۆر شەمسیش ، وەك ڤاسیلیێڤا ، بە درێژی باسی بایەخی «شەرەفنامە»ی کردووەو لەو بارەیەوە نووسیویەتی : مێژوونووسانی دوای شەرەف خان . وەك کاتب چەلەبیو ئەولیا چەلەبیو زۆریتر ، لە بەرهەمەکانیاندا لە هەر سەرچاوەیەك زیاتر «شەرەفنامە»یان بەکار هێناوە . هەمان کات شەمسی ئەو هەڵەیەشی راستکردۆتەوە کە گوایە شەرەف خان ، وەك ژمارەیەك مێژوونووس دەڵێن ، «شەرەفنامە»ی بە هاندانی شای ئێران داناوە . لە راستیدا ئەو کاتەی شەرەف خان «شەرەفنامە»ی داناوە زۆر لە سوڵتانی عوسمانییەوە نزیك بووەو بەپێی قسەی دوکتۆر شەمسی عوسمانییەکان تەنانەت یاریدەشیان داوە .

کەچی لەگەڵ ئەوەش لە ناوەرۆکی «شەرەفنامە»دا تا رادەیەکی یەکجار زۆر هەست بە بێ لایەنیو لانەدان دەکرێت . بە وێنە شەرەف خان بە یەك جۆر بە شانو باهوی شا توهماسبو سوڵتان مورادی سێیەمیدا هەڵداوەو خۆی لەوە کەر کردووە کە ئەو جووتە پاشایە شیرو تیریان لێك دەسوو . ،

شەرەف خان بۆ خۆی بە رووونی ئەو هۆیەی دەستنیشان کردووە کە پاڵی پێوە ناوە «شەرەفنامە» بنووسێت . لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت لەبەر ئەوەی

---

(٢٦) بروانە گۆڤاری «هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری ئازەربایجانی سۆڤێت» ، بە زمانی رووسیو ئازەری ، ژمارە یەك ، ساڵی ١٩٦٧ . ل ٦٧ - ٧٢ .

(٢٧) هەمان گۆڤار ، ژمارە یەك ، ساڵی ١٩٦٨ ، ل ٤٠ - ٤٦ .

مێژوونووسان تاوەکو ئیستە هیچیان دەربارەی کوردو کوردستان نەنووسیوە من ویستم هێنی توانا لەو بارەوە کتێبێك بنووسم‌و ناوی لێ بنێم «شەرەفنامە»و هەموو ئاواتیشم ئەوەیە خانەدانانی کوردستان ناویان ون نەبێت !

کەوابێ بەر لە هەر شتێك‌و پتر لە هەر هوەیەك گیان‌و هەستی کوردایەتی شەرەف خانیان بزواندووە بۆ ئەوەی «شەرەفنامە» بنووسێت . بەڵگەی ئەم ڕاستی‌یە لە ناو «شەرەفنامە» خۆیدا جارەهای جار بەر چاو دەکەوێت . بە وێنە لە سەراپای «شەرەفنامە»دا بە ئاشکرا ، یا بەژێر لێوەوەو بە ناوی هەڵدان بە شان‌و باهوی سوڵتاندا ، شەرەف خان دەڵێت :

«کوردستان وڵاتێکە نە بە کەس داگیر دەکرێت‌و نە سەر بۆ کەس شۆڕ دەکات ! » .

سەرەڕای هەموو ئەمانە شەرەف خانی بدلیسی یەکەم کەسە هەوڵی داوە بە شێوەیەکی دروست‌و بێ پێچ‌و پەناو دەستکاری‌ی سنووری کوردستان دیار بکات . بەر لە شەرەف خان‌و بە تایبەتی لە ڕۆژگاری سەلجوقیکانەوە کوردستان بەو مەڵبەندانە دەگوترا کە کەوتبوونە نێوان ئازەربایجان‌و لورستان‌و ڕۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە . بەڵام لە «شەرەفنامە»دا سنووری کوردستان لە مەلاتی‌یەوە دەست پێ‌دەکات‌و لەسەر ڕۆخی خەلیج کۆتایی دێت . . ئەمانەش هەموو لە ڕاستیدا نیشانەی ئەوەن کە وا لە سەدەی شازدەمیندا سەرەتای دروست‌بوونی هەستی نەتەوەیی لە ناو سەردارانی کوردا لە ئارادا بووە .

ڕوویەکی گرنگی‌تری کارە زانستی‌یەکانی دوکتۆر شەمسی دەربارەی «شەرەفنامە» ئەوەیە کە بە یاریدەی ناوەرۆکی‌و لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازێکی زانیاری‌ی دروستدا توانیوی‌یە چەند لایەنێکی ئاڵۆزو کەم زانراوی ژیانی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌ی چەند ناوچەیەکی کوردستان لە کۆتایی سەدە ناونجی‌یەکاندا دیار بکات . بەپێی زانیاری‌یەکانی ناو «شەرەفنامە» بناغەی ژیانی ئابووری میرنشینی بدلیس لە سەدە ناونجی‌یەکاندا لەسەر جۆری زەویداری‌ی پچوك دامەزرابوو ، چاوساندنەوەی جوتیارانیش قاڵبی تایبەتی‌ی خۆی وەرگرتبوو ، بەوەی لە سنووری تەنها بەرهەم هێناندا چوبووە دەرێ . جوتیاران دەبوو وێڕای ئەوەش پارێزگاری‌ی بەرژەوەندە سیاسی‌یەکانی سەرۆکەکانیان بکەن‌و لە هەموو شەڕەکانی ئاغاکانیاندا بەشدار بن ،

ئەو شەڕانەی بەشێکیان ئەنجامی دووبەرەکیی سەرۆکە دەرەبەگەکان خۆیان بوون.

شایانی باسە نامەی دوکتۆراکەی مەمێد شەمسی وەك کتێبیش بە هەمان ناوەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبەش کە دەسکەوتێکی تری کوردناسیی سۆڤێتە، بریتییە لە ١٤٤ لاپەڕەو ١٧٠٠ دانەی لێ چاپکراوە. دوکتۆر شەمسی کەڵکی لە ١٣٤ سەرچاوەی هەمەجۆر وەرگرتووە کە ناویان لە کۆتایی کتێبەکەدا تۆمار کراوە.

قەناتی کوردۆش ساڵی ١٩٧٢ لەو وتارەیدا کە بە ناوی «کوردناسی»یەوە بڵاوی کردۆتەوە باسی «شەرەفنامە»ی کردووە[٢٨]. لەو وتارەیدا کوردۆیێف بە تایبەتی سەرنجی بۆ دەستنووسە کۆنەکانی «شەرەفنامە» ڕاکێشاوە[٢٩].

وەك کوردۆیێف دەڵێت م. ڤۆلکۆف یەکەم کەسە بە درێژی لە بیستەکانی سەدەی نۆزدەمیندا لە چەند لاپەڕەیەکدا باسی دەستنووسەکانی «شەرەفنامە»ی کردووەو خ. د. فرێنیش یەکەم کەسە کە هەر لەو دەوروبەرەدا لە وتارەکانی خۆیدا باسی بایەخ و پێویستیی بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی «شەرەفنامە»ی کردووە[٣٠].

دوای ئەوە مامۆستا قەناتی کوردۆ دێتە سەر باسی مێژووی لێکۆڵینەوەی «شەرەفنامە» لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانی ڕووسیاو شورەوییەوە.

بەم جۆرە «شەرەفنامە» شوێنی شایانی خۆی لە کوردناسیی سۆڤێتدا هەیە. ئەو ڕاستییانەی لەسەرەوە باسمان کردن تا ڕادەیەك یاریدەی دیارکردنی نرخی زۆری چاپی کوردیی «شەرەفنامە» دەدەن[٣١]. بێگومان مامۆستا هەژار بە وەرگێڕانی «شەرەفنامە» بۆ سەر زمانی کوردی کەلەبەرێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردەوەو «کۆڕی زانیاری کورد»یش بە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی گرنگی سەر شانی بەجێ هێنا.

---

(٢٨) دەربارەی ئەو وتارەی کوردۆیێف بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٩.

(٢٩) بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە ئارشیفەکانی لینینگرادا پارێزراون.

(٣٠) ك. ك. کوردۆیێف، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٨٦ – ٣٨٧.

(٣١) مەبەست وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژاری شاعیرە کە کاتی خۆی بە یاریدەی «کۆڕی زانیاری کورد» چاپی کرد.

باسی چوارەم
کورد لای گەردلێڤسکی

گەرلێڤسکی (١٨٧٦-١٩٥٦) :

لە دەمێکەوە کوردناسی بووەتە لقێکی دیاری ڕۆژهەلاّتناسیی سۆڤیەت. ژمارەیەك لە ڕۆژهەلاّتناسە ناودارەکانی رووسیا بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بە ماوەیەکی زۆر بناغەی کوردناسییان داڕشت[1]. وا ڕێك کەوت بەشێك لە دەستەی دووەمی ئەو ڕۆژهەلاّتناسانە بینە هاوچەرخی دوو ڕۆژگارو دوو ڕژێمی جیاواز - سەردەمی رووسیای پێش ئۆکتۆبەرو سەردەمی سۆڤیەتستانی پاش ئۆکتۆبەر. یەکێك لەوانە ڕۆژهەلاّتناسی بەناوبانگ گەردلێڤسکی بوو.

ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی[2] ڕۆژی نۆزدەی مانگی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ لە شاری سفیابۆرگ لەدایك بووە. باوو باپیری ئەفسەری لەشکری چارو سەر بە دەستەی خوێندەواری ڕۆژگاری خۆیان بوون، بەلاّم ئەو ڕێگەی سەربازیی نەگرتەبەرو لە هەرەتی لاوییەوە خولیای ڕۆژهەلاّت دای لە کەللەی. ساڵی ١٨٩٩ لە مۆسکۆ بەشی زمانەوانیی ڕۆژهەلاّتی لەئامۆزگای لازەرێڤ تەواوکردو پاش پێنج ساڵ لقی فیلۆلۆجیای سەر بە زانکۆی مۆسکۆی بڕی.

---

(١) شارەزایانمان ئاوەکو لیستە گەلێك بەرهەمی بەکەڵکیان دەربارەی کوردناسیی ڕووسی و سۆڤیەتی بلاّوکردووەتەوەو وەرگێڕاوە (بەوێنە بڕوانە :

د. ئەورەحمان حاجی مارف، لەبارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیاو یەکێتیی سۆڤیەت، - «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، ژمارە ٢-١، ١٩٧٤، ل ٤٩٩ - ٥٦٨، تاريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الاسيوي ومعهد الدراسات الشرقية في لينينغراد ١٨١٨ - ١٩٧٨، تأليف مجموعة من المستشرقين السوفيات. ترجمه وعلق عليه وقدم له الدكتور معروف خزندار. بغداد ١٩٨٠).

(٢) بۆ نووسینی کورتەی ژیانامەو چالاکییە زانستییەکانی ڤ. أ. گەردلێڤسکی کەڵکمان لە چەند سەرچاوەیەکی ئەنسکلۆپیدیی و لە پێشەکییەکانی کارە هەڵبژاردەکانی خۆی وەرگرتووە.

گەرلێڤسکی دوای ئەوەی ساڵی ١٩٠٧ بووە مامۆستا لە ئامۆژگای لازەرێڤ . ئیتر هاتە مەیدانی نووسین‌و توێژینەوەو فێرکردنەوە . لەوساوە وتەوەی زمان‌و مێژووی ئەدەبی تورکی پێ‌سپێردراو بە نۆ ساڵ گەیشتە پلەی بەرزی پرۆفیسۆر . ساڵی ١٩٢٩ گەردلێڤسکی بووە ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری سۆڤیەت‌و ساڵی ١٩٤٦یش بووە ئەندامی کارای . دوا ساڵانی ژیانی بووە سەرۆکی بەشی زمان‌و ئەدەبی ولاتانی رۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەراستی سەر بە ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤیەت .

کارە زانستی‌یەکانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی کەلێنێکی گەورەیان لە کتێبخانەی رۆژهەلاتناسیدا پڕکردووەتەوە . ژمارەی ئەو کارانە خۆی دەدا لە نزیکەی ٣٠٠ وتارو کتێبی هەمەجۆر . تەنها بەرهەمە هەلبژاردەکانی چوار بەرگی سەربەخۆیان پڕکردووەتەوە کە بەسەریەکەوە ٢٣١٠ لاپەڕەی گەورەن (١٦×٢٥سم) . بەرهەمەکانی گەردلێڤسکی بەری شەونخونی‌و رەنجی بێ‌وچانی پەنجا ساڵەی زانایەکی زرینگ‌و لەخۆبوردوون .

گەردلێڤسکی لە بەرهەمەکانیدا لە هەر شت زیاتر بایەخی بە زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی تورك داوە ، بەتایبەتی لە رۆژگاری سەلجووقی‌و عوسمانی‌یەکاندا . بەهۆی ئەوەوە کە گەلێك زمانی دەزانی‌و لە تورکیدا تەواو ڤاڵ بووبوو سەرچاوەی باسەکانی هەمەجۆرو دەولەمەندو رەسەنن .

شەقلی بێ‌لایەنی‌و وردی‌و بەراوردو تەتەڵەکردنی زانستی‌یانە بە بەرهەمەکانی‌یەوە دیارن . بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان‌و لە ساڵەکانیداو دوای تەواوبوونی چەند جارێك گەردلێڤسکی بۆ خۆی چووەتە ناو خاکی تورکیاوەو بست بە بست زۆر ناوچەی پێواوەو لە نزیکەوە تێکەڵ بە ئاغاو میرو جووتیارو کرێکارو پیشەگەرو فەرمانبەری ئەو ولاتە بووەو وەستایانە ئەوەی مەبەستی بووە لێی وەرگرتوون‌و بەرهەمەکانی هێندەی‌تر پێ دەولەمەند کردوون . بەپێی قسەی شارەزایان ئەو کتێبەی کە ساڵی ١٩١٦ بە ناوی «تێکستەکانی فۆلکلۆری عوسمانی»یەوە بلاوی کردووەتەوە تا ئیستەش کەم هاوتایە . گەردلێڤسکی لاپەڕەکانی ئەو کتێبەی بەو گۆرانی‌و بەستەو پەندو قسەی نەستەق‌و مەتەلانە پڕکردووەتەوە کە بۆخۆی لەسەر زاری خەلکی‌و لەناو خاکی تورکیادا کۆی کردوونەوە .

زانایان ڕەنجی پێوچانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکییان زۆر بەرز ڕخاندووە. عەرەبناسی بەناوبانگ‌و ئەندامی ژمارەیەك کۆڕی زانیاری ولاتە ڕۆژهەلاتی‌یەکان ئی. یو. کراچکۆڤسکی لە نامەیەکی تایبەتیدا پێی‌گوتووە:

«تۆ لە کەس ناکەیت، تارادەیەك لە هەموو
مێژووی زانستی ڕۆژهەلاتناسیاندا پێوینەیت».

هەمووی بەسەریەکەوە چوار سالێ بەسەر کۆچی دوایی گەردلێڤسکیدا تێنەپەری (ڕۆژی دەی ئەیلوولی سالی ١٩٥٦ کۆچی دوایی‌کرد) کاتێك بەشی مێژووی کۆڕی زانیاری سۆڤیەت ڕۆژی ٨ی کانونی دووەمی سالی ١٩٥٧ بڕیاری بلاوکردنەوەی هەلبژاردەی کارەکانی دەرکردو بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو مەبەستە لیژنەیەکی تایبەتی لە چەند شارەزایەك دامەزراند. وەك گوتمان ئەو کارانەی گەردلێڤسکی بەتەنها چوار بەرگی گەورەیان پڕکردووەتەوە. بەرگی یەکەمیان[٣] بۆ بەشێك لە بەرهەمەکانی خاوەنی دەربارەی مێژووی سەدە ناوینجی‌یەکانی تورکیا تەرخان‌کراوە. لە بەرگی دووەمیاندا[٤] ئەو کارانەی گەردلێڤسکی بلاوکراونەتەوە کە لە زمان‌و فۆلکلۆرو ئەدەب دەکۆلنەوە. هەلبژاردەی زنجیرەیەکی‌تر لە بەرهەمە مێژوویی‌یەکانی گەردلێڤسکی لەگەلێ چەند نووسراوێکی جیاوازی دەربارەی ژیانی ڕووناکبیری بەر بەرگی سێیەمیان کەوتوون[٥]. هەرچی باسەکانی دوا بەشی ئەو کارانەشە لە ئەتنۆگرافیاو مێژووی ڕۆژهەلاتناسی‌و بەرهەمی زانایان دەدوێن[٦].

---

(٣) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەلبژاردەکانی، بە زمانی ڕووسی، بەرگی یەکەم (بەرهەمی مێژوویی)، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ٥٥٢ ل.

(٤) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەلبژاردەکانی، بەرگی دووەم (زمان‌و ئەدەب)، مۆسکۆ، ١٩٦١، ٥٥٨ ل.

(٥) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی: کارە هەلبژاردەکانی، بەرگی سێیەم (مێژوو و ڕووناکبیری)، مۆسکۆ، ١٩٦٢، ٥٥٨ ل.

(٦) ئەکادیمی ڤ. ا. گەردلێڤسکی، کارە هەلبژاردەکانی، بەرگی چوارەم (ئەتنۆگرافیا، مێژووی ڕۆژهەلاتناسی، ترخاندن)، مۆسکۆ، ١٩٦٨، ٦١٢ ل.

لە هەر چوار بەرگی کارە هەڵبژاردەکانی گەردلێڤسکیدا ناوی کوردو کوردستانو ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی لە سەردەمی جیاوازدا هاتووە[٧] .

چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی سەدە ناوینجی‌یەکانی کورد :

وەك زانایەکی بەتوانا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی خۆی لە قاوغی تورکناسیدا نەبەستەوە . ئەو زۆر بەرز رۆڵی گەلانی رۆژهەلاتی لە مێژووی زانرێی مرۆڤدا دەنرخاند . هەروەها لە مەیدانی زانستی رۆژهەلاتناسی خۆشیدا دەستی باڵا بوو . لەبەر ئەو هۆیانەو چەند هۆیەکی تری وەك ئەوانە قەڵەمی گەردلێڤسکی گەلێك جار لە نزیکەوە توخنی ئەو باسانە کەوتووە کە پێوەندیان بە مێژوو و ژیانی ئابووریو کۆمەلایەتیو ئەدەبی گەلی کوردەوە هەیە . جاری‌وا هەیە لە بەرهەمەکانی ئەو زانایەدا تووشی لاپەڕەی وای مێژووی کورد دێین کە بۆ خۆمان ، زۆر بەداخەوە ، شتێکی ئەوتۆیان لێ نازانین . ئەو ڕاستی‌یانەی سەبارەت بە کورد لە کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك»دا هێناونی‌یەوە هەرچەندە بە ژمارە کەمو بە بارست پچووکن ، بە ناوەرۆك دەوڵەمەندو نایابن ، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش لەیادنەکەین کە ڕوونکردنەوەی مێژووی سەدە ناوینجی‌یەکانی کورد کارێکی ئاسان نی‌یەو هەر لەبەر ئەوەش زوربەی ئەو بەرهەمانەی ئاشپستە مێژوونووسە دڵسۆزەکانمان دەربارەی ئەو رۆژگارە دایانناون تا ڕادەیەکی زۆر پچڕ پچڕو لێك‌دابڕاون . پێم‌وایە زانیاری‌یەکانی ناو «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك» یاریدەی پڕکردنەوەی چەند درزو کەلەبەرێکی ئەو مێژوومان دەدەن کە پێویستە ببێتە پرۆژەی بەرهەمێکی گەورەی دوارۆژ .

سالی ١٩٤١ گەردلێڤسکی کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك»ی بۆ یەکەم جار بلاوکردەوە[٨] . ئەو کتێبە لەبەر چەند هۆیەك بە گرنگترینی بەرهەمەکانی گەردلێڤسکی دادەنرێ . مێژووی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك باسێکی گرانو پڕ

(٧) بەوێنە لە بەرگی یەکەمیاندا سێ جار ناوی کوردستانو گەلێك لەوەیش زیاتر ناوی شارەکانی بەجیا هاتووە . تەنها ئامەد (دیار بەکر) یازدە جارو بتلیس نزیکەی بیست جار ناویان لەو بەرگەدا هاتووە .

(٨) یەکەم باسە کە لە کارە هەڵبژاردەکانیدا بلاوکراوەتەوە ، نزیکەی ٣٠٠ لاپەڕەی بەرگی یەکەمی گرتووەتەوە .

ـە کێشەیە ، بەتایبەتی چونکە هێرشی بێ ئامانی مەغۆلی لە سەدەی سیازدەمیندا بووە هۆی فەوتانی گەلێك بەڵگەو دەسنووسی بایەخدار دەربارەی ژیان‌و دام‌و دەزگای سەلجووقی‌یەکان . بەلام گەردلێفسکی بە یاریدەی سەرچاوە تورکی‌و فارسی‌و ئەرمەنی‌و گورجی‌و سریانی‌یە کۆنەکان‌و ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی مێژوونووسە ئەورووپایی‌یەکان توانیویە لە زۆر لایەنی وردی ئەو باسە بکۆڵێتەوە . لە شازدە فەسڵی ئەو بەرهەمەیدا گەردلێفسکی بەدرێژی باسی تورك‌و مەغۆل‌و ئۆغوزو هۆزە کۆچەرەکانی ئاسیای بچووك لە سەدەی شازدەمینەوە تاوەکو سەدەی هەژدەمین‌و ، دەربەگایەتیی ئەو مەڵبەندە لە هەمان رۆژگارو ، ژیان‌و دەسەلاتی سوڵتانە سەلجووقی‌یەکان‌و پیشەگەری‌و پیشەسازی‌و بازرگانی‌و شارو لادێ‌و لەشکرو کارگێری‌و ئایین‌و داب‌و نەریتی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای بچووکی کردووە[9] .

سەلجووقی‌یەکان کە یەکێك بوون لە هۆزە ئۆغوزە تورکانە کۆچەرەکان سەرەتا لەو ناوچەیەی ئاسیای ناوەندا دەژیان کە کەوتووەتە لای راستی رووباری زەرئەفشانەوە لە نێوانی بوخاراو سەمەرقەندا[10] .

شوانی پیشەی سەرەکیی ئەوسای سەلجووقی‌یەکان بوو . دوای ئەوەی لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی دەیەمیندا سەلجووقی‌یەکان موسوڵمان بوون ، ئاڵ‌و گۆڕێکی بنەرەتی لە ژیانیاندا دەستی پێ‌کرد ، بەتایبەتی چونکە دەسەلاتی سەرکردەکانیان لەژێر پەردەی ئەودا ئاسانتر دەگەیشتە زەوی‌وزاری گەلە ناموسوڵمانەکانی رۆژهەلات . ئەوە بۆخۆی بووە هۆیەکی گەورەی راکێشانی سەلجووقی‌یەکان بەرەو ئاسیای بچووك کە بەشێکی زۆری ئەوساکە بەدەست عیسایی‌یەکانەوە بوو .

سەدەی یازدەمین کاتێك سەلجووقی‌یەکان بەرەو ولاتانی رۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەراست هاتن بەر لە هەر شوێن روویان کردە ئێرانی نزیك خۆیان .

---

(٩) بروانە : ف . ا . گەردلێفسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣١-٣١٨ .

(١٠) بۆ باسی کورتەی مێژووی سەلجووقی‌یەکان جگە لە بەرهەمەکانی ف . ا . گەردلێفسکی کەڵکم لە چەند سەرچاوەیەکی تریش وەرگرتووە ، بەتایبەتی لە کتێبی . أ . د . نۆڤیچێف . تورکیا . کورتەی مێژووی ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

سالّی ١٠٤٠ پێشەنگی سەلجووقی‌یەکان بۆ یەکەم‌جار پێ‌یان‌نایە ناو خاکی ئێرانەوەو لە ماوەی پازدە سالّدا توانی‌یان دەسەلاّتیان بگەیێننە هەموو ناوچەکانی . گرتنی ئێران توانای سەلجووقی‌یەکانی زیاتر کرد ، وای‌لی‌کردن بی سل‌کردنەوە رووبکەنە عیراق‌و سووریەو ئازەربایجان‌و کوردستان‌و ئەرمەنستان . لەنێوان سالاّنی ١٠٤٢ و ١٠٥١دا سەلجووقی‌یەکان توانی‌یان بەشی زۆری کوردستان داگیر بکەن‌و بیخەنە سەر دەولّەتە فراوانەکەیان کە سالّی ١٠٥٥ بە داگیرکردنی بەغدا هێندەی‌تر دەسەلاّتی پەیدا کرد .

بەو جۆرە سەلجووقی‌یەکان تاوەکو ناوەندی سەدەی یازدەمین گەیشتنە سەر سنووری ئاسیای پچووك کە لەبەر زۆر هۆ سەرنجی راکێشابوون .

ئاسیای پچووك ولاّتێکی فراوان‌و دەولّەمەندو خۆش‌و کەم‌دانیشتوو بوو ، ئەوساکە بەشی زۆری ناوچەکانی بەدەست بیزەنتەی‌یە عیسایی‌یەکانەوە بوو .لە دەمێکەوە فەرمانرەوایانی جیهانی ئیسلام بیریان لەوە دەکردەوە ئەو پارچە گرنگەی رۆژهەلاّت بگرنە دەست خۆیان چونکە ببووە بنکەیەکی ترس‌لی‌کراوی عیسایی‌یەکان کە دەیانویست لە رێگەیەوە بگەنەوە مەلّبەندە پیرۆزەکانیان لە فەلەستین . سەردارە سەلجووقی‌یەکان دەیانزانی بەئاسانی دەتوانن رەوەی خەلّکی سادەو ساکار بەرەو ئەو ناوچانە بنێرن کە داگیرکردنیان ، بی‌گومان ، دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی ناوو شۆرەتیان لەناو هەموو موسولّمانانی جیهاندا .

لە ناوەندی سەدەی یازدەمینەوە سەلجووقی‌یەکان بۆ یەکەم جار کەوتنە هێرش بردنە سەر ئاسیای پچووك ، بەلاّم بەهۆی تەوژمی بیزەنتەی‌یەکانەوە هێرشەکانی ئەو قۆناغەیان پچر پچرو کەم ئەنجام بوون ، دوابەدوای هەر هێرشێك ناچار دەبوون بکشێنەدواوە . هەر لەوساشەوە بەشێکی زۆر لەو شەرانەی لە نێوانی بیزەنتەی‌و سەلجووقی‌یەکاندا دەقەومان بەر خاکی کوردستان کەوتن . لە شەستەکانی سەدەی یازدەمینەوە سروشتی هێرشی سەلجووقی‌یەکان بۆ سەر ئاسیای پچووك گۆرا ، لەوساوە ئیتر توانی‌یان بنکەی چەسپاو لەو مەلّبەندەدا بۆ خۆیان دابمەزرێنن . ئەوەبوو سالّی ١٠٧١ لە نزیك مەلازگردی[١١] کوردەواری‌یەوە لەشکری بیزەنتەی‌یان بەزاند .

---

(١١) مەنازکرت .

پش دە ساڵ سەلجووقییەکان ئیزنیکیان داگیرکردو کردیانە پایتەختی خۆیان . ساڵی ١٠٨٥ ئەزمیریشیان گرتو بەو جۆرە دەوڵەتی سەلجووقی لە ئاسیای پچووکدا دامەزرا کە میرنشینی سەلجووقیشی پێ دەگوترێو بریتی بوو لە بەشێك لە دەوڵەتی گەورەی سەلجووقییەکان . ساڵی ١١١٦ سەلجووقییەکانی ئاسیای پچووك شاری قۆنیەیان کردە پایتەختی میرنشینەکەیان کە لەوساوە بە ناوی میرنشینی قۆنیەشەوە ناودەبرێ .

میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك تا دەهات پەرەی دەسەند ، بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی ١١٨٠ توانی میرنشینی دانشمەندیی دراوسێی لەناوبەرێت[١٢] . کە دەسەڵاتی سەلجووقییەکان گەیشتە ئەورادەیە ئینجا زیاتر بەرەو رۆژئاوا کشان تا گەیشتنە ئەو ناوچانەی ئاسیای پچووك کە کەوتوونەتە سەر دەریا .

بەو جۆرە لە کۆتایی سەدەی دوازدەمینو سەرەتای سەدەی سیازدەمیندا دەوڵەتێکی گەورەی تورك بە سەرکردایەتیی بنەماڵەی سەلجووقی لە ئاسیای پچووکدا دامەزرا . ئەو دەوڵەتە لە رۆژگاری فەرمانرەوایی سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەمدا (١٢١٩ - ١٣٢٦) گەیشتە لقەپۆپەی دەسەڵاتو پێشکەوتن . لەژێر سێبەری ئەو سوڵتانەدا باسی ئاوەدانیی قۆنیەو قەیسەرییەو سیواسو شارانیتری ئاسیای پچووك کەوتبووە سەر زاران .

لە دەوروبەری ناوەندی سەدەی سیازدەمینەوە لەگەڵ هێرشی مەغۆلەکاندا رۆژی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك بەرەو کەل رووی لە ئاوابوون کرد . تا سەرەتای سەدەی چواردەمین شیرازەی بەجارێك تێکچوو ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی ١٣٠٧ەوە بەسەر ژمارەیەك میرنشینی پچووکدا دابەش بوو . زۆری نەبرد عوسمانییەکان بوونە میراتگرێو جێگەیان گرتەوە .

لەبەر ئەوەی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووك توانیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستانو عەرەبستانو ئەرمەنستاندا داسەپێنێ مێژووی

(١٢) ساڵی ١٠٦٧ دانشمەندەکان . کە ئەوانیش هۆزێکی تورك بوون . توانییان میرنشینێکی سەربەخۆ لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیای پچووکدا دابمەزرێننو شاری سیواسیان کردە پایتەختی . لەوساوە دووبەرگی قورس لەنێوان میرنشینی دانشمەندو میرنشینی سەلجووقیدا دەستی پێ کرد کە بە سەرکەوتنی دووەمیان کۆتایی هات .

بەسەرهاتو رووداوەکانی لە هەزار سەرەوە لەگەڵ مێژووی کوردو عەرەبو ئەرمەنو رۆمدا[١٣] یەك دەگرنەوە . لەبەر گەلێك هۆی ئاشکرا بەداخەوە تاوەکو ئیستە مێژوونووسانمان ، هێندەی من ئاگادارم ، نەیانتوانیوە ، یا بۆیان نەلواوە نە شتێکی کەم بەولاوە دەست بۆ هیچ لایەنێکی ئەو مێژووە بەرن . مێژوونووسی گەورەمان مامۆستا ئەمین زەکی چەند لاپەرەیەکی پێوندی کوردی بە سەلجووقی‌یەکانی ئێرانو عێراقەوە بۆ روونکردووینەوە[١٤] ، بەلاّم زۆر کەم نەبێ دەستکاری هیچ کامێك لە باسەکانی پێوەندی کوردی بە سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووکەوە نەکردووە[١٥] . تەنها عەبدولرەقیب یووسف لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەبارەی دەوڵەتی دۆستەکی‌یەوەیە[١٦] چەند راستی‌یەکی بایەخداری سەرەتای ئەو رۆژگارەی کوردستانی بۆ هێناوینەوە چونکە دەورووبەری ساڵی ٤٧٦-٤٧٨ك (١٠٨٣-١٠٨٦ز) دەوڵەتی دۆستەکی لەسەر دەستی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووکدا رووخا .

کەوابێ کەلێنێکی دیار ، وەك زۆر کەلێنی گەورەی‌تر ، وا لە مێژووی سەدە ناوەنجی‌یەکانی کوردا کە پڕکردنەوەی پێویستی بە قوڵنگی فەرهادێی دڵسۆزانە . ئەوانەی ناچارن بە دەرزی بکەونە کێوی بێستوون تاوەکو بتوانن دێرە ونەکانی مێژووی ئەو رۆژگارە بدۆزنەوە . جاروبار ئەو دێرانە لە دووتوێی بەرهەمی رۆژهەلاّتناساندا بەدی دەکرێن کە بۆیان هەیە چمکێك بخەنە سەر گەنجینەی تاوەکو ئیستە هەژاری مێژووی رابوردوومان . دەبێت لەو قوژنەوە بەهای ئەو زانیاری‌یانە دیاری‌بکەین کە ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی دەربارەی کورد لە رۆژگاری سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووکدا هێناونی‌یەوە .

---

(١٣) مێژوونووسانی ئیسلام ناوی رۆمیان لە بیزەنتی‌یەکان نابوو . ناوی شاری ئەرزەرۆم (ئەرزی رۆم)یش هەر لەوەوە هاتووە .

(١٤) محمد امین زکي ، خلاصة تاریخ الکرد وکردستان من اقدم العصور التاریخیة حتی الان ، ترجمة محمد علي عوني ، القاهرة ، ١٩٣٦ ، ص ١٤٥ - ١٥١ .

(١٥) بەوێنە بروانە ئەو چەند دێرەی دەربارەی هێرشی عەلائەددین کەیقوبادی سەلجووق بۆسەر ئامەد (دیاربەکر) هێناوی‌یەوە (هەمان سەرچاوە . ل ١٥٨ - ١٥٩) .

(١٦) عبدالرقیب یوسف ، الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی . دراسة تاریخیة واقتصادیة واجتماعیة وحضاریة ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٧٢ .

که دێته سەر باسی داگیرکردنی کوردستانی باکوور لەلایەن سەلجووقیەکانەوە گەردلێفسکی دەڵێ هەمان کات سەلجووقیەکان ویستیان بشگەنە گورجستان ، بەڵام هەوڵی ئەو مەیدانەیان بەفیڕۆ چوو . بۆ ماوەیەکیش توانیان شاری ئێدێسا (ئوورفە) بگرن ، بەڵام زۆری نەبرد ئەوێشیان لەکیس چوو . کەچی بەرامبەر بەوە «توانیان بگەنە ناخی کوردستان ، ئەو کارەی دوایی ڕێگەی بۆ هاتنێ عوسمانیەکانیش خۆش کرد»[17] .

سەلجووقیەکان دوای ئەوەی لە باکوورو باشوورەوە هاتنە ناو خاکی کوردستانەوە ئینجا کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکردنی ئامەد (دیاربەکر) یش کە بەدەست کوردە مەروانیەکانەوە بوو . سەلجووقیەکان توانیان ئەو شارەیش بگرن ، بەڵام زۆری نەبرد ئامەد بووە هۆی دووبەرەکی لە نێوانی سەلجووقیەکانو ئەیووبیەکاندا . سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم[18] بەپەرۆشەوە دەیویست ئامەد بگرێ ، بەڵام دووجار تێیدا شکایەوە . کەچی ساڵی ١٢٤١ کەیخوسرەوی دووەمی کوڕی[19] توانی ئەو شارە بگرێ . بۆ ئەوەی دڵی دانیشتوانی ئامەد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ کەیخوسرەو فەرمانی لابردنی ژمارەیەك باجو سەرانەی دەرکرد ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە خرابوونە سەر کەلوپەلی هێنراوو میوەو سەوزەی ناوبازاڕ ، پیاوانی سوڵتان ئەو فەرمانەیان بەسەر دیواری مزگەوتی گەورەی شاردا هەڵواسی .

لەگەڵ هەراو بگرە بگری هێرشی مەغۆلەکاندا مەلیك کامیلی ئەیووبی کە دوژمنی سەلجووقیەکان بوو توانی دەست بەسەر ئامەددا بگرێ . بەڵام هۆلاکۆ خان دیسان ئەو شارەی دایەوە دەست سەلجووقیەکان بە سەرکردایەتیی کەیکاوسی دووەم[20] و ڕوکنەددین قلیج ئەرسەلانی چوارەم کە برا بوون[21] . ساڵی ١٢٨٠ شاری ئامەد

(١٧) هەولمداوە بەپێی توانا بەگشتی مەبەستەکانی ف . ا . گەردلێفسکی ڕابگەیێنم .
(١٨) وەك گومان سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم لەنێوانی ١٢١٩ - ١٢٣٦دا فەرمانڕەوای میرنشینی سەلجووقی ئاسیای بچووك بوو .
(١٩) سوڵتان غیاسەددین کەیخوسرەو لەنێوانی ١٢٣٦ - ١٢٩٥دا فەرمانڕەوایی کرد .
(٢٠) سوڵتان عیزەددین کەیکاوسی دووەم لەنێوان ساڵانی ١٢٤٩ - ١٢٥٧دا فەرمانڕەوای میرنشینی سەلجووقی ئاسیای بچووك بوو .
(٢١) فەرمانڕەوایی سوڵتان ڕوکنەددین قلیج ئەرسەلانی چوارەم بەر ساڵانی ١٢٥٧ و ١٢٦٥دا دەکەوێت .

بەدەست کەیخوسرەوی سێیەمەوە بوو[٢٢] .

سەلجووقی‌یەکان کە وا چاوەڕوان بوون داگیرکردنی ئاسیای پچووك دەسەلاتی بگەیێنێتە سەرتاپای گێتی نەك تەنها جیهانی ئیسلامی ،شانازی‌یان بە داگیرکردنی ئامەدەوە دەکرد . سولتان کەیخوسرەوی دووەم ناوی خۆی نابوو :

«قاتل الكفرة والمشركين و سلطان الروم و أرمينيا و دياربكر و سوريا و شيخ السواحل»[٢٣] .

لەوەدا سولتان کەیخوسرەوی دووەم حەقی بوو چونکە داگیرکردنی شاری ئامەد کارێکی ئاسان نەبوو . وەك لەپێشدا گوتمان دوو هێرشی عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم بۆ سەر ئامەد سەریان نەگرت ، هەرچەندە میرنشینی سەلجووقی‌یەکانی ئاسیای پچووك لەو سولتانە بەتواناتری بەخۆیەوە نەبینی . ماوەیەکی باش قەلای ئامەد خۆی نەدا بەدەستەوەو بەرگری کرد تا یەکێك لە سەردارانی کورد بە ناوی (بدر الدينار)ەوە لەژێرەوە لەگەلْ سولتان ڕێك‌کەوت‌و چەکدارانی سەلجووقیی بەدزی‌یەوە گەیاندە ناو قەلاکەوەو لەوێوە دەروازەی شاریان بۆ گەمارۆدەران خستە سەر گازی پشت[٢٤] . گرتنی شاری ئامەد بەلای سولتانی سەلجووقی‌یەوە هێند بایەخدار بوو وای‌لی‌کرد دەست لە باغ‌و باغات‌و بێستانی دانیشتوانی هەلبگرێ ، ئەگینا سەلجووقی‌یەکان هەر شوێنێکیان داگیردەکرد بێ‌بەزەیی‌یانە دەکەوتنە ڕەگ‌و ڕیشەی دارو درەخت‌و ڕەزو میوەی‌و هەموویان لە بن دەهێنا .

دیارە سەلجووقی‌یەکان دوای ئەوەی جێ‌پێی خۆیان لە ئاسیای پچووکدا قایم‌کردو دەسەلاتی تەواویان گرتە دەست ، ئاغاو بەگ‌و میران‌و خەلکی ساکاری گەلانی تر هەریەکەیان لەبەر هۆو مەرامێك دەورەیاندان .

لەوەدا دەبوو کوردیش بەشی خۆی هەبێ . یەکێك لەو زانیاری‌یانەی گەردلێفسکی هێناوی‌یەوە بە شێوازێکی تایبەتی ئەو ڕاستی‌یەی بۆ دەرخستووین .

---

(٢٢) ف . أ . گەردلێفسکی . کارە هەلبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٥٨–٥٩ ، ١٨٣ .
(٢٣) ف . أ . گەردلێفسکی . هەمان بەرگ ، ل ٦٠ .
(٢٤) ف . أ . گەرلیفسکی . هەمان بەرگ ، ل ١٨٣ .

بەڵكە ئەو دەڵێ کاتێك سوڵتان عەلائەددین کەیقوبادی یەکەم[٢٥] چووە تۆپروك ٥٠٠ مخفەرو سەرهەنگی « ڕووسی‌و گورجی‌و کوردو دەیلەمی‌و گورگانی‌و قەزوینی‌و گوری‌و[٢٦] هی‌تر چواردەوریان دابوو. خوێن لە چاویان دەباری. . . بەناو حەلکەکەدا ڕێگەیان بۆ سوڵتان دەکردەوە. . .»[٢٧].

هەمان‌کات بەشێك لە لەشکری گەورەی میرنشینی سەلجووقی ئاسیای پچووك کە جاری‌وا هەبوو ژمارەی خۆی دەدا لە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس[٢٨] لە هۆزەکانی کوردستان پێکهاتبوو، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە ئامەدو مەڵبەندەکانی دەوروبەری دەژیان[٢٩]. فەرمانڕەوایانی ئەو میرنشینە لە کاتی تەنگانەدا پەنایان دەبردە بەر یاریدەی چەکدارانی کورد، وەك لە ڕۆژانی ڕاپەڕینە گەورەکەی بابە ئیسحاقدا ڕووی‌دا.

لە ئەنجامی چەوساندنەوەو فشاری زۆری باج‌و سەرانەی دام‌و دەزگاکانی میرنشینی سەلجووقیدا ساڵی ١٢٣٩ ئاگری ڕاپەڕینێکی فراوان زۆر ناوچەی ئاسیای پچووکی گرتەوە. کۆچەری‌و نیشتەجێی ئەو ناوچانە وەك یەك بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو ڕاپەڕینەدا بەشداربوون کە پیاوێکی لەخۆبوردوو بە ناوی بابەئیسحاقەوە سەرکردەی بوو. بابەئیسحاق خۆی بە نیمچە پێغەمبەرێك دادەنا، لایەنگرانی بە خۆیان‌و ژن‌و منداڵیانەوە بۆ ماوەیەکی باش کەوتنە هێرش بردنە سەر قەڵا‌و زەوی‌وزاری دەرەبەگە گەورەکان.

دوای ئەوەی شۆڕشگێڕەکان بەسەر لەشکری میردا زاڵ‌بوون‌و بانگی خەلیفایەتی بابەئیسحاقیان‌دا ڕاپەڕینەکەیان وا تەشەنەی کرد خەریك بوو گلۆڵەی میرنشینی سەلجووقی ئاسیای پچووك بخاتە لێژی. ئەوسا سوڵتان کەیخوسرەوی دووەم کەوتە خۆی‌و «لە مەڵاتی‌یەوە داوای یاریدەی تورك‌و گەرمیانی کرد». مەبەستی

(٢٥) بڕوانە پەراوێزی ژمارە هەژدە
(٢٦) هۆزێکی ئەفغانی‌یە.
(٢٧) ف. ا. گۆردلێفسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی یەکەم، ل ١٨٨.
(٢٨) ا. د. نۆلیجێف، سەرچاوەی ناوبراو. ل ١٠.
(٢٩) ف. ا. گۆردلێفسکی، کارە هەڵبژاردەکانی، بەرگی یەکەم، ل ٧٩.

سوڵتان لە گەرمیان ئەو هۆزە کوردە بوو کە دوایی میرنشینێکی بەهێزیان دامەزراند [٣٠] . بەوجۆرە سوڵتان توانی بەسەر ناحەزەکانیدا زاڵبێ ، بابەئیسحاق بەخسیر کردو هەڵبواسیو پاش ماوەیەك هەموو ڕاپەڕینەکەی دامرکاندەوە .

لە کتێبی «دەوڵەتی سەلجووقیی ئاسیای پچووك»دا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی چەند زانیاری،یەکی گرنگی دەربارەی دەوری ژیاریو ڕووناکبیریی کوردی ئەو ڕۆزگارە هێناوەتەوە . وەك زانراوە سەلجووقی،یەکان لە دوڵی زەرئەفشانی نیشتمانی یەکەمیاندا بە کۆچەری ژیانیان دەبردەسەر ، پەروەردەکردنی ئاژەڵو کەمێك کشتو کاڵ پیشەی سەرەکی،یان بوو . هەر ئەوسا پێوەندی پەترپارکی (باوکایەتی) لەناویاندا باو بوو ، پشتاوپشت پێکەوەی بەستبوونەوە [٣١] ، لەبەر ئەوە کاتێك گەیشتنە ئاسیای پچووك هێشتا لە ڕووی ژیاری،یەوە لەدواوە بوون ، بۆیە زۆر شت لە مەلاو دەروێشانی کوردو عەرەبو ئازەرەوە فێردەبوون . گەردلێڤسکی لەو بارەیەوە نووسیویە دەڵێ :

«ئەو دەروێشانەی دەهاتنە ئاسیای پچووك تەنها مامۆستاو فێرکەری ئاینی نەبوون ، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەشبوونە ڕێنیشاندەری کارگێڕیو ڕووناکبیریی کۆچەرانی ئەو مەڵبەندە ، دەوریان لە یەکگرتنیاندا دەبینیو دژی مەغۆلەکانیان دەبزواندن . . لە چوار ڕێگەوە دەروێش دەهاتنە ئاسیای پچووك : خۆراسانو ئازەربایجانو سووریەو عیراق . . دەروێشەکانی عیراق لە بەغداو هەولێرەوە دەهاتن ، جووتیارو پیشەگەرو بێکارە لەدەوریان کۆدەبوونەوە» [٣١] . ئەو دەروێشانە لە ڕاپەڕینەکەی بابەئیسحاقیشدا دەوریان بینی . دیسان گەردلێڤسکی دەڵێ گوایە بیروباوەڕی ئاینیی دژ بە سۆفیزم لە هەولێرەوە دەگەیشتە ئاسیای پچووك ، «دانیشتوانی هەولێر کوردو ، وادیارە ئەوسا مەیلداری شیعە بوون» [٣٢] .

شوێنەوارو پاشماوەو بەڵگەی بەجێماوی ڕۆژگاری سەلجووقی،یەکانی ئاسیای پچووك بەگشتی کەمن . یەکێك لە بەجێماوە کەمەکانی ئەوسا میحرابێکە لە مزگەوتی

---

(٣٠) ڤ . ا . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ١٧٨ - ١٧٩ .
(٣١) ڤ . ا . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ٢٠٤ .
(٣٢) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، هەمان بەرگ ، ل ٢٠٤ - ٢٠٥ .

عەلائەددین لە شاری قۆنیە کە لە تەختە هەڵکەندراوەو لەسەری نووسراوە «حاجی ئیشتووی خەلات (خلاط – اخلاط) ساڵی ١١٥٥ دروستی کردووە» . بەپێی بۆچوونی گەردلێفسکی ئەو میحرابە کاتی خۆی لە خەلاتەوە گوێزراوەتەوە قۆنیەی پایتەختی میرنشینی سەلجووق [٣٣] . هەروەها لە ساڵی ١١٨٣ وە هەژدەهای شێوازی چینی لەسەر قاپیەکانی ئامەد هەڵکەندراوە ، کە ئەوەیش وا دەگەیێنێ بەر لە هێرشی مەغۆڵەکان نەك لە ڕێگەی ئەوانەوە ، وەك دەگوترا ، ئەو هونەرە گەیشتووەتە ئاسیای پچووك [٣٤] .

بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی کۆنەوە بۆ لێکدانەوەی پێوەندی دەرەبەگی لەنێوان سەلجووقیەکانی ئاسیای پچووکدا ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرە ڤیچ گەردلێفسکی چەند جارێك پەنای بردووەتە بەر دیاردەکانی ئیمڕۆی کوردستان . لەو ڕێگەیەوە گەردلێفسکی هەوڵی داوە زۆر ڕووی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەلأیەتیی میرنشینی سەلجووقیی ئاسیای پچووکی ئەوسا ڕوون بکاتەوە . بەلای گەردلێفسکییەوە ئەوە تەکە ڕێگەیە بۆ تێگەیشتنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئابووریو کۆمەلأیەتیی ئەو ڕۆژگارەی سەلجووقیەکان ، چونکە ، بەپێی بۆچوونی ئەو ، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ژیانی کوردستانی باکووری سەرەتای سەدەی بیستەمو ژیانی ئاسیای پچووکی سەدە ناوەنجییەکاندا نییە [٣٥] . لەوەدا گەردلێفسکی کەڵکی لە چەند سەرچاوەیەکی نوێی تورکی وەرگرتووە وەك ئەو کتێبەی ناشید حەقی دەربارەی ناوچەی دەرسیم دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینە گەورەکەی شێخ سەعیدی پیران دایناوە [٣٦] .

---

(٣٣) هەمان بەرگ ، ل ١٦٠ .

(٣٤) هەمان بەرگ ، ل ١٦٤ .

(٣٥) هەمان بەرگ ، ل ٩٦ – ٩٧ .

(٣٦) Nasit Hakki, Derebeyi ve Dersim, Ankara, 1932.

خاوەنی سەرەتا لە شێوەی زنجیرەیەك وتاردا لە گۆڤاری «حاکمیت ملیە»دا بلأوی کردووەتەوە . شایانی باسە أ . د . نۆلیچێف کورتەی بە زمانی ڕووسی بلأوکردووەتەوە (بڕوانە : أ . د . نۆلیچێف ، دەربارەی مەسەلەی دەرەبەگی لە کوردستانی تورکیا ، – گۆڤاری «بیبلۆگرافیای ڕۆژهەلأت» ، لێنینگراد ، ١٩٣٤ ، ل ٥٤ – ٦٤) .

گەردلێفسکی دەڵێ سەلجووقی‌یەکان کاتی خۆی بە شەو لەترسی هێرشی کۆچەرەکان دەرگەو دەروازەی شارەکانیان قایم دادەخست ، ئەو نەریتەی تا دواساڵەکانی رژێمی عوسمانی لە شارێکی وەك دیاربەکردا پەیرەوی دەکرا[٣٧] . کە دێتە سەر باسی بەرەڵلایی هۆزە کۆچەرەکانی ئەوسای ئاسیای پچووك نموونەیەکی نوێی کوردستان دەهێنێتەوە . دەڵێ بەر لە دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهان تاران حاکمێکی نوێی بۆ ناوچەی ورمێ دانا ، بەلام ئەوەی داینا لە ترسی هەراو بگری کۆچەرەکانی ئەو ناوانە بۆ ماوەی سێ مانگ نەیتوانی لە تەورێزی نزیکەوە بگاتە شاری ورمێ[٣٨] .

هەر لەو کتێبەیدا ف . أ . گەردلێفسکی ڕاستی‌یەکی گرنگی دەربارەی باری دیموگرافی‌و نەتەوەیی ئاسیای پچووکی ڕۆژگاری سەلجووقی‌یەکان تۆمارکردووە ، وەك ئەوە کە دەڵێ زمانی تۆغوزەکانی ئاسیای پچووك ئاسان‌و یەکجۆر نەبوو ، هەرچەندە ئەوان «موسوڵمانێکی خراپ بوون» بەلام ئایین بۆیان بووە قەڵغانی پاراستن لەو ناوچانەدا کە زۆرتری دانیشتوانیان عیسایی بوون ، کەچی لەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلدا کە زۆرتری دانیشتوانیان کورد یا عەرەب‌و وەك خۆیان موسوڵمان بوون جاری‌وا هەبوو بەئاسانی لە بۆنەیاندا دەتوانەوە[٣٩] .

ف . أ . گەردلێفسکی لە بەرهەمەکانی تریشیدا چەند جارێك هاتووەتە سەر باسی مێژووی کورد لە سەدە ناوەندی‌یەکاندا . لەو وتارەیدا کە ساڵی ١٩٢٢ دەربارەی «زمانی قزڵباشەکانی ئاسیای پچووك» بلاوی کردۆتەوە[٤٠] ڕاستی‌یەکی نەزانراوی لە بارەی مەلا ئیدریسی بتلیسی ناودارەوە هێناوەتەوە .

لەوێدا کە دێتە سەر باسی ناکۆکی نێوان شا ئیسماعیل پاشای صەفەوی (١٥٠٢–١٥٢٤) و سوڵتان سەلیمی پاشای عوسمانی (١٥١٢ – ١٥٢٠) کە شالاوی

---

(٣٧) ف . أ . گەردلێفسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی . بەرگی یەکەم ، ل ١٥٣ – ١٥٤ .
(٣٨) هەمان بەرگ ، ل ١٧٤ – ١٧٥ .
(٣٩) هەمان بەرگ ، ل ٧٣ .
(٤٠) هەمان بەرگ ، ل ٢٥٥ – ٢٧٥ .

نگری زوربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوەو باسی کوشتارە سەختەکەی سوڵتان سەلیم لەناو قزڵباشەکانی ئەو ناوەدا دەکات کە ، وەك باس‌دەکریٚ ، بووە هۆی مناوچوونی ٤٠ هەزار کەسێکیان ، دەڵێ مەلا ئیدریسیش کە لایەنگری سوڵتان بوو نەورۆژانەدا زۆر بە رەقی لەگەڵ قزڵباشەکان جوولاٚوەتەوە ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە نوچەی ماردیندا نیشتەجیٚ بوون . بە فەرمانی ئەو تەنانەت کلاٚوو سەرویٚچی قزڵباشەکانیان کۆکردۆتەوەو یەکیٚك لە چاڵەکانی قەراغ شاریان پیٚ پرکردووەتەوە . گەردلیٚفسکی دەربارەی ئەو کارەی مەلا ئیدریس دەڵیٚ :

«پیٚم‌وایە کرداریٚکی سەیری ئەوتۆیە کە پیاو ناتوانیٚ لیٚکی‌بدانەوە . گۆڕی حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریس وا لە بتلیس . حیسامەددین ، وەك لە بتلیس بۆیان گیٚڕامەوە ، پیاویٚکی بیرتەسك نەبوو[41] . . .»[42] .

لە بەرهەمیٚکی‌تریدا ڤ . أ . گەردلیٚفسکی دیسان هاتووەتەوە سەر باسی حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریسی بتلیسی‌و دەڵیٚ : « قورئانی لیٚکداوەتەوە . بەلایەوە وابوو موسوڵمان‌و عیسایی وەك یەك دەچنە بەهەشت . باوەڕی بە بوونی دۆزەخ هەبوو ، بەلاٚم دەیگوت ئازاردان لە دۆزەخدا کاریٚکی وەختی‌یە ، واتە بە چاوی ئەعراف[43] سەیری دۆزەخی دەکرد» . حیسامەددینی باوکی مەلا ئیدریس لە شاری بتلیس نیٚژراوەو گۆڕی بووەتە زیارەتگە[44] . گەردلیٚفسکی دەربارەی مەلا ئیدریس خۆیشی دەڵیٚ :

«هاوچەرخی سوڵتان سەلیمی یەکەم ، میٚژوونووسیٚکی پیاهەڵدەرو[45] پیاوی دەوڵەت ، واتە سیاسی بوو»[46] .

---

(٤١) مەبەستی ئەوەیە حیسامەددین سوننی مەزهەبیٚکی بیرتەسك نەبووە ، بەڵکو پیاویٚکی ئایینی کراوە بووە .

(٤٢) ڤ . أ . گەردلیٚفسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٢٥٦ .

(٤٣) «اعراف» یا «مطهر» زاراویٚکی ئایینی‌یە ، بەو شویٚنە دەگوتریٚ کە کەوتووەتە نیٚوانی دۆزەخ‌و بەهەشتەوە . وشەی «الاعراف» لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هاتووە .

(٤٤) ڤ .أ . گەردلیٚفسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ .

(٤٥) مؤرخ مداح .

(٤٦) ڤ . أ . گەردلیٚفسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ .

لەبارەی قزلْباش و قزلْباشەکانەوە :

لە نووسینەکانیدا ڤلادیمێر ئەلێکسەندرە ڤیچ گەردلێڤسکی بایەخی زۆری بە قزلْباشەکانی ئاسیای پچووك داوە کە بەشێکیان کوردن ، لە ئایین و داب و نەریت و مێژوویان کۆڵیوەتەوەو چەند جارێك بۆ خۆی تێکەڵیان بووەو گەلێك زانیاری بەکەڵك و سەیری لەبارەیانەوە کۆکردووەتەوەو لە چەند بەرهەمێکیدا بلاْوی کردوونەتەوە .

یەکەم بەرهەمی گەردلیڤسکی لەبارەی قزلْباشەوە لە کارە هەڵبژاردەکانیدا بەم ناوەوەیە : « لە گەڕانەکانم بەدوای باسە ئایینی‌یەکانی ئاسیای پچووکدا – قزلْباشەکان» . ئەو بەرهەمەی بریتی‌یە لە وتارێك کە ساڵی ١٩١٣ لە کۆڕێکی زانستیی تایبەتیدا خوێندوویەتەوە[٤٧] .

گەردلێڤسکی لە سەرەتای وتارەکەیدا گفتوگۆیەکی هێناوەتەوە کە کاتی خۆی لەگەڵ عەلی شانی کوڕی مەحموود پاشای سەرداری هۆزی قۆچگیری ناوچەی زارادا[٤٨] کردوویە . دەربارەی مەحموود پاشا دەڵێ سەرداری هۆزی بەدەسەلاْتی قۆچگیری بوو کە یەکێکە لە هۆزە کوردەکانی ئەو ناوچەیە . بۆ خۆی «دادکارو فەرمانڕەوای هۆزەکەیەتی و هەرچی ئەو بیڵێت بۆ کورد یاسایە» . ساڵی ١٨٩٥ لە کاتی کوشتاری ئەرمەنەکاندا مەحموود پاشا ڕێگەی نەدا بە پیاوەکانی لەو کوشتارەدا بەشدار بن ، لەبەر ئەوە ئەرمەن بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی‌یەوە تێی دەڕوانن .

دوای ئەوە ڤ . أ . گەردلێڤسکی دەڵێ :

«هاتنی ئەو ئاغا کوردەم بە هەل زانی بۆ ئەوەی بیدوێنم تا بتوانم لە ڕێگەیەوە بگەمە نهێنی‌یەکانی قزلْباش . خاوەنی خانەکە هەرچەندە لەوە دوودڵ بوو هیچ دەستگیری بێ بەلاْم بڕیاری‌دا یاریدەم بدات و لەگەڵی کۆم بکاتەوە . دوای چارەکێك هەردوکیانی بردە ژوورێکی تەنهاو دەرگەکەی قایم لەسەر داخستین . کە چوومە ژوورێ لاوێکی بالاْبەرز بە بەرگی ئەورووپایی و تەراشی ڕێکوپێکەوە لەبەرم هەڵستا . ئەوساکە ڕەمەزان بوو ، منیش یەکسەرکەوتمە باسی ڕۆژوو . پێی گوتم قزلْباش دان

(٤٧) هەمان بەرگ ، ل ٢٤١ – ٢٥٤ .

(٤٨) زارا کەوتۆتە باشووری سیواسەوە .

ـه مانگی ڕەمەزاندا نانێن ، لەبریتی ئەو ساڵی دوازدە ڕۆژی موحەڕڕەم بەڕۆژوو ئەبن . لەو ڕۆژانەدا یادی تینوێتیی حسەین لە بیابانی کەربەلا دەکەنەوە . کە داوام ی کرد باسی (خضر الیاس)م بۆ بکاتو لێم پرسی کەی دەست پیٚ دەکات ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد . گوتی ئەوە نهێنیی تایبەتی یە ، مەگەر دوایی بۆتی باس بکەم . ئەوسا کە تێگەیشتم قزڵباشەکان تا چ ڕادەیەك قایمکارن» .

وادیارە گەردلێڤسکی نەیتوانیوە شتێکی ئەوتۆ لە عەلی شان هەڵکرێنێ بۆیە ناچاربووە لە ڕێگەی کابرایەکی ئەرمەنەوە بگاتە ژمارەیەك قزڵباشی ترو بەشێك لە زانیاری یەکانی دەربارەیان کۆبکاتەوە . وەك دەیگێڕێتەوە یەکێکیان پێی گوتووە قزڵباشەکان لەناو خۆیاندا یەکتر چاك دەناسنەوە ، گوایە بە تەوێڵی هەریەکەیانەوە ئەستێرەیەك هەیە لە خۆیان بەولاوە کەس نایبینێ .

گەردلێڤسکی کە دێتە سەر باسی ڕیشو سمێڵی قزڵباشەکان دەڵێ لە ٣٠ ساڵی بەوە ڕیش دەهێڵنەوەو ئیتر توخنی ناکەون ، «هێی وایان هەیە مووی ڕیشی بەشی شەرواڵێك دەکات» . کە پێی گوتوون لای سوننی یەکان ریش تاشین ڕەوایە ، تێیان گەیاندووە ، چۆن هێشتنەوەی خێری بەدەمەوەیە چونکە بە هەر یەکێك لە تاڵەکانیدا پەری یەك خۆی هەڵواسیوە ، لەبەر ئەوە تاشینی بەجێ نی یە . پشتی ئەو قسەیە بە دوو «بەڵگە»ی تر قایم دەکەن . یەکەمیان گوایە کاتێك ئیمامی عەلی پێغەمبەری شتووە ئاو لە ناوکیدا کۆبووەتەوە ، کە ویستوویە وەك مووفەڕك ئاوەکە بخواتەوە ڕیشو سمێڵی پێی تەڕبوون لەبەر ئەوە ئیتر تا مردن نەیتاشیون . بەڵگەی دووەمیان «ڕیشە درێژەکەی» عیسای پێغەمبەرە .

نووسەر هەن ژمارەی قزڵباشی تورکیایان بە یەك ملیۆن داناوە ، بە لای گەردلێڤسکی یەوە ئەو ژمارەیە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم کەمە ، بەتایبەتی ، وەك دەڵێ . ئەگەر ئەوەیش لەیادنەکەین کە ئاسیای بچووك پڕی یە لە قزڵباش . ناوجەرگەی مەڵبەندی قزڵباش دەرسیمەو هەر ئەوێش جێگەی سەرداری گەورەیانە . بەلام لە باشووری ئاسیای بچووکیش مەڵبەندی تایبەتیی خۆیانیان هەیە . هەروەها لە ئەستەموولو بروسەو کیلیکیا (قیلیقیا)ش قزڵباش هەن ، زۆربەیان لەوناوانەدا پیشەگەرن . قزڵباش لە ویلایەتی دیاربەکریش دەژین .

گەردلێڤسکی کە بۆ خۆی چووەتە ناوچەی خەنس و لەوێ لیستەی تایبەتی بە ناوی دێهاتی قزڵباشەوە داناوە . بەپێی ئەو زانیاری یانەی لێنچ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا داونی ژمارەی گوندە قزڵباشەکانی خەنس کە ناوچەیەکی کوردەواری یە تەنها پازدەیە . بەلام بەپێی لیستەکەی گەردلێڤسکی بیو پێنجە . گەردلێڤسکی ناوی هەموویان و ژمارەی ماڵەکانیانی تۆمار کردووە ، وەك قەلاجوك کە ٢٥ ماڵ و گەرمەك ٦ ماڵ و کەمسەر ١٢ ماڵ و سوارەم ٣٠ ماڵ و مەیدان ٢٠ ماڵ و حەیران ١٢ ماڵ و دەرەك ٨ ماڵ و گەوەرەش ١٠ ماڵ و مێرگەسوور ٥٠ ماڵ و خەلیفەکی ٣٠ ماڵ بوون . وەك دەڵێ ئەو لیستەیەی لە ساڵانی شەری یەکەمدا داناوە ، واتە دوای ئەوەی لەشکری رووس گەیشتووەتە ئەو ناوچانە . بەپێی قسەکانی گەردلێڤسکی هاتنی لەشکری رووس بووەتە هۆی ئەوەی گەلێك خێزانی کوردی سونیی ئەو گوندانە لەترسانا کۆچ بکەن[٤٩] .

هەمان کات ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی هەوڵی داوە کەڵك لە هەموو هەلێك وەربگرێ بۆ کۆکردنەوەی داستان و ئەفسانەو پەندی پێشینان و حەکایەتی باوی ناو قزڵباش و کوردی ترو سەرتاپای گەلانی ناو تورکیا .

داستان و ئەفسانەو حەکایەت :

وەك لە سەرەتادا گوتمان ڤ . أ . گەردلێڤسکی زۆر بایەخی بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر دەدا ، شارەزایان بەرهەمە فۆلکلوری یەکانی بەرز دەنرخێنن ، بۆ هەر شوێنێك چووبێ گەردلێڤسکی لە زاری دانیشتوانی یەوە شتی باوی ناویانی کۆکردۆتەوەو دوایی لە وتاری تایبەتیدا بلاوی کردوونەتەوە . بە هەمان دەستوور کە چووەتە ناوچە کوردەواری یەکانیش بەپێی توانا لەو جۆرە بەرهەمانەی کۆکردووەتەوە[٥٠] .

---

(٤٩) ڤ . أ . گەردلێڤسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٢٦٠ - ٢٦١ .

(٥٠) گەردلێڤسکی ساڵی ١٩١٦ چووەتە شاری بتلیس و وەك خۆی دەڵێ ماوەیەکی باشی لێ ماوەتەوە (بڕوانە لاپەرە ٣٨٣ی بەرگی یەکەمی کارە هەڵبژاردەکانی) .

راستە ئەوانەی لە ناوچە کوردەواری‌یەکاندا کۆی‌کردوونەتەوە زۆر نین ، بەلاّم شتی سەیرو سەرنج راکێشیشیان تێدایە . بەوێنە کە چووەتە بتلیس لەبارەی بنچ‌و بنەوانی ئەو شارەوە ئەمەیان بۆ گێراوەتەوە :

ئەسکەندەر کە نزیك بتلیس کەوتەوە لە دوورەوە قەلاّیەکی سەختی بەدی‌کرد ، دەرگەی قەلاّکە لە رووی خۆی‌و لەشکرەکەیدا داخرابو .

تومەس یەکێك لە پیاوانی ئەسکەندەر بە ناوی ئەبوولەیسەوە (أبو لیث) ئەو قەلاّیەی دروست کردووەو لە ئاغای باخی بووە . ئەبوولەیس چەکی دژی ئەسکەندەر خستە کار ، بەلاّم لەشکری ئەم بەهێزتر بوو ، بۆیەکا قەلاّکە ئەنجام بەوانەی ناویەوە خۆیان‌دا بەدەستەوە . لەبەر سەختیی ئەو قەلاّیەو زەحمەتی زۆری داگیرکردنی ئەسکەندەر گوایە لەرقانا ناوی لی‌ناوە (بەد لەیس) (بەد + لیث) کە ئیستە بۆتە بتلیس (٥١) .

وەك دەیزانین زۆر جار لاپەرەی پرشنگداری مێژووی گەل تێکەل بە یادی کۆمەلاّنی خەلّك دەبی‌و وەك فۆلکلۆر دەماودەم‌و پشتاوپشت بلاّودەبێتەوە . یەکێك لەو حەکایەتانەی ف . أ . گەردلێفسکی بە ناوی شەهابەددینەوە بلاّوی‌کردوونەتەوە گێرانەوەیەکی ساکارو نەمری راپەرینەکەی مەلا سەلیم ئەفەندیی خیزانی‌یە کە بەر لە دەست پی‌کردنی شەری یەکەمی جیهان بە ماوەیەکی کەم تەقیەوە (٥٢) . بەم جۆرە یەکێك لە دانیشتوانی بتلیس حەکایەتی شەهابەددینی بۆ گێراوەتەوە :

«شەهابەددین : سیّ شێخ لە خەنس دەژیان ، دوانیان برا بوون ، شەهابەددین‌و محەمەد شیرین کورانی سەید محەمەد . سێیەمیان سەید عەلی کوری جەلالەددین‌و کورەزای کاوس ، پیاوێکی غەیب‌زان بوو ، لە خەنسەوە دەیزانی چی لە بەغدا روودەدات .

سەید عەلی خۆی بۆ ئەو دونیا هەلّگرتبوو ، لە نوێژو رۆژوو بەولاوە هیچی‌تری نەدەزانی . شەهابەددین‌و محەمەد شیرینیش خۆیان بۆ خزمەتی خەلّك تەرخان‌کردبوو .

---

(٥١) ف . أ . گەردلێفسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٨٨ .

(٥٢) دەربارەی بروانە : د . کەمال مەزهەر ، کوردستان لە سالّەکانی شەری یەکەمی جیهاندا ، بەغدا ، ١٩٧٥ . ل ٤٣ – ٤٥ . ٧٥ .

شێخ شەهابەددین دڵی لای هەژارو بێکەسان بوو ، حەوت تەنووری بۆ نانداتی نەبووان هەڵخستبوو . شێخ شەهابەددین ڕەزی زۆرو لەوەڕگەی فراوانو هەزار سەر مەڕی هەبوو ، هەموویانی بۆ خزمەتی هەژاران دانابوو .

جارێکیان چوار پەل سەرباز هاتنە خێزان ، شەهابەددین بێپەروا خۆراکی گشتیانی دا . دوژمنانی زۆریان بۆ هەڵدەبەست ، دەیانگوت ئەو پارانەی خەرجیان دەکات بە مفتی زەوتیان دەکات . بەڵام هیچ دادی نەدان . ئاگری شەڕ لەنێوان کوردو عوسمانیدا هەڵگیرسا . شێخ بڕیاریدا بچێتە ڕووسیا ، بەداخەوە فریا نەکەوت ، بەدیل گیرا . هەرسێك شێخیان هێنانە بتلیسو لەبەر کۆنسولخانەی ڕووسیادا هەڵیانواسین . بەر لە وەفاتی شێخ نزای لە عوسمانیيان کرد ، دوعای زوو گیرابوو ، هەراوبگر دەستی پێکردو شەڕی گشتی هەڵگیرسا[٥٣] . دوای وەفاتی هەموان شێخ شەهابەددینیان لەیادکرد تا جارێکیان کچە ئەرمەنێك لای پەنجەرەی ماڵەوەیان چرایەکی بەسەر گڵکۆی شێخەوە بەدیکرد . کچە واقی وڕما ، بۆ سبەی چووە سەر گۆڕی شێخو ئیمانی هێنا . لەو ڕۆژەوە موسوڵمانەکانیش گۆڕی شێخیان کردە زیارەتگە . ئەرمەنەکان حاشایان لە کچە کرد . ڕۆژانی هەینی دانیشتوانی شار دەچنە سەر گۆڕی شێخ شەهابەددین»[٥٤] .

داستانە باوەکانی ڕۆژهەڵات لەناو کوردیشدا بڵاوونو شێوازی تایبەتیی خۆیان وەرگرتووە . لە بتلیس باسی «شاخی نەمروود» یان بەم جۆرە بۆ گەردلێفسکی گێڕاوەتەوە :

«هەبوو نەبوو ، پاشایەکی بەدەسەڵات هەبوو ناوی نەمروود بوو . زۆر دەوڵەمەندو زەنگین بوو . کاروانی لە شاری گەورەی ئەتوانەوە بۆ دەهات[٥٥] . نەمروود زۆر زوو لە خۆی بایی بوو ، قەڵایەکی بەرزی دروستکرد ، دەیویست بچێتە سەریو لەوێوە لەگەڵ یەزداندا بکەوێتە شەڕو گوایە بیکوژێ . خواوەندی

---

(٥٣) مەبەستی شەڕی یەکەمی جیهانە .

(٥٤) ف . أ . گەردلێفسکی . بەرگی یەکەم . ل ٣٩١ .

(٥٥) ئەتوان شارێکی ئەرمەنی بوو . بەپێی بەرگی چوارەمی ئەولیا چەلەبی ئەتوان لە ئەسڵدا «ئەحتی وانە» وانە ژێر وان بووەو لەسەر زاری کوردان بووەتە ئەتوان .

گەورە غەزەبی لێ گرت‌و مێشێکی بۆ نارد ، مێشە لە کونەلوتی‌یەوە چووە ناو کەلەسەریەوە ، گیزەگیزی مێشکی سەری برد . نەمروود لەتاوا فەرمانی دایە پیاوەکانی بە کوتەك بەربنە سەری بەڵکە مێشە لە کونە لووتیەوە دەرپەڕێتەوە ، بەڵام خۆی تیاچوو .

بە فەرمانی خودا مێرووله دابانە قەلاکەی‌و لە بنەڕەتەوە هەڵیانتەکاندو کاولیان کرد . هەرچی تاشە بەردی بناغەکەشی بوو تووریان‌دایە ناو ئاوی دیاربەکرەوە[٥٦] . بەو جۆرە نەمروودی لەخۆبایی تەواوبوو»[٥٧] .

بە هەمان دەستوور ڤلادیمێر ئەلێکسەندرەڤیچ گەردلێڤسکی چەند بەرهەمێکی ڤولکلۆریی دەربارەی شارو شوێنەوارە بەناوبانگەکانی کوردستان‌و بەسەرهاتەکانیان کۆکردووەتەوە کە دیارە شارەزایان دەتوانن لە ڕێگەیانەوە بگەنە هەندێ لەو ڕاستی‌یانەی مەبەستیانە . ئەمانەی خوارەوەیش چەند نموونەیەکیانن :

«گۆمی وان چۆن دروست‌بوو : ڕۆژانی زوو لەو ناوانەدا کانیاوێکی گەورە هەبوو . لە نزیکی‌یەوە کونێك دروست بووبوو ئاوی کانی‌یەکەی لێوە دەڕۆیی . جارێکیان ئافرەتێك لەوێ خوریی دەشت ، لەپڕ چنگێکی لەدەست بەربۆوەو کونەکەی گرت . لەوساوە ئاو کەوتە پەنگ خواردنەوە تا گۆمی وان دروست‌بوو»[٥٨] .

«داگیرکردنی خەلات : کە پێغەمبەر بانگی ئیسلامەتی داو داوای لە بت‌پەرستان کرد دەست لە بت‌پەرستی هەڵبگرن یەکێك لە هاوڕێکانی کە ناوی خالید بوو لەگەڵ ٤٠ هاوڕێی خۆیدا ڕوویان کردە خەلات (اخلاط) . بە ناوی بازرگانەوە هاتنە ناو شارەوەو بەو بیانوورەوە تیا مانەوە . دوایی شەڕ هەڵگیرساو خالید کوژراو هەر لەوێش نێژرا»[٥٩] .

---

(٥٦) بەپێی ئەولیا چەلەبی شا تەهماسب سەدەی شازدە تەواوی کاول کرد.
(٥٧) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩١ – ٣٩٢ .
(٥٨) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .
(٥٩) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .

«مێژووی خەلات : حەوت پاشا فەرمانڕەوایی خەلاتیان دەکرد ، حەسەنو بەیاندیرو پێنجی‌تر . حەسەن مزگەوتێکی لەناو شاردا دروستکرد ، بەیاندیر خەزنەیەکی پڕی بەجێ‌هێشت کە ئیستە نەماوە . حەسەن‌و بەیاندیر قەڵابەکیشیان دروستکرد ، پاساوڵان لەوێوە تاقیی هێرشی دوژمنیان دەکرد . جاران خەلات شارێکی زۆر گەورە بوو ، لە ئەستەموولیش گەورەتر بوو . کە لە خەلاتەوە حەوت هەشت هەزار کۆچیان دەکردە سووریە[60] هیچ بە شارەوە دیاری نەئەدا»[61]

ئەو جۆرە بەرهەمە فۆلکلۆری‌یانە بەشێکن لە سامانی ڕۆشنبیریی کۆنمان کە هەموو گەلێك لە وێنەیان هەیەو پێشکەوتووەکانیان بەپەرۆشەوە دەیانپارێزن . بێ‌گومان ئەو بەرهەمانە کەڵکیان زۆرە بۆ ڕووناکبیران بەگشتی‌و بۆ زمانەوان‌و مێژوونووس‌و زانایانی ئەدەب بەتایبەتی . ئەو بەرهەمانە بۆیشیان هەیە ببنە سەرچاوەی ئەدەب‌و چیرۆکی منداڵان . هەر لەبەر ئەو هۆیانەش کاتی خۆی «کۆڕی زانیاری کورد» بایەخی زۆری بە کۆکردنەوەیان دەدا .

کاتێك ف . أ . گەردلێڤسکی لە نووسینەکانیدا دێتە سەر باسی ناوچەکانی تری ناو تورکیا جاروبار دەگەڕێتەوە سەر ناوی کورد . بەوێنە دەربارەی شاری ئەرزرۆم دەڵێ لەناو دانیشتوانیدا وا باوە گوایە وڵاتەکەیان کاتی خۆی سێ ساڵ لەسەر یەك تووشی زستانی سەخت هاتووە کە بوونەتە هۆی نەمانی زۆربەی خەڵکەکەی ، تەنها ٦٠٠ماڵیان ، وەك دەڵێن ، لەدەست مەرگ ڕزگاریان بوو . ئەوسا کە عەلی ئاغای کورد بە خۆی‌و دوازدە هەزار لە پیاوەکانی‌یەوە لەوناوانەدا نیشتەجێ بوون[62] .

گەردلێڤسکی ، وەك گوتمان ، گەلێك حەکایەتی باوی ناو گەلانی تورکیای تۆمار کردووە کە ژمارەیەکی کەمیان پێوەندی‌یان بە کوردەوە هەیە . لە بەرگی یەکەمی کارە هەڵبژاردەکانیدا ئەم دوو حەکایەتە بڵاوکراونەتەوە :

«موشتاق بابا : جارێکیان موشتاق بابا کە جێگری مەلای گەورە حاجی حەسەنی شیروانی بوو چووە ئەستەموول . تامەزرۆی بینینی سوڵتان عەبدولمەجید بوو . کە زانیی نوێژی هەینی لە مزگەوتی ئەییووب دەکرێ بەسواری لەگەڵ پیاوە

---

(٦٠) مەبەستی هاتوچۆی کۆچەرەکانە .
(٦١) ف . أ . گەردلێڤسکی ، بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٢ .
(٦٢) بەرگی یەکەم ، ل ٣٩٥ .

کوردەکانیدا ڕووی‌کردە ئەو مزگەوتە . کە گەیشتە جیّ سولّتان لە مزگەوت بوو ، ڕێچکەی سوارەی کورد سەرنجی ڕاکێشا ، لە پیرەمێردێکی پرسی ئاخۆ کیّ‌لیّ هەتێنە خزمەتی ؟ کە موشتاق بابا هاتە ژوورەوە ، سولّتان پێی‌گوت : بۆچ عەزیەتت دابە بەر خۆت ؟

موشتاق بابا لە وەلاّمدا گوتی : موشتاق دیتنی خواوەندی گەورە بووم . بەو جۆرە ناوی خۆی ، (موشتاق)ی ، تێکەلّی وەلاّمەکەی کرد[٦٣] .

سولّتان موشتاق بابای بانگ کردە دیوەخانی خۆی کە جیّ‌نوێژی لیّ‌بوو . سولّتان داوای لە موشتاق باباکرد غەیبێکی پیّ‌بلّێت . موشتاق گەلێك خۆی گرت تا سولّتان تیّ‌پرسی :

چی بەبیرما هات ؟

لە وەلاّمدا موشتاق بابا گوتی :

«نیازتانە گونەشم پیّ‌ببەخشن کە یەکێکە لە ئافرەتانی حەریمی بەرزتان ، ئەوەیش ئەنجام دەبێتە هۆی فەوتم» .

سولّتان فەرمووی :

«جا ئەگەر وابیّ لە بڕیاری خۆم پاشگەز بوومەوە» .

«نەکەی دەخیلتم ، خوا وای پیّ‌چاکە» - هاوار لە موشتاق بابا هەلّسا .

سولّتان قایل بوو ، گونەشی لە موشتاق بابا مارە کرد . دوای ئەوەی موشتاق بابا گەڕایەوە بتلیس هەموان بە چاوی ڕق‌و کینەوە تێیان دەڕوانی چونکە سولّتان گەلێك زەوی‌وزاری ئەو ناوەیشی پیّ بەخشیبوو .

زۆری نەبرد دیسان موشتاق بابا بڕیاری‌دا بچێتەوە ئەستەموولّ . دوژمنەکانی کە دلّنیا بوون ئەمجاریش سولّتان بە تەخت‌و بەختەوە دەینێرێتەوە بڕیاری کوشتنیان‌دا . بۆ ئەو کارە چەند کوردێکی هۆزی فەریق بەحری پاشایان بەکریّ گرت ، هەنگاو بە هەنگاو دووی کەوتن . لە بایەزید موشتاق بابا لە قۆناغی حاکمی شار لایدا . کە ڕۆژ ئاوابوو موشتاق بابا لەپڕ نوێژی بڕی‌و ڕووی کردە شێخ عارفی هاوەلّی‌و پێی‌گوت :

---

(٦٣) چونکە وشەی (موشتاق)ی بە دوو مەعنا بەکارهێناوە .

«دەزانی ئیستە چی ڕوودەدا ؟ . دێن دەمکوژن ، نەکەی بگری ، ڕۆژە تەواوبووە ، خودا وای دەویٚ ، کە هاتنە ژووری‌و پرسی‌یان من لەکوێم دەخیلە نەڵێی لێرە نی‌یە ، ئەگینا ، شێخ عارف ، تۆیش دەکوژن !» .

کە لە قسەکانی بووەوە موشتاق بابا ئاخێکی هەڵکێشاو چەند بەیتێکی نووسی‌و خستی‌یە ژێر بەرماڵەکەیەوە . کە کوردەکان هاتنە ژووریٚ موشتاق بابا مۆڵەتی پێنج دەقیقەی لیٚ خواستن ، دەسنوێژی گرت‌و نوێژی کردو ئینجا بێ‌ترس ڕووی تیٚ‌کردن‌و پێی‌گوتن :

«ئامادەم ، فەرموون بمکوژن» .

گۆڕی موشتاق بابا ئیستەش وا لە بایەزید ، بەرامبەری قۆناغی حاکمی شارە . هەرچەند کێلی گۆڕەکەی ڕاست دەکەنەوە ئەو هەر خوار دەبێتەوە ، وابی‌دەچیٚ سوجدە بەریٚ .

بەپێی قسەی عەلی پاشای کوڕەزای موشتاق بابا ئەوەی باسمان کرد لە ناوەندی سەدەی سیازدەی کۆچی ، واتە پەنجاو شەستەکانی سەدەی نۆزدە قەوماوە . عەلی پاشا زۆری بەسەر دیوانی باپیریدا هەڵدا ، دەیگوت تەنها مەگەر حافظ لەو شاعیرتر بێ»[٦٤] .

«پەمبوك بابا : جارێکیان کابرایەك لە ئاق سەرای بەلای گۆڕی پەمبوك باباد تێدەپەڕیٚ ، لەبەر خۆیەوە دەپرسیٚ :

بۆ لەناو کوردیشدا غەیب‌زان هەیە ؟

پەمبوك بابا کە گوێی لەو شەکرانە بوو قاچی لەژێر خاکەوە دەرپەڕاند ، ئەوسا کابرا تێگەیشت چ‌زەلەیەکی کردووە»[٦٥] .

بەرگی دووەمی کارە هەڵبژاردەکانی ڤلادیمێر ئەلێکسەندەرەڤیچ گەردلێڤسکی بۆ بەرهەمەکانی دەربارەی زمان‌و ئەدەبی تورکی تەرخان‌کراوە[٦٦] . لەبەر ئەوە تەنها چوار جار ناوی کوردو چەند جارێکی زۆر کەم ناوی شارەکانی کوردستانی تێدا

---

(٦٤) ڤ . أ . گەردلێڤسکی ، کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی یەکەم ، ل ٤٠٠ – ٤٠١ . ئەو حەکایەتەی لە ئەرزڕۆم نووسیوەتەوە .

(٦٥) بەرگی یەکەم ، ل ٤٥٧ .

(٦٦) بڕوانە پەراوێزی چوارەم .

هاتووه (ئامەد- دیاربەکر جارێك‌و جزیریش جارێك) .
لەو بەرهەمەیدا کە بۆ قسەی نەستەق‌و پەندی پێشنیانی عوسمانی‌یانی [٦٧] تەرخان کردووە گەردلێفسکی جاروبار ناوی ئەو گەلانەش دێنێت کە خووو نەریتیان لەناو عوسمانی‌یەکاندا رەنگیان داوەتەوە . بەو نموونانەدا کە گەردلێفسکی هێناونی‌یەوە و‌دەردەکەوێ عوسمانی‌یەکان بە یەك چاو نەیانروانیوەتە دراوسێکانیان ، جاری‌وا هەیە لە پەندە باوەکانیاندا بە رەق رەفتاریان لەگەڵ کردوون . کەچی وەك دەڵێ سەربەرزی‌و بەخۆنازینی کورد وەك گەلێکی شاخاوی لە هەر شت زیاتر سەرنجی راکێشاون . یەکێك لە پەندەکانیان دەڵێ :
«وەك کوردەی نۆ بزن‌دار ئەویش هەمووی دانا» ، بەوکەسە دەڵێن کە دەست گوشادو خواردە بێ ، ئەوەی وەك کوردەکە دەستی دەچێتە هەر نۆ بزنەکەی . گەردلێفسکی دەڵێ جاری‌وا هەیە لەبریتی ناوی کورد «دای جەزائیری» بەکاردەهێنن [٦٨] . واتە دەڵێن وەك دای [٦٩] خاوەن نۆ بزن ئەویش هەمووی دانا .
بە هەمان دەستوور هەڵپەرکێ‌و شایی کوردان سەرنجی عوسمانی‌یانی راکێشاوە . پەندێکیان هەیە دەڵێ :
«قەرەج بۆی دەڵێ‌و کوردە دەیژەنێ» [٧٠] .
بەلام . وەك گەردلێفسکی دەڵێ . جاروبار حەکایەتی‌واش دەربارەی کورد بەرگوێ دەکەوێت :
«کوردان لەوە وەرس بوون خۆیان بە دروست‌کردنی ساوەرەوە خەریك بکەن . دوای بژارو بەردەشۆرکردن گەنمی بۆ بکولێنن ، لەبەر ئەوە بریاریان‌دا بەکسەر بیروێنن . . . کە ساوەرە بەری‌نەدا چوونە لای قازی سکالای دڵیانی بۆ بکەن . ئەویش . . .» [٧١] .

(٦٧) مەبەستی تورکە .
(٦٨) ف . أ . گەردلێفسکی . کارە هەڵبژاردەکانی ، بەرگی دووەم ، ل ٢٧٢ .
(٦٩) دای لە وشەی دایی تورکی‌یەوە هاتووە کە بەمانای مامۆ یا خاڵۆیە . لە رۆژگاری عوسمانیدا دای نازناوی فەرمانڕەوایانی جەزائیر بوو .
(٧٠) ف . أ . گەردلێفسکی ، بەرگی دووەم ، ل ٢٧٢ .
(٧١) بەرگی دووەم ، ل ٢٩٠ .

له بەرگەکانی تری کارە زانستی‌یەکانی گەردلێفسکیدا دبسان گەلێك جار نلوی کورد هاتۆتە ناوەوە کە هیواردارین لە دوارۆژێکی زوودا بتوانین لەگەلْ ئەم بەشەدا نە بەرهەمێکی سەربەخۆدا بلاْوی بکەینەوە .

باسی پێنجەم
دەربارەی سروشتی ڕاپەڕینە گەورەکەی
ساڵی ١٩٢٥

ڕاپەڕینە گەورەکەی ساڵی ١٩٢٥ی کوردستانی تورکیا(٭) یەکێکە لە حەڵقە خوێناوییە هەرە گەورەکانی زنجیرەی خەباتی ڕزگاریخوای – نەتەوەیی کورد ، بەڵام میللەتەکەمان تاوەکو ئێستا شتێکی یەکجار کەم و تا ڕادەیەکی زۆر سەرپێی دەربارەی لاپەڕە گەورە پڕ شانازییەکانی دەزانێت کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قوڵ و دوور درێژە بۆ دەرخستنی سروشتی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکە خۆی و دیارکردنی ئەو دەرسە مێژووییانەی میللەتە خەباتکەرەکەمان پێویستی پێیانە ، هیچ نەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی ئەوەمان بدەن ئەمڕو هەڵەی دوێنێیان دووبارە نەکەینەوە .

لە دەرەوەی کوردستانیش تا ئێستا بە شێوەیێکی زۆر کورت و تا ڕادەیەکی دیار هەڵە لەم ڕاپەڕینە کوڵراوەتەوە . بەشێکی زۆر لە مێژوونووسە بێگانەکان ، بە ڕۆژهەڵاتناسە گەورەکانی سوفیەتەوە (وەك پرۆفیسوری ناسراو أ . ف . میللەر) ئەم ڕاپەڕینە بە جوولانەوەیەکی کۆنەپەرستی دەستکردی ئینگلیز دائەنێن ، کە گوایە دوو مەبەستی بنچینەیی هەبووە : یەکەمیان لاسەنگ کردنی مەوقفی ئینگلیز لەو خەباتە سەختە سیاسییەیاندا کە لەگەڵ تورکەکاندا دەیانکرد لەسەر «ویلایەتی مووسڵ» و دووەمیشیان گوایە کۆنەپەرستیی ناوخۆ و دەرەوە ئەیانویست لە ڕێگای ئەو ڕاپەڕینەوە بەرهەڵستی گۆڕانە شۆڕشگێڕێکانی کەمالییەکان(١) لە تورکیادا بکەن .

(٭) لە ژمارە دووی گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان»دا بڵاوکراوەتەوە (بەغدا ، ئەیلوولی ١٩٧١ ، ل ٤٦-٥٦) .

(١) ئەو جوولانەوە گەورەیەی میللەتی تورك دوای شەڕی یەکەم بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال بۆ ڕزگار کردنی نیشتمانەکەی بەرپای کرد لە ڕابەری سیاسی‌دا بە «جوڵانەوەی کەمالی» و بەشدارەکانی بە «کەمالییەکان» ناو دەبرێن .

یەکێك لەو هۆ گەورانەی ڕێ‌و‌شوێنی ڕاستەقینەو سروشتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی لە مێژوونووسە بێگانەکان بە جارێك تێك‌داوە ئەو گێرە شێوێنی‌یە بێ‌شومارە بوو کە کاربەدەستە شوڤێنێکانی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە نایانەوە ، بە تایبەتی دروست‌کردنی هەواڵ‌و دەکومێنتی درۆ کە لە دواییدا بوونە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕاپەڕینەکە . لە گفتوگۆیەکی تایبەتی نووسەری ئەم وتارە لەگەڵ ڕۆژهەلاتناسی گەورەی سۆڤیەت ئەناتۆلی فیلیپۆڤیچ میللەر ، کە وەك وتمان لەو بڕوایەدابە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ جووڵانەوەیەکی کۆنەپەرست بووە(٢) ، ڕاستەو ڕەوان گوتی : « ئەو مەتریاڵ‌و بەڵگانەی بەدەستمەوەن ڕێگای ئەوەم نادەن بتوانم بە جۆرێکی تر سەیری ئەم ڕاپەڕینە بکەم ، بەلام کەی بەڵگەی مێژوویی باوەڕپێکراوی پیچەوانەیانم دەست کەوت ئەو کاتە هەڵبەتە منیش لەسەر ڕۆشناییان دەتوانم بیرو ڕایەکی نوێ دابڕێژم‌و دان بەوەدا بنێم کە هەڵە بووم » . لەو بڕوایەدام زۆربەی مێژوونووسە بێ‌لایەنەکانی‌تریش هەر لەسەر ئەو ڕایەن .

ئەمە بێ‌گومان ئەرکێکی یەکجار گەورە دەخاتە ئەستۆی مێژوونووسە کوردەکان‌و بەڵکو هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد ، بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕووداوەکانی ئەم ڕاپەڕینەیە کە هەوڵ بدەن کارێکی وا بکرێت ئەو ڕاستی‌یە مێژوویی‌یە گرنگانەی پێوەندی‌یان پێوەی هەیە نەفەوتێن‌و کۆبکرێنەوەو بە شێوەیەکی قوڵ‌و زانیاریانەی دوور لە هەست لە ڕووداوەکانی بکۆڵنەوە .

نووسەری ئەم وتارە لە سنووری توانایا لە ساڵانی خوێندن‌و کاریدا لە دەرەوەی وڵات بایەخێکی زۆری بەم باسە داو شوێنێکی تایبەتی‌ی لە نامەی دکتۆرێکەیدا بۆ تەرخان‌کرد کە دەتوانم بڵێم بێ‌ئەنجام نەبوو . ئەوە بوو لە کاتی یەکەم لێکۆڵینەوەی ئەو نامەیەدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣دا لە ئینستیتوتی ڕۆژهەلاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی بڕیار درا کە پێویستە شارەزاکانی «لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی لەو نامەیەدان جارێکی تر چاو بخشێننەوە بە بیرو ڕایاندا بەرامبەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥

---

(٢) بڕوانە : أ . ف . میللەر ، کورتەی مێژووی تورکیا ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٤٨ ، ل ١٩٢-١٩٣ ، أ . ف . میللەر ، دەربارەی مێژووی هەرەنوێی تورکیا ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ - لینینگراد ، ١٩٤٨ ، ل ١٥٢-١٥٣ .

ـە کوردستانی تورکیا»[٣] . جگە لەوە یەکێك لە کوردناسە هەرە گەورەکانی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتناسی بە توانا و . ڤیلچیڤسکی ڕایەکی دە لاپەڕەیی دەربارەی ئەو ـمەیە نووسی کە بە ئاشکرا پاشگەزبوونەوەی خۆی لە هەڵەکانی ڕابوردوی تێدا ـۆمار کردبوو ، وە دانی بە ڕاستیی ئەو ئەنجامانەدا نا کە لەو نامەیەدا دەربارەی ـڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ دەست نیشان کرابوون . دوای ئەوە بە ماوەیەك دەزگای ـڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی ئازەربایجان و ئەرمینیای سۆڤیەت ئامادەکردنی ـسێکی تایبەتی یان دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە بە نووسەری ئەم وتارە سپارد بۆ ئەو کتێبە گەورەیەی بەدەستەوەیە لەسەر هەموو مێژووی کورد بڵاوبکرێتەوە . جا وا لێرەدا بە کورتی بەشێکی ئەو باسە دەخەمە بەرچاو ، هیوامە ڕۆژێك بێت بتوانم هەمووی ـسەریەکەوە بڵاو بکەمەوە . نووسەری ئەم وتارە خۆی زۆر بە بەختیار دەزانێت ئەگەر توانیبێتی بەم کارەی بەشێکی زۆر کەم لەو قەرزە گەورەیەی دابکی نیشتمانی دایێتەوە کە وا لە ئەستۆی هەموو کوردێکدا .

● ● ●

---

(٣) وێنەی ئەو بڕیارە کە بە ناوی سەرۆکایەتی ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسی کۆڕی زانیاری سۆڤیەتەوە یارمەتیدەری سەرۆکی ئەو دەزگایە ر . ت . ئەخرامۆڤیچ و پرۆفیسۆر ب .م . دانتسیگ ئیمزایان کردووە لای خۆم هەیە . دوای ئەم بڕیارە لە کاتی دووەم لێکۆڵینەوەی هەر ئەم نامەیەدا ڕۆژی ١٥ی مایسی ساڵی ١٩٦٣ بەشی «مەسائیلی نێوان میللەتان» بڕیارێکی ڕەسمی‌تریان دەرکرد کە لە لاپەڕەی دووەمیدا دەربارەی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ دەڵێت : «بێگومان یەکێك لە ڕووە گرنگەکانی نامەکەی کەمال مەزهەر ئەوەیە کە لەسەر ئەساسی بەڵگەی بەنرخ هەڵەی ئەو بیرو باوەڕە تەسکەی دەرخستووە کە لە ناو ئێمەدا بڵاوە دەربارەی ئەوەی گوایە هەموو جووڵانەوەیەکی کورد سروشتی عەمالەتی هەبووەو لەلایەن ئینگلیزەوە بەرپادەکران بۆ خزمەتی ئامانجەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا . نووسەری ئەم نامەیە دەری خستوە کە وا ڕاپەڕینەکانی کورد وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە بەرامبەر چەوسانەوەی کولۆنیالی (لە عیراق) و سیاسەتی شۆڤێنی دەوڵەتە بورژوازی‌یە نیمچە دەرەبەگەکانی تورکیاو ئێران و عیراق . ئەو ڕایەی بەر لە ئێستا لە ناو ئێمەدا بڵاو بووە دەربارەی سروشتی سەر بە ئینگلیزی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە تورکیا (ساڵی ١٩٢٥) لە کاتی بەراوردیدا لەگەڵ ئەو بەڵگانەی نووسەری ئەم نامەیە هێناونیەتەوە بەلای کەمەوە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیەکی یەکجار فورڵە» .

بۆ دیار کردنی نەك تەنها سروشتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ ، بەڵکو هەموو جووڵانەوەی ئازادی – نەتەوەیی کوردستانی تورکیا ، پێویستە چاوێك بە باری ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی ئەم بەشەی کوردستاندا لە ساڵەکانی دوای شەڕی یەکەمدا بخشێنرێت تا بتوانرێت هێزە بزوێنەکانی ئەو جووڵانەوەیە بە شێوەیەکی دروست‌و ڕەوان دەست‌نیشان بکرێن .

کاتێك شەڕی یەکەم کۆتایی هات‌و ئیمپراتوریەتی عوسمانی ڕووخا بزوتنەوەیەکی سیاسی‌و ڕووناکیری گەورە سەرانسەری کوردستانی ژووررووی گرتەوە . ئەو ڕێکخراوە سیاسی‌یانەی بە هۆی شەڕەوە لە کار وەستابوون دووبارە هاتنەوە کایە . جگە لەوانیش چەند ڕێکخراوێکی تری نوێ دامەزرێنراو چەند ڕۆژنامەو گوڤارێکی کوردی کەوتنە دەرچوون . هەموو ئەم ڕێکخراو و چاپەمەنی‌یانە بە گورج‌و گۆڵی کەوتبوونە خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن کەڵك لە باری سیاسی نوێی جیهان ، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، وەربگرن تا بتوانن کارێکی وا بکەن میللەتی کوردیش بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی بگات . هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ڕێکخراوانە پەیوەندی‌یان لەگەڵ دەوڵەتە سوێندخۆرەکاندا بەست . تورکەکان کە مەترسی ئەوەیان لی‌نیشت کوردستانی ژووررووش بدۆڕێنن دووبارە پەنایان بردەوە بەر چەکە تاقی‌کراوەکەیان لەگەڵ کوردا – جووڵاندنی هەستی ئاینی‌یان (!) ، بەڵام کە زانی‌یان ئەمجارە میللەتی کورد بەجارێك خولیای سەربەخۆیی کەوتۆتە کەلەیەوە ناچار بوون لیژنەیەکی تایبەتی دابمەزرێنن بە بەشداری چەند وەزیرێك‌و هەندێك لە سەرۆکە بەدرخانیەکان بۆ لێکۆڵینەوەی باری سیاسی کوردستان . لە ئەنجامدا لیژنەکە هاتە سەر ئەو بیرەی کە ئەگەر تورکیا بیەوێت کوردستانی لی‌جیانەبێتەوە پێویستە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی میللەتی کوردا لە ناو قەوارەی دەوڵەتی تورکیادا بنێت . بۆ ئەم مەبەستە بڕیارێکی تایبەتی دەرکرا[٤] ، بەڵام بە کردەوە هیچ نەکرا بۆ جی‌بەجی‌کردنی ، لە ڕاستیشدا زۆری پی‌نەچوو کەمالی‌یەکان شۆڕشی ڕزگاری‌یان دژی حوکمەتی سوڵتان‌و داگیرکەری بێگانە بەرپاکرد ، ئەمەش بارێکی سیاسی نوێی هێنایە کایەوە

---

(٤) بروانه : الدكتور بلەچ شيركوه ، القضية الكردية – ماضي الكرد و حاضرهم ، القاهرة ، ١٩٣٠ ، ص ٦٥–٦٧ .

کە بە جارێك سەرتاپای وڵاتی گرتەوەو کارێکی گەورەشی کردە سەر ژیانی سیاسی میللەتی کوردو هەموو دوارۆژی .

شۆڕشی کەمالی بەشێکی زۆری لە میللەتی کورد جووڵاند کە دڵسۆزانە چوونە پاڵپشتی بۆ ئازادکردنی نیشتمانی هاوبەش لە داگیرکەری بێگانە[*] . کورد بەم کارەی هەستێکی نیشتمانی زۆر بەرزو تێگەیشتنێکی سیاسی ڕاستی دەربڕی ، بەڵام هەر لەو کاتەشدا بەشێکی کەم لە دەرەبەگە کوردە سەر بە ئینگلیزەکان دەیانویست ببنە کۆسپ لەبەر دەم پەرەسەندنی ئەو شۆڕشەداو ئەم کردارەیان تا ڕادەیەکی دیار بورجوازی – نیشتمانی تورکیشی ترساند . لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی ڕووداوە گرنگەکانی شۆڕشەکە خۆیدا کورد زۆر بە ئاشکرا نیشانی دا دەتوانێت لە مێژووی تورکیادا ببێتە هێزێکی دروستکەری پێشکەوتنخوازی. گەورە بۆ قوڵ کردنەوەی ناوەڕۆکی گۆڕانە شۆڕشگێری یەکانی و بەرەوپێش بردنیان . ئەوەبوو مستەفا کەمال و هاوەڵەکانی زۆر بە ئاسانی توانی یان جێ پێی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە ، چەند جارێك بچنە ناو کوردەکان و . بەڵکو لە ساڵی ١٩١٩شدا چەند کۆبوونەوەیەکی سیاسی گەورەی خۆشیان لە ناو ئەواندا بگێڕن ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوە بوو کە هێزە دیموکراتێکانی کورد لەو بروایەدان بە سەرکەوتنی کەمالی یەکان کێشەی نەتەوایەتی ئەوانیش لە سەر ڕێوشوێنێکی ڕاست چارە دەکرێت ، ئەوەی زیاتریش پاڵی پێوەنان بۆ ئەم بیرە ئەو هەوڵ و تەقەلاو پەیمانە زۆرە بوو کە کەمالی یەکان ئەیاندان بۆ نزیك کەوتنەوە لە کورد ، بەتایبەتی چونکە ئەشیانزانی ئەوە دەبێتە هۆیەکی یارمەتیدەر بۆ «سەندنەوەی» کوردستانی خوارووش کە لەسەری یەکسەر لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتنە کێشە . هەر لەبەر ئەمەش بوو زۆر جار ئەو پەیمانانەی دەیاندا بە

(*) ژمارەیەك لە نووسەرە بێگانەکان باسی ئەوەیان کردووە کە مستەفا کەمال بێ یارمەتی میللەتی کورد نەیدەتوانی بەسەر دوژمنەکانی تورکیادا سەربکەوێت .

لەم ڕووەوە دیپلوماسی ئەمەریکی ولیەم ئیگلتن نووسیویەتی دەڵێت : «هەر چۆنێك بێت ئەتاتورك (تورکەکان لە خۆشەویستیدا مستەفا کەمالیان ناونا (ئەتاتورك) واتە باوکی تورك – نووسەر) نەیدەتوانی گوێ نەداتە پشتگیری هێزە کوردەکان لە خەباتیدا لە پێناوی یەکیەتی تورکیادا لە ماوەی ١٩٢٠–١٩٢٣دا» .

W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963 . P . 12.

کورد له شێوەی بەیاننامەی تایبەتیدا بلاویان دەکردنەوەو دەشیانناردنە ناوچەکانی کوردستانی خواروو. لە یەکێك لەو بەیاننامانەدا کە لە ئارارات‌و جۆلەمێرگ بلاوکراوەتەوەو چەند ژمارەیەکی گەیشتۆتە رەواندزیش دەڵێت :

«ئەی هاونیشتمانی‌یان : حوکمەتی کۆماری تورکی بە تەواوەتی سوورە لەسەر ئەوەی هەموو پێویستی‌یەکی شارستانێتی لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کوردستانی تورکیادا بلاو بکاتەوە. رێگاو بانەکانتان قیرتاو دەکرێن . دێهات‌و شارەکانتان پێ قوتابخانەو مامۆستا نامێنەوە ، خێزانەکانتان شادمان‌و بەختیارتر دەبن لە ژیانێکی پڕ لە خۆشیدا ، ئاسایش‌و یاسا دەبنە هۆی پەرەسەندنی خێرو خێراتی ولاتەکەتان . ژیانو مالو شەرەفی هاونیشتمانی‌یەکانمان لە ژێر پارێزگاری راستەقینەو دڵسۆزانەی یاسای کۆماردایە . .»(٦) .

جگە لەوە لە گەرمەی سەرەتای شۆڕشی بۆرجوازی‌ی تورکدا ژمارەیەکی زۆر لەو سەرۆکانەی لەگەڵ مستەفا کەمالدا ئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد ، هەر وەك لە یادداشت‌و نامە کۆکراوەکانی خۆیدا دەردەکەوێت ، کورد بوون . بە وێنە کۆمیتەی سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئەرزرۆم (٢٣ی تەمموز - ٦ی ئابی ١٩١٩) کە بە یەکێك لە نوقتە هەرە گرنگەکانی سەرەتای ئەو شۆڕشە دادەنرێت(٧) لە ٨ کەس پێکهاتبو کە سیانیان کورد بوون : شێخ فەوزی(٨) سەرۆکی نەقشبەندیکان لە ناوچەی ئەرزنجانداو سەعدوللا بەگی خەلکی سعرت کە تا سالی ١٩١٨ ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی بوو ، وە سەرۆکی هۆزی مونکی(٩) حاجی موسا بەگی میرزا زادە(١٠) .

(٦) بڕوانە :
A. M. Hamilton , Road through Kurdistan, London , 1937, PP. 295 – 296

(٧) لە کاتی ئەم کۆنگرەیەدا مستەفا کەمال دروشمی «خەباتی میللەت دژی داگیرکەر لە ڕێگای سەربەخۆیی نیشتمان»دای بەرز کردەوە .

(٨) حاجی شێخ فەوزی ئەفەندی ناسراو بوو ، سالی ١٨٦٨ لە دایك بووە . لە ئەرزنجان‌و دەرسیم دەست ڕۆیشتوو بوو . دژی داشناقەکان وەستا .

(٩) ئەم هۆزە لە ویلایەتی بەتلیس لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیك سەرچاوەی ڕووباری دجلە نیشتەجێ‌یە . «مووت یا مونکان»یشی پێ‌دەڵێن . لە سەردەمی عوسمانی‌یەکاندا هۆزی مونکی قەت سەری بۆ حوکمەت شۆڕ نەکردووەو هەموو کاتێك ژیانێکی نیمچە سەربەخۆی بردۆتە سەر .

(١٠) بڕوانە : « مستەفا کەمال - ڕێگای نوێی تورکیا» ، (نامەو وتارە کۆکراوەکانی مستەفا کەمال) . چاپی ڕووسی ، بەرگی یەکەم ، مۆسکۆ ، ١٩٢٩ ، ل ٦٥ .

ستەفا کەمال لەگەڵ ئەمانەداو گەلێك کوردی ناسراوی‌تردا پەیوەندی زۆر نزیکی بووەو گەلێك نامەی تایبەتی بۆ ناردوون[11] .

لە «شورای نیشتمانی گەورە» (المجلس الوطني الكبير)ی تورکیادا کە کەمالی‌یەکان ە نیسانی ساڵی ١٩٢٠دا لە شاری ئەنقەرە بەستیان ٧٢ نوێنەری کورد بەشداری کردووە[12] ، هەموو ئەندامانی ئەم شورایە زۆر بە گەرمی پێشوازی قسەکانی وێنەری شاری ئەرزرۆم حسەین عەونی‌یان کرد کە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیدا ووتی :

«لەم تریبونەوە (منصە) مافی قسە کردن هی دوو نەتەوەیە – کوردو تورك» ، لەم جۆرە قسەیەش چەند جارێك لە لایەن نوێنەرە تورکەکانەوە لە کاتی کۆنگرەی قوستەنتەنی‌یەدا بۆ لێکۆڵینەوە ـ کێشەی مووسڵ دووبارە کرانەوە[13] .

بەڵام کەمالی‌یەکان وەك نوێنەری چینی بۆرژوازی‌ی نەتەوەی دەسەڵاتدار زوو ، هەر دوای ئەوەی جی‌پێی خۆیان قایم‌کرد ، ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی نەتەوایەتی‌یان خستە روو کە بەشێکی گرنگی جیانەکراوەی سیاسەتی گشتی‌یان بوو بەرامبەر ژیانی دیموکراتی‌و چینە چەوساوەکان[14] ، ئەوە بوو لەلایەکەوە کەوتنە گیانی پرۆلیتاریاو جوتیاری تورکیا ، لەلایەکی تریشەوە بەربوونە نەتەوەکانی‌تر ، بە تایبەتی کورد کە دوای تورك گەورەترین نەتەوەیان پێك دەهێنا . ئەمە دیوی تاریك‌و کۆنەپەرستی سیاسەتی بورژوازی نیشتمانی تورك بوو کە بە تەواوی پێچەوانەی

---

(١١) هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ ، ٨١ ، ١٥٢ ، ٢٢٨ ، ٢٣٤ ، ٢٣٦ ، ٢٨٤ ، ٣١٢ .

(١٢) بڕوانە :

A.R. Ghassemlou , Kurdistan and the Kurds, Prague, 1965 , P. 46.

(١٣) دەربارەی هەوڵی کەمالی‌یەکان لە سەرەتای جووڵانەوەکەیاندا بۆ نزیك‌کەوتنەوە لە کورد بە درێژی بڕوانە : بلەچ شیرکوە ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٤–٧٥ هەروەها :

A. Safrastian , Kurds and Kurdistan , London , 1948, PP. 81 – 82

(١٤) بێگومان یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کارێکی وایان کردووە زۆربەی مێژوونووسە پێشکەوتن خوازەکانی دەرەوە لە ڕایاندا بەرامبەر ڕاپەرینی ساڵی ١٩٢٥ بە هەڵەدا بچن ئەوەیە کە بە یەك چاوو لە یەك قاڵبدا سەیری سیاسەتی کەمالی‌یەکان بەرامبەر چینە چەوساوەکانی تورکیاو ژیانی دیموکراتی گشتی لە وڵاتدا لەگەڵ سیاسەتی نەتەوایەتی‌یان بەرامبەر کورد نەکردووە ، هەرچەندە جیاکردنەوەی ئەو دوو شتە پێکەوە بەستراوە لە هیچ کاتێك‌و لە هیچ شوێنێکدا ناتوانرێت بە ڕاست دابنرێت .

دیوەکەی‌تری ئەو سیاسەتە بوو کە لە سەرەتای بیستەکاندا لەو خەباتە پڕ لە قارەمانێتی‌یەدا خۆی نواند کە ئاراستەی هێزە ئیمپریالی‌یە داگیرکەرەکان کرابوو. دوای ئەویش بۆ چەند ساڵێك دژی هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوخۆ. بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم مەبەستە دوولایی‌یە مستەفا کەمال پێویستی بەوە بوو هەموو دەسەڵات لەدەست چینی بۆرژوازی‌ی نیشتمانیدا کۆبکاتەوەو لەو ڕێگایەشەوە دیکتاتوریەتی خۆی دابمەزرێنێت، بۆیەکا لە ئابی ساڵی ١٩٢٣دا حیزبێکی تایبەتی‌ی دروست‌کرد کە ناوی «میللەت»ی لێ‌نا و لەکاتی هەڵبژاردنەکەی هەر ئەو ساڵەدا ٢٦٥ ئەندام لە مەجموعی ٢٨٦ ئەندامی پەرلەمانی لێ‌هەڵبژێررا[١٥]. ئەمە ئەوەندەی‌تر دەسەڵات‌و توانای دا بە مستەفا کەمالی نوێنەری چینی بۆرژوازی‌ی تورك کە بتوانێت سیاسەتە دوو لایی‌یەکەی خێراتر بەرێتە سەر. هەر دوای ئەو هەڵبژاردنە مستەفا کەمال چەند هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە نا کە لە هەموویان گەورەتر بڕیاری لابردنی خەلیفایەتی‌و[١٦] دامەزراندنی ڕژێمی کۆمار بوو لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ دا، دوای ئەوە لە سەرەتای مارتی ساڵی داهاتودا خەلیفە بە خاوو خێزانەوە لە وڵات دەرکراو، لە مانگی نیسانیشدا دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دانرا.

لا تاریکەکەی ئەو سیاسەتەش هەر زوو نەك تەنها بەرامبەر نەتەوەی کورد، بەڵکو بگرە لە پێش ئەویشدا لە چەند کارێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌تری گرنگدا خۆی نیشان‌دا. پێش کورد بۆرژوازی‌ی تورك لە چینی کرێکاری دا، هەرچەندە ئەم چینەو سەرۆکەکانی هەر لە یەکەم ڕۆژی خەباتی مستەفا کەمالەوە دژی داگیرکەر زۆر دڵسۆزانە پشت‌گیری‌یان کرد. یەکەم هەنگاوی کەمالی‌یەکان لەم ڕوومەوە ئەوەبوو کە هەر زوو لە «ئیتیحادی» و «پان - ئیسلامی»یە کۆنەکان حیزبێکی تایبەتی‌یان بۆ چینی کرێکار دروست‌کردو، تەنانەت ناویشیان لێ‌نا «حیزبی کۆمۆنیست» بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە جڵەوی هەموو پرۆلیتاریای تورکیا بدەنە دەست چینی بۆرژوازی‌و لە ڕێکخراوەکانی خۆیانیان دوور بخەنەوە. کەمالی‌یەکان هەر

---

(١٥) بڕوانە: أ. د. نوفیچێف، تورکیا، بەزمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٥، ل ١٩٧.
(١٦) ڕژێمی خەلیفایەتی دەمێك ساڵ بوو ببووە گەورەترین کۆسپ لەبەردەمی پێشکەوتنی تورکیادا.

ەوەندە جێگیر بوون بەمەشەوە نەوەستان . لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١دا
ـەندرمەکانی شاری تەرابزۆن ١٦ سەرۆکی ناوداری خەباتکەری چینی کرێکاریان بە
ـرێك کوشت ، یەکێکیان مستەفا سوبحی بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو دڵسوزانەو
ـێمەترسی خەباتی دەکرد لە ڕێگای ئازادی تورکیاو بەختیاری هەموو میللەتەکەیدا .
ئەم ڕووداوانەو ، دەها بەڵگەی مێژوویی تری وا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن
کە سیاسەتی نەتەوایەتی بۆرژوازیی تورك شتێکی تاكو تەراو تەنیا نەبوو ، بەڵکو تاقە
ـتێکی گرنگی سیاسەتێکی گشتی کۆنەپەرست بوو ، دیارکردنی ئەمەش بایەخی
ـتیەتیی هەیە بۆ دەستنیشان کردنی چوارچێوەی ڕاستەقینەی سروشتی ڕاپەڕینی
ساڵی ١٩٢٥ .

بیرتەسکی کەمالییەکان لەوەدا دەرکەوت کە نەك هەر نەیانتوانی یەکێك لە ئەرکە
گرنگەکانی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتی جێبەجێ بکەن کە ئەویش نەهێشتنی
چەوسانەوەی نەتەوایەتییە ، بەڵکو بە تەواوەتی ڕێگایەکی پێچەوانەی ئەوەشیان
گرتەبەر . سەرەتای ئەم ڕێگا نالەبارە هەر زوو دەرکەوت(١٧) ، بەتایبەتی کاتی
دانانی دەستووری نوێی تورکیا لە نیسانی ساڵی ١٩٢٤دا .

ئەوەبوو لەو دەستوورە تازەیەدا تەنها ئەو بەندانەی دەستوورەکانی ساڵی ١٨٧٦ و
١٩٠٩ هێڵرانەوە کە بە تەواوەتی لەگەڵ بەرژەوەندە چینایەتێکانی بۆرژوازیی
نیشتمانیدا دەگونجان ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەبوو بە بێبەریکردنی چینە
چەوساوەکانو نەتەوە ژێردەستەکان لەمافە سیاسییە ڕەواکانی خۆیان (وەك
بێبەریکردنی ئەو کەسانەی نەتوانن بە تورکی بخوێننەوەو بنووسن لە مافی
دەنگدانو دانانی زمانی تورکی بە تاقە زمانی ڕەسمی لە سەراپای وڵاتا) . هەر ئەم
سیاسەتە پێش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ لە گەلێك کردەوەیتردا خۆی نواندو زۆر
بە خێرایی گەیشتە پلەی سیاسەتێکی شۆڤێنی لێکۆڵراوە کە ئامانجی ، وەك نووسەری

---

(١٧) پێش ئەوەی کەمالییەکان بە تەواوەتی دەسەڵات بگرنە دەست ناوەرۆکی سیاسەتی شۆڤێنی بۆرژوازی
تورك لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی «سێڤەر»دا دەرکەوت ، بە تایبەتی لەو مەترسییە بێشومارەی لەو
بەندانەی پەیوەندییان هەبوو بە مەسەلەی کوردەوە خستییە دڵیانەوە ، چونکە جێبەجێ کردنیان
مانای بێبەریکردنی بۆرژوازی بازرگانی تورك بوو لە بازاڕەکانی کوردستانی ژووروو .

ئینگلیزی ف . رایند دەڵێت ، ئەوەبوو «تورکیا بکرێتە دەوڵەتێکی یەك نەتەوەیی»[18] ، بۆ جیٚبەجیٚ کردنی ئەمەش دیارە پێویست بوو هەموو نەتەوەکانی تری ئەم وڵاتە لە بۆتەی نەتەوەی گەورەدا بتوێنرێنەوە .

وردە وردە دیوی شاراوەی ئەم سیاسەتە کەوتە روو . تەنانەت لەو بایاننامانەشدا کە کەمالی یەکان بە کوردستاندا بلاویان دەکردەوەو بە ئاشکرا ، وەك دیمان ، مەرایی کوردیان دەکرد ، هەر لەو کاتەشدا پەنجەی هەرەشەیان لەو هێزە کوردانە رادەوەشاند کە بڕوایان بە هیچ هەرەوەزێك لەگەڵ تورکیادا نەبوو . کۆتایی ئەو بەیاننامەیەی لەسەرەوە باسمان کرد بەم جۆرە هاتبوو :

«ئەوانەی دژی یاسای کۆمارەکەمان ئەوەستن زۆر بە توندی و بێ بەزەیی لیٚیان دەدرێت ، هەموو هەوڵێکی یاخی بوون یەکسەر دادەمرکێنرێتەوە بیٚ ئەوەی ماوەی بدرێت هیچ جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت»[19] .

هەر لەو کاتەدا ، وەك مامۆستا شاوەیس لە نووسینەکانیدا ئەیگێڕێتەوە ، کەمالی یەکان نەیانهێشت کوردی تورکیا نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ بەشداری کردن لە «کۆنگرەی میللەتانی رۆژهەڵات»دا کە لە شاری باکۆ لە ئەیلوولی ساڵی ۱۹۲۰دا گیرا ، کەمالی یەکان ویستویانە خۆیان وەفدێکی دەستکرد بکەن و بەناوی کوردەوە بینێرن بۆ ئەو کۆنگرەیە[20] چونکە ، وادیارە ، مەترسی ئەوەیان بووە نیشتمانپەروەرانی کورد مەسەلەی میللەتەکەیان لەبەردەمی ئەو کۆنگرە جیهانی یەدا بە جۆرێکی وەها بهێننە پێشەوە کە لەگەڵ سیاسەتی ئەواندا نەگونجێت . هەر لەو ساڵەدا کەمالی یەکان بڕیاری خنکاندنیان بەسەر کامەران عالی بەدرخاندا دا کە خێزانەکەی سەدەیەك ئەبوو بێ وچان خەباتی لە پێناوی رزگاری ی کوردستاندا دەکرد . پاش ماوەیەك زیا گیۆك ئالپ ، کە بە یەکێك لە فەیلەسووفە نەتەوە پەرستە هەرە

---

(۱۸)

F . F . Rynd, Turkish racial theories (Jounal of the Royal Central Asian Society), Vol. XXI, July 1934 , Part II.

(۱۹) بڕوانە :

A.M. Hamilton, OP. Cit, P. 296

(۲۰) بڕوانە : «رۆژی نوێ» ، ژمارە - ۱ - ، ساڵی - ۲ ، مارتی ۱۹٦۱ ، ل ۲۱ .

گەورەکانی تورکیای نوێ دائەنرێت[٢١] ، لەو رۆژنامەیەدا کە لە شاری دیاربەکر بە زمانی تورکی دەرئەچوو چەند وتارێکی بلاوکردەوە دەربارەی ئەوەی گوایە دیاربەکرو دانیشتوانی‌و بگرە دانیشتوانی هەموو شارەکانی کوردستانی ژوورروو تورکن[٢٢] . ئەم جۆرە نووسینانە بە جارێك هەستی ناسکی نەتەوایەتی بریندار کراوی کوردیان دەجوولاند ، بەتایبەتی هەستی رۆشنبیرە خوێن گەرمەکان .

لەلایەکی ترەوە سیاسەتی شوڤێنی کەمالی‌یەکان هەموو رێکخراوو رۆژنامە کوردی‌یەکانی ناچار کرد یا بە تەواوی دەست لە ئیش کردن هەڵبگرن ، یا بچنە کۆڕی خەباتی نهێنی‌یەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەش کە کاربەدەستانی تورکیا خۆیان بە شێوەیەکی رەسمی قەدەغەیان‌کردن . لە ساڵی (١٩٢٤)ەوە کاربەدەستەکانی کوردستان بە ئاشکرا کەوتنە ئەوەی داوا لە خەڵکی بکەن لە کاروبارو گفتوگۆیاندا زمانی تورکی بەکار بهێنن ، هەر لەو ساڵەشدا ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکان لە وڵات دوور خرانەوە[٢٣] .

ئەمانەو بە دەها کردەوەی تری وا بەجارێك هەستی نەتەوەیی هەموو چینەکانی میللەتی کوردیان بزواندو ، ئەمەش کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر ژیانی سیاسی کوردستانی تورکیا . لێرەشدا زۆر گرنگ‌و پێویستە ئەو راستی‌یە بخرێتە بەر چاو کە

(٢١) ئەم (زیا گۆك ئالپ)ە (١٨٧٦-١٩٢٤) خۆی خەڵکی دیاربەکر بووە ، بە رەگەز کوردە ، بەلام لە هەموو تورانی‌یەك تورانی‌تر بووە . بۆیەکا پێی ناخۆش بووە پێی بڵێن کوردە . هەندێك لە دوژمنەکانی توانجی ئەوەیان تێ‌دەگرت کە تورك نی‌یە ، کەچی لە هەموو کەسێکیش زیاتر لافی تورکایەتی لێ‌ئەدات . لە وەڵامی ئەوەدا پارچەیەك شیعری داناوە لە ژێر ناوی «بۆ ئەو پیاوەی بە من دەڵێت تورك نیم» کە تیایا ووتوویەتی :

من تورك بم یا نا
هاوڕێی تورکم
ئێوەش تورك بن یا نا
دوژمنی تورکن

(٢٢) بڕوانە :

(Turkish Nationalism and Western Civlization. Selected essays of Zia Kokalp), translated and edited by Niyazi Berkes, London,1959, pp.43 — 45, 140 — 141.

(٢٣) بڕوانە :

L.Rambout, Les Kurdes et le droit, Paris, 1947, P. 26.

ئەم بەشەی کوردستان لانکەی دروست بوون و گەشەکردنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و مەڵبەندی سەرەتای پەیدا بوونی جوولانەوەی ئازادی – نەتەوەیی هەموو میللەتی کورد بووە [٢٤] ، بۆیەکا سیاسەتی شۆڤێنی چینە کاربەدەستەکانی تورك زۆر بە خێرایی ڕەمەکی خەڵکەکەی جوولاند ، کە زۆربەی زۆریان لە بۆتەی خەباتی ساڵەهای ساڵی باوو باپیرو خۆیاندا قاڵ بووبوون . ئەمە ڕاستییەکی مێژوویی یەکجار گەورەیە کە کارێکی زۆری کردۆتە سەر بەرپا بوون و سروشتی ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٢٥ . بەڵام بە داخەوە زۆربەی مێژوونووسان خستوویانەتە پشتگوێ .

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مێژوونووسی بێگانەی دووربین پێش بەرپابوونی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ بە ماوەیەك سیاسەتی شۆڤێنی کەمالییەکان بەرامبەر کورد . ەرنجی ڕاکێشاون و خەملی ئەوەیان لێداوە کە ئەو سیاسەتە لە ئەنجامدا پاڵ بە کوردەوە دەنێت ڕاپەڕن .

لەم ڕووەوە ڕای مێژوونووسی ئینگلیزی بەناوبانگ پرۆفیسۆر ئارنۆلد تۆینبی جێگاو سەنگێکی زۆر گەورەی هەیە . تۆینبی دوو ساڵ پێش ڕاپەرینەکە چۆتە تورکیاو لە نزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ کاربەدەستە گەورەکان و پیاوە سیاسییە ناسراوەکانی ئەم وولاتەدا کردووەو پاش گەڕانەوەی لە یەکێك لە وتارەکانیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن لەوێ « هەوڵ دەدرێت کورد بتوێنرێتەوە»وگەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم سیاسەتە ڕۆژێك لە ڕۆژان « دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەو ناخۆشی لەلایەن کوردەوە بۆ ئەنقەرە ، بەڕادەی ئەو کێشەو ناخۆشییەی لەلایەن ئەلبانییەکانەوە کانی خۆی بۆ ئیمپراتورییەتی عوسمانی نرایەوە [٢٥] . وابزانم مستەفا

(٢٤) زۆربەی جوولانەوەکانی میللەتی کورد لە سەدەی نۆزدەمیندا لەم بەشەی کوردستان بەرپابوون ، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٨٠ هەر لەم بەشەی کوردستاندا دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی گەورە لە کاتی ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلادا هەڵگیرا ، هەر کوردە نیشتمان پەروەرەکانی ئەم بەشەی کوردستانیش بوون کە یەکەم ڕۆژنامەیان بە زمانی کوردی دەرکردو یەکەم ڕێکخراوی سیاسییان لە مێژووی هەموو کوردستاندا دامەزراند .

(٢٥) لە بیست و سییەکانی سەدەی پانزەهەمدا تورکە عوسمانییەکان هەموو ئەلبانیایان داگیرکرد ، هەر لەو کاتەوە میللەتی ئەلبانی زۆر بە گەرمی کەوتە خەبات دژی ئەم داگیرکەرە بێگانانەو دەها ڕاپەڕینی خوێناوی بەرپاکرد ، بۆیەکا زۆر جار دەگوترێت ئەلبانییەکان لە هەموو لایەك زیاتر کێشەیان بۆ عوسمانییەکان نارەتەوە ، بە وێنە ڕاپەڕینی ئەلبانییەکان ساڵی ١٩١١ تا ڕادەیەکی زۆر بووە هۆی لاواز بوونی ڕژێمی «تورکە لاوەکان» .

کمال‌و هاوەڵەکانی زیاتر حیکمەت دەنوێنن ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بەربەستی ڕوودانێکی وەها بکەن بەوەی مافی هاونیشتمانی یەکسانی بدەن بە کورد ، بەڵام ئەوان لە تێگەیشتنەوە بێت یا نا سیاسەتی تواندنەوەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە»[٢٦] .

تەنها هەستی نەتەوایەتی‌و سیاسەتی شۆڤێنی کەمالی‌یەکان پاڵیان بە کوردەوە نە نا ڕاپەڕن ، بەڵکو گەلێك هۆی‌تریش لە ئارادا بوون کە بەشێکی زۆری ئەوانیش هەر ئەنجامی ئەو سیاسەتە بوون . بەر لە هەموو شتێك پێویستە چاوێك بە باری ژیانی ئابوری نوێی کوردستانی تورکیادا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی‌ی لەم وولاتەدا بخشێنین تا بتوانین ئەو هۆ ئابووری‌یە گرنگانە دەست نیشان بکەین کە زرووفی تەقینەوەی سیاسی‌یان لەم بەشەی کوردستاندا بە جارێك گەیاندە ڕادەی کامڵ‌بوون .

دیارە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی لە تورکیادا سیاسەتێکی ئابووری‌ی نوێ هاتە کایەوە . کەمالی‌یەکان لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێکیان بەرەوپێشەوە نا بە مەبەستی لاوازکردنی چینی دەرەبەگ‌و جۆری بەرهەم‌هێنانی دەرەبەگایەتی‌و پەرەپێ‌سەندنی هۆو پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری چ لە کشتوکاڵ ، چ لە پیشەسازی‌و بازرگانێیدا . بەڵام ئامانجی بەرو دوای هەموو ئەو هەنگاوانە بەهێز کردنی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئابووری‌ی چینی بۆرژوازی‌ی خۆی بوو ، بۆیەکا لە ئەنجاما نەك هەر باری ژیانی چینە چەوساوەکان بەرەو باش‌بوون نەڕۆی ، بەڵکو لەگەڵێك ڕووەوە بەرەو خراپیش ڕۆی .

کەمالی‌یەکان نەیاندەویست لە بنەرەتا لە دەربەگایەتی بدەن‌و بەوە جووتیار ڕزگار بکەن ، بەڵکو هەوڵ‌و تەقەلایان ئاراستەی ئەوە کرابوو کە جۆری بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی پلەیەك پێش بخرێت‌و شێوەی سەرمایەداری بدرێتێ ، ئەمەش لە هەموو شوێن‌و کاتێکدا دەبێتە هۆی قوڵ‌بوونەوەی چەوساندنەوەی جووتیارو بگرە هەموو لادێی . هەر ئەنجامی ئەم سیاسەتەش بوو کە تا ماوەیەك دوای سەرکەوتنی

---

(٢٦)

Professor Arnold J. Toynbee, Angora and the British Empire in the East — (The Contemporary Review), London, June 1923 , PP. 386 — 387.

شۆرشی بورژوازی هەندێك لە سەرانەو باجی دەرەبەگایەتی هەر وەك خۆیان هێڵرانەوە ، بەڵکو کەمالی‌یەکان زۆر جاریش دەستی بارمەتیان بۆ خاوەن زەوی شارێکان ، کە پەیوەندی‌یان لەگەڵیاندا هەبوو ، درێژ دەکرد ، وەك ئەوەی قەرزیان ئەدانێ‌و لە دەرەوە تراکتۆرو ئەمرازی بەرهەم هێنانی‌تری نوێ‌یان بۆ دەهێنان . زەوی‌و زاری ئەم جۆرە خاوەن مولکانە بەتایبەتی لەسەر حسابی جووتیارە ئەرمەن‌و یۆنانی‌یەکان لە پەرەسەندندا بوو ، ژمارەی جووتیاری بێ‌زەویش ، بەتایبەتی لە ناوچەی وەك کوردستاندا ، روو لە زیادی بوو . تەنانەت عیسمەت ئینۆنۆی سەرەك وەزیران ساڵی ۱۹۳٦ خۆی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە «ژمارەیەکی بێ شومار جوتیاری بێ زەوی هەن»[۲۷] . پاش ئەویش بە ۲٤ ساڵ رۆژنامەی «یەنی صباح»ی تورکی نووسیبووی کە وا «قسەی شێخ وەك قانوون وایە بۆ جووتیار کە تەنانەت مافی ئەوەشی نی‌یە بێ رەزامەندی ئەو بۆ هیچ کارێك پەنا بەرێتە بەر کاربەدەستە میرێکان»[۲۸] . ئەمانە هەموو ئەو راستی‌یە دەخەنە بەرچاو کە وا سیاسەتی کشت‌وکاڵی بۆرژوازی تورك سیاسەتێکی قوڵ‌و سەرکەوتوو نەبوو ، بۆیەکا بووە هۆی پەرەسەندنی دووبەرەکایەتی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی لە لادێکاندا[۲۹] .

دیارە ئەم جۆرە رێڕەوە نەیدەتوانی کارێکی وا بکات کشت‌وکاڵ لە تورکیای کەمالیدا هەنگاوی گەورە بەرەوپێش بنێت . بە وێنە تا ساڵی ۱۹۲۹ ئینجا رووپێوی ئەو زەوی‌و زارەی بۆ کشتوکاڵ بەکار دەهێنرا گەیشتەوە رادەی ساڵەکانی پێش شەری یەکەم ، بەڵام ئەو بەرهەمەی دەیدا لە دەوروبەری ۸۰٪ی بەرهەمی پێش شەر تێنەدەپەری ، ژمارەی مەرومالاتیش هەر لەو ساڵەدا بە زەحمەت خۆی دەدا لە ۸۵٪ی ژمارەی پێش شەر[۳۰] . لە ئەنجامی ئەمەدا گرانی هەتا دەهات پەرەی دەسەند . ئەم ژمارانە ، وابزانم ، زۆر بە ئاشکرا رادەی ئەو گرانی‌یە دەخەنە روو : ساڵی ۱۹۱۳ حۆقەیەك گۆشت بە ٥ قرش بوو ، حۆقەی نان بە قرشێك‌و رۆنی

(۲۷) بڕوانە «مێژووی هەموو جیهان» ، بە زمانی رووسی ، بەرگی -۹ - مۆسکۆ ، ۱۹٦۲ ، ل ٤٤١ .
(۲۸) لە گۆڤاری «الطریق» ، بیروت ، ۷ی تەمووزی ساڵی ۱۹٦۱ ، ل ۹۳ وە وەرگیراوە .
(۲۹) زۆربەی مێژوونووسە پێشکەوتن خوازەکان پەنجەیان بۆ ئەم راستی‌یە راکێشاوە (بە وێنە بڕوانە : پ . پ . مایسیفەرم . أ . گاسرەتیان ، تورکیا ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ۱۹٦٥ ، ل ٤٨) .
(۳۰) بڕوانە : أ . نۆڤیچیڤ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۱۷۰ .

زەیتونیش بە ٣ ، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨دا نرخی حۆقەیەك گۆشت گەیشتە ١٥٠ قرش و نان ١٨ و ڕۆنی زەیتونیش ٧٠ قرش . بەم جۆرە لەسەردەمی کەمالی یەکاندا نرخی شتومەکی پێویست لە ١٨ وە تا ٤٠ کەرەت بە نیسبەت پێش شەڕەوە زیادی کردووە[٣١] . تاقە تاقێك کەڵکی لەم گرانی یە وەرگتبێت بۆرژوازی ی بازرگانی تورك بوو کە ژمارەیەك مێژونووس بە هێزی جووڵێنەری شۆڕشی کەمالی ی دائەنێن ، بەڵام بە نیسبەت هەژار و چەوساوانەوە تاقە مانایەکی هەبوو – برسێتی ! .

تەنانەت ئەو پێش‌کەوتنەش کە دوای هاتنی کەمالی یەکان بەرهەمی پیشەسازی گرتەوە نەبووە هۆی ئەوەی باری ژیانی ئابووری وڵات بێتەوە سەر خۆی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەرەسەندنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ی بۆرژوازی ی بووە هۆی ئەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار تەشەنە بسێنێت . ڕۆژانەی کرێکاری شارەزا لە شاری ئەستەموڵ دەگەیشتە ١٢٠ – ٢٠٠ قرش ، ڕۆژانەی کرێکاری ڕەمەکیش لە دەوروبەری ٤٠ تا ١٠٠ قرشدا بوو[٣٢] هەرچەندە ڕۆژی کار زۆر جار خۆی داوە لە ١٦ سەعات . ئەم ڕوژانەیە ، وەك سەرچاوە ڕەسمی یەکان خۆیان دانیان پیا ناوە لە ڕاستیدا بە مقداری ١٧٪ کەمتر بووە لە ڕادەی ڕۆژانەی کرێکارانی ساڵی ١٩١٣[٣٣] .

ڕۆژانەیەکی وا کەم تەنانەت بەشی ژیانی کولەمەرگیشی نەدەکرد ، بە وێنە وەك یەکێك لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان دەیگێڕێتەوە کرێکارانی کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵ – داغ لە نانی ڕووت و گەنمەشامی بەولاوە هیچی تریان نەدەخوارد[٣٤]

---

(٣١) دەربارەی ئەو ژمارانە بڕوانە :
The Times), London, July 8, 1929) ئەوی سەرنج ڕادەکێشێت تەنانەت کاربەدەستانی تورکیا خۆشیان بە شێوەیەکی ڕەسمی دانیان بەو گرانیەدا دەنا ، هەرچەندە هەوڵیان ئەدا لێی‌کەم بکەنەوە . سەرچاوە ڕەسمی یەکانی ئەو سەردەمە دەڵێن نرخی شتومەك ساڵی ١٩٢٩ لە ١٣وە تا ١٥ کەرەت بە نیسبەت ساڵی ١٩١٤وە زیادی کردووە (بڕوانە : ر .پ . کورنینکو ، جوڵانەوەی کرێکاران لە تورکیا (١٩١٨-١٩٦٣) ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ٥٧) .

(٣٢) بڕوانە : ر . کورینکو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٧ .

(٣٣) بڕوانە : أ . نوڤیچێڤ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٧٣ .

(٣٤) «جوڵانەوەی میهنی جیهانی» ، بە زمانی ڕووسی ، بەرگی – ٣ ، مۆسکۆ – لینینگراد ، ١٩٢٦ ، ل ٤٢-٤٣ .

شان بە شانی فشاری ئابووری لەگەڵ هاتنی کەمالییەکاندا فشاری سیاسیش بۆ سەر چینی کرێکار پەرەی سەند . هێشتا فریا نەکەوتبوون بەتەواوەتی دوژمن لە ولاّت دەربەرێنن کاتێك دڕندانە کەوتنە گیانی چینی کرێکارو ڕێکخراوەکانی (تەنها پایزی ساڵی ۱۹۲۲ پتر لە ۳۰۰ لە سەرۆکە ئیش‌کەرەکانی ئەم چینە ئاخنرانە بەندیخانەکانەوە)[۳۵] . کەمالییەکان لە کاتێکدا ڕێکخراوی کرێکارانیان دادەخست ، لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی سەربەخۆیانیان دادەمەزراند بۆ ئەوەی بەو جۆرە نەهێڵن جووڵانەوەی کرێکاران پەرە بسێنێت‌و بچێتە قاڵبێکی یەکگرتووەوە .

هەموو چینە چەوساوەکانی تورکیا ، بێ‌جیاوازی نەتەوایەتی ، بە جارێك لە دەست ئەم سیاسەتە نالەبارانەی کاربەدەستە بورژوازێکانی تورکیاوە وەڕس بووبوون ، ئەمەش هەر زوو لە زنجیرە جووڵانەوەو مانگرتنێکدا پێش ڕاپەرینەکەی ساڵی ۱۹۲۵ خۆی بە ئاشکرا نواند . بە وێنە جووتیاری هەندێك ناوچەی ڕۆژئاوای تورکیا ساڵی ۱۹۲۳ ڕاپەرینێکی گەورەیان دژی حوکمەت‌و دەرەبەگایەتی بەرپا کردو گەلێك کاربەدەست‌و جاندرمەیان کوشت ، بەلاّم حوکمەت زۆربە توندی‌و بێ‌بەزەییانە ئەو ڕاپەرینەی دامرکاندەوەو لە مانگی تشرینی یەکەمی هەر ئەو ساڵەدا قانوونێکی دانا گوایە « دژی چەتەگری »[۳۶] کە سەراپای تەرخان کرابوو بۆ بەرهەڵستی هەموو جۆرە جووڵانەوەیەکی جووتیاران[۳۷] . هەر لەو کاتەدا نارەزایی‌و جووڵانەوەی کرێکاران شێوەیەکی تیژتری وەرگرتبو . تەنها لە هاوینی ساڵی ۱۹۲۳دا پتر لە ۱۲ هەزار کرێکاری کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵ – داغ سێ جار مانیان گرت[۳۸] . گەلێك مانگرتنی‌تری لەو جۆرە لە ئەستەموڵ‌و شارە گەورەکانی‌تری

---

(۳۵) بڕوانە : ر . کۆرینیکو . سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٢–٤٣ .

(۳٦) کەمالییەکان تەنها ڕاپەرینەکانی کوردیان بە «چەتەگری» لە قەڵەم نەدەدا ، بەڵکو هەموو جووڵانەوەیەك هەر لەوەندە دژی خۆیان بوایە ئەو ناوو ناتۆرەیەیان دەدایە پاڵی .

(۳۷) پ . پ . مایسێف ، پەیوەندی کشتوکاڵ لە تورکیای ئەم سەردەمەدا ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۰ ، ل ۱۷۱–۱۷۲ .

(۳۸) بڕوانە : ل . کۆرینیکو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥۹ .

تورکیادا ڕوویان‌داو ئەوەی پێویستە سەرنجی بۆ ڕابکێشرێت لەم ڕووەوە ئەوەیە کە نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی تورکیا لەم جۆرە جوولآنەوانەدا بەشداری‌یان کردووە .

بەم جۆرە دەبینین دوای هاتنی کەمالی‌یەکان جۆرە نارەزایی‌یەکی گشتی لە هەموو تورکیادا هەبوو کە دیارە گەلی کوردیشی گرتبۆوە . بەلاّم چەند هۆیەکی تایبەتی لە ئارادابوون کە کارێکی وایان کردبوو ئەو نارەزایی‌یە لە کوردستاندا زیاترو ئەنجامی توندو تیژتر بێت . جارێکیا بەر لە هەموو شتێك سیاسەتی ئابووری کەمالی‌یەکان لە کوردستاندا سەرەڕای هەموو شتێك ڕێبازێکی شۆڤێنی ڕووتیشی وەرگرتبوو . بە وێنە لە کاتێکدا کەمالی‌یەکان لە ناوچە تورکەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر تەنها دەسەلآتی سیاسی‌یان لە خاوەن زەوی‌یە گەورەکان سەندەوە ، دەبینین لە کوردستاندا هەوڵیان دەدا جگە لەوە لە بەرژەوەندی‌یە ئابوورێکانیشیان بدەن ، بە تایبەتی هی ئەو ئاغاو سەرەك هۆزانەی کە لە دەمێکەوە تێکەڵی شەپۆلی جوولآنەوەی ئازادی – نەتەوەیی گەلەکەیان بوبون . پێویستیشە ئەوە بڵێین مەبەستی ئەم لێدانە ئازادکردن‌و بەو جۆرە ڕاکێشانی جووتیاری کورد نەبوو ، بەڵکو بەشێك بوو لە سیاسەتی شۆڤێنی‌ی کەمالی‌یەکان . بە وێنە بەشێك لە باشترین زەوی‌و زاری کوردستان لە خاوەنەکانی زەوت‌کرا بۆ ئەوەی دابەش بکرێت بەسەر ئەو تورکانەی لە دەرەوە ، بە تایبەتی لە یۆنانەوە ئەگەڕانەوە[٣٩] . تەنها لە ساڵی ١٩٣١دا بڕیار درا ١٠٠ هەزار تورکی بولغارستان‌و یوگۆسلافیا بنێرنە هەندێك لە ناوچە کوردەوارێکان ، گوایە « بۆ بەهێزکردنی دانیشتووە تورکەکانیان »[٤٠] . دیارە ئەم سیاسەتە بووە هۆی نارەزایی نەك تەنها جووتیاری کورد ، بەڵکو لە گەلیاو ، هەر بەو ڕادەیەش چەوسێنەرەکانیشی .

هۆیەکی‌تری تایبەتی ئابووری لە ئارادا بوو کە کاری کردبووە سەر بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستان ، بە تایبەتی هۆزە نیمچە کۆچەرو بازرگانەکانی . ئەوە بوو لە سەدەی نۆزدەمینەوە سەرەتای دروست‌بوونی یەك بازاری لە هەموو کوردستاندا

---

(٣٩) بڕوانە : «کێشەکانی کشتوکاڵ» . بەزمانی ڕووسی . بەرگی ١–٢ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٦ ، ل ١٢٧ .
(٤٠) بڕوانە :
(The Times), August 27, 1931

دەستی پێ‌کردبوو ، ئەم کارە گرنگە لە ئەنجامی بەستنی بازاڕی کوردستان بە بازاڕەکانی جیهانی سەرمایەداری‌یەوەو دەست پێ‌کردنی ڕزگاربوون لە ئەنجامی ئەوەدا لە چوارچێوەی بەرهەم هێنانی تەبیعی ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو . دابەش‌کردنی کوردستانیش بە ناو لە نێوان تورکیاو ئێراندا لەو سەردەمەدا هێشتا نەبووبووە کۆسپ لە بەردەمیدا . لەو ساڵانەدا ئاڵ‌و گۆڕی بازرگانی لە نێوان کوردستانی خواروو و ژووروودا تا ڕادەیەکی دیار لە گەشە کردندا بوو بە هۆی ئەو کاروانانەوە کە لە نێوان هەردوو لایاندا لە هات‌و چۆدا بوون بەو حەوت ڕێگایەو ئەو دۆڵە گەورەیەی کەوتۆتە عاستی گەیشتنی خابوور بە ڕووباری دجلەوەو کە پانایی ۲۰ کیلومەترێك دەبێت ، ئەو ڕێگایانەی بە جارێك ئەمدیوو ئەودیوی کوردستانیان پێکەوە بەستووە . تەنانەت لە کاتی دووبەرەکایەتی تورك‌و ئینگلیزدا لە سەر کوردستانی خواروو تورکەکان زۆر لەسەر ئەوە سوور بوون کە وا پەیوەندی بازرگانی لە نێوان ئەم بەشەی کوردستان‌و کوردستانی ژووروودا زۆر بە هێزەو بۆ بەڵگەش باسی ئەو حەوت ڕێگایەو دۆڵەکەی لای خابووریان کردبوو[٤١] . جگە لەوە هەر ئەو پەیوەندی‌ی ئابووری‌یە بوو کە پاڵی نابوو بەو لیژنە تایبەتی‌یەی «کۆمەڵەی گەلان» ناردبووی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کێشەیە لە ڕاپۆرتەکەیدا داوا بکات کە ئەگەر هاتو «ویلایەتی مووسڵ» درا بە عیراق ئەوا پێویستە ڕێگای خەڵکەکەی بدرێت بە سەربەستی بازرگانیی خۆیان لەگەڵ تورکیاو سوریادا بکەن‌و مافی ئەوەش بدرێت بە بازرگانەکانی کوردستانی تورکیا ڕێگاکانی ویلایەتی مووسڵ بۆ ئاڵ‌و گۆڕی بازرگانی بەکار بهێنن[٤٢] .

بەڵام زرووفی نوێی دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان‌و بە ڕادەی یەکەم داگیرکردنی کوردستانی خواروو لە لایەن ئینگلیزەوەو دابڕینی لە کوردستانی ژووروو ، لەگەڵ سەرکەوتنی چینی بۆرژوازی لە تورکیاو ئێران مانای ئەوەیان دەبەخشی کە ئیتر

---

(٤١) بڕوانە :

(League of Nations .Question of the frontier between Turkey and Iraq. Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council Resolution of the September 30th , 1924), Geneva, 1924, P. 29

(٤٢) Ibid, P. 90

کوردستان بە شێوەیەکی عەمەلی دابەش بوو بە چەند پارچەیەکەوە کە بە زۆر هەوڵ دەدرا بە یەکجاری لێك دابیڕێن ، ئەمەش بێگومان کارێکی یەکجار گەورەی کردە سەر ژیانی ئابوری کوردستانو بە تایبەتی سەر عەمەلیەتی دروست بوونی یەك بازاڕی تیایا .

تورکەکان ئەیانویست بە جارێك دەست بەسەر هەموکوردستاندا بگرن ، بەلاّم زانی‌یان ناتوانن کوردستانی خواروو بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان ، بۆیەکا لە ساڵی ١٩٢٤وە کەوتنە ئەوەی بە سەرباز هەموو کونو کەلەبەری سنوورەکانی‌یان لەگەڵ سوریاو بە تایبەتی لەگەڵ عیراقدا بتەنن(٤٣) . بەم جۆرە ڕێگای بازرگانێتی لە نێوان ئەم دوو بەشەی کوردستاندا تا ڕادەیەکی زۆر بەستراو نەك تەنها بازرگانەکانی هەردوولا ، بەڵکو هەردوو بازارەکەش لە ئەنجامدا زۆر زەرەربار بوون ، تەنانەت نوێنەرانی عیراق لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی دوو قۆلی چاودێری سنووری نێوان تورکیاو عیراق کە کۆتایی ساڵی ١٩٢٦ لە زاخو گیرا بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجی هاوەڵە تورکەکانیان بۆ ئەم کێشە ئابووری‌یە ڕاکێشا(٤٤) .

دابڕینی کوردستانی ژووروو و خواروو بە زۆر لە یەکتر کارێکی زۆری کردە سەر ژیانی ئابووری‌ی هۆزە نیمچە کۆچەرەکانیش . کاربەدەستانی تورکیا بە جارێك هاتوچۆی ئەو هۆزانەیان لە نێوان هاوین‌و زستانە هەوارەکانیانا کە کەوتبونە هەردوو بەشەکەی کوردستانەوە ، قەدەغەکرد . لە ئەنجامی ئەمەدا بە هەزارەها سەر مەڕو بزنی ئەو هۆزانە فەوتان . بە وێنە تەنها لە هاوینی ساڵی ١٩٢٧دا دەورووبەری ٦ هەزار کەس لە هۆزی ئەرتوشی‌و سەندی لە ئەنجامی دابڕینیان لە هاوینەهەوارەکانیان بە جارێك زەرەرمەند بوون(٤٥) ، لە پێش ئەوانیشدا بە دوو ساڵ دەورووبەری

(٤٣) بڕوانە : A.Safrastian , Kurds and Kurdistan, PP. 87 — 88.

(٤٤) بڕوانە :

(Report by Britannic Majestys Government to the Conucil of the League of Natious on the administration of Iraq for the year 1926), London, 1927, P.21.

(٤٥) بڕوانە :

(League of Nations. Report by Britannic Majestys Government to the Council of the League of Nations of the administration of Iraq for the year 1927), London, 1928, p.26.

۱۲۰۰ خێزان لە هۆزی میران ناچار بوون بە یەکجاری کوردستانی تورکیا بەجێ بهێڵن لە تاو بێبەری‌کردن لە هاوینەهەوارەکانیان کە کەوتبوونە کوردستانی خوارو لە قەراغ رووباری دجلەدا[٤٦] . دیارە لە ئەنجامی ئەمەدا نیمچە کۆچەرەکانی کوردستانیش بە تەواوەتی لە کاربەدەستە نوێکانی تورکیا داخ لە دڵ بوون .

ئەم نیمچە کوچەریانە لەگەڵ هەموو لادێکانی تری کوردستان‌و هەروەها کرێکارو هەژاری ناو شاریش هەر وەك چینە چەوساوەکانی هەموو تورکیا زەلالەتیان بوو بە دەست ئەو باج‌و سەرانە تازانەوە کە بە یەکجاری پەکی خستبوون‌و تەنانەت ماوەی کۆبوونەوەی سەرمایەشیان لە دەست حیرەفی‌یەکان‌و بازرگانە ناوبجێکانیشدا نە ئەدا تا بتوانن لەگەڵ رێبازی سەرمایەداری نوێی تورکیادا خۆیان بەرن بەرێوە . فشاری ئەم باج‌و سەرانانە بۆ سەر لادێی لە هەموان زیاتر بوو ، چونکە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا زۆربەیان بە یەکجاری یا ساڵەو ساڵ خۆیان لە دانیان ئەدزیەوە . بە وێنە ساڵی ۱۹۱۳ یەکێك لە خێزانە دەرەبەگەکانی ناوچەی بتلیس بیست ساڵی رەبەق بەسەر ئەوەدا تێپەر ببوو کە پوولێك باج‌و سەرانەی دەوڵەتی نەدابوو[٤٧] ، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی مەرکەزی بورجوازیدا دیارە ماوەی شتی وەها بە جارێك برا . گۆڤاری «رۆژهەڵاتی نزیك‌و هیند»ی ئینگلیزی دوای تێپەربوونی چەند مانگێك بەسەر راپەرینەکەی ساڵی ۱۹۲۵دا دەربارەی ئەم باسە نووسیویێتی دەڵێت : «وەزارەتی دارایی هیچ کون‌و کەلەبەرێکی نەهێشتۆتەوە دانیشتوانی تورکیا لە رێگایانەوە بتوانن خۆیان لە دانی باج‌و سەرانە رزگار بکەن»[٤٨] . لە لایەکی ترەوە ئەو باج‌و سەرانانە تا دەهات لە زۆربووندا بوون . بە وێنە تەنها لە ماوەی ساڵێکدا (۱۹۲۸-۱۹۲۹) داهاتی دەوڵەت لە باج‌و سەرانە پتر لە ٦٪ی زیادی کرد[٤٩]

---

(٤٦) بڕوانە :

(Report.... for the year 1926) P. 16

(٤٧) بڕوانە :

A. Safrastian, Kurds and Kurdistan, PP. 72 — 73.

(٤٨) بڕوانە :

(The Near East and India), Vol XXVIII, November 19, 1925, P. 612.

(٤٩) بڕوانە :

(The Near East and India), Vol XXXIV, August 9, 1929, P. 178.

ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩ باجی مباشر گەیشت بەرادەیەك كە پێنج ئەوەندەی ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١ ئەبوو[٥٠] .

تەنانەت فشاری سەرانەو باجیش لە كوردستاندا زیاتر بوو وەك لە ناوچەكانی تر ، هیچ نەبێت لە ئەنجامی ئەوەدا كە بەشێكی زۆر لە سوپای دەوڵەت لێرە لە سەر ورگی رەمەكی خەڵكەكە دەژیان . عبدالعزیز یامولكی دەربارەی ئەمە نووسیوێتی دەڵێت : « سوپای تورك بەڵایەكی گەورە بوو بە سەر شانی جوتیاری كوردەوە كە ناچار بوو شتومەكی بۆ كۆبكاتەوەو بە كۆڵی خۆی بیگەیێنێتە سەربازخانەكانی‌و لێرەش بە ئارەزووی خۆیان نرخیان بۆ دادەناو هەر ئەوەندەیان بۆ دەهێشتەوە كە بتوانێت زستانی بە كولەمەرگی بە نانو بەروو پیێ‌بەرێتە سەر»[٥١] .

ئەم سیاسەتە بە جارێك خەڵكەكەی وەڕس كردبوو . بەشێك لە رێكخراوە سیاسیێكانی كوردستان هەستیان بەمە كردبوو بۆیەكا هەندێكیان ، وەك «كۆمیتەی ئەرزرۆم» ، لە كاتی راپەرینەكەی ساڵی ١٩٢٥دا بەیاننامەی تایبەتی‌یان بلاّو كردەوە كە تیایا پەیمانی لابردنی باج‌و سەرانەیان دابوو[٥٢] .

ئەمەبوو بە گشتی باری ژیانی ئابووری‌و كۆمەلاّیەتی كوردستانی ژووروو دوای سەركەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی لە توركیادا ، هەر لەم شەپۆلە فراوانە پڕ پێچ‌و پەنایەشدا بە ئاسانی دەتوانرێت هۆ بنەرەتی‌یەكانو هێزە بزوێنەرەكانی هەموو جووڵانەوەی ئازادی - نەتەوایەتی كوردستانی توركیای دوای شەڕی یەكەم ، بە راپەرینە گەورەكەی ساڵی ١٩٢٥وە ، دەست نیشان بكرێن .

ئەو هۆیانە ، وەك ئاشكرا دیمان ، لە ناو كومەڵەكە خۆیداو زۆربەیان لە زرووفی سەركەوتنی شۆڕشی بۆرژوازی نەتەوەی دەسەلاّتدارا دروست بوون ، ئەو هۆیانەش نەك تەنها لە كوردستاندا ، بەڵكو لە هەموو شوێنێك‌و هەموو كاتێكدا لەو سەردەمەدا بەس‌بوون بۆ ئەوەی هەر میللەتێكی تر بێت بیگەیێنە رادەی تەقینەوە ، زۆر ئاشكرایە

---

(٥٠) «مێژووی هەموو جیهان» ، بەزمانی رووسی ، بەرگی ٩ ، ل ٤٤٥ .

(٥١) عبدالعزیز یاملكی ، كوردستان و كورد اختلال لری ، جلد - ١ - ، تهران ، ١٩٤٦ ، ص ٧٨ .

(٥٢) بڕوانە :

A. Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, P. 50

له زرووفی وادا ئەگەرچی هۆی دەرەوەش لە ئارادا بووبێت ئەوا ئەو هۆیە هەر بە پێی زانیاری مێژوو خۆی لە ئەوبەرێدا ئینجا نەیتوانیوە لە دەورێکی پچووك زیاتر ببینێت و هیچ کاتێك ڕاست نی یەو ناتوانرێت بە چاوی هێزی جوولێنەری بنچینەیی ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٢٥ ، وەك گەلێك مێژنووس کردویانە ، دابنرێت .

باسی شەشەم
کۆمەڵەی گەلان و کورد

کورتەیەك دەربارەی سیاسەت(٭) :

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەم وتارە بۆ باسی چۆنیەتی دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» (عصبة الامم)و سروشتی ئەو دەزگایە تەرخان کراوە ، بەڵام ئەوە بۆی هەیە یاریدەمان بدات باشتر لە هەڵوەستی کۆمەڵە بەرامبەر بە گەلی کورد تێ بگەین . جا با لە پێشدا بە کورتەیەك دەربارەی سیاسەت‌و ئاڵ‌وگۆڕەکانی دەست پێ بکەین .

مرۆڤ لەوەتەی هۆشی بەبەردا هاتووەو کەوتۆتە بیرکردنەوە فێری سیاسەت ، یا وەك دەڵێن ڕامیاری ، بووە[1] . ئەو فێڵ‌و فەرەجەی بۆ گوزەران‌و پاروەنانێك بەکاری دەهێنا یەکەم ڕووی ساکاریی سیاسەت بوو لە ژیانیدا .

وەك هەر دیاردەیەکی تری ژیان سیاسەتیش لەوەتەی پەیدابووە بێ‌وچان لە ئاڵ‌و گۆڕو بەرەوپێش چووندایەو دەبێ . دەمێکە سیاسەت بۆتە پیشەو هونەرو زانست . لەو کاتەوەی کۆمەڵ‌و دەوڵەت پەیدا بوون سیاسەت بۆتە ئەرکی یەکەمی سەر شانی زۆربەی دامودەزگاو کاربەدەستانیان‌و هەر لەبەر ئەوەشە وشەی «پۆلیتیکا»ی گریکیی کۆن کە واتای کاروباری کۆمەل یا دەولەت دەبەخشێ بە مانای (سیاسەت) تێکەڵ بە زمانە ئەوروپاییەکان بووە[2] .

(٭) لە لاپەرە ٢-٢٩ی ژمارە حەفتەی «کاروان»دا بلاوکراوەتەوە .

(١) بۆ ئامادەکردنی ئەم وتارە کەڵکی زۆرم لەو موحازەرانەم وەرگرتووە کە بە یاریدەی گەلێك سەرچاوەی جیاواز بۆ پۆلی چوارەمی بەشی مێژووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ئامادەم کردوون .

(٢) وشەی (Politika)ی گریکی لە (Polis) ەوە هاتووە کە مانای دەوڵەتە . دیارە وشەی پۆلیسیش هەر لەمیانەوە هاتووە .

دوای دەوڵەت پەیدابوونی ئایینیش دەوری گەورەی لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتدا بینی . ئایین بێ سیاسەت نەیدەتوانی بلاوبێتەوەو پەرەبسێنێ . لە سەرەتای سەدەی چوارەمینەوە ئایینی عیسایی و دەوڵەت تێکەڵ بەیەك بوون و پاش ماوەیەکی کەم پاپای وا پەیدا بوو دەشیا لە سیاسەتبازیدا ببێتە مامۆستای دەیان میرو پاشای رۆژگاری خۆی .

پێغەمبەری خۆشمان ، درودی خوای لێ بێ ، هەر لە یەکەم رۆژی هەڵهاتنی خۆری ئیسلامەتی یەوە توند توند سیاسەت و ئایینی پێکەوە بەست . نامە بەناوبانگەکانی بۆ پاشایانی رۆم و فورس و حەبەش یەکەم نموونەی پێوەندی دیپلۆماسی ی جیهانی نوێی موسڵمانن .

وەك گوتمان سەرەتا سیاسەت یەکجار سادەو ساکار بوو . لەگەڵ پەیابوونی دەسەلات و دامەزراندنی دامودەزگای میری و ئاییندا سیاسەت رووی لە وردەکاری و ئاڵۆزی کرد .

بەرژەوەندی یەکانی ژیانی رۆژانەو پەرەسەندنی تێکەڵی یەك بوونی گەلانی دراوسێ و لێك نزیك لە رۆژگاری کۆنەوە بوونەتە هۆی پەیدابوونی پێوەندی ی لە نێوان دەزگا میری یەکانی جیهانی پێشکەوتووی ئەوساکەدا . سەرەتاو تا ماوەیەکی دوورو درێژ ئەو پێوەندی یەش ساکارو بێ گرێ بوو . هەرکاتێك پێویست بوایە وەفدی ولاتێك بۆ بەستنی پەیمانێك یا بردنی دیاری یەك یا گەیاندنی راسپاردەیەك یا بۆ خوازبێنی شازادەیەك رووی دەکردە ولاتێکی ترو لەگەڵ جێ بەجێ کردنی کارەکەیدا بەرەو نیشتمان دەگەرایەوە . هەرچەندە ئەرکی سەر شانی ئەو جۆرە وەفدانە ئاسان و بێ ئەمسەرو ئەوسەر بوو ، بەلام جێ بەجێ کردنی ماوەیەکی زۆری پێ دەویست کە جاری وا هەبوو لە مانگان تێدەپەری و دەچووە خانەی سالانەوە . چون و گەرانەوەی وەفدە بەناوبانگەکەی هارونە رەشید بۆ لای شارلەمانی گەورە نزیکەی ساڵێکی خایاند .

ئەرکی وەفدی ناوبراو بریتی بوو لە گەیاندنی نامەیەك و سەعاتێکی خەلیفەی موسڵمانان بە پاشای گاوران . پاش دەوروبەری چوار سەدە کاتێك مارکۆ نیکۆلۆ پۆلۆی ناسراو لەگەڵ باوکی و مامی لەسەر داوای فەرمانرەوایانی ڤێنیسیای ئیتالیا چووە خزمەت خانی چین و ماچین پاش ٢٤ ساڵی رەبەق ئینجا گەرایەوە نیشتمان ، ساڵی

١٢٧١ رۆیشت‌و ساڵی ١٢٩٥ گەڕایەوە[٣] . مارکۆ پۆلۆ بە نزیکەی سێ ساڵ‌و شەش مانگ ڕێگەی نێوان ڤێنیسیای ئەوروپاو پەکینی[٤] ئاسیای بڕی‌و تەنانەت خاکی ئێمەش بەشێك بوو لەو ناوچەو وڵاتانەی پیایاندا تێپەڕی .

لەگەڵ پەیدابوونی ڕژێمی سەرمایەداری‌و دروست بوونی ژمارەیەك دەوڵەتی گەورەو دەسەلاتدارو چاوچنۆك قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی‌ی گەلاندا دەستی پێ‌کرد . هیچ کامێك لەو دەوڵەتە گەورە ئەوروپایی‌یانە بە سنووری خۆی دابین نەدەبوو ، هەر یەکەیان چاوی بڕیبووە خاك‌و سامانی گەلانی ترو لەناو یەکیشدا دەستیان نابووە بیناقاقای یەکتر . هەر ئەوەندەت دەزانی کڵپەی ئاگری شەڕ بەرز دەبۆوەو بە هەزاران‌و بە دەیان هەزار دەبوونە قۆچی قوربانی . ئەو شەڕانەی ئەوروپا لە ڕۆژگاری ناپلیۆن بۆناپارتدا ، واتە سەرەتای سەدەی نوزدەمین ، گەیشتنە پلەیەکی ترسناکی ئەوتۆ کە مێژوو تا ئەو سەردەمە لە وێنەی بەخۆیەوە نەیبینیبوو . زیانە زۆرەکانی‌ئەو شەڕانەو وەڕس‌بوونی بێ‌ئەندازەی گەلانی ئەوروپا پاڵیان نا بە فەرمانڕەوایانی ئەو کیشوەرەوە زیاتر بکەونە سۆراخی ڕێبازی چارەسەرکردنی ئاشتی‌یانەی کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان . لەبەر ئەوە سیاسەتکاران بە پێویستیان زانی دەزگایەکی باڵا بۆ چاودێری‌کردنی پێوەندی‌ی نێوان دەوڵەتە گەورەکان دابمەزرێنن ، ئەوان هاتبوونە سەر ئەو بڕەی دەشێ ئەوی بە چەك‌و شەڕو خوێن‌و فرمێسك دەبرێتە سەر بە گفتوگۆو لێدوان‌و لێکدانەوەش هەمووی نەبێ بەشێکی زۆری جێ‌بەجێ‌بکرێ . بۆ ئەو مەبەستە دوای کەوتنی ناپلیۆن کۆنگرەی ڤیەنا بڕیاری دامەزراندنی جۆرە کۆڕێکی دا کە جاروبار نوێنەرانی ژمارەیەك دەوڵەتی گەورە بۆ لێدوان لە باسە گرنگەکانی جیهان دەیانبەست .

دوای کۆنگرەی ڤیەناو بەتایبەتی پاش ئەوەی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەمینەوە وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان گەیشتنە قۆناغی ئیمپریالیزم ، سیاسەت‌و پێوەندی‌ی نێوان دەوڵەتان کەوتنە بارو دۆخێکی نوێی یەکجار وردو ئاڵۆزەوە کە تا دەهات گرێ کوێرەکانیان زیاترو باریان قورستر دەبوون‌و ئەنجام کار گەیشت بەوەی

(٣) مارکۆ پۆلۆ (M.Polo) ساڵی ١٢٥٤ لەدایك بووەو ساڵی ١٣٢٤ کۆچی دوایی کردووە .
(٤) بەزمانی چینی (پەکین) مانای پایتەختی باکوورە .

فەرمانڕەوایان پەنا بەرنە بەر چەك وەك دوا هیواو ئاواتی چارەسەرکردنی کێشەو بێنەوبەرە زۆرەکانی وڵاتەکانیان . بەو جۆرە سەرەتای ئاپی ساڵی ١٩١٤ شەڕێك بەرپا بوو کە مێژوو تا ئەو کاتە لە وێنەی بەخۆیەوە نەبینیبوو ، شەڕێکی ئەوتۆ کە هەموانی گرتەوەو بە ڕەوایی ناوی لێ‌نرا «شەڕی یەکەمی جیهان» .

زیانەکانی شەڕی یەکەمی جیهان کوشندەو جەرگبڕ بوون . تەنها ئەوانەی بە بەرگی سەربازی‌یەوە لە شەڕگەکاندا کوژران ، ژمارەیان خۆی دەدا لە نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس . ئەوانەش کە لە جەنگەی شەڕدا بریندار بوون (٢٠) ملیۆن دەبوون کە سێ ملیۆن‌و نیویان تا مردن بە کەفتەکاری مانەوە . لە صەدا پەنجای لاوو (٤) هەزار گوندو (٢٣) هەزار کارگەو کانە ئاسن‌و خەڵوزو (٥٥٠) هەزار خانوبەرەو (٥٨) هەزار کیلۆمەتر ڕێگەوبانی تەنها فەرەنسە[٥] بووە خۆراکی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان کە بە لایەنی کەمەوە (٣٦٠) ملیار دۆلاری زێری تێ‌چوو ، واتە گەڵێك لەو پارەیە زیاتر کە هەموو شەڕەکانی پێشووی جیهان بەسەر یەکەوە هەڵیان لووشی .

ئەم ڕاستی‌یە ترسناکە دەبوو دەروونی هەموان بهەژێنێ‌و لە گۆڕەپانی سیاسەتدا گەلێك سەرنج‌و هەڵسەنگاندنی نوێ بهێنێتە ئاراو کایەوە کە دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» یەکێك لە ئەنجامە سەرەکی‌یەکانیان بوو .

دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» :

بەر لەوەی شەڕی یەکەمی جیهان تەواو بێت بە ماوەیەك کاربەدەستانی ژمارەیەك لە دەوڵەتە گەورەکان کەوتنە سۆراخی دامەزراندنی ڕێکخراو یا دەزگایەکی باڵای نێودەوڵەتی بۆ جیهانی دوای شەڕ . بۆ ئەو مەبەستە فەرەنسی‌یەکان لیژنەیەکی تایبەتی‌یان بە سەرۆکایەتی وەزیری کار دامەزراند . فەرمانڕەوایانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەموان زیاتر بایەخیان دایە ئەو باسە . ئەوان کە شەڕ بووە خێرو بەسەریاندا ڕژاو گەلێك لە جاران دەوڵەمەندو بەتواناتر بوون دەیانویست لە جیهانی سیاسەتی پاش شەڕدا ئەو ڕێکخراوە بکەنە داردەستی خۆیان .

---

(٥) بەدرێژایی هەر چوار ساڵ‌و سێ مانگ‌و دە ڕۆژەی تەمەنی شەڕی یەکەمی جیهان جەنگ بۆ ئاوێك لەناو خاکی فەرەنسەدا نەوەستا .

هەرچۆن بێ لەگەڵ تەواو بوونی شەڕدا دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان» (عصبة الامم – League of Nations) ببووە دروشمێکی ڕەخسیو ، بۆیە «کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس» کە ڕۆژی (١٨)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٩) کرایەوە بەنایبەتی بابەخی پێ‌داو ڕۆژی (٢٥)ی کانوونی دووەمی هەر ئەو ساڵە جێ‌بەجێ کردنی سپاردە لیژنەیەکی بەرز بە سەرۆکایەتی ویدرۆ ویلسنی سەرەك کۆماری ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .

دیارە دەوڵەتە سەرکەوتووەکان هەر یەکەیان دەیویست پرۆگرامی «کۆمەڵەی گەلان» بە جۆرێك بێ کە لە هەموو سەرێکەوە لەگەڵ ئامانجو پلانو بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیدا بگونجێ . فەرەنسەیی‌یەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کۆمەڵە ببێتە چقڵی چاوی ئەلەمانەکانی هاوسێ‌یان کە بە چاوی دوژمنی باوەکوشتە سەیریان دەکردن . ئەوان داوای دامەزراندنی هێزێکی سەربەخۆیان بۆ کۆمەڵە دەکرد چونکە دەیانزانی لەبەر ئەوەی لەشکری سوارەو پیادەی ئەوسای فەرەنسە گەورەترین هێزی چەکداری جیهان بوو ئەو هێزە دەبێتە دەسکەلای خۆیان ، بەلآم بە ناوی گشت دەوڵەتە گەورە سەرکەوتووەکانەوە .

پرۆگرامی ئینگلیزەکان دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فراوانی ڕەچاو نەدەکرد ، ئەوان دەیانویست کۆڕێکی تایبەتی بۆ نوێنەرانی ولآتە گەورەکان دابمەزرێنن کە دەبوو کاری بەرودوای بریتی بێ لە پاراستنی دۆخی نوێی جیهان . ئینگلیزەکان لەبەر ئەوەی هەرچی‌یەکیان ویستبوو بەهۆی شەڕەوە دەستیان کەوتبوو بە «بەشی خۆیان» قایل بوونو دژی ئەوەبوون کەس دەست بخاتە ناو کاروباری خۆیانو ولآتە ژێردەستەکانیانەوە کە ئەوساکە پێوانەیان خۆی دەدا لە (٣٥) ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەو ژمارەی دانیشتوانیان دەگەیشتە (٤٥٠) ملیۆن کەس .

لە باسی دامەزراندنو پرۆگرامی «کۆمەڵەی گەلان»دا ئەمەریکایی‌یەکان بە جۆرێکی تر هاتنە دەست . واشنگتۆن دەیویست ڕێکخراوێکی جیهانی فراوان دابمەزرێنرێو هەموان ببنە ئەندامی تاوەکو ببێتە شوێنی تۆژینەوەی باری ولآتان ، تەنانەت دژی ئەوەش بوو ئەلەمانیای بەزیو نەبێتە یەکێك لە ئەندامانی چونکە دەیویست لەو ڕێگەیەوە لە سەرکێشی ئینگیلتەرەو تایبەت لە سەرکێشی فەرەنسە

کەم بکاتەوە . لەوەیش زیاتر ، نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو ڕۆژانەدا تا ڕادەیەکی زۆر «لایەنگری» دیارکردنی مافی چارەنووسی گەلان بوون . دەیانویست «کۆمەڵەی گەلان» ئەو مافە بکاتە دروشمێکی سەرەکیی خۆی . هەروەها لەگەڵ بازرگانیی سەربەستو بێ قۆرتدا بوون ، لەو بارەیەوە دروشمی «دەروازەی کراوە» یان[٦] هەڵکرد . مەبەست لە «دەروازەی کراوە» ڕێگەدانی دامەرزاندنی پێوەندیی ئابووریی ئازاد بوو بۆ هەموان بێجیاوازی . بەو دروشمەیان فەرمانڕەوایانی واشنگتۆن قایم لە دەرگا داخراوەکانیان دەدا .

ئەو ویستو داخوازییانەی ئەمەریکایەکان کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ چاکەو بەرژەوەندی نەتەوە بچوکەکانی جیهاندا دەگونجان لە خۆڕا نەبوون ، هەموویان دەستکردی سیاسەتێکی وردو دووربین بوون کە خزمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامانجی سەرەکیو یەکەمی بوو . سامانی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بەهۆی شەڕەوە لە ئەندازە دەرچوو ، بازاڕی نیوەی ڕۆژئاوای جیهان بە تەنها ئیتر دادی بەرهەمی پیشەسازیو بەروبوومی کشتوکاڵو پارەی کۆبۆوەی زۆری ئەوی نەئەدا . ڕەنگیێ هێندە بەس بێ گەر بڵێین لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی یەکەمدا لە ٤٠٪ی هەموو پاشەکەوتی زێڕی جیهان کەوتە بانکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە . کە قەرزی ئەو وڵاتە بەسەر ئینگیلتەرەو فەرەنسەو ژمارەیەك وڵاتی سەرمایەداری ترەوە گەیشتە (١٤) ملیار دۆلار ، لە کاتێکدا بەر لەوەی شەڕ هەڵگیرسێ ئەو ساڵی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار قەرزانەی دەدایە ئەو وڵاتانە . کەچی ئەو وڵاتە یەکجار دەوڵەمەندە لە بەروبوومی وڵاتە ژێردەستەکان بێبەری بوو . پێوانەی ئەو مەڵبەندو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر ڕکێفی ئەوەوە کەمێك لە چارەکە ملیۆنێك کیلۆمەتری چوار گۆشە زیاتر بوون . بەرامبەر بەوە فەرەنسەییەکان نزیکەی دوازدە ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەی خاکی گەلانیان بە ئارەزووی خۆیان دەڕووتاندەوە . هەر ئەوساکە پێوانەی وڵاتە ژێردەستەکانی ئینگلتەرە لە (٣٥) ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشە

(٦) «دەروازەی کراوە» واتە (الباب المفتوح) . کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی (١٨٩٩) ئەو زاراوەیان بۆ یەکەم جار بەکار هێنا . ئەوساکە دەیانویست بەو پیانووەوە خۆیان بگەیێنە بازاڕە فراوانەکانی چین کە بەدەست دەوڵەتە گەورەکانی ترەوە بوو .

ئیمپەری کە ژمارەی دانیشتوانیان ، وەك گوتمان ، خۆیدەدا لە (٤٥٠) ملیۆن کەس ، واتە ئەو خاکەی بەدەست فەرەنسەوە بوو نزیکەی (٤٥) هێندو ئەوەی بەدەست ئینگلتەرەوە بوو نزیکەی (١٣٥ - ١٤٠) هێندی ئەو خاکە بوون کە بەدەست ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بوو . کەوابێ دەبوو واشینگتۆن هەوڵ بدات هەرچۆن بێ درزێك بکاتە دیواری ئەو قەلا سەختەی هاوپەیمانەکانی دوێنێیەوە . بەپێی پرۆگرامی ئەمەریکاییەکان «کۆمەڵەی گەلان» دەیتوانی لەو کارەدا دەورێك ببینێ .

بەلام نە تەرازووی هێزی چەكو نە تەرازووی توانای ئابووری‌ی ئەو رۆژگارە بواریان نەئەدا هیچ کامێك لەو پرۆگرامانە بەتەواوەتی پارسەنگ بێت ، بۆیەکا ئارەزووی هەموان لە دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان»دا تێکەڵ بەیەك بوو ، ئەوەش بۆ خۆی بووە هۆی یەکەمی بە لاوازی لە دایك بوونی کۆمەڵە .

لیژنە تایبەتی‌یەکەی ویدرۆ ویلسن کارەکانی خۆی تەواو کردو لە (٢٦) خاڵی سەرەکیدا پێرەوی بۆ «کۆمەڵەی گەلان» دانا . ئەو (٢٦) خاڵە بوونە بەشی یەکەمی هەموو ئەو پەیمانانەی لە کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس مۆر کرانو کە «پەیمانی ڤێرسای» نێوان ئەڵەمانیاو هاوپەیمانەکان لە هەموویان گرنگتر بوو .

ئەندامەتی‌و دامودەزگاکانی «کۆمەڵەی گەلان»

بەو جۆرە ساڵی (١٩١٩) لە کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس «کۆمەڵەی گەلان» دامەزرێنراو جنێڤی پایتەختی سویسرە کرایە بارەگای‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی بوونە زمانی گفتوگۆو تۆماری بەڵگەکانی . ئەندامانی کۆمەڵە دوو جۆر بوون - دامەزرێن‌و هەڵبژێردراو . ئەندامانی دامەزرێن بریتی بوون لەو دەوڵەتە هاوپەیمانانەی پێرەوی «کۆمەڵەی گەلان» یان لە پاریس مۆرکرد ، هەروەها ئەو دەوڵەتانەش کە لە ساڵانی شەری یەکەمدا بێ لایەن بوون‌و بێ هیچ مەرجێك لە ماوەی دوو مانگدا ئەوانیش هەمان پێرەویان مۆرکرد . ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنی کۆمەڵە بریتی بوو لە (٤٤)

دەوڵەت کە (٣١) یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکانو (١٣) یان دەوڵەتە بێ لایەنەکانی وەك سویسرەو سویدو نەرویجو دانیارکو ئیسپانیاو ئێرانو ئەرجەنتین بوون .

ژمارەیەك :دەوڵەتی تر یەك لە دوای یەك بۆ ئەندامەتی کۆمەڵە هەڵبژێردران ، وەك ئەڵەمانیا کە ساڵی (١٩٢٦)و عیراق کە ساڵی (١٩٣٢)و یەکیەتی سۆڤیەت کە ساڵی (١٩٣٤) ومیسر کە ساڵی (١٩٣٧) هەڵبژێردران . تا هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی دووەمی جیهان ژمارەی ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» گەیشتە (٥٨) دەوڵەت .

دەزگاکانی کۆمەڵە بریتی بوون لە کۆمیتەی گشتی کە هەموو دەوڵەتە بەشدارەکانی کۆمەڵە ئەندامی بوونو دەبوو بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێك لە مانگی ئەیلولدا کۆببێتەوە .

وەفدی هەر دەوڵەتە یەك دەنگی هەبوو ، هەرچەندە دەشیا ژمارەی بەشدارانی وەفدەکە بگاتە سێ کەس . لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامان لەکاتی پێویستدا دەبوو کۆمیتەی گشتی کۆببێتەوە . هەموو بڕیارە گرنگەکانی دەزگاکانی تری کۆمەڵە دەخرانە بەردەمی کۆمیتەی گشتی کە دوا بڕیاری وەرگرتنی ئەندامی نوێو هەڵبژاردنی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەش لە مافە سەرەکیەکانی بوون .

هەرچەندە بەپێی پلە ئەنجومەن دووەم دەزگای «کۆمەڵەی گەلان» بوو ، بەڵام کاروباری لە هەموان زۆرو بایەخدارتر بوو . ئەنجومەن لە ڕاستیدا هێزی بزوێنی کۆمەڵە بوو .

سەرەتا بڕیار وابوو ئەنجومەن لە (٩) ئەندام پێکبێ ، پێنجیان نەگۆڕو چوارەکەی تریان کاتی بن . ئەندامە نەگۆڕەکان نوێنەری دەوڵەتە گەورە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان بوون ، واتە ئینگلتەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو فەرەنسەو ئیتالیاو ژاپۆن . چوار ئەندامەکەی تر بە نۆرە هەڵدەبژێردران .

ئەو بڕیارە وەك خۆی نەچووە سەرو چەند ئاڵو گۆڕێکی بەسەردا هات . لەبەر گەلێك هۆ ، کە دوایی بە کورتی باسیان دەکەین ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبووە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» ، بۆیەکا شوێنی لە ئەنجومەنو کۆمیتەی گشتیدا بە بەتاڵی مایەوە . بەر لە شەڕی دووەمی جیهان بە چەند ساڵێك ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵە بووە پازدە کە نۆیان ئەندامی کاتیو شەشەکەی تریان نەگۆڕ بوون .

ئەمانەی دوایی‌یان بریتی بوون لە فەرەنسەو ئینگلتەرەو شورەوی‌و ئیتالیاو ئەڵەمانیاو ژاپۆن[7] . دەبوو ئەنجومەن بە لایەنی کەمەوە ساڵی جارێك کۆبێتەوە . کاتی‌تر لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامان چەند کەرەتی‌تر پێویست بوایە دەبوو هێندە ئەنجومەن بۆلێدوان کۆبێتەوە .

سکرتێری گشتی‌و یاریدەرەکانی دەزگای سەرپەرشتی‌و بەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەی «کۆمەڵەی گەلان» یان پێك دەهێنا . سکرتێری گشتی لە لایەن ئەنجومەنەوە هەڵدەبژێردراو دەبوو دەنگی هەموو ئەندامانی وەربگرێ . دوای ئەوە دەبوو لە کۆمیتەی گشتیدا هەموو ، یا زوربەی ئەندامان دەنگی بۆ بدەن .

جگە لەوانەی باسیان کردن ژمارەیەکی‌تر کۆمیتەو لیژنەی کاتی‌و هەمیشەیی جی‌بەجی‌کردنی بەشێك لە ئەرکەکانی کۆمەڵەیان کەوتبووە ئەستۆ کە دوایی باسیان دەکەین .

ئامانجەکانی «کۆمەڵەی گەلان»

بەپێی دەستوورو پێرەوی دەبوو ئامانجی یەکەمی «کۆمەڵەی گەلان» پاراستنی ئاشتی بێت تاوەکو جیهان گیرۆدەی کارەساتێکی تۆقێنی‌تری وەك شەری یەکەم نەبێتەوە . یەکێك لە خاڵە سەرەکی‌یەکانی پێرەوی کۆمەڵە دەیگوت پێویستە پەنا ببرێتە بەر هەر کارو فەرمانێك بۆی هەبێ «ئاشتی‌ی گەلان بە جۆرێکی کاریگەر دژی شەرو هەرەشەی شەر بپارێزێ» .

خاڵێکی‌تری هەمان پێرەو هۆی دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان»ی گێراوەتەوە بۆ پێویستی «بەرەوپێش بردنی هاریکاری نێوان گەلان‌و مسوگەر کردنی بی‌وەیی‌و ئاسایشیان» . پێویستی کەم‌کردنەوەی هێزی چەکداری دەوڵەتان خاڵێکی‌تری پێرەوی «کۆمەڵەی گەلان» بوو .

---

(٧) هەرچەندە . وەك دوایش باسی دەکەین . ژاپۆن‌و ئەڵمانیا یەك لە دوای یەك ساڵی ١٩٣٣ ، ئیتالیا دوای ئەوان ساڵی ١٩٣٧ لە «کۆمەڵەی گەلان» کشانەوە ، بەڵام شوێنەکانیان مابوەوە بەو هیوایەی گوایە لەگەڵ شەیتان بێنە خواری‌و بگەرێنەوە ناو کۆمەڵە .

بەپێی پێڕەوی کۆمەڵە دەبوو بەهۆی تەحکیمەوە ، یا لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە چارەسەری کێشە نێو دەوڵەتی‌یەکان بکرێ . بهاتایەو ئەنجومەن نەگەیشتایە ئەنجامێکی قایل‌کەر ئەوساکە ئەندامانی بۆیان هەبوو هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی ڕەفتار لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات . هەروەها پێڕەوی کۆمەڵە ئابلووقەی ئابووری‌و بەکارهێنانی هێزی کردبووە سزای تاوانبارانو تەنانەت دەبوو ئەنجومەن بڕیاری ڕادەی بەشداری‌ی هێزی ئەندامانی کۆمەڵە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرکو بڕیارەکانی بدات . بەڵام ساڵی (١٩٣١) بەپێی بڕیارێکی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەست درێژکەران سزای ئابووری کرابە «چەکی سەرەکی‌ی» کۆمەڵە .

بەشێکی بایەخداری ناوەرۆکی پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» بەجۆرێك دارێژرابوو کە مەودای یاری‌کردنو دزەی دەدابە دەست دەوڵەتە گەورەکان . بەوێنە ئەو خاڵەی باسی کەم‌کردنەوەی هێزە چەکدارەکانی جیهانی کردووە بەوە پوچ بۆتەوە کە دەڵێ هەموو دەوڵەتێك بۆی هەیە چەند پێویستە بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی خۆی‌و جێ‌بەجێ‌کردنی ئەرکەکانی سەرشانی هێندە هێزی چەکداری هەبێ .

دارشتنی بەوجۆرەی ناوەرۆکی پێڕەوی کۆمەڵەو چەند ڕاستی‌یەکی‌تر بوونە هۆی کەم‌و کورتی‌یە زۆرەکانی ئەو دەزگا جیهانی‌یە گرنگە .

کەم‌و کورتی‌یەکانی «کۆمەڵەی گەلان»

وەك دیمان لە ڕۆژگاری کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریسەوە هەموو لایەنە دەسەلاتدارەکان لە تەقەلادا بوون «کۆمەڵەی گەلان» بکەنە داردەستی خۆیان . کە ئەو کارە بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەچووە سەر واشنگتۆن بڕیاری‌دا نەبێتە ئەندامی[(٨)] . بەو بڕیارە یەکەم کەلێنی گەورە کەوتە بناغەی «کۆمەڵەی گەلان»ەوە ، چونکە ئەوساکە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەورەترین هێزی ئابووری‌و یەکێك لە هێزە سیاسی‌یە کاریگەرەکانی جیهان بوو .

---

(٨) لەو کاتەدا «پارتی کۆماری» دەسەلاتی گرتەوە دەستو ئەوەش بووە هۆیەکی‌تر بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەبێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» کە بە دەستکردی ویدرۆ ویلسنی سەرۆك کۆماری ڕابوردوویان دادەنا . ویلسن نوێنەری «پارتی دیموکراتی» بوو کە لەگەڵ «پارتی کۆماری»دا دوو بەرەی سیاسی‌ی سەرەکی‌ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون .

سەرەتا ڕێگەی ئەڵمانیاو وڵاتە بەزیوەکانی تر نەدرا ببنە ئەندامی کۆمەڵە . هەروەها یەکیەتی سۆڤیەتیش لەو مافە بێبەری کرا . بەڵکو لەوەیش زیاتر ، زۆر جار ئەنجومەن و کۆمیتەی گشتی بەنایبەتی و زۆر گەرم دەکەوتنە باسی چۆنیەتی لەناوبردنی شورەوی . لە کەم باسی تردا زوربەی ئەندامانی کۆمەڵە وا هاودەنگ و بەپەرۆش بوون .

وڵاتە پچوك و ژێردەستەکان زۆر زەحمەت دەبوونە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» . یاریدەی فەرەنسە نەبوایە حەبەشە وەرنەدەگیرا . عیراق دوای دە دوازدەو میسر دوای نزیکەی حەفدە ساڵ کۆشش ئینجا وەرگیران[9] . ئەو ناتەواوی‌یەو گەلێك کەم و کورتی تری «کۆمەڵەی گەلان» ئەنجامی ئەوە بوون کە فەرەنسەو ئینگیلتەرە ببوبوونە ئاغا گەورەی ئەو دەزگا جیهانی‌یە ، دیارە ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندی‌ی خۆیان چۆنیان بویستایە وا هەڵیانئەسوڕاند . کە لەوان وابوو دەتوانن ئەڵمانیا بکەنە قەڵغانێکی پتەوی پاراستنی ڕژێمی سەرمایەداری دژی بزوتنەوە شۆڕشگێڕی‌یەکان و شورەوی بێ سێ و دوو ڕێگەیان دا ڕۆژی یەکی ئەیلوولی ساڵی (١٩٢٦) نەك هەر ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» ، بەڵکو دیسان وەك دەوڵەتێکی گەورە بشبێتە یەکێك لە ئەندامە نەگۆڕەکانی ئەنجومەن .

دەوڵەتە گەورەکان لە ڕاستیدا زۆر بۆ «کۆمەڵەی گەلان» بەپەرۆش نەبوون ، هەموویان باش لەوە گەیشتبوون کە کۆمەڵە ناتوانێ دەزگایەکی جیهانی‌ی تەواو کاریگەر بێ . ڕۆژی (٢٧)ی مارتی ساڵی (١٩٣٣) تۆکیۆ بێپەروا لە کۆمەڵە کشایەوە تەنها لەسەر ئەو نەرمە گلەیی‌یەی لە ئەنجامی هێرشی لەشکری ژاپۆندا بۆ سەر باکووری چین لێی کرا . ساڵێ وەرنەچەرخا دوای ئەوەی هێتلەرو نازی‌یەکان دەسەڵاتیان وەرگرت کاتێك ئەڵمانیاش ڕۆژی (١٤)ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵی (١٩٣٣) لە «کۆمەڵەی گەلان» کشایەوە . کشانەوەی ئەمیان لەسەر ئەوەبوو چونکە ئەنجومەن بڕیاری لابردنی ئەو بەشانەی «پەیمانی ڤێرسای» نەدا کە پێوەندی‌یان بە

---

(٩) بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە «تاریخ الوزارات العراقية»ی عبدالرزاق الحسني . هەروەها : الدكتور يونان لبيب رزق ، الدبلوماسية الوفدية وعصبة الامم ، - «السياسة الدولية» (مجلة) ، القاهرة ، العدد ٣٤ ، يناير ١٩٧٦ ، ص ١١٨-١٣٧ .

کاروباری سەربازیی ئەڵەمانیاوە هەبوو. لەوەیش زیاتر. سیاسەتو نیازەکانی هێلەرییەکان هەرچۆنبێ لەگەڵ بوونی ئەڵەمانیادا لە دەزگایەکی وەك «کۆمەڵەی گەلان»دا نەدەگونجا.

پاش کشانەوەی ئەڵەمانیاو ژاپۆنو ئاڵۆزبوونی باری سیامیی جیهان بەهۆی نازییەکانی ئەلەمانیاو فاشییەکانی ئیتالیاو عەسکەرتارییەکانی ژاپۆنەوە ئینجا لەندەنو پاریس شورەوییان بیرکەوتەوەو بە هاندانی فەرەنسە رۆژی پازدەی ئەیلوولی سالی (١٩٣٤) سی (٣٠) ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» پێکەوە داوایان لێیکرد ببێتە ئەندام. پاش سێ رۆژ مۆسکۆ رەزامەندیی خۆی راگەیاندو شورەوی لەوساوە بووە یەکێك لە ئەندامە نەگۆڕەکانی ئەنجومەن. بەڵام لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانداو دوای بەرپابوونی شەڕی نێوان فینلەندەو شورەوی (١٩٣٩-١٩٤٠) دیسان ئەو ولاتە لە «کۆمەڵەی گەلان» دوور خرایەوە.

بەو جۆرە وەك دەبینینئەو تۆووەیلەپاریس بۆ «کۆمەڵەی گەلان» وەشێنراو ئەو خاكو خۆڵەی تێیدا پەروەردە بوو هێندە لەبار نەبوون بەری چاکیان لێچاوەروان بکرێ. ئەم راستییە، لەگەڵ باریی بێوچانی دەوڵەتە گەورەکاندا بوونە هۆی سەرنەکەوتنی کۆمەڵە وەك دەزگایەکی جیهانی. لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە گەر بڵێین هەمووی بەسەریەکەوە (٢١) ساڵ بەسەر تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهاندا تێنەپەڕی کاتێك لەژێر سایەی «کۆمەڵەی گەلان»دا کڵپەی ئاگری شەڕێکی گەلێك لەو بەربلاوتر بەربۆوە. جا با بە کورتی جارێکا بێینە سەر باسی ئەو لایەنە بایەخدارانەی ژیانی گەلانو جیهان کە کۆمەڵە نەیتوانی رۆڵێکی ئەوتۆیان تێدا ببینێو کە هەر یەکەشیان بەجۆرێك رێگەیان بۆ شەڕی نوێی جیهان خۆش کرد، ئەو شەڕەی دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» بەهیچ جۆرێکەی بەرپابوونی نەدا.

ئەو کارانەی «کۆمەڵەی گەلان» بۆی چارەسەر نەکران

لە سەرەتای کاریبەوە سالی (١٩٢٠)، تاوەکو پێچانەوەی دامودەزگای لە نیسانی سالی (١٩٤٦)دا، واتە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی تەمەنیدا (٦٦) کێشەو

مەسەلەی نێودەوڵەتی خرایە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» کە بەداخەوە نەیتوانی چارەسەری هەرە بایەخدارو گرنگەکانیان بکات کە ئەمانەی لای خوارەوە نموونە سەرەکی یەکانیانن .

یەکەم - شەڕی ژاپۆن‌و چین :

لەو ڕۆژەوەی ژاپۆن بەخۆدا هات‌و ژیانی ئابووری‌و توانای سەربازی‌ی هەنگاوی باشی بەرەوپێشەوە ناو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە وەك دەوڵەتێکی گەورە ناسرا ، لەو ڕۆژەوە تۆکیۆ چاوی بڕی‌یە خاك‌و سامانی چین‌و ماچینی دراوسێ .

شەڕی یەکەمی جیهان هێندەی تر ژاپۆنی دەوڵەمەند کرد . وەك بەڵگە لێرەدا تەنها دوو نموونە دەخەینە بەرچاو . لە ساڵی (١٩١٤) وە تاوەکو ساڵی (١٩١٩) نرخی بەرهەمی کەلوپەلی پیشەسازی‌ی ژاپۆن لە (١٣) ملیاریەنەوە[10] گەیشتە (٦٥) ملیار ، واتە پێنج هێند ، یا ٥٠٠٪ زیاتر بوو . لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی یەکەمدا ، واتە لە ساڵی (١٩١٤)وە تاوەکو ساڵی (١٩١٨) بارستی بازرگانی ژاپۆن لەگەڵ دەرەوەدا دوو هێندو نیو زیادی کردو زیوو زێڕێکی بێ‌شومار لە بانقەکانی تۆکیۆدا کۆبۆوە ، بە ڕادەیەك زوربەی دەوڵەتە گەورەکانی ئەوروپا کەوتنە قەرزکردن لە ژاپۆن[11] .

لەوساوە ژاپۆن چاوچنۆکانەتر دەیڕوانی‌یە چینی دەوڵەمەندی یەکجار دواکەوتوو . فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتە چونکە دڵنیا بوون ئیمپریالی‌یەکان دەست ناهێننە ڕێگەیان ، هێزە چەکدارەکانیان لە ڕۆژی (١٨)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٢)وە کەوتنە پەلاماردانی باکووری - ڕۆژهەلاتی چین . لە سەرەتاوە یەکین پشتی بە دەوڵەتە گەورەکان بەست‌و ویستی لە ڕێگەی «کۆمەڵەی گەلان»ەوە ڕادە بۆ دەستدرێژی‌ی ژاپۆنەکان دابنێ . بەلام کۆمەڵە هیچی بۆ نەکراو بڕیارەکانی لەو بارەیەوە کە بێ پەلەو لە سەرخۆ دەری‌دەکردن هەروا مانەوەو ژاپۆن بێ‌ئەوەی گوێ بداتێ بۆ ساڵی داهاتوو لە ناوچە داگیرکراوەکاندا حوکمەتێکی سەربەخۆی دامەزراند .

(١٠) یەن پارەی ژاپۆنە . نرخی لە گۆڕ بندایە . هەر ٣٠٠ یەن دۆلارێك دەهێنێت . ئیمڕۆکە یەن یەکێکە لەپارە هەرە بەهێزەکانی جیهان . بە قسەی بانقی مەرکەزی دینارێك نزیکەی ٧٥٠ یەنە .

(١١) دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژاپۆن دووەم دەوڵەتی جیهان بوو کەڵکی زۆری لەو بارو دۆخە وەرگرت کە شەڕی یەکەمی جیهان هێنابی‌یە کایەوە .

دووەم - هێرشی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە :

فاشی‌یەکان کە کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٢) دەسەڵاتی ئیتالیایان گرتەدەست دەیانویست گوایە ڕابوردووی ڕۆمانە دەسەڵاتدارەکان زیندوو بکەنەوەو ئیمپراتۆری‌یەتێکی فراوانو بەدەسەلاَت دابمەزرێنن‌و بۆ ئەو مەبەستەیان بە هەر چوار لادا دروشمی «ئیتالیای گەورە»یان بەرزکردەوە . فاشی‌یەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی دەست بەسەر دەریای سپی‌ی ناوەڕاست‌و دەریای سوورو بەشێکی زۆری ئەفەریقادا بگرن‌و تەنانەت لە نەخشەکانی خۆیاندا بی‌کەم‌و زیاد ناوی دەریای سپی‌ی ناوەڕاستیان کردبووە «دەریاکەی خۆمان» .

بۆ جێ‌بەجی‌کردنی ئامانجە فراوانەکانی لە ئەفەریقادا ئیتالیای فاشی بەر لە هەر شوێنێکی تر ڕووی کردە حەبەشەو لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٥) وەکەوتە ناردنی هێز بۆ سەر سنووری ئەو وڵاتە بەناو سەربەخۆیەی ئەفەریقا . تاوەکو مانگی ئابی ئەو ساڵە مۆسۆلینی بۆ شەڕی حەبەشە (٢٥٠) هەزار سەربازی ئیتالیایی‌و (٧٥٠) هەزار سەربازی وڵاتە ژێردەستەکانی لەو ناوچەیەدا کۆکردەوە .

لە ساڵی (١٩٢٣) وە حەبەشە یەکێك بوو لە ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» . نەك هەر ئەوە ، بەڵکو وەك گوتمان بە پشتگیری‌ی فەرەنسە دەزگای ناوبراو حەبەشەی وەرگرت .

کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا تاوەکو ڕۆژی چواری ئەیلولی ساڵی (١٩٣٥) کۆمەڵە نەیڕوانی‌یە سکالای حەبەشە کە لە ڕۆژی (٣)ی کانوونی دووەمی هەمان ساڵەوە دژی ئیتالیا پێشکەشی کردبوو ، واتە پاش هەشت مانگ‌و ڕۆژێك ئینجا کۆمەڵە بەخەبەر هات .

ڕاستە لەسەر حەبەشە «کۆمەڵەی گەلان» دەرەنگانێ بڕیاری ئابلووقەدانی ئابووری‌ی ئیتالیای فاشی‌ی‌دا ، بەلاَم بەهۆی یاری‌ی ئینگلیزو فەرەنسەیی‌یەکانەوە نەوت‌و بەنزین لە لیستەی ئەو کەلوپەلانە دوورخرانەوە کە دەبوو دەستی ئیتالیایان پێ نەگات ، ئەوساکەش ئیتالیاو ، بەتایبەت ڕەورەوەی شەڕی فاشی لە نەوت‌و بەنزین بەولاوە شتێکی تری ئەوتۆی پێویست نەبوو . لەبەر ئەوە بڕیارەکانی «کۆمەڵەی

گەلان» دەربارەی دەستدرێژی‌ی ئیتالیا بۆ سەر حەبەشە هیچ دادێکیان نەداو فاشی‌یەکان دەستیان هەڵنەگرت تابە جۆرێکی زۆر درندانە ولاتی فراوانی حەبەشەیان داگیرکرد. تەنها ئەوانەی بەهۆی گازی کوشندەوە لەو شەڕەدا کوژران ژمارەیان خۆی دەدا لە (٢٧٥) هەزار کەس! . کەچی زۆری نەخایاند کاتێك لەسەر داوای لەندەن‌و پاریس «کۆمەڵەی گەلان» بڕیاری ئابلۆوقەدانی ئابووری‌یە ناتەواوەکەشی بەرامبەر ئیتالیا لابرد.

سێیەم – دەست‌تێوەردانی نازی‌و
فاشی‌یەکان لە کاروباری
ناوخۆی ئیسپانیادا :

لە پێناوی سەربەخۆیی ڕاستەقینەو مافە دیموکراتی‌یەکانیدا لە نیسانی ساڵی (١٩٣١) وە گەلی ئیسپانی شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد کە نزیکەی هەشت ساڵی خایاند. شۆڕشگێران سەرەتا دەسکەوتی گەورەیان وەدی هێناو توانی‌یان کۆمارێکی سەربەخۆو دیموکراتی پەروەر دابمەزرێنن، ئەو کارەی خورپەی لە دڵی کۆنەپەرستانی ناوەوەو دەرەوەی ولات هەڵساند. زۆری نەبرد دوژمنان پیلانێکیان بۆ ڕوخاندنی کۆماری کۆرپەی ئیسپانی سازکرد. لە تەموزی ساڵی (١٩٣٦) وە ئاگری شەڕی براکوژی لەو ولاتەدا هەڵگیرسا. هەرچەندە بەر لەوە (٢٧) دەوڵەتی ئەوروپایی بڕیاریان دابوو کەس دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئیسپانیاوە، بەلام نازی‌یەکانی ئەڵمانیاو فاشی‌یەکانی ئیتالیا وەك پیشەی هەمیشەیی‌یان خۆیان پێ‌نەگیراو لە تەموزی هەمان ساڵەوە کەوتنە ناردنی چەك‌و تفاقی هەمەجۆر[11] بۆ کۆنەپەرستە یاخی‌بووەکانی ئیسپانیا. فاشی‌و نازی‌یەکان بەوەوە نەوەستان، بەڵکو دەستیان کردە ناردنی هێزە چەکدارەکانی خۆیشیان بەنیازی ڕیشەکێش کردنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئیسپانیا. ژمارەی ئەو چەکدارانەی ئەڵمانیاو ئیتالیا ناردیانە ئیسپانیا گەیشتە نزیکەی (٣٠٠) هەزار کەس کە لە ماوەی (٣٢) مانگدا چەك نەما دژی شۆڕشگێڕانی ئیسپانیا بەکاری نەهێنن.

---

(١١) تەنانەت تانك‌و فڕۆکەشیان بۆ ناردن.

بەپێی ناوەرۆکی پێڕەوی دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» یەکەم دەزگا بێت لەسەر ئیسپانیا بێتە دەنگ . کەچی تەنانەت بڕیاری ئابلۆقەدانی ئابووری‌ی ئەڵمانیاو ئیتالیاشی نەداکە بە بەرچاوی هەموانەوە کەوتبوونە دروێنەی گیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئیسپانیا.کە مانگی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٦) کۆماری ئیسپانیا سکالای پێشکەش بە «کۆمەڵەی گەلان» کرد فەرەنسەو ئینگلتەرەو عەلقە لە گوێکانیان کارێکی ئەوتۆیان کرد نە ئەنجومەن‌و نە کۆمیتەی گشتی توخنی باسی ئیسپانیا نەکەوتن‌و لەبریتی ئەوە لیژنەیەکی سەربەخۆیان دامەزراندو ئەویش تەنها بڕیاری دەوڵەتە ئەوروپایی‌یەکانی دووپات کردەوە کە گوایە نابێ کەس دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئیسپانیاوە . لە راستیدا ئەو بڕیارە تەنها لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا چووە سەر بەوەی بەرەی ئەوان لە پەیداکردنی چەك بێ‌بەری بوو ، لە کاتێکدا فاشی‌یەکان بە ئارەزووی خۆیان گاڵەیان دەکرد .

چوارەم – دەستدرێژی‌یەکانی ئەڵەمانیای هیتلەری :

ئەو جۆرە هەڵوەستانەی «کۆمەڵەی گەلان» یەکێك بوو لەو هۆیانەی پاڵیان بە هیتلەرو مۆسۆلینی‌یەوە نا زیاتر شووڵی لێ‌هەڵکێشن . زۆری نەبرد نازی‌یەکان ژمارەیەك هەنگاوی ترسناکیان نا کە هەموویان دەرچوونی ئاشکرا بوون چ لە پێڕەوی «کۆمەڵەی گەلان» و چ لە ناوەرۆکی بڕیارو پەیمانەکانی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس . ئەڵەمانیای نازی بەجۆرێکی بەر لەوە نەبینراو کەوتەوە دروست کردنی چەك‌و تفاقی شەڕو پەرەپێدانی هێزە جوراوجۆرەکانی . تەنها لە ماوەی یەکەم سێ ساڵی دەسەلاتی نازی‌یەکاندا خەرجی ئەڵەمانیا بۆ کاروباری سەربازی لە یەك ملیار مارکەوە گەیشتە دە ملیار ، واتە دەهێند زیادی کرد . ژمارەی یەکەمیان لە ٢٪ و ژمارەی دووەمیان لە ١٧٪ی داهاتی نەتەوەیی ئەڵەمانیایان پێك دەهێنا . هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی تیپە چەکدارەکانی لەشکری ئەڵەمانیا لە (١٠)وە گەیشتە (٣٠) تیپ‌و دواییش هەموو ئەو ژمارانە زۆر لەوە زیاتر بوون . ئەمە لە کاتێکدا بەپێی «پەیمانی ڤێرسای» نەدەبوو ئەڵەمانیا هەرگیز لە (١٠٠) هەزار سەرباز زیاتری هەبێ .

کە کارگەیشت بەوە ئیتر هیتلەر هێند سڵی لەوە نەکردەوە دیسان هێزی چەکدار بنێرێتە ناوچەکانی راینی سەر سنووری فەرەنسە کە بەپێی ڤێرسای چەك کرابوون . رۆژی (٧)ی مارتی ساڵی (١٩٣٦) هێتلەر فەرمانی دایە لەشکری رایخی سێیەم[١٢] بچنەوە ناو خاکی راین . شایانی باسە ئەوساکە هێشتا لەشکری فەرەنسە لە لەشکری ئەڵەمانیا بەهێزتر بوو ، هەروەها لە رووی یاساشەوە بۆی هەبوو بەرەنگاری ئەو هەنگاوەی ئەڵەمانیا بێتەوە ، دواییش دەرکەوت هیتلەر فەرمانی دابووە سەرکردایەتی لەشکر کە ئەگەر هاتو فەرەنسە بزوا ئەوا یەکسەر هێزەکانی خۆیان لێ شەڕ بکێشنە دواوە . کەچی نە فەرەنسەو نە ئینگیلتەرە لەوە زیاتر کە ئەو هەنگاوەی هیتلەریان بە لادان لە ناوەرۆکی «پەیمانی ڤێرسای» دانا ئیتر شتێکی تریان نەکرد ، بەڵکو وەك کارێکی مەترسیداریشیان بۆ سەر ئاشتیی جیهان لە قەڵەم نەدا .

هەڵوەستی دەوڵەتە گەورەکان ، بەر لە هەموان ئینگیلتەرەو فەرەنسە ، هێندەی تر هیتلەری لەخۆ بایی کرد . هەموو بەسەر یەکەوە ساڵی نەبرد ئەدۆلف[١٣] هیتلەر لە هەمان مانگی ساڵی داهاتودا ، واتە مارتی (١٩٣٧) وڵاتی نەمسەی هەڵلوشیو[١٤] خستیە سەر رایخی سێیەم . سەیر ئەوەیە لەندەنو پاریسو هاوپەیمانەکانیان داگیرکردنی نەمسەیان بە مەسەلەیەکی ئەوتۆ دانەنا هەڵبگرێ بخرێتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» .

---

(١٢) رایخ لە وشەی رایخشتاغ (Reichstag)ی ئەڵمانیەوە وەرگیراوە کە بریتیە لە دوو وشەی لێکدراو : (Reich) واتە دەوڵەت ، یا ئیمپراتۆریەت ، لەگەڵ (Tag) ، واتە کۆبوونەوە ، یا ئەنجومەن . وەك زاراوێکی سیاسی لە سەدەی دوازدەمینەوە بەکار هێنراوە . زیاتر مانای پەرلەمان دەبەخشێ . رایخی یەکەمو دووەم دوو قۆناغی نێوان سەدەی دوازدەمینو کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان دەگرنەوە . رایخی سێیەم ساڵی ١٩١٩ دەستی پێکردو بە تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهان لەناو چوو . هەرچەندە رایخشتاغ لەژێر سایەی هیتلەردا ، وەك زۆربەی دەزگا دیموکراسیەکانی تری ئەڵمانیا چووە خانەی نەبرانەوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا زۆر مێژوونووس رۆژگاری ئەڵمانیای نازیان ناو ناوە «رایخی سێیەم» ، ناوی کتێبە بەناوبانگەکەی ولیەم شیرەر دەربارەی ئەڵمانیای نازی بەم جۆرەیە : «مێژووی ئەڵمانیای هیتلەری . دامەزراندنی رایخی سێیەمو کەوتنی» .

(١٣) ئەدۆلف ناوی خۆیو هیتلەر نازناوی هەڵبژاردەیەتی . لە راستیدا خۆی ناوی ئەدۆلف شیکلگروبەرە (Adolf Schicklgruber)

(١٤) لە مێژوودا بەو کارە دەگوترێ ئەنشلوس کە وشەیەکی ئەڵمانیەو مانای خستنەسەر دەگەیەنێ . هەڵلووشینی کوردی لەبارترین وشەیە بۆ ئەو کارە .

دیسان ساڵێ زیاتری نەخایاند کە لە هەمان مانگی ساڵی داهاتودا ، واتە مارتی (١٩٣٩) ، هیتلەر فەرمانی دایە لەشکری ئەڵەمانیا چیکۆسلۆڤاکیای سەربەخۆش داگیر بکاتو بیخاتە سەر «رایخی سێیەم» . شایانی باسە ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٨) کۆمیتەی گشتیی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەدا بوو ، ئەوساکەش ئەڵەمانیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنووری چیکۆسلۆڤاکیا ئامادە کردبوو ، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باسە نەهێنرایە گۆڕێ . با ئەوەیش بڵێین کە چیکۆسلۆڤاکیا یەکێك بوو لە دۆستە هەرە نزیکەکانی فەرەنسە .

پێنجەم – داگیرکردنی ئەلبانیا لەلایەن ئیتالیای فاشیەوە :

بنیتۆ مۆسۆلینی وەك هیتلەری هاوبیری دەستی نەدەرۆی ئەگینا لەو کەمتری نەدەکرد ، هەرچەندە ، خوا هەڵناگرێ ، ئەویش کەمی نەکرد . تێپەڕبوونی کارەساتەکەی حەبەشە بەو جۆرەی دیمانو دەستدرێژیەکانی هیتلەر مۆسۆلینیان شێتگیرتر کرد . بۆ ئەو ئەلبانیای سەربەخۆ عەڵقەی لاوازی ئەورووپا بوو کە لە دەمێکەوە چاوی تێ بڕیبوو .

فاشیەکانی ئیتالیا بەوەوە نەوەستان کە لە بیستەکانەوە ئەلبانیایان کردبووە ولاتێکی نیمچە ژێردەستەی خۆیان ، بەڵکو هەر لەوساوە خولیای داگیرکردنی لە کەللەی دابوون . لەوەدا فاشیەکان هیچ بایەخێکیان نە بەرای گشتیو نە بە «کۆمەڵەی گەلان» نەئەدا . بەدەستووری ژاپۆنو ئەڵەمانیا ئیتالیاش ساڵی (١٩٣٧) لە «کۆمەڵەی گەلان» کشایەوە . زۆری نەبرد لەشکری فاشی بێپەروا بە بەر چاوی هەموانەوە نیسانی ساڵی (١٩٣٩) ئەلبانیای داگیرکردو مۆسۆلینی رایگەیاند کە ئەو ولاتە هەمیشە بەشێکی مێژوویی ئیتالیای دێرین بووە !

بێدەنگی «کۆمەڵەی گەلان» و دەوڵەتە گەورەکان لە ئاستی گشت ئەو دەستدرێژیانەدا جۆرە پشتی پشتیەکی ئەوان بوو بۆ ژاپۆنو ئیتالیای فاشیو لە هەموشیان زیاتر بۆ ئەڵەمانیای نازی . لەوان وابوو بەو جۆرە هیتلەر لە رۆژئاوا دوور

دەخەنەوەو بەرەو ڕۆژهەڵات پاڵی پێوە دەنێن[15] ، بەڵام زۆری نەبرد ڕۆژگار دەری‌خست تا چ ڕادەیەك ئەوان بەهەڵەدا چووبوون . بەو جۆرە هەڵوەستانە هیتلەر بێ ئەندازە لە خۆبایی بوو ، وای دەزانی کەس نی‌یە بتوانێ شان لە شانی بدا . هەر بەو جۆرەش ڕێگە بۆ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی دووەمی جیهان خۆش بوو ، ئەو شەڕەی ، وەك گوتمان ، دەبوو «کۆمەڵەی گەلان» ڕێگەی بەرپابوونی نەدا .

گەر وایی‌و ، هەرواش بوو ، «کۆمەڵەی گەلان» دەزگایەکی جیهانی‌ی سەرنەکەوتوو بوو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دامەزراندنی ئەو دەزگایە جۆرە هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە لەژیانی گشتی‌ی مرۆڤدا . جگە لەوە «کۆمەڵەی گەلان» هەرچۆن بێ توانیشی چارەسەری ژمارەیەك کێشەی نێودەوڵەتی بکات ، تایبەت لە بیستەکاندا ، واتە لە پلەی یەکەمی ژانیدا .

ئەو کارانەی «کۆمەڵەی گەلان» چارەسەری کردن

کۆنگرەی ئاشتی‌ی پاریس ئەو کێشانەی خۆی فریا نەکەوت تەواویان بکات سپاردنی بە «کۆمەڵەی گەلان» . بەشی هەرە زۆری ئەو کێشانە گەلاڵە بووبوون ، یا ڕێبازی چارکردنیان دیار کرابوو بۆیەکا کۆمەڵە تا ڕادەیەکی زۆر بەخێرایی‌و ئاسانی تەواوی‌کردن . بەشێکی‌تریان پێنەو بەرەی دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکانی لەسەر نەبوو ، بۆیەکا ئەوانیشی زوو ڕاپەڕاند .

لەنیوەی یەکەمی بیستەکاندا «کۆمەڵەی گەلان» توانی کێشەی سنووری نێوان ئەلبانیاو یوگۆسلاڤیاو یۆنانو نێوان بەلگاریاو یۆنانو نێوان لاتڤیاو پۆلۆنیاو نێوان عیراق‌و تورکیا ببڕێنێتەوە . هەروەها چارەنووسی سایلیزیای باکوورو ، دوایی چارەنووسی ناوچەی ساری ئەلەمانیای لە ڕێگای دەنگدانەوە دیارکرد . دوورگەی کۆرفۆش کە ئیتالیا زەوتی کردبوو ، دایەوە دەست یۆنان . بەهەمان دەستوور داوای سویدی ڕەت‌کردەوە کە دەیویست دوورگەی ئالاندی ناو دەریای بەڵتیك لە فینلەندە زەوت بکات .

---

(15) مەبەست ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای ئەوروپایە .

ژمارەیەکیش لە دەزگا سەربەخۆکانی «کۆمەڵەی گەلان» کەمو زۆر خزمەتی کرد . یەکێك لەو دەزگایانە «ڕێکخراوی جیهانی ی کار»(١٦) بوو . بەپێی پێڕەوی ڕێکخراوی ناوبراو دەبوو هەوڵ بدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کرێکاران لە ڕێگەی سەرپەرشتی کردنی کاتی کارەوەو تەقللادان بۆ نەهێشتنی بێکارەوە دیارکردنی ڕادەیەکی ماقول بۆ کرێو پاراستنی کاری منداڵو ئافرەتو دان نان بە مافی دامەزراندنی جڤاتی سەربەخۆی کرێکاراندا .

«ڕێکخراوی جیهانی ی کار» شتێکی ئەوتۆی بۆ کرێکاران پێ نەکرا ، بەتایبەتی بۆ کرێکارانی ولأتە دواکەوتووەکان . جاری وا هەبوو لە دەزگا یا کۆبوونەوە گشتی یەکانی ئەو ڕێکخراوەدا سێ کەس دەبوونە وەفدی هەر یەکێك لە ولأتە ئەندامەکانی «کۆمەڵەی گەلان» ، کە دەبوو یەکێلیان نوێنەری کرێکارانو یەکێکی تریان نوێنەری سەرمایەدارانو سێیەمیان نوێنەری حوکمەتی ئەو ولأتە بێت .

بۆ ڕوونکردنەوەی هەمان مەبەست ڕەنگبێ ئەوەندە بەس بێ گەر بڵێین زۆر جار کەسانی وەك جەعفەر عەسکەری دەبوونە «نوێنەری» کرێکاری ئەو جۆرە ولأتانە لەو کۆنگرانەدا کە ڕێکخراوی کار بۆ لێکدانەوەی کێشەی کرێکاران دەیبەستن(١٧) . لەگەڵ ئەوەشدا تەنها دامەزراندنی «ڕێکخراوی جیهانی ی کار» بۆ خۆی دەسکەوتێکی بایەخدار بوو ، چونکە ڕادەی تەشەنەسەندنو فراوانی ی بزوتنەوەی کرێکارانی جیهانی ڕادەگەیاند ، ئەو بزوتنەوەیەی هیچ لایەنێك بۆی نەبوو ئیتر چاو لە ئاستیا بنوقێنێ .

«ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی» و «دادگەی داوەری نێودەوڵەتی» لە لاهای و «لیژنەی کەمینەکان»(١٨) لە دەزگاکانی تری «کۆمەڵەی گەلان» بوون کە هەموویان ناوی خۆیان وا بەخۆیانەوە .

---

(١٦) واتە «منظمة العمل الدولية» .

(١٧) بۆ دریژەی ئەم باسە بروانە : الدكتور كمال مظهر احمد ، الطبقة العاملة العراقية . التكون وبدايات التحرك . بیروت ، ١٩٨١ .

(١٨) «منظمة الصحة العالمية» و «محكمة العدل الدولية» و «لجنة الاقليات» .

سەرئەنجامی «کۆمەڵەی گەلان»

ڕۆژ بەڕۆژ سەنگی «کۆمەڵەی گەلان» ڕوو لە کزی بوو. بەر لەوەی شەری دووەمی جیهان دەست پێ‌بکات بە ماوەیەك کۆمەڵە دەنگی کپ‌و تەنها ڕەنگی مابوو ، وای‌لێهاتبوو ئیتر کەس هیچی بە کڵاوی ئەو نەدەپێوا . لە دوای مانگی تەمموزی ساڵی (۱۹۳۹) وە هیچ کامێك لە دەزگاکانی کۆنەبوونەوە ، هەرچەندە بەپێی یاسا «کۆمەڵەی گەلان» تاوەکو ڕۆژی (۱۸)ی نیسانی ساڵی (۱۹٤٦) هەر مابوو . ئەو ڕۆژە ئەندامانی کۆمەڵە بۆ دواجار لە جنیف کۆبوونەوەو دامودەزگایان پێچایەوەو ئەرکی خۆیان سپاردە «کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان» کە لەوساوە ئیتر وەك دەزگایەکی جیهانی جێگەی «کۆمەڵەی گەلان»ی گرتەوە .

کوردو «کۆمەڵەی گەلان»

گەلێك جار ناوی کوردو کوردستان خراوەتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» و دەزگاکانی . بەدرخانی‌یەکان‌و شێخی بەردە قارەمان‌و حەپسەخان‌و[19] ژمارەیەکی تر لە نیشتمانپەروەران جارەهای جار یادداشت‌و نامەی تایبەتی‌یان پێشکەشی ئەو دەزگا جیهانی‌یە کردووە . ڕۆژانی داسەپاندنی پەیمانی ساڵی (۱۹۳۰) بەسەر عیراقدا لەلایەن ئینگلیزی داگیرکەرەوەو ، دوای تەقینەوەی هەرا گەورەو جەرگبڕەکەی ڕۆژی شەشی ڕەشی ئەیلول نیشتمانپەروەرانی کورد زنجیرەیەك بروسکەو نامەی نارەزایی‌یان نارده جنێف . بەهەمان دەستوور بەدرخانی‌یەکانیش زوو زوو دەنگی کوردیان دەدایەوە بەگوێی داخراوی بەڕێوەبەرانی «کۆمەڵەی گەلان»دا . بەڵام لەکاتی لێدوانی کێشەی موسڵدا لەوەیش زیاتر ناوی کورد کەوتە سەر زاری ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان» و دەزگاکانی .

کوردستانی باشوور ، وەك هەموو ئەو ناوچەیەی بەر لە شەری یەکەمی جیهان بە «ویلایەتی مووسل» ناسرابوو ، بەشێك لە ئیمپراتۆری‌ی فراوانی عوسمانی بوو . لە

---

(۱۹) مەبەست خوالێخۆشبوو حەپسەخانی نەقیبە .

ناوەندی ساڵی (١٩١٧) وە لەشکری بەریتانیا بە نیازی داگیرکردنی مەڵبەندی ناوبراو لەچەند قۆڵێکەوە بەرەو باکووری بەغدا کەوتە ڕێ[٢٠]. کە ڕۆژی (٣٠)ی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨) ئاگربەسی مۆدرۆس[٢١] کۆتایی بە شەڕی نێوان هاوپەیمانەکانو ئیمپراتۆری‌ی عوسمانی هێنا هێشتا لەشکری ئینگلیز دوازدە میلی مابوو بگاتە ناو شاری مووسڵ خۆیەوە. دوای شەڕو لەگەڵ سەرکەوتنی کەمالی‌بەکاندا تورکیا ئەوەی کردە بیانوو بۆ «داواکردنەوەی» ویلایەتی مووسڵ. بەو جۆرە کێشەیەکی نێودەوڵەتی دروست بوو کە بە ناوی «کێشەی مووسڵ»ەوە چۆتە ناو تۆماری مێژووەوە[٢٢].

«کێشەی مووسڵ» بووە یەکێك لەو باسە سەرەکی‌یانەی خرایە بەردەمی کۆنگرەی لۆزان کە دەوروبەری کۆتایی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٢) لەنێوان کەمالی‌بەکانی تورکیاو هاوپەیمانەکاندا بەنیازی مۆرکردنی پەیمانێکی نوێ لەبریتی «پەیمانی سیڤەر» بەسترا. لەوێ لۆرد کیرزنی نوێنەری بەریتانیاو عیصمەت ئینۆنۆی نوێنەری تورکیا بە دوو قۆڵی کەوتنە باسی چارەنووسی «ویلایەتی مووسڵ» و هەریەکەیان هەوڵی ئەدا کورد بکاتە جوکەری بردنەوەی یارێکە. کە ئەوە دادی نەداو نەگەیشتنە ئەنجام، لۆرد کیرزن[٢٣] کە ئاوساکە وەزیری هەندەرانی بەریتانیا

---

(٢٠) لەگەڵ دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهاندا لەشکری ئینگلیز لە باشوورەوە کەوتە داگیرکردنی خاکی عیراقو ئاڕۆژی یازدەی مارتی ساڵی ١٩١٧ گەیشتە بەغداو دوای ئەوە لێنجا بەرەو کوردستان کەوتە ڕێ.

(٢١) ئاگربەس واتە «هدنة».

(٢٢) بۆ دریژەی ئەو باسە بڕوانە: الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل. دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٥٥ (٣٣٦ ص). نامەی دوکتۆراکەیەتی کە ساڵی ١٩٥٢ پێشکەشی زانکۆی ئەندیانای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووە. چەند ساڵێك لەمەوبەر چاپی دووەمیشی دەرچوو. سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێکدانەوەی چەند لایەنێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد.

(٢٣) جۆرج نەتانائیل کیرزن (Curzon) (١٨٥٩–١٩٢٥) یەکێك بوو لەپیاوە سیاسی‌یە بەناوبانگەکانی ئینگلتەرەی کۆتایی سەدەی نۆزدەمینو تا سەرەتای ١٩٢٤، واتە لە کاتێکی زۆر ناسکی مێژووی ئینگلتەرەو جیهاندا، وەزیری هەندەران بوو، بەو جۆرە دەوری لە «کێشەی مووسڵ» و چارەنووسی کوردا گەورەو دیاربوو.

جو رۆژی (٢٥)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٣) نامەیەکی تایبەتی ی نارد بۆ سکرتێری گشتی ی «کۆمەڵەی گەلان» و داوای لی کرد باسی مووسڵ بخاتە ناو لیستەی کاری ئەنجومەنەوە . پاش ئەوەی ئینۆنۆ ناچار بوو تا رادەیەك مل بدات ، هەردوولا ڕێك کەوتن هەول بدەن لە ماوەی نۆ مانگدا خۆیان چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن ، خۆ ئەگەر هاتو لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام ئەوسا کە بیدەنە دەست «کۆمەڵەی گەلان» .

رۆژی پێنجی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٤) ماوەی نۆ مانگەکە تەواو بوو بێ ئەوەی تورکیاو بەریتانیای گەورە بگەنە هیچ ئەنجامێك ، هەرچەندە نوێنەرانیان چەند جارێك کۆبوونەوەو گەلێك گفتوگۆیان لەو بارەیەوە کرد . کە کار گەیشت بەوە رۆژی (٦)ی ئابی ساڵی (١٩٢٤) لەندەن داوای لە سکرتێری گشتی ی «کۆمەڵەی گەلان» کردەوە بێ دواخستن «کێشەی مووسڵ» بخاتە بەردەمی ئەنجومەن . یازدەی ئابی هەمان ساڵ ، واتە پاش تەنها پێنج رۆژ ، بەرێوەبەرانی کارگێری کۆمەڵە «کێشەی مووسڵ» یان خستە ناو لیستەی کاری ئەنجومەنەوەو ئەندامانی کۆمەڵەو تورکیایان لەو بارەیەوە ئاگادارکرد .

لە کۆبوونەوەی رۆژی (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٤یدا «کۆمەڵەی گەلان» بڕیاری سپاردنی «کێشەی مووسڵ»ی بە لیژنەیەکی تایبەتی ی سێ قۆڵی دا کە پاش مانگێك ناویانی بەم جۆرە دیار کرد :

یەکەم – کاربەدەستی وەزارەتی هەندەرانی سوید

ف – ڤیرسن کە باڵیوز بوو لە ڕۆمانیا .

دووەم – سیاسی و زانای جوگرافی کۆنت پۆل تێلکی کە کاتی خۆی سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا بووە .

سێیەم – ئەفسەری خانەنشینی بەلجیکی أ . پۆلس .

یەکەمیان ، واتە ڤیرسن ، کرایە سەرۆکی لیژنەکە کە ژمارەیەکیش سکرتێرو یاریدەری شارەزای بۆ دانرا .

دەبوو ئەم لیژنەیەی «کۆمەڵەی گەلان» لە هەموو ئەو بەڵگانە بکۆڵێتەوە کە پێوەندی یان بە لایەنی جیاوازی زمانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ی ویلایەتی مووسڵەوە هەبوو . هەروەها دەبوو ئەندامانی بێنە ناوچەی جیاوازی «ویلایەتی

مووسڵ» ەوەو لە نزیکەوە پێوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی دەستەو چینی جۆراوجۆری دانیشتوانیدا بکەن‌و ئینجا پوختەی ئەنجامی کارو پێشنیاری خۆیان لە ڕاپۆرتێکی سەربەخودا پێشکەش بە کۆمەڵە بکەن.

بۆ جێبەجێ‌کردنی مەبەست ئەندامانی لیژنە سەریان لە لەندەن‌و بەغدو ئەستەمووڵ‌و ئەنقەرە[٢٤] داو دوای ئەوە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٥)وە بەتایبەتی چوونە ناوچەکانی «ویلیەتی مووسڵ». ڕۆژی (٢٧)ی ئەو مانگە گەیشتنە شاری مووسڵ خۆی. پاش چەند ڕۆژێك ئەندامانی لیژنەو یاریدەرانی بەجیا چوونە شارو شارۆچکەکانی تری ناوچەکەو لە هەولێرو کەرکوك‌و سلێمانی بەتایبەتی مانەوەو پێوەندی‌یان بە زۆر کەسەوە کردو مانگی نیسان گەڕانەوە جنێڤو لەوێ کەوتنە دانانی ڕاپۆرتی خۆیان کە ڕۆژی (١٦)ی تەمموزی ساڵی (١٩٢٥) تەواویان کردو بەسەر ئەندامانی «کۆمەڵەی گەلان»و ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسدا دابەشیان کرد.

شایانی باسە نوێنەرانی تورکیاو بەریتانیاش لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکەدا هاتبوون. تورکەکان، دیارە بو مەبەستی خۆیان‌و بەر لە هەر شت بۆ خۆ نزیك خستنەوە لە کورد، فەتاح بەگی خزمی شێخ مەحمودیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

لێدوان‌و بڕیارو مەرجەکانی «کۆمەڵەی گەلان» بۆ دیارکردنی چارەنووسی «ویلایەتی مووسڵ» تا ڕادەیەك ئاشکراو زانراون. ئەوەی دەمانەوێ لەم وتارەدا سەرنجی تایبەتی‌ی بدەینێ ڕاپۆرتەکە خۆیەتی کە دەقی ناونیشانی بەم جۆرەیە:

«کۆمەڵەی گەلان. مەسەلەی سنووری نێوان تورکیاو عیراق. ڕاپۆرتی پێشکەش کراو بە ئەنجومەن لە لایەن ئەو لیژنەیەوە کە بەپێی بڕیاری ڕۆژی (٣٠)ی ئەیلولی (١٩٢٤)ی ئەنجومەن دامەزرێنرا»[٢٥].

ڕاپۆرتی لیژنەی تۆژینەوەی کێشەی مووسل پڕی‌یە لە زانیاری‌ی سیاسی‌و

(٢٤) ڕۆژی ١٦ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ ئەندامانی لیژنە گەیشتنە بەغداو پاش دە ڕۆژ لەوێوە چوونە مووسڵ‌و ئینجا کەوتنە گەڕان بە ناوچەکانی کوردستاندا.

(٢٥) ئەمەش دەقی ناوەکەیەتی بە ئینگلیزی:

(League of Nations. Question of the Frontier between Turkev and Iraq. Report submitted to the Council by the Commission instituted by the Council resolution of September 30, 1924), Geneva, 1925.

ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و جوگرافی‌ی گرنگ کە بەشێکیان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراون‌و بەشێکیشیان ئەندامانی لیژنەکە بۆ خۆیان کۆیان‌کردوونەوە . زانیاری‌یەکانی ئەم بەشەی دوایی‌یان ئەندامانی لیژنە یا بە چاوی خۆیان بینیویان‌و تۆماریان کردوون ، یا لە ڕێگەی ژمارەیەك مامۆستای شارەزاری زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانەوە پێیان زانیون . لەبەر ئەوە ڕاپۆرتی ناوبراو لە یەکەم ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە بۆتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی لێکدانەوەی گەلێك لایەنی ژیانی کوردەواری‌ی نوێ‌و هاوچەرخ . کوردناسان زۆر جار لە بەرهەمەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر زانیاری‌یەکانی‌و کەڵکی باشیان لێیان وەرگرتووە .

هەرکەسێك بیەوێت باسی ژیانی دەرەبەگی‌و کۆچەری‌و هۆزایەتی‌و پێوەندی‌ی ئابووری‌و داب‌و نەریتی دانیشتوانی ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بکات پێویستە بگەڕێتەوە ناوەرۆکی ڕاپۆرتی لیژنەی تۆژینەوەی کێشەی مووسڵ کە ژمارەیەك بۆچوونی سیاسی‌ی وردیشی تێدایە . . . شایانی باسە دانەرانی ڕاپۆرتەکە چەند جارێك باسی پێوەندی‌ی برایانەی نێوان کوردو عیسایی‌یەکانیان کردووەو دانیان بەوەدا ناوەکە لەو بارەیەوە هیچ گەلێکی تری موسڵمان نی‌یە بتوانێ شان لە شانی کورد بدات (٢٦) .

دیسان گەلێك جار ناوی کوردو کوردستان لەو ڕاپۆرتە تایبەتی‌یە گەورانەدا هاتووە کە ئینگلیزەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٢دا چەند جارێك بە چاپ کراوی دەربارەی کاروباری کارگێڕی عیراق پێشکەشی «کۆمەڵەی گەلان» یان کردوون . ئەو ڕاپۆرتانەش کە ئیمرۆکە بوونەتە سەرچاوەیەکی ڕەسەنی لێکدانەوەی مێژووی هاوچەرخی هەموو عیراق ، پڕن لە زانیاری‌ی زۆر بەکەڵك‌و گرنگ دەربارەی لایەنی جیاوازی ژیانی کوردەواری .

یەکێك لە بەشە سەرەکی‌یەکانی هەر یەکێك لەو ڕاپۆرتانە بۆ کورد تەرخان کراوە . بە وێنە لە یەکەم ڕاپۆرتیاندا کە دەربارەی کاروباری بەڕێوەبردنی عیراقە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩٢٠) وە تاوەکو مانگی مارتی ساڵی (١٩٢٢) (٢٧) باسی

---

(٢٦) Ibid , PP. 46 — 47

(٢٧) (Report on Iraq administration, October 1920 — March 1922), London, 1923.

کوشتنی میستەر بێل و کاپتەن سکۆتی تێدایە کە هەردووکیان مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩١٩) لەلایەن شۆڕشگێرانی کوردی ناوچە شاخاویەکانی هەولێرەوە پێکراون . هەروەها باسی کوشتنی کاپتەن سالمۆنیشی تێدایە کە ئەفسەری سیاسیی کفری بوو ، لە لایەن شۆڕشگێرانی کوردەوە سەرەتا بەدیل گیراو دوایی کوژرا[٢٨] .

هەمان ڕاپۆرت بەکورتی، باسی کۆنگرەی قاهیرەو سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکوردو ، بەشدار نەبوونی دانیشتوانی ناوچەی سلێمانیی لە «هەڵبژاردنی» فەیسەڵی یەکەمدا کردووە . یەکەمیان ، واتە کۆنگرەی قاهیرە ، مانگی مایسی ساڵی (١٩٢١) لەژێر چاودێریی چەرچلدا بەسترا کە ئەوساکە وەزیری موستەعمەرات بوو . دەربارەی عیراق ئەندامانی «کۆنگرەی قاهیرە» لە چوار باسی سەرەکیی کۆڵینەوە :-

یەکەم – کەمکردنەوەی خەرجی بەریتانیای گەورە لە عیراق .
دووەم – باسی ئەوانەی خۆیان بۆ تەختی پاشایی عیراق پاڵاوتبوو .
سێیەم – مەسەلەی کورد .
چوارەم – لەشکری داهاتووی عیراق .

هەرچەندە «کۆنگرەی قاهیرە» بایەخی زۆریدا بە مەسەلەی کورد ، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیاسەتی ئینگلیزدا بەرامبەری ڕووی نەدا .

لاپەرە ٦٨ و ٦٩ی ڕاپۆرتی ١٩٢٠–١٩٢٢ بۆ باسی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینێکی هۆزی سورچی دژی ئینگلیزی داگیرکەر تەرخان کراون . ئەو ڕاپەڕینە دەوروبەری کۆتایی ساڵی (١٩٢١) بەرپا بوو ، ئینگلیزەکان تا سەرەتای ساڵی داهاتوو بە تەواوی بۆیان دانەمرکایەوە . بەپێی زانیاریەکانی ناو ڕاپۆرتەکە ژمارەی شۆڕشگێرانی سورچی خۆی دەدا لە (٦٠٠) کەسێك کە ، وەك دەڵێ ، نزیکەی (٢٠٠) سەربازی تورك بە تۆپێکەوە یاریدەیان دەدان . ئەو هێزەی ئینگلیزەکان کردیانە گیانی شۆڕشگێرانی کورد لە هەزار سەربازی لێی پێکهاتبوو کە جگە لە دوو

(٢٨) ڕۆژانی «شۆڕشی بیست . کاپتەن سالمۆن لەلایەن پیاوەکانی برایم خانی دەڵۆوە کوژرا .

ئەفسەریان هیچ کامێکیان ئینگلیز نەبوون . وا دیارە شەڕ لە نێوان هەردوو لادا دوو ڕۆژی خایاندووەو تورکەکان تەنها لە ڕۆژی یەکەمیدا بەشداربوونو دوایی پشتی شۆڕشگێڕانیان بەرداوە . پاش ئەوەی سورچی‌یەکان ، بەپێی قسەی ڕاپۆرتەکە خۆی ، بەرگری‌یەکی چاکیان کردووە ناچار بوون بکشێنەوە . زیانیان ، وەك نووسیوی‌یە ، (٢٠) کوژراوو (٧٠) بریندارو کاول کردنی ژمارەیەك گوندو گرتنی دوو سیْ ڕانە مەڕو بزنیان بووە .

دوابەدوای ئەو باسە ڕاپۆرتی ١٩٢٠-١٩٢٢ ڕاستی‌یەکی مێژوویی بایەخداری تۆمار کردووە . دەڵێ ئەیلوولی ساڵی (١٩٢١) ژمارەیەك شارەزای سەربازی‌ی ئینگلیز گەیشتنە عیراقو دەست‌کرا بە گواستنەوەی بەشی زۆری هێزی لیڤی لە ناوچەکانی فوراتەوە بۆ کوردستان ، بەڵام « بەداخەوە تا نووسینی ئەم ڕاپۆرتە نەتوانراوە هیچ سەربازێکی لیڤی لە دیوانیەو سەماوەو ناصریەوە بگوێزرێتەوە» چونکە ، وەك دەڵێ ، هەموو مەڵبەندی فورات بە لەشکر دابین نەدەکرا . ئەم قسانە ڕادەی پەرەسەندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای کورد دژی ئینگلیزو بایەخی خەباتی هاوبەش‌و یەك کات لەناو سنووری یەك وڵاتدا بە وردی ڕوون دەکەنەوە . ڕاستە تا ڕۆژی دانانی ڕاپۆرتی ناوبراو داگیرکەر توانیبووی «شۆڕشی بیست» لەناوەندو باشووری وڵاتدا دابمرکێنێتەوە ، بەڵام ئەو سیْ شارەی ناویان هاتووە هێشتا لە «بزێوی» خۆیان نەکەوتبوون ، بۆیەکا ئینگلیزەکان نەیانتوانی هەموو سەگە هارەکانیان بەردەنە گیانی نیشتمانپەروەرانی کورد .

لە هەمان ڕاپۆرتدا ناوی شێخ مەحمودو سمایل ئاغای شوکاك (سمکۆ) و مەحمود خانی دزڵی‌و ئەورەحمان ئاغای سەرۆکی هۆزی شرناخی کوردستانی تورکیاو ژمارەیەك ناوداری تری کورد هاتووە[٢٩] . بەوێنە دەربارەی شێخ مەحمودو مەحمود خانی دزڵی گەورەی هەورامان نووسیوی‌یە دەڵێ :

«لە ناوچەی سلێمانی پرۆپاگەندەیەکی زۆر دژی بەریتانیا کراوە . . ساڵی (١٩١٩) مەحمود خانی سەرداری گوندی دزڵی بەشداری‌ی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودی کردو ساڵی (١٩٢٠) لەلایەن حوکمەتی ئێرانەوە دیل‌کراو درایە دەست کاربەدەستانی

(Report on Iraq administration, October 1920 – March 1922), PP. 103. (٢٩)

بەریتانیا (لە عیراق —ك.م.) . دوای ئەوەی لە هندستان ماوەیەك بە بەندی مایەوە ، ئەیلولی ساڵی (١٩٢١) ڕێگەی درانێ بگەڕێتەوە سلێمانی بەو مەرجەی ، وەك بەڵێنی دا ، نەچێتەوە دیوی ئێران . بەڵام مەحمود خان بەڵێنەکەی شکاندو گەڕایەوە دزڵی و لەوێوە نامەی بۆ مستەفا کەمال ناردو داوای چەکی لێ کرد بۆ دەرکردنی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانی . کانوونی یەکەم ژمارەیەك وردە سەرداری هەورامان ، کە بێ گومان پێوەندی یان پێوەی هەبوو ، هاتنە دەشتی هەڵەبجەو کەوتنە کۆکردنەوەی باج . ناوەندی کانوونی دووەمی (ساڵی ١٩٢٢ — ك.م.) هێزێکی لیڤی کەوتە ناو بۆسەیەکەوەو ژمارەیەکیان پێکران ، کە یەکێکیان ئەفسەری بەریتانی کاپتەن فیتزگیبۆنی [٣٠] فەرماندەی هێزەکە بوو . دوای ئەوە لەبریتی پیادە بە فڕۆکە هێرش کرایە سەر هەڵەبجە . ئەنجامی ئەو هێرشە زۆر سەرکەوتوو بوو . مەحمود خان بە ناچاری گەڕایەوە گوندی دزڵی ، بەڵام پیاوەکانی لە پەلاماردانی دەشتی هەڵەبجە نەکەوتن . مانگی مارت فشاری فڕۆکە مەحموود خانی ناچار کرد پێوەندی بەکاربەدەستانی ئینگلیزەوە بکات .

سەرئەنجامی ئەوانەش کە لە شۆڕشەکەی ساڵی ١٩١٩ی شێخ مەحمودا بەشدار بوون بەم جۆرە بوو : شێخ قادری برای و غەریبی شێخ عارف خزمی وشێخ ئەحمەدی پیاوی مانگی مایس لە هەنجام بەردران . یەکەم و دووەمیان ئێستە وان لە بەغدا . هەرچی شێخ ئەحمەدە ڕێگەی پێ درا یەکسەر بگەڕێتەوە سلێمانی . شێخ مەحمودو شێخ غەریبی کوڕی شێخ مارف کانوونی دووەم لە هندستان بەرەڵا کران و ئێستە وەك دوورخراوەی سیاسی وان لە کوێت و چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ سلێمانی» [٣١] .

لە شوێنێکی تردا هەمان ڕاپۆرت دەربارەی باری خوێندەواریی ئەوسای کوردستان ئەم ڕاستی یەی داوە بەدەستەوە کە دەڵێ ئەیلولی ساڵی (١٩٢١) پۆلێکی ناوەندی لە شاری سلێمانی کرایەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها سێ قوتابی خۆیان ناونووس کرد پێشنیار کرا بگوێزرێنەوە شاری کەرکووك [٣٢] . وەك دوایش ڕوونی

Captain Fitzgibbon **(٣٠)**

(Report on Iraq administration, October 1920 — March 1922), PP. 116 — 117. **(٣١)**

Ibid **(٣٢)**

ئەکەینەوە خوێندنی کوردی لەژێر سایەی ئینگلیزدا لەوەیش کەمتر پێشکەوت کە چاوەڕوان دەکرا .

لە ڕاپۆرتی داهاتوودا کە ئینگلیزەکان دەربارەی کاروباری عیراق لە ماوەی نێوان نیسانی ۱۹۲۲ و مارتی ۱۹۲۳ دا داویانەتە «کۆمەڵەی گەلان»(۳۳) بەدرێژی باسی هەڵوەستی کورد بەرامبەر «هەڵبژاردنی» فەیصەلی یەکەم‌و ، هەراوبگری ناوچەی هەڵەب : ەو هەوراماناو ، کوشتنی م . مۆت‌و(۳٤) ، هەڵوەستی جیاوازی سەردارانی جاف‌و پشدەر دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحمودو ، چالاکیی کەمالییەکان لەناو کوردی عیراقداو ، ڕاپەڕینی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەندو ، کوشتنی کاپتەن بۆندو(۳۵) کاپتەن ماکانت(۳٦) لەلایەن شۆڕشگێڕانی هەمەوەندەوەو گەلێك باسی بایەخداری‌تری وەك ئەوان دەخوێنیەوە(۳۷) .

هەمان ڕاپۆرت بە درێژی باسی ئەوەی کردووە چۆن لەژێر فشاری شۆڕشگێڕان‌و نارەزایی جەماوەردا ئینگلیزەکان ناچار بوون ڕۆژی (٥)ی ئەیلولی سالی (۱۹۲۲) شاری سلێمانی‌و هەموو ئەو ناوچەو مەڵبەندانە بەجێ بهێڵن کە کەوتوونەتە باکووری هەولێر – کەرکوك – کفری‌یەوە . ئینگلیزەکان ئەو ڕۆژە (٦٧) کاربەدەستی خۆیانیان لە سلێمانی‌یەوە بە فڕۆکە گواستەوە کەرکوك‌و ، بەڕێوەبردنی کاروباری شاریان سپاردە ئەو ئەنجومەنەی بەر لەماوەیەك نوێنەرانی دانیشتوانی شار هەڵیانبژاردبوو(۳۸) .

دیسان هەمان ڕاپۆرت بە وردی چەند لایەنێکی گرنگی دەربارەی گەڕانەوەکەی شێخ لە هندستانەوە بۆ تۆمار کردووین . لەو شوێنەیدا ڕاپۆرتەکە بە ناونیشانی «وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن شێخ مەحمودەوەو پیلانی ئەو لەگەل

---

(۳۳) (Report on Iraq administration, April 1922 – March 1923), London, 1924.

(۳٤) Lieutenant M. Mott.

(۳۵) Captain Bond

(۳٦) Captain Makkant

(۳۷) ((Report on Iraq administration, April 1922 – March 1923)), PP. 33–34

(۳۸) Ibid , P. 35

تورکاندا» باسی پێوەندیی نهێنیی شێخی لە ڕێگەی ئۆزدەمیر پاشاوە[39] لەگەڵ کەمالییەکاندا کردووە . لەو بارەیەوە دەڵێ و ، ڕاستیش دەکات ، کەمالییەکان لەگەڵ شێخ دەست پاك نەبوون ، بەڵکو دەیانویست بیکەنە داشی دامەی جێبەجێکردنی مەبەستی خۆیان[40] . ڕاپۆرتی ناوبراو گەلێك زانیاریی دەگمەن دەربارەی ئەو باسەو چالاکیی بەرفراوانی کەمالییەکانی لەناو کوردی عیراقدا بۆ پاراستووین .

لەچەند شوێنێکیدا ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٢–١٩٢٣ بە ئاشکرا باسی ئەو بەزمەی کردووە کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا لە ڕقی شێخ مەحمودو کەمالییەکان بە دانیشتوانی بێوەیی کوردستانیان دەکرد . بڕوا ناکەم ئەو ڕۆژگارە لە هیچ قوژبنێکی وڵاتە ژێردەستە فراوانەکانیانا ئینگلیز بە ڕادەی کوردستان چەکی هەمەجۆرو ، بەتایبەتی فڕۆکەیان بەکار هێنابێت ، ئەو کارەی لەندەن وەك ڕوداوێکی ئاسایی لە ڕاپۆرتە تایبەتییەکانی خۆیدا دەیخستە بەردەمی دەزگاکانی وکۆمەڵەی گەلانەو ئەندامانی .

بەهەمان دەستوور خەباتی گەلی کوردو ، تایبەت بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود گەلێك لاپەڕەی ڕاپۆرتی داهاتوویان پڕکردۆتەوە کە بۆ باسی کاروباری عیراق لە نیسانی ساڵی ١٩٢٣وە تاوەکو کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ تەرخان کراوە[41]

---

(٣٩) ئۆزدەمیر پاشا ئەفسەرێکی گەورەو لێهاتووی تورك و لایەنگری مستەفا کەمال بوو . ئۆزدەمیر نازناوی بوو . لەگینا خۆی ناوی عەلی شەفیق و بە ڕەگەز میسری بوو . لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢ وە کەمالییەکان لەگەڵ هێزێکی سەربازیدا ناردیانە ڕەواندوز . ئۆزدەمیر توانی لە نزیکەوە پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەردارانی کورد دابمەزرێنێ ، هەزارو یەك گڵێی شیرینی درۆی دانێ . چالاکییەکانی ئۆزدەمیرو هاریکاریی لەگەڵ سەردارانی کورداو بەتایبەتی لەگەڵ شێخ مەحمود ، تەواو ئینگلیزیان بێزار کردبوو . پاش ماوەیەك ئۆزدەمیر ناچار بوو بکشێتەوە ، هەرچەندە لە بارو دۆخی ئەو ڕۆژگارەدا کەمالییەکان بەهاکی لەگەڵ کوردا بیانتوانیبە پێشەوە دەیانتوانی جێپێی ئینگلیز تەواو شلۆق بکەن .

(٤٠) ((Report on Iraq administration, April 1922 — March 1923)), P. 39.

(٤١) ((Report by His Britannic Majesty's Government on the administration of Iraq for the Period April 1922 — December, 1924)), London, 1925.

لەو لاپەڕانەدا چەند جارێك باسی بۆمبابارانی سلێمانیو هەڵەبجەو شوێنی تری کوردستان لەلایەن فڕۆکەکانی بەریتانیای گەورەوە کراوە. بەپێی دەقی قسەی ڕاپۆرتەکە خۆی بۆمبابارانی ڕۆژی (٢٥)ی مایسی ساڵی (١٩٢٤) دانیشتوانی سلێمانی ناچارکرد شار بەجێ بهێڵنو ، وەك دەڵێت کاتێك ئینگلیزەکان داگیریان کردەوە لە (٢٠) هەزار ژمارەی دانیشتووی تەنها (٧٠٠) کەسی تێدا مابوو. پاش دوو مانگ ئینجا نیوەی خەڵکی شار زاتیان کرد بگەڕێنەوە سەرماڵو حاڵی خۆیان ، بەڵام تا مانگی تەشرینی دووەم ژمارەی نەگەیشتەوە دۆخەکەی جارانی[٤٢].

جگە لە باسی ڕووی جیاوازی کوردەواریی عیراق ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٢٦)[٤٣] بەتایبەتی باسی سمکۆشی کردووە. لەو بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێ:

«سمایل ئاغای سمکۆ: دەورووبەری کۆتایی مانگی تەشرینی یەکەم سمایل ئاغای سەرەك هۆزی شوکاك کە بە سمکۆ ناسراوە دژی حوکمەتی ئێران شۆڕشی بەرپاکرد ، بەڵام لەو شەڕەی نزیك دیلمان قەوما شکاو بەناچاری خۆیو سەد کەس لە پیاوەکانی پەنایان هێنایە بەر عیراق دوای ئەوەی لە ڕێگەی تورکیاوە نزیك نەهریێ سنووری بڕیو هاتە ناوچەی ڕەواندزی سەر بەهەولێر.

ئێران داوای لە عیراق کرد سمکۆی بەیەخسیری بداتەوە ، بەڵام عیراق ملی نەدا ، چونکە یاسای پەناهەندەی سیاسی عیراق ڕێگەی دانەوەی پەنابەران نادات. لەگەڵ ئەوەش حوکمەتی عیراق ڕێگەی دایە ئێرانیەکان ئەفسەرێکی خۆیان بنێرنە ناو خاکی عیراق بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سمکۆ دەربارەی ئەو مەرجانەی ئێران بۆ لێخۆشبوونی داینا‌ون»[٤٤].

بۆ باسی کوردو ، گەلێك باسی تری ئەوسای عیراق ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٢٧)[٤٥]

---

(٤٢) Ibid, PP. 32 – 33

(٤٣) ((Report by His Brittanic Majesty's Government to the Council of The League of Nations on the administration of Iraq for the year 1926)), London, 1927.

(٤٤) Ibid, P. 27.

(٤٥) ((Report by His Britanic Majesty's Government to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1927)), London, 1928.

هیچی لەوانی‌تر کەم نی‌یە . ئەمجاریان باسی گفتوگۆی ئینگلیزەکان لەگەڵ شێخ مەحمودا هاتۆتە پێشەوە . بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئەو مەبەستە شێخ مەحمود سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌ی کردۆتە نوێنەری خۆی‌و ناردوویەتە بەغدا . نووسەرانی ئەو راپۆرتە سەید ئەحمەدی بەرزنجی‌یان ناو ناوە «ئاژاوەچی‌ی کوردستانی باشوور»[٤٦] . دیارە دەبێ نیشتمانپەروەرو پیاوی دڵسۆز لای هەموو زۆردارو داگیرکەرێك هەر ئاژاوەچی‌و یاخی‌گەرو پیاوخراپ بێ ! . هەر بەو جۆرەش راپۆرتەکە ناوی سابیرو عەبدوڵڵای کورانی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند دەبات . ئەوانیش لەو رۆژانەدا ، بەپیشەی باووباپیرانیان ، دلێرانە بەرەنگاری داگیرکەر هاتبوون . بەڵکۆ ئەوساکە ، وەك راپۆرتەکە بۆ خۆی دەڵێ ، تەنها ئەوان لە کۆری خەباتدا مابوونەوەو ئینگلیزەکان کوناوکون بە فرۆکەو سوارەو سەربازی لیێ دوویان کەوتبوون .

راپۆرتی ساڵی (١٩٢٧) بە کورتی چەند لایەنێکی باری ژیانی ئەو کوردانەی خستۆتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» کە لە ئەنجامی راپەرینە گەورەکەی شێخ سەعیدی پیراندا پەنایان هێنابووە بەر عیراق‌و وەك دەڵێ ناوچەی مووسڵ بەهۆی لێشاوی ئەوانەوە بەجارێك شلۆقابوو . بەپێی قسەی راپۆرتەکە تاوەکو ساڵی (١٩٢٧) تەنها (٤٥٠) کەس لەو پەناهێنەرانە لە ناو خاکی عیراقدا مابوونەوە . ئەوانی تریان هەموویان گەراونەتەوە گوندەکانی خۆیان . لەو (٤٥٠) کەسەش نزیکەی (١٥٠) یان لە ناوچەی زاخۆو (٢٥٠) یان لە ناوچەی دهۆك‌و نزیکەی (١٠٠) یان لە ناو مووسڵ خۆی‌و دەوروبەریدا نیشتەجێ‌بوون[٤٧] .

---

(٤٦) Ibid, P. 24

دەق قسەکە وەهایە

(The stormy Petrel of Southern Kurdistan)

«پێترێل» بەتەنها مەلێکی گچکەی دەریایی زۆر دوورەفڕە ، بەلام کە وشەی (storm)ی دەچێتە پاڵ دەبێتە زاراوو بەبەکێك دەگوترێ زۆر بزێوو بەگژبەند بێ .

(٤٧) ((Report... on the administration of Iraq for the year 1927)), PP . 24 – 25

لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٣١دا[٤٨] ژمارەیەك هۆزی ناوچەی بادینان دەبنە گاوڕو بەرازخۆرو لەسەر ئەوە (!) فڕۆکەکانی بەریتانیای گەورە زۆر «دڵسۆزانە» دێنە دەستو بەردەبنە گیانیان . دوای یەك لاپەڕە باسی گرتنی مامۆستا تۆفیق وەهبی لە ناوەندی نیسانەوە تاوەکو (٣٠)ی مایسی ساڵی (١٩٣١) دەخوێنینەوە[٤٩] .
هەروەها چ ئەم ڕاپۆرتەو چ ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣٠)[٥٠] چەند جارێك باسی شەڕی ڕەشی ئەیلولو تازەبوونەوەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمود تا بەدیل گرتنیو ڕەوانە کردنی بۆ ناصریە دەگێڕنەوە . کاتێك ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣١) دێتە سەر باسی شەڕی ئاوباریك ، کە ڕۆژی پێنجی نیسانی ساڵی (١٩٣١) قەوما ، دەڵێ کوردەکان «ئازایانە جەنگین ، هەرچەندە هێرشی فڕۆکەو پیادە بەردەوام بوو ، بەڵام ئەوان تا تاریکیداهات بەرگرییان کردو ئینجا کشانەوە» . دانەرانی ڕاپۆرتەکە بێ پێچو پەنا باسی ئەوەیان نووسیوە چۆن فڕۆکەکانی ئینگلیز لە ماوەی دوو حەفتەی داهاتودا تاقیبی شێخیان کردووەو دەستیان لێ هەڵنەگرتووە تا ڕۆژی (٢٠)ی نیسان کردوویانە بەودیودا . شێخ لەوێ گوندی پیرانی کردۆتە بنکەی نوێی[٥١] .
دوای چەند لاپەڕەیەك ڕاپۆرتی ساڵی (١٩٣١) باسی ئەوە دەکات چۆن ئینگلیزەکان لەسەر داوای ڕەزا شا هێزی تایبەتییان کردۆتە سەر مەحمود خانی دزڵیو دەست بەرداری نەبوون تا ڕۆژی (٣١)ی مایسی ئەو ساڵە بە دیلی گرتوویانەو ڕەوانەی بەغدایان کردووە[٥٢] .

---

(٤٨) ((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1931)) .

(٤٩) Ibid, PP. 15 – 16

(٥٠) ((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1930).

(٥١) ((Report.... for the year 1931)), PP. 16 – 17.

(٥٢) Ibid, P. 31

راپۆرتی داهاتوو که بۆ ماوەی نێوان کانوونی دووەم و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٢ تەرخانکراوە[٥٣] وەك ئەوانی تر بێپەروا کۆڵێك باسی «جوامێری»ی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیای گەورەی دژی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ «کۆمەڵەی گەلان» کردووە (!!) . ئەو «داستانە» خۆشە (!!) ئەمجاریان بۆتە گوڵی سەردەستەی باس و یەکەم شەش لاپەڕەی راپۆرتەکەی «رازاندۆتەوە» . دیسان زۆر بێ پەروا راپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات چۆن بۆ ماوەیەك هێرشی فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆ سەر کورد لەبەر خاتری چاوی شینی فڕۆکەوانێك و بارێدەرێکی ، کە «چەتە» کوردەکان بەدیلیان گرتبوون ، وەستێنرا . بەڵام کاری دانەرانی راست ئەوەیشیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە چۆن ئەو «چەتانە» پیاوانە رەفتاری دیلەکانیان کردووەو پاش ماوەیەك ئازادیان کردوون[٥٤] .

هیچ کامێك لە راپۆرتەکانی تری ئینگلیز کە دەربارەی عیراق لە بیستەکانو سەرەتای سییەکاندا پێشکەشی «کۆمەڵەی گەلان» یان کردوون لە باسی کورد بێ بەش نین . دوا راپۆرتیان کە بەر لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٢) بە بۆنەی وەرگرتنی عیراق بەئەندام لەلایەن «کۆمەڵەی گەلان»ەوە پێشکەشیان کردووە بریتییە لە پوختەی هەموو راپۆرتەکانی تر ، بۆیەکا بایەخی ئەمیان زۆر تایبەتییە[٥٥] . ئێمە لەو راپۆرتە تەنها یەك نموونە دەهێنینەوە کە ، خوا هەڵناگرێ ، بێ پێچ و پەنا باسی باری خوێندنو خوێندەواریی کورد تاوەکو سەرەتای سییەکان دەکات ، واتە تا ئەو کاتەی عیراق تێیدا بووە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» . لەو ماوەیەدا کە گوایە بەریتانیای گەورە بە «ناوی» «کۆمەڵەی گەلان»ەوە عیراق دەبرد بەڕێوە ژیانی رووناکبیریی کورد زۆر

---

(٥٣)
((Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the period January to October 1932)).

(٥٤) Ibid , P. 3

(٥٥)
((Special Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the progress of Iraq during period 1920 — 1931)), London, 1931.

هێدی‌و لەسەر خۆ هەنگاوی دەنا . هەرچۆن بێ هەنگاوی ناوچەکانی تر لە هەنگاوی ئەو خێراتر بوو . بە داخەوە جاری وا هەبوو ئەو هەنگاوە بۆ دواوە بوو ، نەك بۆپێشەوە . بەوێنە بەر لەوەی شەری یەکەمی جیهان دەست پی‌بکات ژمارەی قوتابی‌ی ناوەندی[٥٦] لە شاری سلێمانی خۆی دەدا لە نزیکەی (١٦٥) کەس ، کەچی بەر لەوەی عیراق ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان»و دوای (١٤) ساڵی رەبەق لە قەیمومەتی بەریتانیای پێشکەوتوو ئەو ژمارەیە هاتە سەر تەنها (١٠) کەس . ئەوەیش خراپتر : دیسان بەر لەوەی عیراق ببێتە ئەندامی «کۆمەڵەی گەلان» ، لە ژێر سایەی بەریتانیای گەورەدا ژمارەی هەموو ئەوانەی لە قوتابخانە کوردی‌یەکاندا دەیانخوێند ، بەپێی سەرژمێری ئینگلیزەکان خۆیان ، بریتی بوو تەنها لە (١٥٤٥) کەس . کەچی بەرامبەر بەوان (٦٣٠٠) کەس لە قوتابخانە عیسایی‌یەکان‌و (٨٤٠٠) کەس لە قوتابخانە جووەکان دەیانخوێند ! ![٥٧] ، واتە ئەو جووانەی عیراق کە ژمارەیان نەدەگەیشتە لە صەدا سی‌و چواری کورد پتر لە پێنج ئەوەندەی ئەوان مافی خوێندنیان هەبوو ! !

بەو جۆرە هەر بەڵگەیەك دەربارەی کورد چوبێتە بەردەمی «کۆمەڵەی گەلان» بە دروستی وێنەی باری نالەباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کوردی بۆ ئەندامانی کێشاوە ، باسی ئەو جەورو ستەم‌و بێ‌مافی‌یەی کوردی بۆ کردوون کە بەهۆی ئینگلیزو عەلقە لە گوێکانیانەوە دووچاریان هاتبوو . راستە جاروبار دەزگاکانی «کۆمەڵەی گەلان» ئاوریان لە کورد داوەتەوەو تەنانەت ئەو نامانەشیان بێ وەڵام نەکردووە کە نیشتمانپەروەرانی کورد بۆیانیان ناردوون[٥٨] ، بەلام ، بێ‌گومان ، هەڵوەستی کۆمەڵە بەرامبەر بە کورد هیچ رۆژێك نەگەیشتۆتە نیوەی ئەو ئاستەش کە بەپێی ناوەرۆکی پەیرەوی خۆی دەبوو بیگاتێ . ئەوەش دیسان رووی راستەقینەی «کۆمەڵەی گەلان» وەك داشی دامەی دەستی دەوڵەتە گەورەکان نیشان دەدات .

(٥٧) ((Special Report...)), PP. 232—234 هەروەها بڕوانە : عبدالرزاق الهلالي ، تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨-١٩١٧ ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ١٨١ ، محمد امين زكي ، تاريخ السليمانية وانحائها ، ترجمة محمد جميل بندى الروزبياني ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٢٠٥ — ٢١٠ ، «العالم العربي» (جريدة) ، بغداد . ٢٠ كانون الثاني ١٩٣١ .

(٥٨) بڕوانە : ((Report... on the administration of Iraq for the year 1931)) PP. 18—19.

کەوابێ نیشتمانپەروەرانی کورد حەقیان بوو بە چاوی گومانو ڕقەوە سەیری «کۆمەڵەی گەلان» یان دەکرد . لەخۆوە نەبوو سەلام لە پارچە هەڵبەستێکی خۆیدا کە ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری «هاوار»ی شامدا بڵاوی کردەوە[٥٩] «کۆمەڵەی گەلان»ی ناونا «کونەکی دەستی میستەر هەندرسن»ی وەزیری هەندەرانی ئەوسای بەریتانیای گەورە[٦٠] .

لەهەمان هەڵبەستیدا سەلام دەربارەی «کومەڵەی گەلان» بە داخو زوخاوێکی زۆرەوە گوتوویە :

«عصبة الامم» ، کۆمەڵی گەورە
بەهێچو پەنا بەفێڵو دەورە[٦١]
بەجۆشو کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەنگوت ئەم قەومە ئەکەم ڕزگار
ئەگەر ڕاست ئەکەی هەڵی سوورێنە
بەس بۆ سیاسەت هەڵپەرێنە
تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن
(کونەکی دەستی میستەر هەندرسن)

دوای ئەوەی سەلام پیلانو یارێکانی «کۆمەڵەی گەلان» ڕیسوا دەکات دیسان ڕووی دەمی تێدەکاتەوەو پێی دەڵێ :

لە عەدالەتەکەی ئەمە دەئبە
یاخو هەر شێوەو ئوسوڵی غەربە

---

(٥٩) بڕوانە :
«هاوار» . ساڵی دوو . ژمارە ٢٢ ، یەکی تەمووزی ١٩٣٣ ،ل ٧ . هەمان پارچە یەکەم شیعری سەلامە لە دیوانەکەیدا (بڕوانە : «دیوانی سەلام» . بەغدا . ١٩٥٨ . ل ٤ ؟) . لە دیوانەکەدا چەند شوێنێکی شیعرەکە پەڕێنراوە . بەڵام «هاوار» دەق وەك خۆی بڵاو کردۆتەوە .
(٦٠) مەبەست ئارثەر هێندرسنە (A. Henderson) (١٨٦٣–١٩٣٥) کە لە ساڵی ١٩١١ وە تاوەکو ساڵی ١٩٣٤ سکرتێری «پارتی کرێکاران» بوو . ساڵی ١٩٢٩ بووە وەزیری هەندەران ، ساڵی ١٩٣١ وازی هێنا . واتە کە سەلام شیعرەکەی گوتووە ئەو هێشتا هەر وەزیر بووە .
(٦١) چەند بەیتێکی هەڵبژاردەن لە شیعرەکەی سەلام . نەك هەمووی .

کۆمەڵی درۆ ، جێگەی مەکروفەن
(کونەکی دەسی مستەر هەندرسن)
خۆ تۆ وەصی بووی ئەقوام بوون فەقیر
دەمی کوردت گرت بە ئەڵەی تەطبیر

سەلام لەوەیش زیاتر پێی پیا دەنێ‌و «کۆمەڵەی گەلان»ی لا دەبێتە بارەگای «فیتنەو تەزویر» و کارخانەی «فەسادو میحەن» چونکە :

لە سلێمانی جەمادەی بەرسەرا
بە خوێناوی کورد ئاوڕشێن کرا[٦٢]

دوای هێنانەوەی باسەکە بەو جۆرە سەلامی داخ لەدڵ ڕوودەکاتەوە «کۆمەڵەی گەلان»و پڕ بەدەم لێی دەپرسێ :

چۆن عاجز نابێ لەم خوێن ڕشتنە
لەلای تۆ هەڵبەت حقوق کوشتنە[٦٣]
ناترسی مێژوو لەمەصلەحەت بکەن
(کونەکی دەسی مستەر هەندرسن)

شایانی باسە هەر زوو ئەم پارچە هەڵبەستەی سەلام سەرنجی ڕوناکبیرانی کوردو ئەو بێگانانەی ڕاکێشاوە کە هەر یەکەیان لەبەر مەبەستێك بایەخ بە مەسەلەی کورد دەدەن ، کراوەتە فەرەنسی‌و گەرەبێی ئەرمەنی وێنەی لێ‌ناردووە بۆ بارەگای «کۆمەڵەی گەلان» لە جنێف . کە مێژورسکی ساڵی (١٩٣٤) هاتۆتە سلێمانی ئەویش ڕوونووسی کردووەو لەگەڵ خۆی بردوویە . هەروەها شابەندەری ئێران لە سلێمانی وێنەی لێ ناردۆتە وەزارەتی هەندەران لە تاران ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە شیعرەکە هێرشێکی زۆری تێدایە بۆ سەر عەجەم‌و ئێران[٦٤] .

---

(٦٢) سەلام ئەم شیعرەی لە یەکەم یادی شەشی ئەیلولدا داناوە ، واتە ئەیلولی ساڵی ١٩٣١ .
(٦٣) خۆزگە دەیگوت : «لەلای تۆ هەڵبەت ماف‌دان کوشتنە» .
(٦٤) ئەم بەشەی لە دیوانەکەیدا چاپ نەکراوە .

«کۆمەڵەی گەلان» لە زمانی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەرانی مێژوو «عصبة الامم»، و «کۆمەڵی ئەقوام»و نووسەرانی «هاوار» و «ڕوناهی»، «جڤاتی میللەتان»یان پێ گوتووە [٦٥].

بەدرخانی یەکان لەو دوو گۆڤارەو نووسینەکانی تریاندا زۆر جار «جڤات» یان لە بریتی کۆمەڵ و کۆمەڵەو یەکیەتی بەکار هێناوە [٦٦]. کاتی خۆی «کۆڕی زانیاری کورد» (جڤات)ی بۆ «نقابە»ش پێشنیارکرد [٦٧]. پێم وایە پێشنیارەکەشی بەجێیە چونکە خانی (جڤین)ی بۆ «کۆبوونەوەو خرۆشانی خەڵکی بەکارهێناوە» و جگەرخوێن و کوردۆیێفیش هەمان وشەیان کردۆتە زاراو.

دڵنیام لەوەی گەڕانێکی ورد بەناو پاشماوەی تۆمارو بەڵگەکانی «کۆمەڵەی گەلان»دا بۆی هەیە ڕووی تری بایەخداری مێژووی کوردمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

---

(٦٥) شیعرەکەی شێخ سەلام لە «هاوار»دا بە ناونیشانی «لەبز جڤاتی میللەتان» و لە دیوانەکەیدا بەناونیشانی «بۆ کۆمەڵی ئەقوام» بلاوکراوەتەوە.

(٦٦) بەوێنە بڕوانە:

«هاوار»، سالی یەك، ژمارە دوو، یەکی حوزەیرانی ١٩٣٢، ل ١، سالی یەك، ژمارە چواردە. ٣١ ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٢. ل ١.

(٦٧) بڕوانە:

«گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، ل ٥٢١.

باسی حەوتەم
چەند بەڵگەیەك بۆ مێژووی كورد

کاتی خۆی لە ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»دا ئەم کورتە وتارانەی خوارەوەم بێ ناوی خۆم بلاّوکردەوە[1] . لەبەر نرخی باسەکانیان بۆ مێژووی ڕووناکبیری کورد لێرەدا بە دەستکارییەکی کەمەوە دیسان بلاّویان دەکەمەوە .

یەکەم – وەقفنامەی ئەوڕەحمان پاشای بابان :

ئەوڕەحمان پاشای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا یەکێکە لە فەرمانڕەوا ناودارەکانی میرنشینی بابان ، سالّی ١٢٠٤ی کۆچی (١٧٨٩ – ١٧٩٠ی عیسایی) دەسەلاّتی گرتە دەست و بۆ ماوەی نزیکەی چارەکە سەدەیەك دەوری گەورەی لە ژیانی سیاسیی نەك تەنها کوردستان ، بەڵکو عیراق و ئێران و تورکیادا گێڕا . هەروەها یەکێکە لەو سەردارە کوردانەی سەرەتای هەستی نەتەوەیی یان تێدا بەدی دەکرێت .

بەپێی قسەی ڕیچ ئەو کاتەی سولەیمانی بچوکی پاشای بەغدا لە دەوڵەت یاخی بوو ، سوڵتان داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کرد جێگەی بگرێتەوە ، بەلاّم پاشای بابان قبوڵی نەکرد لە کوردستان و بنکەی میرنشینی باوو باپیرانی دوور بکەوێتەوە .

دەقی قسەکانی کلۆدیۆس جێمس ڕیچ لەم بارەیەوە بەم جۆرەیە :

«کاتێك کوچك سلێمانی پاشای بەغدا لە دەروازەی بالاّ[2] یاخی بوو ، ڕەئیس ئەفەندی کە لە ئەستەمبوڵەوە بۆ لابردنی هاتبوو ، حوکمەتی بەغدای بۆ ئەوڕەحمان

---

(١) «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٣٨١ – ٤١٨ .

(٢) دەروازی بالاّ لە هەموو ڕوویەکەوە پڕ بە پێستی (Porte) ، واتە «الباب العالي»یە کە تارەکو کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان بە دەوڵەتی عوسمانی دەگوترا .

پاشا پێشنیار کرد . بەڵام پیری گەورە زۆر ژیرانە ئەو شەرەفەی ڕەت کردەوەو وتی : ڕاستە بەو کارە من دەبمە وەزیرێکی لەپێش ، بەڵام تنۆکێ بەفراوی شاخەکانم هەموو ڕێزی ئیمپراتۆری‌یەت دێنێت .

جگە لەوە بە چوونم بۆ بەغدا سەروەت‌و سامانی خۆم زۆر دەبێت ، بەڵام ئەو کارەم دەبێتە هۆی هەرەس هێنانی یەکجاری‌ی بنەماڵەی بەبە»[3] .

یەکێك لە بەڵگەکانی‌تری هەستی زانستی‌و نەتەوەیی ئەورەحمان پاشا ئەوەبوو کە تاوەکو دوارۆژی ژیانی[4] بە چاوی ڕێزو خۆشەویستی‌یەوە دەیڕوانی‌یە زانایانی کوردستان . لێرەدا بەڵگەیەکی مێژوویی نەزانراو لەم بارەیەوە دەخەینە بەر چاو .

یەکێك لەو دەستنووسە نایابانەی بۆ کتێبخانەی ئەورەحمان پاشا نووسراوەتەوە «صحیحی بوخارا»یە . ئەم دەستنووسە کۆتایی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢١١ی کۆچی ، نیسانی ١٧٩٧ی عیسایی[5] لە لایەن محەمەد کوڕی شێخ یوسف کوڕی شێخ مەولان کوڕی شێخ عومەرەوە ، کە لە نەوەی وەیسی قەرەنی‌یە ، بە خەتێکی نایاب نووسراوەتەوەو لە دوو شوێنیدا مۆری ئەورەحمان پاشای بەسەرەوەیە . پاشای بابان ئەم دەستنووسەی لەسەر بنەماڵەی جەلی لە کۆیەو پاش ئەوان لەسەر زانایانی «کوردستان ، لە موسڵەوە تا بەغداو سنە» وەقف کردووە[6] . لەسەر مۆرەکەی ئەورەحمان پاشا ئەمە هەڵکەندراوە :

«وافوض امری الی الله . عبده عبدالرحمن»[7]

---

(٣)

C. J. Rich, Narrative of a Residence in Koordistan, and on the site of Ancient Nineveh, with Journal of a voyage down the Tigris to Bagdad, and an account of a visit to Shirauz and Persepolis, Vol. 1, London , 1836, PP. 96 — 97.

(٤) ئەورەحمان پاشای بابان ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی ، ١٨١٣ی عیسایی کۆچی دوایی کردووە .

(٥) بە داخەوە ڕۆژی تەواوبوونی نووسینەوەی دەستنووسەکە دیار نەکراوە . بۆیەکا نەمانتوانی لە گۆڕینی ساڵی نووسینەوەیدا بۆ سەر ساڵی عیسایی ڕۆژەکەشی دابنێین .

(٦) دەقی عەرەبی‌یەکەی بەم جۆرەیە : « . . . ثم علی العلماء الذین کانوا فی ناحیة کردستان من الموصل الی بغداد وسنندج . . .» .

(٧) بڕوانە وێنەی وەقفنامەکەی ئەورەحمان پاشای بابان لە لاپەڕە ٣٨٣و ٣٨٥ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» .

دووەم – دوو نامەی حاجی کاك ئەحمەدی شێخو ڕاستکردنەوەیەك :

حاجی کاك ئەحمەدی کوڕی شێخ مارفی نۆدێی کوڕی شێخ مستەفای کوڕی شێخ ئەحمەد یەکێکە لە گەورە پیاوو زانا پایە بڵندەکانی کوردستانی سەدەی نۆزدەمین . حاجی کاك ئەحمەد ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی ، ١٧٩٣ی عیسایی لە شاری سلێمانی لە دایك بووەو ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی ، ١٨٨٧ی عیسایی هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە . جا با سەرەتا هەڵەیەکی پچوك دەربارەی تەمەنی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ڕاست بکەینەوە .

بەپێی ئەو ساڵانەی سەرەوە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا وەفاتی کردووە . کەچی مامۆستایان ئەمین زەکیو شێخ محەمەدی خاڵ نووسیویانە گوایە ئەو زانایەمان کە کۆچی کردووە تەمەنی ٩٨ ساڵ بووە(٨) .

ئەم هەڵەیە لەوەوە هاتووە کە مێژوونووسی گەورەمان مامۆستا ئەمین زەکی تەمەنی حاجی کاك ئەحمەدی بە ساڵی هیجری لێك داوەتەوە بێ ئەوەی جیاوازیی دە ڕۆژی ساڵەکان بگرێتە بەر چاو . مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش هەرچەندە ساڵی لە دایك بوونو وەفاتی حاجی کاك ئەحمەدی گۆڕیوەتە سەر ساڵی عیساییو درووست ١٧٩٣ی بۆ یەکەمو ١٨٨٧ی بۆ دووەم داناوە ، کەچی ، لەگەڵ ئەوەش تەمەنی هەر بە ٩٨ ساڵ لە قەڵەم داوە .

حاجی کاك ئەحمەدی شێخ دەستێکی باڵای لە زانستە ئایینییەکاندا هەبووەو گەلێك نووسراوی لەم بارەیەوە بە زمانی فارسی بەجێ هێشتووە . هەمان کات حاجی کاك ئەحمەد لە نزیکەوە پێوەندیی لەگەڵ زانایانی کوردستاندا دامەزراندووە . یەکێك لەوانە زانای گەورە حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادەی کۆیە بووە . وا دیارە بەردەوام نامە لە نێوان ئەو دوو گەورە پیاوەدا هەبووە . بنەماڵەی جەلی زادە دوان لەو نامانەیان پاراستووە کە کاتی خۆی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ ناردوونی بۆ مەلا عەبدوڵلا .

---

(٨) بڕوانە :

محمد أمين زكي ، مشاهير الكرد وكردستان ، الجزء الثاني ، القاهرة ، ١٩٤٧ ، ص ١١٩ ، محمد أمين زكي ، تأريخ السليمانية وانحائها ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٢٢٤ ، محمد الخال ، الشيخ معروف النودهي البرزنجي ، بغداد ، ١٩٦١ ، ص ١٩٩ .

به داخەوە لەسەر هیچ کامێك لەو دوو نامەیە ڕۆژو ساڵی ناردنیان نەنووسراوە[٩] . بەڵام وا دیارە یەکەمیان ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی ، ١٨٨٢ی عیسایی لە سلێمانیەوە نێردراوە بۆ کۆیە . دووەمیشیان بە ناوەرۆك‌و لاوازی‌ی خەتەکەیدا لەوە دەچێت بەر لە کۆچی دوایی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بە ماوەیەکی کەم نێردرابێت[١٠] . لە سەرەتای ئەمیاندا حاجی کاك ئەحمەد فەرموویەتی :

«یا حبیبی و یا قریبی ویا محبي ابتلیت بما خرج من طاقتي وبما لا صبر لي فیه وانمی موتی مع حسن خاتمی فاعذرني . اجزتكم بالتدریس لاسیما كل عبادة لسانیة جزئیة كلیة ، وكل عبادة فعلیة . . .» .

سێیەم – چەند ڕاستی‌یەك دەربارەی شاعیری بەناوبانگ شێخ ڕەزای تاڵەبانی :

شاعیری گەورەو لێهاتووی کوردستانی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەمین‌و سەرەتای سەدەی بیست شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ئەدەبی گەلی کوردا جێگەی بەرزو شیاوە . کەچی لەگەڵ ئەوەش جیاوازی‌ی لە دیار کردنی ساڵی لە دایك بوون‌و وەفاتیدا هەیە . مامۆستا ئەمین زەکی باسی لە دایك بوونی نەکردووە[١١] . هەرچی مامۆستا عەلائەددین سەجادی‌یە ١٨٣٥ی بە ساڵی لە دایك بوونی داناوە[١٢] . دوکتۆر مارف خەزنەدار ساڵی ١٨٤٢ی داناوە[١٣] .

کوردناسانی دەرەوەش ئەو ساڵەیان بە تەواوی بۆ دیار نەکراوە . بە وێنە

---

(٩) بڕوانە وێنەی ئەو دوو نامەیە لە لاپەڕە ٣٨٨و لاپەڕەیەکی‌تری بێ ژمارەی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»دا .

(١٠) مامۆستا مەسعود محەممەدیش لەو باوەڕەدایە .

(١١) بڕوانە :
محمد امین زكي ، مشاهیر الكرد وكردستان ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٤٥ ، ص ٢٢٤ – ٢٢٥ .

(١٢) علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٢ ، ل ٣٤١ . چاپی دووەم ، بەغدا . ١٩٧١ . ل ٣٧٤ .

(١٣) د . مارف خەزنەدار ، کورتەی مێژووی ئەدەبی کوردی‌ی نوێ ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ . ل ٨١ .

ئەدمۆنس لە یەکەم نووسینیدا دەربارەی شێخ ڕەزا دوو ساڵی بۆ لە دایك بوونی داناوە : ١٨٤١ یا ١٨٤٣ [١٤] . کەچی پاش ماوەیەك ناوەندی ئەو دوو ساڵەی هەڵبژاردووەو ١٨٤٢ی کردۆتە ساڵی لە دایك بوونی [١٥] .

دوکتۆر کەمال فوئاد بە دروستی ١٢٥٣ی کۆچی ی بە ساڵی لە دایك بوونی شێخ ڕەزای تاڵەبانی داناوە [١٦] ، بەلأم وا دیارە ڕۆژو مانگەکەی بۆ نەدۆزراوەتەوە تا بە تەواوی ئەو ساڵە بەپێی ڕۆژمێری ی عیساییش دیار بکرێت ، چونکە ساڵی ١٢٥٣ی کۆچی بەر ساڵی ١٨٣٧و ١٨٣٨ی عیسایی دەکەوێت . دوکتۆر کەمال فوئاد لەو دوانە یەکەمیانی هەڵبژاردووە ، وا دیارە بەو جۆرە ویستویە کەمێك لە تەمەنی ئەو شاعیرە گەورەیەمان درێژ بکاتەوە . منیش بومایە هەر وام دەکرد .

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ١٢٥٣ی کۆچی ی وەك ساڵی لە دایك بوونی شێخ ڕەزا تەواو چەسپاند . ئەمیان بۆ دۆزینەوەی ئەو ساڵە پەنای بردۆتە بەر شێخەکانی تاڵەبان [١٧] .

شێخی گەورەی تاڵەبان لە گوندی قرخی نزیك چەمچەماڵ [١٨] لە دایك بووەو لە کەرکوك گەورە بووەو لەوی‌و لە کۆیەو سلێمانی خوێندوویەو عەرەبی‌و فارسی‌و تورکیشی بە باشی زانیوەو شیعری پێ گوتون‌و چۆتە ئەستەمول‌و بەشی دوایی ژیانی لە بەغدا بردۆتە سەر .

بە داخەوە لە تۆمار کردنی ساڵی وەفاتی شێخ ڕەزادا دیسان هەڵەکراوە . مامۆستا

---

(١٤)

C. J. Edmonds, A Kurdish Lampoonist Shaikh Riza Talabani, — (Journal of the Royal Central Asian Society) , London, Vol XX11, January 1935, P. 116.

(١٥)

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London, 1957, P. 57.

(١٦)

Kamal Fuad, Kurdische Handschriften , Wiesbaden, 1970, P. 101.

(١٧) بڕیار وابوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم ئەو ڕاستی‌یەمان لە «یادی مەردان»دا بۆ تۆمار بکات .

(١٨) قرخ‌و تاڵەبان دوو دێن کەوتوونەتە ناوچەی چەمچەماڵی نێوان کەرکوك‌و سلێمانی‌یەوە .

عەلائەدین سەجادی ۱۹۰۹ی کردۆتە ساڵی وەفاتی[۱۹] . دوکتۆر کەمال فوئادیش هەمان ساڵی داناوە[۲۰] .

گۆڕەکەی شێخ ڕەزا ، پڕ لە نوورو گوڵاو بێت ، وا لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا[۲۱] . لەسەر کێلی گۆڕەکەی شێخ ڕەزا نووسراوە :

«قد توفي الفاضل المرحوم في ليلة الجمعة المباركة من محرم الحرام سنة ۱۳۲۸» .

واتە ئەو بەڵگە گرنگەش تەنها مانگ‌و شەوی ئەو حەفتەیەی بۆ دیار کردووین کە شێخ کۆچی دوایی تێدا کردووە . بەڵام مامۆستا ئەمین زەکی ئەو ڕۆژەی بە یەکی موحەڕەم داناوە[۲۲] . لەبەر ئەوەش کە یەکی موحەڕەم پێنج شەممەدەگرێتەوە. لەسەر کێلەکەش نووسراوە شێخ شەوی هەینی کۆچی کردووە ، لەبەر ئەوە لەو بڕوایەداین یەکی موحەڕەمەکەی مامۆستا ئەمین زەکی دروست بێت . بەو جۆرەش ڕۆژی وەفاتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وای لێ دێت :

(یەکی موحەڕەمی ساڵی ۱۳۲۸ی کۆچی ، کە دەکاتە ئێوارەی پێنج شەممە لەسەر هەینی (جومعە)ی سیازدەی کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۱۰) .

لەسەر کێلی گۆڕەکەی شێخ ڕەزا بە فارسی ئەم چەند دێڕە هەڵکەندراوە :

یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمرۀ أصحاب تو
او رود در جنت‌و من در جهنم کي رواست
او سگ اصحاب کهف ومن سگ اصحاب تو

شێخ ڕەزای دونیا دیدەو زبان پەرست زۆر حەزی لە تێکەڵ بوون‌و دانیشتنی زاناو شاعیران دەکردو پێوەندیی لەگەڵ گەلێکیان هەبوو . یەکێك لە هاوەڵ‌و دۆستە نزیکەکانی شێخی شاعیر حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە بووە کە پێکڕا لە کۆیە

---

(۱۹) علاءالدین سجادی . سەرچاوەی ناوبراو . چاپی یەکەم ، ل ۳٤۱ ، ۳٤۳ . چاپی دووەم ، ل ۳۷٤ . ۳۷٦ .

(۲۰) Kamal Fuad, Op. Cit. , P. 101

(۲۱) محەممەدی کوڕی شێخ ڕەزا ، کە ئەویش شاعیر بووەو نازناوی (خالص) بووە ، لە تەنیشت باوکی‌یەوە لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادر نێژراوە .

(۲۲) محمد امين زكي ، مشاهير الكرد وكردستان ، الجزء الاول ، ص ۲۲٥ .

لای حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی حاجی مەلا عەبدوڵلا خوێندوویانەو دوای ئەوەش لە ڕێگەی نامەوە پێوەندی‌یان بەردەوام بووە . یەکێك لە نامەکانی شێخ ڕەزا تا ئیستەش ماوە[٢٣] کە بریتی‌یە لەنووسینێکی دۆستانەی . شێخ ڕەزا ئەو نامەیەی ساڵی ١٣١٣ی کۆچی (١٨٩٥-١٨٩٦ی عیسایی) نووسیوە[٢٤] . شێخ نامەکەی بەم چوار دێرە شیعرە فارسی‌یە دەست پی‌کردووە :

عیب در ذات تو ای کان هنر معدومست[٢٥]
مگر این عیب که لحم علما مسمومست
شعر من از همه سو در همه کشور ساری
علم تو در همه جا بر همه کس معلومست
میرود شعر من علم جهان گیر شما
هردو بیفائده تا جای اقامت رومست
نامه بنویس بهر طرز دلت میخواهد
همه سحراست اگر نثرو اگر منظومست

ڕۆژی ٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ کاك چالاك تاڵەبانی ئەم باسەی لای خوارەوەی بۆ گێڕامەوە :

«وێنەکێشێکی بەغدایی دەنگو باوی شێخی بیستبوو ، هەر لە دوورەوە شەیدای عەقڵ‌و زیرەکی بوبو . داوای لە نەوەی کرد هەر تاڵەبانی‌یەك ئەندامێکی دەموچاوی لەو بکات کە هاتە بەغدا بیبەنە لای . پاش ماوەیەك ئەو هونەرمەندە وێنەیەکی جەنابی شێخی دروست‌کرد . کە داپیرەم کتوپڕ چاوی پێی‌کەوت سەری سوڕماو یەکسەر پرسی ئەم وێنەیەی مامە ڕەزاتان لەکوێ بوو ، کتومت خۆیەتی !» .

چوارەم – دیسان ڕۆژنامەی «کوردستان» :

چەند دەربارەی «کوردستان»ی ڕۆژنامەی کوردی بنووسرێت هێشتا کەمە ،

---

(٢٣) بڕوانە وێنەی ئەو نامەیە لە لاپەڕە ٣٩٢ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» .
(٢٤) بەداخەوە لە نامەکەدا تەنها ساڵی ناردنی نووسراوە .
(٢٥) شێوەی نووسینەکەی شێخ ڕەزا وەك خۆی هێڵراوەتەوە .

چونکه ئەو ڕۆژنامەیە سەرەتایەکی مێژوویی گرنگ‌و پڕ لە شانازی‌یە لە سەرانسەری ژیانی ڕووناکبیری‌ی گەلی کوردا[٢٦]

وەك ئاشکرایە ڕووناکبیرانی کورد لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەمینەوە بە گەرمی تێکەڵی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەیان بوون‌و هەر لەو ڕۆژگارەشەوە لە بابەخ‌و نرخی ڕۆژنامەنووسی تێگەیشتن ، بە تایبەتی ئەوانەیان کە لە ئەستەموولْ ژیابوون ، بە خوێندبوویان‌و بە چاوی خۆیان دیبوویان ڕۆژنامەنووسی‌ی تورك‌و گەلانی‌تری ئەو دەوڵەتی عوسمانی چ دەورێك لە ژیانی کۆمەڵدا دەبینن[٢٧] . ئەمە نزیك کۆتایی سەدەی ڕابوردوو پاڵی بە خوێندەوارە دووربینەکانی کوردستانەوە[٢٨] نا بکەونە خۆ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی زگماکی خۆیان .

جێ‌بەجێ کردنی ئەم ئەرکە پێویستە نە لە ناو خاکی کوردستان خۆی‌و نە لە ئەستەموڵی پایتەخت بەهۆی ڕژێمی خوێناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە (١٨٧٦–١٩٠٩) کارێکی ئاسان نەبوو ، بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەدا کە هەر ئەوەندەت دەزانی لە یەکێك لە قوژبنەکانی کوردستاندا ڕاپەڕینێك بەرپا دەبوو . لەبەر ئەوە ڕووناکبیرانی کورد ناچار بوون هەوڵ بدەن لە دەرەوەی نیشتمان ڕۆژنامەیەکی کوردی چاپ بکەن‌و لەوێوە بە دزی‌یەوە بینێرنە کوردستان . باشترین شوێنیش لەو سەردەمەدا بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی لەو بابەتە میسر بوو ، چونکە

---

(٢٦) لەو کتێبەمدا کە بە ناوی «تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردیدا» ساڵی ١٩٧٨ بڵاوم کردەوە کەڵکم لە بەشێکی ئەم باسەم وەرگرتووە .

(٢٧) یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی تورکیادا ساڵی ١٨٢٥ بە زمانی فەرەنسی لە ئەزمیر چاپ‌کرا ، یەکەم ڕۆژنامەش بە زمانی تورکی بە ناوی «تقویم وقائع»ەوە ساڵی ١٨٣٢ چاپ‌کرا کە تورگانی دەروازەی باڵا «الباب العالی» بوو .

حەفتاکانی سەدەی نۆزدەمین ڕۆژنامە نووسی‌ی عوسمانی بە جارێك پەرەی سەند‌و ژمارەی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو وڵاتە گەیشتە ٤٧ کە سیازدەیان تورکی‌و ئەوانی‌تریان عەرەبی‌و یۆنانی ، یا بە زمانی‌تر بوون .

ژمارەیەك ڕۆژنامەی تورکی‌ی وەك «ترجمان احوال» و «تصور أفکار»و هی‌تر لە ناو خوێندەوارانی کوردیشدا بڵاودەبوونەوە .

(٢٨) بە تایبەتی ڕووناکبیرانی سەر بە بنەماڵەی بەدرخان کە ژمارەیان زۆرو ، پلەی خوێندنیان بەرزو ، توانای ئابووری‌و دەرامەتیان باش بوو .

ئەم وڵاتە لە سەردەمی محەممەد عەلیی گەورەوە (١٨٠٥-١٨٤٩) لە چنگ دەسەلاتی سوڵتانە عوسمانییەکان رزگاری بوبو. سەرەڕای ئەوە ئینگلیزەکان بەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین بە تەواوی جێ‌پێی خۆیان لە میسر قایم کردبوو، حەزیشیان دەکرد ناحەزانی دەوڵەتی عوسمانی لەوێ کۆببنەوە. نابێت ئەوەیش لەبیر بکەین کە ڕۆژنامەنووسیی میسریی ئەو ڕۆژگارە دەنگی دابۆوەو ژمارەیەك چاپخانەی گەورە بۆ ئەو کاتە لە قاهیرە کاریان دەکردو ناحەزانی دەروازی باڵای عوسمانی‌و تەختی طاووسی قاجاری لەوێ چاپەمەنیی خۆیانیان دەردەکرد.

هەموو ئەم هۆیانە پاڵیان نا بە بەدرخانییەکانەوە ڕوو بکەنە میسر بە نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردیی. بەم جۆرە ڕۆژی پێنج شەممەی ٣٠ی (ذو القعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕۆمی کە دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی لە شاری قاهیرە یەکەم ژمارەی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی گەلی کوردا لە چاپخانەی (الهلال) بە ناوی «کردستان»ەوە لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە چاپ‌کرا.

شایانی باسە بەپێی ئەو جەدوەلە باوەڕ پێ‌کراوانەی لەبەر دەستدان، بە تایبەتی جەدوەلەکەی ئەکادیمی ئۆربیللی[29]، ڕۆژی ٣٠ی (ذوالقعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە هەینی. نەك پێنج شەممە وەك لە دوو شوێندا لەسەر ژمارە یەکی «کوردستان» چاپ کراوە. بەپێی هەمان جەدوەل ڕۆژی ٣٠ی (ذوالقعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی. لەبەر ئەوەش کە لە ڕاستیی گۆڕینەکەی ئۆربیللی دڵنیاین[30]، بە تایبەتی چونکە لەو هەڵەکەمانەدا کە پرۆفیسۆر تسیبولسکی لەو جەدوەلەی گرتوون باسی نە ساڵی ١٣١٥و نە ساڵی ١٣١٦یان تێدا نییە[31]، ناچار بووین بکەوینە سۆراخی ئەوەی ئایا ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی دەکاتە ڕۆژی پێنج شەممە یا هەینی. دوای لێکۆڵینەوەیەکی

---

(٢٩) ساڵی ١٩٦١ لە مۆسکۆ چاپ‌کراوە.

(٣٠) بڕوانە ل ٢٦٩ی جەدوەلەکە.

(٣١) بڕوانە گۆڤاری «گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا»، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٦٢، ل ٢٤٥.

ورد دەرکەوت ئەو ڕۆژە دەق پێنج شەممەیە . کەوابێت ئەبێت هەڵە لە دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگە هیجرییەکانی ئەو ساڵە خۆیدا کرابێت ، کە ئەوەش ڕێی تێ دەچێت ، چونکە ، وەك ئاشکرایە ، دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگەکانی ساڵنامەی هیجری لەسەر بینینی مانگ وەستاوەو زۆر جار هەڵەی تێدا دەکرێت . کەواتە ئەو ڕۆژی (٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨)ەی لە میسر بە ٣٠ی (ذوالقعدە) دانراوە وا دیارە لە ڕاستیدا ٢٩ بووە . هەمان هەڵەش لە ژمارە سیّ و پێنجی «کوردستان»دا ڕووی داوە ، زۆر لەوانەیە ٢٨ی (ذو الحجە)ی یەکەمیان ٢٧و ٢٧ی (محرم)ی دووەمیان ٢٦ بووبن .

ڕۆژنامەی سەربەرزو تاقانەی «کوردستان» ماوەی چەند ساڵێك بە ئاوارەیی ژیاو هەر ڕۆژەی لە شارێك چاپ دەکرا ، ژمارەیەکی لە جنێڤی پایتەختی سویسرەو ، هەندێکی لە لەندەن و ، بەشێکی تری لە شاری فولکستۆن کە کەوتۆتە باشووری بەریتانیاوە ، چاپکراون . دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش «کوردستان» بووە ناوی گۆڤارێکی نوێ کە لە ئەستەموّل چاپ دەکرا[٣٢] .

بەشێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە کتێبخانە گەورەکانی دەرەوە پارێزراون . ژمارە یەکی لە کتێبخانەی لقی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی سۆڤێت لە لێنینگراد هەیە . ژمارە یەك تا سییەکی ، تەنها ژمارە دەو دوازدەو حەڤدەو هەژدەو نۆزدەی نەبێت ، لە کتێبخانەی ماربۆرگی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا پارێزراون[٣٣] . ١٨ ژمارەش لەوانەی ساڵی ١٨٩٩ چاپ کراون لە کتێبخانەی نیشتمانیی ئەنقەرە هەڵگیراون[٣٤] .

---

(٣٢) ئەمیان تەنها لە رووی ناوەوە نەبێت ئیتر هیچ پێوەندییەکی بە «کوردستان» یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە نییە . لەوەدا مامۆستایان ئەمین زەکیو محمد علی عونی بە هەڵەدا چوون (بڕوانە : محمد أمين زكي . خلاصة تاريخ الكرد وكردستان . القاهرة ، ١٩٣٦ ، ص ٣٧٠) .

(٣٣) «کوردستان – یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٠٢» ، کۆکردنەوەو پێشەکیی دوکتۆر کەمال فوئاد . بەغدا . ١٩٧٢ . «ڕووناکی» (گۆڤار) ، بەغدا ، ژمارە ١٨٠ ، ٢٣ی مایسی ١٩٦٩ ، ل ٤ .

(٣٤) بڕوانە :

(Eski harfli Turkce sureli yayinlar toplu Katalogu)., Ankara, 1963.

سالّی ۱۹۷۲ له دیمەشق له ڕێگەی ڕەوشەن بەدرخانەوە ژمارە پێنجی «کوردستان»و لاپەڕە سیّ‌و چواری ژمارە سێیم دەست‌کەوت‌و لەگەلّ وێنەی ژمارە یەکیدا پێشکەشی کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری کورد»م کردن .

له ژێر ناوی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ئەم ڕستە تورکی‌یە نووسراوە : «کردلری ایقاظ‌و تحصیل صنایعه تشویق ایچون شمدیلك . اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در» . بەلاّم له ژێر ناوی ژمارە پێنجیدا بە کوردی نووسراوە : «پازده روژا ده جارکی تیت نفیساندن جریده‌یا کردی‌یە»[۳۵] .

جێگەی شانازی‌یە بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی کە له سەرەوەی لای ڕاستی یەکەم ژمارەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەم بڕیارە پڕبەهاو مانەیە تۆمار کراوە :

«هر جار دو هزار جریندەیا بی پره ازی ریکم کردستانی دەبدەن خەلکی»[۳۶] .

زۆربەی هەرە زۆری ژمارە یەکی «کوردستان» بۆ باسی نرخ‌و بایەخی خوێندن‌و خوێندەواری تەرخان کراوەو هەموو دێڕێکی پاڕانەوەی دلّسۆزانەیە بۆ ئەوەی گەلی کوردیش وەك گەلانی‌تر دەست بداتە خوێندن . بۆ بزواندنی هەستی خەلّکی لەم بارەیەوە گەلێك فەرمایشتی پێغەمبەری موسلّمانانی دەربارەی پێویستی فێربوون‌و خوێندن هێناوەتەوە ، جگە له چەند نمونەیەکی بەجیّ سەبارەت بەوەی چۆن بە یاریدەی زانست ژاپۆن بەسەر چین‌و ، میسر بەسەر سوداندا زالّ بوون .

ژمارە پێنجی «کوردستان» کە له کتێبخانەی کۆڕ پارێزراوە ڕۆژی پێنج شەممەی ۲۷ی (محرم)ی[۳۷] سالّی ۱۳۱٦ کە دەکاتە ۱۸ی حوزەیرانی سالّی ۱۸۹۸ چاپ کراوە . بەم جۆرە میقداد مەدحەت بەدرخان له ماوەی نزیکەی دوو مانگدا پێنج ژمارەی «کوردستان»ی له قاهیرە چاپ کردووە .

---

(۳۵) وەرگیراوەکان له «کوردستان» بێ دەستکاری‌کردنی ڕێنووسیان لەم وتارەدا بلاّوکراونەتەوە .

(۳٦) له ژمارە چواری «کوردستان»ەوە کەمێك دەستکاری ئەو ڕستەیە کراوەو وەهای لێهاتووە : «هر جار دو هزار جریدەیا ازی ریکم کردستانی دە بلاش بدەن خلکی» .

(۳۷) وەك له شوێنی خۆیدا گوتمان لەوانەیە ئەو ۲۷ی موحەڕەمە له ڕاستیدا ۲٦ بوبێت .

ژماره پێنجی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر کاغەزێکی ڕەنگ سەوزی ئەنك چاپ‌کراوە. درێژی ئەم ژمارەیە، لەگەڵ ئەو پەڕەیەی ژمارە سێ کە لەبەر دەستماندایە ٨ر٣٣و پانی ٢٦ سانتیمە. سەروتاری ژمارە پێنج نامەیەکی کراوەیە بە تورکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید بەم ناوەوە: «شوکتلو عظمتلو سلطان عبدالحمید خان ثانی حضرتلرینە» واتە «بۆ سوڵتان عەبدولحەمید خانی دووەمی خاوەن شکۆو پایە». کۆتایی نامەکە، کە سەرانسەری لاپەڕەی یەکەمو دووەمی گرتۆتەوە، بە ئیمزای «بدرخان پاشا زادە مقداد مدحت قوللری»ی هاتووە. میقداد مەدحەت بەگ لەم نامەیەدا، کە دووەم نامەیەتی لە ڕێگەی «کوردستان»ەوە ئاراستەی سوڵتانی بکات، بە شێوازێکی زۆر لەسەر خۆ ئامانجەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی خستۆتە بەر چاوو داوای لی‌کردووە ڕێگەی بلاوبوونەوەی بدات. هەر بەم بۆنەیەوە لە لاپەڕە سێی هەمان ژمارەدا پێشنیاری بۆ زاناو میرو ئاغایانی کورد کردووە بە بروسکە داوا لە سوڵتان عەبدولحەمید بکەن ڕێگە بدات «کوردستان» بە ئاشکرا بنێردرێتە خاکی نیشتمان. ئەمەش بێ گومان دەچێتە خانەی خەباتی ڕووناکبیرانی کوردی ئەو ڕۆژگارەوەو شێوەو ڕێبازی ئەو خەباتە نیشان دەدات.

شایانی باسە لە کۆتایی ژمارە یەکەوە تا ژمارە سێی «کوردستان» نووسراوە «لمصری مطبعة (الهلال)دە طبع بیە»، کەچی لە کۆتایی ژمارە چوارو پێنجیدا نووسراوە «لمصری جریدەیا کردستانی طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە شەشەوە نووسراوە «مطبعا جمعیتا تفاق و فنجیا مسلمانا طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە بیستیشدا نووسراوە «لمصری مطبعا جریدەیا کردستانی طبع بیە»و لە کۆتایی ژمارە بیستودوویدا بە تورکی نووسراوە «هندیە مطبعە سندە طبع اولنمشدر»و لە کۆتایی ژمارە بیستو هەشتی‌یەوە تا کۆتایی ژمارە سیویەکی بە تورکی نووسراوە «إنتقام مطبعە سندە طبع اولونمشدر». بێ گومان ئەم هەموو چاپخانەو جی‌گۆڕی‌یەش نیشانەیەکی تری ئاوارەیی «کوردستان»ی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی‌و باری یەکجار قورسی سەر شانی ڕووناکبیرانی ئەو قۆناغەی کوردن.

دیارە دەرچونی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی گەلی کوردا هەنگاوێکی گەورەو سەرتایەکی بایەخدار بوو. دەرچونی «کوردستان» بایەخی سیاسی‌و زانستی‌ی

هەبوو . هیچ دوور نەڕۆین ئەگەر ئەم ڕۆژنامەیە نەبوایە لەوانە بو تاوەکو ئەمڕۆکەش ساڵی وەفاتی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆییان نەزانیایە . بەهۆی «کوردستان»ەوە بەوە زانرا کە زۆربەی نووسەرانمان لە دیار کردنی ساڵی کۆچی دوایی حاجی قادردا بە هەڵەدا چوون . مامۆستا ئەورەحمان سەعید ساڵی ١٣١٢ی کۆچی بۆ داناوە کە دەکاتە (١٨٩٤ – ١٨٩٥)ی عیسایی[٣٨] . مامۆستایان عەلائەدین سەجادیو گیو موکریانیو محەممەدی مەلا کەریم ساڵی ١٨٩٢یان بۆ داناوە[٣٩] . دوکتۆر مارف خەزنەدارو دوکتۆر ئیسحان فوئادیش وەك ئەدمۆنس ساڵی ١٨٩٤یان بۆ وەفاتی حاجی داناوە[٤٠] . مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە «شیعرو ئەدەبیات»ەکەیدا تەنها باسی ساڵی لە دایك بوونی حاجیی کردووە[٤١] . هەرچی مامۆستا ئەمین زەکیشە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی داناوە کە ١٨٩٦ – ١٨٩٧ی عیسایی دەگرێتەوە[٤٢] . هەرەگوڵ ئازیزان کە نازناوی جەلادەت بەدرخانە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی داناوە کە ١٨٩٤ – ١٨٩٥ی عیسایی دەگرێتەوە[٤٣] .

دوای ئەم هەموو جیاوازییە گۆڤاری «ڕووناکی» ساڵی ١٩٦٩ لە وتارێکیدا کە

---

(٣٨) «کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی» . چاپو بلاوکەر عبدالرحمن سعید ، بغداد ، ١٩٢٥ ، ل ٦ .

(٣٩) بڕوانە

علاءالدین سجادی . سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٠٩ ، ٣١٢ . چاپی دووەم ل ٣٤١ ، ٣٤٣ . «دیوانی حاجی قادری کۆیی» . هەولێر ، ١٩٦٩ ، ل ٥ . محمدی مەلاکریم ، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد . بەغدا ، بێ . ل ٩ .

(٤٠) بڕوانە :

دوکتۆر مارف خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو . ل ٤٠ ، دوکتۆر ئیحسان فوئاد ، هونەرمەندیی حاجی قادری کۆییو شوێنی لە ویژەی کوردیدا ، کورتەی نامەی دوکتۆراکەی ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٩ ،

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58

(٤١) ڕەفیق حیلمی ، شیعرو ادبیاتی کوردی ، بەغدا ، ١٩٤١ ، ل ٩٩ – ١١٨ .

(٤٢) محمد امین زکی ، مشاهیر الکرد وکردستان ، الجزء الثاني ، ص ١١٠ .

(٤٣) بڕوانە :

(Hawar), Sham, Sal 9 , Hejmar 33, 1941, L. 13

بێ ناوی نووسەرەکەی بلاّوکراوەتەوە بە یاریدەی رۆژنامەی «کوردستان» سالّی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی بە دروستی داناوە[٤٤] . وا پێ‌دەچێت ئەو وتارە هی دوکتۆر کەمال فوئاد بێت .

«کوردستان» لە لاپەڕە سێی ژمارە سێیدا وەك هەواڵ سالّی کۆچی دوایی حاجی قادری کۆیی بەم جۆرەی لای خوارەوە بلاّوکردۆتەوە :

«عالملك ژ سوار هی سالا دی وفات‌کر رحمتا خدی لیه گنهین وی بغفرینه ناف وی حاجی عبدالقادر بی اف مروف صاغیا خوەوە گلك خپی درحقا علماندنا علمو معرفتیرە گلك بیت‌و اشعارین کرمانجی دنفیسی ریدکر ولات خوە سورا عزمان سورایە لوما کرد حمی فی عزمانی نظانن . پشتا کتیبا مم‌و زینیدە بخط دست خوە هن بیت نفیسینە تبرکاً من او ابیات لۆ جریدەییدە بنفیسین وکی بدقت بی خوندن معت وان خوش تیت فهم‌کرن»[٤٥] .

دوا بەدوای ئەم قسانە «کوردستان» ئەو بەیتانەی چاپ‌کردووە کە حاجی قادر بە خەتی پیرۆزی لەسەر بەرگی پشتەوەی دیوانێکی «مەم‌و زین»ی خانی نووسیونی‌و بەیتی یەکەمیان دەڵێت :

زەمـانـە رەسمی جـارانی نـەمـاوە   چـرای نـاظـم‌و مـنشی کوژاوە

دوا بەیتیشیان دەڵێت :

لـە کوردان غـەیـری حـاجی‌و شێخی خـانی

ئـەساسی نـظـمی کوردی‌ی دانـەنـاوە

وا دیارە ژمارەکانی «کوردستان» زوو بە زوو گەیشتوونەتە دەست زۆر کەس‌و لە هەموو لایەك هەستی خەڵکەکەی بزواندووەو چاوی ڕوون کردوونەتەوە . هەر لەم ژمارەیەشدا نامەیەکی تێدایە کە (ن . ح .) ناوێك لە شامەوە ناردوویە بۆ میقداد مەدحەت بەدرخان‌و بە ئەوپەڕی بەختیاری‌یەوە باسی گرنگی‌و بایەخی«کوردستان»ی کردووەو بەم جۆرە هەستی خۆی بەرامبەر خاوەنەکەی دەربڕیوە :

« . . رحمت لباب تە بت خدی دولتا تە مظن بکت او عدل‌و کرما باب تە

---

(٤٤) «ڕووناکی» . هەینی . ٢٣ی مایسی ١٩٦٩ . ل ٤١ .

(٤٥) دەق قسەکانی «کوردستان»ە بێ دەستکاری‌ی شێوازو ڕێنوس .

کری نهو ژی دبت سبا رحمتی او جریده ته سر قنجیا کردا دربخستی اڤ ژی نیزك وی‌یه زمانی قنجی هوقاس دبت . . .» .

هەر دوا بەدوای ئەم نامەیە هەڵبەستی لاوێکی کوردی شام بە ناوی شێخ أ . فەتاحەوە بڵاوکراوەتەوە کە ئەمیش بە ئاشکرا نیشانی دەدات ڕۆژنامەی «کوردستان» چ دەنگێکی لە ناو کوردا داوەتەوە . لە ژمارەکانی تریشدا گەلێك نمونەی لەو جۆرە بەر چاو دەکەون .

هیچ گومانێك لەوەدا نی‌یە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» چرایەکی پرشنگداری نوێ بوو لە ئاسۆی ژیانی ڕووناکبیری‌ی کوردا هەڵکرا . ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووس‌و نووسەرانی خۆو بێگانە ئەم ڕاستی‌یەیان تۆمار کردووە . دوکتۆر شاکیر خەصباك‌و دوکتۆر بلەچ شێرکوە «کوردستان»یان بە سەرەتای گۆڕین لە ژیانی کوردا داناوە[٤٦] . دیارە هەر ئەم هۆیانەش مەترسی‌یان خستە ناو دڵی کاربەدەستانی تورکیاوەو وای لی‌کردن هەر لە سەرەتاوە بڵاوبوونەوەی «کوردستان» لە ناو وڵاتی عوسمانیدا قەدەغە بکەن ، ئەو ڕاستی‌یەی لە ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە خۆیەوە بە ڕوونی دیارە . «دەروازەی باڵا» بەوەشەوە نەوەستا ، بەو نامەیەی میقداد مەدحەت بەدرخاندا کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی ناردووەو وەك سەروتار لە ژمارە پێنجی «کوردستان»دا بڵاوی کردۆتەوە ئاشکرا دیارە چۆن پیلاوانی سوڵتان کەوتوونەتە بیانووگرتن‌و شەڕ فرۆشتن بە خاوەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» ، بە ڕادەیەك داوایان لە کاربەدەستانی میسر کردووە ئەو نیشتمانپەروەرەی کورد وەك «تاوانبارێك» بینێرنەوە ئەستەموڵ . وا دیارە ئەو فشارە زۆرەی چەتەوڵەکانی سوڵتان میقداد مەدحەت بەدرخانی ناچارکرد لە دوای ژمارە پێنجی‌یەوە ئیتر دەست لە دەرکردنی «کوردستان» هەڵبگرێت‌و بەدرخانی‌یەکان ناچار بوون ڕۆژنامەکە بگوێزنەوە شاری جنێڤ‌و لێرە بەدواوە عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی برای میقداد مەدحەت[٤٧] چاپ‌کردنی گرتە ئەستۆی خۆی .

---

(٤٦) بڕوانە :
الدكتور شاكر خصباك ، انكرد والمسألة الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ٢٩ ، الدكتور بلەچ شيركوه . القضية الكردية . ماضي الكرد وحاضرهم ، القاهرة ، ١٩٣٠ ، ص ٥١ .

(٤٧) میقداد مەدحەت ناوێکی لێکدراوی وەك ئیسماعیل حەقی‌و مستەفا کەمال‌و گەلێکی‌تره کە بەپێی دەستووری ئەو ڕۆژگارە لە وڵاتی عوسمانیدا باو بووە .

بەم جۆرە لە ڕێگەی «کوردستان»ەوە دەتوانرێت گەلێك لایەنی بایەخداری وێژەو مێژووی نوێی گەلی کورد ڕوون بکرێتەوە . «کوردستان» لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی گەلی کوردو سامانێکی بەهاداری‌یەتی .

پێنجەم – مۆرو تۆرگانی «کۆمەڵەی کوردستان» :

لە سەرەتای سەدەی بیستەوەو بە تایبەتی دوا بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ی تورکە لاوەکان کە تەخت‌و تاراجی سوڵتان عەبدولحەمیدی زۆرداری تە بندا هەڵتەکاند ، ڕوونا کبیرانی کورد لە ئەستەموڵ‌و دیاربەکر کەوتنە دامەزراندنی کۆمەڵ‌و ڕێکخراوی سەربەخۆی وەك «کردستان جمعیتی»و «کورد تعمیم معارف و نشریات جمعیتی» و «کردستان تعالی جمعیتی» و «کورد قادینلری تعالی جمعیتی» و هی‌تر . لەو کاتەدا تەنانەت ئافرەتی کوردیش کەوتە خۆو دەستەیەکی پێشڕەوییان «کۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد»یان دامەزراند[٤٨] . ئەم ڕێکخراوانە دەورێکی بالآیان لە بزوتنەوەی نەتەوەیی‌و ژیانی ڕووناکبیریی گەلی کوردا بینی .

لە کوردستانی عیراق تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان هیچ کۆمەڵ‌و ڕێکخراوێك دروست نەبوو . لەوساوە ، وەك ئاشکرایە ، گەلی کورد هاتە کۆڕی خەباتێکی سەخت‌و درێژخایەنەوە دژی ئینگلیزی داگیرکەرو لە مەیانی ئەم خەباتەدا بەشێك لە ڕووناکبیرانی ئەم بەشەی کوردستان کەوتنە ئەوەی لە بایەخی کۆمەڵ‌و ڕێکخراوو جێگەیان لە ژیانی گەلدا تێ‌بگەن . بەم جۆرە لە بیستەکانەوە لێرەش دەست‌کرا بە دامەزراندنی چەند کۆمەڵ‌و ڕێکخراوێك . مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەم بارەیەوە نووسیوی‌یە دەڵێت :

«لاوە نیشتمانپەروەرەکانی کورد . . . هەر ڕۆژە کۆمەڵێکیان دائەمەزراند»[٤٩] .

کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عیراق ئەو ڕۆژگارە کەڵکی زۆریان لە تاقی‌کردنەوەکانی کۆمەڵ‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی تورکیا وەرگرت ، بە تایبەتی چونکە بەشێك لە دامەزرێنەران‌و ئەندامە چالاکەکانیان بەر لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەموڵ خوێندبوویان‌و کاریان کردبوو .

---

(٤٨) «کورد قادینلری جمعیتی» .

(٤٩) بروانە :

رفیق حلمی ، یادداشت ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٢٨ .

یەکێك لەو کۆمەڵانەی سەرەتای بیستەکان لە کوردستانی عیراق دامەزرێنرا «جەمعیەتی کوردستان» بوو . ئەم کۆمەڵە یەکەم ڕێکخراوی ئاشکرا بوو لە مێژووی کوردستانی عیراقدا کە کاربەدەستانی ئینگلیز لەبەر گەلێك هۆ ناچار بوون ڕێگەی کارکردنی پێ بدەن .

«جەمعیەتی کوردستان» ڕۆژی هەینیی ٢١ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٢ لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا لە مزگەوتی سەید حەسەنی موفتی لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی دامەزرێنراو لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە مامۆستایان ڕەفیق حیلمیو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگو صالح قەفتانو فایق بەگی مارف بەگو حاجی ئاغای فەتحوڵلاو عیزەت بەگی عوسمان پاشاو ئەدهەم ئەفەندیو ئەحمەد بەهجەتو شێخ محەمەدی گولانیو شێخ عەلیی سەرکارو عەلیی باپیر ئاغاو عەبدوڵلا ئەفەندیی محەمەد ئەفەندیو شوکری عەلەکە بۆ بەڕێوە بردنی کۆمەڵەو ئۆرگانی کۆمەڵە هەڵبژێردران [50] .

«جەمعیەتی کوردستان» مۆری تایبەتیی خۆی هەبوو کە ناوی بەم جۆرە لە سەر هەڵکەندراوە : «جمعیت کردستان» . لەسەروو ناوەکەشییەوە وێنەی ڕۆژ هەڵکەندراوە [51] . ئەم مۆرە لە لایەن خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکیی کوڕی مستەفا پاشاوە پارێزراوە .

هەمان کات ڕێگە بە «جەمعیەتی کوردستان» درا ئۆرگانێکی حەفتانە بە ناوی «بانگی کوردستان»ەوە [52] دەربکات کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژی چوار شەممەی ٨ی (ذوالحجە)ی ١٣٤٠ی کۆچی ، ٢ی ئابی ساڵی ١٩٢٢ی عیسایی لە سلێمانی

---

(٥٠) بڕوانە :

«بانك کردستان» ، سلێمانی ، ژمارە یەك ، دووی ئاغستۆسی ١٩٢٢ ، ل ١-٢ .

شایانی باسە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا تەنها ناوی حەوت لەو ئاندامە هەڵبژێرراوانەی نووسیوە (رفیق حلمی . یادداشت . جزمی پێنجەم ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٤٨٦ ٤٨٧) .

(٥١) بڕوانە وێنەی ئەو مۆرەی «جەمعیەتی کوردستان» لە لاپەڕە ٤١٤ی ژمارە یەکی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»ا .

(٥٢) «بانك کردستان» .

چاپ‌کراوە . لە لای سەرەوەی یەکەم ژمارەی «بانگی کوردستان» نووسراوە :

«صاحب امتیازو مدیر مسئول مصطفی پاشا ، محرر کوردی‌و فارسی علی‌کمال‌و م.نوری ، محرر تورکی رفیق حلمی» .

لە ژێر ناوی رۆژنامەکەشدا ئەمە نووسراوە :

«زمـــان گوززو رابوردو ایـســتـــا پـــالوان عــلـــمـــه
سلاح دستـــه صـــنـعـت بـارقـۀ تـيـغ‌و سـنـان عـلـمـه

علمی ، اجتماعي ، ادبي ، غزتەیەکی حرو سربست ملی‌یە ، هفتۀ جاریك دردچی»[٥٣] .

هەموو لاپەڕەکانی مێژووی رۆژنامەنووسی‌ی کوردی‌ی جێگەی شانازین . تەنانەت زۆر دەگمەن هەڵدەکەوێت رۆژنامەیەك ، یا گۆڤارێکی کوردی‌ی . بەوانەشیانەوە کە بۆ مەبەستی تایبەتی‌ی دەرکراون ، دەورێکی کۆنەپەرستانەی دیبێت . وەك بەڵگە لێرەدا پێ دەستکاری‌ی نمونەیەکی پچوك لە «بانگی کوردستان»ەوە دەهێنینەوە . لەسەر لاپەرە سێی ئەو رۆژنامەیە ئەمە نووسراوە :

«مصرف چاپ‌کردن‌و سایرە» اول نسخۀ ام غزتەیە لە طرف اعضایان دائمی جمعیت کردستانەوە تأمین کراو و ام اول نسخەیەی تبرکا ومجانا توزیع و تقدیم بردران وطن دکری» .

لە هەمان ژمارەشدا بە ناوی «صاحب امتیاز میر لوا مصطفی»وە ئەمە بلاوکراوەتەوە ، کە لەبەر بایەخی بە دەستکاری‌ی شێوازی نووسینەکەیەوە دەیخەینە بەر چاوی خوێندەوان :

«السلام علیکم ئەی کوردان ، ئەی قەومی قەدیمی پەهلەوی ، گوێ بگرن لە «بانگی کوردستان» . ئەم بانگە بۆ خەبەرداری‌ی هەموو کوردانە ، بۆ هوشیاری‌ی شێرانە . بۆ بیستنی باوك‌و دایکانە . گوێ بگرن ئەم بانگە چی تێدایە ، ئەم هاوارە بۆچی‌یە . قسەی پروپوچی کۆلانان . درۆ هەڵبەستنی رێگاوان بەسی‌یە ، تەماشای عالەم بکەن لە صنعەت‌و مەعریفەتدا لە ئێمە پاشکەوتوتر کێ هەیە ؟ ، کالایەکان نی‌یە بۆ سەتری عەورەتمان کافی بێ ، دەرزی‌و دەزویەکان نی‌یە کە دەستکردی

(٥٣) دەستکاری‌ی شێوازی رێنووسەکەی نەکراوە .

وڵاتمان بێ ، نیشانەی عەزەمەت و خانەدانیش کە ئیستە عیبارەتە لە شەکرو چا ، ئەوانەیش هی کوردستان نین ، لە جێگایانی دوور دێتن . پارچە کاغەزێك کە بۆ نوشتەی چەورو شیرین بێ ئەویش لە فەرەنکستانەوە[٥٤] دێت ، لە صەدا چوارمان تێدا نی‌یە کە کاغەزێك بۆ کەسوکاری و سرێکی مەحرەمانە بۆ عائیلەی خۆی بنووسێ . مشکی و مێزەرمان لە ئێران و فرنکستان و گوروونی گوڵ حۆقەیمان لە هندوستان و عەبای گەورە گەورەی نازدارانمان لە عەرەبستان و کفنی مردوانمان لە ئەوروپاو مەلۆتکەی منداڵانمان لە ئەمەریکاوە بۆ دێت» .

ژمارەکانی «بانگی کوردستان» پڕیانە لە هەواڵ و باس و وتاری گرنگ کە ، بێ‌گومان ، کەرەستەیەکی بەنرخن بۆ ڕوون کردنەوەی گەلێك لایەنی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کورد[٥٥] .

«بانگی کوردستان» لە سلێمانی چواردە ژمارەی لێ‌دەرچوو کە هەموویان ، وەك لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکە خۆیدا نووسراوە ، «لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی» چاپ‌کراون .

ڕۆژی دەرچوونی ژمارە چواردەی «بانگی کوردستان» ٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣یە ، بارستی هەموو ژمارەکانیشی ٢ر٢١×٣٤ سانتیمەو ژمارە چواردەی نەبێت کە چوار لاپەڕەیە هەموو ژمارەکانی‌تری شەش لاپەڕەیین .

شایانی باسە مستەفا پاشا یامولکی سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ هەر بە ناوی «بانگی کوردستان»ەوە سێ ژمارەی‌تری دەرکرد کە لەسەریان نووسراوە (١٤–١ ، ١٤–٢ ، ١٤–٣) . ئەمیان مستەفا شەوقی نووسەرو کەریم ڕۆستەم کارگێڕی بوون .

---

(٥٤) «فرنکستان» واتە وڵاتی فەرەنگان . لە ناوی ئەو دەستە هۆزە ئەوروپایی‌یە دێرینەوە هاتووە کە بە لاتینی (Franci) و بە فەرەنسی (Francs) یان پێ دەڵێن . ئەو هۆزانە لە کۆنەوە خاوەن دەسەڵات و دەوڵەت بوون . لە زمانە ڕۆژهەڵاتی‌یەکاندا بۆتە ئەفرەنجی و زۆر جار لە بریتی ئەوروپایی بەکار هێنراوەو وەك زاراو لە ناو چین و دەستەکانی سەرەوەی کۆمەڵدا باوبوو . تا ئەم دواییانەش بەکار دەهێنرا . وا دیارە لە ڕێگەی زمانی تورکی‌یەوە تێکەڵ بە کوردی‌ی خۆمان بووە .

(٥٥) کاك جەمال خەزنەدار کارێکی چاکی کرد کە وێنەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەی بڵاوکردەوەو بەو جۆرە بووە سەرچاوەیەکی بەردەستی خۆو بێگانە (بڕوانە : «بانگی کوردستان» ، کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٤) .

شەشەم - یەکەم گۆڤاری منداڵان بە کوردی :

تەمەنی تاقەساڵانەی «کۆماری مەهاباد» ، کە ڕۆژی ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ دامەزراو کانونی یەکەمی هەمان ساڵ ڕوخا ، بووە ڕۆژی گەشە کردنەو برەوی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی‌ی . لەو ماوە کەمەدا بە پێوانەی کوردستان ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی چاپ کرا ، وەك «کوردستان» و «هەڵاڵە»و «هاوار» و «هاواری نیشتمان» و «هاواری کورد»و هی‌تر . هەر لەو ڕۆژانەشدا یەکەم گۆڤاری منداڵان لە مێژووی گەلی کوردا بە ناوی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد»ەوە چاپ‌کرا .

«گڕوگاڵی منداڵانی کورد» لە «چاپخانەی کوردستان»ی شاری مەهاباد چاپ دەکراو لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە : «بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان»ە . دەوروبەری کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٤٦ ژمارەی یەکەمی لێ دەرچو . ژمارەی دووەمی ڕۆژی یەکی جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٥ ، ٢١ی مایسی ١٩٤٦و ژمارە سێی ڕۆژی یەکی پوشپەڕی ١٣٢٥ ، ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ دەرچوون . وا دیارە هەر ئەو سێ ژمارەیەشی لێ چاپ‌کراوە(٥٦) .

بارستی ژمارە دوو و سێی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» (٥ر٢٢ ×١٥) سانتیمە . قادری مودەڕیسی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد . لە هەردووك ئەو دوو ژمارەیەدا چەند دەرسێکی زمانو جوگرافیاو باسی‌تریان تێدا بڵاوکراونەوە . بەرگی ژمارە سێی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» بە وێنەی صەلاحەددینی ئەیوبی ڕازێنراوەتەوە .

---

(٥٦) ژمارە ٢و ٣ی «گڕوگاڵی منداڵانی کورد» لای خۆم هەن ، هەر کەسێك بیەوێت دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت . هەروەها وێنەیان لە کتێبخانەی کۆڕ هەیە .

باسی هەشتەم
چمكێك لە مێژووی یەکەم چاپخانەی كوردی لە شاری سلێمانی

ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی ئاوێنەی بێ‌غەل‌و غەشی لاپەڕەی پڕ بەسەرهاتی مێژووی گەلەکەمانە (*) . شەونخونی‌و هەوڵ‌و تەقەلای بێ‌وچانی سەربازە ونەکانی ئەم مەیدانە گرنگەی زبانی ڕوناکبیریان شایانی نرخاندنی بەرزو لێکۆڵینەوەی وردە . بەداخەوە کەسیان کانی خۆی نەکەوتینە عەودالّی یادداشتی ئەو نەمرانەی بناخەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی‌یان داڕشت ، بۆیەکا نهێنی‌و داستانی دانسقەی زۆرمان لەکیس‌چوو ، لەگەڵ پیرەمێردو حسەین حوزنی موکریانی‌و صالح قەفتان‌و زۆر ڕۆڵەی‌تری بەوەفای گەلەکەماندا بە داخەوە چوونە ژێر گڵەوە . ئەمیشیان ، وەك زۆر شتی‌ترمان ، دەبو وابێت ! ! .

لە دانیشتنێکدا مامۆستا ئەحمەد خواجام گێڕابەوە دەورووبەری ٦٠ ساڵ لەمەوبەر . کەوتینە باسی یەکەم چاپخانەی کوردی‌ی کە ئینگلیزەکان لە سلێمانی دایانمەزراند . هەندێك ڕاستی‌ی نەزانراوو بەنرخی نوێم دەسکەوت کە شایانی تۆمارن .

دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود (کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩١٩) ئینگلیزەکان مێجەر سۆنیان کردە حاکمی سیاسی‌ی هەرێمی سلێمانی بەو نیازەی زیاتر چاوی خەڵکەکەی پێ بترسێنن‌و زیرەکانەش دڵیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن . سۆن بۆ ئەم فەرمانە لە هەموو ئینگلیزەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەستی دەدا . کوردی‌یەکی باشی دەزانی‌و چاك شارەزای کون‌و کەلەبەری ئەو بەشەی کوردستان بوو ، وەك هەموو داگیرکەرێك ژەهرو شەکری تێکەڵ دەکرد .

(*) لە «ڕۆشنبیری نوێ» ، ژمارە ٧٧ ، تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ ، ل ٣١ -٣٤دا بلاوکراوەتەوە .

زۆر جار پەنای دەبردە بەر ستەم و زۆرداری ، جاریواش هەبوو دەستی یاریدەی بۆ دەستەیەك درێژ دەکردو ئەم و ئەوی دەکڕی . بەڵام وەك ئەورووپاییەکی پێشکەوتوو بیری دەکردەوەو بۆ خۆشی کوردناسێکی گەورە بوو ، بۆیەکا دامەزراندنی چاپخانەیەکی کوردیی بە پێویست زانی . هەر ئەو سەردەمەش ئینگلیزەکان ژمارەیەك چاپخانەی کۆنیان هێنایە عیراق بۆ ئەوەی کاری میری و مەبەستی پڕۆپاگەندەی خۆیان باشتر بەرنەسەر . لەسەر پێشنیاری مێجەر سۆن یەکێك لەو چاپخانانە بەر شاری سلێمانی و یەکێکی تریان بەر شاری کەرکووك کەوت .

مێجەر سۆن خۆی سەرپەرشتیی کاری چاپخانەکەی سلێمانیی دەکردو ریی بۆ شوێنێکی باشی بۆ دانا . بەرامبەر ماڵی حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا خانووی فارس ئەفەندیی بۆ گرت و کردییە مەڵبەندی . گەورەترین کۆسپی ئەوە بوو چۆن و لەکوێ تیپکار پەیدا بکات . ئەو سەردەمە کرێکاری خوێندەوار قاتی بوو . هەرچۆن بوو سۆن توانی سێ لاوی خوێندەوار قابیل بکات کە کاری چاپخانەکە بگرنە ئەستۆ – شێخ مەجیدی شێخ عارف و ئەدیب عەزیزو محەمەد زوهدی . ئەو سێ پێشڕەوەی ڕۆژنامەنووسی و چاپخانەگەریی کوردیی عیراق بە هەرسێکیان تیپەکانیان ڕێك دەخست و پرۆڤەی نووسینەکانیان ڕاست دەکردەوەو ئینجا بە مەکینەیەکی دەست لە چاپیان دەدا . ئەم کارە هەرچەندە زۆر گران نەبوو ، بەڵام ئاسانیش نەبوو .

یەکەم کاری چاپخانەی سلێمانی ئامادەکردنی کاغەزو تۆماری تایبەتی بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری میری . بەڵام گەورەترین کاری دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە کوردستانی عیراق . دوای کۆششێکی زۆر مێجەر سۆن ڕۆژی ۲۹ی نیسانی ساڵی ۱۹۲۰ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»ی خستە بازارەوە . «پێشکەوتن» (۲۰×۳۲سم) حەفتەی جارێك ، سەرەتا بە چوارو دوایی شەش لاپەڕە دەورووبەری دوو ساڵ بە ڕێکوپێکی دەرچوو . مێجەر سۆن خۆی سەرپەرشتی دەکردو جاروباریش نووسینی تێدا بڵاودەکردەوە ، ئەمە نموونەی یەکێك لە نووسینەکانی یەتی :

«بۆ زانینی هەموو :
مەجید کوڕی عەلیی هەمەوەندی ۲۷ ساڵەیە ، دەستە پیاوە ، سمێڵی پڕو

درێژه ، ڕیشی تۆپه ، مووی سووره ، پیاوی کوشتووه‌و هه‌ڵاتووه ، هه‌چ که‌سێ هه‌واڵی ئه‌و مه‌جیده بدا که بۆ کوێ چووه یا بیگرێ‌و بیگه‌یێنێته حوکمه‌ت سێ صه‌د روپیه‌ی ئه‌درێتێ .
حاکمی سیاسی مێجه‌ر سۆن»[1] .

«پێشکه‌وتن» بۆ کات‌و شوێنی خۆی ڕۆژنامه‌یه‌کی ده‌وڵه‌مه‌ندو پێشکه‌وتوو بوو . ده‌سته‌یه‌ك ڕووناکبیری ناوداری وه‌ك جه‌مال عیرفان‌و شێخ نوری شێخ صالح‌و جه‌میل صائیب‌و زه‌کی صائیب به‌رهه‌می خۆیان تێدا بلاوده‌کرده‌وه‌و به‌و جۆره «پێشکه‌وتن» شوێنی دیاری له مێژووی ڕۆژنامه‌نووسی‌ی کوردیدا بۆ خۆی کرده‌وه‌و ئیمرۆ ژماره‌کانی یه‌کێکن له سه‌رچاوه ڕه‌سه‌نه‌کانی لێکۆڵینه‌وه‌ی زۆر لایه‌نی ژیانی گه‌له‌که‌مان .

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش ناوه‌رۆکی ژماره‌کانی «پێشکه‌وتن» له هه‌ڵه‌ی گه‌وره‌و نیشانه‌ی دواکه‌وتوی بێ‌به‌ش نه‌بوون . لێره‌دا ئه‌م نمونه سه‌یره ده‌خه‌ینه به‌رچاو که ئه‌و ڕۆژنامه‌یه ده‌رباره‌ی ڕه‌گه‌زی کورد بلاوی کردۆته‌وه . له یه‌کێك له ژماره‌کانیدا «پێشکه‌وتن» نووسیویه ده‌ڵێت :

«که ده‌نگوبانگی[2] پێغه‌مبه‌رێتی‌ی محمد المصطفی (صلعم) گه‌یشت به هه‌موو لایه‌ك‌و غه‌لغه‌له‌ی خسته دونیاوه وای لێ هات که خاقان‌و سه‌لاطین حه‌ڵقه‌ی به‌نده‌یه‌تی‌ی ئه‌و سه‌روه‌ره بخه‌نه گوێ . ئۆغوز خان که له‌و وه‌خته‌دا گه‌وره‌ترین سه‌لاطینی تورکستان بوو له پیاوماقوڵی کورد به‌غدوز ناوی سه‌روسه‌کوت ناشرینی نارده خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (صلعم) . . پێغمبه‌ر (صلعم) که چاوی پێ‌که‌وت له سه‌رو گوێلاکی قێزی کرده‌وه . عه‌شایرو قه‌بایلی پرسی ، به‌غدوز وتی له ئه‌کرادم ، ئه‌و حه‌زره‌ته‌یش فه‌رمووی خوای ته‌بارکه‌ن ته‌عالا ئه‌م تایه‌فه‌یه موه‌فه‌ق به ئیتفاق نه‌کات ئه‌گینا عاله‌مێك له‌ده‌ست ئه‌وان به‌ته‌نگ دێن . ئیتر له‌و ڕۆژه‌وه ده‌وڵه‌ت‌و سه‌ڵته‌نه‌تی گه‌وره بۆ ئه‌مانه ڕێك‌نه‌که‌وتووه پێنج تایه‌فه نه‌بێت . .»[3] .

مێجه‌ر سۆن نه به ڕۆژنامه‌ی «پێشکه‌وتن»و نه به هیچ کارێکی‌تری نه‌یتوانی گه‌لی

(1) «پێشکه‌وتن» ، سلێمانی ، ٣ی مارتی ١٩٢١ .
(2) ته‌نها ده‌سکاری‌ی ڕێنووسه‌که‌ی کراوه .
(3) «پێشکه‌وتن» ، ١٤ی ئۆکتۆبه‌ری ١٩٢٠ .

کورد فریو بدات . نیشتمانپەروەرانی کوردستان سەریان بۆ ئینگلیز شۆڕ نەکردو سوور بوون لەسەر ئەوەی داگیرکەر ناچار بکەن ڕێگە بدات شێخی پێشەوا لە هەندەران ، لە دۆرگەی ئەندامانەوە بگەڕێتەوە خاکی نیشتمان[٤] . لە یەکێك لە دەکومێنتە تایبەتی‌یەکانیاندا ئینگلیزەکان بێ‌پێچ‌وپەنا دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو سەردەمە «هەموو هەستی نەتەوەیی‌ی خەڵکی کوردستان ئاراستە کرابو بۆ گێڕانەوەی شێخ مەحموود»[٥] . ئینگلیزەکان ناچار بوون سەر بۆ ویستی گەل شۆڕ بکەن‌و پیلانی لەناوبردنی شێخ لەبیر خۆیان بەرنەوە[٦] و ڕێگەی بدەن بگەڕێتەوە بەو هیوایەی «دەرسی» لە دەردو ئازاری دەربەدەری‌ی چەند ساڵەی وەرگرتبێت[٧] . بەڵام شێخ وەك نیشتمانپەروەرێکی ڕەسەن هەر دەرسەکەی جارانی دەوور دەکردەوە ، بۆیە کە گەڕایەوە لەوسا زیاتر سوورتر بوو لەسەر ئەوەی پێی بێگانە لە خاکی نیشتمان ببڕێت . چەند دەکومەنتێکی گرنگی‌تری ئینگلیزەکان باسی ئەوە دەکەن چۆن شێخ بەر لەوەی بگاتەوە سلێمانی هەر لە ڕێگەوە پەیوەندی نهێنی‌ی لەگەڵ هێزە نیشتمانی‌یەکانیدا بەست‌و ویستی کەڵك لە دوژمنایەتی‌ی کەمالی‌یەکانی تورکیا وەربگرێت کە ئەو ڕۆژانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوان گەورەترین ناحەزی ئینگلیز بوون[٨] .

---

(٤) دوای دامرکاندنەوەی قۆناغی یەکەمی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموودو بریندار بوونو بەدیل گرتنی خۆی‌و دوای بڕیاردانی خنکاندنی دوورخرایەوە دۆرگەی ئەندامان

(٥) بڕوانە

(Iraq . Report on Iraq administration April 1922 — March 1923), London, 1924, P.33.

(٦) کە لە شەڕی دەربەندی بازیاندا (١٧ ی حوزەیرانی ١٩١٩) شێخ مەحموود بریندار بوو و ئینگلیزەکان لە ژێر بەردە قارەماندا بە دیل گرتیان ، فەرمانبەری سیاسی‌ی گشتی‌ی ئەوسای عیراق ئارنۆلد ولسن لەناوبردنی شێخی بە پێویست زانی بۆ ئەوەی گوایە «ئاسایش بگەڕێتەوە کوردستان» .

بڕوانە :

A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920. A clash of loyalities. A personal and historical record, London, 1930, P. 139.

(The letters of Gertrude Bell), London, eleventh printing , April 1930 , P. 433.

(٨) بڕوانە :

(Special Report by His Majesty's Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the progress of Iraq during the period 1920 — 1931) , London , 1931 , P . 255. (Report on Iraq Administration April 1922 Marth 1923) , P . 36.

ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٢ شێخ گەیشتەوە سلێمانی . زۆری نەخایاند تەنگی بە ئینگلیز هەڵچنیو ناچاری کردن دەست لە ناوچەی سلێمانی هەڵبگرن کە دیسان بانگی ئازادیی تێدا درا . ئینگلیزەکان نەیانتوانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان بەرن چونکە هەر زوو شۆڕشگێڕانی کورد دەستیان بەسەردا گرت . ئەو چاپخانەیە دەورێکی گەورەی لە ژیانی سیاسیو ڕوناکبیریی ئەو ڕۆژە ناسکانەی کوردا بینی . لە هەمووی گرنگتر ئەو دوو ڕۆژنامەیە بوو کە وەك ئۆرگانی ڕژێمەکەی شێخی نەمر بە ناوی «بانگی کوردستان»و «ڕۆژی کوردستان» ەوە بلاوی کردنەوەو هەر زوو بوونە لاپەڕەیەکی زۆر دیاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی .

چالاکیی ڕووناکبیرانی کورد لەو ڕۆژانەدا ئەوەندەی تر ڕقی ئینگلیزی هەڵساندو زیاتر پاڵی پێوەنان کە ڕۆژێك زووتر ڕژێمە ساواکەی شێخ مەحموود زیندەبەچاڵ بکەن . تۆپو فڕۆکەو پارەو هەموو کردارێکی نزم تێکەڵ بوونو شێخیان ناچارکرد بەرەبەیانی ٢٤ی مارتی ١٩٢٣ جارێکی تر شار بەجێ بهێڵێتو لەگەڵ لایەنگرەکانیدا بگوێزێتەوە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری سوورداش . ئەمجاریان شۆڕشگێڕانی کورد لە جاران زیاتر شوێنی چاپو چاپەمەنییان لە خەباتی گەلدا دەنرخاند ، بۆیەکا لەو ڕۆژە سەختەدا بە هەوڵو تەقەلایەکی زۆرو پیاوانە چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە ئەشکەوتی جاسەنو ڕۆژنامەی «بانگی حەق» یان پێ چاپکردو لەوێوە ژمارەیان لێ دەگایاندە زۆر هەرێمی کوردستان .

دیارە ئینگلیز بەوە قایل نەدەبوون بنکەی شۆڕش لە بن دەستیانەوە بێتو لەوێوە تەنگیان پێ هەڵچنن . لەبەر ئەوە دەوروبەری کۆتایی مایسی ١٩٢٣ هێزەکانیان بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی سوورداش ناردو شۆڕشگێڕانی کوردیان ناچارکرد ڕووبکەنە پێنجوینو پیران . وا دیارە ئەمجاریان نەیانتوانی چاپخانەکە لەگەڵ خۆیان بەرنو بەوجۆرە کەوتەوە دەست ئینگلیزەکان[٩] کە دەستوبرد لە ئەشکەوتی جاسەنەوە گواستیانەوە شوێنەکەی جارانی لە سلێمانی .

---

(٩)

C. J. Edmonds , Kurds , Turks and Arabs . Politics travel and research in North — Eastern Iraq , London , 1957 , P . 332.

ئەم هەنگاوانەش دادی ئینگلیزیان نەدا ، هەر رۆژە لە لایەکەوە مۆتەکەی شۆرشی کورد خۆی نیشان دەدان تا ناچاری کردن دیسان دەست لە سلێمانی هەڵبگرن . رۆژی ١٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٣ هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز شاریان بەجێ هێشت ، ژمارەیەك سەرشۆری نیشتمانو رووڕەشی مێژووش کە زراوەترەکی تۆڵەی گەل بوون لەگەڵیان شاربەدەر بوون[١٠] . شۆرشگێرانی کورد بە سەرکردایەتی ی کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند بە ناوی شێخەوە کاروباری شاریان گرتەوە دەست تا خۆی رۆژی ١١ی تەمووز بە سەربەرزی گەرایەوە .

ینگلیزەکان دیسان فریا نەکەوتن چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان بەرن ، بەڵام وەك جاری پێشوو بەجێیان نەهێشت ، بۆ ئەوەی پەکی بخەن میلێکیان لێ دەرهێناو لەگەڵ خۆیان بردیان . شێخ فەرمانی دا هەرچۆن بێت چاپخانەکە بخرێتەوە کار . وەستا صالحی سلێمانی جەژنی کە چەخماخچی یەکی زیرەكو شارەزا بوو بە دوو رۆژ میلێکی تری بۆ دروست کردەوەو بەو جۆرە چاپخانەکە کەوتەوە کار . دەستوبرد نامەیەك بۆ شێخ مەحموود چاپ دەکـــەنو وەك مژدە بۆی دەبەن ، ئەویش لە خۆشیدا لەبریتی ٦٠ روپیەی حەق دەستی میلەکە ٢٠٠ روپیە دەداتە وەستا صالحی جەژنی . دوای ئەوە لیژنەیەکی تایبەتی ی دانا بۆ جێبەجێ کردنی کاری دەرکردنی رۆژنامەیەك . ئەندامانی لیژنە ئەحمەد خواجاو ماجید مستەفاو عادلی شێخ سەلامو سەید ئەحمەدی بەرزنجی و صەبری ی کاکە رەش بوون کە لە ماڵی عیزەت بەگ کۆبونەوەو دوای گفتوگۆ چەند ناوێکیان بۆ رۆژنامەکە پێشنیار کرد : «کوردستان» ، «ئومێدی ئیستیقلال» ، «گۆیژە» ، «وەتەن» ، «سەرکەوتن» ، «یەکیەتی» و چەند ناوێکی تر . ناوەکان بەجیا لەسەر پارچە کاغەز دەنووسنو دەیانپێچنەوەو دەچنە بەردەرگا ، لەوێ تووشی کابرایەکی پشدەری دێن بە ناوی قادر ئاغاوە کە ٣ جار لەسەر یەك پارچەیەك لە کاغەزەکانی پێ هەڵدەگرنو هەر سێ جارەکە ناوی «ئومێدی ئیستقلال» دەردەچێ کە بەو جۆرە دەبێتە ناوی رۆژنامەکە .

بەم جۆرە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٣ دا رۆژنامەی «ئومێدی ئیستقلال» بووە

(١٠) لەناو ئەوانەدا کە شاریان بەجێ هێشت ئینسانی پاكو رێکوپێك هەبوو کە بە قسەی ئینگلیز هەڵخەڵەتابوون .

لاپەڕەیەکی پرشنگداریتری تۆماری ڕۆژنامەنووسیی کوردیی . محەمەد زوهدی[11] بە تەنها ئەم ڕۆژنامەیەی چاپ دەکرد . پیتەکانی هەر ژمارەیەکی بە چەند ڕۆژێك ڕێك دەخست و بە ڕۆژێکیش چاپی دەکرد . . دوای دەرچوونی ژمارە یەك شێخ ١٥٠ ڕوپیەی خەلات کردو مووچەکەی لە ٤٥وە بۆ کردە ١٠٠ ڕوپیە .

لە ژمارە یەکی «ئومێدی ئیستقلال» هەزار دانە چاپ کراو لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی بلاوبۆوە ، چەند ژمارەیەکیشی لە ڕێگەی کفرییەوە لێ نێردرایە بەغدا . هی وا هەبوو دوو قات و سێ قاتی نرخی هەر ژمارەیەکی پارەی دەدا . بە داهاتی ئەو ژمارەیە دەستەی نووسەران کاغەزو مەرەکەبیان کری . هەمان کات چاپخانەکە کەوتە چاپ کردنی سێ جۆر پوولی تایبەتی لە سێ ڕەنگی جیا : یەك عانەیی و هەشت عانەیی و یەك ڕوپیەیی . شێخ لەتیفی سەعاتچی نیوان پوولەکانی کون دەکردو بەوجۆرە قەراغی بۆ دروست دەکردن .

دەنگ دانەوەی « ئومێدی ئیستقلال» وای لە شێخ مەحموود کرد بڕیار بدات چاپخانەیەکی گەورەتر لە ئەلمانیاوە بهێنێت . بەلام پیلان و فشاری ئینگلیزی داگیرکەر ڕێگەیان نەدا ئاواتێکی گەورەی ئەوسای دەستەی ڕوناکبیری کورد بێتە دی . زۆری نەخایاند کە دیسان فڕۆکە تەنگی بە دانیشتوانی سلێمانی و دەوروبەری هەلچنی و کۆتایی مایسی ١٩٢٤ شێخ و لایەنگرەکانی و بە هەزاران پیرو ئافرەت و مندال ناچار بوون جارێکی تر شار بەجێ بهێلن . کە ئینگلیزەکان دوای دەوروبەری مانگێك سلێمانییان داگیر کردەوە لە ٢٠ هەزار کەس تەنها نزیکەی ٧٠٠ کەسی تێدا مابوو . ئەویتری هەمووی هەلهاتبوو[13] .

بە هەمان دەستوور « ئومێدی ئیستقلال»یش لە دەرچوون وەستا . ئەمجاریان شۆڕشگێڕانی کورد فریا نەکەوتن چاپخانەکە لەگەل خۆیان بگوێزنەوە . مانگ وەرنەچەرخا کاتێك دەزگای نوێی میری کەوتە بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «ژیانەوە» کە ژمارە یەکی ڕۆژی ١٨ ی ئابی ١٩٢٤ کەوتە بازاڕەوە .

---

(١١) پاش داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە محەمەد زوهدی بەیەکجاری چوو بۆ تورکیا .

باسی نۆیەم
شوێنی گەلی کورد لە شۆڕشی بیستدا

شۆڕشی ساڵی ١٩٢٠ جێگەیەکی زۆر دیاری لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا هەیە(*) . بەسەرهاتەکانی ئەم شۆڕشە بە دوورو درێژی لە لایەن مێژوونووسانی خۆمانو دەرەوە باس کراون تەنها لایەنێکی گرنگی نەبێت کە تاوەکو ئیستەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەو نووسینە ، ئەویش دەوری گەلی کوردە لەم شۆڕشەدا کە شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراوە[1] . تەنانەت بەشێك لە مێژوونووسانی هەندەران لەو بڕوایەدان کە گوایە کورد هیچ دەورێکی لەم شۆڕشەدا نەبووە[2] . هی ئەوتۆشیان هەیە ، وەك ئایرلەندو لۆنگریگ ، بایەخێکی ئەوتۆیان بە دەوری کورد نەداوە . ئەمە لە کاتێکدا ڕوونکردنەوەو دەرخستنی دەوری کورد لە شۆڕشی بیستدا بایەخی مێژوویی تایبەتی ی خۆی هەیە ، هیچ نەبێت لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە بۆ خۆی یەکەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوای هاوبەشی هەردووك گەلی گەورەی عیراق عەرەبو کوردە .

(*) لە «برایەتی» ، بەغدا ، ژمارە ٤ ، خولی دووەم ، سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٠ ، ل ٢٢-٢٩دا بلاوکراوەتەوە .

(١) ئەم وتارەم بە چەند ساڵێك بەر لەو کتێبەم چاپکراوە کە بە عەرەبی دەربارەی شوێنی کورد لە شۆڕشی بیستدا بەم ناوەوە بلاوم کردەوە : «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية» ، بغداد ، ١٩٧٨ .

(٢) ڕۆژهەلاتناسی سۆڤێتی پرۆفیسۆر ن . ئرهانیسیان لەو وتارەیدا کە لە کتێبی «ولاتانو گەلانی ڕۆژهەلاتی نزیکو ناوەڕاست»دا بە ناوی «خەباتی هێزە دیموکراسیەکانی عیراق لە پێناوی لابردنی ئینتدابی بەریتانیدا» بلاوی کردۆتەوە نووسیویە دەڵێت گوایە کورد لە شۆڕشی بیستدا بەشدار نەبوون .

دیارە ناشێت بە تاقە وتارێك بە درێژی و وەك پێویستە دەوری گەلی کورد لە شۆڕشی بیستدا دیار بکرێت ، بۆیەکا هەوڵ دەدەین لێرەدا تەنها چەند لایەنێکی بایەخداری ئەو دەورە بخەینە بەر چاو .

بەر لە هەر شتێك پێویستە ئەو ڕاستی‌یە دەربخرێت کە کوردی عیراق دەوریان گەورە بووە لە خۆش‌کردنی ڕێگەی بەرپابوونی شۆڕشی بیستدا . بە ماوەیەکی زۆر پێش تەقینەوەی ئەو شۆڕشە لە گەلێك ناوچەی کوردستاندا خەباتێکی سەختی چەکدارانە دژی ئینگلیزی داگیرکەر دەستی پی‌کردبوو . هەمووی بەسەر یەکەوە شەش مانگ بە سەر هاتنی ئینگلیزەکاندا تێنەپەری کاتێك جوتیارانی گۆیان بە چەکەوە پەلاماریان دان . هەر لەو دەروبەرەدا لە چەند ناوچەیەکی‌تری بادینان ژمارەیەك ئەفسەری بەریتانی پێکرانو هێزی دوژمن ڕاوودوو نران . کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩١٩یش کڵپەی ئاگری خەبات هەموو ناوچەی نێوان کەرکوكو سلێمانی‌ی گرتەوەو ئینگلیزەکان چەند جارێك شکێنران . تەنها لەو شەڕەدا کە لە نزیکی تاسلۆجەوە ڕۆژی ٢٣ی مایسی ساڵی ١٩١٩ قەوما شۆڕشگێڕانی کورد ، بەپێی سەرچاوە بەریتانیایی‌یەکان خۆیان ، توانی‌یان ژمارەیەك سەربازی ئینگلیز بکوژنو ٤ زری‌پۆش‌و ١٩ ئوتومبیلی فۆردیان بشکێنن[٣] .

دەنگوباسی ئەم ڕاپەڕینو هەراوبگرانەی کوردستان زۆر ناوچەی عیراقی گرتبۆوەو کەوتبووە سەر زاری پیاوە سیاسی‌یەکانی بەغداو کەربەلاو نەجەفو شارەکانی‌تر . ئەمە لە لایەکەوە بووە هۆیەکی‌تری دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی داگیرکەری نوی‌و لە لایەکی‌تریشەوە نیشانی دا ئیستعمار ئەو قەڵا نەبەزیوە سەختە نی‌یە کەس پێی نەوێرێ ، بەڵکو ئیرادەی گەل بۆی هەیە سەر بە چەكو تفاقە نەبینراوەکانی ئەمیش شۆڕ بکات . ئەمەش ، بێ‌گومان ، چاوی خەڵکەکەی زیاتر کردەوەو زانی شکاندنو بەو جۆرە ڕێگەی بۆ شۆڕشی بیست تەخت‌تر کرد . ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی سۆڤێتی ل .ن . کاتلۆف لەو کتێبەیدا کە لە سەر شۆڕشی

---

(٣) بڕوانە :

A. T. Wilson , Mesopotamia 1917 – 1920 . A clash of loyalities . A personal and historical record , London, 1930 , P. 137.

بیست دایناوه[٤] بەشێکی بۆ ئەم باسە تەرخان کردووە چونکە بەلایەوە ڕاپەڕینەکانی کوردستان ڕێخۆشکەرێکی بایەخداری ئەو شۆڕشەن .

وێڕای ئەوە ژمارەیەك کوردی ناسراو ئەندامی ئەو کۆمەڵو ڕێکخراوانە بوون کە دەستیان لە ئامادەکردنو هەڵکردنی ئاگری شۆڕشدا باڵا بوو ، وەك «حرس الاستقلال» کە جەلال بابان یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی بوو .

سەرەڕای ئەمانە کاتێك شۆڕش دەستی پی کرد کوردەکە دوورەپەرێز نەوەستا . لەو ڕۆژانەدا چەند مەڵبەندو ناوچەیەکی کوردستان چالاکانە هاتنە دەستو دانیشتوانی ئەوانیش دژی ئینگلیزی داگیرکەر ڕاپەڕین . هەر لەسەرەتاشەوە بەشێك لە سەردارانی شۆڕش بە پێویستیان زانی جگە لە هۆزانی عەرەب هۆزە کوردەکانیش ڕاکێشنە ناو کۆڕی خەباتەوە[٥] . ئەو کوردانەی لە بەغدا دەژیان لە هەموو خۆنیشانداندانو کۆبوونەوەکانی دانیشتوانی ئەم شارەدا بەشداریان کرد .

لە سەرەتای مانگی ئابەوە کوردستان بۆ خۆیشی شڵەقا ، ئەوەی باری سەر شانی ئینگلیزی قورستر کرد چونکە ناچاریکردن بەشێك لە هێزەکانیان لە بریتی فوراتی ناوەند ئاراستەی ئەونێ بکەن .

لە کوردستان ئاگری شۆڕش لە پێش هەموو شوێنێکدا لە ناوچە کوردییەکانی باقوبەدا تەشەنەی سەند . ڕۆژی چواردەی ئابی ١٩٢٠ کوردەکان توانییان قزرابات ئازاد بکەن . ئەمە دانیشتوانی خانەقینیشی بە جارێك بزواند . پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیە هێرشێکی سەرکەوتوویان کردە سەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانی – ئیرانیّ لە ناوچەی نەفتخانە . لە لایەکیتریشەوە توانییان خەتی شەمەنەفەری نێوان خانەقینو بەغداو ، بەغدا – کنگرەبان – کەرکوك تێك‌بدەنو بەو جۆرە پێوەندیی نێوان

---

(٤) ل . ن . کاتلوف ، ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ساڵی ١٩٢٠ لە عیراق ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٨ ، ل ٩٨ – ٩٩ ، ١٠٤ – ١٠٥ . ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرای لێنن نیکەلاییڤیچ کاتلۆڤە . دوکتۆر عەبدولواحید کەریم کردوویەتی بە عەرەبیو لە بەغداو بێروت چەند جارێك چاپی کردۆتەوە ، بەڵام بە داخەوە وەرگێڕانەکەی پڕییە لە هەڵەی زەقو شێواندنی گەورە گەورە کە کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە نایابە .

(٥) بڕوانە

عادل غنیمە ، الحرکة الوطنیة فی العراق ، القاهرة ، ١٩٦٠ ، ص ٩ .

هێزەکانی ئینگلیز لە کوردستانو ناوەڕاستو خوارووی عیراقدا بپچڕنو سەر لەو هێزانەش تێك بدەن کە ئینگلیز لە ئێرانەوە ئاراستەی گیانی شۆڕشگێڕانیان دەکردن.

ئەم بزوتنەوانە ئینگلیزەکانیان تەواو شپرزە کردو ناچاریان کردن دەستوبرد هێزێکی چەکدار بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی شارەزای خۆیان بە ناوی ب. ئەدواردەوە بنێرنە ناوچەی خانەقین. ڕۆژی ١٦ی ئاب دەوروبەری دوو سەد پێشمەرگەیەکی کورد پەلاماری ئەم هێزەیان داو لە ئەنجامی شەڕێکی دوو سەعاتو نیویدا ڕێگەی پێشکەوتنیان لێ‌گرتن. ئەوسا کە ئینگلیزەکان ناچار بوون هێزیتریان بۆ بنێرن(٦). ئەمە بووە هۆی تێکچوونی تەرازووی هێزو مەودای ئەوەیان دایە دوژمن کە ڕۆژی ١٩ی ئاب چەند گوندێکی ناوچەی خانەقین بگرنەوەو بۆ ڕۆژی داهاتوش بچنەوە ناو شاری خانەقین خۆیەوە. لێرە داگیرکەران باجێکی زۆریان خستە سەر دانیشتوانی شار کە بە «تاوان»ی پشتگیری‌ی شۆڕش گوناهباریان کردن.

داگیرکردنەوەی خانەقین نەیتوانی تەشەنە کردنی ئاگری شۆڕش بۆ ناوچەکانی‌تری کوردستان بووەستێنێت. دانیشتوانی مەندەلی بە عەرەبو کوردەوە دایانە پاڵ شۆڕشو کاروباری شاریان بە سەرۆکایەتی موسا ئەفەندی‌یەوە گرتە دەست.

لەو لاشەوە هۆزی دەلۆو بەشێك لە جافەکان بە سەرکردایەتی برایم خانو وەیس بەگ ڕۆژی ٢٤ی ئاب دوای شەڕێکی کەم شاری کفری‌یان ئازاد کردو هەموو ئەو هێزانەی دوژمن کە لەوێ بوون بە دیلیان گرتنو کاپتەن سالمۆنیان بردو ئاڵای بەریتانی‌یان داگرت(٧).

هەر زوو دەنگوباسی ڕاپەڕینی کفری بە وڵاتدا بڵاوبۆوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لە بەغدا بەیاننامەیەکی سەربەخۆیان دەربارەی بڵاوکردەوە. ئینگلیزەکان کە مەترسی‌ی ئەوەیان لێ‌نیشت ئاگری شۆڕش شوێنەکانی‌تری کوردستان بگرێتەوە هەر زوو هێزێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی ئەفسەری سیاسی‌ی.

---

(٦) بڕوانە:

A.L.Haldane, The Insurrection Mesopotamia, Edinburgh, 1922, PP. 158 — 161.

(٧) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە:

مکرم الطالباني، ابراهیم خان ثائر من کردستان، بغداد، ١٩٧١.

کەرکوك لۆنگریك نارده کفری . بەشێك له زەنگەنەو تاڵەبانی‌یەکان دایانه پاڵ ئەم هێزه .

سەرەتا لۆنگریگ هەوڵی دا له ڕێگەی گفتوگۆوه سەردارانی ڕاپەڕینەکەی کفری قایل بکات خۆیدەن بە دەستەوه . بەلام ئەوه دادی نەدا چونکه شۆڕشگێڕانی ناوچەکه سوور بوون لەسەر بەرگری . ئەوسا کە هێرشی ئینگلیز دەستی پی‌کردو شۆڕشگێڕان ناچار بوون بکشێنەوه ناوچه سەختەکانی دەوروبەری شار . کە لەوێوه به کوشتنی کوڕی سەردارێکی کوردبان زانی له وەلامدا کاپتەن سالمۆنیان کوشت که تا ئەو کاته وەك بارمته گلیان دابۆوه . کوشتنی سالمۆن لۆنگریگی ئەواو شێتگیر کردو ئەویش له وەلامدا ١٠ هەزار ڕوپیەو ٥٠٠ تفەنگ سزای خسته سەر دانیشتوانی کفری(٨) .

ڕاپەڕینه بەجەرگەکەی کفری هۆزەکانی ئەو ناوچەیەیان بزواند . بەیاتی‌یەکان توزخورماتویان ئازاد کرد . له ناو شاری کەرکوکیشدا کۆمەڵێکی سیاسی‌ی نهێنی کەوته خۆ . ژمارەیەك له نیشتمانپەروەران هەوڵیان دا به یاریدەی شێخ قادری سیامەنصوری ڕێ به هێزەکەی لۆنگریگ بگرن‌و ڕێگەی نەدەنێ بگاته کفری . بەلام لۆنگریگ کە بەمەی زانیبوو بەر لەوەی بچێته کفری هێرشی برده سەر دێکانی شێخ قادرو دوای شەڕێکی چەند سەعاتی‌و به یاریدەی فڕۆکه کاولی‌کردن‌و بەو جۆره نەخشەی شۆڕشگێڕانی ئەم ناوچەیەی پوچ‌کردەوه .

هەرچی ناوچەی سلێمانی بوو لەبەر چەند هۆیەکی تێکەڵ نەیتوانی له ڕۆژانی شۆڕشی بیستدا دەورێکی ئەوتۆ ببینێت ، به تایبەتی چونکه هەمووی چەند مانگێك لەوەبەر ئینگلیزەکان توانیبوویان دەست له نیشتمانپەروەرانی بووەشێنن‌و سەردارانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای دوور بخەنەوه . وێڕای ئەوه مێجەر سۆنی حاکمی شاریش توانی‌ی ژمارەیەك سەرەك هۆزی ناوچەکه بکڕێت‌و تەنانەت دەستەیەك ئاغای پشدەری هێزی تایبەتی‌ی خۆیانیان بۆی نارد کە ویستی بەهۆیانەوه خەڵکی ناوچەکه چاوترسێن بکات(٩) . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ورده ڕاپەڕینێکی ناوچەیی لەو

(٨) عبدالرزاق الحسني ، الثورة العراقية الكبرى ، صيدا – بيروت ، ١٩٥٢ ، ص ١٧٠أ – ١٧٠ب .
(٩) بڕوانه :
ل . ن . کاتلۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٣٩ .

ڕۆژانەدا ئەقینەوە ، وەك لە سەنگاوو لە ناو پیاوەکانی مەحمود خانی دزڵیدا .

وەزعی هەولێرو دەوروبەری گەلێك لەوە ئاڵۆزتر بوو . هێشتا لە ناوچەی فوراتی ناوەندا شەڕ دەستی پێ‌نەکردبوو کاتێك دانیشتوانی هەولێر چەند جارێك کۆبوونەوەو پشتگیری‌ی داخوازی‌یەکانی شۆڕشیان نیشان دا . خەڵکی دەرەوەی شاریش باری سیاسی‌ی ئاڵۆزاوی ئەو ڕۆژانەیان بە هەل زانی‌و ئەوانیش کەوتنە خۆ . ڕۆژی ١٢ی ئابی ١٩٢٠ لە نزیك ڕەواندزەوە دەستەیەك چەکداری کورد دەستریژیان لە کاپتەن هێی (Hay) کردو چەند جارێکیش پەلاماری یەکێك لە باریدەرەکانیان دا کە سەیر لە مەرگ ڕزگاری بوو .

باری سیاسی‌ی هەولێر وا ئاڵۆز بوو کە جێگری حاکمی سیاسی گشتی‌ی ئەوسای عیراق ئارنۆلد ویلسنی ناچار کرد ڕۆژی ٨ی ئەیلول بۆ خۆی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی بچێتە ئەوێ . لە هەولێر ویلسن لەگەڵ ئەفسەرو کاربەدەستانی ئینگلیزو ژمارەیەك سەرەك هۆزی کوردو گەورە پیاوانی شار کۆبۆوەو باسی «سەرکەوتنە گەورەکانی» ئینگلیزی لە ناوچەی فوراتی ناوەندا بۆ کردن‌و داشی بە گوێیاندا کە گوایە «وەزعی سلێمانی هێمنە»(١٠) .

بەڵام نە هاتنی ئارنۆلد ویلسن‌و نە هەڕەشەو گوڕەشەکانی دانیشتوانی هەولێرو دەوروبەری چاوترسێن نەکرد . هەر پاش گەڕانەوەی ئەو بۆ بەغدا بە ماوەیەکی زۆر کەم ئینگلیزەکان بەو پیلانەیان زانی کە نیشتمانپەروەرانی هەولێر بۆ دەرکردنیان‌و دامەزراندنی حوکمێکی خۆبەخۆ دایانناوبو ، بۆیەکا ناچار بوون لە دوو قۆڵەوە ، یەکێکیان لە کەرکوکەوەو ئەوی‌تریان لە موسڵەوە ، دوو هێزی نوێ بنێرنە سەر هەولێر . ژمارەیەك ئاغای دزەییش بە دەنگیانەوە هاتن‌و بەو جۆرە توانی‌یا هەولێر دابین بکەن(١١) . بەڵام ئەمە کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر باری ئاڵوزاوی ناوچەکانی سەر بە هەولێر . سورچی‌یەکان ئەو ڕۆژانەیان بە هەل زانی‌و ڕۆژی یەکی ئەیلول باتاسیان ئازاد کردو دوای ئەوە ڕوویان کردە ڕەواندزو هێزێکی لیوی‌یان لەوێ

---

(١٠) A.T.Wilson , Op. Cit , P. 288

(١١) A.L.Haldane, Op Cit., PP. 246 — 247

ئابلۆقە دا . سورچی‌یەکان لە شەڕێکی قورسدا لە ڕەواندز ١٨ سەربازی لیوی‌یان کوشت (١٢) .

دوای ئەوە ئەو هێزەی لە ڕەواندز بوو خۆی پێ نەگیراو ناچار کشایەوە هەولێر . دوا بەدوای ڕەواندز کۆیەش شلۆقاو ڕۆژی ٨ی ئەیلول ئەفسەری سیاسی‌ی شار هەڵهات .

باری هەرێمی بادینان زۆر لەوە باشتر نەبوو . ڕوداوەکانی کوردستان خۆی‌و کوشتنی کاپتەن لیچمەن لە لایەن شۆڕشگێڕانی هۆزی زەوبەعی ناوچەی ڕومادی‌یەوە تەواو هەستی دانیشتوانی بادینانیان دژی داگیرکەر بزواندبوو . لیچمەن ، بەپێی بەڵگەیەکی نهێنی فەرەنسی بۆ ڕەقێنی لە وێنەی نەبوو (١٣) . هەمووی ساڵێك لەوەپێش کاتێك ئەفسەری سیاسی‌ی موسڵ بوو ویستی نزیکەی هەزار خێزانی بادینی دەربەدەر بکات‌و زەوی‌ی باووباپیرانیان لێ زەوت بکات بەو نیازەی خەڵکی‌تر لە جێگەیان نیشتەجێ بکات ، بۆیەکا دانیشتوانی ناوچەکە زۆر لێی داخ لەدڵ بوون : هەواڵی کوشتنی هێندەی‌تر خەڵکەکەی بزواند . عەقرە لەو کاتەدا شلۆقا . کوردە بەزیدی‌یەکانیش هەر لە سەرەتاوە پشتگیری‌ی شۆڕشیان کردو یاریدەی ئەو هێزەیان دا کە هێرشی بردە سەر تەلەعفەر . بەڵام دوو دڵی‌ی کۆمەڵی عەهدی عیراقی کە کاروباری شۆڕشی لە ناوچەی موسڵدا دەبرد بەڕێوەو کەمتەرخەمی جەعفەر عەسکەری کە سەرۆکێکی ناسراوی عەهدبوو ، بوونە هۆی ساردبوونەوەی شۆڕشگێڕانی ئەم ناوچەیە کە لەبەر ئەوە نەیانتوانی دەورێکی ئەوتۆ ببینن .

تا دەوروبەری کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ هێزەکانی ئینگلیز توانی‌یان ئاگری شۆڕش لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری عیراقدا دابمرکێننەوە . دیارە ئەمە لە کوردستانیشدا ڕەنگی دایەوەو ترسی خستە دڵی سەرەك هۆزانی . خۆشناوەتی‌و گەردی‌یەکان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیزەکانداو پەیمانیان دانێ دژیان نەوەستن‌و هەر زیانێکیان لەو ناوچانەدا لێ‌کەوتووە بۆیانیان بژمێرن . سورچی‌یەکان‌و ژمارەیەکی

(١٢) Ibid , P. 246

(١٣) بڕوانە :

Direction Politique et Commercial , ، «تۆمارەکانی وەزارەتی هەندەرانی فەرەنسە»

Mesopotamia, E — 314, Armee , No 348 , 24. VIII , 1920.

زۆر لە سەرەك هۆزانی کەرکوكو سلێمانیش کەوتنە خۆ نزیکخستنەوە لە ئینگلیزەکان[١٤] .

هەرچەندە گەلی کورد توانی کەڵك لەو بارو دۆخە وەربگری کە شۆڕشی بیست هێنایە کایەوەو بە خوێنی ڕۆڵەکانی لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازیی بۆ خۆی تۆمار کرد ، بەلام ، بێگومان ، دەیتوانی دەورێکی لەوەیش گەورەتر ببینێت . دیارە ئەوە لە خۆڕا نەبو ، بەڵکو ئەنجامی گەلێك هۆی پێکەوە بەستراو بوو . بەر لە بەرپا بوونی شۆڕشی بیست بە ماوەیەك ئینگلیزەکان توانیبوویان بە توندی دەست لە هێزە نیشتمانیەکانی کوردستان بووەشێنن . کەمتەرخەمیی سەرکردایەتی شۆڕش دەورێکی لەوەیش زیاتری بینی . «مکتب الثورة» ، کە بەڕێوەبردنی شۆڕشی کەوتبووە ئەستۆ ، نەیتوانی تەنانەت تاقە لقێکیش بۆ خۆی لە کوردستان دابمەزرێنێت . سەردارانی شۆڕش لە مەسەلەی کورد نەدەگەیشتن ، بۆیەکا هیچ کامێکیان نە لە وتارێکداو نە لە بەیاننامەیەکداو نە لەسەر لاپەڕەی یەکێك لە دوو ڕۆژنامەکەی شۆڕش «الفرات»و «الاستقلال» نە لە دوورەوەو نە لە نزیکەوە توخنی نەکەوتن‌و هیچ ڕێگەیەکیشیان سەبارەت سیاسەتی نەتەوەیی ئەو حوکمەتە سەربەخۆیەی دەیانویست دایمەزرێنن ، دیار نەکرد ، هەرچەندە بەپێی نەخشەی خۆیان دەبوو کوردستانی باشووریش بگرێتەوە . ئەم کەمتەرخەمی‌یەی سەرکردایەتی شۆڕش لەوەدا زیاتر خۆ دەنوێنێت گەر بێتو بزانین ژمارەیەك نیشتمانپەروەری وەك ڕەفیق حیلمی‌و فایق تاپۆ لە گەرمەی شۆڕشدا هەوڵیان دا لە ڕێگەی مستەفا بەگەوە ، کە یەکێك بوو لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی بەغدا ، پێوەندیی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش ببەستن[١٥] .

لە لایەکی ترەوە ئینگلیزەکان بە هەر چوار لادا هەڵپەی ئەوەیان بوو ئاگری ناکۆکیی نەتەوەیی‌و ئایینی خۆش بکەن . لەم ڕێگە ناهەموارەوە توانی‌یان بەشێك لە خەڵکی ساکاری کوردستان هەڵبخەڵەتێنن‌و بیانکەنە گیانی ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەی گوایە بەپێی قسەی ئەوان «کەوتبوونە ژێر تاسیری عەرەبە شیعەکانەوە» .

---

(١٤) ل .ن . کاتلۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٦٧ .

(١٥) بڕوانە :

ڕەفیق حیلمی ، یادداشت . بەرگی دووەم . بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ل ٧٦ – ٧٧ .

کەین‌و بەبێ ئینگلیز پێ بەر نەبوو . کۆنسوڵی بەریتانی لە کرمانشا توانی بەشێك لە هۆزی سنجاوی فریو بدات‌و بە چەکەوە بیانکاتە سەر شۆڕشگێڕانی خانەقین‌و کفری[١٦] . بەشێکیش لە هۆزی کەڵهور بە دەنگ ئینگلیزەوە هاتن‌و بۆیان بوونە پاسەوانی پاراستنی کانە نەوتەکانی نزیك خانەقین[١٧] . لەو لاشەوە ئینگلیزەکان توانی‌یان چەند دەستەیەکی فەلە هەڵخەڵەتێنن‌و بیانکەنە گیانی شۆڕشگێڕانی کوردستان . ناوەندی ئەیلولی ١٩٢٠ شەڕێکی قورس لە نێوان ئەوان‌و شۆڕشگێڕانی کوردا لە سەروو موسڵەوە قەوما . بەپێی سەرچاوە ئینگلیزی‌یەکان کوردەکان لەو شەڕەدا نزیکەی ٦٠ کەسێکیان لێ کوژراو ١٤٠یشیان لە ئاوی زێی گەورەدا خنکان[١٨] .

هەرچەندە شۆڕشی بیست سەرنەکەوت ، بەڵام گەلێك دەرسی گەورەی دایە گەلی عیراق بە عەرەب‌و کوردی‌یەوە . یەکێك لەو دەرسانەی دەرخستنی بابەخی خەباتی هاوبەش بوو ، ئەو خەباتەی دەبوو ببێتە بەردی بناغەی هەموو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوای سەرکەوتووی گەلی عیراق .

---

(١٦) بڕوانە :

P. W. Ireland , Iraq . A study in political development . London, 1937 , P. 270, A . L. Haldane, Op. cit., PP. 158 — 160.

(١٧) ل . کاتلۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٥٦ .

(١٨)

A . L . Haldane , Op . Cit ., P. 247

باسی دەیەم

شۆڕشی بیست

هۆکانی. ئەنجامەکانی. بایەخی

یەکەم : هۆکانی «شۆڕشی بیست» :

کەسێکی بێلایەن نی بە گومان لە گەورەیی «شۆڕشی بیست» بکات(*) . دیارە هەر ڕوداوێك یا بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ پاڵ بنێ بە دەیان هەزار جوتیارو پاڵەو کرێکارو ڕووناکبیرو «گەجەرو گوجەرەوە» لە پێناوی ماف ڕەوای گەلدا بچنە ناو کۆڕی خەباتەوەو چەك بەدەست بکەونە پەلاماردانی گەورەترین هێزی ئیمپریالی لە جیهاندا دەبێ ڕوداوێکی ئازادیخواو بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بێ . ئەمە تاکە سەنگە بۆ تەرازوی کێشانی بەوردوای بەسەرهاتو ئەنجامی ئەو تەقینەوە گەورەیەی ساڵی ١٩٢٠ زۆر ناوچەو مەڵبەندی عیراقی گرتەوەو سەرانسەری بزواندو لە هەموو رۆژهەلاتی نزیكو ناوەراستو ئەورووپاشدا دەنگی دایەوە .

تاقیکردنەوە زۆرەکانی مێژوو ئەوەیان سەلماندووە کە ڕووداوێکی وا گەورە لەخۆوە دروست نابێ ، دەبێ گەلێك هۆی سەرەکیو وردە تێکەڵ بەیەك بنو نارەزاییەکی ئەوتۆ بهێننە کایەوە وا لە هەزاران بکات ئامادە بن گیانیان بەخت بکەن ، گیان بەختکردنیش لە پێناوی نیشتماندا ، وەك لە هەموان ئاشکرایە ، بەرزترین پلەی خەباتە . جا کەوابێ بەر لە هەر باسێکی تر جارێکا با چاوێك بەو هۆیانەدا بخشێنین کە ئاگری شۆڕشی بیستیان بەرپاکرد .

بەر لە دەستپێکردنی سەدەی بیستەمین هەستی نەتەوەییو ئارەزوی سەربەخۆیی لەناو سەرتاپای گەلانی ژێردەستەی عوسمانیاندا تەواو سەری دەرهێنابوو ، گەر هەستی ئایینیو ڕێزی «خەلیفەی موسڵمانان» نەبونایە هەر ئەوساکە

(*) لە گۆڤاری «کاروان» ، ژمارە ١٠ ، تەمموزی ١٩٨٣ ، ل ٢١ - ٣١دا بلاوکراوەتەوە .

جیابونەوەی ڕەوا دەبووە دروشمی سەرەکیی خەباتی ڕۆژانەی کوردو عەرەب‌و هیچ دوور نەبوو ئەو کارە ئیمپراتۆریی لە پەل‌وپۆ کەوتوی عوسمانی بڕمێنێ.

لەگەلْ تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهان‌و کەوتنی ڕژێمی عوسمانیدا هیوای گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە جێ‌بەجێ‌بوونی مافی چارەنووسی‌یان تەواو پتەو بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە سالانی شەڕدا کاربەدەستانی دەولەتە گەورەکان جارەهای جار بەلێنی دانی ئەو مافەیان بە ڕاست‌و چەپدا بلاوەدەکردەوە، دەیانگوت هەر کە شەڕ تەواو بوو گشت گەلانی ناوچەکە سەربەخۆیی وەردەگرن[1].

عیراقی‌یەکان یەکێك بون لەو گەلانەی دەمێ سالْ بوو خولیای سەربەخۆیی دابووی لەکەلەیان. لەوان وابوو لەگەلْ کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئینگلیز کەل‌وپەل دەدەن بەکۆلداو گوڵی ڕازاوەی ئازادی‌و سەرفرازی دەکەن بە یەخەیاندا. ئێگەیشتوویەك نەبوو ئەو قسەیەی جەنەرال مۆدی لەیاد نەبێ کە ڕۆژی یازدەی مانگی مارتی سالی ١٩١٧ لەگەلْ داگیرکردنی شاری بەغدادا گوتی «ئێمە ئازادکەرین نەك داگیرکەر». کەچی هەر لەوساوە ئینگلیزەکان بەهەر چوارلادا کەوتنە ڕەگ‌و پەل‌هاویشتن‌و دامەزراندنی دامودەزگای کارگێڕیی خۆیان. کاتێك شەڕیش بڕابەوە ئیتر کەسێکیان جارێکی‌تر توخنی باسی سەربەخۆیی نەکەوتەوە. لەوەیش خراپتر ئەوەبوو کە ژمارەیەك کاربەدەستی گەورەی ئینگلیز ئاشکرا داوایان دەکرد عیراق ببەسترێت بە هندستانەوەو بکرێتە بەشێکی ئەو. هی واشیان هەبوو دەیویست تاجی پاشایی بەغدا بنرێتە سەر سەری پیاوێکی ئینگلیزی وەك سێر پێرسی سایکس.

پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزەکان لە گفتەکانی جارانیان دەربارەی سەربەخۆیی عیراق بووە هۆی تەقینەوەی هەستی نارەزایی لە قولایی دەروونی زۆربەی دەستەو چینەکانی کۆمەلدا. دەکومێنتە تایبەتی‌یەکانی شۆڕش پڕن لە بەلگەی سەلمێنەری ئەم ڕاستی‌یە. یەکێك لەو دوو ڕۆژنامەیەی شۆڕشگێڕان لە نەجەفی ئازادکراو چاپیان کردن ناوی «الاستقلال» واتە سەربەخۆیی یا خۆبون بوو. هەر ئەو ڕۆژنامەیە لەژێر ناوی هەموو ژمارەکانیدا ئەم دروشمەی چاپ دەکرد:

---

(١) بەشێکی زۆری ناوەرۆکی ئەم وتارەم لەو کتێبەم وەرگرتووە کە سالی ١٩٧٨ بە عەرەبی دەربارەی شوێنی کورد لە شۆڕشی بیستدا بلاوم‌کردەوە، بۆیەکا پێویستم نەزانی هەموو پەراوێزەکانی دووبارە بکەمەوە (بڕوانە: «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية»، بغداد، ١٩٧٨).

«ژیان بێ سەربەخۆیی مەحاڵە !»

لە ژمارەی پێنجەمیدا «الاستقلال» نووسیوی‌یە دەڵێ «سەربەخۆیی‌و ئازادی . . . مەرجی سەرکەوتن‌و بنەمای پێشکەوتنی وڵاتن»[2] .

«الفرات» کە یەکەم ڕۆژنامەی شۆڕش بوو چەند جارێك بێ پێچ‌وپەنا دانی بەوەدا ناوە کە مەبەستی سەرەکیی شۆڕشگێڕان جێ‌بەجێ‌کردنی مافی چارەنووسی‌و وەدەست‌هێنانی سەربەخۆیی‌یە . لە سەروتاری ژمارە دوویدا فورات نووسیوی‌یە دەڵێ :

«عیراقی‌یەکان باش لەوە گەیشتوون کە داوای یاسایی‌و خوێنیشاندانی ئاشتی‌یانە نە سوود دەبەخشن‌و نە ماف دەگێڕنەوە . بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە دەنگی نارەزایی ڕەوا ناگاتە هیچ دەزگایەکی سیاسیی دەرەوە چونکە ئینگلیزەکان دەستیان گرتووە بەسەر هەموو هۆکانی پەیوەندیی وڵاتدا»[3] .

کەوابێ دەبوو لە ڕێگەی لولەی تفەنگەوە داخوازیی ڕەوای سەربەخۆیی گەل‌و نیشتمان بچەسپێنرێ .

ڕاستە هەموان وەك یەك لە باسی خۆبوون نەدەگەیشتن ، بەڵکو هەزاران هەبون بیریان ڕاستەوخۆ بۆی نەدەچو ، بەتایبەتی جوتیاران کە بەهۆی چەوساندنەوەی دەرەبەگی‌و ڕەتاندنەوەی صەدان ساڵەی عوسمانی‌یانەوە لە زۆر ڕووەوە وەك بەردی بن گۆمیان لێهاتبوو . بەڵام ئەو تاقانەی لە هەموان باشتر لە بایەخی سەربەخۆیی دەگەیشتن مەبەستیان بوو بەپێی توانا ئەو داخوازی‌یە بۆ ئەندامانی دەستەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ڕوون بکەنەوە . لە یەکێك لە پەخشەکانی سەرکردایەتی شۆڕشدا کە تا ئێستەش ماوە ڕەهبەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای ئەو ڕۆژگارەی عیراق داوایان لە سەرەك هۆزانی سەر بە بەرەی نیشتمانیی کردووە مەبەستی دروشمی سەربەخۆیی بۆ پیاوەکانیان لێك بدەنەوە . دەشبو هەموان لە شەرگەکاندا هاوار بکەن «سەربەخۆییمان دەوێ !» .

باسای ژیان کارێکی ئەوتۆی کردووە گەلێك جار نەبوونی سەربەخۆیی‌و فشاری

(٢) «الاستقلال» ، النجف ، العدد الخامس ، ٢٥ محرم ١٣٣٩ ، ٨ تشرين الاول ١٩٢٠ .
(٣) «الفرات» ، النجف ، العدد الثاني ، ٢٨ ذي القعدة ١٣٣٨ ، ١٤ آب ١٩٢٠ .

ئابووری پێکرا برژێنە ناو یەك ڕێچکەوە. ئەم دیاردەیە ئاشکرا لە ڕوداوەکانی شۆڕشی بیستدا خۆی نواندووە. لە ڕێگەی نانەوە نەدارانی عیراق لەوە گەیشتن جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لە نێوان داگیرکەری ئیمرۆو دوێنێدا نی‌یە. بەڵکو چەند هۆیەکی کاریگەریش لە ئارادا بوون وایان لێ‌بکەن ڕۆژێ هەزار جار ڕەحمەت بۆ کفن‌دز بنێرن.

بەداخەوە گەلێك لە مێژوونووسانی لای خۆمان بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە لایەنی ئابووری وەك هۆی بزوێنی ڕوداوی مێژوویی، چونکە مرۆ بەلای ئەو جۆرە کەسانەوە داشی دامەی بێ‌هەست‌و گیانە. ڕاستە جوتیاری کەم‌فام لە جوتیاری نەفام باشتر بۆ هۆکانی برسێتی‌و ڕێگەی چارەسەرکردنیان دەچێ. بەڵام ڕاستیشە برسێتی ناخی دەروونی هەردوکیان وەك یەك دەهەژێنێ‌و برسی لە تێر زیاتر ئامادەی خەبات‌و فیداکاری‌یە. برسێتی یەکێکە لەو ڕوانەی ژیان کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. لە کۆمەڵگای دواکەوتودا دەبێتە نیشانەو مێژوو. بیستومانە دەڵێن فلانە کەس ساڵی گرانیکە لەدایك‌بوو، یا ژنی هێنا، یا کۆچی دوایی کرد. کە ڕۆژنامەنوسێك چەند ساڵێك لەمەوبەر داوای لە ئافرەتێکی تەمەن درێژی شاری کوفە کرد یادی ڕابوردووی بۆ بگێڕێتەوە بەر لە هەر شتێکی‌تری ژیان باسی خۆشەویستی ئامۆزاکەی‌و ئەوەی بۆ گێڕایەوە چۆن جارێکیان لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی مەدحەت پاشا کە باجگرانی میری هاتوونەتە گوندەکەیان دوای ئەوەی بەفەرمانی براکانی بەدزی‌یەوە ولاخەکانیانی بەلەسە کردووە کەس‌وکاری بەربوونەتە گیانیان‌و پاش دارکاری‌یەکی چاك شاربەدەریان کردوون[٤].

بەهۆی گەلێك هۆوە لەگەڵ هاتنی ئینگلیزەکاندا باری ژیانی زۆربەی دەستەو چینەکانی گەل بەرەو خراپی ڕۆیی، لە کاتێکدا هەموان پێیان وابوو نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی برسێتی‌و نەبوونی بن‌بڕ دەکات. بەشێك لەو هۆیانە لە دەسەڵات‌و ویستی ئینگلیزەکان بەدەر بوو. بەسەرهات‌و ئەنجامەکانی شەری یەکەمی جیهان باری ئابووریی سەرشانی هەموانی لە جاران قورستر کرد. ئەوساکە ئینگلیزەکان بۆ خۆیان دووچاری گەلێك کێشەی ئابووریی قورس هاتبون. بەهۆی

(٤) بروانە گۆڤاری «الف باء»، بەغدا، ژمارە ٤٧٩، ٢٣ی تەشرینی دووەمی ١٩٧٧، ل ٢٤-٢٥.

شەڕەوە نزیکەی سێ یەکی سامانی نەتەوەیی‌یان لەکیس چوبو . لەبەر ئەوە لە ولاتە ژێردەستەکانیاندا لە جاران ڕەقتر بوون ، دەیانویست بەشی زۆری زیانەکانیان لە دانیشتوانیان دەربهێننەوە ، یا هیچ نەبێ بەشێك لە ئەرکی هێزە داگیرکەرەکانیان بخەنە ئەستۆی ئەوانەوە ، چونکە باجدەری ئینگلیزی بۆ خۆی لە وەڕسیا نزیك تەقینەوە کەوتبۆوە ، لەبەر ئەوە کەس لە فەرمانڕەوایان زاتی نەدەکرد بەهۆی باجی نوێوە بیوروژێنێ .

بەو جۆرە لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەمدا فشاری ئابووری داگیرکەر خۆی نواند . چ بەڵگەکانی ئینگلیزو چ بەڵگەکانی شۆڕش پڕن لە نموونەی سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یە . بەپێی یەکەمیان ئەو باجەی عیراقی‌یەکان ساڵی ١٩١٩–١٩٢٠ دایانە ئینگلیزەکان دوو هێندی ئەو باجە بوو کە ساڵی ١٩١١–١٩١٢ دایانە عوسمانی‌یەکان . بەر لەبەرپابوونی ئاگری شۆڕشی بیست ئەو باجەی عیراقیك دەیدایە داگیرکەرانی نیشتمانی دەهێندی ئەو باجە بوو کە هندۆسێکی پەنجابی دەیدانێ . ڕۆژنامەی «دەیلی میل»ی لەندەنی ڕۆژی دوازدەی تەمموزی ساڵی ١٩٢٠ ، واتە لە گەرمەی شۆڕشدا ، لەبارەی مەسەلەی باجەوە نووسیوی‌یە دەڵێ :

«بەپێی بودجەی ساڵی ١٩١٩ – ١٩٢٠ ئەو باجەی لە عیراق کۆکراوەتەوە پێنج ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار پاوەنە ، واتە هەر کەسەی دوو پاوەنی بەرکەوتووە ، ئەوەی تا ئیمڕۆکە لە هیچ ولاتێکی ڕۆژهەلاتیدا لە وێنەی نەبینراوە . لە بەریتانیای گەورە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکجار دەوڵەمەند بوو کاتی شەڕی یەکەمی جیهان هەر کەسەی تەنها سێ پاوەن‌و نیو باجی بەردەکەوت» .

لەم بارەیەوە گەر کەمێك لە ناوچە کوردەواری‌یەکانی عیراق نزیك‌بکەوینەوە تووشی گەلێك نموونەی سەیر دێین . لەوێ مەڵبەندی وا هەبوو ئەو باجەی دەیدا لە صەدا شازدە لەوە زیاتر بوو کە بەپێی یاسا دەبوو لە مەڵبەندە باراناوی‌یەکاندا کۆبکرێتەوە .

هیچ وەك ئەو ئەرکە زۆرەی بەهۆی ئینگلیزەکانەوە کەوتە ئەستۆی توتنەوانانی کوردستانەوە بۆی نی‌یە ئەم لایەنەی باسەکەمانمان بۆ ڕوون بکاتەوە . ئینگلیزەکان بایەخی زۆریان بە توتنی کوردەواری دا . بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك شارەزایان لە

دەرەوە هانی کە یەکێکیان شتراوسی پسپۆری ئەمەریکایی بوو. ئەنجامی ئەو بایەخ‌پێدانە بەر لە هەر شتێکی‌تر لەو باجە زۆرەدا خۆی نواند کە کەوتە ئەستۆی تونەوانانی کوردستانەوە کە هەر یەکەیان دەبوو پازدە هێندی ئەو باجە بدات کە باووباپیرانی ڕۆژانی عوسمانی‌یان دەیاندا.

بەهەمان دەستوور ئینگلیزەکان بایەخیان دا بە هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵ‌و لێرو دارستان‌و ئاژەڵی سەرتاپای وڵات. تەنانەت یەکێك لە فایلەکانی دەزگای پاراستنی بەڵگە کۆنەکان تەنها بۆ باسی بەرهەمی ترشی ناوچەی هەولێر تەرخان‌کراوە[5]. بێگومان کەس لاری لەوە نی‌یە کە ئەو جۆرە بایەخ پێدانە نیشانەی پێشکەوتنە، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەوسای ئینگلیزەکان باج‌و باجگری بوو.

ژمارەیەك لە کاربەدەستانی ناوچەکانی کوردستان بۆ خۆیان لیستەی باجی تایبەتی‌یان دادەنا. لیستەکەی مێجەر سۆنی بەناوبانگ کە بۆ سلێمانی‌و دەوروبەری دانابوو وەك پاشکۆی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن» بلاوی کردەوە لە ٢٣ خاڵ پێکهاتبوو[6]. بەپێی ئەو لیستەیە هەر جوتیارێك زەویی میریی بەکار دەهێنا دەبوو لە ٤٠٪ی پوختەی بەرهەمی بهێنێتە قشڵە. خاوەن ڕەزو بێستان پێویست بوو ساڵی ڕوپیەیەك[7] بۆ هەر درەختێك لە درەختە پێنج ساڵانەکانی‌و ڕوپی‌و نیوێك بۆ ئەو درەختانەی بدات کە تەمەنیان حەوت ساڵ یا زیاتر بوو. ئەو پارەیە بەلایەنی کەمەوە پێنج هێندی ئەو پارەیە بوو کە خاوەن دارخورمایەك لە باشوور دەیدا، وە بەلایەنی کەمەوە دوازدە هێندی ئەو پارەیە بوو کە خاوەن دارخورمایەك لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عوسمانی‌یەکاندا دەیدا.

وێڕای ئەوە لیستەکەی مێجەر سۆن دەرفەتی قوتاربوونی بۆ کەس نەهێشتبۆوە. هەر بەو جۆرەش سۆن توانی ئەرکی کارگێری‌و سەربازیی سەرتاپای ناوچەی سلێمانی

---

(٥) بروانە:
المركز الوطني للوثائق، بغداد، رقم الملف:
21/D, Sub Agriculture — Arbil Division, 1920

(٦) «پێشکەوتن»، سلێمانی، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٠.

(٧) لەگەڵ داگیرکردنی عیراقدا ئینگلیزەکان ڕوپیی هندی‌یان لەبریی لیرەو قرشی عوسمانی خستە بازاڕەوە. ڕوپی‌یەك ٧٥ فلس بوو.

بخاته سەر شانی دانیشتوانی . لەو ساڵەدا کە شۆڕشی بیستی تێدا تەقیەوە مێجەر سۆن نزیکەی ۳ ملیۆن و ۲۰۰ هەزار ڕوپیێ باجی کۆکردەوەو هەر بەو پارەیەش ناوچەکەی بەڕێوە بردو خەڵکەکەی سەرکوت کرد ، دەوروبەری دوو ملیۆنی بۆ کاری سەربازیو دروستکردنی ڕێگەو بانو پرد خەرج کردو ئەوی مایەوە کردیبە موچەی خۆیو پیاوەکانی[8] .

ئینگلیزەکان زۆر جار بە دەستووری عوسمانییان بە هەزاران جوتیاریان لە کاری ڕۆژانەیان دەکردو بە سوخرە ڕێگەو بانو بەندو بنکەیان پێ دروست دەکردن . بۆ خۆیان دانیان بەوەدا ناوە چۆن جاروبار بەزەبری چەك ملی کاریان بەو جوتیارانە دەدا . لە کاریخۆکردنی جوتیارو ، بەو شێوازە ، هەم بۆتە هۆی وەڕسبوونی چ خۆیو چ ئاغای . بەڵام سەرباری ئەوەش گەلێك جار بەری ڕەنجی بەفیڕۆچووی کاری سوخرەی جوتیاران دەبوە هۆی ماڵوێرانی بۆ خۆیان . یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی کاتی خۆی دراوەتە پەرلەمانی بەریتانی باسی ئەوە دەکات چۆن ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی ئاوی ناو ڕوباری دیجلە وا بەرزبکەنەوە کە پاپۆڕەکانیان بتوانن بەکاری بهێنن ، چەند جۆگەو بەندێکیان دروستکردووە کە بوونەتە هۆی بڕینی ئاوی مەرەزەی ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە نیشتەجێکانی عەمارەو سوق الشیوخ .

باری قورسی باجی نوێی ئینگلیزەکان بە گوندو لادێیەوە نەوەستا ، وێڕای ئەوان هەناسەی دانیشتوانی شارانیشی سوار کرد . کار گەیشت بەوەی جەنابی حاکمی نەجەف «مردوانە» دابنێ ، کەسوکاری هەر مردوویەك دەبوو بەر لە ناشتنی تەرمەکەی «باجی خۆشی»(!) بدەن . ساڵی ۱۹۱۸ داهاتی ئەو باجە سەیرە گەیشتە ٤۸ هەزار ڕوپیێو بڕیار وابوو لە ماوەی ساڵێکدا خۆی بدات لە ملیۆنێكو ۲۰۰ هەزار ڕوپیێ .

لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا باجدەر لە هەزار ڕێگەو فروفێڵەوە خۆی لە بەشی زۆری ئەو باجەی دەکەوتە سەری ڕزگار دەکرد . ناوچەو مەڵبەندی ئەوتۆ هەبوون دەستی میرییان نەدەگەیشتێ . صدیق الدملوجی کە باسی مێژووی بادینان دەکات دەڵێ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەی جەندرمەی گەلێك

(۸) «پێشکەوتن» ، ۲۳ی کانوونی یەکەمی ۱۹۲۰ .

ناوچەی لە سێ چوارێك تێپەڕی نەدەکرد ، ئەوانیش هەمیشە قوڕەی سکیان دەهات ، جاری وا هەبوو بە دوو سێ مانگ کەرەتێك موچەیان وەرنەدەگرت ، گەر دەستی یاریدەی خەڵکەکە نەبوایە لەبرسانا دەمردن[9] . جا هەرکەس بیەوێ بە ئاسانی دەتوانێ لە ڕادەی دەسەڵاتو بەرەڵلایی بێئەندازەی ئەو ڕۆژگارە بگات ، ئەوەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەهێزی ئینگلیزدا زەحمەت بوو بۆ کەس بلوێ .
داگیرکەری نوێ ئەفسەرو کاربەدەستی دڵسۆزو شارەزاو لێهاتووی هەبوو ، مەترەلۆزو تۆپو فرۆکەی بەکار دەهێنا . گۆڤاری لەندەنیی بەناوبانگ «ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست» بێ هیچ پێچو پەنایەك باسی ئەوەی کردووە چۆن ئینگلیزەکان تەنانەت فرۆکەشیان دژی باجدەران بەکار دەهێنا[10] . لە زۆر ناوچە ئینگلیزەکان پەنایان دەبردە بەر جووە حسابزانەکان بۆ کۆکردنەوەی باجو سەرانە نەبا کەسێك پۆلێکی بەسەرەوە بمێنێ . پیرانی شاری سەماوە تا ئێستەش ناوی ساسۆن ئەفەندی‌یان لە یادە کە ، وەك دەڵێن ، خەرمانیانی بە دەنك دەبژارد . بو عیبرەت جاری وا هەبوو ئەفسەرە سیاسی‌یەکان ئەوانەی لە دانی باج خۆیان دەدزی‌یەوە بەپەنگیان دەکردن ، بە بەرگی سوورەوە خوڵو دۆیان دەکرد بەسەریاناو بەناو شاردا دەیانگێڕان .
بێگومان نەدەبوو ئەو هەموو فشارە ڕقی دانیشتوانی عیراق لە داگیرکەری نوێی خاکی نیشتمانی هەڵنەسێنێ . ژمارەیەك لە بەڵگەکانی شۆڕش ڕاستەوخۆ توخنی ئەو باسە گرنگە کەوتوون . ڕۆژنامەی «الفرات» لە یەکێك لە ژمارەکانیدا رووی دەمی کردۆتە ئارنۆلد ویلسنی جێگری حاکمی سیاسیی گشتیو پێی دەڵێ :
«خاکی هەموو ناوچەیەك شایەتە چۆن تەنانەت دەنکە جۆی ناو دەنوکی مەلیشیتان لێزەوت کردوینو مۆخی ئێسقانتان دەرهێناوینو باجی سەرشانی جوتیارانتان چەند هێندێك بۆ زیاد کردووین . . . ئا ئەمەیە عەدالەتتان»[11] .

---

(٩) صديق الدملوجي ، امارة بهدينان الكردية أو امارة العمادية ، موصل ، ١٩٥٢ ، ص ٨١ ، ١٤٩ – ١٥٠ .

(١٠) (The Near East and India), November 23, 1922, PP. 194–150

(١١) «الفرات» ، العدد الخامس ، ٢ محرم ١٣٣٩ .

تێکەڵبوونی عیراق بە بازاری سەرمایەداریی جیهانەوە دەمێك ساڵ بوو مەینەتیی بۆ پیشەگەرانی وڵات هێنابوو. دوای ئەوەی لە ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهاندا ئینگلیزەکان دەسەڵاتی خۆیان لە سەرانسەری عیراقدا دامەزراند هێندەی‌تر دەرگەیان بۆ بەرهەمی کارگەکانیان ئاواڵەکرد. هەر بەو پێیەش هێندەی‌تر گلۆڵەی پیشەگەران کەوتە لێژی. بە دەیان کەس لە جۆلایانی بەغداو شوێنی‌تر نابوتیان کرد. لای خۆشمان ئەو دیاردەیە سەری دەرهێنا. جۆلاگەریی شارە گەورەکانمان تەواو رووی لەکزی کرد. ساڵی ١٩٠٢ مارك سایکس لە کاتی گەشتە بەناوبانگەکەیدا لە شاری سلێمانی ١٥٠ دوکانی چەکسازیی ژماردووە[١٢]، دوای شەڕی یەکەم لە هەموو بازارو قەیسەری‌یەکانی شاردا دوان سیانێکیان مابونەوەو داهاتی ئەوانیش بەشی ژیانی کولەمەرگیی خاوەنەکانیانی نەدەکرد، کاری سەرەکیشیان هاتبووە سەر فیشەك پڕکردنەوە.

شەڕی یەکەمی جیهانو ئەنجامەکانی گرانی‌و کاولی‌یان بۆ زۆربەی هەرە زۆری ناوچەو مەڵبەندەکانی عیراق هێنا. هەرچەندە ئۆباڵی ئەو کارە بەر لە ئینگلیزەکان دەکەوتە ئەستۆی عوسمانی‌یەکانەوە، بەلام خەڵکی لەوانی دەناسی. بەهۆی سەفەربەرلك‌و نەمانی بەشی زۆری ئاژەڵی کارەوە بەرهەمی کشتوکاڵی عیراق لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا هاتە سەر چوار یەکی بەرهەمی پێشوی. لەبەر ئەوە نرخی دەغڵ‌و دان جارو نیوێك تا دوو جارو نیو زیادی کرد. چا سێ هێندو شەکر پێنج هێندی جاران گرانتر بوون. لەو ناوچانەدا کە بەر لە شەڕ ماسی‌یان وەك تۆڵەکە وابوو، دوای شەڕ لەناو گرانیی ماسی هاوار لە دانیشتوانیان هەڵسا[١٣].

---

(١٢) بڕوانە:
c. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs. Politics travel and research in North — Eastern Iraq, London, 1957, P. 80

(١٣) المركز الوطني لحفظ الوثائق، الملف:
125/514 (Fish Tax, 1915 — 1918).

شاری سلێمانی(١٤) باشترین نمونەی ئەو کاولکاری‌یەیە کە سەرانسەری ناوچەکە بەهۆی بەسەرهاتەکانی شەڕی یەکەمی جیهانەوە تووشی هات . بەپێی بەڵگەکانی ئینگلیز تا شەڕ تەواو بوو لە ٢٩ مزگەوتی شار تەنها دەیان بەپێوە مابوون . هەر لەو ساڵانەدا ٣ تەکیەو ٥ گەرماوو ٥ ئاشی ئاوو ٩ خانو ١٣ بێستانو ١٦ چایخانەو ٤ قەیسەری‌و ٦٨٧ دوکانو ١٨١٣ خانوی سلێمانی بەتەواوەتی ڕوخان . بەشێك لەو ژمارانە زۆر لە نیوە زیاترن . بەر لە شەڕ سلێمانی ٢٩ مزگەوتو ٣ تەکیەو ٣١ چایخانەو ١١ گەرماوو ٢٤ ئاشی ئاوو ١٨ بێستانو ٦ قەیسەری‌و ٣٢٠٥ خانوی تێدا بوو . واتە بەهۆی شەڕەوە نزیکەی لە ٢١٪ی ئاشەکانی‌و لە ٤٥٪ی خانەکانی‌و نزیکەی لە ٤٦٪ی گەرماوەکانی‌و نزیکەی لە ٥٢٪ چایخانەکانی و نزیکەی لە ٥٦٪ دوکانی ناوبازارەکانی‌و نزیکەی لە ٥٧٪ی خانوەکانی‌و نزیکەی لە ٦٦٪ی مزگەوتەکانی‌و نزیکەی لە ٦٧٪ی قەیسەری‌یەکانی‌و نزیکەی لە ٧٣٪ی بێستانەکانی‌و لە ١٠٠٪ تەکیەکانی بەجارێك کاول بوون . بۆیەکا هیچ سەیر نی‌یە نووسەرانی ئەو ڕاپۆرتە پێشنیاریان کردووە واز لە خودی شارەکە بهێنرێو لە تەنیشتی‌یەوە شارێکی نوێ دروست بکرێ(١٥) .

بەڵگەیەکی‌تری هەر ئەو ڕۆژگارە باسی ئەوە دەکات چۆن لە سەدا هەشتای دانیشتوانی سلێمانی بەهۆی شەڕەوە یا نەماون ، یا کۆچیان کردووەو چۆن بەرهەمی کشتوکاڵی پێنج یەکی بەرهەمی جارانی‌بەو نرخی تەنێك گەنمی گەیشتۆتە ١٦٠٠ ڕوپی‌و هی تەنێك برنجیشی گەیشتۆتە ٢٤٠٠ ڕوپی(١٦) . بەپێی قسەکانی ڕۆژنامەی

(١٤) لەبەر دوو هۆی سەرەکی وامان بەپێویست زانی زۆربەی ئەو بەڵگانەی دەیانهێنینەوە پەیوەندی‌یان بە ناوچە کوردەواری‌یەکانەوە هەبێ ، یەکەمیان چونکە دەربارەی ناوچەکانی‌تری عیراق شتی زۆرو دەربارەی ناوچەکانی لای خۆمان شتی کەم بلاوکراوەتەوە . دووەمیشیان لەبەر ئەوەیە کە دەمانەوێ لە ڕێگەی ڕاستی‌یەکانی ناو ئەم وتارەوە هۆکانی خۆش‌کردنی ئاگری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەو قۆناغەی کوردستان دەست‌نیشان بکەین .

(١٥) المركز الوطني لحفظ الوثائق ، الملف :

20/01 (Sulaimaniyah Municipality , 1920).

(١٦) المركز الوطني لحفظ الوثائق ، الملف :

67/17 (Sulaimaniyah , Scarcity).

«العرب» کە ئینگلیزەکان ئەوسا لە بەغدا دەریان دەکرد لە هیچ شارێکی تری عیراقدا گرانی نەگەیوەتە ئەو رادەیە[17] .

گەلێك لە ئینگلیزە ئەوروپایی یە پێشکەوتووەکان کە هاتنە عیراق ویستیان ، بێ ئەوەی گوێبدەنە داب و نەریتی ئاینی و نەتەوەیی و تەنانەت هۆزایەتی ناوچەکە ، وەك لای خۆیان رەفتار بکەن ، ئەو کارەی بووە هۆی تەقینەوەی نارەزاییەکی بێئەندازە لە ناخی دەرونی ساکارانی ولاّتدا . ئەو مێژوونووسانەی باسی شۆرشی بیستیان کردووە[18] لەو بارەیەوە گەلێك نمونەو بەلّگەیان دەربارەی ناوەندو باشووری عیراق هێناوەتەوە . بۆیەکا لێرەشدا تەنها چەند نمونەیەکی لای خۆمان دەهێنینەوە . ئینگلیزەکان لە شارەکانی کوردستاندا ئاشکرا رێگەیان دا بە زۆر کەس نەك تەنها مەی ، بەلّکو تەنانەت بەنگیش بفرۆشن . شاری واش هەبوو نەك تەنها تیاترۆیان تیا دانا ، بەلّکو کارخانەشیان تێدا کردەوە . تیاترۆکەی هەولێر شەری قورمی بەخۆیەوە بینی[19] . «لاوی چیا»[20] ئەنوەر مائی دەلّێ هاتنی ئینگلیزەکان کاری کردە سەر رەوشتی بەشێك لە بادینی یەکان[21] .

ئەو ئینگلیزانەی لە ولاّتی خۆیاندا نمونەی نەرم و نیانی و رەوشتی زۆر جارکە دەبنە کاربەدەستی ولاّتە ژێردەستەکانیان بە لوت بەرزی و دلّرەقی لەگەلّ دانیشتوانیان دەجولّێنەوە . زۆربەی ئەو نووسەرانەی باسی بیستەکانیان کردووە چەند نمونەیەکیان لەو بارەیەوە هێناوەتەوە . یەکێکیان لە یادداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات چۆن جارێکیان شێخێکی باقوبە لای حاکمی سیاسیی شار دەبێ ، لەو کاتەدا سەگەکەی

---

(١٧) «العرب» ، بغداد ، ٣ ايار ١٩١٩ .

(١٨) بەتایبەتی مامۆستایان حەسەنی و وەردی و فەیاز (بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، الثورة العراقية الكبرى ، الطبعة الثالثة الموسعة ، بيروت – صيدا ، ١٩٧٢ . الدكتور علي الوردي ، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ، الجزء الخامس ، القسم الاول ، بغداد ، ١٩٧٧ ، القسم الثاني ، بغداد ، ١٩٧٨ . الدكتور عبدالله الفياض ، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠ ، الطبعة الثانية ، بغداد ، ١٩٧٤) .

(١٩) بڕوانە :

«صدى الاحرار» (جريدة) ، الموصل ، ٢٠ شباط ١٩٥٣ .

(٢٠) لاوی چیا نازناوی ئەنوەر مائی یە .

(٢١) انور المائي ، الاكراد في بهدينان ، الموصل ١٩٦٠ ، ص ١٨٤ – ١٨٥ .

جەنابی حاکم توخنی دەکەوێو ئەویش کە سەگ بەلایەوە گلاوە کەمێك خۆی لێ‌دوور دەخاتەوە . حاکم لە پیرەشێخ دەخورێو بە مۆنی‌یەوە پێی دەڵێ : یا شێخ سەگەکەم زۆر لەتۆ خاوێن‌ترە[٢٢] . دیارە ئەو قسەیە ئەگەر ڕاستیش بێ گوتنی ڕەوا نی‌یە .

ئەفسەرانی ئینگلیز بەهەمان دەستوور لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە کوردەواری‌یەکاندا ڕەفتاریان دەکرد . مێجەر سۆن کەی بهاتایە ناوبازار دەبوو هەموان بەرزە پێ لەبەری هەڵسن . ڕاستە ئەو وەك گرینهاوسی ئەفسەری نەجەف قامچی بەکار نەدەهێنا ، مەرایی‌کەران خۆیان ملیان بۆ دەداو بە شانوباهویاندا هەڵدەدا ، بەڵام خۆیشی ئەوەی دەویست . مێجەر سۆن پیاوەکانیشی بەردابووە گیانی خەڵکی شار . عەزیز خان کە یەکێکیان بوو کابرایەکی نەخوێندەواری چاوچنۆكو دڵڕەق بوو . ئەو پیانۆی هێنایە سلێمانی[٢٣] .

پرپشکی ڕەفتاری ناهەمواری ئەفسەرانی ئینگلیز گەلێك لە پیاوماقوڵانی کوردستانی گرتەوە کە یەکێکیان شێخی بەردەقارەمانی نەمر بوو . مەحمود جەودەتی نیشتمانپەروەری بەناوبانگ لەتاو سۆن ناچار بوو سەری خۆی هەڵگرێ .

بەڵگەکانی لقی موسڵی «کۆمەڵەی عەهد»[٢٤] گەلێك ڕاستی بایەخداری لەم بارەیەوە بۆ پاراستووین ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە پێوەندی‌یان بە ڕەفتاری ناشرینی ئەفسەرانی ئینگلیزەوە لەگەڵ شێخانی بادیناندا هەیە . ڕۆژی چواردەی مانگی ثانی ساڵی ١٩١٩ لقی موسڵی کۆمەڵەی عەهد نامەیەکی ناردە بارەگای بەرزی کۆمەڵە لە شام دەربارەی ئازاردانی نەقشەبەندی‌یەکان . ڕابەرانی لقی موسڵ لە نامەکەیاندا دەڵێن :

---

(٢٢) بڕوانە :
طالب مشتاق ، اوراق أيامي ، الجزء الاول ، بيروت ، ١٩٦٨ ، ص ٩١ .

(٢٣) بڕوانە :
«پێشکەوتن» ، ٦ی مایسی ١٩٢٠ .

(٢٤) «جمعية العهد» یەکێك بوو لەو کۆمەڵە سیاسی‌یانەی ڕووناکبیرانی عەرەب دایانمەزراندن . دوای شەڕ بارەگای بەرزی عەهد لە شام بوو . لقی مووسڵی عەهد یەکێك بوو لە لقە هەرە چالاكو دڵسۆزەکانی کە زۆربەی ئەندامانی تا سەر بە خاوێنی مانەوە .

«ئێمە نەواو دڵتەنگین بەهۆی ئەو شێخانەوە . . . ئینگلیزەکان بێپەروا دەیانەوێ سەر بە هەموو سەربەرزێك شۆڕ بکەنو ئازاری هەموو سەردارێك بدەن گەر کوێرانە دوویان نەکەون ، یا وەك دەیانەوێ مل بۆ فەرمانەکانیان نەدەن . هەمان کات ئەوان چاویان بەرایی نایەت کەسێکی خاوەن دەسەڵاتی وەك جەنابی شێخ بەهاددین ئەفەندی نەقشەبەندی ببینن گەر نەتوانن بیکەنە داردەستی خۆیان»[٢٥] .

هەمووی بەسەر یەکەوە دوو حەفتەی نەخایاند کاتێك لقی موسڵی کۆمەڵەی عەهد نامەیەکی تایبەتیتری نارده شامو ئەم هەواڵەی خوارەوەی بە بارەگای بەرزی کۆمەڵە ڕاگەیاند :

«بەر لە چەند ڕۆژێك ئینگلیزەکان لە هەولێر سەعید ئاغاو کورەکەیو ژمارەیەك هاوڕێیانیان بە تۆمەتی کوشتنی چاوەشێکی ئینگلیزو بریندارکردنی دوو پۆلیسو دوو جەندرمە گرت . یەکێك لە پۆلیسەکانیش ئینگلیزو ئەویتریان عیراقییە . هەروەها ژمارێەك لە پیاوەکانی سەعید ئاغاش بریندار بوون . ئەو هەرایە لەسەر ئەوەبوو کە ڕۆژێك لەوەپێش چاوەشەکە لە تیاترۆ لەکوڕی سەعید ئاغای داوەو گەلێك جنێوی ناشرینی پێداوە»[٢٦] .

زەبرو زۆری ئینگلیز بێ جیاوازیی چینو دەستە هەموانی گرتەوە . لقی موسڵی «کۆمەڵەی عەهد» لە نامەیەکیتردا ڕۆژی ٨ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٩ نووسیویە دەڵێ :

«داگیر کەران هیچ زۆرداریەك لە باریاندا نەماوە لەگەڵ خەڵکیدا بەکاری نەهێنن . کەمترین هەڵەی هەر کەسێك دەبێتە هۆی دارکاریکردنی بە ڕوتو قوتیو زۆر جار تەنی ئەو کەسە دەهێننە خوێنو جیقامچیکانیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێتە دوومەڵو هەو بە لەشییەوە . خەڵکی وایان لێهاتووە سزای پارە

(٢٥) «صدى الاحرار» ، ١٣ شباط ١٩٥٣ .

(٢٦) «صدى الاحرار» ، ٢٠ شباط ١٩٥٣ .

که بۆنه گەورەترین داهاتی داگیرکەر بە نیعمەتی دابنێن لە عاسیی لێدانو دارکاریو پێکردنی کاری نزمدا . خۆزگا ئەوانەی ئینگلیز بە تاوانباریان دادەنێن وابونایە ! گەلێك کەس ئاخنراونەتە زیندانەکانەوە بێئەوەی تاوانێکیان لەسەر کرابێتە مالێ ، یا دادگەیەك بڕیاری گرتنیانی دابێ . بەوێنە ١٨ گۆیانییان[٢٧] گرتووە بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکیان بەو ڕوداواونەوە هەبێ کە لەناو چیاکاندا قەومان ، ئەوان دەمێکە لە موسلێ بە حەمماڵی دەژین . ئەو گۆیانیانە تاوەکو کۆلۆنێل لێچمەن نەگوێزرایەوە دلێمو کاپتەن بێل نەهاتە جێگەی بەرنەدران»[٢٨] .

کاربەدەستانی ئەوسای ئینگلیز چەند جارێك دانیان بەوەدا ناوە کە جۆری ڕەفتاری بەشێك لە ئەفسەرانیان بۆتە هۆی دروستبوونی ڕقێکی زۆر لە ناخی دەرونی زۆرینەی دانیشتوانی عیراقدا . خاتو بێلی بەناوبانگ[٢٩] هەرچەندە گەلێك پاکانەی بۆ زۆربەی هاوکارەکانی کردووە ، بەلام چەند جارێکیش لە نووسینەکانیدا پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشاوە . لەوەیش گرنگتر ڕای جەنەراڵ هالدەینە کە بۆ خۆی فەرماندەی ئەو لەشکرە بوو کە دامرکاندنەوەی شۆڕشی بیستی کەوتە ئەستۆ . هالدەین ڕەفتاری ناهەمواری ئەفسەرانی ئینگلیز بە یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی شۆڕش دادەنێ»[٣٠] .

هەمان ڕاستی لە بەلگەکانی شۆڕشیشدا بەدی دەکرێ . ڕۆژنامەی «الفرات»ی داخ لەدلێ وای لێهاتووە ئۆبالی هەموو خراپەکاریو زەوت کردنێکی کۆنو نوێ لە مێژوودا بخاتە ئەستۆی ئینگلیزەکانەوە . وای لێهاتووە سلاوی ڕێز بنێرێ بۆ تاریکستانی سەدە ناوینجییەکانو فەرعەونەکانو چەنگیز خانو تەیموری لەنگو هۆنە

(٢٧) مەبەست ئەندامانی هۆزی گۆیانی نیشتەجێی باکووری زاخۆیە . گۆیان یەکەم هۆز بوو لە عیراق چەکی دژی ئینگلیز هەلگرت .

(٢٨) «صدی الاحرار» ، ٣ نیسان ١٩٥٤ .

(٢٩) مەبەست میس بێلە کە کاربەدەستێکی گەورەی ئینگلیز بوو لە عیراق . جاروبار بە «شاژنی بێ تاج» ناو دەبرێ .

(٣٠) A.L. Haldane, The Insurrection Mesopotamia, Edinburgh, 1922. PP. 20 – 21.

خوێنرێژەکانی ئەوروپا ، چونکە ، وەك دەڵێ «خوایە خۆت ئاگاداری ئەوان هەستیان ناسکترو دڵیان چاکتر بوو لە ئینگلیزە زۆردارە بەربەرەکان»(٣١) .

عیراقیەکان بە عەرەب و کوردیانەوە پێیان وابو لەگەڵ نەمانی دەسەلاَتی عوسمانیو هاتنی ئینگلیزدا تیشکی ژیاریو نیمچەنی خوێندەواری دەگاتە هەموو قوژبنێکی وڵات . بێگومان هەرچۆن بێ‌و لەبەر گەلێك هۆی ئاشکرا ژێردەستەیی ئینگلیز خەڵکی لە ژیانی شارستانەتی نزیکتر دەخاتەوە وەك لە ژێردەستەیی عوسمانی . بەلاَم بەهۆی ئەو بارە یەکجار گرانەوە کە شەڕی یەکەمی جیهان خستیە ئەستۆی هەموانەوە قۆرت کەوتە ڕێگەی ئەو دیاردەیەوە . ئینگلیزەکان دەستوبرد شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکرا ، خەڵکیش پەلەیان بوو . لەبەر گەلێك هۆی تێکهەڵکێش باری خوێندەواریی وڵات لە سالاَنی یەکەمی دوای شەڕدا دایە دواوە . هەموو ئەو پارەیەی ئینگلیزەکان ساڵی ١٩١٩ - ١٩٢٠ بۆ کاروباری خوێندنیان دانا بریتی بوو لە ٧٠ هەزار لیرەی عوسمانی ، واتە دوو هێندی ئەو پارەیەش نەدەبوو کە عوسمانیەکان ساڵی ١٩١١ - ١٩١٢ تەنها بۆ ویلایەتی بەغدایان دانا . لەبەر ئەوە هیچ سەیر نیە ژمارەی قوتابخانەکانی هەموو عیراق هاتە سەر نیوەی ژمارەیان لە ساڵی ١٩١٤دا . کار گەیشت بەوەی ئینگلیزەکان لە شارێکی وەك موسڵدا ژمارەیەك قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندیو فێرگەیەکی ئامادەکردنی مامۆستایان دابخەن(٣٢) .

کاروباری خوێندن لە ناوچە کوردەواریەکاندا لەوەیش خراپتر بوو . مێجەر سۆن لە پتر لە ٣ ملیۆن ڕوپیێ داهاتی ناوچەی سلێمانی خۆی تەنها ٦٣ هەزار ڕوپیێ بۆ کاروباری خوێندنی تەرخانکرد ، واتە نزیکەی لە ٢٪ی داهاتی ناوچەکەو ٢٠ هێند لەو پارەیە کەمتر کە بۆ پۆلیس‌و پاسەوانە تایبەتیەکانی خەرجکرد(٣٣) .

ئەو جۆرە هەڵوەستە کارێکی ئەوتۆی کرد لە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئینگلیزەکاندا خوێندنی کوردی ، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە چاوەڕوان دەکرا ، بداتە

---

(٣١) «الفرات» ، العدد الرابع . ١٣ ذی الحجة ١٣٣٨ .

(٣٢) «العرب» ، ١٣ ایار ١٩١٩ ، «صدی الاحرار» ، ٣ نیسان ١٩٥٣ .

(٣٣) بەپێی ئەو ژمارانە لێکدراونەتەوە کە مێجەر سۆن بۆ خۆی لە ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»دا بلاَوی‌کردوونەتەوە (بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠) .

دواوه . دوای تەواوبوونی شەڕ ئینگلیزەکان تەنها قوتابخانەیەکی سەرەتایی‌یان لە سلێمانی کردەوە ، لە کاتێکدا بەر لە شەڕ لە هەمان شار دوو قوتابخانەی سەرەتایی‌و یەکێکی ناوەندی‌و فێرگەیەکی سەربازیی هەبوو کە ژمارەی قوتابیانیان بەسەر یەکەوە ۳۳۰ کەس‌و ژمارەی مامۆستایانیان ۲۰ کەس بوو . لە کۆتایی بیستەکاندا دیسان لە سلێمانی تەنها ۱۰ قوتابی ناوەندیی هەبوون ، واتە شازدە جار کەمتر بوون لە ژمارەی ساڵی ۱۹۱٤یان . هەر ئەو دەوروبەرە ژمارەی شاگردانی قوتابخانە کوردی‌یەکانی سەرانسەری کوردستانی عیراق ۱٥٤٥ کەس بوو ، بەرامبەر ٦۳۰۰ کەس کە لە قوتابخانە گاورەکان‌و ۸٤۰۰ کەس کە لە قوتابخانە جوولەکان دەیانخوێند[۳٤] .

ڕاستە ئەوانەی حسابێکی ئەوتۆیان بۆ ئەم لایەنەی ژیانی ڕۆشنبیریی ئەوسا کە دەکرد کەم بوون ، بەڵام ئەوانەی بایەخیان پێ دەدا ، واتە ڕووناکبیران یا ئینتیلیگێنسیا (ئینتلیجێنسیا) ، دەستەیەکی کاریگەری کۆمەڵیان پێك‌دەهێنا کە هی وایان تێدا بوو سەرەتا بەدڵ هاتنی ئینگلیزیان پێ‌خۆش بوو .

هۆکانی کۆبوونەوەی نارەزایی لە ناخی دەروونی عەرەب‌و کوردی عیراقدا لەوانە زیاترن کە تاوەکو ئیستە باسمان‌کردن . لەناو ئەو هۆیانەدا شوێنی هەستی ئایینی یەکجار گەورەو دیارە ، بە ڕادەیەك مێژوونووسی عیراقی ئەوتۆ هەیە دەیکاتە هۆی یەکەمی بەرپابوونی ئاگری «شۆڕشی بیست» . زۆر کەس بە چاوی کافرو زەندیق سەیری ئینگلیزیان دەکرد ، تەنانەت ئەوانەشیان کە بەدەورو خولیاندا دەهاتن دوای خۆیان قاپەکانیان بسمیل دەکردن ، گەلێکی ئەوتۆش هەبوون هێشتا مەیلی سوڵتان ڕەشادی « خەلیفەی موسڵمانان » دەیبزواندن . لەوەدا دەوری جۆری ڕەفتاری ئینگلیزەکان خۆیان کەم نەبوو . ئەوان تا عوسمانی‌یەکان لە بەغدا بوون بەرگی یەکە پشتیوانی موسوڵمانەتی‌یان پۆشیبوو[۳٥] ، کەچی هەر ئەوەندە شەڕ تەواو بوو و بە مەرامی خۆیان گەیشتن کەوتنەوە خاچپەرستی‌یەکەی جارانیان ، گەلێك گاورو جویان لەخۆیان نزیك‌خستەوە . ڕاستە گاورو جوی ئەوسای عیراق ، لەبەر گەلێك

---

(۳٤) دەربارەی سەرچاوەکانی لێکدانەوەی ئەو ژمارانە بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٦۳ی بەشی یەکەمی کتێبی «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية» (ل ٤٤-٤٥) .

(۳٥) ژمارەکانی «العرب» و «تێگەیشتنی ڕاستی» پڕن لە نموونەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونە .

هۆ ، لە موسڵمانی خوێندەوارتر بوون ، بەڵام ئەوە تاکە هۆ نەبوو کە زۆربەی ئەفسەرانی ئینگلیزی هان دەدا پشت تەنها بەوان ببەستن .

وێڕای ئەو کارەی بۆ پیاوی زیر پاکانەی بۆ نییە ئینجا زۆربەی کاربەدەستانی ئینگلیز نەیاندەزانی چۆن ڕەفتاری شێخ و مەلا بکەن . دەستی ژمارەیەکیان گەیشتە داهاتی ئەوانیش . ئەفسەری خوێن گەرمی ئەوتۆ هەبوو ئاشکرا گاورچێتی دەکرد . هی واشیان هەبوو ، وەك لۆنگریك[٣٦] ، پێی وابوو ئەو هەڵگری «ئاڵای ژیاریی سپی پیسێنتانی ئەوروپایە» . ئەوانە صەلاحەددینی ئەیمەو شێردڵی[٣٧] خۆیان لەیاد کردبوو .

بۆ ئەوەی باشتر ئەم لایەنەی باسەکە ڕوون بکەینەوە پەنا دەبەینە بەر بەشێك لەو قسانەی ڕۆژنامەی «الفرات» لەم بارەیەوە کردوویە . لە ژمارە چواریدا «الفرات» ئاشکرا خوێن لە دڵی دەتکێ کە دەڵێ :

«پێمان بڵێن کام دەوڵەتی ئازاد بەر لە ئینگیلتەرە بەربەستی مەولوی کردووە ، کام کاربەدەستی کارگێری یا سیاسی یا سەربازی بەر لە ڕابەرانی ئینگلیز زانی کردووە دەستوەرداتە ناو کاری ئەم ڕێبازە چەسپاوەوە . یا بڵێن پیاوێکی سیاسی یا کارگێری یا سەربازی دڕندەی ئەوتۆ هەیە کە حەز دەکات گاڵتە بە مافی ئازادی گشتی بکات ، بەڵام ئاخۆ بێئابڕوویی نییە لەگەڵ ئەوەشدا ئیدیعای شارستانەتی بکات ؟»[٣٨] .

---

(٣٦) لۆنگریك یەکێك بوو لە ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز . چەند ساڵێك کەرکوکی بەدەستەوە بوو . لە نووسینەکانیدا بە ئاسانی هەست بەو جۆرە بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانەیە دەکرێ ، بەتایبەتی لەو کتێبەیدا کە ناوی ناوە ، عیراق لە ساڵی ١٩٠٠ وە تاوەکو ساڵی ١٩٥٠» (بڕوانە :
S. H. Longrigg , Iraq 1900 to 1950. A political, social and economic history, London, 1953).

(٣٧) مەبەست ڕیچاردی یەکەمی پاشای ئینگیلتەرەیە (١١٨٩-١١٩٩) کە لە سێیەم هێرشی خاچدارانەدا بەشداریی کردو لە نزیکەوە لەگەڵ صەلاحەددینی ئەیوبیدا پێوەندیی پەیدا کرد .

(٣٨) «الفرات» ، العدد الرابع ، ذی الحجة ١٣٣٨ . شایانی باسە نیوەی سەرتاپای لاپەڕەکانی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی «الفرات» بۆ ئەو باسە تەرخان کراوە .

بڕوا ناکەم ڕاو فەرمانەکانی پیاوە ئایینی‌یەکانی باشوور دەنگێکی ئەوتۆیان لای خۆمان دابێتەوە . بەڵام بڕواش ناکەم فەقێ‌و مەلای کوردستان هاتن‌و فەرمانڕەوایی گاورانیان بەدڵ بوبێ . جاروبار ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»یش هەرەشەو گورەشەی کاربەدەستانی ئینگلیزو بڕیارەکانیانی دەربارەی قەدەغەکردنی کۆبونەوەو مەولوی ناو مزگەوتەکانی بەغدای بڵاودەکردەوە . لە یەکێك لە ژمارەکانیدا «پێشکەوتن» دوای بڵاوکردونەوەی هەرەشەیەکی زۆری لەو بابەتەی ویلسن لە بەغدا زوو زوو دوپاتی دەکردەوە ، هەواڵی خنکاندنی «چوار مفسید»یشی چاپکردووە[٣٩] .

شۆڕشی بیست لەو جۆرە ڕوداوانە نەبوو بتوانرێ لە هیچ ناوچەیەکی ناوەوەی وڵات یا لە دەرەوە داببڕێ[٤٠] . ئەو کەسەی هەوڵێکی وا بدات نە لە نرخی شۆڕشی بیست‌و نە لە نرخی هیچ بزوتنەوەیەکی ئازادیخوای‌تر بەرز یا نزم دەکاتەوە ، ڕای ئەو جۆرە کەسانە نە سەنگی هەیە نە بایەخ تا ئەوە بهێنێ کەس خۆی بە وڵامدانەوەیانەوە ماندو بکات ، ڕەنجی بەفیڕۆچوویان بۆی نی‌یە تەنانەت شان لە شانی ڕەنجی ئەوانەش بدات کە دەیانەوێ بە بێژنگ بەری ڕۆژمان لێ‌بگرن .

بەپێی یاسایەکی مێژوویی چاسپاو هیچ ڕوداوێك نی‌یە لە قەوارەو قاوغێکی تەسکدا بمێنێتەوەو لە دەوروبەر دابڕێ . چ بەڵگەکانی شۆڕش‌و چ بەڵگەکانی ئینگلیزو چ لێکدانەوەی گەلێك مێژوونووس دەمێکە ئەوەیان سەلماندووە کە :

١ – ڕاپەڕینە بەجەرگەکانی کوردەواریی لای خۆمان یەکێکن لەو هۆ گرنگانەی ڕێگەیان بۆ تەقینەوەی «شۆڕشی بیست» خۆش کرد .

٢ – « شۆڕشی بیست » لە زۆر ناوچەی کوردەواریدا دەنگ‌و ڕەنگی دایەوە . تەنانەت هۆزی ئەوتۆ هەبوو کە هێشتا هەستی نەتەوەیی سەردارانی نەهەژاندبوو ، بەڵام ئەو سەردارانەو پیاوەکانیان لەبەر گەلێك هۆ لە ئینگلیز داخ لەدڵ بوون‌و ساڵی

---

(٣٩) بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ١٩ی ئابی ١٩٢٠ .

(٤٠) ژمارەیەك نووسەر دەیانەوێ بەزۆر شۆڕشی بیست بئاخننە ناو قاوغێکی تەسك‌و تەنگەبەرەوە (بڕوانە : ستار جبر ناصر ، هوامش علی کتاب علي الوردي لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ، الجزء الخامس ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٧٤–٨٥ . الراصد التقدمي ، ثورة العشرين . البعد القومي والاهداف الوطنية . – «العراق» ، ٢٩ حزيران ١٩٧٨) .

١٩٢٠ باری شلەژاویان بە هەڵ زانیو ئەوانیش لای خۆیانەوە بەربوونە گیانی داگیرکەر .

٣ - بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە میسرو شامو حیجازو دوابەدوای ئەو بزوتنەوەی ڕزگاریخوای کەمالیەکانی تورکیاو سەرکەوتنی یەکەم شۆڕشی سۆشیالیزمی لە جیهاندا دەوریان لە وریابوونەوەی ڕوناکبیرانی عیراقو ڕیسواکردنی دەوڵەتە ئیمپریالیەکاندا زۆر بوو نەك کەم .

ئەو نموونەو بەڵگانەی باسمان کردن هەرچەندە چمکێکن لە خەرمانێك ، بەڵام پێم وایە بەسن بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی هۆکانی شۆڕشی بیست . دیارە هەر ڕوداوێك بەرهەمی ئەو جۆرە هۆیانە بێ دەبێ ئەنجامیشی وەك خۆی گەورەو دیار بێ .

(٢) ئەنجامەکانی شۆڕشی بیست

نەك ڕۆژی ٣٠ی حوزەیران وەك باوە ، واتە ئەو ڕۆژەی شەعلان ئەبولچۆنی سەرەك هۆزی زەوالمی تێدا گیراو پیاوەکانی ئازادیانکرد ، بەڵکو لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٢٠وە شۆڕشی گەلی عیراق دژی ئینگلیزی داگیرکەر لە بەغداو نەجەفو کەربەلاو شوێنیتر سەری دەرهێنا . لە هەموو لاوە کۆبونەوەو خۆنیشاندان دەستی پیکرد ، سەربەخۆیی بووە دروشمی ڕۆژانەی خەباتی جەماوەر . تا دەوروبەری کۆتایی مانگی حوزەیران ڕاپەڕینی گەل لە شارەوە گەیشتە لادێو مەڵبەندی هۆزە چەکدارەکانی فوراتی ناوەندو لەوێدا قۆناغێکی نوێ لە شێوازی خەباتی کۆمەلانی خەڵکی ولاتدا دەستیپیکردو چەند مانگێکی خایاند . بەپێی گەلێك سەرچاوە ژمارەی ئەوانەی لە پێناوی ڕزگاری نیشتماندا پەلاماری چەکیان دا لە ١٣٠ هەزار کەس زیاتر بوو .

شۆڕشگێران توانییان ژمارەیەك شارو بەشی هەرە زۆری مەڵبەندەکانی فوراتی ناوەند ئازاد بکەن . نەجەف بووە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش . تا سەرەتای ئابی ساڵی ١٩٢٠ کڵپەی ئاگری شۆڕش گەیشتە باقوبەو دێلتاوەو شارەبانو دەلی عەبباسو لەوێوە ئیتر بەرەو لای خۆشمان تەشەنەی کرد . هۆزی دەلۆی ناوچەی

خانەقین و کفری بە سەرکردایەتی کەریمی خەسرەو بەگ و برایم خان دەستی باشیان لە دوژمن وەشاند . هەر لەو ڕۆژانەشدا ژمارەیەك ناوچەو هۆزی تری کوردەواری وەك لەیلان و زەنگەنەو داودەو سورچی ڕاپەڕین . هەولێر وا شلەقا کە ئارنۆلد ویلسن ناچار بوو لەو کاتە ناسکەدا بەغدا بەجێ بهێڵێ و بە فڕۆکەی تایبەتی بچێتە ئەوێ[41] .

ڕاستە لەبەر گەلێك هۆ ئینگلیز توانی بە زەبری چەکی کوشندەی نوێ «شۆڕشی بیست» دامرکێنێتەوە ، بەڵام هەر ئەو دامرکاندنەوەیە بۆ خۆی زۆر کەوت لەسەری . ئەو سەربازو ئەفسەرانەی ئینگلیز کە لە شەرگەکاندا کوژران یا پێ سەروشوێن مانەوە ژمارەیان ١٠٤١ کەس و برینداریشیان ١٢٢٨ کەس بوو[42] .

لەو کاتەدا کە لەندەن بۆ پولێك دەچو بە ئاسانا دامرکاندنەوەی «شۆڕشی بیست» نزیکەی ١٠٠ ملیۆن پاوەن لەسەری کەوت[43] کە بۆ سەرەتای بیستەکان و باری ئابووری دوای شەڕ پارەیەکی یەکجار زۆر بوو . بەڵام دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشیش ئینگلیزەکان لەترسی بەرپابوونەوەی ناچار بوون لەشکرێکی گەورە لەناو خاکی عیراقدا بهێڵنەوە کە خەرجی زۆرو باری گران بوو . تەنها لە یەکەم ساڵی دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشدا خەرجی ئەو لەشکرە گەیشتە نزیکەی ٢١ ملیۆن پاوەنی زێڕ[44] .

گەورەیی «شۆڕشی بیست» لەوەدا خۆی نواند کە داگیرکەری ناچار کرد لە سیاسەتیدا بەرامبەر عیراق چەند هەنگاوێك بکشێتە دواوە . ئینگلیز چاك لەوە

---

(٤١) محمد مەهدی بەسیرو حەسەنی و فەیازو وەردی و کاتلۆف و هالدین و ژمارەیەکی تر لە نووسەرانی خۆو بێگانە بە درێژی باسی بەسەرهاتەکانی شۆڕشیان کردووە . منیش بەپێی توانا لە کێشەکەی خۆمدا ڕوداوەکانی کوردستانم ڕوون کردۆتەوە .

(٤٢) سەرچاوە ئینگلیزییەکان ١٠٤١ کوژراو و ونبووەکان دەکەن بە دوو بەشەوە : ٤٢٦ کوژراو و ٦١٥ ونبوو .

(٤٣)

. P. W. Ireland, Iraq. A study in political development, London, 1937, p. 273

(٤٤) بڕوانە :

ب .م . دانتسیگ ، عیراق دوێنێ و ئیمڕۆ ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٢٤ .

گەیشت کە ناتوانێ سەربەخۆیی گەلی عیراق پێشێل بکات . هەر زوو هاوار لە ئەسکویثی سەرەك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا هەڵساو لە هۆڵی پەرلەماندا بە ئاشکرا داوای کشانەوەی قشونی وڵاتەکەی لە ویلایەتی موسڵ‌و بەغدا کرد . ڕۆژنامەی «ئۆبزێرڤەر»ی بەناوبانگ ڕۆژی ۲۳ی ئابی ساڵی ۱۹۲۰ دەربارەی هەمان باس نووسیویە دەڵێ :

«بیرکردنەوە لەوەی ئەرکی سەرەکیی سەر شانی ئێمە داسەپاندنی یاساکانمانە بەسەر گەلێکدا کە بێ پێچ‌و پەنا تێی گەیاندووین پێویستی پێیان نی‌یە کارێکە تەنها بۆ پێکەنین دەشێ» .

هەمان ڕۆژ «سەندێی تایمس» کە ئەویش ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی‌تری لەندەنی‌یە ، داوای لە کاربەدەستان کرد دان بنێن بە ژێرکەوتنی سیاسەتیاندا لە عیراق‌و دەست لە یەخەی دانیشتوانی بەردەن .

هەر ڕوداوێك ئەنجامەکانی بگەنە ئەو پلەو ڕادەیە بێگومان دەبێ بایەخی مێژوویشی گەورەبێ !

(۳) بایەخی «شۆڕشی بیست»

ئەوەی تاوەکو ئێستە دەربارەی هۆو ئەنجامەکانی «شۆڕشی بیست» باسمان کرد سەنگی یەکەمی کێشانی بایەخی زۆری ئەو ڕوداوە گەورەیەیە لە تۆماری مێژوودا . هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پاڵ بنێ بە دەیان هەزار کەسەوە بچنە ناو کوڕی خەباتەوەو بە هەزارانیان سەریانی بۆ بکەنە قوربانی دەبێ بەسەرهاتێکی مێژوویی بایەخدار بێ . زۆربەی سەرچاوەکان لەو باوەڕەدان زیانی شۆڕشگێڕان خۆی دەدا لە نزیکەی ۸٤٥۰ کوژراوو بریندار . دوور نی‌یە لێکدانەوەیەکی ورد ژمارەیەکی گەورەتر بسەلمێنێ .

بەڵگەو نیشانەکانی بایەخی زۆری «شۆڕشی بیست» لەوێدا نابڕێنەوە . «شۆڕشی بیست» یەکەم ڕوداوی گەورەی مێژووی نوێی عیراقە کە عەرەب‌و کوردو کەمینەکان‌و موسڵمانی شیعەو سونی مەزهەب‌و گاوری لە سەنگەرێکدا کۆکردەوە .

ئینگلیز لەو ڕۆژەوەی پێی نایە ناو خاکی عیراقەوە کەوتە وەشاندنی تۆوی دووبەرەکی‌و ناحەزی ، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ۱۹۲۰ ئەو تۆوە بەرێکی ئەوتۆی

نەدایێ. بە پێچەوانەی ئارەزووی ئەفسەرانی ئینگلیزو پیلانەکانیانەوە ڕۆژی چواردەی مایسی ئەو ساڵە یەکەم کۆبونەوەی پێکەوەی ئازادیخوایانی سونەو شیعەی بەغدایی لە مزگەوتی قوبلانیەی ناو بازاڕی بەزازەکاندا دەستی پێ‌کرد. ئەو کۆبونەوەیە ئاوی سەرەتایەکی بایەخداری لە مێژووی عیراقدا ڕشت کە ئەوسا هەموو دڵسۆزێکی تێگەیشتوو تینوی بوو. ئیتر هەر ئەوەندەت دەزانی دانیشتوانی ئەمبەرو ئەوبەری بەغدا لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا تێکەڵ دەبوون‌و هەمویان بە یەك دەنگ داوای خۆبیون‌و ئازادی‌یان دەکرد.

لەوەیش زیاتر. لەو ڕۆژانەدا هەر ئەوەندە نیشتمانپەروەرانی بەغدا هەستیان کرد کاربەدەستان پیلانێکیان بەدەستەوەیە بۆ لێدانی ئاهەنگێکی ئاینی گاوران لە ڕێگەی دوو سێ کری‌گرتەی موسڵمانەوە یەکسەر ژمارەیەکی زۆریان کۆبونەوەو بە ئاڵای سەوزو گوڵاوەوە ڕوویان کردە کڵێسەی کلدانەکان‌و لەوێ تێکەڵی برا گاورەکانیان بوون‌و وەك یەك کەوتنە زیکرو تەهلیلە بۆ عیساو محەمەدو هاوار بۆ سەرفرازی گەل‌و نیشتمان.

دیسان لەوەیش زیاتر. یەکێك لە ڕاپۆرتە نهێنی‌یەکانی ئەوسای پۆلیسی بەغدا باسی ئەوە دەکات چۆن «گڕتەبێژی شۆڕش» محەمەد مەهدی بەصیر(٤٥) لە کاتی کۆبونەوەی شەوی شازدەی حوزەیراندا لە مزگەوتی سەید سوڵتان عەلی خەڵکی بەغدای هان دەدا «جووەکان لەوە دڵنیا بکەن کە کەس توخنی دوکانەکانیان ناکەوێ!».

«شۆڕشی بیست» یەکەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوی هەموو گەلی عیراق بوو لە پێناوی سەربەخۆییدا کە سەرکردایەتی‌و دەزگای کارگێڕی‌و سەربازی‌و ئۆرگان‌و چاپەمەنیی تایبەتی خۆی هەبو. «الفرات» و «الاستقلال» لاپەڕەیەکی یەکجار دیارو پرشنگدارن لە هەموو مێژووی ڕۆژنامەنووسیی عیراقدا(٤٦).

---

(٤٥) «گڕتەبێژی شۆڕش» بووە نازناوی محەمەد مەهدی بەصیر کە یەکێك بوو لە ڕابەرە خوێن گەرمەکانی جەماوەری شۆڕش لە بەغدا. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە «یادداشت»دا بەرز نرخاندویە.

(٤٦) بۆ درێژەی ئەو باسەبڕوانە ئەو وتارەی بە ناوی «من تأریخ صحافة ثورة العشرین» موە لە لاپەڕە ٣٥-٧٠ی گۆڤاری «دراسات في التأريخ والآثار» (بغداد، العدد الثاني، ١٩٨٢)دا بڵاوم کردۆتەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەی باسمان کردن مێژوونووسە پێشکەوتنخوازەکان لەو باوەڕەدان کە «شۆڕشی بیست» بووە بەردی بناغەی یەکیەتی خەباتی هاوبەشی کوردو عەرەب دژی داگیرکەرو بەو جۆرە ڕێگەی بۆ بەرزبونەوەی دەرکی سیاسی جەماوەری هەردوو لایان خۆش کرد بەوەی باشتر تێگەیشتن کە دوژمنیان یەکە [٤٧] .

هەرچەندە دوژمن توانیی «شۆڕشی بیست» لە خوێندا بگەوزێنێ ، بەڵام هەمان کات ناچاریش بوو لە ئەنجامی فشاری ئەوو ترسی هەڵدانەوەی مل بۆ ژمارەیەك لە داخوازییەکانی ئەوسای گەلی عیراق بدات . گۆڕینی ئانۆلد ویلسن کە عیراقییەکان لە هەموو کاربەدەستێکی ئینگلیز زیاتر لێی داخ لەدڵ بوونو ناردنی پێرسی کۆکس بۆ بەغدا لە گەرمەی شۆڕشدا جۆرە کشانەوەیەکی تەکتیکی بوو کە ئینگلیزەکان بەر لە بەرپابونی ئاگری «شۆڕشی بیست» بە بیریاندا نەدەهات . دوور نی یە درەنگ‌و زوو یەکێك لە کوڕانی حسەینی شەریفی مەککە ببوایەتە پاشای عیراق ، بەڵام گومان لەوەش ناکرێ کە ئینگلیزەکان بەهۆی شۆڕشی بیستەوە بە پەلە تاج‌و تەختی شاهی‌یان پێشکەش بە فەیسەڵی یەکەم کرد ، چونکە ئەوان هاتنە سەر ئەو بیرەی دەبێ عیراق لە ڕێگەی «پاشایەك‌و هەزار شێخەوە» ببرێ بەڕێوە نەك بەهۆی لەشکرێکی گەورەوە کە ئەرکی لەسەر باجدەری بەریتانیایی زۆر دەکەوت .

لە ڕۆژانی یەکەمی بەرپابونییەوە «شۆڕشی بیست» لە سەرانسەری عیراق‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و کۆڕە سیاسییەکانی ئەوروپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەنگی دایەوە . وەك دیمان هەواڵەکانی شۆڕش زۆر بە خێرایی گەیشتنە ناو هۆڵە سیاسییەکان‌و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی لەندەن . ئارشیفە تایبەتییەکانی ئینگلیتەرەو فەرەنسەو هندستان بە سەدان بەڵگەو ڕاپۆرتی نهێنی‌یان دەربارەی زۆر لایەنی شۆڕش تێدایە کە بە داخەوە تاوەکو ئێستەش بە دەگمەن دەستی مێژوونووسانیان گەیشتۆتێ .

---

(٤٧) بڕوانە :

«عیراق هاوچەرخ» ، نووسینی دەستەیەك ڕۆژهەڵاتناس ، بە زمانی ڕووسی ، موسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١٣٥ ،

(Iraqi Review), Vol. 1, No 6, July 2, 1959 P.3.

پێم وایە بەپێی تەرازوی شوێن سەنگی «شۆڕشی بیست» بۆ مێژووی هاوچەرخی عیراق لە سەنگی شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ بۆ مێژووی نوێی فەرەنسە کەمتر نی‌یە ، بۆیەکا بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم ئەوی ئێمە تاوەکو ئێستە بۆ «شۆڕشی بیست» مان کردووە زۆر لە بابەخی ڕاستەقینەی خۆی کەمترە .

باسی یازدەمین

دەربارەی ڕاپەڕینە گەورەکەی کانوونی دووەمی ١٩٤٨و شوێنی گەلی کورد لەو ڕاپەڕینەدا

مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق پڕی‌یە لە لاپەڕەی خەباتی خوێناوی دژی داگیرکەری بێگانەو کۆنەپەرستی‌ی ناوخۆ(٭). یەکێك لەو لاپەڕە پیرۆزانە ڕاپەڕینە گەورەکەی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٨)ە کە ئیمڕۆکە، لە هەر کاتێك زیاتر، پێویستمان بەوەیە کەڵك لە دەرسە مێژوویی‌یە گەورەکانی وەربگرین‌و بە شێوەیەکی زانستی‌یانەی قووڵ لێیان بکۆڵینەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەکی دروست چوارچێوەی ڕاپەڕینی کانوون دیار بکەین پێویستە چاوێك بەو ئاڵوگۆڕە گەورانەدا بخشێنین کە ڕۆژگاری شەڕی دووەمی جیهان‌و ساڵەکانی دوای ئەو شێوازو ناوەرۆکی خەباتی ڕزگاریخواو ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی عیراقی‌یەکانیان گرتەوە.

بە ماوەیەکی زۆر بەر لە شەڕی یەکەم دەرەبەگی وەك ڕژێمێکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کەوتبووە هەرەس هێنان‌و بوبووە کۆسپ لەبەر دەم پێشکەوتنی هێزو ئەمرازی بەرهەم هێناندا، هیچ نەبێت بەهۆی کەمتەرخەمی‌و بیرتەسکی‌ی نوێنەرانی‌یەوە لە لایەکەوەو، لە لایەکی‌تریشەوە لەبەر ئەوەی شێوازی پێوەندیی بەرهەمهێنانی ئەم ڕژێمە کارێکی وای نەکردبوو ئەوەندە لە دەست جوتیارو خاوەن زەوی‌یە بچوکەکاندا بمێنێتەوە کە لە ژیانی کولەمەرگی خۆیان زیاد بێت‌و بتوانن ئەو زیادی‌یە بۆ پەرەپێدان‌و پێشخستنی ئەمرازی کاریان تەرخان بکەن. لەگەڵ ئەوەش عوسمانی‌یەکان‌و دوای ئەوان ئینگلیزەکان لەبەر خۆیان گەلێك لایەنی ئەو ڕژێمەیان

(٭) لە گۆڤاری «برایەتی»، ژمارە ١١، ساڵی ١، خولی دووەم، ناوەڕاستی شوباتی ١٩٧١، ل ٤–١٥دا بلاوکراوەتەوە.

ڕاگرت ، جێ‌پێی قایم‌و دەسەڵاتیان زیاتر کرد . ئەمە دەمێك ساڵ بوو جۆرە ناکۆکی‌یەکی لە نێوان ئاغاو جوتیاردا ، دروست کردبوو .

لەبەر چەند هۆیەك لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهان‌و دوای ئەو شەڕە چەوساندنەوەی دەرەبەگی لە جاران زیاتر بوو ، ئەمەش بووە هۆی قووڵ‌بوونەوەی ناکۆکی نێوان زەویدارو جوتیار، ئەمیان کەوتە ئەوەی دوژمنی ڕاستەقینەی خۆی تەنها لە داگیرکەری بێگانەدا نەبینێت ، بەڵکو هەمان کات لە چەوسێنەرەکەی خۆشیدا ببینێت . ئەنجامی سیاسی‌ی ئەم دیاردەیەش بۆ دوارۆژ کەم نەبوو .

بەڵام لەوەیش گەورەتر ئەو ئاڵ‌و گۆڕە گرنگانە بوون کە لە شارەکاندا هەمان کات ڕوویان داو بوونە هۆی ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و خەباتی نەتەوەیی عیراقی‌یەکان بچنە ناو چوارچێوەیەکی نوێوە . دوای شەڕی یەکەم‌و بە تایبەتی لە کۆتایی بیستەکانەوە پیشەسازی‌ی نیشتمانی کەوتە گەشەکردن . هەنگاوی گەورەی داهاتووی بەرەوپێش چوونی پیشەسازی‌ی نیشتمانی بەر ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهان کەوت ، ئەو کاتەی دابڕینی عیراق لە بازارە سەرمایەداری‌یەکان بەهۆی بارو دۆخی شەڕەوە بووە مەرجێکی لەبار بۆ ئەوەی پارەدارانی شارە گەورەکان بە دڵنیایی‌یەوە بێنە مەیدانی بەرهەم‌هێنانی پیشەسازی‌یەوە . ئەنجامیش سەنگی بۆرجوازی‌ی نیشتمانی چ لە ژیانی ئابووری‌و چ لە ژیانی سیاسی‌ی وڵاتدا لە جاران زۆرتر بوو .

هەر ئەو دیاردەیەش لە لایەکی‌ترەوە بووە هۆی پەرەسەندنی چینی کرێکار . وێڕای ئەوە چەند هۆیەکی تایبەتی‌ی کارێکی ئەوتۆیان کرد سەنگی ئەم چینە لە چەند ڕوویەکەوە تەنانەت لە سەنگی چینی بۆرجوازی‌ی نیشتمانیش زیاتر بێت . بە وێنە لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا ژمارەی تەنها ئەو کرێکارانەی لە بنکە سوپایی‌یەکانی ئینگلیزەکاندا کاریان دەکرد خۆی دەدا لە ٧٠ هەزار کەسێك کە لە ٣٥٪ی هەموو ئەو کرێکارانەیان پێك‌دەهێنا کە بە کاری پیشەسازی‌ی هەمەجۆرەوە خەریك بوون[١] .

---

(١) بڕوانە :

.(Kingdom of Iraq) , by a committee of Officials , Baltimore , 1946 , P . 108

هەروەها بڕوانە :

«الشرارة» ، العدد الثامن ، حزيران ١٩٤٤ ، ص ٢ .

بەلأم لەوەیش گرنگتر ئەو ئاڵ‌و گۆڕە قووڵە بوو کە لە سەرەتای سی‌یەکانەوە لە ناوەرۆك‌و جۆری بیرکردنەوەو بزوتنەوەی ئەم چینە گەورەیەی کۆمەڵدا دەستی پی‌کردبوو . لە سەرەتای دروست‌بوونی‌یەوە تاوەکو ناوەندی سی‌یەکان ئەم بەشەی کۆمەڵ بریتی بوو تەنها لە «چینێك لە خۆیدا» (Class in itself) ، واتە چینێکی پێك‌دەهێناو بەس ، ئەگینا جڵەوی کاری لە رووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە بە دەست چینە نیشتمانی‌یەکانی‌ترەوە بوو . بگرە تەنانەت فەرمانڕەوایانی ئەو رۆژگارەش دەیانویست کەڵکی لی‌وەربگرن‌و گەر بتوانن بیکەنە داردەستی خۆیان . لە خۆوە نەبوو لە کۆتایی بیستەکاندا یەکێکی وەك جەعفەر عەسکەری چەند جارێك بووە «نوێنەر»ی کرێکارانی عیراق لەبەر دەمی دەزگا کانی کۆمەڵەی گەلاندا . لە ناوەندی سی‌یەکانەوە ئەمە بە جارێك گۆڕرا ، ئەوەبوو وردە وردە کرێکارانی عیراق چوونە قاڵبی چینێکەوە بۆ خۆیان (Class for itself)[٢] .

ئەنجامی ئەم ئاڵ‌وگۆڕە لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا بە روونی دەرکەوت‌و خۆی لە زنجیرەیەك مانگرتن‌و دروشمەکانیاندا نواند . دوای شەڕیش بە ماوەیەکی کەم مانگرتنە گەورەکەی گاورباغی کە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٤٦ قەوما بە تەواوی نیشانی دا چۆن کرێکارانی عیراق بە یەکجاری بوونەتە چینێك بۆ خۆیان .

ئەم جۆرە گۆڕرانە هەمیشە ئەنجامی گەورەی بەدەمەوە بووە ، بەتایبەتی بە نیسبەت بزوتنەوەی رزگاریخوازی هەر کۆمەڵێکەوە بێت . بە نیسبەت ئەو

(٢) «چین لە خۆدا»و «چین بۆ خۆ» دوو زاراوی زانستین کە تاوەکو ئێستە لە زمانی کوردی‌و پێم وایە لە زمانی عەرەبیشدا بەکار نەهێنراون . هەموو چینێکی کرێکار لە سەرەتای دروست‌بوونی‌یەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەندامانی پەرش‌و بلاو دەبن ، هەست بە ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی سەر شانیان ناکەن ، بەڵك سەرنج بەرامبەر چینی سەرمایەدارو رژێمی سەرمایەداری کۆیان ناکاتەوەو بزوتنەوەو رابەرێتەکانیان عەفەوی دەبێت‌و تەنانەت زۆر جار جڵەوی کارو چالاکی‌یان بە دەست دەستەو چینەکانی‌ترەوە دەبێت . لەو قۆناغەدا چینی کرێکار بریتی‌یە تەنها لە «چینێك لە خۆیدا» . بەلأم دوای ئەوەی ئەمانە هەموو دەگۆڕرێن‌و کرێکاران وایان لی‌دێت هەست بە ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکانی سەر شانیان‌و سەنگی تەواوی خۆیان لە ناو کۆمەڵدا بکەن ، ئەوسا کە چینەکەیان دەگۆڕێت‌و دەبێتە «چینێك بۆ خۆی» ، واتە ئەوە قۆناغی دەبێت کە داردەستی کەس نێت‌و ئیتر بۆ خۆی دەجەنگێ .

کۆمەڵانەشەوە کە لە نەتەوەیەك زیاتر پێکهاتوون ئەم گۆڕانە بۆیان دەبێتە مایەی کزبوونی دووبەرەکیو ناکۆکی نەتەوەیی لە ناویاندا ، بە تایبەتی لە ناو چینە چەوساوەکانیاندا .

بەم جۆرە ئەو کاتەی شەری دووەمی جیهان تەواو بوو سەنگو تەرازووی پێوەندی چینایەتی لە ناو کۆمەڵگای عیراقیدا گەیشتبووە رادەی گەیاندنی مەرجی ئاڵوگۆڕی سیاسیی گەورە . ئەو بارو دۆخەش کە روخاندنی بەرەی فاشیزم لەگەڵ خۆی بۆ سەرانسەری جیهانی هێنا بووە هۆیەکی یاریدەری گرنگ بۆی . کاربەدەستان ناچار بوون تا رادەیەك مل بۆ داخوازییە دیموکراتییەکانی گەل بدەن . رۆژی ۲۳ی شوباتی ساڵی ۱۹٤٦ تۆفیق سوێدی یەکەم وەزارەتی دوای شەری دامەزراند کە دوو نوێنەری بۆرجوازی نیشتمانی تێیدا بەشدار بوون ، یەکەمیان سەعد ساڵح کە بووە وەزیری ناوخۆو دووەمیان عەبدولوەهاب مەحمود کە بووە وەزەیری دارایی .

لەو بەرنامەیەدا کە سەرەك وەزیران رۆژی پێنجی مارت بڵاویکردەوە میری گەلێك گفتی سیاسیو ئابووریی دایە کۆمەڵانی خەڵك ، کە یەکێکیان دەستکاریی پەیمانی ساڵی ۱۹۳۰ی نێوان عیراقو بەریتانیا بوو بە جۆرێك لەگەڵ «بارودۆخی نوێی جیهانو پێرەوی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا» بگونجێت . گفتێکی تری بەرنامەکە دابەشکردنی زەویوزاری میری بوو بەسەر وەرزێرو جوتیارانی وڵاتدا . کابینەی نوێ بەر لەوەی مانگێك بەسەر دامەزرانیدا تێپەرێت بریاری لابردنی حوکمی عورفیی دا کە لە حوزەیرانی ساڵی ۱۹٤۱وە دانرابوو . هەمان کات رەقابەی سەر چاپەمەنیو پۆستەش لابرا .

گەورەترین دەسکەوتی ئەو رۆژگارە بریاری رێگە دانی دامەزراندنی پێنج پارتی ئاشکرا بوو بەم ناوانەوە : «الشعب» (گەل) ، «الاتحاد الوطني» (یەکیەتی نیشتمانی) ، «الوطني الديمقراطي» (نیشتمانی دیموکراسی) ، «الاحرار» (ئازادیخواهان) ، «الاستقلال» ، (خۆبوون) . دوای ئەوەی رۆژی دووی نیسانی ۱۹٤٦ بە رەسمی رێگەی ئەم پارتییانە درا ئیتر خوێن رژایە ژیانی سیاسیی وڵاتەوە . هەر یەکەیان مافی ئەوەی پێ درا ئۆرگانو چاپەمەنیی تایبەتیی خۆی هەبێتو

هەموویشیان بەپێی بۆچوونیان بوونە دەربڕی خواستەکانی گەل کە لەو سەردەمەدا لە هەر شت زیاتر داوای لابردنی پەیمانی ساڵی ۱۹۳۰ی دەکرد . داوای بێ‌وچان‌و فراوانی کۆمەلآنی خەڵك حوکمەتی ناچارکرد لیژنەیەکی تایبەتی‌ی بۆ لێدوانی ئەم باسە دابنێت .

کەواتە یەکسەر دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهان سەرەتای ئەوە دەرکەوت چۆن خەباتی بێ وچانی گەل خەریکە ڕێڕەوێکی نوێ لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی عیراقدا بهێنێتە ئاراوە ، لە کاتێکدا ئینگلیزەکان عیراقیان بۆ شتێکی‌تر بنیات نابوو ، ئەوان دەیانویست لە جیهانی دوای شەڕدا عیراق بە یەکجاری بکەنە بنکەی قایمی بلاوکردنەوەی دەسەلاتیان‌و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە ئابوری‌یەکانیان لە سەرانسەری ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاستدا ، بۆیەکا چ خۆیان‌و چ کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە چاوی گومان‌و ترسەوە سەیری ئاسۆی سیاسی‌ی نوێی عیراقیان دەکردو سوور بوون لەسەر ئەوەی پێویستە بە زووترین کات دەرگای قەفەسەکان داخەنەوە . دوای ئەو زنجیرە کۆبوونەوەیەی سەرۆکانی دەوڵەتە عەرەبەکان بەهارو سەرەتای هاوینی ۱۹٤٦ کردیان ئەو کارە بووە ئەرکێکی پەلەی سەر شانی کۆنەپەرستانی عیراق .

باری ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی ئەو ڕۆژگارەی عیراق‌و بەر لە هەر شتێك پێوەندی‌ی نێوان هێزو چینە نیشتمانی‌یەکان ، تا ڕادەیەکی زۆر ئەرکی سەر شانی کۆنەپەرستانی عیراقی ئاسان کرد . جارێکا هەر ولاتێك لە نەتەوەیەك زیاتر پێکهاتبێت پێویستە نیشتمانپەروەرانی دڵسۆزانە هەوڵ بدەن یەکیەتی نیشتمانی بکەنە بناغەی هەموو ئاڵ‌وگۆڕێکی سیاسی‌ی قووڵ . کەچی کاتێك شەڕی دووەمی جیهان تەواو بوو بە هۆی سیاسەتی دووربینی ئینگلیزەکانەوە هێشتا یەکیەتی‌یەکی وا لە زەمینەی عیراقدا لە ئارادا نەبوو . سەرەڕای ئەوە هەموو هێزە نیشتمانی‌یەکانی ئەو سەردەمە بە قووڵی لە بایەخی یەکیەتی‌یەکی لەو جۆرە تێنەگەیشتبوون . وەك بەڵگە دەڵێین هەرچەندە کاربەدەستانی ئەوسای عیراق بە دەستی ئەنقەست گەلی کوردیان لە مافە سیاسی‌یە ڕەواکانی بێ‌بەری‌ی کردبوو ، کەچی هیچ کامێك لەو پێنج پارتی‌یەی ناومان هێنان نە لە پرۆگرام‌و نە لە کاری ڕۆژانەیاندا بایەخێکی ئەوتۆیان نە ئەدا بە

مەسەلەی کورد ، ڕاستیکەشی نەیاندەتوانی چوارچێوەی پێویستی ئەو مەسەلەیە دیار بکەن . پارتی ئازادیخواهان (الاحرار) کە نیشتمانپەروەرێکی ناسراوی لیبرالی ی ئەو ڕۆژگارە سەرۆکی بوو بە جارێك گەلی کوردی خستبووە پشت گوێ . لەوەیش خراپتر ئەوە بوو کە پارتی خۆیبون (الاستقلال) گەلی کوردی کردبووە یەکێك لە «کۆسپ»ەکانی جێ بەجێ کردنی یەکیەتی عەرەب[٣] . ئەم جۆرە هەڵوەستو سەرنجە کورتبینە کارێکی ئەوتۆی کرد هیچ کامێك لە پارتیە ئاشکراکانی دوای شەڕ نەتوانێت بنکەیەك بۆ خۆی لە ناو کوردا دابمەزرێنێت ، ئەوەی کاری کردە سەر سەنگو توانای سیاسی یان .

لەولاشەوە پێوەندی ی نێوان هێزو چینە نیشتمانی یەکان لەوە باشتر نەبوو . بێ بەری کردنی بەشێك لەو چینانە لە مافی سیاسی بە لای بۆرجوازی نیشتمانی یەوە کارێکی ڕەواو بەجێ بوو ، بۆیەکا لەو بارەیەوە ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە . ئەمانە ، لەگەڵ چەند هۆیەکی تردا ، کارێکی ئەوتۆیان کرد فەرمانڕەوایان بتوانن زۆر زوو دەست لە دەسکەوتە سەرەتایی یەکانی گەل بووەشێنن . بۆ ئەوەی هیچ نەبێت خۆیان لە وەزیرە نیشتمانپەروەرەکان قوتار بکەن ڕۆژی ٣٠ی مایسی ساڵی ١٩٤٦ تۆفیق سویدی یان ناچار کرد واز لە حوکم بهێنێت . پاش دوو ڕۆژ دامەزراندنی کابینەی نوێ بە ئەرشەد عومەری سپێردرا کە یەکێك بوو لە پیاوە سیاسی یە نەویستەکانو دوژمنێکی ناسراوی هێزە دیموکراسی یەکان . دامەزراندنی وەزارەتی نوێ سەرەتای هێرشی گەورەی کۆنەپەرستی بوو بۆ سەر گەل . هەمووی بەسەر یەکەوە چوار حەفتەی پێ نەچوو کاتێك پۆلیس گولله بارانی خۆنیشاندانێکی گەورەی لە بەغدا کرد[٤] ، ٥ کەس کوژرانو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون . دوابەدوای ئەمەش بە دوو حەفتە کارەساتە خوێناوی یەکەی گاورباغی قەوماو ئەمیش بووە هۆی کوشتنو بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی نەوتی کەرکوك .

---

(٣) بڕوانە :

محمد مهدي كبه . مذكراتي في صميم الاحداث (١٩١٨– ١٩٥٨) ، بيروت ١٩٦٥ ، ص ١٩٩ .

(٤) نیشتمانپەروەرانی پایتەخت ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦ ئەو خۆنیشاندانەیان ڕێکخست .

ئەم لێدانانە کاری مەبەستدارو لی‌کۆڵراوە بوون . دەبوو ئەو چرۆی ئاڵۆگۆڕەی لەپڕ سەری دەرهێنا زیندەبەچاڵ بکرێت‌و عیراق لە جاران توندتر بە ڕەوڕەوەی نیازەکانی لەندەنەوە ببەسترێتەوەو بکرێتە بنکەی سەرەکی‌ی هێرش بۆ سەر هەموو بزوتنەوەی ڕزگاریخوای نەتەوەیی گەلانی ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەڕاست . جێ بەجی‌کردنی ئەم مەبەستە وێرای لێدانی هێزە دیموکراسە خوازەکان پێویستیشی بە پەیمانێکی نوێ بوو بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێن‌و کەلەبەرانەی لە پەیمانی ۱۹۳۰دا دەرکەوتن ، بە تایبەتی دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی مایسی ۱۹٤۱ . جێ بەجی‌کردنی ئەم ئەرکە ، وەك چاوەڕوان دەکرا ، کەوتە ئەستۆی نوری سەعیدی شارەزا کە ڕۆژی ۲۱ی تەشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٤٦ دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێی پێ سپێردرا . نوری سەعیدیش کە کەم زۆرزانی وەك خۆی لە هەموو ڕۆژهەلاتدا هەبوو ، ویستی هەموو زروفێکی پێویست بۆ بەستنی پەیمانی نوێ ئامادە بکات ، بەلام مۆرکردنەکەی بخاتە ئەستۆی سیاسی‌یەکی‌تر ، چونکە ئەو باش لەوە گەیشتبوو بەستنی پەیمانی ۱۹۳۰ تا چ ڕادەیەك لەبەر چاوی هەموانی خست . جگە لەوە ئەگەر پەیمانی ۱۹۳۰ لابردنی ئینتیداب‌و وەرگرتنی عیراق لە کۆمەڵەی گەلاندا بە دەمەوە بوو ، خۆ ئەو پەیمانە نوێیەی کۆنەپەرستان‌و ئینگلیز دەیانەوێت لە کۆت‌و زنجیر بەولاوە هیچی‌تری نابێت تێدا بێت . هەمان کات نوری سەعید باش لەوەیش گەیشتبوو کە ڕای گشتی‌ی ناوەندی چلەکان جیاوازی‌ی لەگەڵ ڕای گشتی‌ی سەرەتای سی‌یەکاندا یەکجار زۆرەو هیچ دوور نی‌یە ئەنجام ڕیسەکەی بێتەوە بە خوری . لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە چەند هەنگاوێکی‌تری دژی دەسکەوتە دیموکراسی‌یەکانی گەل نا دەستی لە کار هەڵگرت‌و کارێکی ئەوتۆی کرد دامەزراندنی وەزارەتی نوێ بە ساڵح جەبر بسپێردرێت .

مارتی ساڵی ۱۹٤٧ ساڵح جەبر وەزارەتی نوێی دامەزراندو هەر لە سەرەتاوە هەموو توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان‌کرد کە ڕۆژێك زووتر ئەو پەیمانەی لەندەن دەیویست مۆر بکرێت . لە ڕۆژی ۲۲ی تەشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٤٧وە سەرەتا لە باڵوێزخانەی بەریتانی لە بەغداو ، دوایش لە کۆشکی شاهانە «نوێنەرانی» عیراق‌و بەریتانیا چەند جارێك بە نهێنی کۆبوونەوە . مەبەستی ئەو کۆبونەوانە ، کە تا

ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمیان خایاند ، دیارکردنی ناوەڕۆك‌و چوارچێوەی پەیمانی نوێ‌و جۆری مۆرکردنی بوو . ڕۆژی ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتو ، واتە پاش مانگێك ،لە بەغدا ناوی ئەندامانی ئەو وەفدە بڵاوکرایەوە کە دەبوو بچێتە لەندەن «بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ لەبریتی پەیمانی ۱۹۳۰» . وەفدەکە بە سەرۆکایەتی ساڵح جەبرو ئەندامەتی نوری سەعیدو وەزیری هەندەران فازیل جەمالی‌و وەزیری بەرگری شاکیر وادی‌و چەند کەسانێکی‌تر بوو . دەستوبرد ئەم وەفدە بەرەو لەندەن کەوتە ڕێ‌و ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە بەندەری پۆرتسمۆث ، کە کەوتۆتە باشووری بەریتانیاوە ، لەگەڵ نوێنەرانی لەندەندا ئەو پەیمانەی گەلاڵە کرابوو مۆری کردو بەو جۆرە ناوی لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا بووە «پەیمانی پۆرتسمۆث» .

«پەیمانی پۆرتسمۆث» تەنانەت بە نیسبەت پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ شەوە هەنگاوێك بوو بۆ دواوە ، چونکە ئەویان عیراقی توندتر بە بەریتانیاوە دەبەست . ئەگەر بەپێی پەیمانی سی ئینگلیز تەنها لە کاتی شەڕدا مافی ئەوەی هەبوو لەشکری خۆی بهێنێتە ناو خاکی عیراقەوە ، ئەوا بەپێی «پەیمانی پۆرتسمۆث» ئینگلیز ئەو مافەی لە کاتی «مەترسی پەیدابوونی شەڕیشدا» وەرگرت ، واتە هەر کاتێك لەندەن بیویستایە بە هەر بیانویەکەوە بۆی هەبوو لەشکر ڕەوانە بکاتە عیراق . بەپێی بەندی یەکەمی «پۆرتسمۆث» سەرانسەری خاکی عیراق بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕەبەق بووە بنکەیەکی بەریتانی ڕووت . بەندەکانی‌تری « پەیمانی پۆرتسمۆث » کلیلی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کاروباری سوپای دابووە دەست ئینگلیز(٥) .

هەواڵی بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» هەموو عیراقی بە جارێك خرۆشاند . بە هەزاران خۆنیشاندەر ڕژانە سەر شەقامی شارە گەورەکان‌و نارەزایی گەل زۆر بە خێرایی گەیشتە پلەی ڕاپەڕینێکی گەورەو ڕێك‌وپێك کە جڵەوی سەرکردایەتی بە دەست هێزە نیشتمانی‌یە نهێنی‌و ئاشکراکانەوە بوو .

گەلی کورد زۆر بە گەرمی تێکەڵی ئەم ڕاپەڕینە بوو . نیشتمانپەروەرانی کوردی بەغدا هەر لە سەرەتاوە شان بە شانی دانیشتوانی پایتەخت ڕژانە سەر شەقامەکانی

---

(٥) دەربارەی دەقی بەندەکانی «پەیمانی پۆرتسمۆث» بڕوانە :
عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات العراقية ، الجزء السابع ، صيدا ، ١٩٦٨ ، ص ٢٣٣ – ٢٣٩ .

شار . له بەغدا پارتی دیموکراتی کوردستان‌و حیزبی کۆمۆنیست‌و حیزبی شەعب کۆمیتەیەکی سیٚ قۆڵی‌ی تایبەتی‌یان دامەزراند کە ئەرکی سەرپەرشتی‌و ڕێکخستنی خەباتی گەل‌و دیارکردنی دروشمە گەورەکانی خەباتی ئەم قۆناغەی کەوتە ئەستۆ .
ئەمانە ئەو دروشمە سەرەکی‌یانەن کە کۆمیتەی ناوبراو دایبەزاندن :

«پوچ‌کردنەوەی پەیمانی پۆرتسمۆث» ، «ڕوخاندنی حوکمەتی ساڵح جەبر» ، «هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرانی گەل» ، «دانی مافە دیموکراسی‌یەکان» ، «نەهێشتنی گرانی» .

جگە لەم دروشمانە لە کاتی ڕوداوەکانی ڕاپەڕینەکە خۆیدا چەند دروشمێکی تر بەرزکرانەوە ، کە بەشێکیان پێوەندیدار بوون بە مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردەوە .
لۆنگریگ بە شێوازە ژەهراوی‌یەکەی خۆی ئەم ئاڵ‌وگۆڕە شۆڕشگێڕی‌یەی نرخاندووەو دەڵێت :

> «ئەو پەیمانە بەهێزەی ساڵی ١٩٤٨ لە نێوان نەتەوەپەرستان‌و کۆمونیستانی کوردی سەر بە رووسدا بەسترا . . ئاژاوەیەکی بی‌کۆتایی لە سەر شەقام‌و قوتابخانەکانی شاری سلێمانیدا نایەوە»[٦] .

هێزە نیشتمانی‌یەکانی تریش دوورەپەرێز نەوەستان . هێشتا وەفدەکەی ساڵح جەبر نەچوبووە لەندەن کاتێك پارتی‌یانی «وطني – دیمقراطی» و «ئیستیقلال» و «ئەحرار» بەیاننامەیەکی سیٚ قۆڵی‌یان بلاوکردەوە کە تێیدا داوای لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠یان کردو ڕایانگەیاند حوکمەتی ساڵح جەبر هیچ کاتێك مافی ئەوەی نی‌یە بە ناوی گەلی عیراقەوە پەیمانێکی نویٚ لەگەڵ بەریتانیادا ببەستێت[٧] .

تەقینەوەی گەورەی جەماوەری عیراق لەو ڕۆژەوە دەستی پی‌کرد کە فازیل جەمالی‌ی وەزیری هەندەران لە لەندەنەوە هەواڵی دەست‌پی‌کردنی «گفتوگۆیەکی

---

(٦)

S.H.Longrigg , Iraq 1900 to 1950 , London , 1953, P . 353.

(٧) بڕوانە :

«صوت الاحرار» (جريدة) ، بغداد ، ١ و ٢ كانون الثاني ١٩٤٨ ، محمد مهدي كبه ، المصدر السابق ، ص ٢٢٥ – ٢٢٦ .

گرنگی» له نێوان بەریتانیاو عیراقدا ڕاگەیاند . بۆ ڕۆژی داهاتوو ، کە دەبکردە چواری کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨[٨] ، شاری بەغدا بە جارێك خرۆشا . هەر ئەو ڕۆژەش ، لەسەر فەرمانی سەرەك وەزیران ، پۆلیس بەربوونە گیانی خۆنیشاندەرانی پایتەخت . بۆ ڕۆژی داهاتو کاربەدەستان کۆلێجی حقوقیان بەو بیانووەوە داخست کە گوایە بیروباوەڕی گێرەشێوێن لە ناو قوتابیانیدا باوە .

ئەم ڕوداوانەی بەغدا وەزارەتی ساڵح جەبریان لە بەستنی پەیمانێکی نوێ پاشگەز نەکردەوە . ڕۆژی پێنجی کانوونی دووەم ئەندامانی وەفدی «عیراق» بە فرۆکەیەکی تایبەتی چوونە لەندەن . ئەمە هێندەی‌تر نیشتمانپەروەرانی عیراقی بزواند . هەر ئەو ڕۆژە دیسان قوتابیانی بەغدا ڕژانە ناو شەقامانی شارەوەو دەستەو چینەکانی‌تریش دایانە پاڵیان . ئەمجاریش پۆلیس هێرشی هێناو لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لا بریندار بوون . بەلاّم دەزگاکانی میری لەو بەیاننامەیەیاندا کە بەم بۆنەیەوە بلاّویان کردەوە تەنها باسی بریندارکردنی ٤٢ پۆلیسیان ڕاگەیاند . هەر زووش دەرکەوت کە ئەوان دەیانەوێت ئەمە بکەنە بیانووی دەست‌وەشاندنی توندوتیژتر ، ئەوەبوو ڕۆژی ٧ی کانوونی دووەم بەیاننامەیەکی‌تریان بلاّوکردەوە کە بە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆرەوە دەیگوت :

«حوکمەت زۆر بە توندی لەو کەسانە دەدات ڕێگە بە خۆیان دەدەن هێمنی‌و ئاسایش تێك‌بدەن» .

ئەنجامی ئەم کارو بڕیارانە تەواو بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانەوە شکایەوە . بەغدای پایتەخت نەك هەر هێمن نەبۆوە . بەڵکو هەمان کات شارەکانی‌تریش تێکەڵ بە ڕاپەڕینی گەل بوون . کاتێك کار گەیشت بەمە جەمال بابانی جێگری ساڵح جەبر ناچار بوو لەگەڵ ژمارەیەك سیاسی‌ی ناسراودا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکات گوایە بۆ لێکۆڵینەوە لە داخوازی‌یەکانی گەل . هەرچۆن بێت حوکمەت ناچار بوو کەمێك بکشێتە دواوە . ئەوەبوو ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەم بڕیاری کردنەوەی کۆلیجی حقوق‌و بەردانی گیراوەکان بە زامن دەرچوو .

بەلاّم ئەم بڕیارانە تەفرەی جەماوەریان نەدا ، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو

---

(٨) فازیل جەمالی ئەو هەواڵەی ڕۆژی ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بلاّوکردەوە .

هەراوبگرەدا هێشتا حوکمەت لە بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» پاشگەز نەبۆوە. لەبەر ئەوە لە ڕۆژی ١٦ی مانگەوە خۆنیشاندان دیسان هەموو لایەکی گرتەوە. شاگردانی قوتابخانە ناوەندی‌یەکانو دەزگا زانکۆییەکان بڕیاری مانگرتنی سێ ڕۆژیان دا. پاش سێ ڕۆژ جقاتانی[9] کرێکارانیش داوایان لە ئەندامانی خۆیان کرد ئەوانیش «لە پێناوی جێ بەجێ‌کردنی داخوازێکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلدا ئاگری خەباتیان بەتین‌تر بکەن». هەمان کات هێزە بۆرجوازی‌یە نیشتمانی‌یەکانیش گوڕیان دایە خۆیانو کەوتنە هاندانی کۆمەلآنی خەڵك بۆ ئەوەی پەرە بە خەباتی سەختی ئەو ڕۆژە ناسکەی مێژووی نیشتمانیان بدەن. بەم بۆنەیەوە دیسان پارتی‌یانی «وطنی – دیمقراطی»و «ئیستیقلال»و «ئەحرار» هەر یەکەیان بە جیا بەیاننامەیەکی دوورو درێژی بلآوکردەوە کە بەشی زۆری هەرسێکیان بۆ شی‌کردنەوەی ناوەرۆکی «پەیمانی پۆرتسمۆث» و دەرخستنی مەبەستە نەبینراوەکانی تەرخان کرابوو[10].

هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە بە جارێك وڵآتیان هێنایە جۆش. ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەم بە دەیان هەزرا خۆنیشاندەر بە خۆیانو دروشمە نیشتمانی‌یەکانیانەوە کەوتنەوە دەربڕینی نارەزایی گەل. خۆنیشاندەرانی بەغدا ئەمجاریان ڕوویان کردە هۆڵی پەرلەمانو بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد: «مەرگ بۆ پەیمانی پۆرتسمۆث»، «بڕوخێ وەزارەتی سالح جەبر».

ڕۆژی داهاتو، واتە ٢٠ی کانوونی دووەم، پۆلیسی پایتەخت دیسان دەسڕێژیان لە خۆنیشاندەران کردو بوونە هۆی شەهید بوونی چوار کەسو بریندار بوونی دەیان کەسی‌تر. بۆ سبەینێ کە بە هەزاران نیشتمانپەروەر ڕژانە سەر شەقامو تەختانی‌یەکانی نزیك خەستەخانەی مەجیدی‌یەوە[11] بە نیازی بەشداری‌کردن لە ناشتنی

---

(٩) جقات واتە «نقابة».

(١٠) بۆ دەق ئەو بەیاننامانە بڕوانە:

الدكتور فاضل حسين، تأريخ الحزب الوطني الديمقراطي، بغداد، ١٩٦٣، ص ٢٢٢، عبدالرزاق الحسني، المصدر السابق، الجزء السابع، ص ٢٤١ – ٢٥٣.

(١١) ئەو خەستەخانەیەی کاتی خۆی عوسمانی‌یەکان لە «باب المعظم»ی بەغدا کردیانەوەو بە ناوی سوڵتان عەبدولمەجیدەوە ناویان نا تا ئەمڕۆکانیش هەر پێی دەگوترا «خەستەخانەی مەجیدی». تا ئێستەش بەشێك لە بیناکانی خەستەخانەی مەجیدی ماونەتەوەو خراونەتە سەر «مدينة الطب».

قوربانێکانی ڕۆژی ڕابوردوودا ، دووباره دەسرێژیان لیکرایەوەو ئەمجاریان دوو کەس شەهید کران ، کە یەکێکیان قوتابیی کۆلێجی دەرمانسازی بوو ، گەلێکیش بریندار بوون .

ئەم هەنگاوەی دوایی میری تەنانەت ئەو دەستەو دایەرانەشی بزواند کە تا ئەو کاتە لەبەر هۆی جیاواز تێکەڵیّ بە خەباتی جەماوەر نەبوبون . بەرێوەبەرو دەستەیەك مامۆستای کۆلێجی پزیشکی زۆر بە توندی نارەزایی خۆینانیان ڕاگەیاندو لەگەڵ نزیکەی ۱۰۰ پزیشکی شاری بەغدادا دەستیان لە کار هەڵگرت[۱۲] .

کاتێك کار گەیشتە ئەم قۆناغە ناسکە ئیتر عەبدولئیلا بۆ خۆی ناچار بوو یەکسەر بێتە کایەوە . ڕۆژی ۲۱ی کانوونی دووەم لەگەڵ دەستەیەك لە پیاوە سیاسی‌یە ناودارەکاندا کۆبۆوە کە نوێنەرانی هەرسێك حیزبە سیاسی‌یە ئاشکراکانیان تێدا بوو[۱۳] . ئەمان بە ئاشکرا داوای لابردنی ساڵح جەبرو گفتی نەبەستنی هیچ جۆرە پەیمانێکیان لێ‌کرد[۱٤] .

عەبدولئیلا کە گلۆڵەی کەوتبووە لێژی ناچار بوو نوێنەرانی گەل چی‌یان ویست وا بکات . سەرەتا بەیاننامەیەکی لە ئێزگەوە بلاوکردەوەو تێیدا گفتی دا «هیچ پەیمانێك مافی وڵات‌و داخوازی‌یە نیشتمانی‌یەکانی رەچاو نەکات ، نەبەسترێت» . بەلأم هەمان کات ساڵح جەبر لە لەندەنەوە کەوتە هەڕەشەو گورەشەو لە بەیاننامەیەکی تایبەتیدا ڕاپەڕینی گەلی لە یەك کاتدا دایە پاڵ ئەوانەی لەخۆیەوە ناوی لێنان «کۆمۆنیست‌و نازی» (! !)و ڕای‌گەیاند کە بۆ خۆی بەم زوانە بۆ «ئەمیەی گێرەشێوێنەران» دەگەڕێتەوە بەغدا .

ئەم بەیاننامەیەی سەرەك وەزیران هێندەی‌تر خەڵکەکەی وروژاند . ڕۆژی ۲۳ی

---

(۱۲) بڕوانە :

(Revolution in Iraq) , Baghdad , 1958 , PP. 13 — 14.

(۱۳) کاربەدەستان هەر زوو پارتی گەل «الشعب» و یەکێتی نیشتمانی «الاتحاد الوطني»یان داخست .

(۱٤) بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە :

M. Khadduri , Independent Iraq (1932 — 1958) , London , 1960 , P. 268 ,

الدکتور فاضل حسین ، المصدر السابق ، ص ۲۲۳ ، عبدالرزاق الحسني ، المصدر السابق ، الجزء السابع . ص ۲۱۰ — ۲۷٦ .

کانوونی دووەم دیسانەوە لە هەموو لاوە کۆمەلأنی خەڵك ڕژانەوە سەر شەقامەکانی پایتەخت‌و شارە گەورەکان‌و ئەمجاریان سووربوون لەسەر ئەوەی دەست هەڵنەگرن تاوەکو ئەم دروشمە سەرەکی‌یانەی خوارەوە جیٚ بەجیٚ دەکریٚن :

١ – ڕوخاندنی وەزارەتی ساڵح جەبر.

٢ – بەردانی گیراوە سیاسی‌یەکان .

٣ – هەڵبژاردنیٚکی ئازاد .

ڕۆژانی ٢٤و ٢٥ی کانوونی دووەم لە ژیٚر سایەی ئەم دروشمانەدا زنجیرەیەك خۆنیشاندانی زۆر گەورە لە بەغداو شارە گەورەکاندا ڕووی دا . بۆ ڕۆژی داهاتوو ساڵح جەبر گەیشتەوە بەغدا . هاتنەوەی سەرەك وەزیران‌و کارەکانی بوونە نەوت‌و کرا بەسەر ئاگری ڕاپەڕینی گەلدا ، ئەو بە ئەوپەڕی برواوە گفتی دایە عەبدوئیلا کە لە ماوەی تەنها ٢٤ سەعاتدا «هیٚمنی‌و ئاسایش دەگیٚڕیٚتەوە دۆخەکەی جارانی» . جەمال بابانی بەوە تاوانبار کرد کە گوایە ئەو کاتەی بۆ خۆی لە ولأت نەبوو ئەو «بە نەرمی لەگەڵ گیٚرەشیٚویٚنەراندا ڕەفتاری کردووە» ، ئەو تۆمەتەی وای لە جەمال بابان کرد یەکسەر واز لە وەزارەت بهیٚنیٚت . وەزیری کاروباری ناوخۆش بۆ ئەوەی «هەڵە»کەی جەمال بابان دووبارە نەکاتەوە ئەو ڕۆژەی ساڵح جەبر گەیشتەوە بەغدا فەرمانی دا بە پۆلیسی هەموو عیراق بە توندی لە هەموو خۆنیشاندانیٚکی نویٚ بدەن . بۆ ڕۆژی داهاتو ، واتە ٢٧ی کانوونی دووەم ، لە هەموو لاوە پۆلیس بەربوونە گیانی نیشتمانپەروەران . ئەو ڕۆژە لە بەغدا ٢٠ کەس کوژران‌و گەلیٚکیش لەوە زیاتر بریندارکران . خۆنیشاندەرانی بەغدا هەر ئەو ڕۆژە چاپخانەی «تایمسی عیراق»ی سەر بە ئینگلیزو مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌ی بەریتانی‌یان سووتاند . لە کەرکوکیش نیشتمانپەروەران هیٚرشیان بردە سەر کۆنسوڵخانەی بەریتانی[١٥] . لە ترسی خۆنیشاندەرانی کەرکوك دەزگاکانی کۆمپانیای نەوت بە پۆلیس تەنران . شاری سلیٚمانیش لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی کانوونەوە بە جاریٚك خرۆشا . لیٚرەش خۆنیشاندەران هیٚرشیان کردە سەر مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌ی بەریتانی‌و سوتاندیان .

---

(١٥)

S.H.Longrigg , Op. Cit., P. 347

ئەم ڕوداوانە بە جارێك مەترسی‌یان خستە ناو ڕیزەکانی زۆربەی فەرمانڕەوایانی وڵاتەوە. بۆنی شۆڕش لە هەموو لاوە بەرز دەبۆوە. هەمان ڕۆژی ٢٧ی کانونی دووەم وەزیری دارایی‌و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی‌و سەرۆکی «ئەنجومەنی نوێنەران»و ٢٠ کەس لە ئەندامانی وازیان لە کار هێنا. بەڵام نوری سەعیدو ساڵح جەبرو نزیکەکانیان دەیانویست بە هەر نرخێك بێت ڕاپەڕینی گەل دابمرکێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولئیلا ناچار بوو هەر ئەو ڕۆژە داوا لە سەرەك وەزیران بکات دەست لە کار هەڵبگرێت‌و بۆ خۆی سەعات هەشتی شەو ئەم هەواڵەی لە ڕێگەی ئیزگەوە ڕاگەیاند.

ئەمە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی گەل بوو لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا‌و دەسکەوتێکی کەم هاوتا بوو نەك تەنها لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا، بەڵکو هەمان کات لە مێژووی هاوچەرخی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاستدا، کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو لاوە زۆر گەرم پێشوازی‌ی هەواڵی کەوتنی وەزارەتی ساڵح جەبریان کرد.

دەسکەوتی گەورەی ئەو ڕۆژە جەماوەرو پارتی‌یە سیاسی‌یەکانی سارد نەکردەوە، ئەوان پاشگەزبوونەوەی عیراقیان لە «پەیمانی پۆرتسمۆث» دەویست‌و لەوە دەترسان دوورخستنەوەی ساڵح جەبر تەنها پاشەکشەیەکی تەکتیکی بێت. ئەوەبوو ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەم توانی‌یان کارێکی ئەوتۆ بکەن نەهێڵن دامەزراندنی کابینەی نوێ بە ئەرشەد عومەری بسپێردرێت کە وەك ساڵح جەبر سیاسی‌یەکی بێزراو بوو. لەبەر ئەوە عەبدولئیلاو ڕاوێژکارانی ناچار بوون بیر لە یەکێکی ئەوتۆ بکەنەوە کە جەماوەر لەو ڕۆژەدا پێی قابل بێت. بۆ ڕۆژی داهاتوو دامەزراندنی کابینەی نوێ بە محەمەد صەدر سپێردرا کە پیاوێکی ئایینی ناسراوو یەکێك لە سەردارانی شۆڕشی بیست بوو. ئەمە بۆ خۆی کشانەوەیەکی‌تر بوو لە لایەن دەستەی فەرمانڕەواوە، بە تایبەتی گەر ئەوەش بگرینە بەر چاو کە دوو نوێنەری بۆرجوازی‌ی نیشتمانی لە وەزارەتەکەی محەمەد صەدردا بەشدار بوون، یەکەمیان محەمە ڕەزا شەبیبی‌و دووەمیان محەمەد مەهدی کوبەی سەرۆکی پارتی ئیستیقلال بوو. بەڵام بەرامبەر بەوان نوێنەرانی دەستەو دایەرە کۆنەکانی وەك جەمیل مەدفەعی‌و ئەرشەد عومەری

بوونە ئەندامی کابینەی نویٚ کە هەمان کات پارتی «وطنی دیمقراطی»ی لیٚ دوور خرایەوە . هەرچی پارتی ئەحرار بوو بۆ خۆی نەیویست بەشدار بیٚت .

زۆری نەبرد ڕۆژگار دەری‌خست ئەم کشانەوەیەی کۆنەپەرستی‌ی عیراق هەنگاویٚکی وردکارو دووربین بوو ، بەلاٚم گەیاندنی بە ئەنجام هیٚشتا پیٚویستی بە چەند هەنگاویٚکی‌تر بوو . سەرەك وەزیرانی نویٚ محەمەد صەدر لە یەکەم بەیاننامەیدا گفتی جیٚ بەجیٚ‌کردنی «داخوازی‌یەکانی گەلی عیراق سەربەرز»ی دا . ڕۆژی یەکی شوباتیش بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەیەکی تایبەتی‌ی بۆ دیارکردنی «گوناهبارانی خویٚن ڕشتنی کانوونی دووەمی» دەرکرد . ئەمجا پاش دوو ڕۆژ هەواڵی بڕیاری بەتاڵ‌کردنەوەی «پەیمانی پۆرتسمۆث»ی ڕاگەیاند .

ئەم بڕیارانە هیٚزە نیشتمانی‌یەکانیان لە خەبات نەخست ، ئەوان دەیانویست هەموو دروشم‌و داخوازی‌یەکانی گەل جیٚ بەجیٚ بکریٚن . شایانی باسە خەباتی جەماوەری کوردستانیش لەو ڕۆژانەدا هەمان شیٚوەی فراوان‌و ڕیٚکخراوی بەغدای وەرگرت . دانیشتوانی شاری سلیٚمانی ، بەویٚنە ، لە نامەیەکی تایبەتیدا ئەم داخوازی‌یانەی لای خوارەوەیان خستە بەر دەمی وەزارەتی ساڵح جەبر کە لە ناوەرۆکی گشتییدا جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەلٚ دروشمە سەرەکی‌یەکانی ناوچەو مەلٚبەندەکانی‌تردا نەبوو :

١ – دانی مافە دیموکراسی‌یەکانی گەل .

٢ – ڕیٚگەدان بە ژیانی پارتایەتی سەربەخۆ .

٣ – ڕیٚگەدان بە دامەزراندنی جڤاتی کریٚکاران .

٤ – ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسی‌یەکانی عیراق .

٥ – لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ .

نیٚرەرانی نامەکە بەم جۆرە کۆتاییان پیٚ‌هیٚنابوو : «دانیشتوانی شارەکەمان دەست لە خەباتی خۆیان هەلٚناگرن هەتاوەکو ئەم داخوازی‌یانە جیٚ بەجیٚ دەکریٚن»[١٦] . بۆ جیٚ بەجیٚ‌کردنی هەمان مەبەست شوبات‌و نیسانی ١٩٤٨ چەند وەفدیٚکی تایبەتی لە

---

(١٦) بڕوانە :

نوري عبدالرزاق حسين ، تيارات سياسية في الحركة الوطنية العراقية ، القاهرة ، بلا ، ص ٦٥ .

کوردستانەوە هاتنە بەغدا . ڕۆژی سیازدەی شوبات نوێنەرانی هەولێرو کۆیە پێکرا ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغداو دوای زیارەتی گۆڕی شەهیدانی ۲۷ی کانوون لەگەڵ دانیشتوانی پایتەختدا بەشداری ناشتنی نیشتمانپەروەری کورد حسەین عەلییان کرد کە بەر لەوە لە یەکێك لە خۆنیشاندانەکانی بەغدادا بریندار کرابوو . گۆڤاری «گەلاوێژ» لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێت :

«لە ڕۆژی ۱۹٤۸/۲/۱۳دا پۆستەی کۆیەو هەولێر گەیشتنە جێ ، ئەوی پێی بڵێن پیاوەتی نواندیان ، بە شەقامەکانا سەر گۆڕی شەهیدەکان گەڕان . چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن ، پێیان وتن وا مەزانن کە ڕۆیشتوون ! ، نەڕۆیشتوون ، لە گۆشەی دڵمانا جێتان تەرخانە . بەوەش وازیان نەهێنا ، لەگەڵ کورگەلی (کوردا) تەرمەکەی حسەین عەلیی تازەپێگەیشتوویان بردە شارە پیرۆزەکەی نەجەف ، ئەو شارە کە ئامۆزای پێغەمبەری لێ میوانەو ئەهلەکەشی ئەهلی دانشو عیرفانە»[17] .

ڕۆژی ۲٦ی شوباتیش وەفدێکی پێنج‌سەد کەسی لە زاخۆو ڕانیەو سلێمانییەوە هاتنە بەغداو لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی پایتەختدا خۆنیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخستو چوونە سەر گۆڕی شەهیدانو لەوێ چەند وتارێکیان بە عەرەبیو کوردی خوێندەوەو چەند جارێك بە گەرمی باسی ئەوەیان کرد کە دەبێت خەباتی هاوبەشی عەرەبو کورد ببێتە بەردی بناغەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوای نیشتمانی تاوەکو گەل بتوانێت بەسەر دوژمندا زاڵ بێت . دیسان « گەلاوێژ» ئەو ڕۆژە مێژوویەی بۆ خستوینەتە ئەم چوارچێوە ڕازاوەیەوە :

«ڕۆژی ۱۹٤۸/۲/۲٦ کورگەلی سولەیمانی گەیشتن[18] ، تەنها ئەوان ۳۰۰ کەسێك بوون . لەگەڵ لاوەکانی ڕانیەو زاخۆ یەکیانگرت . کە کۆبوونەوە دەمەنی ۵۰۰ کوردی جوامێری دلێری دڵ بریندارت ئەدی کە بۆ پرسەی برایەکی هاوفیکریان ئەچن . لە دەشتی مەلیك فەیصەلدا لە پاش ئەوە کە ڕیزیان بەست ڕووەو گۆڕستانی[19] (باب المعظم) بە شارع ڕەشیدا لە سەعات دوو نیوی پاش

(۱۷) بڕوانە :
«گەلاوێژ» ، مارتی ۱۹٤۸ ، ل ۱٤ .
(۱۸) لە شوێنی زۆر پێویستدا نەبێت دەستکاریی ڕێنووسەکەی نەکراوە .
(۱۹) لە دەقی وتارەکەدا : ڕووەو گۆڕی . . .

نیوەرۆوە بەری‌کەوتن . . . لە پێشەوە بەیداخی عیراق ، لە پاشا هەندێ لە پیاوماقوڵو ریش سپی‌یەکان بە جلوبەرگی کوردی‌یەوە چوار چوار بە شوێن بەیداخەکەوە ، ئینجا بەیداخی پۆستەی سولەیمانی ، رانیە ، زاخۆ . بەشوێن ئەوانا کچانی کورد چەپکە گوڵیان بە دەستەوە ، لە پاشا لاوان بە جلوبەرگی کوردی‌و بەیداخی پرسەوە ، بەشوێن ئەوانا جووتە منداڵێکی بچکۆلە بە مراخانی‌و شەرواڵەوە ، دیسان کچان بە چەپکە گوڵو ریحانەوە ، لە شوێنیانەوە کورپە کوردەکان . . سەرە هاتەوە سەر لاوەکان بە خۆیانو بەیداخەکانیانەوە ، لەم بەیداخانەدا هەموو جۆرە شتێك نووسرابوو : «پرسەی شەهیدەکان ، وەفدی کوردەکان ، زبانی کوردو عەرەب ، برایەتی کوردو عەرەب ، داواکردنی ئاسایشی وڵات» . ئەمانە کە بەم ریکوپێکی‌یە ریکخرابوون هەر لە بەینی بیست هەنگاوێکدا دوو کورد ، یەکێ لە لای راستو یەکێ لە لای چەپ بە جلوبەرگی کوردی‌و بە فیشەكو دەمانچەی برنەوەوە ئەرۆیشتن . ئەمانە هەموو پەردەیەکی کشوماتی ماتەمی‌یان بەسەرا کێشراو هەموو دەستەو کەمەرو لەسەر خۆ ملی رییان گرت بە بێ دەنگو بە بێ ورتە . عالەمی بەغدا هەر لە «ساحەی مەلیك فەیصەل»ەوە تا گۆرستانی «باب المعظم» بەژنو پیاوەوە ئەم بەرو ئەوبەری «شارع رەشید»یان گرتو سەیری ئەم دیمەنو نمایشەیان دەکرد . لە سەعات چوارا گەیشتنە گۆرستانو چوونە ژوورەوە . . .»[٢٠] .

«گەلاوێژ» کاتێك دێتە سەر باسی ئەو وتارەی حەمەی ئەحمەدی تەها لەسەر گۆری شەهیدان خوێندوویەتەوە ئەم قسە پرمانایانەی خۆیشی خستۆتە پاڵ قسەکانی وتەبێژی کورد :

ئەی «شەهیدانی ریگەی ئازادی ! دیمەنی ئەم کورو کچانە کە لەسەر گۆرەکانتانا ئەیانبینن پاشەرۆکی دروێنەکراوەکانی رۆژی رەشی شەشی ئەیلولن کە بۆ ئازادی هاتنە مەیدانەوەو دەستی پیسی بێگانە دەستی درێژی مەردانەی بەستنو لەگەڵ ئێوەدا کردنی بە ناحەز ! ئەو ئامانجە کە ئێوە بۆی هاتنە مەیدانەوە هەر ئەو ئامانجە بوو کە ئەوان بۆی چوونە زیندانەوە ! ئیستە لێك تێگەیشتین کە دڵمان لە

(٢٠) «گەلاوێژ» ، هەمان ژمارە ، ل ١٤ - ١٦ .

عاسێ یەك پاکەو ئامانجیان ئامانجێکی پیرۆزو دڵیان دڵێکی پێ کەلە ! !»[٢١] .

ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٤٨ هەموو ئەمانە لە کاتی هاتنی وەفدی خانەقیندا بۆ بەغدا دووبارە کرانەوە[٢٢] .

خەباتی بێ‌وچانی گەل لە سەرانسەری وڵاتدا وەزارەتی محەمەد صەدری ناچارکرد بەشێکی‌تر لە داخوازی‌یەکانی هێزە نیشتمانی‌یەکان جێ بەجێ بکات . دوای دوودڵی‌یەکی زۆر ڕۆژی ٢٢ی شوبات بڵاوە بە ئەنجومەنی نوێنەران کراو بڕیاری هەڵبژاردنی نوێ درا ، ژمارەیەکی زۆر لە بەندە سیاسی‌یەکان بەردران ، ڕێگە درایە ڕۆژنامەو گۆڤارە داخراوەکان بکەونەوە دەرچوون . پاش ماوەیەك هەواڵی کشانەوەی دەستەی سوپایی بەریتانی ڕاگەیێنرا ، ئەو کارەی کۆمەڵانی خەڵك بە «سەرکەوتنێکی نیشتمانی»ی گەورەیان لە قەڵەمدا[٢٣] .

گەلی کوردیش لە ئەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمدا بە چەند مافێکی سەرەتایی خۆی گەیشت . بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا ڕێگەی دەرچوونی گۆڤارێکی سیاسی‌ی بە زمانی کوردی درا[٢٤] . ڕۆژی ٢١ی مارتی ١٩٤٨ بۆ یەکەم جار کورد وا فراوانو ئاشکرا یادی نەورۆزی لە بەغداو شارەکانی کوردستاندا کردەوە .

بە داخەوە بەهاری نوێی گەلی عیراق زۆر تەمەن کورت بوو . کۆنەپەرستانی عیراق توانی‌یا بەخێرایی ڕیزەکانیان ڕێك بخەنەوەو بکەونەوە هێرش . هێشتا مانگی مارت کۆتایی نەهاتبوو کە وەزارەتی محەمەد صەدر بە دەستووری وەزارەتەکەی سالح جەبر ڕێگەی نەدا بە پارتی گەل (شەعب) دەست بکاتەوە بە کار کردن . ئەم لادانەی وەزارەتی صەدر لە کاتی هەڵبژاردنی نوێدا زیاتر خۆی نواند . لە زۆر شارو ناوچە دەزگاکانی میری بە ئاشکرا دەستیان وەردایە کاری هەڵبژاردنو لە چەند

---

(٢١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧ .

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨ – ٢٢ .

(٢٣) لەو قسەیە هی لۆنگریگە ، بڕوانە :

S.H.Longrigg Op. Cit., P. 347.

(٢٤) مەبەست گۆڤاری «نزار»ە کە خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلائەددین سەججادی سەرنووسەری بوو

شوێنێك نیشتمانپەروەران‌و پۆلیس لەسەر ئەوە پێکیانا دا . هەمان کات کاربەدەستان لە چەند شوێنێك لە کرێکارانیان دا . پۆلیس مانگرتنی کرێکارانی شەمەنەفەری هەولێری دامرکاندەوە . لەوەیش خراپتر بە کرێکارانی (حدیثە) کرا ، بە تایبەتی چونکە بوونە هۆی زیان گەیاندن بە کۆمپانیای نەوتی عیراق دوای ئەوەی لە پێناوی چەند مافێکی سەرەتاییدا ناچار بوون مانبگرن . سەرچاوە هەن ئەو زیانە بە چەند ملیۆنێك دینار لە قەڵەم دەدەن[٢٥] .

کۆنەپەرستان بەمانە قایل نەبوون ، ئەوان دەیانویست عیراق بگێڕنەوە دۆخەکەی جارانی‌و دیسان هێزە نیشتمانی‌یەکان سەرکوت بکرێنەوەو کاروباری وڵات بدرێتەوە دەست نوری سەعیدو دەستەودایەرەکەی . بۆ جێ بەجێ‌کردنی ئەم مەبەستەو لاوازکردنی وەزارەتی صەدر ژمارەیەك لە ئەندامانی کشانەوە . لەوەیش زیاتر کۆنەپەرستانی ئەوسای عیراق کەڵکیان لە ڕوداوەکانی فەلەستین وەرگرت . بەو بیانووەوە لە مانگی مایسەوە بە صەدان نیشتمانپەروەر ئاخنرانە بەندیخانەکانی وڵاتەوە . ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی سلێمانی لە کاتی تاقی‌کردنەوەدا ڕاپێچ‌کران[٢٦] . دوای ئەوەی مزاحم پاچەچی ، کە دۆستێکی نزیکی نووری سەعید بوو ، ڕۆژی ٢٦ی تەمموزی ١٩٤٨ وەزارەتی نوێی دامەزراند هێرشی کۆنەپەرستان بۆ سەر نیشتمانپەروەران هێندەی‌تر توندو تیژ بوو . زۆری نەبرد کۆت‌و زنجیرەکەی جاران خرایەوە گەردنی کۆمەلانی خەڵك .

گەلێك هۆ یاریدەی کۆنەپەرستانیان دا بتوانن وا خێرا لە دەسکەوتە سەرەتاییەکانی گەل بدەن . بەر لە هەر شتێك دەبێت ئەو ڕاستی‌یە ڕەچاو بکەین کە بەشێك لە هێزە نیشتمانی‌یەکان هەڵوەست‌و وردە کشانەوەی کۆنەپەرستانیان دووربینانە نەنرخاند ، لەوان وابوو دوژمنیان لە باڵ کردووەو تەنانەت لە گەرمەی کەوتنیدا تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵی نەرم‌و نیان بوون ، وا دیارە «مارەکەی مام هۆمەر»یان لە یاد نەبوو . سەرۆکی پارتی «ئیستیقلال» محەمەد مەهدی کوبە هەر بەوە

---

(٢٥) بە وێنە بڕوانە گۆڤاری «ڕۆژهەلاتی ئەمڕۆ» ، بە زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ژمارە پێنجی ١٩٥٧ ، ل ١٤ .

(٢٦) دیدەنی لەگەڵ ئەفسەری خانەنشین مستەفا عەبدوڵلا ، ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٨٥ .

قایل نەبوو لە وەزارەتەکەی محەمەد صەدردا بەشدار بێت ، بەڵکو بە وەزارەتی ئەمونیش قایل بوو کە دەورێکی ئەوتۆی نەبوو ، کەچی بەرامبەر بەوە لە گەرمەی سەرکەوتنی جەماوەردا وەزارەتە هەرە گرنگەکانی وەك کاروباری ناوخۆو هەندەرانو بەرگری درانە دەست ژمارەیەك لە سیاسی یە کۆنەپەرستە قاڵبووە بێزراوەکانی ئەو رۆژگارە . هەمان کات بەشێك لە هێزە نیشتمانی یە بۆرجوازی یەکان لە کاری رۆژانەیاندا بە جۆرێك رەفتاریان دەکرد وەك دووبەرکی یان لەگەڵ چینو دەستە نیشتمانی یەکانی تردا گەیشتبێتە ئاستی تەقینەوە [٢٧] .

بێ گومان لەگەڵ هەموو کەموکورتی یەکانیدا ئینجا راپەرینە پڕ لە قارەمانێتی یەکەی کانوونو روداوو ئەنجامەکانی لاپەرەیەکی پرشنگداری مێژووی هاوچەرخی عیراقو رۆژهەڵاتی نزیكو ناوەراستن . وەك مێژوونووسی میسری محەمەد عودە نووسیوی یە ئەم راپەرینە گەورەترین لێدان بوو بۆ «سیاسەتی دەرەوەی ئێرنست بێڤن [٢٨] لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی عەرەبدا» [٢٩] ، چونکە ، بە راستی ، بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی داوی پیلانێکی گەورە کە لەندەن دەیویست لە رێگەیەوە وڵاتانی ناوچەکە لە جاران زیاتر ببەستێت بە خۆیەوە . نیشتمانپەروەرانی وڵاتە عەرەبی یەکان هەر زوو لەم راستی یە تێگەیشتن بۆیەکا بە گەرمی پشتگیری ی خەباتی قارەمانانەی گەلی عیراقیان کرد . رۆژانی راپەرینەکە شەقامەکانی قاهیرەو دیمەشقو بێروت زنجیرەیەك خۆپیشاندانی گەورەیان بەخۆیانەوە دی [٣٠] .

راپەرینی کانوون بووە سەرەتای ئاڵوگۆرێکی قوولو پڕئەنجام لە جۆرو شێوازی بیرکردنەوەی سیاسی ی کۆمەڵانی خەڵکی عیراقدا بە کوردو عەرەبی یەوە . ئەمەش بەر

---

(٢٧) بە وێنە بڕوانە :

«صوت الاهالي» (جريدة) ، بغداد ، ١٩ أيلول ١٩٤٨ ، محمد مهدي كبه ، المصدر السابق ، ص ٢٤٨ - ٢٤٩ .

(٢٨) کاتی بەستنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» ئێرنست بێڤن وەزیری هەندەرانی بەریتانیای گەورە بوو .

(٢٩) محمد عوده ، ثورة العراق ، القاهرة ، بلا ، ص ٦٢ .

(٣٠) بڕوانە :

خالد بكداش ، إنتفاضة الشعب العراقي لسنة ١٩٤٨ وأثرها في تطور القضية العربية ، مطبعة المثنى(؟) ، ١٩٤٨ ، ص ١١ .

لە هەر شێکی تر ڕەنگی لە شێوەی خەباتیاندا دژی دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکان دایەوە بەوەی ئەو خەباتە چووە چوارچێوەیەکی گشتی‌ی یەکگرتووەوە . هیچ کاتێك بەر لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ئاوەها بە صەدان هەزار کەس لە سەرانسەری عیراقداو لە یەك کاتداو بۆ یەك مەبەست ڕاتەپەڕیون . بەپێی هەندێك سەرچاوە ژمارەی بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە لە ٣٠٠ هەزار کەس زیاتر بووە(٣١) .

یەکێك لە ئەنجامە هەرە گەورەو قووڵەکانی ڕاپەڕینی کانوون بریتی بوو لەوەی کە بە کردەوەو تاقی‌کردنەوە سەرەتاو بایەخی خەباتی هاوبەشی ڕێکخراوی عەرەب‌و کوردی خستە ڕوو ، ئەو ڕاستی‌یەی بووە بەردی بناغەی سەرکەوتن‌و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکە خۆی . گەلێك لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب دانیان بەمەدا ناوە(٣٢) . یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی ئەم دیاردە نوێی‌یە ئەوەبوو کە داخوازی‌یەکانی گەلی کورد تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا نەماوە ، بەڵکو تا ڕادەیەك لە ناوچەکانی تریشدا ڕەنگی دایەوە . هەر لە ڕۆژانی ڕاپەڕینەکە خۆیدا لە هەر چوار لای عیراقدا دروشمی بەردانی بەندە سیاسی‌یە کوردەکان بەرزکرایەوە ، ئەوەی تەنانەت سەرنجی مێژوونووسەکانی دەرەوەیشی ڕاکێشاوە(٣٣) . لە کوردستان خۆشیدا بۆ یەکەم جار لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی کانووندا هەستی برایەتی نێونەتەوەیی خۆی نواند(٣٤) . کوردو تورکمان‌و ئاسووری لە کەرکوك‌و خانەقین‌و شوێنی‌تر یەك سەنگەری خەبات بۆ یەك مەبەست کۆی‌کردەوە .

کەم شت بە ڕادەی ئەم دیاردە نوێیەی ژیانی سیاسی‌ی گەلی عیراق مەترسی‌ی خستە ناو دڵی ئیمپریالی‌یەکانەوە . زۆر بەسەر ڕاپەڕینی کانووندا تێنەپەڕی کاتێك

---

(٣١) بڕوانە :

(Sovremenny Iraq) , Moscow, 1966 , P . 158.

(٣٢) بە وێنە بڕوانە :

«الأخبار» (جريدة) ، بيروت ، ٩ شباط ١٩٦٤ .

(٣٣) بڕوانە :

S.H.Longrigg , Op. Cit. , P. 346

(٣٤) لە گاورباغی ئەو جۆرە یەکیەتی‌یە تەنها لە ناو کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عیراقدا لە ڕۆژانی مانگرتنەکەی هاوینی ساڵی ١٩٤٦دا خۆی نواند .

«ئیتێلیگێنس سێرڤیس»ی بەریتانی[٣٥] لە یەکێك لە بەڵگە نهێنی‌یەکانیدا داوای لە پیاوەکانی کرد کە بەشێکی زۆری هەوڵ‌و تەقللایان لە عیراق بۆ خۆش‌کردنی ئاگری ناکۆکی نەتەوەیی نێوان عەرەب‌و کورد تەرخان بکەن[٣٦] . بە هەمان دەستوور بەکری‌گیراوەکانی کۆمپانیای نەوتیش بۆ جێ بەجێ‌کردنی هەمان مەبەست چالاکانە کەوتنە خۆ .

یەکێك لە نیشانە جیاکەرەوەکان‌و دەسکەوتێکی دیاری کۆمەلاّیەتی‌ی راپەرینی کانوون ئەوەبوو کە ئافرەتی شار ، چ عەرەب‌و چ کورد ، بە شێوەیەکی فراوان‌و رێکوپێك تێکەڵی ژیانی سیاسی‌ی بوون‌و شان بە شانی پیاو بۆ روخاندنی «پەیمانی پۆرتسمۆث» هاتنە کۆری خەباتەوە . یەکێك لە بەشدارانی ئەم راپەرینە بە تایبەتی باسی شوێنی ئافرەتی کوردی لە خۆنیشاندانەکانی بەغدای پایتەختدا کردووە[٣٧] .

راپەرینی کانوون دەری‌خست چۆن ئیتر شار بۆتە مەڵبەندی سەرەکی بزوتنەوەی سیاسی‌و خەباتی رزگاریخواو چۆن ئیتر ئەم گوندو لادێ بەدووی خۆیدا رادەکێشێت[٣٨] .

ئەمە نیشانەی قاڵ‌بوونی خەباتی رزگاریخواو نابووت‌بوونی چین‌و دەستە دەرەبەگی‌یەکان‌و دروست‌بوونی بەك بازاری‌یە . لە رۆژانی راپەرینی کانووندا دیاردەی بەرزبوونەوەی دەوری پێشەنگی‌ی شار لە کوردستانیشدا زۆر بە روونی خۆی نواند ، بە تایبەتی لەو بزوتنەوەیەدا کە لە ناو جوتیارانی عەربەتدا[٣٩] ئەیلولی

---

(٣٥) «ئیتێلیگێنس سێرڤیس» (Intelligence service) دەزگای جاسوسی بەریتانی‌یە کە سەرەتای دامەزراندنی دەگەرێتەوە دەوروبەری کۆتایی سەدەی پازدەمین . بۆ جێ بەجێ‌کردنی مەبەستەکانی پەنا دەباتە بەر هەموو رێگەیەکی وەك پیلانگێری‌و کرین‌و فریودان‌و نانەوەی تۆوی دووبەرەکی‌و کوشت‌وبر .

(٣٦) بروانە :

«الغد» ، مجلة ، ؟ ، شباط ١٩٦٤ ، ص ١٢ – ١٣ .

(٣٧) بروانە :

نوري عبدالرزاق حسين ، المصدر السابق ، ص ٦٢ .

(٣٨) واتە «المدينة تجر وراءها القرية» . ئەمەش یەکێکە لە دیاردە گرنگەکانی کامڵ بوون‌و بەرەوپێش چوونی خەباتی جەماوەر .

(٣٩) عەربەت کەوتۆتە دەشتی شارەزوورەوە ، وا لە نێوان هەڵەبجەو سلێمانیدا .

١٩٤٨ تەقی بەوە . جوتیارانی کوردستان لەم بزوتنەوەیەی عەربەتدا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕێکخراو دروشمی خەباتی دژ بە چەوساندنەوەی دەرەبەگی یان هەڵگرت . ڕاکێشانی لادێ لە لایەن شارەوە لە ڕووی سیاسی یەوە لە ڕوداوەکانی عەرەبەتدا لەوەدا دەبینرێت کە جوتیارانی ناوچەکە لە کاتی بزوتنەوەکەیاندا جگە لە داخوازی یە ئابووری یە تایبەتی یەکانی خۆیان چەند دروشمێکی سیاسیشیان هەڵگرت ، وەك لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠و نەبەستنی هیچ جۆرە پەیمانێکی نوێ لەگەڵ ولاتە ئیمپریالی یەکانو کێشانەوەی دوا سەربازی بێگانە لە خاکی نیشتمانو بەردانی بەندە سیاسی یەکانو چەند داخوازی یەکی تری لەو جۆرو بابەتە . دەوروبەری ٥٠٠ جوتیاری ناوچەی عەربەت ئەم داخوازی یانەیان کردە بروسکەیەكو دایانە کاربەدەستانی بەغداو ڕۆژنامەکانی پایتەخت(٤٠) .

بزوتنەوەی جوتیارانی عەربەت دوو ڕاستی ی تریشی نیشاندا ، یەکەمیان قووڵبوونەوەی تەفاعولی عوزوی لە نێوان ڕوداوەکانی شارو لادێکانداو دووەمیان جێگیربوونی خەباتی هاوبەشی عەرەبو کورد بە خێرایەکی کتوپڕ . ڕۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٤٨ ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی بەغدا بۆ پشتگیری ی جوتیارانی عەربەت خۆنیشاندانێکیان ڕێکخستو هەر دروشمەکانی ئەوانیان هەڵگرت(٤١) . ئەمە بە جارێك کۆنەپەرستی ی عیراقی تۆقاندو بێ جێ تاقێك لە هێزە بۆرجوازی یە نیشتمانی یەکانیشی ترساند . پۆلیس لە یەك کاتدا بەربووە گیانی نیشتمانپەروەرانی بەغداو جوتیارانی عەربەت . تەنها لە بەغدا ٨٨ کەس بریندار کرانو پتر لە ٢٥٠ کەسیش گیران(٤٢) .

هەڵسانی جوتیارانی عەربەتو پشتگیری کردنیان لە لایەن نیشتمانپەروەرانی پایتەختەوەو ڕوداوەکانی ڕاپەڕینەکەی کانوون بۆ خۆی و هێرشی نوێی کۆنەپەرستان لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٤٨وە ، تا ڕادەیەك بایەخی بوونی بەرەیەکی نیشتمانی ی یەکگرتووی بە زۆر لایەنی سیاسی سەلماند ، بە تایبەتی چونکە یەکێك لەو هۆیانەی

(٤٠) بڕوانە :

«صوت الاهالي» ، ١٩ أيلول ١٩٤٨ .

(٤١) هەمان سەرچاوە .

(٤٢) بڕوانە :

عبدالرزاق الحسني ، المصدر السابق ، الجزء الثامن ، ص ١٤

ئەركی سەر شانی كۆنەپەرستی‌ی عیراق ئاسان كرد بریتی بوو لەوەی هێشتا هەموو هێزە نیشتمانی‌یەكان لە نرخی بوونی بەرەیەكی نیشتمانی تێنەگەیشتبوون . لەبەر ئەوە هیچ سەیر نی‌یە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی كانووندا هەرچەندە هێزە نیشتمانی‌یە پێشكەوتنخوازەكان یەك جۆر دروشمیان هەڵگرتبوو كەچی جاری وا هەبوو شان بە شانی یەك نەدەچوونە كۆڕی خەباتەوە . خوا هەڵناگرێت دوژمن لە لایەن خۆیەوە درێغی نەكردو چەند بیتوانیایە هێند ئاگری ناكۆكی‌ی خۆش دەكرد ، كە كەوتیشە گیانی ناحەزانی بێ جیاوازی هەموویانی لە یەك بەندیخانە توند كرد . ئەمە بووە دەرسێكی گەورە بۆ نیشتمانپەروەرانی عیراق‌و دەوری بینی لە خۆش‌كردنی ڕێگەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی‌ی یەكگرتووی ئایندەدا .

ئیمپریالی‌یەكان‌و كۆنەپەرستانی ناوخۆش دەرسی كەمیان لە تاقی‌كردنەوەكانی ڕاپەڕینی كانوونی دووەمی ١٩٤٨ وەرنەگرت . سەركەوتنی جەماوەرو بەتاڵ‌كردنەوەی «پەیمانی پورتسمۆث» بەر لە هەر شتێك ئەو ڕاستی‌یەی بۆ دەرخستن كە بۆ عیراق ڕێبازی سیاسەتی كۆلۆنیالی‌ی كلاسیكی ئیتر چەكە بەكارەكەی جاران نی‌یەو لەوانەیە زیانی لە قازانجی زیاتر بێت بۆیان . بۆیەكا لەوساوە ئیتر پەنایان بردە بەر فێڵ‌و فەرەجی سیاسەتی «كۆلۆنیالی‌ی نوێ»[43] . جارێكی‌تر بیرای بیرا باس‌و خواسی بەستنی پەیمانێكی دووقۆڵی‌ی وەك «پەیمانی پۆرتسمۆث»یان نەهێنایەوە گۆڕێ ، باس بووە باسی «خەباتی هاوبەش دژی دوژمنی هەموان — كۆمۆنیزمی جیهانی ! ! !» . ئەمە تا ناوەندی پەنجاكان ڕێگەی بۆ بەستنی «پەیمانی بەغدا»[44] خۆش كرد .

---

(٤٣) كۆلۆنیالی‌ی نوێ ، واتە نیوكۆلۆنیالیزم (Neo – Colonialism) (الاستعمار الجدید) ، بریتی‌یە لە بەرگی نوێی ئیمپریالی‌ی جیهانی . دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەكان لە ژێر زەبری بەهێز بوونی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانو دروست‌بوونی بەرەیەكی سۆشیالیزمی فراواندا ناچار بوون بۆ جێ بەجێ كردنی مەبەستەكانی جارانیان پەنا بەرنە بەر شێوازی كاری نوێ ، چونكە شێوازی ڕەسوابووی جارانیان ئیتر دەستی نەئەدا . ناوەرۆكی كۆلۆنیالی‌ی نوێ بریتی‌یە لە «ئیمپریالیزم بێ وڵاتی ژێردەستە» . یەكێك لە ڕووە هەرە گرنگەكانی كۆلۆنیالی‌ی نوێ هەوڵ دانە بۆ ڕاكێشانی بۆرجوازی‌ی نیشتمانی ، یا هیچ نەبێت نانەوەی داوی زەلەی گەورە بۆی .

(٤٤) هەرچەندە لە زمانی كوردیدا پەیمان لە بریتی «معاهدة» بەكار دەهێنرێت ، بەڵام لە ڕاستیدا دەقاو دەق مانای «حلف» دەگەیێنێت . ڕێككەوتنامەش پڕ بە پێستی «إتفاقیە»یە . شایانی باسە ئەوروپایی‌یەكان وشەی پاكت (Pact) بۆ «حلف» بەكار دەهێنن .

لە ژێر سایەی ڕێبازی سیاسیی نوێیاندا کۆلۆنیالی یەکان و کۆنەپەرستانی ناوخۆ بە شێوەیەکی فراوان و لێکۆڵراوە کەوتنە ڕاوی زۆرزانانەی ئەوانەی لە سەنگەری نیشتمانیدا بوون ، هەوڵیان دا لێیان بکڕن ، یا هیچ نەبێت بە هەڵەیانا بەرن . هەمان کات زۆر لە جاران زیاتر کەوتنە خۆش کردنی ئاگری ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان هێزە نیشتمانی یەکاندا ، چونکە دەیانویست دوژمنانیان بە کارو کێشەی لابەلاوە خەریك بکەن . سەرۆکی حیزبی «ئیستیقلال» محەمەد مەهدی کوبە لە یادداشتەکانیدا ئاشکرا توخنی ئەم باسە کەوتووە و دەڵێت کاربەدەستان هەوڵیان دەدا حیزبەکەی ئاراستەی نیشتمانپەروەرەکانی تر بکەن تاوەکو لەو ڕێگەیەوە « بە تیرێك دوو نیشان بپێکن . . .»[45] .

بەڵام ئەو دەرسانەی ئیمپریالی یەکان لە ڕاپەڕینی گەورەی کانوونیان وەرگرت وەك دەرمانێکی هێمن کەرەوەی کاتی وابوو بۆ ئەو دەردە کوشندەیەی دابووی لە پەرەی دڵیان . تازە جارێکی تر گەلی عیراق ، دوای ئەوەی تامی سەرکەوتنی کانوونی چێشت ، بەوان دابین نەئەکرا . ڕوخاندنی « پەیمانی پۆرتسمۆث» بە جارێك گەلی عیراق خستە سەر ئەو باوەڕەی دەتوانێت سەر بە کۆنەپەرستی شۆڕو نیشتمانی لە دەست بێگانە ڕزگار بکات . بەڵگەی مێژوویی گەورەی ئەم ڕاستی یە لەوەدا بەدی دەکرێت کە ئەگەر گەلی عیراق دوای «شۆڕشی بیست» پێویستی بە ۲۸ ساڵی ڕەبەق بوو بۆ ئەوەی بتوانێت بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی تری وەك ئەو بەرپا بکات ، ئەوا دوای ئەمیان لە چوار ساڵ زیاتری نەویست بۆ تەقاندنەوەی ڕاپەڕینێکی نوێ[46] ، هەمووی بەسەر یەکەوە دە ساڵ و چەند مانگێکیشی نەخایاند کاتێك شۆڕشی بۆرجوازیی - دیموکراتی گەلی عیراق[47] تەختوتاراجی ڕژێمی پاشایەتی بە جارێك هەڵتەکاند .

---

(٤٥) محمد مهدي كبه ، المصدر السابق ، ص ٢١٨ - ٢١٩ .
(٤٦) مەبەست ئەو ڕاپەڕینەیە کە ساڵی ١٩٥٢ تەقیەوە .
(٤٧) مەبەست شۆڕشی چواردەی تەمموزە .

باسی دوازدەمین
چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی چینی کرێکاری کورد

دەگمەن نووسەرانی خۆمانو بێگانە بیریان لە کرێکاری کورد کردۆتەوە(٭) .

دوور نەڕۆین لە هیچ کامێك لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئەمین زەکی‌ی مێژوونوسی گەورەماندا زۆرو کەم ناوی کرێکاری کورد نەهاتووە . بێ‌گومان ئەمیش کەلێنێکی ترە لەو دەیان کەلێنانەی لە مێژووی نوسراوماندا هەن ، بەلاَم کەلێنێکی گەورە ! . وابزانم لە ڕاستی دوورنا کەومەوە گەر بلێم ئەدەبی کوردیش ، بەداخەوە ، لەو کەلێنە بێ‌بەش نی‌یە : کرێکاری کوردیش وەك ڕونا کبیرو جوتیارو هەموو خەڵکێکی تر خاوەن دڵو هەستە ، دڵی وەك هەموو کرێکارێکی‌تر سافو هەستی وەك ئەوان بەرزە ، ئەویش لە هەموان زیاتر ئارەق دەڕێژێتو لە هەموان هیلاكو بێ‌کاتترە ، بۆیە کەمتر باسی خەڵك دەکاتو زیاتر لە هیلاکی‌و دەردو ئازارو نەبونی‌و بێ مافی دەگاتو حەز بە یاریدەی هەموو لێقەوماوێك دەکات . تاڵ لای ئەو تاڵترو شیرین لای شیرین‌ترە . لەزەت لە هەموو خۆراکێك دەبینێت . وەك هەموانو ،ڕەنگبێ زیاتریش ، حەز بە چاوی کاڵو لێوی ئاڵو گۆنای پڕخاڵ دەکات ، کاتی بوایە ئەویش چاوباز دەبو ! . ژمارەیان زۆرو کێشەیان زۆرتر ، بۆیە ژیانیان پڕ لە چیرۆکی بێ هاوتاو داستانی دانسقەو تابلۆی ڕەنگینە . . حەیفە دەستی ئەدبی کوردی دڵ پەڕەی گوڵ کە تالاَوی زوخاوی ژیان زاخاوی مێشكو قەڵەمی داوە ، زوو نەگاتە گەوهەرو ئەڵماسی ئەو خەزنە دەوڵەمەندە ! .

× × ×

(٭) شوباتی ١٩٧٩ لە «ڕۆشنبیری نوێ»دا بلاَوکراوەتەوە (ل ٨ – ١٤) .

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی چەند ڕوویەکی سەرەتای دروستبونو هاتنەکایەی چینی کرێکاری کورد بخەینە بەرچاو کە دور نی‌یە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشن.

لە سەردەمی هەرە کۆنی شارستانەتی مرۆڤەوە کرێکارو کری‌گرتە هەیە. بەڵام هیچ کاتو لە هیچ شوێن ئەو کرێکارە پەرشو بڵاوانە نەبونەتە هێزی بنچینەیی هێنانە بەرهەم لە ناو کۆمەڵدا تا پەیدابونی سەرمایەداری‌ی. لەگەڵ ئەمیاندا دوو چینی نوێ دێنە کایەوە – بۆرژوازی‌و کرێکار. لەبەر ئەوەش کە پەیوەندی‌ی سەرمایەداری لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەر لە شوێنی‌تر دروست بو، هەر لەوێش دەوروبەری سەدەی چواردەو پازدە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزادا چینی کرێکار وەك هێزێکی دیاری کۆمەڵ هاتە ناو[1].

لە زۆربەی وڵاتانی‌تر، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست، پەیدابونی چینی کرێکار زۆر لەوە دواکەوت. جۆرو هۆی دروستبونەکەشی گەلێك لەگەڵ ئەو جیاوازە. لە ئەوروپا ئاڵو گۆڕەکانی ناو کۆمەڵ چینی کرێکاریان دروست کرد، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەو ئاڵو گۆڕانە لە هۆی تێکەڵبون بە بازاری سەرمایەداری‌یەوە کەمتر دەوریان بینی. لە سەدەی نۆزدەوە لێشاوی تێکەڵبونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیكو ناوەڕاست بە بازاری سەرمایەداری‌ی جیهان دەستی پی‌کرد. ئەمەو گەیشتنی ژمارەیەك دەسکەوتی پیشەسازی‌ی نوێی ئەوروپا بونە هۆی دارشتنی بەردی بناغەی دروستبونی چینی کرێکاری زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە.

لە کوردستان ئەم دیاردەیە لەبەر هۆی گرنگ تا ڕادەیەك لەو وڵاتانە دواکەوت، یەکەمیان هێزی زۆری پەیوەندی‌ی دەرەبەگی‌یو پاشماوەی ژیانی کۆچەری‌و نیمچە کۆچەری‌ی ناو کۆمەڵی کورد بوو. ئەوی‌تریان نەبونی دەربەندێکی سەربەخۆ بوو کە کەلوپەلی کوردستانو بەرهەمی هێنراوی پیشەسازی‌ی ئەوروپای تێدا کۆبێتەوەو پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کرێکارو چەند کۆمپانیایەك بێت.

بەڵام بەرامبەر بەوە مەرجی‌تری پێویست بۆ دروست بونی ئەم چینە تازەیە لە ئارادابون. یەکەمیان دەوڵەمەندی‌ی کوردستانە کە بەرهەمی کشتوکاڵو ئاژەڵی لە

---

(١) بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزادا پەیوەندی‌ی سەرمایەداری لە فلۆرەنسەی ئیتالیا دروستبوو، بۆیەکا لەوێش یەکەم جەکەرەی هەردوو چینی نوێی کۆمەڵ – پرۆلیتاریاو بۆرجوازی پەیدابو.

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە گەیشتە چەند بازارێکی گرنگی ئەوروپا . کەلوپەلی دروست کراوی ئەوێش بەخێرایی گەیشتە کەلاترین شارو گوندی لای خۆمان . تەنانەت بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ئینگلیزەکان کۆمپانیای تایبەتی یان لە شاری وەك دیاربەکر دامەزراند . هەر لە خۆشەوە نی یە گ . ناپیێر پێش پەنجا سالْ شاری کرمانشای ناو ناوە بەندەری کەلوپەلی ئینگلیزیو هندی[٢] .

دووەمیان پەرەسەندنی شارە کوردەکانو بەهێزبونی پەیوەندی‌ی بازرگانی‌یان لەگەلْ شارانی‌ترو پێشکەوتنی پێشەسازی‌ی خۆمالْی‌یانە . لەم ڕوانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کوردستان شانبەشانی مەلْبەندەکانی‌تری ڕۆژهەلاْتی نزیكو ناوەڕاست هەنگاوی بەرەوپێش‌چونی دەنا . لە ڕێگەی ژمارەو بەراودەوە دلْنیا دەتوانین بلْێین سەدەکانی ناوەند شارە کوردەکان لە گەلێك ڕووەوە وەك شارانی‌تری ڕۆژهەلاْت پەرەی‌دەسەندو قەوارەی خۆی وەردەگرت . گەڕیدەی تورکی ناودارو سەرچاوەی ڕەسەن ئۆلیا چەلەبی (١٦١١ – ١٦٧٩) کە ناوەندی سەدەی حەفدە هاتۆتە کوردستان لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنامە» کەیدا[٣] باسی گەورەیی ژمارەیەك شاری وەك دیاربەکرو بدلیسی کردووە . ئەو بازارو قەیسەری‌یانەی دیاربەکر کە ئەو باسیان دەکات ئەوسا لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەلاْت کەم وێنەبون . هەر بەپێی قسەی ئەو دیاربەکر ١٢ گەرماو (حەمام)ی گشتی‌ی تیابووەو (١٤٠) مالْیش گەرماوی خۆیان هەبووە . بدلیس (٥) گەرماوی گشتی‌و (٦٠٠)ی تایبەتی‌ی تێدا بووە . ئەم ژمارەیەی دوایان بەلْگەی پڕ مانای دەولْەمەندی‌ی‌و ڕەفاهەتە[٤] .

---

(٢) G. Napier , The Road from Baghdad to Baku, – (The Geographical Janrnal), London, Vol L111, No 1, January, 1919 , P . 18.

(٣) ١٠ بەرگەو سەرچاوەیەکی گرنگەو ڕەسەنە بۆ باسی ولاْتانی ڕۆژهەلاْتی نزیكو ناوەڕاست لە دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەندا . ئۆلیا چەلەبی بەشی زۆری تەمەنی بە ناوچەکانی ئیمپراتۆری‌ی عوسمانی‌و چەند ولاْتێکی ئەوروپایدا گەڕاوە .

(٤) بە پێی قسەی شەمسەدین سامی ژمارەی دانیشتوانی میرنشینی بدلیس ٣٠ هەزار کەس بوو . سەرچاوەی‌تر بە دەوروبەری ٥٠ هەزاری لە قەلْەم دەدەن (بڕوانە : شمس الدين سامي ، قاموس الاعلام . بەرگی دووەم ، ل ١٣٢٩ ، م . ی . شەمسی ، شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەی مێژووی گەلی کورد ، باکو ، ١٩٦٧ ، ل ١٦) .

دوای ئۆلیا چەلەبی بە دەوروبەری ١٥٠ ساڵێك نوێنەری ناوداری ئینگلیز لە عیراق کلۆدیۆس جێمس ریچ باسی چەند شارێکی تری کوردستانی کردووە. قسەکانی ئەویش بەڵگەی مێژوویین دەربارەی ئاڵ و گۆڕو بەرەوپێش چونی شارە کوردەکان. سنەی بە (٥) هەزار ماڵ داناوە، کە هەر جۆر لێکی بدەیتەوە لە ٢٠ هەزار کەس تێدەپەڕێ. مانای ژمارەیەکی وا زیاتر خۆ دەنوێنێت گەر بێتو بزانین ژمارەی دانیشتوانی شاری قودس ساڵی ١٨١٤ دەوروبەری ١٢ هەزارو بەغدا ساڵی ١٨٣١ نزیکەی ٢٠ هەزارو عەممانی پایتەختی ئوردونیش ساڵی ١٨٨٠ تەنها هەزار کەس بووە[٥].

پەیوەندی بازرگانیی نێوان شارەکانی کوردستان خۆی و ئەو مەڵبەندو ناوچانەی لێوەی نزیك بون بە پێودانی قۆناغی دەرەبەگی خراپ نەبو. بە پێی سەرچاوە کۆنەکان تاوەکو سەدەی نۆزدەش ئەستەموڵ و دیمەشق و حەلەب و بێروت تا رادەیەکی زۆر بە مەڕو بزنی کوردستان بەڕێوە دەچون. تەنها شاری ئەستەموڵ هەر ساڵەی یەك ملیۆن و نیو سەر مەڕی لەوێوە بۆ دەهات. ئەو سوپا گەورەیەی بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی گەورەی فەرمانڕەوای میسر ساڵانی ١٨٣١ – ١٨٣٢و ١٨٣٩ هێرشی بردە سەر سوریا بە مەڕومالێی کوردەواری دەژیا[٦]. بەر لەوەی سەدەی رابوردو کۆتایی بێت تەنها ئەستەموڵ و حەلەب و بەغدا هەر ساڵەی ٣ ملیۆن مەڕی کوردستانیان بۆ دەهات. بەندەری سامسۆنیش بە تەنها ساڵی ٢٠ ملیۆن هێلکەی لەوێوە دەهات[٧]. دروست کردنی پردی قلیاسانیش

---

(٥) بڕوانە :

ل. ن. کاتلۆف، پەیدابونی بزوتنەوەی نەتەوەیی – رزگاریخوا لە رۆژهەڵاتی عەرەب، بە زمانی روسی، مۆسکۆ، ١٩٧٥، ل ٩٠ – ٩١. ژمارەی دانیشتوانی عەممانی پایتەختی ئوردون ئیمرۆ لە ملیۆن تێدەپەڕێ.

(٦) بۆ ئەو ژمارانە بڕوانە :

پێتەر لێرخ، لێکۆڵینەوە دەربارەی کوردی ئێرانو کلدانییەکانی باکوری باورو باپیریان، بە زمانی روسی، کتێبی یەکەم، پەترسبورگ، ١٨٥٦، ل ٢٤.

(٧) بڕوانە :

B. Nikitine , Les Kurdes, Paris , 1956 , P. 185, A.R. Ghassemlou, Kurds and the Kurdistan, Prague, 1965, P. 104.

لەلایەن دەوڵەمەندێکی سلێمانی‌یەوە تەنها کاری خێرنەبو ، ئەگینا دەبو بەر لە قلیاسان لە تانجەرۆ دروستی بکردایە چونکە ئەمیان ئاوی زۆرترو کانیّ لاقاو ترسدارترە .

بە هەمان دەستور پیشەسازی‌ی خۆماڵی کوردستان بەر لە تێکەڵبون بە بازاڕی سەرمایەداری‌ی جیهان هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناو هیچی لە پیشەسازی‌ی وڵاتانی دەوروبەری کەمتر نەبو . جلوبەرگی نەتەوەیی‌و ژمارەیەك نەریتی تایبەتی هەوێنی باشی ئەو بەرەوپێش‌چونە بون . دیسان لە بەرگی چوارەمی «سیاحەتنامە»کەی ئۆلیا چەلەبیدا گەلێك بەڵگەی پڕ بایەخ‌و مانا لەم بارەوە وەچنگ دەکەون . بە قسەی ئەو لە سەرانسەری جیهاندا لە وێنەی زەرەنگەری دیاربەکر کەم بووە . وەك دەڵێت کاری جۆلاو بەرگدروو دەباخانەکانی بدلیس دەنگی دابۆوە ، بە رادەیەك «چەرمی بە دیاری دەبرایە وڵاتی فەرەنگ» .

دوای دەوروبەری دوو سەدە ، واتە ناوەندی سەدەی نۆزدە ، تایلەری گەڕیدەی ئەوروپایی لەو کتێبەیدا کە بە ناوی «گەشتێك بە کوردستاندا» بڵاوی کردۆتەوە باسی کوتاڵی ئاوریشمی دیاربەکر دەکات‌و بۆ چاکی لەگەڵ ئاوریشمی بەناوبانگی حەڵەب بەراوردی دەکات‌و دەڵێت ئەویان هەرزانتر دەفرۆشرێت بۆیەکا لە هەموو ئەو ناوچانەی کەوتونە نێوان دیاربەکرو دەریای ڕەشەوە ، بازاڕی گەرمە [8] . ناونانی گەڕەکی شارێکی وەك سلێمانی بە (سابونکەران) شتێکی ماناداره بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە باسی لێوە دەکەین . بەرلە شەڕی یەکەمی جیهان بە ماوەیەك دەیان خێزانی ئەم گەڕەکە بە دروست‌کردنی سابونەوە خەریك‌بون [9] و ساڵی بە لای‌کەمەوە ٥٠٠ تەنیان ئەناردە بازاڕەکانی شارو دەوروبەری‌و چەند مەڵبەندێکی ترو تەنانەت لێشی دەگەیشتە شاری وەك بەغداو تەورێز [10] .

(٨) بڕوانە :

و . ل . فلچێفسکی ، ژیانی ئابوری کوردە کۆچەرەکانی پشت قفقاس‌و ناوچەکانی نزیکی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ، بە زمانی ڕوسی ، – گۆڤاری «ئەتنۆگرافیای سۆڤیەتی» ، ژمارە ٥-٦ ، ١٩٣٦ ، ل ١٥٠ .

(٩) بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی تەنها پێنج شەش کەس بە دروست‌کردنی سابونەوە خەریك بون (بڕوانە : «احصاء السكان لسنة ١٩٤٧» ، الجزء الثاني ، بغداد ١٩٥٤ ، ص ١٦٣) .

(١٠) جگە لە سابون بەرهەمی‌تری پیشەسازی‌ی خۆماڵی کوردەواری دەگەیشتە شارو وڵاتی‌تر (بڕوانە : R. Berliner und Borchardt, Silberchmidsarbeiten aus Kurdistan, Berlin , 1922, P. 8.)

له کوردستانیش به چەشنی ناوچەکانی‌تری ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست تێکەڵ‌بونی خێرا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردووەوە بە بازاڕی سەرمایەداری‌ی جیهان کاری کوشندەی کردە سەر پیشەسازی‌ی خۆماڵی کە تاك تاکە خەریك بو هەنگاو بەرەو قۆناغی مانیفاکتور[11] بنێت. کاری بنەماڵەی موتابچی کە لە سلێمانی جەواڵیان دروست دەکرد نیمچە مانیفاکتۆرەیەك بو بۆ خۆی: کرێکاری کری‌گرتە کاری تێدا دەکرد، ئەمرازی تا ڕادەیەك پێشکەوتویان بەکاردەهێنا، دابەش‌کردنی کار (تقسیم العمل)[12] تێیدا سیمای ڕونی خۆی وەرگرتبو[13]. جۆری دروست‌کردنی تۆپەکانی وەستا ڕەجەبیش لە ڕەواندوز نمونەیەکی‌تری ئەم ڕاستی‌یەیە. شۆرەتی تۆپەکانی کە بۆ میری ڕەواندوزی دروست دەکردن دەنگی دابۆوە[14]. زۆری ئەو ٨٠ تۆپەش کە والی موسڵ هەیبو لە دەستکردی کرێکارانی ڕەواندوز بوون. شایانی باسە ئەو مەعدەنەی بۆ دروست‌کردنی تۆپەکان بەکار دەهێنران لە دەوروپشتی ڕەواندوز بە کاری کرێکاری کری‌گرتە دەردەهێنران[15].
لە مەیدانی دروست‌کردنی بەڕەو جاجم‌و چۆخیشدا خەریك‌بو وردە ئاڵ‌و گۆڕ دەست‌پی‌بکات.

بەڵام تەنانەت ئەم جۆرە پیشەسازی‌یانەش نەیانتوانی خۆیان لەبەر لێشاوی کەلوپەلی هەرزان‌و چاکتری کارگەکانی ئەوروپادا ڕابگرن، بۆیەکا یەك لە دوای یەك دامودەزگایان پێچایەوە. کارتسۆف ساڵی ١٨٩٦ نووسیویە دەڵێت: «جاران

---

(١١) مانیفاکتۆرە زاراوێکە لە دوو وشەی لاتینی پێك‌هاتووە: (Manus) واتە دەست‌و (Factura) واتە دروست‌کراو. گەیشتنی پیشەسازی‌ی خۆماڵی بە قۆناغی مانیفاکتورە یەکەم هەنگاوی گرنگە بەرەو پەیوەندی‌ی سەرمایەداری. مانیفاکتورە بە عەرەبی «ورشە»یە.

(١٢) لەگەڵ پەیدابونی پەیوەندی سەرمایەداری‌ی دابەش‌کردنی کار زیاتر چەسپ دەبێت. بەر لەو قۆناغە یەك کەس یا ئەندامانی یەك خێزان هەموو، یا زۆربەی کاری دروست‌کردنی بەرهەمێکیان دەگرتە ئەستۆ. دابەش‌کردنی کار دەبێتە هۆی زۆرو چاك بونی بەرهەم.

(١٣) دوکتۆر ئەمین موتابچی ئەو باسەی بۆ گێڕامەوە، خۆشی نیازی‌یە وتارێك لەو بارەیەوە بنووسێت.

(١٤) تۆپی وایان تێدا بوو درێژی‌یەکەی لە ٣ مەترو لولەکەی لە ٤٥ سانتیم کەمتر نەبوو.

(١٥) بڕوانە:

انور المائی، الاکراد فی بهدینان، موصل، ١٩٦٠، ص ٣.

چۆخی کورد بەناوبانگ بوو ، بەلاّم ئیستە کوتاڵی ئینگلیز بە جاریك تەنگی پی هەڵچنیوە»[١٦] .

ئەو یەك دوو دوکانی فیشەك پڕکردنەوەیەی دوای شەڕی یەکەمی جیهان خاوەنەکانیان لە سلیمانی بە کولەمەرگی دەژیان پاشماوەی ١٥٠ دوکانی لە خۆیان گەورەتر بوون کە بەر لە شەڕ مارك سایکس لەویٚ دیبونی[١٧] .

هەرچۆن بێت لەو جۆرە شوێنانەی بە کاری پیشەسازی‌ی خۆماڵی‌یەوە خەریك بون‌و هەنگاوی باشیان بەرەوپێش نابو یەکەم توێکڵی تەنکی چینی کرێکاری کورد بەدی دەکرێت . لە لایەکی‌ترەوە قەزای ئەو پیشەسازی‌یە لە چینی داهاتوی کرێکاری کورد کەوت ، چونکە بەشی زۆری کارگەرانی چونە ناو ریزەکانی ئەو . چەوساندنەوەی دەرەبەگیش لەلای خۆیەوە بە هەزاران جوتیاری ڕوت‌و قوت‌و برسی نارده بازاڕی کار لە شارەکان‌و ئەوانیش ، تایبەت لەبەر هەرزانی‌یان ، بونە سەرچاوەی هەرە گرنگی دروست‌بونی چینی نوێی کۆمەڵ . ژمارەی ئەم جۆرە کەسانە کە لە هەندێك ناوچە هەژاریان پیٚ دەگوتن ، جاری وا هەبو پتر لە نیوەی دانیشتوانی مەڵبەندێکیان پێك‌دەهێنا . بەپێی هەندێك سەرچاوە ئەوانە لە ناوچەیەکی وەك شنۆ (ئوشنۆ)ی نزیك مەهاباد لە ٨٠٪ی هێزی کاریان دروست دەکرد (١٠ هەزار لە ١٢ هەزار کەس)[١٨] . لە وێنەی ئەمە تەنها مەگەر لە ئینگیلتەرەی کۆتایی سەدەکانی ناوەند هەبوبێت کاتێك بەهۆی قازانجی زۆری خوری‌یەوە دەوڵەمەندو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە زەوی‌یەکانیان دەکردە لەوەڕگەو بەو جۆرە بە دەیان هەزار جوتیار بیٚ دالدەو پەناگە دەمانەوەو ئاوارەی دارستان‌و دەشت‌و دەرو شاران دەبون‌و

---

(١٦) أ . کارتسۆف . تیبینی دەربارەی کورد ، بە زمانی ڕوسی ، تفلیس ، ١٨٩٦ ، ل ٢٤ .

(١٧) بڕوانە :

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London , 1957, P. 80.

(١٨) بڕوانە :

گ . ب . ئاکۆپۆڤ ، دەربارەی سروشتی زەویداری‌ی تایبەتی‌ی کوردستانی ئیمرۆ ، – گۆڤاری «هەواڵەکانی کۆڕی زانیاری لەرمینیای سۆڤیەت» ، بە زمانی ڕوسی ، یەریڤان ، ژمارە ٥ ، ١٩٦٤ ، ل ٦٧ .

بە گژو گیاو پاشماوەی خەڵکی دەژیان‌و ئەمەش هەستی تۆماس مۆری[١٩] بەناوبانگی وا بزواند «یۆتۆپیا» بنوسێت‌و قسە بەناوبانگەکەی بکات : «خەربکە مەڕ پیاو بخوات» . لێرەدا سەیر ئەوەیە کە دەردو ئازاری هەژارانی کوردیش هەستی شپرۆتی شاعیری جولاندووەو باسی ئەوەی کردووە چۆن «برسێتی لە کوردستان زۆری بۆ هەموان هێناوەو بە ڕەوە بەرەو فابریقەکانیان[٢٠] دەنێرێت»[٢١] .

ژمارەی هەژاری شارو تایبەت لادێی کوردستان هێند زۆر بو لەوانە نەبو بازاری کەم دەرامەتی ناو وڵات دادی بەشێکی زۆر کەمیشی بدات . لە قورکاری‌و حەماڵی بەولاوە کارێکی تری ئەو تۆ دەست نەدەکەوت . لەبەر ئەوە بە هەزاران هەژاری کورد ڕویان دەکردە شاری گەورەی وەك ئەستەمول‌و بە هەموو کارو نرخێك قایل دەبون (بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی بێ شومار لە حەماڵی ڕەش‌و ڕوتی کورد بازاڕی ئەستەمول‌و بەغداو شاری تریان تەنی بو) . هی وایان هەبو لە ناو نەبونی دەچونە شاری پچوکی وەك حەڵەبی شام‌و بێروتی لوبنان‌و ئەدەنەی تورکیا ، یا ناوچەی وەك ئاق‌چەم‌و قەرەباغی ئازەربایجان . بەڵام توانای بازاڕی کاری ئەو جۆرە ناوچەو شارانەش ئەوەندە نەبوو دادی ئەو خەڵکە زۆرە بدات کە دەبونە سەرباری بێکارەی خۆیان . بۆیەکا هەر زوو ژمارەیەکیان ناچار چاویان بڕی‌یە وڵاتانی دەرەوەو خۆیان دایە دەست قەدەرو گەلێکیان دەریای ئەتڵەسی‌یان بڕی‌و گەیشتنە خاکی ئەمەریکا . زۆربەی ئەمانە خەڵکی دەرسیم بون[٢٢] .

بونی کانە مەعدەن لە ناوچە کوردەواری‌یەکان‌و دەوروبەری هۆیەکی

---

(١٩) سیاسی‌و نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز تۆماس مۆر (١٤٧٨ – ١٥٣٥) بە دامەزرێنەری بیری سۆشیالیزمی یۆتۆپی (الاشتراكية المثالية) دادەنرێت .

(٢٠) دیارە مەبەستی فابریقەکانی دەرەوەی کوردستانە .

(٢١) بڕوانە :

گ . ب . ئاکۆپۆف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٧ .

(٢٢) بڕوانە :

و . فلچێفسکی ، دەربارەی پەیوەندی کشتوکاڵ لە کوردستان ، گۆڤاری «کێشەکانی کشتوکاڵ» ، بە زمانی ڕوسی ، مۆسکۆ ، بەرگی ١-٢ ، ١٩٣٢ ، ل ١٣٠ ، موسی کاظم پاشوزادە ، الحان ، عادات اکراد ، استانبول ، ١٩٢١ . دوکتۆر ناجی عەباس بۆی گێڕامەوە کە کاتی خۆی لە شاری دیترویت تووشی ژمارەیەك لەو کرێکارە کوردانە هاتووە .

باریدەری تری پەیدابونی کاری کریگرتە بوو لەوێ بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان . ئەوسا بەشی زۆری کرێکارانی کانە خەڵوزەکانی زەنگوڵداغ کورد بوون . کوردی جۆلەمێرگیش ئاسن و مس و زەرنیخیان دەردەهێناو لەوەوە ناوی یەکێك لە ناوچەکانی بۆتە زەرنیخ مەیدان . بەشێك لەو زەرنیخەی لێرە دەردەهێنرا دەنێررایە بازاڕی دەرەوە . بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە ساڵی ٣٠ هەزار قەنتاری لێ دەنێررایە ئەستەمول و بەغداو هندستان[٢٣] . هەر ئەو سەردەمە ژمارەیەك کورد بوبونە کرێکاری کانە خەڵوزەکانی نزیك کفری کە بەرهەمی ساڵانەی کاریان بەر لە شەڕی یەکەم و کاتی ئەو شەڕە هەزار تەن دەبو[٢٤] .

ڕوداوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان بوونە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی کرێکاری کورد بەجۆرێکی هەست پی‌کراو . کوردستان بۆ خۆی بووە یەکێك لە شەرگە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوپای چوار وڵاتی تی‌ڕژا . ئاگری شەڕ زۆربەی ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە لێوەی نزیك‌بون . وەك ئاشکراشە تەکنیك و خێرایی دەوری گەورەیان لەو شەڕەدا بینی ، بۆیەکا لە هەر چوار لاوە دەست‌کرا بە کردنەوەی ڕێگەو بان و دامەزراندنی بنکەی سەربازی . بە هەزاران هەژاری کورد لەو شوێنانە بونە کرێکار . ئەم دیاردە نوێیە بە تەواوبونی شەڕ کۆتایی نەهات . هەر بۆ نمونە ساڵی ١٩٢٥ پتر لە ٢٢٥٠ کورد لە عیراق کرێکاری شەمەنەفەر بون[٢٥] . بە پێی هەندێك سەرچاوەی باوەڕ پی‌کراو ناوەندی بیستەکان ئەو کرێکارانە لە ٢٣٪ هەموو کرێکارانی شەمەنەفەری عیراق بون[٢٦] . زۆری‌ی ئەم ژمارەیە زیاتر لەوەدا

---

(٢٣) بڕوانە :

و . ل . ڤلچێڤسکی ، ژیانی ئابوری کوردە کۆچەرەکانی پشت قەفقاس ، ل ١٥١ ، و . ل . ڤلچێڤسکی ، دەربارەی پەیوەندی کشتوکاڵی لە کوردستان ، ل ١٣٠ .

(٢٤) بڕوانە :

عبدالرزاق الحسني ، العراق قديما وحديثا ، الجزء الثاني ، صيدا ، ١٩٥٨ ، ص ٦١ .

(٢٥) بڕوانە :

(Iraq Railways. Administration Report for the year 1924 – 1925), Baghdad, 1925, P. 16.

(٢٦) بڕوانە :

(Report by Britannic Majesty's Government to the Council of the League of Nations on the admonistration of Iraq for the year 1926), London, 1927, P. 29.

خۆ دەنوێنێ گەر بێتو بزانین زۆربەی هەرە زۆری خەڵی شەمەنەفەری ئەوسای عیراق لە باشورو ناوەندی وڵاتدا بون ، وە جگە لە عەرەب[٢٧] و کورد ژمارەیەکی زۆر هندیی (١٤٢ر١)و ئێرانیو ئەرمەنو ئاسوریو تورکو هی‌تر کرێکاری ئەو دەزگایە بون .

دیسان دوای شەڕی یەکەمی جیهان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هەژاری کورد بونە کرێکاری نەوتو دامەزراندنی لولەکانیو دروست کردنی ڕێگەوبانو خانوبەرەو شتیتر . کۆتایی بیستەکان لە هەموو عیراق ٢٥٠ر٤ کەس بە دروستکردنی ڕێگەو بانەوە خەریك بون[٢٨] کە ژمارەیەکی زۆریان کرێکاری ڕێگەی نێوان کەرکوكو سلێمانیو کەرکوكو هەولێرو هەولێرو موسڵو هەولێرو ڕەواندوز - ڕایات بون . ئینگلیز بایەخێکی زۆریان دابو بە ڕێگەی دواییان ، واتە هەولێر - ڕەواندوز - ڕایات ، چونکە جگە لە بایەخی ستراتیجی دەیانویست بیکەنە یەکێك لە هۆکانی زیاتر بەستنەوەی بازارەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە جیهانی سەرمایەدارییەوە ، تا چەند بتوانن ئەوەندە پەیوەندی ئابوریی ئەو وڵاتە لەگەڵ شورەوی کزبکەن[٢٩] .

کرێکاری کورد یەکسەر دڵسۆزیو پەرۆشی لە کارداو توانای فێربونی خێرای نیشاندا . گەلێك بەڵگەی سەیر بۆ ئەم ڕاستییە بە دەستەوەیە . وابزانم لە هەمویان گرنگتر لەم لایەنەوە یەکگرتنەوەی نرخاندنی کاربەدەستانی ئینگلیزو ئەڵەمانە لە کاتێکدا کە لە دوو خەندەقی جیاوازدا بەرامبەر بە یەك وەستابون . ئەڵەمانەکان سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهان دەستو برد کەوتنە دروست کردنی ئەو بەشانەی پرۆژەی ناوداری خەڵی شەمەنەفەری بەغدا کە هێشتا تەواو نەبوبون . بەو جۆرە خەتێکیان لە نێوان بەغداو سامەڕەدا ڕاکێشا کە کرێکاری کوردیش لە دروست کردنیدا بەشدار بون . نوسەری ئەڵەمانی داگو بێرت لەم بارەوە نووسیویە دەڵێت :

---

(٢٧) ژمارەیان ٥٩٠ر٤ کەس بو ، واتە دوو ئەوەندەی کورد کەمتر .

(٢٨) بڕوانە :

(Report of the Majesty/s Government in the United Kingdom of Great Britain and Northern Ireland to the Council of the League of Nations on the administration of Iraq for the year 1931), London, 1932, P. 66.

(٢٩) بە هۆی نزیکییەوە بازرگانیی نێوان ڕوسیاو ناوچەکانی قەفقاس هەر لە زووەوە زۆر گەرم بوو .

ئەندازیارە ئەڵمانەکان لە کوردا «باشترین‌و دڵسۆزترین کرێکاریان دیوە»[30] .

جەنەراڵ هالدێنی فەرماندەی هێزەکانی ئینگلیز لە عیراق دەوروبەری هەمان کات بێ ئەوەی بزانێ داگۆبێرت کێ‌یە ، یان رای ئەندازیارانی ئەڵمان چی‌یە ، بە هەمان دەستور باسی کرێکاری کوردی کردووەو رەزامەندی زۆری بەرامبەریان نیشان داوە[31] . هەر لەبەر ئەوەش هیچ سەیر نی‌یە رۆژانەی کرێکاری کورد لە هی‌تر زیاتر بوو . ئەوسا هەندێك دەزگا رۆژی نزیکەی ۲۱ عانەی دەدا بەو بەرامبەر بە ١٤ عانە کە هی وەك ئەو وەریان دەگرت[32] . لەوەش مانادارتر ئەم نمونەیەیە : دەزگای شەمەنەفەری ئینگلیز لە عیراق لە بیستەکاندا دوو جۆر کرێکاری هەبوو ، یەکەمیان ئەو کرێکارانە بون کە بەکاری ئەساسی‌یەوە (Capital Works) خەریك بون ، دووەمیشیان ئەوانەیان بون کە کاریان لە دروست کردنی خەتی تازەدا دەکرد . ساڵی ١٩٢٤ – ١٩٢٥ لە ۲٫۲۷٤ کرێکاری شەمەنەفەری کورد تەنها ۷۲۹یان لە جۆری دووەم بون‌و ئەو باقی‌یەکەیان (١٫٥٤٥ کرێکار) لە جۆری یەکەم بون[33] .

دیارە ئەم راستی‌یە نەبووە هۆی ئەوەی تالآوی چەوساندنەوەی کرێکاری کورد لەهی هاوەڵەکانی کەمتر بێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ژمارەیەك نمونەی هەر ئەو سەردەمە وای نیشان دەدەن کە هەندێك جارو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەو چەوساندنەوەیە توندتر بووە . لە گشت ناوچەکانی باکوری عیراق رۆژانەی کرێکار لە ناوچەکانی‌تر کەمتر بوو . بە وێنە کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوت دەبوو حەفتەی ٥٤

(۳۰)

Dagobert von Mikusch, Mustafa Kemal between Europe and Asia, trans . by J. Linton, London, 1931, P. 360

(۳۱) بڕوانە :

A. L. Haldane, The Insurection Mesopotamia, London, 1922, P. 108.

(۳۲) بڕوانە :

المركز الوطني للوثائق . بغداد . رقم الملف :

80/19, Establishment General

(۳۳)

(Iraq Railways. Administration Report for the year 1924 – 1925), P. 16.

سەعات کار بکەن‌و بەرامبەر بەوە ٧ تا ١٠ روپیەیان وەردەگرت ، کەچی کرێکاری چنین لە بەغداو کرێکاری بەندەری بەسرە حەفتەی ٤٨ سەعات کاریان دەکردو بەرامبەر بەوە هەر یەکەیان ٣ تا ٦ روپیە زیاتریان لەوان وەردەگرت (٣٤) . باری کارو رۆژانەی ئەو کرێکارە کوردانەی بە دروست کردنی خانوبەرەو رێگەو بانەوە خەریك بوون گەلێك لەوەیش خراپتر بوو . ئەوانە زۆر جار مەلابانگان دەچونە سەر کارو لەگەڵ بانگی شێواندا دەستیان لێ هەڵدەگرت‌و بەرامبەر بەو هەموو کارە رۆژی ١٨ فلسیان وەردەگرت کە وەك ئینگلیزەکان خۆیان دانی پێدا دەنێن ئەو پارەیە تەنانەت « بەشی نان‌و جگەرەی نەدەکردن» (٣٥) .

وێرای ئەوە کرێکاری کورد ، وەك کرێکاری ناوچەکانی‌تر ، ماوەیەکی دورو درێژ نەیتوانی خۆی لە پەیوەندی‌و نەریتی دەرەبەگی قوتار بکات . زۆر جار ئەو کرێکارانە دەگەرانەوە گوندەکانیان بۆ کاری کشتوکاڵ‌و یاریدەی کەسوکاریان . زۆربەیان بەشێکی داهاتی کرێکاری‌ی خۆیان هەر وەك جاری جاران دەدا بە ئاغاو سەرەك هۆزەکانیان .

بەر لە کۆتایی با ئەوەش بڵێین کە کرێکاری کورد لە سەرەتای سەرەتاوە بە گیانی برایەتی گۆش بووە ، چونکە هەمیشە چ لە خاکی خۆی‌و چ دوور لێی شان بەشانی کرێکاری‌تر کاری کردووەو ئازاری چەوساندنەوەی چێشتووە . جوانترین بەڵگەی ئەم راستی‌یە رەنگی ئەو قسانە بن کە لەگەڵ تەواوبوونی رێگەکەی هەولێر – رەواندوز – رایات لەسەر تاشە بەردێك نووسیبویان :

«ئێمە کە هەزاران کەسین‌و بە عەرەبی‌و ئەرمەنی‌و ئینگلیزی‌و هندی‌و کوردی‌و روسی‌و تورکی قسە دەکەین ئەم رێگەمان بۆ خزمەتی هەموو گەریدەیەکی پێ وەی دروست کرد !» (٣٦) .

---

(٣٤)

(Report for the year 1926), P. 29.

(٣٥)

A.M. Hamilton , Road through Kurdistan. The Narrative of an Engineer in Iraq, London, 1937, P. 61.

(٣٦) بروانە :

J. Morris, The Hashemite Kings, London, 1959, P. 97.

لیستەی ناوی ئەم زمانانە لە دەزگای شەمەنەفەری عیراق دەگاتە ١٦ ناو . جگە لەوانەی سەرەوە ئەم ناوانەشی دەچنە سەر : سریانی‌و میسری‌و فارسی‌و تونسی[٣٧] و ئیتالی‌و یۆنانی‌و هەنگاری[٣٨] . لە گاورباغیش هاوینی ساڵی ١٩٤٦ دەنگی زوڵاڵ‌و خوێنی گەشی کرێکاری کورد تێکەڵ لەگەڵ دەنگ‌و خوێنی پیرۆزی براکانی ئاوازێکی بەجۆش‌و لاپەڕەیەکی پڕ شانازیی دروست کرد !

---

(٣٧) دیارە لێرەدا مەبەست لە میسری‌و تونسی ولاّتە نەك زمان .

(٣٨)

(Iraqi Railways . Administration Report for the year 1924 — 1925), P. 16.

باسی سیازدەمین
خەڵانی « مێژوو »

پێشکەشە بەوانەی هیچیان لە باردا نیەو زۆر بە ئەسڵ‌و فەسڵەوە دەنازن ، بەوانەی زۆریان لە باردایەو هیچ بە ئەسڵ‌و فەسڵەوە نانازن !

دیارە کەس نەبووەو کەس نیەو کەس نابێ لە ناخی دەروونەوە حەز نەکات ئەوی دەینووسێ بە دڵی خوێندەواران بێ ، وا نەبوایە کەس قەڵەمی نەدەخستە سەر کاغەز . ئەو بەدڵ بوونە لە سەرانسەری جیهانی پانو بەریندا گەورەترین پاداشتە بۆ هەر کەسێك بەرهەمی بیرو خامەو شەونخونیی خۆی بکاتە دیاریی ڕازاوەی دەستی بۆ هاوزمانانی ، بەڵام بۆ کوردێك لەوەیش زیاترە(•) .

ماوەیەك لەمەوبەر لە چەند لایەکەوە پیێان گوتم بەڕێز دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی دەیەوێ بچمە خزمەتی . یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بەر لە خوشك‌و دۆست‌و یاران ڕووم کردە قاپیی یەکێك لەوانەی جاران پیێان دەگوترا گەورە پیاوان‌و ئێمەو مانان پیێان دەڵێین پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیران . یەکسەر فەرمووی :

«ڕۆڵە کتێبی (مێژوو)ەکەتم بەدڵ بوو ، دوای خوێندنەوەی بڕیارمدا تۆ وەریسی کتێبخانەکەم بی ، وا هەر لە ئێستەشەوە چەند بەڵگەو بەرهەمێکت پێشکەش دەکەم» .

(•) ئەمە یەکێکە لەو وتارانەی دەبنە تەواوکەری چاپی دووەمی ئەو کتێبەم کە ساڵی ١٩٨٣ بە ناوی «مێژوو»ەوە بڵاوم کردەوە . دەقی وتارەکە لە لاپەڕە ١٠–١٥ی «کاروان»ی ژمارە ١٤ ، تەشرینی دووەمی ١٩٨٣دا بڵاوکراوەتەوە .

لەوەتەی ڕەمەزان و قوربان ڕوویان کردۆتە کوردستان ، یا هەر ناوچەیەکی تری خاکی موسڵمان ڕەنگیێ هیچ جەژنانەیەك خۆشی کەمی وا نەگەیاندبێتە ئاستی ئاسمان . بە خۆم و کۆڵێك گەوهەرو مرواری و بڕواوە گەڕامەوەو چاوو دڵی چەند برایەکی دڵسۆزم ڕوون کردەوەو وا پوختەی یەکەم بەرهەمی ئەو دیاری یە بەنرخە دەگەیێنمە تۆماری ڕووناکبیری ئیمڕۆمان .

یەکەم . . ئیجازەی شێخی سەراجەددین بۆ حاجی ڕەسوڵی نەقشبەندی

دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی یە[1] . کوڕی حاجی فەتاحی کوڕی مەلا قادری کوڕی حاجی ڕەسوڵی کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی گودرون ئاغای کوڕی ڕۆستەم ئاغای کوڕی زۆراب ئاغای کوڕی زولاڵێ ئاغای مەرگەیی یە . زولاڵێ ئاغا یەکێك بوو لە دوانزە سوارەی مەریوان ، پیرەمێردی نەمر لە داستانەکەی خۆیدا چەند جارێك بەتایبەتی ناوی هێناوە[2] .

کە برایم پاشا شاری سلێمانیی بنیات ناو بارەگای میرنشینی بابانی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە ئەویێ محەمەد ئاغای نەوەی زۆلاڵێ ئاغا[3] یەکێك بوو لەو پیاو ماقوولانەی بەخۆی و ماڵ و منداڵی یەوە لە تەکیا هاتە شاری نوێی کوردستان . پاش دوازدە ساڵێ ، واتە دەورروبەری ساڵی ١٧٩٦ ، خوا ڕەسوڵی بەخشی بە محەمەد ئاغا .

---

(١) ساڵی ١٩٠٩ لە سلێمانی لە دایك بووە . سەرەتا لە حوجرەو لای خواجا ئەفەندی خوێندوویەو ئینجا چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی کە ساڵی ١٩٢٥ تەواوی کردووە . ساڵی ١٩٣٢ لە قوتابخانەی ناوەندیی مەرکەزی بەغدا دەرچووەو بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە قاهیرەو ساڵی ١٩٣٧ لەوێ بەکەلۆریۆسی لە بەیطەرەدا وەرگرتووەو پاش ساڵێك چۆتە تورکیاو ڕۆژی ٢٥ی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٠ لەوێ دوکتۆرای لە بەکتریۆلۆجیای نەخۆشیی ئاژەڵدا وەرگرتووە . دوای گەڕانەوەی و تا ڕۆژی خانەنشین کردنی لە ٢٣ی مایسی ساڵی ١٩٦٤دا فەرمانبەر بووەو وەك دەست پاکێکی کەم هاوتا ناوی دەرکردووە . زۆر بایەخ بە مێژووی کورد دەدات و دەربارەی چەند وتارێکی لە ڕۆژنامەی «التآخی»دا بڵاوکردۆتەوە (بۆ کورتەی ژنامەی بڕوانە : محمود الجندي . دائرة المعارف العراقية العامة ، الجزء الاول ، بغداد ، بلا ، ص ١٥) .

(٢) بڕوانە :

پیرەمێرد . دوانزە سوارەی مەریوان ، چاپی سێیەم . سلێمانی ، ١٩٨٣ ، ل٧ ، ١٠ ، ٣٣ .

(٣) حەمەغایان پێ دەگوت .

ڕەسولّ زوو وەك لاوێكی بەخشندەو زیرەكو وریاو دادپەروەرو یەكجار لە خواترس ناوی دەركردو ڕووی كردە مەككەو مەدینەو پاش گەڕانەوەی بووە حاجی ڕەسولّ . هەر لەوساشەوە ڕێبازی نەقشی دای لە كەلەی‌و بووە موریدێكی دڵسۆزی . زۆری نەبرد حاجی ڕەسول خانەقایەكی لە تەنیشت ماڵی خۆیەوە دروست كردو هەموو ئەركی بەڕێوەبردنی گرتە ئەستۆی خۆی .

دەنگ‌و باوی حاجی ڕەسولّ كەوتە سەر زاری پیاوچاكانی شارو دەوروبەری . سەودای نەقشی بووە كێچ‌و كەوتە كەولّی ، بە پەرۆشەوە ڕووی كردە بیارەو چووە خزمەت شێخی سەراجەددین . شێخی گەورەی نەقشی حاجی ڕەسولّی دەچیّ بەدڵاو زۆر بەڕێزەوە ئیجازەی ئیرشادی پیّ‌دەبەخشیّ . دەق ئەو ئیجازە پڕ لە شانازی‌یەی ئێستە تەمەنی گەیشتۆتە صەدو پەنجا ساڵی ڕەبەق[4] یەكەم دیاریی بەنرخ بوو بۆ «مێژوو» .

بارستی ئیجازەكەی شێخی سەراجەددین ٣٤ × ٢١ سانتیمەو بریتی‌یە لە ٢٣ دێڕ كە بە دەسخەتی زاناو شاعیری ناسراو مەلا حامیدی كاتبی شێخ بە خەتی فارسی نووسراوەتەوە ، پێنج دێری یەكەمی عەرەبی‌و ئەوانی‌تری فارسین . مۆرو ئیمزای شێخی سەراجەددین وا بە لای چەپی دامێنی‌یەوە . ئەمە دەق سەرەتا عەرەبی‌یەكەیەتی :

«الحمدلله الذي جعل قلوب اوليائه الكاملين محكا لنقد الوجود وصير قبولهم علامة لقبوله والاقتداء بهداهم مرقاة للعروج الى اعلى معارج الشهود وميز من بينهم السادة العلية النقشبندية وخصهم بمزايا لاتعد ولا تحصى منها ان نهاية سائر الطرق مندرجة في بدايتهم فيقاس على هذا شأن كمال طريقتهم وحال نهايتهم . . .» .

دوای ئەو سەرەتایە دیسان بە فارسی باسی ڕێبازی نەقشی‌و تایبەتی‌یەكانی دەكات كە چۆن لەسەر بناغەی ئایینی ئیسلام دامەزراوەو هیچ شتێكی دوور لە ئایینی تێدا نی‌یەو تەنانەت ئەوەی لە تەریقەتەكانی تردا بە چلەكێشان‌و ڕیازەكردن پەیدا

(4) ساڵی ١٢٥١ی كۆچی ، ١٨٣٥ی عیسایی بەخشراوە .

دەبێ لای نەقشی‌یەکان لە ڕێگەی هاوڕێی پیاوچاکانو پیرانی تەریقەتەوە دێتە گۆڕێ . ئەمجا دێتە سەر باسی حاجی ڕەسولْو دەلْێ یەکێکە لەو کەسانەی بە دلْ دەسەو دامێنی ڕێبازی نەقشی بوونو هەموو پایەیەکی ئەو ڕێبازەی بڕیوەو «گەیشتۆتە دائیرەی ویلایەتی پچوك» ، بۆیەکا بە فەرمانی لە جیهانی گیانەوە هاتوی پیرانەوە ڕێگەمان‌دا تەریقەت نیشانی خەلْك بداو ڕێی پیران بگرێو «خەتمی خواجەگان» بکا . دوای ئەوە دەلْێ : هیواداریین حاجی ڕەسول لەم ڕێگەدا زۆر بەرز بێتەوەو داواش لەوانە دەکەین کە ئارەزووی گرتنەبەری ڕێگەی ڕێبازی نەقشی‌یان هەیە دەست بدەنە دەستیو لێوەی فێربنو هاوڕێی ئەو بە هەلْ بزانن چونکە پڕە لە بەرەکەتو بەختەوەری .

دوای وەرگرتنی ئەو بەلْگەنامەیە حاجی ڕەسولْ زیاتر کەوتە کۆشش بۆ پەرەپێدانو بلاْوکردنەوەی ڕێبازی نەقشبەندی ، ئەو کارەی ڕقی ژمارەیەك دەسەلاْتداری ناوچەکەی لێ‌هەلْساندو لە تاوا ناچار بوو شاری سلێمانی بەجێ بهێلْێو ڕوو بکاتە گورگەدەری ناوچەی سورداش کە گوندی خۆی بووەو تا کۆچی دوایی لەوێ نیشتەجێ دەبێ . پاش مردنی لە سالْی ١٢٨٦ی کۆچی (١٨٦٩/١٨٧٠ ی عیسایی)دا تەرمی حاجی ڕەسولْ دەهێننەوە سلێمانیو لە گردی مەعفوانی گۆڕستانی سەیوان دەینێژن .

بەر لەوەی سلێمانی بەجێ بهێلْێ حاجی ڕەسولْ خانەقاکەی بە مەلا عوسمانی بالْەخی دەسپێرێ کە زانایەکی ناسراوو سەر بە ڕێبازی نەقشبەندیو موجازی شێخ بەهاددینی خەلیفەی شێخی سەراجەددین بووەو دوای کۆچی دوایی حاجی مەلا عەلی‌ی کوڕی دێتە سەری کە ئەویش زانایەکی پایە بلْند بووەو لەوساوە ئیتر خانەقاکە دەبێتە «خانەقای مەلا عەلی» کە تا ئیستەش هەر ماوە .

دووەم – محەممەد عەلی‌ی گەورەو کورد

هەموو ئەنسکلوپیدیاو هەموو کتێبێکی مێژووی نوێی میسر کە باس دێتە سەر محەممەد عەلی‌ی گەورە دەلْێن بە ڕەگەز ئەلبانیو دانیشتووی شاری قۆلەو[*] سەرەتا توتن فرۆش بووە .

(*) لە سەرچاوە ئینگلیزی‌یەکاندا «قەوەلە» دەنووسن . دوور نی‌یە قۆلە لە «قلعە»ی عەرەبی‌یەوە هاتبێ

دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٤٩ بە بۆنەی یادی صەد ساڵەی کۆچی دوایی محەممەد عەلی ی گەورەوە نووسەری بەناوبانگی میسر عەبباس مەحمود عەقاد بە ناوی گۆڤاری «المصور»ەوە دیدەنی یەکی تایبەتی لەگەڵ جێگری فاروقی پاشای ئەوسای میسردا کردووە کە ئەویش بە ناوی باپیرە گەورەیەوە ناو نراوە محەممەد عەلی . کاتێك باس هاتۆتە سەر ڕەگەزی محەممەد عەلی ی گەورە جێگری تەختی پاشایی میسر گوتوویە :

«. . . دەربارەی بنەماڵەی عەلەوی[٦] شتێکتان پێ دەڵێم لەوانەیە ببێتە هۆی سەرسوڕمانی گەلێك کەس . وا بڵاوە گوایە ئەو بنەماڵەیە لە نزیك قوڵەی وڵاتی ئەرناوودەوە[٧] دروست بووە ، بەڵام ئەوی من لە ڕێگەی کتێبێکی قازیی میسری ڕۆژگاری محەممەد عەلی ی گەورەوە زانیومە ئەو بنەماڵەیە بە بنەچە لە دیاربەکری وڵاتی کوردانەوە هاتووە ، لەوێوە باوکی محەممەد عەلی ی و دوو برای چونەتە قوڵە ، دوای ئەوە یەکێك لە مامەکانی محەممەد عەلی چۆتە ئەستەموڵ و مامەکەی تریشی دوی بازرگانی کەوتووە ، تەنها باوکی محەممەد عەلی لە قوڵە ماوەتەوە . میر حەلیمیش[٨] ڕەگەزی بنەماڵەی ئیمەی دەگێڕایەوە دیاربەکری وڵاتی کوردان و ئەوەش بۆ خۆی گێڕانەوەکەی قازیی میسر پتەوتر دەکات» .

وا دیارە ئەو قسانەی محەممەد عەلی ی جێگری تەختی پاشایی میسری ئەو ڕۆژگارە تەلی هەستی عەبباس مەحمود عەقادیان بزواندووە چونکە ئەویش ، وەك بۆ خۆی نووسیوی یە ، بە ڕەگەز کورد بووە . عەقاد هەر لەوێدا ڕوو دەکاتە نەوەی محەممەد عەلی ی گەورەو پێی دەڵێ :

---

(٦) مەبەست بنەماڵەی محەممەد عەلی ی گەورەیە کە زۆر جار لە میسر بەنیسبەت دوورەم ناوی لێکدراوی محەممەد عەلیەوە پێیان دەگوت عەلەوی .

(٧) مەبەست ئەلبانیایە .

(٨) یەکێك بوو لە نەوەی محەممەد عەلی ی گەورە .

«ولأتی کوردان ئەو شەرەف‌و شانازی‌یەی بەسەکە دوو قارەمانی نەمری دابە جیهانی ئیسلام – صەلاحەددین‌و محەممەد عەلی‌ی گەورە . . .»

ئەم زانیاری‌یە کەم زانراوە لە لاپەڕە ٥٦ ی ژمارە (١٣١١)ی ڕۆژی «٢٥»ی تەشرینی دووەمی ساڵی «١٩٤٩» ی «المصورە» دا چاپ‌کراوە کە دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی لەوساوە وەك بەڵگەیەکی مێژوویی لە کتێبخانەکەی خۆیدا پاراستوویە . لە هەمان ژمارەدا وتارێکی حەبیب جامانی بەم ناونیشانەوە بلاوکراوەتەوە : «کورد دەیەوێ دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنی» کە تێیدا بە تایبەتی باسی مەهابادو قازی محەممەدی کردووە .

بنەماڵەی محەممەد عەلی‌ی گەورە بە ڕەگەز کورد بێ یا کورد نەبێ هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ کە جیاوازی لە نێوان گەلاندا نی‌یە ، کە کورد هیچی لە کەس کەمتر نی‌یە ، هەل‌و مەرج‌و دۆخی شوێن‌و قۆناغ جێگەی گەل‌و سەردارو قارەمان لە مێژوودا دیار دەکەن . وا دیارە زۆر لەو کوردە زیرەك‌و جوستانەی باری ژیانی کوردەواری ڕابوردوو نەیتوانیوە تینوێتی‌یان بشکێنێ ڕوویان کردۆتە ناوچەی‌ترو لەوێ بە لێهاتوویی خۆیان گەیشتوونەتە بەرزترین پلەو پایە .

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بۆ چوونە دەڵێم هەر کۆرپەیەکی ناوچە زەلکاوێکانی ئاسیاو دارستان‌و بیابانەکانی ئەفەریقا لەگەڵ چاوی هەڵێنا بیبەینە ناو خێزانێکی پارەداری ئینگلیزی‌یەوە کە گەورە بوو وەك ئەوانەی دەورووبەری بە کەوچك‌و چەتاڵ نان دەخواو بە چەقۆ میوە پاك دەکاو پایپ دەکێشی‌و سموکن لەبەر دەکاو وەك ئەوان دەدوی‌و دەبزوی‌و زۆر لەوانەشە ببێتە پسپۆرێکی ناودار . دبارە هەر کۆرپەیەکی چاو شینی سویدیش بهێنینە ناوچەیەکی زەلکاوی دواکەوتووەوە کە گەورە بوو پاپەتی و نەخوێندەوارو دواکەوتوو دەبێ‌و لە هەرشت زیاتر حەز لە گۆشت ماسی‌و ڕانە مراوی دەکا . بهاتابەو محەممەد عەلی‌ی گەورە لە ئەلبانیا بمایەوە لەوانە بوو ببێتە بازرگانێکی دەوڵەمەندو بەناوبانگ ، بەڵام نەدەبووە ئەو پیاوە سیاسی‌یە لێهاتووەی توانی دوو جار لەشکری سوڵتانی عوسمانی بشکێنی‌و بگاتە نیمچە دوورگەی عەرەب‌و سودان‌و سوریاو وای لێ بێ هەموو دەوڵەتە گەورەکان حسابی بۆ بکەن .

بێ گومان لە خۆوە نی‌یە یەکێکی وەك مارکس گوتویە «میسری محەمەد عەلی تا کە پارچەی ولاتی بەرفراوانی عوسمانی‌یە توانای ژیان‌و مانی هەبێ».

شایانی باسە محەمەد عەلی بەر لە کۆچی دوایی بە ماوەیەکی کەم ئینجا فێری نووسین‌و خوێندنەوە بوو !

سێیەم - یەکەم سالی «گەلاوێژ»

سەرەتای سالی ۱۹٦۱ هاورێی خۆشەویستم دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسول دوو دیاری زۆر بەنرخی دامێ ، یەکەمیان هەر شەش بەرگی یادداشتەکەی مامۆستا رەفیق حیلمی[۹] و دووەمیان ژمارەکانی «گەلاوێژ» لە سالی سێیەمی‌بەوە بوون .

لەوساوە عەودالی سالی یەکەم‌و دووەمی ئەو گۆڤارە بەرزەمانم ، بەرەکەتدا وا دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی هەموو ژمارەکانی سالی یەکەمی پێشکەش کردم‌و بەو جۆرە کەلێنێکی باش لە کتێبخانەکەمدا پربۆوە .

دیسان چاوم بە ناوەرۆکی هەر «۱۰» ژمارەکەی سالی یەکەمی «گەلاوێژ»دا گێرابەوە[۱۰] . باوەر ناکەم کەسێك هەبێ دان بەوەدا نەنێ دەرچونی «گەلاوێژ» بەراستی رووداوێکی گەورەی ژیانی رووناکبیری هاوچەرخی کورد بوو . دیارە هەر لەبەر ئەوەش «گەلاوێژ» زۆر زوو لە ناو خوێندەوارانی ناوەوەی ولات‌و لە دەرەوەی دەنگی دایەوە . ئێدمۆندس دوای دەرچونی سێ ژمارەی دەربارەی نووسیوی‌یە دەلێ :

> **«گەلاوێژ ئەستێرەی هەرە گەشی ئاسمانە ، بەلای میسری‌یە کۆنەکانەوە مزگێنی دەری خێرو بەرەکەت بوو . ناوەرۆکی یەکەم سێ ژمارەی مژدەی ئەوە دەدەن کە «گەلاوێژ» ناوی خۆی بەخۆیەوەیە» .**

---

(۹) بەرگی یەکەمیان خوالێخۆشبو رەفیق حیلمی بە خەتی خۆی پێشکەشی کردووە بە «خۆشەویستی کاك عیزەددین» .

(۱۰) ژمارە پێنج‌و شەش‌و ژمارە یازدەو دوازدەی سالی یەکەمی «گەلاوێژ» پێکەوە دەرچون .

پێم وایە بەشی زۆری وتارەکانی «گەلاوێژ» ئەوە دەهێنن یا وەك خۆیان یا بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە دیسان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکاندا بلاْوبکرێنەوە .

چوارەم – «لەهستان» ی مەحمود جەودەت

یەکێك لەو کتێبە نایابانەی بەرێز دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی پێشکەشی «مێژووی کردن «پۆلۆنیا – پۆلەندەو یا لەهستان»ەکەی خوالێخۆشبوو مەحمود جەودەتە کە لە لاپەڕە ۳۱۲ی «مێژوو»دا ناوی هاتووەو دەمێکە بۆتە یەکێك لە بەرهەمە کوردی‌یە دەگمەنەکان .

دوکتۆر ئیبراهیم وەك هەموو ڕووناکبیرانی هاونەمەنی خۆی بە ئەوپەڕی ڕێزو هەستەوە باسی ئەو نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە دەکات کە ڕۆژی ۲۰ ی تەشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۳۷ لە بەندیخانەی ناوەندی بەغدا لە سێدارە دراو مەرگی ناخی دەروونی هەموانی هەژاندو تەلی خامەی شاعیرانی بزواند . کەسێك نی‌یە خوالێخۆشبو مەحمود جەودەتی ناسیبێ‌و باسی ئازایەتی‌و خاوێنی‌و دڵپاکی‌و بەخشندەیی‌و دەست بلاْوی‌و دڵناسکی نەکات .

مەحمود جەودەت تەنها ئەفسەرێکی لێهاتوو یاریدەرێکی دڵسۆزی شێخ مەحمودو دۆستێکی نزیکی سمکۆو ئاوارەی دەستی مێجەرسۆن نەبووە ، بەڵکو هەمان کات یەکێك بووە لەوانەی بە نووسینیش خزمەتی گەلیان کردووە . دوای خۆی چەند وتارێك‌و دوو کتێبی گەورەی بەجێ‌هێشتووە ، یەکەمیان بەرهەمی ج . أ . سێلمەنی ڕۆژئاوایی‌یە دەربارەی بابی‌و بەهائی کە ئەو کردوویە بە کوردی‌و بە ناوی «بهاء اللەو دەوری نوێ» وە ساڵی ۱۹۳۳ لە بەغدا بلاْوی کردۆتەوە (۳۳٦ لاپەڕەیە) . دووەمیشیان ئەو کتێبەیەتی کە حوزەیرانی ساڵی ۱۹۳٦ بە ناوی «پولونیا – پولاندا‌و یا لهستان» ەوە[11] داینا‌وەو بە داخەوە بۆ خۆی فریا نەکەوت بلاْوی بکاتەوە . ساڵی ۱۹٤۰ ، واتە سێ ساڵ دوای کۆچی دوایی خاوەنی لە چاپخانەی «المعارف»ی بەغدایی لە ۲۳۷ لاپەڕەی قەوارە پچوکدا (۱۷ × ۱۲ سانتیم) لەگەڵ نەخشەیەکی سیاسی پۆلۆنیادا چاپ‌کراوە .

---

(۱۱) دەق ناوی کتێبەکە بەو جۆرە چاپ کراوە .

لەو کتێبەیدا کە بە پشتیوانی ٣ سەرچاوەی تورکیو سەرەچاوەیەکی فەرەنسیو یەکێکی عەرەبی دایناوە مەحمود جەودەت باسی زۆر لایەنی ژیانی ئابووریو کۆمەلآیەتیو سیاسیو چارەنووسی مێژوویی پۆلۆنیا دەکات. ئەم باسەی دواییان گەلێك سەرنجی دانەریان ڕاکێشاوە، وا دیارە وەك کوردێك زامی دەرونی کولاندۆتەوە. لە دووتوێی «لەهستان» دا لە هەر شت زیاتر هەست بەخۆگریو «هێزی ژیان» و کۆل نەدانی پۆلۆنیبە ئازادیخوا کان دەکەیت، ئەوانەی بە درێژایی قۆناغێکی سەدان ساڵەی مێژوو بە دەست جەوری نەمسەو بە تایبەتی ڕووسیاو پرووسیاوە گیرۆدە بووبوون.

خواڵێخۆشبو باسەکانی لەهستانی بە کوردییەکی ڕەوان هۆنیونەتەوەو بە شێوەیەکی زانستییانە دایرشتوونو هەولی داوە لە ڕێگەیانەوە زاراوی نوێ بۆ کوردی دابڕێژێ یا وەربگرێ، وەك (ئاوەڕێژ) کە لە بریتی «مصب النهر» و (لیمان) کە لە بریتی «المیناء» و (قەراڵو قەراڵیچە) کە لە بریتی «الملكو الملكة» و (ئان) کە لە بریتی «الثانیة» و (پشتان) کە لە بریتی «الأجیال» بەکاری هێناون.

وا دیارە یەکێك، یا دەستەیەك لە دۆستانی مەحمود جەودەت بەرپابوونی شەڕی دووەمی جیهانو داگیرکردنی پۆلۆنیایان لە لایەن نازیەکانەوە بە هەل زانیوە بۆ بلاوکردنەوەی لەهستانەکەی کە پێنج بەشی یەکەمیو تا لاپەڕە ٢١٠ ی لە نووسینی خۆین. هەرچی بەشی شەشەمی کتێبەکەیە (ل ٢١١ – ٢٣٧) باسی ئەو بەسەرهاتانەی پۆلۆنیا دەکات کە دوای وەفاتی مەحمود جەودەت روویان داوە، بەلآم بەداخەوە لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەدا باسی دانەری ئەو بەشەی نەکراوە. خۆزگە خەبەرداران ئەو لایەنەی «لەهستان»یان بۆ روون دەکردینەوە.

پێنجەم – مێژووی کۆیە

لە سەرەتای بەشی «کورتەی بیبلیۆگرافیای مێژوونووسی کوردی»ی کتێبی «مێژوو»دا گوتومە:

«ئەم بیبلوگرافیایە تەنها هەنگاوێکی سەرەتاییە، هیچ دوور نییە کەموکورتیی زۆری تێدا بێو. وتاری بایەخدارم بەسەردا تێپەڕبێ، یا دەستم پیایدا ڕانەگەیشتێ. ئەمجا لە زمان «باوکی

گەورەی مێژووی‌نووسی کوردی شەرەف خانی بدلیسی،بەوە لە «زانایانی پیاوچاك‌و دڵپاك‌و بەوەج، پاڕاومەتەوە کە «زۆر بە وردی لە نووسینەکەم وردبینەوەو ئەگەر پەشێوی‌یەکیان بەرچاو کەوت بە شێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن ، خۆ ئەگەر هەڵەو لە بیر چوونێکم لەسەر دەدۆزنەوە هەر بە گاڵتە پی‌کردن‌و تەشەر لێم نەقۆزنەوە ، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن‌و بە پارچەیەکی چاکترو بە بژگوڕێکی تازەترو پاکتر بۆم پینە بکەن» (١٢)

مامۆستاو هاوڕێ‌و برای یەکجار خۆشەویستم مەسعود محەمەد یەکەم کەس بوو بەو هەستەوە سەرنجی ڕاکێشام کە لە بیلیۆگرافیای «مێژوو» دا «مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق»ی مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزیم لەیاد کردووە . هەر ئەو ڕۆژەش لە ناو دیاری‌یە بەنرخەکانی دوکتۆر ئیبراهیم حیلمیدا ئەو کتێبەم بەرچاو کەوت .

«مێژووی کۆیە» ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا چاپ‌کراوە(١٣) ، ئەو ساڵە من لە دەوەرەی وڵات دەمخوێند ، بۆیەکا نە من‌و نە ئەو برایانەی وەك من (١٤) ئەوساکە بە مێژووی کوردەوە خەریك بوون ئەو کتێبەمان دەست نەکەوت کە زۆر لایەنی دەهێنن بوونایە سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی ئەو باسانەی ئێمە لە نامەکانی خۆماندا شیمان کردوونەوە . زۆر بە داخەوە دوای گەڕانەوەشم لە هیچ شوێنێك «مێژووی کۆیە»م بەرچاو نەکەوت ، وا نەبوایە هەڵبەت ئەو کەلێنە نەدەکەوتە «مێژوو»ەوە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێم کە ئەم قسانەم بۆیان نی‌یە دوا پاکەنەم بۆ بکەن هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی مامۆستا نەریمان لە لاپەڕە ١٣٣ی

---

(١٢) بڕوانە ل ٢٥٨-٢٦٠ی «مێژوو» .

(١٣) طاهر احمد حویزی . مێژووی کۆیە یا کۆیسنجق ، بەرگی یەکەم . بەغدا . ١٩٦٢ ، ١٥٩ل بە بۆنەی دەرچوونی ئەم وتارەمەوە کاك تاهیر نامەیەکی ڕازاوەی بۆ ناردم کە ئێستە وەك خەڵاتێکی نازداری‌تری «مێژوو» هەڵمگرتووە ، نیازمە ، خوا یار بێ ، لەگەڵ چاپی دووەمی «مێژوو»دا بڵاوی بکەمەوە .

(١٤) مەبەستم دوکتۆر کاوس قەفتانو دوکتۆر ئەحمەد عوسمانە .

«بیلۆگرافیای کتێبی کوردی»بەکەیدا دروست باسی «مێژووی کۆیە»ی کردووە. هەرچۆن بێ دەڵێم بریا گەلێك بەرهەمی تری وەك «مێژووی کۆیە» هەبونایەو جا با من لە یادم بکردنایە !

شەشەم – دوا وشە

دیاری‌یە بەنرخەکانی دوکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاح بۆ «مێژوو» زۆر لەوە زیاترن کە چەند نمونەیەکیانم لەم وتارە گشتی‌یەدا خستە بەرچاو ، هیوادارم بتوانم کەڵکیان لێ‌ببینم‌و بۆ مامە برایمیش ئاواتەخوازی تەندروستی‌و تەمەن درێژم .

باسی چواردەمین
فاتمه محی الدين: پەری ی
پێشڕەوو سەربازی ون

لە تەمەنی منداڵی‌یەوە هێند ناوی پەری‌و پەری‌زادەمان بیستووە کە هەر یەکەمان بە خەیاڵ وێنەیەکی دڵگیری لە مێشکیدا بۆ پەری کێشابێت. پەری‌ی ڕەحمەت لای هەموان ئافرەتێکی نەرم‌و نیانی ڕۆح‌سوک‌و سەر کلوی سپی‌یە. ئەوی دەیەوێت لە ژیاندا پەری‌یەکی وا بەچاوی خۆی ببینێت دەتوانێت بچێتە خزمەت فاتمە محی‌الدین کە بە داخەوە نەک سەرباز، بەڵکو ئەفسەرێکی ونی‌تری کوردە.

تەمەنی لە ٨٠ تێپەڕیوە(•)، بەڵام سەرو سیماو قسەی زۆر لە ٨٠ کەمترە. قەت لەگەڵی بێ‌تاقەت نابیت، هەگبەکەی پڕ داستانی مرواری‌و گەوهەری تریفەدارە. گەوهەرو مرواری‌یەکانی دانسقەو کەم‌هاوتان، بە ئارەقی پیرۆزی ناوچەوان‌و دڵسۆزی‌ی ناو قوڵایی گیان‌و شەونخونی‌و دەربەدەری‌و ژانی ژیانی کورد زاخاو دراون.

دەوروبەری سەدەیەک لەمەوبەر فاتمە لە شارێکی وەک بەغدا چاوی کردەوەو ڕێگەی قوتابخانەی «ئیتیحادو تەرەقی»ی زانی. دوور نی‌یە لەمەدا تاقانەی شاری سلێمانی بوبێت. شەڕ هەڵگیرساو زۆری نەبرد تەختۆ تاراجی دەوڵەتی عوسمانی تێکچوو، فاتمەی دەستە کچ لەگەڵ باوکی کە تا ئەوسا کاربەدەستی دەزگای ڕێژی[1] (توتن) بو، گەڕایەوە نیشتمان.

(•) ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٥-١٨ای «ڕۆشنبیری نوێ»، ژمارە ٧٣، مارتی ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) لە سەدەی نۆزدەوە کۆمپانیای «ڕێژی»ی فەرەنسەیی بەرهەم هێنانو فرۆشتنی توتنی گشت ئیمپراتۆری‌ی عوسمانی‌ی گرتە دەست خۆی. «ڕێژی»، وەک دەزگا لە سەرتاپای ئەو وڵاتانەی کەوتبونە ناو دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە بووە ناوێکی باو.

هەر زوو پەرەی دڵی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی شاعیر بەتیری عەشقی فاتمەی شۆخ‌و شەنگ پێکرا . فاتمە کە خۆشی حەزی بە شیعر دەکرد[٢] کەوتە باخی شاعیران‌و بووە میوانی دیوەخانی کوردپەروەران .

زۆری نەبرد شێخ مەحمودی نەمر لاپەڕەیەکی پڕ شانازی‌ی خەباتی گەلی کوردی تۆمارو ناوچەیەکی گرنگی نیشتمانی لە رۆڵم‌و زۆری ئینگلیزی داگیرکەر ڕزگارکرد . ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ بووە وەزیری دارایی شێخ . فاتمەی ژنە وەزیر داخی ئەوەی ناچێت نەریتی ئەوسای کۆمەڵ ڕێگەی نەئەدا ئافرەت ئاگاداری هەموو شت بێت . بەلاَم باشی لەبیرە چۆن زۆربەی خەڵك دڵخۆش‌و شەیدای سەربەخۆیی‌و نەمانی مۆتەکەی مێجەر سۆن‌و پیاوەکانی بون . قەت ئەحمەد بەگی وا گورج‌و گۆڵ نەدیوە ، بۆ مزگەوتیش بوایە وای نەدەکرد . بەر لەوە دڵی لە شێخ مەحمود رەنجابوو ، بەلاَم بۆ کوردو خزمەتی پێشەوای هیچی لەدڵدا نەماو چاکی کاری لی‌کرد بەلادا . زوو زوو سکالاَی لەدەست ئینگلیزو پیلانی ئینگلیز خواکان دەکرد ، خۆزگەی ئەوە بو ئینگلیز لە کورد بگەن‌و یاری‌و پەت پەتێنی پیێ نەکەن . سەرەتا ڕقی لێیان نەبو ، هیوای زۆر بوو یاریدەمان بدەن !

هەموو سەروەت‌و سامانی دەزگاکەی شێخ لە ناو قاسەی ژنی وەزیری داراییدا بوو . بە باجی توتن‌و گەنم داهاتێکی‌ترەوە بە زەحمەت دەگەیشتە ٦٠ هەزار ڕوپیە کە دەکاتە پێنج شەش هەزار دیناری ئەمڕۆکە[٣] ! ، کەچی هی واش هەبوو ویژدانی خۆی دەخشتە ژێر پی‌و سەروەتی حەمە قەدۆی بەچەند ڕوپیەیەکی کاربەدەستێکی پچوکی کورد دەپێوا . ئەو سەروەتەش کەبوبووە تەحا تەحای چاو برسێکان بەهۆی دڵپاکی‌و ساکاری فاتمەوە لەگەڵ هەموو پاشەکەوتی حەلاَڵی ئەحمەد بەگ وەك هێلکەی پاك کراو کەوتە دەست ئینگلیزەکان . کە هێرشی ناکاویان هێنایە سەر شار فریای ئەوە کەوت تەنها ٣ لیرەی خۆیان بەرێت‌و

---

(٢) لەهەرەتی لاویدا شیعری بەتورکی وتووە .

(٣) ١٠٠ هەزار ڕوپیە دەیکردە ٧٤٤٨ پاوەنی ئیستەرلینی .

قاسەکەی داخستو وەك خۆی بەجێی هێشت بەو هیوایەی زۆری پێ ناچێت دەگەڕێنەوە . داخم ناچێت وا نەبو . مانگەهای مانگ ئەم دێو ئەو گوندیان کرد . هەر زوو بیستبانەوە ئەوی هەبەو نی بە گورگەو سیكو چەتەی ناکەس بەچەی خۆمان تالأنیان کردووە . کە گەڕانەوە شار ناچار ماوەیەکی باشیان بە کولەمەرگی بردەسەر . . .

پەردەیەکی تری ژیانی فائمە کە تا مردن شانازیی پێوە دەکات ئەوەیە کە یەکەم ئافرەتی کوردی عیراقە بووە مامۆستاو ٣٥ ساڵی ڕەبەق ژیانی بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆ پەروەردەکردنی صەدان کچ ، وەك کۆرپەی جگەر گۆشەی خۆی ، تەرخانکرد . بەدەست ئەو بوایە هەموو کچە کوردی فێری نووسینو خوێندنەوە دەکرد . ئەو پەردەیەی ژیانی پڕ لە بەسەرهاتو سەرگوزەشتەی سەیرو پڕمانایە . وابزانم لاپەڕەکانی یەکەمی زۆر شایانی تۆمارن[٤] .

ئیستەش لەو وایە ئەمرۆیە کە خوالێخۆشبو شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیرو خزمی ، خۆی کرد بە ژوراو لە هەموو جار گەرمتر لەگەڵی کەوتە قسە . قەت وای نەدیبو . لەوەی دەکرد بۆ کارێك هاتبێ زۆری مەبەست بێ . کەوتە باسی خوێندنو خوێندەواریی‌و پیاهەڵدانی فائمە کە دنیا دیدەیەو دەتوانێت ڕێگە نیشانی کەسانی تر بدات . گەلێکیش مەتحو سەنای ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی کردو وتی زور حەز بە

(٤) **تۆمارکردنی یادداشتی پێشرەوەکانی مێژووی کوردو ژیانی ڕوناکبیرمان ئەرکێکی پیرۆزە کەوتۆتە ئەستۆی خاوەن خامەی دڵسۆزی گەلەکەمان . ئەو یادداشتانە سەرچاوەی ڕەسەنی ئیمڕۆو دوا ڕۆژمانن ، زۆریمان لە کیس چووەو کەمیان ماوە . تا ئیستە چەند جارێك باسی ئەمەم کردووە . بەش بە حاڵی خۆم هەر دەرفەتێکم لەم بارەیەوە بۆ هەڵکەوتبێت کەڵکم لێ بینیوە . کاتی خۆی یادداشتەکانی خوالێخۆشبو مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیسم تۆمار کرد ، خۆی ڕۆی ، ئەمیان باقی . بەشێك لە یادداشتەکانی مامۆستایان فوئاد مەستیو ئەحمەد خواجاشم نوسیوەتەوە . هیوامە مایەی ڕەزامەندی بێتو بیتە هاندەر تا ئەوەی ماوە لەکیس نەچێت .**

پێشکەوتنی کورد دەکات . . دوای ئەوەی شێخی شاعیر شانامەیەکی دورو درێژ بەقسەو لەبزی شیرینی بۆ فاتمەی ژن خوشکی دەخوێنێتەوە دێتە سەر مەبەست :

«ئەحمەد بەگ نیازی‌یە قوتابخانەیەکی کچان لە سلێمانی بکاتەوەو لە گوزیدە خانی ژنی عەبدولعەزیز یامولکی‌و تۆ زیاتر کەس شك نابات پەنایان بۆ بەرێت . تەزویەك بە لەشمدا هات‌و کەوتمە دەریای خەیاڵەوە . . . ڕاستە خوێندن شتێکی چاکەو باوکم زوو زوو ئەمەی بە گوێماندا دەخوێندو خۆشم لە خێرو چاکە بەولاوە هیچی‌ترم لە خوێندن دەسگیر نەبووە ، بەڵام ئاخۆ خەڵکی شار چیمان پێ بڵێن ؟ . لەسەر خۆ لەگەڵ شێخ نوری کەوتمە هەڵسەنگاندنی مەسەلەکە . . ڕاستێکەی هەرچەندم دەکۆشا زانم نەدەکرد بەڵێنی ڕازی بونی بدەمێ . بەڵام ئەو کۆڵی نەدا ، کەوتەوە هاندانم ، دەیزانی خوا پەرستم بۆیە زوو زوو ئایەت‌و حەدیسی تێکهەڵکێشی قسەکانی دەکرد . بەهەشتی بە حۆری‌یەوە بۆ مسۆگەر کردم . وردە وردە نەرم بوم‌و گفتم‌دا . بەو جۆرە ، وەك بیرم بێت ، ساڵی ١٩٢٦ دەرگای یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی کرایەوە . ئەحمەد بەگ بەناوی منەوە قوتابخانەکەی ناو نا «الزهراء»[٥] کە لە ناو خەڵکدا (زەهرا)یان پێ دەگوت . شوێنەکەی نزیك مزگەوتی گەورە بو ، ئێستەش قوتابخانەی گوڵاڵەی کچانی تێدایە» .

گوزیدە یامولکی مودیرەو فاتمەش تاقە مامۆستای «زەهرا» بوو . بە هەردووکیان سەرتاپای ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ کە لەگەڵ ئەرکی ئەمڕۆکە زۆر جیاواز بوو . . هەرچەند ناوی گوزیدە یامولکی دەهات چاوەکانی پڕ دەبو لە ئاو :

«گوزیدە کوردی تورکیاو ئافرەتێکی کامڵ‌و تێگەیشتوو بوو ، ماوەیەکی زۆر لە ئەستەموڵ ژیابوو ، زۆر بەکوڵ خزمەتی دەکرد ،

---

(٥) لە (فاطمة الزهراء)ەوە .

ئەوەندیتر هانی منیشی دەدا . ڕاستیکەی ئەو نەبوایە لەوانە بوو وره بەربدەم ، چونکە هەر زوو دەمی خەڵکی دواکەوتومان لێکرابەوە ، هەزارو یەك قسەیان پێدەگوتین . ئەوەیان لێ کردبوینە عەیبە کە کچەکان دوای هاتنە ژورەوەیان عەباو پەچەیان دادەگرت ! . قسەی لەوەش خراپترمان دەبیستەوە . زۆر دایك بەترس و لەرز کچەکانیان دەهێناو هەر ئەوە بوو کراسی قورئانیان بۆ لەبەر نەکەین تا دڵنیابن ئاگامان لە شەرەفیان دەبێتو بە خوێندن لەکەدار نابن . دایکی وا هەبوو پرسیاری ئەوتۆی دەکرد کە بۆ گێڕانەوە ناشێت» .

دایکی دڵسۆزی کورد خۆی دابە دەم شەپۆلی ڕابوردووی سەیر ، بەلاّم خۆش :

«یەکەم پۆلی قوتابخانە ساوا کەمان دەستەیەکی یەکجار سەیر بوو . هی وای تێدا بوو تەمەنی لە ۲۰و بروا بکە ۲۵یش تێپەڕ یبو ، بە سەروپێچی لارو لاگیرەو مێخەکبەنگ و سورو سپیاوێکی باشەوە دەهات ، لەگەڵ هی وا دادەنیشت بە کچی دەشیا . بەلاّم هەمویان بۆ فێربون هاتبون ، بە دڵ خۆیان هیلاك دەکرد . هەژارو دەوڵەمەندیان تێدا بوو . ئێستەش بیرمە جارێکیان پرتەقاڵم بۆ قوتابیەکان برد ، هی وایان هەبو نەیدەزانی پرتەقاڵ چی یە ، بۆیان پێوە دەکردو یاری یان پێدەکرد تا بە دەستی خۆم بۆم پاك و قاش کردنو تێم گەیاندن میوەیەو دەخورێت» .

هەستێکی شارراوە قوتابیو زیاتر جوتە مامۆستای زەهرایان دەبزواند . حەزیان دەکردو هەوڵیان دەدا هیچیان لە کوڕانو پیاوان کەمتر نەبێت . لێرەدا دایکی کورد گوڕی دابە خۆیو گەرمتر بوو ، لەوەی دەکرد بیەوێت من بسەلمێنێت ، جا نازانم هەستی دەکرد کە من بە هەموو هۆشمەوە کەوتومەتە پەرستگای دڵسۆزیو

لەخۆبوردنی پەری‌یەکی خاوێنی گەلەکەمان یاوەخود نا ؟ . ئەوەیان گرنگ نی‌یە ، سەیرە وا نەبێت ، بەڵام با لەبەر دڵە ناسکەکەی ئەو منیش گورِ بدەمە خۆم‌و خۆم وریاتر نیشان بدەم :

